- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل


# ڕامان

119

خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ نیسانی ٢٠٠٧


ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com
چاپخانەی ئاراس/ هەولێر
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

## ● سەروتار


- نەورۆزی سالانی داهاتوومان/ سەرنووسەر/ 3


## ● دەق


- سۆرە برینا شەڤا من/ سەلوا گولی/ 5
- بیریا لە تەمتوماندا/ کەریم دەشتی/ 7
- چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە/ بەرزان هەستیار/ 9
- گەڕانەوە بەرەو دۆزەخ/ زانا خەلیل/ 11
- بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە/ چنوور نامیق حەسەن/ 13
- خەونی منداڵی/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 14
- مرۆسە/ جەلیل کاکەوەیس/ 16
- تاوان/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 21
- نیوەشەوێکی هاوین/ بەکر دەروێش/ 23
- ژووری ڕاخراو/ لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایماغا/ 25
- بەسەرهاتی بەردەرگاکە/ گەزیزە عومەر عەلی ئەمین/ 30


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ باسکار (د. شاکرۆیێ خدۆ)ی خوالێخۆشبوو/ ئا: ڕامان/ 40
- دیمانە لەگەڵ (ئەلبێر کامو)ی فەیلەسووف و هزرڤان/ لە فارسییەوە: کاروان حەسەن/ 48


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا/ مارف خەزنەدار/ 55
- ڕوخساری ئەفسانە بە سیمای شیعرەکانی (قانیع)ەوە/ ڕەووف مەحموودپوور/ 60
- پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانە کوردییەکەی ڕۆمانی زۆربادا/ فرسەت ڕۆژبەیانی/ 66
- نۆبڵەکەی پاموک، سیمای ڕەسەنی ئەدەبی یەشار کەمال-ی کاڵ نەکردەوە/ لە تورکییەوە: یووسف عیزەددین/ 80
- دەق و لێکدانەوەی ئەفسانەی داری هۆلۆپۆ/ لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی/ 87


## ● بیرەوەری


- ژوورێک لە هەوارە بەفرینییەکەی کافێ/ کەریم کاکە/ 94


## ● وتار


- دوو دەقی شیعریی ئەدمۆند یابێس و دوو خوێندنەوە لەمەڕ ئەزموونە شیعرییەکەی/ لە سوێدییەوە: هەندرێن/ 101
- چەند زمانی/ سۆران محەممەدی/ 106
- گومان لە ئامادەبوونی ژن لە شیعری «کلاسیک» و «نوێ»ی کوردیدا/ ڕەوشت محەممەد/ 111


## ● هزر و فەلسەفە


- بابەتەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە قۆناغی هیلنستیدا/ د. حەمید عەزیز/ 116
- زمانی جەستە و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەماندا/ زەیتۆ شێخانی/ 124
- سەرچاوەکانی دیالێکتیکی هیگڵی/ لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل/ 130


## ● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی


- ڕێزمان چییە؟/ د. هیمداد عەبدولقەهار محەممەد/ 140
- سەمەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی/ ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا/ 143


## ● مێژوو - کەلەپوور


- دۆزینەوەی شوورەی شاری هەولێر و دەرگاکانی/ عەبدولڕەقیب یووسف/ 149
- نەورۆز و نەورۆزنامە/ حەیدەر لوتفی نیا/ 160


## ● هونەر


- ڕیژیسیۆر و فەزای شانۆ/ د. فازیل جاف/ 168
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 175
- یادێک لە تەنبوورڤانی کورد سەید خەلیل عالی نەژاد/ لە فارسییەوە: سەلاح نیساری/ 181
- فلتەرەکانی پۆلەرایز/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی/ 184


## ● خوێندنەوەی کتێب


- تارماییەکانی سلووچ/ هاشم سەڕاج/ 186
- شانۆی سوێدی/ مەغدید حاجی/ 191
- گۆرانیبێژە نەمرەکان.. هەڵسەنگاندنێکی خێرا/ کەریم شارەزا/ 195


## ● نامە


- نامەیەک لە عەتا قەرەداغی-یەوە/ ئا: ڕامان/ 199


## ● ئێستێک


- شیعر و درێژدادڕی/ موحسین ئاوارە/ 200

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# نەورۆزی سالانی داهاتوومان

**سەرنووسەر**

* نەورۆز وەک جەژنێکی دێرین، زۆر لە گەلانی ڕۆژهەڵات تێیدا بەشدارن، ئەو ڕۆژە کە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردییە لە مێژە بووەتە ڕەمز و دەلالەتێکی مانادار و قووڵی بۆ کورد هەیە، هەر لەو ڕۆژەدا کاوە و زوحاک لە سیاقی حەکایەتێکی تەقلیدی چوونە دەرێ و لە نەورۆزی هاوچەرخماندا بوونە دوو ڕەمز بۆ شۆڕش کردن لە دژی زوڵم و ستەم و داگیرکاری و بن دەستی، بۆیە وەک جەژنێک هەر لەکۆنەوە لەگەڵ تێکڕای گەلانی ناوچەکە یادکراوەتەوە. ئەم جەژنە گرنگییەکەی لەوەدایە هەمیشە وەک جەژنێکی نەتەوەیی هەموو کوردی یەکخستووەو لە کەرنەڤالێکدا کۆی کردوونەتەوە، چ لە ئێستادا و چ لە ڕابردوودا یادکردنەوەی نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بە تێکەڵی و بەکۆمەڵ کراوەو بەهۆیەوە هەستی نەتەوەیی بەهێزتر بووە.

* نەورۆزی نوێ لەسەر دەستی (پێرەمێرد) لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا بووژاوەتەوەو کاری بۆ کراوە، ئەو پیاوە لەم پێناوەدا قوربانی زۆری داوەو کەسانێکی زۆر ڕووبەڕووی بوونەتەوە، جارێ بەناوی بیرتەسکی و کۆنەپەرستی، جارێ بە ناوی ئاگرپەرستی و نۆکەری و چی و چی ناوو ناتۆرەیان دواخستووە، تەنانەت کار گەیشتووە بەوەی فیشەکیان بۆ خستووەتە ناو دەسەسڕەوە و بۆیان ناردووە، کە ئەوە هەڕەشەی کوشتن دەگەیەنێ، بەڵام گەورەیی پیرەمێرد لەوەدایە کە کۆڵی نەداوە و سوور بووە لەسەر ئامانجەکانی خۆی. ئەو نەورۆزەی پیرەمێرد بووژاندییەوە، نەوەکانی دوای خۆی پەرەیان پێدا و توانیان زۆر چاک هەستی نەتەوایەتی ڕۆڵەکانی کوردی پێ جۆش بدەن و لەجارانی سەردەمی ئەو زیاتر جێگیری بکەن، تا وای لێهات نەورۆز بووە ڕەمزی مقاوەمەت و بەرخۆدانی میللەتێک، بۆیەش دوژمنانی سەرسەختی کورد ساڵ دوای ساڵ پتر لە دژایەتی کردنی گەرم دەبوون، گەلی کوردیش چەندی نەورۆزی لێ قەدەغە کرابێ، ئەوەندە زیاتر لەسەر جێبەجێ کردنی ڕێ و ڕەسمەکانی ڕشت بووە، عەرەب واتەنی: (لکل ممنوع مرغوب).

* داگیرکەرانی کوردستان زۆریان هەوڵدا نەورۆز بە ئاقارێکی دیکەدا ببەن، وەک ئەوەی دەیانویست بیکەنە جەژنی دارودرەخت، ئێستا لە باکوور دەیانەوێ بیکەنە جەژنی خۆیان و لە کوردی زەفت بکەن، مەبەست ئەوەیە لە ناوەرۆکی خۆی دووری بخەنەوە و لە کوردێنی خۆی دایشۆرن. جێگەی خۆشحاڵیشە ئێستاکە لەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان لەسەر ئاستی میللی و ڕەسمی بایەخی زۆر زیاتر لەجاران بە نەورۆز دەدرێ و چەند ڕۆژێکی بۆ دەکرێتە پشووی ڕەسمی، تا هەر تاکێکی کورد لەو چەند ڕۆژەدا نەورۆز بەشێوەی تایبەتی خۆی بکات، بەمەش لەلایەک هەستی نەتەوایەتییان نوێ دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەوە بۆ نوێ بوونەوەی خەبات گورجتر دەبنەوە.

* پێرەمێرد بەیادی جارانی کورد نەورۆزی بووژاندەوە، ئەگەرچی لەسەر ئاگرکردنەوەکەی تووشی هێرشی دڕندانەی کۆنەپەرستانیش دەهات، بەڵام دەربەست نەبوو و گوێی بەپلار و توانجیان نەدەدا، لەلای ئەو نەورۆز ڕەمزێکی نەتەوایەتی بوو، ڕەمزی سەربەستی و جاڕدانی یەکەم ڕۆژی بەهار، بە ئاگرکردنەوە لەسەر دوندو چیا سەرکەشەکانی کوردستان موژدەی هاتنی بەهار و بووژانەوەی زەوی دەبەخشی، نەورۆزی پیرەمێرد نەورۆزێکی هاوچەرخ بوو، چونکە لەگەڵ ئاواتەکانی کورد جووت بوو، ئەو لە چەمکە ئەفسانەییەکەی داماڵیبوو و هێنابوویە سەرچەمکێکی نوێ. ئاگر و ڕووناکی دزەکانی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتداران و کۆنەپەرستان دەکەوتە وێزەی پێرەمێرد و سازکردنی (نەورۆز) بەربەرەکانی دەکرا، چونکە ئەو چەمکە نوێیەی مەترسی بۆ ئەوان تێدا بوو.

* کاتێک ئاگری نەورۆز لەگردی یارە قەدەغە کرا، لەسەر شاخ و دوندو لووتکەی چیایەکانی دەوروپشتی سلێمانیدا ئاگری نەورۆز لەسەر ئەو لووتکانەدا هەڵدەکران و ئەم جارە جۆش و تینێکی گەرمتری دەدایە ڕۆڵەکانی گەلی کورد. نەورۆزیش تا بەربەرەکانی دەکرا، زیاتر دەبووە ڕەمزی فیداکاری و ڕزگاربوون لە دەست ستەم و زۆرداری. وەک چۆن (سپارتاکۆس) بووە ڕەمزی ئازادکردن و هوشیارکردنەوەی کۆیلەکان، یان مەسیح بووە ڕەمزی هێنانی ژیانێکی نوێ، بەم جۆرە کاوەی لای خۆشمان وەک ڕەمزێک بووە جاڕدەری ژیانی ئازادی و تەفروتونا کردنی تەخت و تاراجی زۆرداری و کۆیلایەتی و ژێردەستی، بۆیە دەڵێین هونەری دەستپێشخەری و بووژانەوەی بیری نەورۆز بەم شێوەیەی ئێستای بۆ (پێرەمێرد)

دەگەڕێتەوە، لێرەشدا ناهەق نین ئەگەر بەهۆی (پیرەمێرد)ەوە نەورۆز و بەهۆی نەورۆزیشەوە (پیرەمێرد)مان بیر بکەوێتەوە.

* **لە ساڵی ١٩٢٦ حاجی تۆفیق پیرەمێرد بەهۆی** قوتابخانەی زانستی کوردانەوە هەوڵێکی فەرهادانەی دا بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لەنێو ڕیزەکانی گەلی کورددا، پیرەمێرد کە ماوەیەکی زۆر سکرتێری بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانەیە بوو، ئامانجی سەرەکی ئەو قوتابخانەیەش ئەوە بوو دەیویست خوێندەواری بڵاوبکاتەوە، بە تایبەتی لە ناو ئەو کرێکار و کاسبکارانەی نەیاندەتوانی بە ڕۆژ لەبەر باری گوزەران و بژێوی پەیداکردن بخوێنن. پیرەمێرد بێجگە لەو پەیامە هەمیشە هەوڵی دەدا لەو قوتابخانەیەدا ئەو قوتابیانە بە هەستی نەتەوایەتی گۆش بکات، ئەوەبوو لەو ساڵانەدا بە تەقالالای پیرەمێرد بیری بووژانەوەی جەژنی نەورۆز هاتەکایەوە. سەرەتا لەو قوتابخانەیەدا هانی قوتابییەکانی خۆی دەدا کە سەرپەرشتی ئاگری نەورۆز بکەن و ببنە پێشەنگی هاندانی خەڵکی. قوتابییەکانی قوتابخانەی (زانستی) بەجلی کوردییەوە بەرەو گردی (مامە یارە) دەکەوتنە ڕێ و هەموویان بەیەک دەنگ دەیانوت:

**یادکەن، براکە یادکەن**
**یادی کاوەی ئاسنگەر**
**سەر ڕێ و شوێنی گرت**
**تاکو وەتەن بێتە بەر**

* پیرەمێرد هەر بە قوتابیانی زانستی-یەوە نەوەستا، بگرە زۆربەی پیتچنەکانی چاپخانەکەی خۆشی دەخستە جووڵە و دەیانی نارد داربکرن و بۆ گردی یارەی ببەن لەوانەش (نووری باقی بەنگینە- ئەحمەدی مەلا قادر- فەتتاحی فارس ئاغا) ئینجا ٢-٣ ڕۆژ زووتر دەهۆڵ و زوڕنا ئاگەدار دەکرا، ژنانی گەڕەکیش کۆدەبوونەوە، حاجی تۆفیق پارەی دەدانێ، ئەوانیش چێشتێکی زۆریان لێدەنا. شاگردەکانیشی دەنارد بۆ سازکردنی ئاگری نەورۆز، لەو ساڵەوە تا ڕۆژی مردنی هەموو ساڵێک پیرەمێرد بە شیعرێک نەورۆزی بەسەر دەکردەوە، ساڵ نەبوو لەگردی (مامە یارە)دا شیعر نەخوێنێتەوە، پاشان شیعرەکەی لە ڕۆژنامەی (ژیان) کە خۆی سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد بڵاودەکرایەوە. لە نەورۆزدا کوڕان و کچان بە جلوبەرگی ئاڵوواڵاوە بەرەو کارێزی وەستا شەریف دەچوون، کە لەبەردەمی گردی مامەیارەیەو لەوێ دەکەوتنە هەڵپەڕین و شیعر و سروودیان دەخوێندەوە. هەندێ جاریش چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر لەلایەن قوتابیانی زانستییەوە بەشێوەی (تەمسیل) پێشکێش کرا.

* جێی خۆیەتی لێرەدا بۆ نەورۆزی ساڵانی دادێ هەندێ پێشنیار بخەینە ڕوو تا سوود لە داوونەریت و سرووتەکانی نەورۆزی ئەوسا وەربگرین و لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێستامان تێکەڵی بکەین و بە گەشترین شێوە ڕووی نەورۆز بنوێنین و بە جوانترین و ڕێکوپێکترین کەرنەڤال نەورۆزی ساڵانی داهاتوومان بگێڕین. جارێ لەپێشەوە ئەو (سرووت- طقس)ەی پیرەمێردی نەمر بەیادی ڕۆڵەکانی ئەمڕۆمان دێنینەوە تا سوودی لێوەربگرن، لە پاش ئەوەی خەریکە بەهۆی کاری دزێو و ناڕەوای وەک (تایە سووتاندن) ڕووی جوانی نەورۆز دەڕووشێنین، کە زۆر زیانی بۆ سەر تەندروستی و ژینگە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم داوونەریتەکەی سەردەمی پیرەمێرد ببووژێنیرێتەوە کە لە گەڕەکەکاندا هەر ماڵێک بە چڵەدارێکی وشک، یان چەند چڵەدارێک لە نەورۆزدا بەشداربن و لەسەری کۆڵانەکانیانەوە لیژنەدارێکی گەورە کۆبکرێتەوە و لە ئێوارەی نەورۆزدا ئاگر بکرێتەوە. ئەوساکە ئاگرەکە هی هەموو خەڵکی گەڕەکەکە دەبێت، ئەم داوونەریتە کە ساڵی جارێکە پارەیەکی زۆری تێناچێ کە هەر ماڵێک لە ماوەی ساڵێکدا بۆ بەشداربوون لە کەرنەڤالی نەورۆز ئەگەر چەند چڵەدارێکی وشکی سووتاندن بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکەن، بەمە هەست دەکرێ لەو ڕۆژەدا کارێکی هەرەوەزی و بەکۆمەڵ کراوە و دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوان خەڵکی گەڕەکەکەش پتەوتر دەکات. یان خۆڵەمێش بهێنن و بە (نەوت) بیشێلن و وەک هەویر تۆپەڵ تۆپەڵ بیخەنە ناو قوتیلەی بچووکەوە و لەقەراغی شوورە و ستارەی سەربانی ماڵەکانی خۆیان دایگیرسێنن، کە ئەمەشیان کارێکی زۆر کەم مەسرەف و کەم ئەرکە و زۆریش کار لە ژینگە ناکات، بەم کارەش شەوی نەورۆز شارەکان دەبنە چراخان، چونکە خەڵکی بەکردنەوەی ئاگری نەورۆز لە (١-٢) شوێنی بەرزی شار دڵیان ئاو ناخواتەوە و هەموو خەڵکیش ناتوانن دەرفەت وەربگرن وەک جەژنێکی میللی لە سرووتەکانیدا بەشداربن، ئەوسا شێوەی کەرنەڤالێکی بەکۆمەڵی لێ دەکەوێتەوە، یان شێوە تەقلیدییە سواوەکەی دەگۆڕێ، جگە لەوەش بۆ ئەوەی نەورۆز زیاتر سرووتێکی میللی بەخۆوە بگرێ پێم باشە ئەم لایەنانەش ڕەچاو بکرێن:

(١) بۆ بەهێزکردن و پتەوبوونی هەستی نەتەوەییمان، یان هیچ نەبێ بۆ دەمەزەرد کردنەوەی ئەو هەستە پێویستە هەموو لایەک و لەسەر هەموو ئاستێکدا بایەخێکی زۆر و بەرچاو بە جەژنە نەتەوایەتییەکانمان بدەن و ئیشی زۆری بۆ بکرێ.

(٢) کۆتەلێک، بورجێک، کارێکی هونەری مەزن بۆ نەورۆز دروست بکرێ کە هەموو شار بیبینن و لە چەند ڕۆژی پێش نەورۆز و دواتر لەم شوێنە بەرزانەوە پانۆرامای نەورۆز نیشان بدرێ، ئەمەش پێویستە لە هەموو شارو شارۆچکەکانماندا هەبێ.

(٣) هەر بەو بۆنەیەوە ساڵانە لەلایەن دەزگایەکانی چاپ و پەخش کردن هەماهەنگی هەبێ بۆ ئەوەی لە هەر ساڵێکدا چەند کتێبێکی مێژوویی لەو ڕۆژەدا بڵاوبکرێنەوە، مەرجیش نییە کتێبەکان تەنیا بەزمانی کوردی بن، بەڵکو دەکرێ بە زمانەکانی دەرودراوسێ و بێگانە ئەنجام بدرێن تا مێژووی کۆن و هاوچەرخی کورد لەگەڵ ئەو کتێبانەی سەبارەت بە (نەورۆز) دەنووسرێن، خەڵکانی دیکەش سوودیان لێوەربگرن.

(٤) ژنانی گەڕەک خواردەمەنی کۆنی کوردەواری ببووژێننەوە وەک یاپراخی گەڵامێو و (سەمەنی) کە چەند ڕۆژێک پێشتر ئامادەسازی دەوێ، بەڵام هەموو خەڵکی گەڕەک لە خواردنیان بەشداربن.

(٥) هەوڵ بدرێ جلوبەرگی کوردی (پیاوان و ژنان و منداڵان) هەرزانتر بکرێن، تا هەموو کەسێک بتوانێ ئەو جلوبەرگە میللییەی هەبێ و لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کڵاشی دەستکردی هەورامان لەبەر بکەن کە تاموبۆو جوانییەکی دیکە بەنەورۆز دەدات.

(٦) گۆرانی و سروودە نەتەوەییەکانمان، لەگەڵ ئەوانەی تایبەتن بەجەژنی نەورۆز سەرلەنوێ بەدابەش کردن و وتنێکی نوێوە بدرێنەوە بە گوێچکەی نەوەی نوێدا، سەرەڕای هاندانی هونەرمەندانیش بەهۆی پێشبڕکێوە بۆ زیاتر بەرجەستە کردنی ئەو ڕۆژە نەتەوەییە لە هەموو بوارێکی هونەری و ئەدەبی هەر لەتابلۆی هونەری شێوەکارییەوە تا هەڵپەڕکێ و.. تاد، چالاکی بنوێنن.

(٧) تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانیشمان لەو ڕۆژەدا بە بەرنامەی سەرنجڕاکێش برازێنەوە، تاکو دەرەوە و ناوەوەی کوردستان پێکەوە ببەستنەوەو ئەو یادە لە بیرەوەری منداڵ و مێرمنداڵ و لاوان و گەورەکان جوانتر وێنا بکەن.

(٨) کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدا بەشدار بێ تا زیاتر مۆرکی نەتەوەیی نەورۆزی پێوە دیار بێت.

(٩) دەکرێ کەسانی غەیرە کورد و بیانیش بۆ ئەم یادە بانگهێشت بکرێن و بێنە کوردستانەوە، تا لە ڕێ و ڕەسمەکان لەگەڵ ئێمەدا بەشداربن و ئەوانیش زیاتر بەو ڕێ و ڕەسمانە ئاشنا بکرێن و لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە بۆ دەرەوەی بگوازنەوە.

(١٠) بۆ ئەوەی نەورۆز تەقلیدی نەبێ و شێوە کەرنەڤالییەکەی ون نەکات، پێویستە بۆ سەروکار کردن لەسەر ئاستی شار تا دەگاتە گەڕەکەکان دەستە دەستە خەڵک لە شێوەی (لیژنە) پێکبێن، بۆ ئەوەی خۆ سازکردن بۆ ئەو بۆنەیە بە چەند ڕۆژێ بەر لە هاتنی نەورۆز ئامادە بکرێن، بەم شێوەیە خەڵکی بە شەوق و زەوق و تاسەی زیاتر بەرەو پیری نەورۆز دەڕۆن، بە تایبەتی ئەگەر هەر ساڵێ ڕێ و ڕەسم و سرووتی نەورۆز لە ساڵەکانی پێش خۆی جیابێ و سوود لە هەڵەی ساڵانی پێشتر وەربگیرێ و دووبارە نەکرێنەوە. ئەوسا دوای ئەو مەراسیمانە خەڵکی بچنە کەژو کێو و دەشتودەر و سەیرانی خۆیان دەست پێبکەن.

# سۆرە برینا شەڤا من

سەلوا گولی
(سوێد)



چرایێ چاڤێن من،
چرایێ چاڤێن من.
من ژبیر نەکرە،
هەتا لبیر بینم!
شەڤەک بەرهاڤێتی،
ژ پاییزەکە سەربەردایی
فەرهەنگا خوینێ دهلمیسا.
تاڤ سۆرکا گوندێ من،
خوە ژ نفرینا دپێچا.
گەها دەرازینکا گوهێ من،
بزدمبادانا روڤیا.
روونی درەڤی و ئاڤ بێ دەنگ دبوو.
گوندێ من..!
گوندێ من ژ کولانێت خوە دترسا.
ئاشیپکێت سۆر شەڤا من دخوار.
داپیرا من،
ب دەنگێ بلند،
یاسین دهەژمارت.
نوت و نەهـ بەرخشکێت
کەس نەبینایی،
دکرنە بازبەند،
و ل زەندێ مە شداند.
قادر ژ ترسا خوە..
هەلاویست بوو.
ل ناڤ کورکێ نەبوونێ هەلیابوو
لسەر پێنگاڤا قورچێت مرنێ
پیر دبوون.
گوملەکێ من ێ سپی
گەخێن سپێدی دگڤاشتن،
خوناڤ ژ چاڤێن ١١ نێرگزان ڤەخوار.
ژ لەرزا لحێفکا من درەڤی،
ئو تم من دکێشا،

ئەو ژ نەبوونا سیبەرا شەڤا من،
پێسترکێ چاڤێت من رەقکرن.
من مژگولێت خوە،
لسەر لولیا تفەنگێ،
لبولبو دهەژمارتن..
باروتێ دەنگێ زارۆکا
وەکی دێمێ خوە لێکربوو،
ژ دەنگێ هۆڤێت دو پێ..
زەلام ژمێژانیا خوە حاشا دبوون،
دایکا برینێت گوندی هەمبێز دکرن.
کەفا دەستێ فاتما تەنییا دشێلان.
هێدی هێدی
گری و زێمار پێ ڤە دمالین
ب لێفکا کورتەکێت خوە برین و روندک
هاویش دکرن.
چرایێ چاڤێن من:
– ماتو بێژی ژبیر بکەم!؟
ئەو گەودێ هەتا نها،
لناڤ مێژوویا مەژیێ من دە
دلیزە برینێت ساڤا،
ژ کەربا قەدەرا نیشانکر
من ب چاڤێت خوە مێهتن،
ئەو گوملەکێ ژ دەنگێ گولنەخوینێ
یەک ب یەک من قولپکێت وی هەژاندن.
حەمایلوکێت خالی،
لسەر سینگا شەرێ شەڤێ،
چەوا بێهن ڤەدابوون!
قیریا من ژ کنفێ ئەیوب
لە خەرتر لێ هاتبوو..
کولانێت باژێرکێ من،
کولانێت باژێرکێ بابێ من،
مینا سەری سێرپیانا چوارچرا،
دەنگ ڤەدابوو..
خوەزی لسەر پەرێت خوە بێت بریندار
شین دبوون.
ل وێ سپێدەیا ئەروتیک
ئەسمانێ گوندێ من
سۆرکرن و چاڤێن خوە لە مە زلکرن.
ب شەهمەزاریا خوە
ئەم ل هەمبێزا خوە هاژۆتن.

# بێریا له ته‌متوماندا

که‌ریم ده‌شتی

که پێی گوتم ئیدی ته‌واو تازه هه‌رگیز
لیمۆکان ئاو نادەینەوە
ناچینه‌وه ئه‌و ڕه‌زانه‌ی له ژێر نووری مانگه‌شه‌وا
لانه‌مان بۆ ته‌واره‌کان له تابانی ڕۆح چێده‌کرد
ئه‌وکاته ڕێگایه‌کی دوور دوورمان بڕیبوو
پێمان وابوو له ده‌ره‌وه‌ی مه‌مله‌که‌تی خوداین
له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌ندێشه‌ی بوون
له ده‌ره‌وه‌ی خه‌ون و خه‌یاڵ
تای جوانی
جوانییه‌ک له ده‌رگاکانی ئاسمانه‌وه هاتبوو
جوانییه‌ک له شه‌وقی نه‌رسۆسه‌وه هه‌ڵده‌چوو
وه‌ک که‌وسه‌ری ئاڵ ڕۆحی هه‌ڵته‌کاندبووین
گۆرانییه دێرینه‌کانی ئه‌وینداری
له کارته‌ی سۆزی ده‌داین و
زمانی ده‌شکاندین
وه‌ک دوو مامزی ماندوو
وه‌ک دوو ترووسکه‌ی چاوی مه‌ل
وه‌ک دوو په‌ڕی تاوسی ناو چاوی هه‌تاو
به غه‌مگینی غه‌مگینتر له‌و دڵانه‌ی
وه‌کو شووشه‌ی عه‌تر شکان
ده‌گه‌ڕاینه‌وه ناو ڕه‌حمی خاک
ئۆف ئۆف بۆنی خاک ئێمه‌ی ده‌برده‌وه کوێ
بۆنی خاک چۆن وه‌ک گه‌ڵا وه‌ریوه‌کانی شه‌وبۆ
لوولی ده‌داین
ده‌چووینه‌وه ناو باخچه‌کانی منداڵی
حاجیله‌کانمان ده‌چنی بۆ سه‌رگۆڕی ئه‌وینداران
پۆل پۆل مه‌له‌کان ده‌هاتن
سواری سه‌رپشتی که‌ڵه‌کێوییه‌کان ده‌بووین



خودایە بمانکەیتەوە خۆڵ
تا لە مانای ئەڤین بگەین
شارەزای زمانی چرین بین
ئۆف ئۆف بۆنی خاک بۆنی خاک
ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف بۆنی خاک
خودایە
تا ئێستا لە زمانی ئاسمان ناگەین
دەمانەوێ فێری فڕین بین
هەمیشە بە دەنگێ
لە دەنگی زرینگانەوەی شووشەی دڵ دەچوو دەیگوت
بێریا پەلکە ڕێحانەکەی سەر سینەم بێریا
بێریا ئەی پیرۆزەی ئاسمان بێریا
کراسی گیایی ماتەمینیم بێریا
مەگری مەگری کە تۆ دەگری
ئاگر لە گیانم بەردەبێ
کە تۆ دەگری برینی کۆن و نوێم لێ دێنە سوێ
مەگری مەگری دوای کەمێکی تر
دوای تەواوبوونی فرمێسک و کوژانەوەی یادەوەری
دوای ئەوەی خامۆشی ئەو ناوە دادەگرێ
ئەستێرەکان هەڵدێنەوەو پۆلەمەلی شەوان دێنەوە
بەری ئاسمانێ دەگرن و جریوەیان کەون پڕ دەکات
تابان لە دوورەوە
وەک پۆلە کچی گەرەکی بەرماڵان بانگمان دەکات
منیش گۆرانییەکەی جارانت بۆ دەڵێمەوە
کەزی درێژی خودایی
خوایە نەکەویە جودایی
گەورەبێ دوورو گەوهەری
تاجی شات دەکەنە سەری
مەمکەکانم پڕ دەبن لە شیری شێر و
زمانم پڕ دەبێ لە بالۆرە و گفتی پیری
ئەوسا بەیەکەوە دەچینەوە سەر گردەکەی جاران
لەوێوە سەیری باخاتی ترێ دەکەین
کە تریسکی هێشوەکانیان ئاگر لە جوانی بەردەدا
ئەو دەم دنیا لە خۆرئاوابوونێکی ئەبەدی دەچوو
کە ئیدی نەگەڕێینەوە ناو ماڵی گیا
نەچینەوە سەر ئاوەکان
چاوەڕوانی قەتارەی قولینگان بکەین
نەگەڕێینەوە ناو ماڵی شمشاڵژەنە غەمگینەکان
گوێ لە نەوای ڕۆحمان بگرین
ئۆف ئۆف
ئێمە لە بایەکی گەرمی بێ ڕەحمدا ئاسێ ببووین
بەیەکەوە هاوارمان دەکرد
بەڵام ئاخ بە تەنها سەدای خۆمان بوو
لە دوور دوورەوە دەگەڕایەوە ناو زەینمان
لەناو شەڕێکی سەختی زەردەپەڕا
دنیا غەرقی پرتەقاڵ ببوو
بێریا لە ناو بێزارییەکانی خۆی
نامەکانی یەک یەک دەدڕاندو دەتلایەوە
ئەو نامانەی تەڕ تەڕ ببوون بە فرمێسک و
شین هەڵگەڕابوون لە غەمان
ئۆف ئۆف
ئەی خودا ئێوارەیەکی چەند سەخت بوو
هاوارمان دەکرد
ئیدی تازە تەواو
نە یەکتری دەبینین و نەچاو بە چاو دەکەوێتەوە
تەمتومانێ دایگرتبووین
کەسمان کەسی نەدەبینی
هەموو بەیەکەوە هاوارمان دەکرد
هەی داد هەی بێداد ئەی فریادڕەسی خودایی
کەی دەگەینەوە ئەو بنارانەی
جۆگەلەکانی ئاویان لە بەهەشتەوە دێ و
خورەیان لە ماڵی خودا و
پلووسکەی بەردەکانیان لە گەردنی کچەکانی ئاوایی

# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)



٢٠٠٧/١/٣٠:
وەک مەرکانەیەکی شکاو
تینوویەک بە خەیاڵیا نایەت
بۆ جامۆولکەیەک ئاوی سارد
سەری سڵاوێکم بۆ خوارکاتەوە؛
ئێ، ئاخر هەقی خۆیەتی،
من خۆم گەرووم بووەتە پەڵاس،
قەڵا... قەڵام لە وشکبوونەوە!

٢٠٠٧/٢/٥:
هێندەی ماوەی چاوداگرتنێک لە کچێک،
ماچی سەر سیلەی کۆڵانێک،
دەرچوونی گوللەیەک،
کاتم ماوە بۆ خۆم؛
بە قەدەر درێژیی مێژوو،
بارتەقای تەمەنی «نووح» و
مەودای دوورترین هەسارە،
بوارم هەیە، گوێ لە بارینی تۆ بگرم.

* * *

چەرچەفی بێدەنگییەکی سپی ئەدەم بە خۆمدا،
کە ئێوە لە تاریکیدا ئەبینم؛
ئاخر ئەزانم؛ ئێوە خۆتان
لە نێوان بەفر و قەتراندا
رووتان لە کرێوە وەرگێڕا

٢٠٠٧/٢/٧:
هەناسە، سنووری تەسکی نێوان ژیان و مەرگە
بیرکەنەوە،
ئەو دوو دوژمنە نەگریسە
چەندە لێکەوە نزیکن؟!

* * *

**کچێکم هەبوایە پێی ئەوتم**
**بابە، من و بووکەشووشەکەم،**
**چۆن لێکدی جیا ئەکەیتەوە؟!**
**کچێکم هەبوایە پێم ئەوت**
**گوڵەکەم، من و داهۆڵی باخەکە**
**چی لێکمان جیا ئەکاتەوە؟!**

***   *   ***

**بەیانیان رێم نییە برۆم،**
**حەوشەی ماڵەکەم پڕ بووە لەو هاوارانەی**
**دوێنی شەو، بێهوودە،**
**حەواڵەی هەموو کونجێکی کەونم کردن!**

**٢٠٠٧/٢/١١:**
**جەنگاوەرێکی ترسنۆکم و**
**بە هەموو لایەکدا شمشێر رائەوەشێنم**
**تا، غیرەت بنێمە بەر خۆم و**
**لە کەوتنە خوارەوەی دڵۆپی بارانیشا،**
**وا تێبگەم،...**
**من جەزرەبەم گەیاندۆتە عەرشی سەما**

**٢٠٠٧/٢/١٣:**
**خۆشە، هەندێ جار، کەسێک**
**هێندە لە قوڕاوی بێزاریت هەڵکێشێت،**
**تا بە دەماخێکی ئاسوودە**
**وەک نوقڵی بەرات، جنێو ببەخشیتەوە**

**ڤالانتاینی ٢٠٠٧:**
**لێگەڕێن، رەشەبایەک دەمامکەکان بڕفێنێت و**
**بە رۆژی نیوەڕۆ،**
**دەستەویەخە بکەوینە شەڕ و**
**خوێنی گوڵەسوورەکانیش لە پەنجاکانمان بچۆڕێت**
**بۆ ئەوەی عیشقیش تێبگات،**
**ئەم بەشەرە چەند شەڕانگێزە!**

**٢٠٠٧/٢/١٦:**
**لە بارینی خۆی ناکەوێت، شەونم و**
**دەستبەرداری دوژمنکاری نابێت، هەتاو؛**
**شەونم، یادەوەرییەکانی من و**
**هەتاو، خەنجەرەکەی دەستی ئەوان!**

# گەڕانەوە بەرەو دۆزەخ

زانا خەلیل



لەوبەر ئۆقیانووسێکی شینی ئاویدا تۆ بە هاوارێکی
نەوی بانگت کردم..
لەوبەر ئۆقیانووسێکی شینی ئاویدا گوێم لە هانکە هانک
و زەمزەمەی هەناسەکانت بوو..
لەوبەر ئۆقیانووسێکی شینی ئاویدا تۆ گوتت:
دەتوانین لەسەر ئاوی ئۆقیانووسدا پیاسە بکەین و
نووقمیش نەبین..
دەتوانین لەسەر ڕەنگی مانگی نێو ئۆقیانووسدا خەون
ببینین
دەتوانین لەسەر شەپۆلە هێورەکانی ئۆقیانووسدا
خەونەکانمان ڕووت کەینەوە..
دەتوانین لەنێو- با- ی سەر ئۆقیانووسدا خۆمان لەناو
خەونە شینەکاندا ڕووت کەینەوە..
من گوتم: عەشق ئاگرە..
بەڵام، قەینا بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

تۆ لەوبەر کەناری ئۆقیانووسدا بەزمانی ڕۆح دەدوایت و
منیش دەنگی ئاگری وشەکانم دەبیست.
من لەم بەر کەناری ئۆقیانووسدا فرمێسکە سوورەکانم
هەڵدەوەراند،
تۆش دەنگی کەوتنی دڵۆپەکانت دەبیست..
من لەم بەر بە زمانی دڵ دەدوام و
تۆش لەوبەری ئۆقیانووسدا باوەشێ نوور بوویت..
دەهاتی..
وەکو- با- ئۆقیانووست دەبڕی و پرچی بەرەڵڵات
دەنایە باوەشم..
برسیەتیت بە وشە دەشکا، نەک گۆشتی برژاوی تاووس
و مامز و ماسی..
تێنوویەتیت بە وشە دەشکا، نەک ئاوی باران..

غەریبی کردنت بە من دەشکا، نەک ئەو بەرازە
خۆرسکەی لای تاریکی هاتبوو..
من گوتم: ئەی خودا عەشق ئاگرە..
بەڵام قەینا، بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

ئێمە لەو ئۆقیانووسەدا ڕێگامان دەست پێکرد،
پیاسەمان کرد و پێیەکانیشمان تەڕ نەبوو..
لەسەر ڕەنگی مانگی نێو ئۆقیانووسدا خەونمان بینی
لەسەر شەپۆلە هێورەکانی ئۆقیانووسدا خەونەکانمان
رووت کردەوە..
لەنێو- با- ی سەر ئۆقیانووسدا خۆمان لەناو خەونە
شینەکاندا ڕووت کردەوە..
برسیەتیمان بە وشە دەشکاند، نەک گۆشتی برژاوی
تاووس و مامز و ماسی..
تێنوویەتیمان بە وشە دەشکاند، نەک ئاوی باران..
تۆ غەریبی کردنت بە من دەشکاند، نەک ئەو بەرازە
خۆرسکەی لای تاریکی هاتبوو..
من گوتم: ئای خودای گەورە، عەشق ئاگرە..
بەڵام قەینا، بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

ئێمە لە ناوەڕاستی شەقامەکەی نێو ئۆقیانووسدا لە
یەکدیمان ڕوانی
تۆ بەکزی لای دەستی چەوتت گرت و منیش بەلای
دەستی ڕاستدا تێپەڕیم
ئێمە لە ناوەڕاستی شەقامەکەی نێو ئۆقیانووسدا
لەیەکدیمان ڕوانی
تۆ بەکزی لای دەستی ڕاستت گرت و منیش بەلای
دەستی چەوتدا تێپەڕیم
لەوێوە لێکدابڕاین
چونکە تۆش وەکو من درۆت دەکرد.
چونکە منیش وەکو تۆ درۆم دەکرد.
من گوتم: ئای ئەی ڕۆحی گەردوون، من دەمزانی
عەشق ئاگرە..
بەڵام قەینا، بۆ خاتری درۆیە جوانەکان دەگەڕێمەوە
دۆزەخ.

# بۆ دەبێ کاڵ ببمەوە

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)

بۆ دەبێ
ڕووم لێ وەرگێڕی
ئاخر نەدەبوو.
شووشەی ژیان مەشکێنە
نەبا زیاتر کاڵ ببمەوە
خۆرێک درەنگانێ هەڵبێ
کێ دەسووتێنێ
ئاخر
وەرزێک لە هەناسەی بوونەوە بێت
بۆ دەبێ رووی لێ وەرگێڕی
مەمبوێرە
با کاڵ نەبمەوە
لە ژاوەژاوی ژیاندا
پرتەقاڵەکانی خەونێکی بێ باخچە
دەکەمەوە
لە وێرانەبوونی ژووانان
ئازارەکانم ڕادەژەنم
ڕوحمێک با کاڵ نەچمەوە
نیگام لە خەواڵوویی ڕوخسارت
بکوژێنەوە
ئاخر ڕەنگم پێوە نەما
تا تۆ هیوام بشێوێنی
ڕەهاترم
لە بیابان
تاکو تۆم لێ جێ بمێنێ
ڕوخسارم ناناسمەوە
بۆنی نەمانم لێ دەچێ
ئاخر بۆچی
بە نزا، گوناهەکانت
دەمسووتێنێ
بۆ دەبێ
وا بەجێم بێڵی
نەدەبوو

٢٠٠٦/١١/٢١



# خەونی منداڵی

قەیسەر ئەمین پوور
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



لەنێو خەونی منداڵیمدا
هەموو شەوێ فیکەی شەمەندەفەرێک دێ
لە وێستگەوە تێدەپەڕێ
دەڵێی ئەم شەمەندەفەرە دوور و درێژە
دوایی نایە
دەڵێی زیاتر لە هەزار پەنجێرەی هەیە و
لە هەموو پەنجێرەکانیشییەوە هەر تۆی
دەستم بۆ ڕادەتەکێنێ.
کاتێ
لە چوار چێوەی پەنجێرەکانەوە
شەو بڵێسەی لێ هەڵدەستێ
لەگەڵ دووکەڵی بسکی تۆ بەدەم باوە
بەسەر درێژایی ڕێگای لێڵ و تەمومژاویدا
لە دووکەڵدا
دووکەڵ
دووکەڵ

تەنافباز

پاڵم بە «با»وە داوە
بە دەستەوەم گرتووە گۆچانی «ئوستوایی»
ڕاوەستاوم
لەسەر گوریسی ئاسمان
لەسەر لێواری دوو هەڵدێری ناکاو
ناکاوێک لە هاوار و
ناکاوێک لە بێدەنگی.
لە خوارەوە زاری بۆ داپچڕیوم
دۆڵی قووڵی هەڵدێران
بەناچاری
بە هاوارێک لە بێدەنگی
تا هەتایە

به دۆزەخی دوو هەڵدێردا
تێدەپەڕم
هۆنینەوە تەنیا چارەنووسی منە.

**بیرەوەری**

به گریانی پەیتا پەیتا و
به بێ وچان
وەک تێپەڕینی ساتەکان
لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی
کەوا لە بەردەمی گێژەبادا
هەڵمانوەراند
ئەو حەوتووانەی تێپەڕین
لەگەڵ ساڵە دژوارەکان
ڕۆیشتین و
سووتاین و
هەڵوەرین
لەگەڵ ئەوەی لە یادمانا
بڕوامان بە بیرەوەرییەک هەر ماوە
بەڵام
ئەو ڕووداوە ساکارە نەقەوما

**داخی هەمیشەیی**

هێشتا قسەکانم هەروا ناتەواوە...
هەتاکو وەخۆ دێیتەوە
کاتی ڕۆیشتنە.
دیسان هەر ئەو چیرۆکە هەمیشەییە!
بەر لەوەی ئاگادارت کەن
کاتی کۆچی ناچارییە
ئاخ...
ئەی مەخابن و داخی داخانم
لەناکاودا
چەند زوو
وەدرەنگ دەکەوین

**قاف**

قافیش دوایین وتەی ئەشقە
لەو جێیەوە
کەوا ناوی بچووکی من
دەست پێدەکا!!

**هێشتا**

هێشتا
هەر درێژەی هەیە
هێشتا کە هێشتایە
ژان
درێژەی هەیە
دەسپێکی لقی تێگەیین
زایەڵەی ناوی سەرەتا
لەرزینەوەی شانی زەوی
لەگەڵ تامی میوەی یاساخ
تا هەناسە کێشانی بەرد
بێ وچان درێژی هەیە
ژانیش
هێشتا هەر درێژەی هەیە.

**سبەی**

دوێنێ ئێمە
گاڵتەمان بە ژیان کرد و
ئەوڕۆکە، ئەو
ئێمەی...
سبەی؟

سەرچاوە:
کتێبی: گزینه اشعار قیصر امین پوور، چاپ هشتم، ١٣٨٤،
انتشارات مروارید، تهران.

# مرۆسە

جەلیل کاکەوەیس

چەند مانگێک بوو خانووەکەی تەنیشتمان چەشنی ئاشی ئاو لێ براو کپ و خامۆش بوو، لەوەدەچوو زیندەوارێکی تێدا نەبێت، ئێ منیش هەر خۆم خووی حەزی تاقی بکردنم نییە و بە دووی کێ هات و کێ رۆیشتدا ناچم، تەنانەت حەزم لەوەش نییە ناوی دراوسێکانمیش بزانم، یان بمهەوێ ناوی پیاوەکە، یان هاوسەرەکەی بزانم و چەند منداڵیان هەیە و چەندیان نێرینەن و چەندیان مێینە، ئیدی تۆ ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە ئارەزووی خۆتە، کەچی وا ئێستا ئەو کپی و خامۆشییەی ماڵەکەی تەنیشتم لێ بووەتە غایلەو بگرە جۆرە ترس و سامێکیشم لێ نیشتووەو بڕوام بە ئاوەدانی و تەنانەت ژاوەژاوی بنیادەمەکانیش هێناوە... ئێ خۆ زۆرجاریش بۆ خۆم ئەمەم تاقی کردووەتەوە، بەتایبەتی کاتێ لە شوێنێکی چۆڵدا ڕێم کردووە، کپی و خامۆشی شنگی لێ بڕیوم، بۆیە تەسەللام بە جووکەو جریوەی پەلەوەرێک، یان وەڕینی سەگێک هاتووەو هەستم بە جۆرە ئارامییەک کردووە.

جاران هەر لەم خانووەی تەنیشتمان گوێم لەقاووقیژی منداڵ، یان دەمەقاڵێی ژن و مێردەکە دەبوو، یان لە ناکاودا داکوتانی بزمارێک وەڕسی دەکردم، کەچی ئەمێستا وەک ئەوەی پەتایەکی کوشندە رووی کردبێتە ئەم ماڵەو خەوێکی هەتا هەتاییان لێکەوتبێت، چەشنی گۆڕستانێک کپ و خامۆشە.

ئەوەی دەم بیست، تەنیا خشەخشی گەڵای درەختەکانی نێو حەوشەی ماڵەکەبوو، ئەویش ئەو دەمەی کە شنەبایەک هەڵیدەکرد.

ئەو شەوەی کە ویستم بکەومە پایدۆزی خامۆشی ماڵە دراوسێکەم، ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە ئەوەی دەی ژنەوم و هەستی پێدەکەم بۆ ئێوەشی بگێڕمەوە، بە پەرۆش و ئەڵهاوە کەوتمە خۆلێداگرتن و سۆسەکردن. زۆرجار بنیادەمەکان ئاگایان لە ڕۆحی یەکترەو لە نەدیتە نیازی



یەکدی دەخوێننەوەو هەست بە ئەندێشە و ئازاری یەکتر دەکەن. بەم ئاوهایە گوێ تەقێی شتێکی نەدیو و نادیار بووم و وەک ئەوەی چاوەڕێی پەرجـــــــوویەک، یان قەومـاوێک بووم. لە نکاو لەو دیوی دیوارە بەرزەکەی نێـوانمان و لەنێـو جەرگەی ئەو خامـۆشـیـیـەوە دەنگی سـتـرانێکم ژنەوت و تا ئەو دەمـە ڕیتم و ئاوازێکی وام نەبیستـبـوو، بەهیچ جۆرێ خولیـاو چەشەی بنیـادەمی سەردەمەکەی ئێمەی نەدەبزواند، ڕەنگە ئەمەش وێنایەکی خەیاڵکردەی ئەوساتە وەختەی خۆم بووبێت.

ڕیتمی سترانەکە خەریک بوو خولیای خۆداگرتنەکەم لەبیر ببـاتەوە و چەشنی تاڤگەیەک لەسـەر دیوارەکـەوە دەڕژایە ئەم دیو و نوقمی نێو سەردەمەکەی خۆی دەکردم.

سترانەکە لەنکاو وەستاو خامۆشییەکە جارێکی دی جێگەی گرتەوە. کە هەستم ڕاگرت لەنێو کپییەکەدا چپە دوویەکم ژنەوت، چپەکە لە دەنگی دوو کەس دەچوو، کە بە خـەڵوەتی ڕازونیـازێک تاووتوێ بکەن. کـەمـێک بەخۆمدا شکامەوەو خۆم سەرکۆنەکرد، کە خوویەکی پووچی ئاوها سەری لێ هەڵداوم و خۆم لە کەسانی دی دادەگرم. ئاخر گوێم لێ بوو کەسێک بەوی دی دەوت؛ «دەی ئاوها! دەبێت هەتا مـاویت تاک و تەنیـا بیت، نە هاودەمێکت هەبێت و نە زوڕێتێکت لە دوو جێ بمێنێت. تۆ ئەو هێسترە نەزۆکەیت کە بەویستی خۆت نەهاتیتە دنیاوەو لە پشت ویستی تۆوە گەمەیەکی ناجسنی کراو عـاجبـاتییـەکی وەک تۆیان لێکەوتەوە. هەر بۆ ئەوەش تۆیان خسـتـەوە تا مـاویت لە ژێر بارێکی قـورسـدا بناڵێنیت؛ حـیـحـیـحـیح! دە بزۆڕێنە، بحـیلێنە، بزەڕە...!».

چپـــــە دووی ئەو دیـوی دیـوارەکـــــەم لێ بـووە قەرەباڵغییەک؛ ئەوە کێیە قسان دەکات و ڕووی دەمی لە کێیە؟ دەنگەکەم بە چەندین تۆنی گڕوتیـژ دەژنەوت، تەواو بەدەنگی دوو کـەس دەچوو، یەکـێک ئەوی دی سـەرزەنشت دەکـرد و پەتی گشت دابێکی تێدەپەڕاند، دەی کرد بە هێسـتـری بیـژی و دەعـەجانی! سـەرم لەوە سوڕما ئەم دووە لە کوێوە پەیدا بوون و کپی و خامۆشی ئەم ماڵەیان شێلوو کرد! وەلێ هەیهوو هێشتا ئەو دیوی دیوارەکـە بۆ من کـێشـوەرێکی نادیارو نەدۆزراوە بوو، وەڵامـێکیش بوو بۆ منی خـۆداگـر و هەست ڕاگـر. وەک ئەوە بوو پێم بڵێت: بە دووی شتێکی بێهوودەدا خۆت وێڵ مـەکـە، تۆ هێـشـتـا پەی بە مـەتەڵە بچـووک و تووڕەهاتەکانی خۆت و دەورووبەری خۆت نەبردووە، ئیدی چۆن دەتوانیت لەو دیوی دیوارێکی سـەخـتـەوە لە

بڵـمەبڵـمێک بگەیت؟! من مـەتەڵێکی هەڵنەهێنراوم و چیرۆکێکم هێشتا کەس نەی خوێندوومەتەوە.

ویستم پاشەکشێ بکەم و خولیای ئەو دیوی دیوارەکە لە هزری خۆم بتارێنم، وەلێ چپەکەی ئەو دیوی دیوارەکە وەک ئەوەی گەمە بە مەراقەکەم بکات، تێهەڵچووەوە؛ «نا... هەرگیـز لێتـان خۆش نابم.. من گوناهێکم و بە ڕۆحـتـانەوە لکاوم و ناهێـڵم ئاسـوودەبن، من ئەو باری گوناهەم هەمیشە پێوەی دەنرکێنن، من ناوێکی ترسناکم و زاتی درکاندنی ناکەن و قووتم دەدەنەوە.

ناوێکم گەر هاتمە سەر زارتان، زمانتان لە گۆ دەکەوێت و ڕەنگتان دەبێتە زەعفەران. ئەوساتانەی هەریەکەتان بە تەنیا دەکەونە خەڵوەتی خۆتانەوە دەتانەوێ منێکی مردوو جارێکی دیکە زیندوو بکەنەوە، بە جەستـەیەکی زرپ و زیندوو لەبەردەم خـۆتاندا دام بنێن و بمدوێنن: لە ڕاهی خودا بەرۆکم بەردە.. دەوڵەتیار، هەزار گوناه و تۆبەیەک! ئاخر چ چارەیەک هەبوو، ڕۆژەکـەی وای ڕۆحم بوو، گـەر تۆم نەکوشتایە دەیان کوشتم.. تۆم کوشت بۆ ئەوەی بژیم، بەڵام چووزانم تۆ.. ڕۆحی تۆ هەر جارەو بەجۆرێک ئازارم دەدات، لێم دەمرێنێت، ددانم لێ چیر دەکاتەوە.. ئاخر تۆ شەوانیش، ئەو دەمەی کە خەریکی هینم، یان دەمهەوێ بە ئاسـوودەیی بخـەوم، کـەچی تۆ درزێک دەخـەیتـە دەرگاکەوەو چاوم لێ سوور دەکەیتەوەو ئەترەشم دەبەیت.. من شەوانە دەرگاکە کلیل و کلۆم دەکەم، ئیدی نازانم تۆ چۆن دەیکەیتەوە، چۆن لەو ئان و ساتەدا ئامادە دەبیت.. بەسـە ئیـدی بەسـە ژیانم بوو بە دۆزەخ و ناهێـڵـیت ئاسوودەبم!».

لەم ســاتەدا دەنگێک لەو دیوی دیوارەکـەوە بە چپـە دوویەکی ئاشکرا کـەســانێکی دەدوان، کـە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، دەنگێک هەرچەندە بە چپە بوو، وەلێ لەسەر باری نێری دەدوا، دەستی لە دنیا بەردابوو، لەو چرکەساتەدا لەوە دەچوو کەسێک زاتی ئەوە نەکات فریای دەم هەڵهێنانەوەش بکەوێت، بۆیە بێ باکانە دەی ویشی؛ «ئیـدی ڕۆحی من بەلەسە بووەو دەچێتە قاڵبی ئەو دەعباو جانەوەرو خشۆکانەی ئێوە زەندەقتان لێیان چووە؛ وەو... وەو... ووو و.... شووو.... هی ی ی».

هەستم ڕاگرت و کەوتمە سەر خولیای زانینی ئەوەی ئاخۆ ئەوانە کێن کە ئەم لێیان خۆش نابێت و دەیهەوێ هەر جـارەو بەشێـوەی جـانەوەرێک، دەعبـایەک خۆی پیشانیان بدات!؟ ئاخر وام زەن دەکرد وردە وردە چپە دووەکـە دەبێـتـە لوورە لوورێک و لە دوور دوورەوە دەم ژنەوت، یان برێ جـار لێم دەبووە فـیـشکەی مـارێکی

ژەهراوی، ئیدی تا دەهات دەنگ و چپەکەی ئەو دیوی دیوارەکە لێم دەبووە حەپە حەپێکی نزیک و سەگێکی هارم لە مانگەشەوێکدا لەبەر چاوان وێنا دەبوو، هەر دەی لووراندو لوورەکە نەدەبڕایەوە. کە دەنگەکەشیم ورد دەکردەوە حەپە حەپێکم لە نزیکەوەو لەو دیوی دیوارەکەوە دەبیست.

هەستم بەسام و بیمێک کرد؛ دیمەنی سەگێکی هار کە لیکاوی هاری بە زمانیدا بچۆڕێتەوەو کەڵبە تیژەکانیم پیشان بدات، لەبەرچاوم وێنا دەبوو، کە لە حەژمەت کرمەکانی نێوسەری بەمرەمڕ پەلامارم بدات و پاشماوەی ژیانم و هێوبیە نەهاتووە دیبیەکانم نۆغرۆی نێو چل ڕۆژی هاری بکات! ئیدی وەک یەکێک لە هەموو لایەکەوە ترس ئابلووقەی دابێت، بە پرتاو دەمانچە قەستینەکەی کوڕە بچکۆلەکەم هێناو بەو نیازەی تەک و ترسێک بەو دیوی دیوارەکە پیشان بدەم میلە کەیم چەند جارێک قرچ و هووڕ ڕاکێشا. ئیدی بەو ئاوهایە لە ئامادەباشیدا مامەوە، گۆیا خۆم لە سەگێکی هاربوو دەپارێزم.

لەم غایلانەدا بووم کپی و خامۆشییەکە وەک جاری جاران ئەم دیو و ئەو دیوی دیوارەکەی تەنی و بۆ کرووزێک لووتی پڕ کردم، بۆنێک هەر لە سووتانی کوڵک و پێست و پیو دەچوو. بۆنەکە خستمیە سەر چەندین غایلە و بەپێی ژیربێژی ئەوساتە لە نێوان بڕواکردن و بڕوانەکردندا بووم؛ ڕەنگە لەو دیوی ئەم دیوارەوە بنیادەم بە زیندوێتی بسووتێنن، یان ئەو سەگە هارەیە کە نەختێ لەمەوبەر گوێم لە لوورە لووری بوو! دەی بەوچاتر وا سووتانیان و لە کۆکڵی منیش بووەوە. ئەی بۆچی دەنگ و هاوارێک، فیغان و ناڵەیەک ناژنەوم! ڕەنگە ئەو سووتێنراوە، ئیدی بنیادەمە، یان هەر گیاندارو دڕندەیەکە، دەمی بەستراتێت و نەتوانێت نووزەیەک، یان کرووزانەوەیەک بکات. ئەی بکەری ئەم سووتانە کێیە!؟

ئەی دەبێت کێ بێت... ئەی تۆ دەڵێیت چی؟ ئەمەم هەر بەخۆم وت و نەگەیشتمە هیچ.

بێدەنگی و بۆ کرووزەکە یەکانگیر بوون و هزرمیان پەرت کرد، کەچی خشەخشێک لە پڕ زەینمی گرد کردەوە، خشەکە لە ڕاکێشان و بکێش کردنی تەلیسێک، یان کارتۆنە موقەبایەکی پڕ دەچوو، مەزندەشم بەلای بکێش کردنی لاشەیەکی بێ گیاندا چوو. هەر لەم ساتەدا لووتم پڕ بوو لە بۆنی شەرابێکی تیژ. ئیدی چپە دووەکەی ئەو دیوی دیوارەکە دیسان خامۆشییەکەی شڵەقاند؛ «شەرافەت، ئۆخەی! دیدار بە قەیامەتت نەکردم و سەرت لێدام. خۆ من لەو بڕوایەدا بووم کە من دەمێکە لای تۆ مردووم! بەڕاست چۆن لەنێو ئەم شووشە شەرابەدا جێت دەبێتەوە!؟ شەرافەت چەند نەشمیلانەیت، وەی لە ڕەشماڵی پرچت! خۆ هێشتا هەر نەوبووکەکەی جارانیت و چاوەگەشەکانت کەمەنکێشم دەکەن. دڵنیام ئیدی جێم ناهێڵیت و پشتم تێناکەیت.

شەرافەت، تەنیایی و بێ تۆیی کوشتمی و کردمی بە گەڕیدەیەکی سەرهەڵگرتووی بێهوودەو دنیام لێ بووەتە زیندانێکی تەنگ و تاریک. دە ئەمجارە جێم مەهێڵە و چاو لەو جارجارە حەپینەم بپۆشە. ئاخر من لە ساڵی خۆرگیرانەکەوە، ئەو ساڵەی دنیا بوو بە زوڵومات، هەر بۆ ڕێ بزری خووم دایە شەراب و وەڕین، خووم دایە خۆ ون کردن، چونکە دنیا لە پارێزی مندا بوو، ئۆردوویەک شوێن پێی منیان هەڵگرتبوو، گرەو لەسەر سەری من کرابوو، کەوڵی من لەو سەردەمەدا لە کەوڵی ڕێویان بە نرختر بوو، بۆیە دەبوو خۆ ون بکەم، خۆ گێل بکەم و ناو بەناو مرۆڤێنی خۆ لە دەست بدەم و بحەپم، تەنانەت خۆم لە تۆش ون بکەم و بە ئاگری من نەسووتێیت. ئاخر شەرافەت لەو ساڵی خۆرگیرانەدا، ئیدی نازانم لە وەولا چ ناوێکی دیکەیان لەوساڵە نا، من چوون کەڵەکێوییەکی سرک هەمیشە لە دوندە بەرزەکان لە پارێزدا بووم، وەلێ لە حەژمەت تاریکی خۆرگیرانەکە ڕووەو پێدەشتەکان شۆڕبوومەوە، کەچی هێشتا دنیا تاریک و ئەنگوستەچاو بوو، لەوە دەچوو ئیدی هەتا هەتایە جارێکی دی خۆر هەڵنەیاتەوە.

بۆیە پەنام بۆ هەر شوێنێک دەبرد سیخناخ بوو لەو سەربازە ڕەشتاڵانەی کە گرەویان لەسەر من کردبوو، لەبێ کاری و لەبێ جەنگیدا ئەو سەربازانە ڕاوی منیان دەکرد و منیش بەسەرو ڕیشی تۆبزەوە تەواو لە کەڵەکێوییەکی سرک دەچووم. ئیدی بۆ ڕێ بزری و چەواشەکردنی ئەو سەربازو ئۆردووانە خووم دایە وەڕین و ئاوها لە حەژمەت ڕۆحی خۆم تەمەنێکم بە وەڕین خەرج کرد و تەنانەت خۆمیش تەشەرم بەو خووەی خۆم دەکرد و بەخۆم دەوت: دەی سەگە دەوڵەتیاری سەر خۆش و شەرابخۆر بزانە ئەم خووە چەپەڵە دەتگەیەنێتە کوێ! دەی خۆت ڕیسوا بکە تا دەست بەو قلە ڕۆحەوە بگریت... شەرافەت، خۆ من بە خوایشی خۆم ئەم سەگایەتیەم هەڵنەبژارد، ئەوە چارەنووس بوو وەڕاندمی، ترسی قلە ڕۆحەکەم بوو لەگەڵەی دابڕیم و خستمیە نێو گەلەوڕانی سەگان.

شەرافەت دەم بەخشیت؟ گەر ببەخشیت و جێم نەهێڵیت، ئیدی هیچ ناوەڕم و حەپە لە زارمەوە

دەرناچێت، بە نیازی هارکردن قەپاڵ و گاز لە کەس ناگرم، خۆم بە حەوت ئاو بسمیل دەکەم و دەبمەوە بە دەوڵەتیارەکەی جاران و تۆش شەرافەتە نەوبووکەکەی ئەوسا. گوێت لێمە شەرافەت؟».

کپییەکە جارێکی دی ئەم دیو و ئەو دیوی دیوارە بەرزەکەی گرتەوە. لەنکاو دەنگی ڕادیۆیەک بەرز بووەوە؛ «دوو ئۆتۆمبیلی مینرێژکراو لە عاشوورو قۆرییەی کەرکووک تەقینەوەو...» دەم و دەست ڕادیۆکە قوڕو قەپی لێکردو چپەچپەکە جێگەی گرتەوە. ئاخر لە ماوەی ئەو خۆ داگرتنەمدا ئاشنای هەموو دەنگەکانی ئەو دیوی دیوارەکە بووم و لە یەکتر جیام دەکردنەوە؛ دەنگی دەوڵەتیار و خرچەی هەڵپچڕینی شووشە شەراب و تەنانەت بۆنی شەرابەکەش دەسبەجێ دەگەیشتە لووتم. دەمزانی دەوڵەتیار بەرانبەر هەواڵی ڕادیۆکەش کاردانەوەیەکی دەبێت؛ «چەنە چەن، من دەمێکە مەژگم پڕ بووە لە کوشتار... لەوەتەی ئەم بوونەوارە هەیە هەر کوشتارو کوشتارە، وەڕینەکەی من گەلێ لەو کوشتارەی ئەوان خاسترە؛ حەپ.. حەپ، وەو.. وەو. شەرافەت، دیسان هاتیتەوە نێو شووشە شەرابەکە! دەی خۆ من بەڵێنم پێدایت ئیدی نەوەڕم، بەڵام چی بکەم ئەم خووە نەگریسە بەرۆکم بەرنادات، دەی هەزاران گوناه و تۆبەیەک. دڵنیام دەمبەخشیت، ئاخر گەر من بتناسم دڵی تۆ گەرد ناگرێت. ئاه شەرافەت ئەو نێرەوسانە کێن لەگەڵتدا؟ خۆ ئەوانیش وەک تۆ ڕووت و قووتن و بەنێو شەپۆلی شەرابەکەدا ڕاوەدووت دەنێن! ئەوەتا هەر جارەو یەکێکیان لیت نزیک دەبێتەوەو خۆی پێتدا هەڵدەسوێت، هەڵت دەگلۆفێت و لێت ئێرەق دەبێت! وەی شەرافەت چاوەکانم لێلاییان داهات! خۆ من ئەوانە دەناسمەوە، ئەوانە هەریەکەیان لە ڕەگی لاملم لەمن نزیکتر بوون، ئەوە هەموو هینەکانی سەردەمی منن.. ئەمێستا من لای ئەوان مردوویەکم و بگرە ئێسک و پرووسکیشم نەماوە.

وای شەرافەت دنیا لەبەرچاوم لێڵ و تاریکە، تاریکییەک وەک ئەوەی ڕۆژی خۆرگیرانەکە. شەرافەت، وەرە دەرەوە، لەنێو ئەو شووشە شەرابە خنکایت وەرە دەرەوە... لە نێو لیتاوی حەزی ناجسنی ئەو نێرەوسانە خنکایت وەرە دەرێ، ئەگینا...».

لە دوای ئەم نزاوپاڕانەوەیە، دەوڵەتیار ماوەیەک کپ و بێدەنگ بوو، وەلێ لەنکاو زرمەیەک لە قەد دیوارەکە هەستاو گوێم لە وردوخاش بوونی شووشە شەرابەکەبوو، گوێم لە زرینگەی پارچە شووشەکان بوو بەردەبوونەوە، دوا بەدوای زرینگەکە گوێم لێ بوو دەوڵەتیار بە دەنگێک لە جاران بەرزتر و جەخاراویتر دەیوت: «ئاوها وردو خاشتان دەکەم، ئاوها لەتوپەتتان دەکەم و تەڕو وشکتان پێکەوە دەسووتێنم، تەنانەت شەرافەتیش لەگەڵ ئێوەدا لەتوپەت دەکەم و هەواڵەی دۆزەختان دەکەم. بە قەپاڵێک هارتان دەکەم و گەرای دەیان کرمی هاری لە مەژگتان دادەنێم، ئیدی پاشماوەی چل ڕۆژەی تەمەنتان حەجمانتان لێ هەڵدەگیرێ و وەک من دەحەپن و دەوەڕن، دنیا پڕ دەکەن لەوەڕین، قەپ بەدارو بەردا دەکەن، لە حەژمەت وررووژانی کرمی نێو مەژگتان دنیاتان لەبەرچاو تاریک دەبێت و لەنێو تەلارەکانتان لەپ دەکوتن و دەحەپن.. لە تاوان ڕوو دەکەنە دەشت و دەرو چەشنی من دەلووریێن، قەپاڵ و گاز لە یەکتر دەدەن و یەکدی هەلابەهەلا دەکەن... ئاوها وردو خاشتان دەکەم.».

دوای کەمێک بێدەنگی گوێم لە هەنسکی دەوڵەتیار بوو، کە بە ئەوکێکی نووساوەوە دەیگوت؛ «شەرافەت، بمبوورە. ئاخر نەمدەتوانی لە حەناس لەش و لاری ڕووتی تۆو لیکاوی ناجسنی ئەوان دەستەوسان دانیشم، نەمدەتوانی لەنێو ئەو نێرەوسانە جیات بکەمەوە، دەست درێژ بکەم و وەک چۆن موویەک لە ماست دەردێنیت، ئاوها لەنێو شەپۆلی شەرابەکە دەرت بێنم و بۆ هەتاهەتایە لە ئامێزی خۆمدا تەقەتت بکەم، بۆیە قەستی گیانی تۆمیش کردو لەگەڵ ئەواندا کوشتمیت. ئاخر لەو ساتەدا تۆ ماینێکی دەریایی بوویت و بەفاڵ هاتبوویت، ئەوانیش چوون ئەسپی وررووژاو دەیان حیلاند. گوێم لە حیلەیان بوو، گوێم لە نرکەنرکی خۆ تێهەڵسوواندنیان بوو، ئیدی چۆن تەڕو وشک پێکەوە ناسووتێنم، چۆن تۆیش لەگەڵ ئەواندا وردوخاش ناکەم!! ئۆف! شەرافەت لە سوێی مەرگی تۆ! وەی تاک و تەنیا خۆم! ئاخر دیەکەم مەرگی تۆ مەرگی منە، ئیدی لێرەوە دنیا بڕایەوە؛ نەحەپێن دەمێنێت و نە ڕەگی هاری. کرمی هاری قڕ دەکەن و تۆویان دەبڕێتەوە. ئیدی کەس قەپ و گاز لە کەسی دی ناگرێت، وشەی هاری بیر دەچێتەوە، عەیامێک، عەیامێکی زۆر زیندەوەرێک هار نابێت، مەگەر دەوڵەتیارو شەرافەتێکی دیکە سەر هەڵبدەنەوەو نێرەوسی وەک سەردەمەکەی ئیمەیان لێ ببێتە ملۆزم و دەوڵەتیاری ئەو چاخ و قۆناغە لە حەژمەت خەسینی خۆی و لە حەژمەت شەرافەتە شیرینەکەی هار ببێت و نێرەوسەکان هەپروون بەهەپروون بکات... شەرافەت دەمبەخشیت.. وانییە؟ ئاخرێکەی ئەو نکەم بردە دڵەوەو خۆم دیدار بە قیامەت کرد. ماڵئاوا شەرافەت..

ماڵئاوا... ماڵئاااا واااا....

* * *

دوای ماڵئاوایی لەشەرافەت، خامۆشییەکەی جاران ئەم دیو و ئەو دیوی دیوارەکەی گرتەوە، وەلێ ئەمجارە یەکجار بەسامتر و ترسناکتر، بە جۆرێ هەموو شتێک بۆنی مەرگ و بۆنی شەرابی لێدەهات. ناڵەو کرووزانەوەکانی دەوڵەتیار گەردەلوولێکی خودایی بوو لەپڕ هەڵیکردو هەموو دەنگ و بۆنێکی لەگەڵ خۆیدا ڕامالّی. ئەوەی تەنیا لە گوێچکەی مندا دەزرینگایەوەو دەنگی دەدایەوە زرینگانەوەی پارچە شووشەکان بوو کە لە قەد دیوارەکە هەپروون هەپروون بوون. ئیدی زانیم ئەوە کۆتایی دنیایەکە هەر لە دوای وردوخاشبوونی شەرافەت، دەوڵەتیاریش تەنیا نرکەیەکی لێ هەستاو بۆ هەتاهەتایە خامۆش بووەوە. زانیم ئەوە کۆتایی بوونەوەرێکەو ناوی دەوڵەتیارە، نە ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکی ئەم کۆڵانەدا هەبوو، نەکەسێکیش زانی کێیەو لە کوێوە هاتووە. ڕەنگە وەڕینەکەشیان بە وەڕینی سەگە بەرەڵلاکانی ئەم شارە زانی بێت. پڕ بە گەروو بانگم کرد:

– دەوڵەتیار.. دەوڵەتیار، قسە بکە، دەنگت هەڵبڕە من لێت تێدەگەم.. دەوڵەتیار، وەڵامم بدەوە من وا تازە خەریکم بەڕۆحت ئاشنا دەبم.. دەوڵەتیار ئەوە نووستیت؟

دە دەنگ هەڵبڕە وا منیش وەک تۆ... دەوڵەتیار.... دەوڵەتیاااار....

– .......

بەسەرێکی گێژو وێژەوە پاڵ دیوارەکەم بەردا، تا تاریک و ڕوونی بەرەبەیان هەر بانگی شەرافەتم کرد، ئەوەی بە درێژایی شەوەکە دەوڵەتیار وتبووی، دووبارەم کردەوە. لەپڕ دەرگاکەم کردەوە و بەهەموو گەرووم بانگم هەڵدا: هۆۆۆو.. دراوسێکەمان مرد.. بوونەوەرێک دراوسێمان بوو، مرد....

خۆروبان بەرزەوە بوو بوو، بەڵام هێشتا دەرگای دراوسێکەم وەک هەمیشە هەر داخرابوو.

**...‏/١/٢٠٠٧ – هەولێر**

# تاوان

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(کەرکووک)**

تۆ ئەوکـــاتەی برســــێـــتی هەرەسی بۆ هێنای... لەبەردەرگای ماڵێکدا و لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا بەسەر ئەژنۆکـانتـا نووشـتـایتـەوە لە شـوێنەکـەی خـۆتدا پان بوویتـەوە. ورگی خـۆت تێـرکـرد. شـانی ڕاسـتت لە کۆڵەپشتـەکەت توندکرد، لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی تاڵدا، شانەکانی مـێشکت کـەوتنە جووڵە... (کـەشتـییـەکەی وەرزی خـوێن شـەپۆلە شـێـتـەکـانی ئۆقـیـانووسـە پڕ لە مـینەکـەی دوولەت دەکـرد و سـینگی دەنا. کـەشتـیـوانە سـەرشـێـتـەکە جلـەوی سازدانی مـەرگی بەدەسـتـەوەبوو. سـەرنشـینانی کـەشـتـیـیـەکـە. چاوەڕوانی نهـێنییـەکی شاراوەبوون. تۆ بە شەو ئەستێرەکانی ئاسمانت دەژمارد و بە ڕۆژیش بیـــرت لەو نەهەنگانە دەکـــردەوە. کـــە ئادەمیـزادیان قووت دەدا. ئەو ڕۆژە لەنێو کەشتییەکەدا تەماشای دەستو مەچەکی خۆت دەکرد. ئاسەوار و شوێن برینی کـەلەپچـەکـانی هەردوو دەسـتت بوو بە سـەرنج ڕاکـێـشـەرت. ئەو ڕۆژەت هاتەوە یاد کە چۆن لە ژووری وانەوتنەوەدا دەریان هێنایت و کـەلەپچـەیان خـسـتـە دەسـتـەکـانتـەوە بەرەو بەندینخـانە). دانیـشـتـوانی ئەم کاولستانە لەنێو کەشتییەکی پڕ لە گوماندان چاوەڕوانی نهـێنییـەکی شاراوەن. دانیـشـتوانی ئەم شارە تەمـاشای کۆڵەپشتەکەی تۆیان دەکرد و پێدەکەنین. کۆڵەپشتەکەت پڕبوو لە شـتی نامـاقـووڵ. گۆرەوی دڕاو. پێـڵاوە کـۆنی هەڵـتلیـشـاو. بەدەیان کـراسـە کـۆنەی پیناوی بە سـەدان کـــیـــســـە نایلۆنی پیس و بێ کـــەڵک. چەندەها بووکـەشـووشـەی منداڵان کـە نەتل بوون لە خـوێندا. دانیشـتوانی کەشتییەکە بە دەکەس تەنیا یەک جگەرەیان هەبوو. هەریەکـەو تەنهـا دوونەفـەسـیـان بەردەکـەوت. دەیانویست خـــەمـــەکـــانیـــان بە بادا بدەن. ئەو ڕۆژە کەشتیوانە سەرشێتەکە تووڕە بوو بەری ڕۆژ گیرا، ئاسمان بە سـوورێکی تەڵخ دەبینرا. هەر لەو کـاتەدا دایکتـیـان بەرەو پێـشی کـەشـتـیـیـەکـە لەبەردا. بە بەرچاوی ئەو خـــەڵکەوە بە ڕووتی لە خـــاچیـــان دا. کـــەس توانای تەمـــاشـــاکـــردنی دایکتی نەبوو. تـەنیـــا تۆ نەبێ چەند جارێک هاوارت کرد:

. دایکە.. دایکە.. دایکە.



لە شوێنەکەی خۆتدا کپ و مات بووی. چاوەکانت لە لاشە ڕووتەکەی دایکت نەدەگوێزایەوە. سەرگۆی مەمکەکانی هەڵترۆپابوون. فیچکەی خوێنیان دەهات. خوێنەکە بەرەو خوار شۆڕدەبووەوە لەگەڵ خوێنە ڕەشە قەتماغ گرتووەکەی نێوگەڵیدا ئامێتە دەبوون. خوێنە شۆڕبووەکە بوون بە دوو بەشەوە. هەر بەشێکیان ڕێچکەی دەبەست بەسەر یەکێ لە ئەژنۆکانیدا. ئەو دیمەنە تراژیدی و دڵتەزێنە بوو بەهۆی ئەوەی سەرنشینانی کەشتی مەرگ هاوارکەن

مەرگ.. مەرگ.. مەرگ

لەو کاتەدا چاوەکانی دەسەڵاتی ئاسمان لە دەلاقەیەکی بچووکەوە تەماشای ئەو تاوانە پڕ لە خوێنەیان دەکرد، تۆ چاوەکانت لە دایکە لەخاچ دراوەکەت نەدەگوێزایەوە. زەوییەکەی بەرپێی خوێنێکی سوور دایپۆشی. دایکت وەک مەسیح لەخاچ درا. ڕێچکە خوێنی شۆڕ بوو گەیشتە لێواری کەشتی مەرگ. خوێن لەنێو کەشتییەکەدا پەنگی خواردەوە هێدی هێدی و لەسەر خۆڵەکەلی لێواری کەشتییەکەوە بەرەوخوار دادەچۆڕا بۆ دەریاکە چواردەوری کەشتییەکە بوو بە خوێنێکی سوور کەشتییەکە بەنێو خوێندا ڕێی دەکرد. ڕۆژ تەنیا دوو ڕم بەرز بوو. دیمەنە جوانەکەی ڕەش هەڵگەڕابوو. باڵندە سەرلێشێواوەکانی دەریا لە تاریکی ئەو ڕۆژەدا. دادەواڵین بەرەو کەشتی چەقیوی نێو خوێن هەر هەموو سەرنشینانی کەشتییەکە سەریان شۆڕکردبوو. تەنیا هەرزەکارە هەوەسبازەکان تەماشای لاشە ڕووتەکەی دایکتیان دەکرد و دەکەوتنە بزە خەنە. تۆ لەو کاتەدا چاوەکانت لە تەرمە هەڵواسراوەکەی دایکت گوێزایەوە سەرت دانواندبوو تەماشای ئاسەوار و شوێن برینە کۆنەکانی دەست و مەچەکت دەکرد یەکسەر ڕۆژانی بەندیخانەت کەوتەوە یاد. ئەو شەوەت هاتەوە یاد کە (هیوا قەمە) خواروو-ژووری دەکرد لەنێو بەندکراواندا و زۆر باشیش دەیزانی سبەی لە سێدارەی دەدەن. هیوا قەمە یەکێ لە ڕۆڵە بەجەرگەکانی ئەم شارە بوو کە لەساڵێکدا بە دەیان سیخوڕ و ئەڵقە لە گوێی قەمەژەن دەکرد لەنێو ڕاستە بازاڕەکەی کاولستاندا.

ئەو شەوە هیوا باش دەیزانی تەنیا دوازدە سەعاتی ماوە لە ژیاندا. بەڵام بە هیچ شێوەیەک بیری لە نوچدان و هەرەس نەدەکردەوە. بەناو ئەو خەڵکەدا سینگی دەنا و هاواری دەکرد:

من بیست ساڵە قەمەژەنی ئەوانە دەکەم کە ڕاستی سەردەبڕن، درۆ لە هەموو سووچێکی ئەم شارەدا گەرای داناوە. من پەشیمان نیم لەو هەنگاوانەی کە بەرەو سێدارە دەمبەن. من بە دوای ڕاستییەکدا وێڵم کە لەم وێڵستانەدا وێڵە دەبێ هەموومان دەروازەیەکی پڕ لە ڕووناکی بدۆزینەوە بۆ ئەو نهێنییە چاوەڕانکراوە.

ئەو کاتە بەنێو ئەو خەڵکەدا هاتوچۆی دەکرد. دووجاران فرمێسک لە گەروویدا پەنگی خواردەوە. ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد کە دایکی هاتبوو بۆ چاوپێکەوتنی. وەکو شێر هەردوو دەستی لە شیشی دەرگای بەندیخانەکەوە دەرکردبوو. کەبینی مەنجەڵە چێشتەکەیان لە دایکی وەرگرت و ڕژاندیان. هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە وەک پڵنگی برینداری نێو جەنگەڵێکی چڕ،

هاواری کرد:

جەللادەکان زۆر باش بزانن چاوی خوا نەنووستووە. چاوی هیوا قەمەش فەرسەخی دوور نیشانی خۆی دەپێکی ڕۆژێک دێت فریای دەست ماچکردنیش ناکەون. دووەم فرمێسک بۆ (حوسە شێت) بوو کە لە پێناو دەهەزار دیناردا سەریان لە لاشەی جودا کردەوە. تەنیا لەبەر ئەوەی دڵی ئاغاکانیان خۆش کەن. کات گەیشتبووە دووی پاش نیوە شەو. زۆرباش دەیزانی تەنیا دوو کاتژمێری ماوە بۆ لەسێدارەدانی. لە کۆتایی وتەکانیدا پێکەنی و .. پێکەنی و وتی:

تەنیا دوو کاتژمێری تر ڕۆحیانەتی من و حوسە شێت لەنێو تونتکە تونتکە و نشێوە سەختەکانی قاتەکانی (کفری) دا بەیەک شاد دەبنەوە. ئەو کاتەی هاتەوە یاد چۆن هیوا قەمە هەنگاوی دەنا و هۆڵی بەندیخانەکەی بەجێ دەهێلا بەرەو سێدارە. کاتێک ون بوو ڕاچڵەکا. جارێکی تر تەرمە لە خاچ دراوەکەی دایکی سەرنجی ڕاکێشا. لەو کاتە لە بڵندگۆی پێشەوەی کەشتییەکەوە بە دەنگێکی بەرز هاوار کرا:

تەنیا چوار کیلۆمەتری ماوە بۆ شاری دۆزەغستان. دەڵێن لە شاری دۆزەغستاندا چاوەکانی دەسەڵاتی ئاسمان بەتەواوی کزبووە. بەدەیان کەللە سەری ئادەمیزاد بە دیوارەکانەوە داکوتراون. سەیر لەوەدایە کەللە سەرەکان بە مردووییش پێدەکەنن. ڕوودەکەنە ئاسمان و چاوەکانیان بەرەو قووڵایی ئاسمان ئەبڵەق دەبێ. دەیانەوێ لەگەڵ هێزەکانی ئاسماندا. لە بارەی شەپۆلە خوێنەکانی دۆزەغستان بدوێن. ئەو ڕۆژە لە دۆزەغستاندا حەشربوو. بە هەزاران قاز و مراوی و مریشک و کەڵەشێر و کۆترە کێویلە و ڕیشۆڵە و قەلەڕەش و کوندەبەبۆ، بەمل هەڵکێشراوی کەوتبوون. دانیشتوانی ئەم دۆزەغستانە پێکەنینیان لە مێژە لەبیر چووە. لەو ڕۆژەوە دۆزەغستان لەنێو بازنەی هێڵێکی سووردایە، تەنیا بەرزە وڵاخەکانی پێدەکەنن. دەنگی پێکەنینیان گوێی ئاسمان کەڕ دەکەن. خوێنی ڕەشەی وشکبووی وەرزەکانی خوێن بەسەر دیواری کەلیسە و مزگەوت و شانشینەکاندا لە شێوەی باڵی ئەسپێکی بوغرادا دەبینرا. زۆری نەمابوو کەشتی مەرگ بگاتە سنووری شاری دۆزەغستان، لاشە لە خاچ دراوەکەی دایکت کەوتە جووڵە و لە شوێنەکەی خوێدا نتکابوو. پاش ئەوەی لەبەر دەرگای ئەو ماڵەدا بەتەواوی تێربووی. کۆڵەپشتەکەت هەڵگرت و هەنگاوەکانت پێچایەوە بەرەو خوار.

# نیوەشەوێکی هاوین

بەکر دەروێش
(خورماتوو)

نیـوەشەوێکی هاوین درەنگ وەختـان، لە باری تەمـەن گەڕامەوە نێو کەلاوەی سەرم، دیتم هەرزەکارانی گەڕەک لەبەر دەرگای پیرە کەلاوەدا، تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشـتوون، کە لە نیگای پەشۆکاو و پڕ لە سەرنجی ئەو لاوانە ورد بوومــەوە، ئاوازی ســرووودێکی گـەنجـانە لە ناخمدا چوزەرەی دا، سرووودێک باس لە هەڵاوێردنی خۆم و ئەو لاوانە بکات، لاوانی گــەڕەک لـەو ســیــمنارە حەزینەدا موتاڵای دەفتەری بیرەوەرییەکانی منیان دەکرد، سـەیر بوو بەلامـەوە، ئەم لاوانە لەم سـەرە ڕێگایەدا ئاوا کۆڕیان بەستووەو کتێبی یادەوەرییەکانی من دەخوێننەوە؟ چ یادەوەرییەک؟ من خۆم هیچیان لێ تێناگەم، ئیتر دەبێ ئەم لاوانە چی لێ تێـبگەن؟ ڕووی نیگایەکی شـەوانەم لێکردن و پێم وتن: چیـتانە ئەوە بۆ لەو دیوی ڕۆژەکـانی ئومــێــدەوە دەڕواننە تریفــەی نەخش و نیگاری ئەو فەخوریانەی تەمەنم کە بەڕەنگاڵەی گژوگیا نەخشێنراون، ئێوە سەیری مـن مەکەن و پێ مەنێن بەشوێن پێی مندا، لاپەڕەی زەردی یادەوەری پیـاوێکی نەخۆش مەخوێننەوە، ئێوە بە چاوێکی پڕ لە شۆخییەوە بڕواننە سیروانی ژیان، تەماشاکەن چۆن شەپۆل شەپۆل دەداو دەڕژێتە نێو ئامێزی بوونەوە، ئێـوە هێـشـتـا گـەنجن و خـەیاری گـوڵ بەدەمن، نیگـاتان لە ســوێی ئەو تەرزانە خــەن کــە بەرەو خــۆر هەڵکشــاون، ئێـوە لە هونەری خـەون سـازی گـەڕێن کـە تابلۆکـانی لە سـۆمــای چاوی مندا پاراو بووە، ئێــوە هەڵپــەڕن و گـۆرانی بڵــێن، گـۆرانی سـۆزی ئۆخـژەن و سەمای یەکبوونی هیواو ئاوات ڕێک خەن، سەیرم دەهات کـاتێک کە من قسـانم دەکرد ئەو لاوانە چۆن کەسـانێک سای مەل لێی دابێتن، بێهـۆش بێهۆش سـەیریان دەکردم، بە لاشە لەلای من بوون و بەهۆش لە جێگایەکی تر، لەپڕ لاوێکی بـاریکەڵەی گــەنم ڕەنگی لاواز کـــە تـەنکە ڕیشـێکی خەنەیی هێڵابووەوە، پرچە ڕەشـەکەشی بەسەر




شان و ملیدا هاتبووە خوار، قاتێ شاڵی سپی لەبەردا بوو، ئاوەسییە سوورەکانی تا مەچەکی لوولدابوو، لە خوارووی لاوەکانەوە دانیشتبوو هەستاو چووە سەر سەکۆی بن دەرگای کەلاوەکەی مێشکم و وتی: مامۆستا بەم چەپکە ڕێحانانە دەتەوێ قفڵی تەلیسمی کام ڕۆژی ئەم ڕۆژگارە تەڵخە بکەیتەوە؟ سا بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە پێمان بڵێ خواتان لەگەڵ ئەی باڵندە کۆچەرەکانی ڕۆژگاری عەدەم، هەوارتان خۆش، خۆتان خۆش، شێختان خۆش، دیمەنی ئەو لاوە سپی پۆشەو شێوەی قسەکردنەکەی، تا ڕادەیەکی زۆر هەست و نەستی ڕاکێشام و بەرەو ئاسۆیەکی بێ ئاسۆ پەلکێشی کردم، وەڵامم دایەوەو گوتم: ئازیز من لە گەڵتم، جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ، بەڵێ وایە، وەلێ دڵنیابە من نامەوێ قفڵی هیچ تەلیسمێک بکەمەوە، لە ڕەنگ و بۆی ئەم وەرزە بێ ڕەنگەدا دەبێ قسە چی پێ بکرێ و بتوانێ چ تەلیسمێک بکاتەوە، شەوتان باش ئەی کوڕگەلی کاروان سەرای خاڵی لە کاروانی سەفەری ڕۆژ، ئنجا بۆ ئەوەی کەمێک گوڕیان بدەمێ و بیانهێنمە گفتوگۆ، بە دەنگێکی گوڕترو بەرزتر وتم: گەنجەکان تەماشاکەن وا بەسەر چوو وەرزی گڕوگەرما، وەرزی برژانی دەست و پێ و دەموچاو، وا بەسەر چوو وەرزی هەڵقرچانی نەمام و ڕێحانە و تەرزی مل بەرزی شەمامە، لە گوێی گۆمی پڕ لە ماسی ژیان، تەلاقیداوەتەوە شوتی و کالیاری پڕ ئاوی ساردو شیرین، لاوانی وڵاتی دوعاو نووشتەو فاڵ و فێڵ، وڵاتی پەڕۆو بەیداغی سوورو سەوزو زەردو ڕەش، وڵاتی منارەو بڵندگۆی دەنگ گەورە، ڕابن و گۆرانی بڵێین، دڵداری بکەن و گەشتی کوێستانەکان سازکەن، چیتان داوە لە خوێندنەوەی یادەوەری کابرایەکی بەزیوی وەک من، هەڵاتوو تۆقیو لە سێبەرەکەی خۆی؟ چەند جارێک ئەمەم دووبارە کردەوە مەخابن یەکێکیان ورتەی لێوە نەهات، لاوەکان نازانم لەژێر کاریگەری تیشکی ئەستێرەکاندا بوو یان هەرخۆیان وا ڕەنگیان زەردباوێکی مەیلەو سەوز دەیڕوانی، بەشی هەرزۆریان جلی شاڵی سپیان پۆشی بوو، سەر لێوەکانیان تۆزێکی وشک گرتبووی، چاویان بێ بریقەو تیشک بوو، هەستم دەکرد تینوویانە، هەندێکیان وەک شەوکوێر دەهاتنە پێش چاوم بە دەوری خۆیاندا پەلیان دەکوتا، بینینی ئەو لاوانە بەو شێوەیە دیمەنێکی دڵتەزێن بوو، مرۆڤی دەتاسان، پاش ماوەیەک لە بێدەنگییەکی قورس و گران، لاوێکی تر کە لە نێوەڕاستی لاوەکاندا کروشکەی کردبوو، هەر چۆنێ بوو بە لەپە کوتێ، دوای ئەوەی کەوت بەسەر چەند کەسێک لە هاوەڵەکانیدا، خۆی گەیاندە سەر سەکۆکەو وتی: مامۆستا بۆ تۆش دەتەوێ بە قسەی خۆش بمانخەڵەتێنی؟ مەگەر خۆت ئوستادی ئێمە نیت؟ باسی چی دەکەی کوا لەم شارەدا شوێنێک ماوە بۆ ژیان؟ کوا پەنایەک بۆ خۆشەویستی؟ کوا چرایەک بۆ ڕووناکی؟ ئێمە وا لە نێو گڕو بڵێسەی ئەم هەموو زوڵمەتەدا هەموومان لێڵاییمان داهات، لە نێو تەپوتۆزی ئەم هەموو شەڕگەیەدا خنکاین، لە دەستی قیژوقاژی واعیزانی پشت ئەم هەموو بڵندگۆیانە مێشکمان بووە بە مشتێ خوێن و بە چاومانا کردی عبوور، تۆ ئێمە بە چی دەزانی ها؟ وا دەزانی ئێمە کۆمەڵێ مۆمیای نێو گۆڕستانی ژیانین، یاخود گەنجێلێکین بەدوای گەنجەفەدا دەگەڕێین؟ وا دەزانی بۆ گەشت و گوزار جانتای ئۆغرمان داوە بە کۆڵا؟

ها.. وەڵاممان بدەرەوە مامۆستای بەڕێز، وەڵام؟ ئەو لاوە هێندە بە ئازارو کڕووزانەوە قسەکەی کرد، دەتگوت مەنجەڵێکی تووڕەو پەستییەو لەسەر ئاگری بێزاری دەکولێ، ئەفسووسێکی شەوانە گەڕاندمییەوە بۆ سەردەمێکی دوور، بۆ شەوانێکی بێ چراو بێ ڕووناکی، سەردەمی گەنجێتیم، لەوشەوە زەنگانەدا لە ژوورە تەنگ و تاریکەکانی لاوێتی و جەحێڵیمدا کەوتمە گەڕان بەدوای سندووقی ڕەشی یادەوەرییەکانم، ئەوسەردەمە شەوگارێک بوو بۆنی گرانەتای لێ دەهات، بۆنی ئفلیج بوون و خنکانی هەست و نەستەکانمی لێ دەهات، پاش چەندان ساڵ لە گەڕانی بێ وچان، سەرەنجام ماندوو، هیلاک ئەو شەوە بە دەستی خاڵی بەرەو کەلاوەکەی نێو سەرم گەڕامەوە، لە بەردەرگا زەنگێکی کتوپڕ ڕایچەڵەکاندم، ئەوەم بیرهاتەوە خۆ ئەو لاوەی ئێستا قسەی دەکرد کتومت لە خۆم دەچوو، کوڕە ئەوە کۆپی من بوو، نەخێر ئەوە خۆم بووم، بە پەلە ئاوڕێکم دایەوە سەر لاوەکان، دیتم تاق و تەنیا بە نێو کۆڵانێکی تاریک و نووتەکدا هەنگاو دەنێم و خەریکە دەگەمە نێو کەلاوەکەی سەرم.

# ژووری ڕاخراو

ئۆ. هێنری
لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید براییاغا



زۆربەی زۆری دانیشتوانی ناوچەی خشتی سوور لەلای خوارووی ڕۆژئاوا بێ ئۆقرە و بەگوازە گوازبوون، هەروەک کات خێرا تێدەپەڕین و نەدەمان. بێ ماڵەکان سەد ماڵیان هەیە. لە ژوورێکی ڕایەخ کراوەوە ڕادەکەن بۆ ژوورێکی ڕایەخ کراوی دیکە، هەتا هەتایە میوانی کاتین، میوانی کاتین لە شوێنی حەوانەوەیاندا، میوانی کاتین لە دڵ و ئەقڵیاندا، گۆرانی دەڵێن، گۆرانی «ماڵ» ماڵی شیرینم، لەسەر مۆسیقای (ڕاگتایم)، خوداوەندە ماڵپارێزەکانیان دەخەنە ناو جانتاکانیانەوە، دارمێوەکانیان لە شەبقە جوانەکانیان دالێ؛ داری لاستیک دار هەنجیریانە.

بەو جۆرە خانووەکانی ئەو ناوچەیە هەزار دانیشتوویان هەبوو دەبێ هەزار چیرۆکیشیان هەبێت و بگێڕدرێتەوە. بێگومان زۆربەی زۆریان ناخۆشن، بەس لەوێ زۆر سەیرە، ئەگەر لە دێوەزمەیەک یان دووی کەمتر لێ بێ ئەوا لە ئەنجامی ئەو هەموو میوانە پەرەوازە بووانەوەیە.

ئێوارەیەکیان دوای دنیا تاریک بوونیان لاوێک لەناو ئەو خانووە کۆنانەدا دەگەڕا و زەنگی ماڵەکانی لێدەدا. کەمێک دوورتر لە دوازدەیەمین ماڵ جانتای کەلوپەلەکەی دانا و بە مەبەستی حەسانەوە پاڵی پێوەدا تەپوتۆزی لەسەر ناوچاوانی و شەبقەکەی سڕیەوە. دەنگی زەنگەکە هاتە گوێی جارێک بە لاوازی و جارێکیشیان بە توندی، هەندێک دوور لە چاڵە قووڵەکان. دوازدەیەمین ماڵ کە زەنگەکەی لێدرابوو دەرگاکەی ترازا و سەرپەرشتیاری ماڵەکە هاتە دەرێ و وای لە پیاوەکە کرد بیر لە شتێکی زۆر دزێو و ناشیرین بکاتەوە، بیر لە کرمێکی زۆرخۆر بکاتەوە کە ناوکی گوێزێکی هەمووی خواردووە و قاوغەکەی بەبەتاڵی هێشتۆتەوە. ئێستاش دەگەڕێ تاکو بۆشاییەکە بەو کرێچیانە پڕ بکاتەوە کە بۆ خواردن گونجاون.

پیاوەکە پرسی داخوا ژووری بەکرێ هەیە؟

سەرپەرشتیارەکە گوتی: «وەرە ژوورەوە» دەنگی لە قوڕگیەوە دەهاتە دەرەوە و قوڕگیشی لەوە دەچوو بەری بە فەروو گیرابێت.

«بەشی دواوەی نهۆمی سێیەم هەیە، هەفتەیەک دەبێت چۆڵ بووە. دەتەوێ بیبینیت؟»

پیاوە لاوەکە، وەدووی کەوت و بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتن. ڕۆشناییەکی کز لەسەر چاوێکی نادیارەوە تاریکی ناو هۆڵەکانی کەم کردبۆوە. بەبێ دەنگی بەسەر مافووری سەر پلیکانەکاندا هەنگاویان دەنا کە بە شێوەیەکی دزێو چنرابوو. مافورەکە بۆگەنی دەهات، دیارە لە هەوای بێ تیشکی ڕۆژدا قەوزە گەشە دەکات و سەوز دەبێت و بڵاودەبێتەوە، هەر بۆیە لەسەر هەندێ پلیکانەی ژوورەوە سەوز ببوو، وەکو مادەیەکی ئەندامی لە بن پێیان دەخزی. لە هەموو بادانەوەیەکی پلیکانەکاندا تاقێکی بۆش لەناو دیوارەکە هەبوو. لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووەکی تێدا چاندرابێ، خۆ ئەگەر وابێ مانای ئەوەیە ئەو ڕووەکانە لەو هەوا پیسەدا لەناوچوون لەوانەیە ئەوانە پەیکەری پیاوە پیرۆزەکان بن و لەوێدا دامەزرێنرابن، بەڵام دەکرێ تێبگەین کە لەوانەیە ئەو دێوەزمە و شەیتانانە ڕایان کێشابن و لەو تاریکاییە هێنابیاننە دەرەوە و بۆ ناو ئەو چاڵە مەترسیدارانە بردبیاننە خوارەوە کە هەندێک کونی ڕایەخ کراوی لە بنەوە تێدایە، سەرپەرشتیارەکە لە قوڕگە فەرووکراوەکەیەوە گوتی: «ئەوە ژوورەکەیە» ئەو ژوورە، ژوورێکی خۆشە. زۆربەی کات ئاوەدانە. هاوینی ڕابردوو چەند میوانێکی زۆر ڕێکوپێکم لەو ژوورەدا هەبوو. هەرگیز هیچ گرفتێکیان نەبوو، لە کاتی خۆیدا و بێ کەم و زیاد پێشەکی پارەیان دەدا. بەلووعە و دەست شۆرەکان لە کۆتایی هۆڵەکەدان. سپراوڵ و مونی سێ مانگ لەو ژوورەدا بوون. پلانیان بۆ شانۆگەری دادەنا. خانمی بریتاسپراوڵ ڕەنگە ناوت بیستبێت؛ ئەوە ناوێکی شانۆگەریانەیە، ڕاستە لەوێ لە پشت کەوەنتەرەکەوە بڕوانامەی هاوسەریەکەی هەڵواسراوە و دە چوارچێوە گیراوە. گازەکە لێرەیە، هەروەک چاوت لێیە ژووری زۆری تێدایە. ئەو ژوورە ژوورێکە هەموو کەس پێی خۆشە. زۆر بەچۆڵی نامێنێتەوە. پیاوە لاوەکە لێی پرسی، «لێرە خەڵکی شانۆکار زۆر هەبووە، ژووریان لەتۆ بەکرێ گرتبێ» هەموو هاتوون پاشان ڕۆیشتوون.

ڕێژەیەکی باشی کرێچییەکانم پێوەندیان بە شانۆوە هەبووە. بەڵێ گەورەم ئێرە شوێنی شانۆیە. خەڵکی ئەکتەر لە هیچ جێیەک ئەوەندە نامێننەوە. ئەوەی گرنگە بەلامەوە ئەمن بەشی خۆمم دەست دەکەوێ، بەڵێ ئەوان دێن و دەڕۆن.

ژوورەکەی بەکرێ گرت و پارەی هەفتەیەکی بە پێشەکی دا. گوتی کە ماندووم و یەکسەر چووە نێوی و پارەکەی بۆ ژمارد، ژنەکە گوتی دەزگاکە ئامادەیە تەنانەت خاولییەکان و ئاویش. سەرپەرشتیارەکە ڕۆیشت، هەزار جار پرسیارێکی هاتە سەر زمان. بە ژنەکەی گوت: «کچێکی لاو خاتوو ڤاشنەر؛ خاتوو ئیلیوس ڤاشنەر، یەکێکی ئاوات نایەتە یاد، لەناو کرێچییەکاندا؟ کە گۆرانیبێژی سەر شانۆ بووبێت، کچێکی زۆر جوان بوو، باڵای مامناوەندی و قەد باریک بوو، قژێکی ئاڵتوونی هەبوو کە بەلای سووریدا دەیڕوانی، خاڵێکی ڕەشیش لە نزیک برۆی چەپیەتی.»

– نەخێر، ئەو ناوەم نایەتەوە یاد. ئەو خەڵکانەی سەرقاڵی شانۆن بەزۆری ناوەکانیان وەکو ژوورەکانیان دەگۆڕن، ئەوان دێن و دەڕۆن. نەخێر ئەو ناوەم نایەتە خەیاڵ.

نەخێر، هەمیشە نەخێر. پاش پێنج مانگ پرسیار کردنی بێ ڕاوەستان. کاتێکی زۆری بە ڕۆژ لە پرسیارکردندا بە فیڕۆ دەدا، کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەر و بریکاری قوتابخانە و کۆرسەکان دەبۆوە، بەشەویش دەچووە نێو هۆڵی شانۆکان و بۆی دەگەڕا، دەترسا لەمەی کە هیواکەی نەیەتە دی لە ڕاستیدا کچەکەی زۆر خۆش دەویست بۆیە زۆر هەوڵی دەدا کە بیدۆزێتەوە. ئەو دڵنیایە کە لەو کاتەوە کە لە ماڵەوە ون بووە لە شوێنێکی ئەو شارە گەورەدایە کە بە ئاو دەورەدراوە، بەڵام ئەو شارە وەک گۆلێکی نەرمی زۆرگەورە وابوو کە گەردیلەکانی بەردەوام لە گۆڕاندابوون، بەبێ بنەما، ئەو دەنکۆڵانەی ئەمڕۆ لەسەرەوەن بەیانی بە قوڕ و لیتە دادەپۆشرێن. ژووری ڕاخراو پێشوازی لە دوایین میوانی خۆی کرد. لەگەڵ یەکەم هێمای میوانخانە خوێی ساختە، شپرزەیی و ماندوویی، بەخێرهێنانێکی سەرپێی، وەک خەندەی ئافرەتێکی فێڵبازی هەڵخەڵەتێنەر دەچوو. ئەو ئاسوودەییە خەوشدارە لە ڕەنگدانەوەی تروسکایی کەلوپەلە وێران بووەکانەوە دەهات، قوماشە دڕاوە بریقەدارەکەی بەرگی پێخەفەکە و دوو کورسی بوو،

ئاوێنەیەکی هەرزانی دیوار پانایییەکەی یەک پێ بوو، لەنێوان دوو پەنجەرەدا دانرابوو، یەک دوو چوارچێوەی وێنە و قەڵەوێرێکی مس لە سووچێک دانرا بوون. میوانەکە لەسەر کورسییەک پاڵیدابۆوە و چوارپەلی ڕاکێشابوون و جوولەی لە خۆی بڕیبوو، لە کاتێکدا ژوورەکە هەژا بوو بە دەمەتەقێ، هەر دەتگوت شوقەیەکە لە شوقەکانی شاری بابل.. سەرپەرشتیارەکە پەلەی ئەوەی بوو لەبارەی کرێچییە هەمەڕەنگەکانییەوە بۆی بدوێ.

مافوورێکی ڕەنگاوڕەنگ وەک هەندێک باخی گوڵی درەوشەدار لاکێشەیی بوو دەکەوێتە دورگەیەکی یەکسانە هێڵ بە دەریایەکی دەشەقەتۆڵەوە هاتوو، لە حەسیری تۆزاوی دەوره درابوو. لەسەر دیواره ڕازاوەکە بە کاغەزی بریقەدار ئەو وێنانە هەڵواسرابوون کە بە دوادا ڕۆیشتنی کەسێکی بێ ماڵیان نیشان دەدا لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە؛ خۆشەویستانی پرۆتستانتی فەرەنسی، یەکەم دەمەقاڵێ، نان خواردنی بەیانی بووکێنی، خاتوو کچە ئەمیرێک لەسەرکانی، چوار دەوری ڕەفەی کاشیکراوی ئاگردان بە شێوەیەکی سووکایەتی بە قوماشێکی بێ ئەدەبانە لە پشتەوە، پەردەکرابوو. بەشێوەیەکی بەرهەڵدایی ڕاکێشرابوو.. دەتگوت قایشی پشتێنی خەڵکی ئەمەزۆنە، لەسەر ئەوێوە هەندێک کەلوپەلی بەجێماو هەبوو.. لەلایەکی ژووره مارۆنیەکە فڕێدرابوو. لەوانەیە لەکاتێک لە کاتەکاندا دەریاوانێکی بەشانس، هەڵیگرتبێ بۆ بەندەرێکی تازە، گوڵدانێک یان دوو گوڵدانی بێکەڵک، وێنەی ئەکتەرەکان، بوتڵێکی دەرمان، چەند کاغەزێکی قومار کە لە دەستەکاغەز هاتبوونە دەرەوە و بڵاوببوونەوە.

یەک لەدوای یەک، کەسایەتییە شانۆییەکانی بەجفرە نووسراو، ئاشکرا دەبوون، نیشانە بچووکە جێماوەکانی میوانەکانی ژووری ڕایەخ کراو گرنگیان ڕوون دەبێتەوە. بۆشایییەکە کۆنەکەی ناو مافورەکەی پێش کەوەنتەرەکە گوتی ژنێکی جوان بەناو قەڵەباڵغیدا ڕۆیشتووه. جێ پەنجە چکۆلەکانی سەر دیوارەکە لەبارەی چەند زیندانییەکەوە، دەدوێن کە هەوڵیانداوه ڕێگای خۆیان بەرەو تیشکی ڕۆژ و هەوا بدۆزنەوە. پەڵێکی پیس بەولاو لایاندا پرژاوه، تیشکدانەوەی بە سێبەری بۆمبایەکی تەقیو دەچێ، بینراوە کە پەرداخ یان بوتڵ بەوەوە کە تێیدا بووە، بە دیواریدا دراوە، پەرشوبڵاو بۆتەوە و پارچە پارچە بووه. لەو سەری ئاوێنەی دیوارەکە تا ئەو سەری بە پیتی زۆر ورد و تێکەڵ و پێکەڵ ناوی «ماریا» نووسرابۆوە، بەپیتی زۆر سەیر. لەوە دەچوو پاشماوەی نیشتەجێ بوانی ژووری ڕایەخ کراو بووبێ، بۆ توورەیی هەڵگەڕاوەتەوە.. لەوانەیە زیاد لە پێویست بە ڕازاندنەوەیەکی سارد و سڕ هەڵخەڵەتابن؛ جامی توورەیی خۆیانی بەسەردا بڕژێن، تەختی ژوورەکە ڕووخا بوو.. درزی دابوو، قەڵەوێرەی نووستن شێوا بوو، سپرینگەکانی تەقیبوون ئاژەڵێکی ترسناک دەردەکەوت، کە سەر دەبڕدرێت لەکاتی گوشارخستنە سەری بە شێوەیەکی سەیر گرژ دەبێت. هەندێک هەژانی زۆر بەهێز کەلێن و درزی گەورەی خستبۆ ئاگردانەکەوە. هەموو تەختەدارێکی تەختی ژوورەکە جوولەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، جیڕەی دەهات. وەک هاواری کەسێکی خەمبار، کە بە تەنێ کەوتبێتە چۆڵەوانی. ڕەنگە باوەڕ نەکرێت کە ئەو هەموو پیسی و زیان گەیاندنە بەو ژووره، لەلایەن ئەوانەوە کرابێت.. کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ماڵی خۆیان زانیوە؛ ئێستا ئەو ژوورەڕەنگە ماڵێکی هەڵخەڵەتاوبێت پڕ بێت لە زیندوایەتی بێ بیرکردنەوە، بێزار و تووڕە دەبێت لەسەرۆک خێزانە قەڵبەکان کە ئاگری توورەییان خۆش کردووە. ئەو کۆختەی ماڵی خۆمانە دەتوانین گەسکی بدەین و بیرازێنینەوە و شانازی پێوەبکەین.

کرێچییە لاوەکە لەناو کورسییەکەیدا دەرفەتیدا ئەو بیرۆکانە لە مێشکیدا کۆببنەوە، پاپووچی نەرم، لەمیوانەی عەقڵیدا، کە لەوێ چوونە ناو ژوورەکە، دەنگەکان و بۆنەکان تێدابوو. لە ژوورێک گوێی لە دەنگی پێکەنینی بنەوە بوو بێ خۆڕاگرتن پێکەنینێکی نەرم، لە ژوورێکی دیکە مەنەلۆژی ژنێکی زماندار، تەقەتەقی زاری تاوڵە، لایلایەی منداڵان، کەسێک بە سارد و سڕی هاوار دەکات، لەپشت سەریەوە ئامێری بانجۆی مۆسیقالێدان، ڕینگەی دەهات، دەرگاکان بە پچڕ پچڕی گرمەیان دەهات، شەمەندەفەره بەرزەکان دەرگاکان لە جێیەک دەنگیان دەهات، پشیلەیەک لەسەر پەرژینی دواوە بەنائومێدی دەی میاواند. ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشا هەناسەی ماڵ، تامی شێداری لەجیاتی بۆنی خۆش؛ ساردوسڕی.. هەوایەکی ناخۆش و کۆن وەک بۆن و هەوای مردوو؛ خانێکی ژێرزەمینی لە دوایە لەگەڵ ئەو هەڵمە تێکەڵ دەبوو کە لە موشەمماکان بەرز دەبۆوه، لەگەڵ بۆگەنیوی ڕووەک و تەختەی ڕزیو.

لەپاشان کتوپڕ کاتێک ژوورەکەی تاقی دەکردەوە، کتوپڕ ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنێکی زۆر بەهێز و خۆش بۆنی گوڵە مێخەکە. ئەو بۆنە وەک بە خێرایی پشووە بایەک هێنابی، نەگۆڕ و بۆن خۆش بووە و تا ئەندازێک ئەوەی دڵنیا دەکردەوە کە ئەو بۆنە لە میوانێکی زیندووەوە دەرکەوتووە. پیاوەکە بە دەنگێکی بڵند هاواری کرد.

«چییە خۆشەویستم؟» هەروەک بانگ کرابێت لەجێی خۆی ڕاپەڕی و تەماشای ئەولاولای خۆی کرد. ئەوبۆنە خۆشەی پێوەنووسابوو و لە دەوری ئاڵا بوو، دەستی بۆ درێژ کرد، هەموو هەستەکانی بۆ ساتێک شێوان و تێکەڵ بوون. چۆن کەسێک بەشێوەیەکی ئاوا بێگومانی لە عەترەوە بانگ دەکرێت؟ بێگومان ئەوە دەبێ لە دەنگێکەوە بووبێ. بەڵام ئایا دەبێ ئەو دەنگە نەبێ کە ئەوی دڵخۆش کردووە، یان دەستی لە ملی کردووە؟ «هاواری کرد» ئەو لەو ژوورە بووە، ڕاپەڕی تا یادەوەریەکی لێ وەرگرێ، چونکە دەیزانی ئەو ئاگاداری وردترین شت هەیە کە تایبەت بەو کچە بێت... یان ئەوەی ئەو کچە دەستی لێداوە، ئەو عەترە زەرف کراوەی گوڵە مێخەکە، ئەو بۆنەی ئەو پێی خۆش بوو، وای لەو دەکرد پەیدای بکات، لە کوێی دێنا؟ ژوورەکە بێگوێدان، دەست بە ڕێکخستنی کرابوو، لەسەر قوماشی مێزە خراپەکە نیو دەرزەن تۆقەی پرچی ژنان بڵاوکرابۆوە– ئەو ئاقڵمەندانە، ئەو برادەرە ئافرەتانەی لێک جیانەدەکرانەوە، لە ڕەگەزی مێ، خوێکی بێ سنوور، هەڵچوونی بێدەنگیان، ئەوانەی خستنە پشتگوێ، ئاگاداری دڵخۆشی سەرکەوتنیان و نەبوونی کەسایەتیان بوو. کە چاوەکانی کەوەنتەرەکەی دەپشکنی لەپڕ بەسەر دەستەسڕێکی تەنکی کۆندا کەوت کەلەوێ فڕێدرا بوو، دەستەسڕەکەی ڕە دەموچاوی خۆی خست کە درێژبوو، ڕەنگی ئەرخەوانی بوو، فڕێیدایە سەر تەختەی ژوورەکە. لەناو چاوەکەی دیکە قوێچەی زۆری دیتنەوە، پڕۆگرامێکی شانۆگەری، کارتی پارە بەرەهن دان، دوو شیرنیاتی تۆڵەکە، کتێبێکی خەوننامە. لە دوایین چاودا قوماشێکی ئەتلەسی پرچ بەستنی ژنان ڕەنگ ڕەش، ئەوە هەڵوێستەیەکی بە پیاوەکە کرد هاوسەنگی لەنێوان سەهۆڵ و ئاگردا کرد. بەڵام ئەتلەسە ڕەشەکەی پرچ بەستن سەنگینی ژنان نیشان دەدات، خۆ ڕازاندنەوەیەکی گشتی شاراوە و هیچ چیرۆکان ناگێڕێتەوە.

لەپاشان بە ژوورەکەدا گەڕا، وەکو سەگی ڕاوکەر کەجێی شوێنی گیانلەبەرێک هەڵدەگرێ، بەهێواشی دەستی لە دیوارەکان دەکوتا، بیری لە هاتووان دەکردەوە، لە حەسیرە هەڵرامساوەکانی سەر دەست و ئەژنۆیانی، ڕەفەی ئاگردان و مێزەکانی دەپشکنی، پەردەکان، هەڵواسراوەکان، کابینەی خواردنەوە لە سووچەکە، بۆ نیشانێکی بینراو، نەیدەزانی کە کچەکە لەوێیە لە تەنیشتیەتی، لە دەوروبەریەتی، لە بەرامبەریەتی، لەناخیدایە، لە سەریەتی، پێیەوە نووساوە، مەیلی ڕادەکێشی، لەمیانی هەستە جوانەکانیدا ئەوەندەی بە توندی بانگ دەکرد، کە تەنانەت هەموو هەستەکانی دیکەی ئاگادار دەبوونەوە. دووبارە جارێکی دیکەش وەڵامی دایەوە «بەڵێ، خۆشەویستەکەم...» ڕوی خۆی وەرگێڕا، کە بینی چۆڵە، وروژا و شێتگیر بوو... لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەیدەزانی شێوە و دەنگ و خۆشەویستی و قۆڵ درێژکردن بۆ ناوبۆنی گوڵە مێخەکە چییە؛

– ئوە، کود، ئەم بۆنەیە لە کوێیە، تا بۆنەکان هەبن دەنگێکیش دەبێ بانگ بکات؟ بەو جۆرە دەستی لەولاو ئەولا دەکوتا.

چووە ناو کون و قوژبنانەوە، تەپەدۆر و جگەرەی دیتنەوە. بەنەرێی و جۆرێک لە هەست کردن بە سووکایەتی لەوانە تێپەڕی کرد. بەڵام جارێکیان لەناو قەفی حەسیرەکەدا جگەرەیەکی نیوەکێشراوی دۆزییەوە و خستیە ژێر پاژنەی پێیەوە... بە سوێندێکی توندوتیژەوە ئەوسەر و ئەوسەری ژوورەکەی پشکنی. بێزاربوو چەند ئامێرێکی مۆسیقای بێ کەڵکی دۆزییەوە، کە لە چەند کرێچییەکی گەرۆکەوە بەجێ مابوو، بەڵام لەبارەی کچەکەوە، کە ئەو بەدوایدا وێڵ بوو کە ڕەنگە لەو ژوورەدا بووبێ، کەوا دەردەکەوت کە گیانی لەوێدا دەفڕی، هیچ شوێنەوارێکی لێ نەدۆزییەوە لەپاشان بیری لە سەرپەرشتیارەکە کردەوە. لە ژووری حەوانەوەیە بە پلیکانەکاندا بەرەو خوار ڕای کرد بۆ لای ئەو دەرگایەی کە تروسکاییەکی ڕووناکی لێ دەهاتە دەر. ژنە سەرپەرشتیارەکە بە لە دەرگادانی پیاوەکە هاتە دەرەوە.

پیاوەکە ئەوەندەی لە توانایدا بوو هەوڵیدا هەڵچوونی خۆی دامرکێنێتەوە لەبەر ژنە سەرپەرشتیارەکە پاڕایەوە و گوتی «خانم پێم ناڵێی ئەو ژوورە پێش من کێی تێدا بووە؟»

«بەڵێ گەورەم. دەتوانم دووبارە پێت بڵێم، تواس سپراوڵ و موونی، هەر وەکو پێم گوتی. خاتوو

بریتاسپراوڵس لە شانۆکان کاری دەکرد، هەروەها خاتوو مـوونیش، مـاڵەکـەی من بەناوبانگە بە خەڵکی ڕێزدار. بڕوانامەی هاوسەری، لە چوارچێوە گیراوە و لە پشتەوە هەڵواسراوە...

– خـاتوو براوڵس چۆن خـانمێک بوو– مـەبەسـتم شێوەیەتی؟

– بۆ گـەورەم، قـژ ڕەش، کـورتە باڵا و قـەڵەو و دەموچاوێکی کۆمیدی هەبوو. هەفتەی ڕابردوو ڕۆژی سێ شەممە ڕۆیشتن.

وە پێش ئەوەی ئەوان بەکرێی بگرن؟ پیاوێکی زگوردی ڕێکوپێکی تێدا بوو کاری عەرەبانەی دەکرد. ڕۆیشت و پارەی هەفـتـەیەکم قـەرزدارە. پێش ئەویش خـانمی (کـرۆدەر) و دوو منداڵەکـەی تێـیدابوون، چوارمـانگ مـانەوە؛ لە دوای ئەوانیش بەڕێز (دۆیالی) پیـری تێدا بوو؛ کـوڕەکـانی پارەیان بۆ دەدا؛ چوار مـانگان لەو ژوورەدا مـایەوە. سـاڵێک لەمـەوبەر ڕۆیشـتـەوە، بەڕێز، لەوێ بە پێشەوەم بیر نایەت»

پیاوە لاوەکە سوپاسی ژنە سەرپەرشتیارەکەی کرد و گەڕایەوە بۆ ژوورەکـەی خۆی. ژوورەکـە چۆڵ و خـامۆش بوو. چونکە ئەو شتە گرنگەی ئاوەدانی کردبۆوە، لەوێ نەماوە و ڕۆیشتووە. بۆنی گوڵە مێخەکە کۆچی کردووە. دانیـشـتـبـوو دە گـرەی زەردی سـووتانی چرا گـازیەکـەوە ڕامابوو. بەخێرایی چوو بۆلای جێگاکەی چەرچەفەکانی لەت و پەت کردن. بە دەمی چەقۆکەی بە توندی ڕایکێشان بۆ ناو کەلێن و کـونەکانی ناو پەنجەرەکـان و دەرگاکـە و گرتنی. کە ئەوانەی هەموو ڕێک و پێک و سفت و لووس کـردن، گـڵـۆپەکـەی کـوژاندەوە. گـازەکـەی بەپڕی داگیرساندەوە ئەمجا خۆی خستە ناو جێگاکەی.

ئەم شـەو شـەوی خانمی مکول بـوو، تاسەکەی بەرێت بۆ بیرە. بەو جۆرە بیرەکەی هێناوە لەگەڵ خانمی (پرۆدی) لە یەکێک لەو پەناگایانە سەرپەرشتیـارەکان کۆ دەبوونەوە و دادەنیـشـتن، وەکک ڕم بە دەگـمـەن خـۆی لە خـواردن دەگرێتەوە.

«دوای ئەو ئێوارەیە نهۆمی سێیەمی بەکرێ دا» خاتوو پرۆدی ئەمـەی گوت و ئالقێکی جـوانی لە کـەف دروست کرد.

«پیـاوێکی لاو بەکـرێی گـرت. بەر لە دوو سـەعـات لەمەو پێش، چۆتە سەرەوە بۆ نووستن»

بە ئارەزوویێکی زۆرەوە خـاتوو مکول گـوتی، ئەوەت کردووە بەڕێز پرۆدی؟

ئەتۆ بەکـرێدانی ئەو جـۆرە ژوورانەت پێ سـەیرە. لەپاشان بە پیاوەکەت گوت؟ قسەکەی کۆتایی پێ هێنا بە چرپەیەک بە دەنگێکی گڕوپڕ لە شاراوەیی.

خانمی پرۆدی بە توندترین شێواز گوتی «ئایا ژوورەکان بۆ کرێ ڕایەخ نەکراون. ئەمن پێم نەگوتووە، بەڕێز مکول»

«خانم ئەتۆ ڕاست دەکەی، ئەوە ئێمە بە ژوور بەکرێدان دەتوانین بژین. ئەتۆ عەقڵێکی ڕاستەقینەت بۆ کار هەیە، خانم زۆربەی زۆری خەڵک ئەگەر پێیان بڵێی ئەو ژوورە خۆکوشتنی تێدا ڕوویداوە و لەناو ئەو جێگایە مردوون بەکرێی ناگرن». خانمی پرۆدی گوتی: «هەروەکو دەڵێی دەبێ ژیانمان پێک بێت». «بەڵێ خانم ئەوە ڕاستە؛ ئەوە بێکەم و زیاد هەفتەیەک لەمەوپێش وەک ئەمڕۆ، ئەمن یارمەتیم دای بۆ جێ بەجێ کردنی ناشتنی لاشەکە لە قاتی سێیەم لە دواوە».

کچێکی ئێرلەندی زۆر جوان بوو، لەوانەیە بەگاز خۆی کوشتبێ، دەموچاوێکی چکۆلەی جوانی هەبوو، بەڕێز خانمی پرۆدی.

خانمی پرۆدی گوتی «هەروەک دەڵێی بە جوان ناودەبرا، بە قەناعەت بوو، بەڵام ڕەخنەگر بوو، بەهۆی ئەو خاڵەی نزیک برۆی چەپی، بە خراپی گەشەی دەکرد، پێکەکەت پڕ ناکەیەوە خاتوو مکول.»

**کورتە زانیارییەک دەربارەی نووسەر:**

**ئۆ. هێنری، نازناوی نووسەری ویلیەم سیدنی پۆرتەرە، (١٨٦٢ – ١٩١٠) نووسەرێکی بەبەرهەم بوو لە نووسینی کورتە چیرۆکاندا، ئەو چیرۆکانەی زۆربەی لە شاری نیویۆرکەوە دەستی پێدەکرد، یان ئۆڵدوێست.**

**تێبینی:**

**«ڕاگتایم» مۆسیقایەکی ئەمەریکاییە لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەش پێستەکان.**

# بەسەرهاتی بەردەرگاکە

**گەزیزە**
**(سلێمانی)**



**کەسایەتییەکان:**
**کچ١:** لەتەمەنی (٢٥-٣٠) سالآندایە و هێمنە.
**ژن٢:** لە تەمەنی (٣٥) سالآندایە و کەمێک تووڕەیە.
**ژن ٣:** لەتەمەنی (٥٠) سالآندایە و زۆر بوێر و جەربەزەیە و چاونەترسە.
**ژن٤:** تەمەنی (٥٥) سالآنە و هێمن و لەسەر خۆیە.
**ژن٥:** لەتەمەنی (٣٠) سالآندایە.

**جوولەی یەکەم**

شوێن/ جێگایەکی زۆر فراوان، دەرگایەکی گەورەی دوولایەن بەمەرجێ ئەو دەرگایە بە ئاسن جێگۆڕکێی پێ بکرێت، دەرگاکە بەجۆرێک دروست کراوە ئەوانەی ئەم دیو، بە ئاسانی ئەوانەی ئەو دیو دەرگاکە دەبینن و بەپێچەوانەشەوە.

کۆمەڵێک ژن و کچ لەتەمەنی جیاوازدا لەبەر دەگاکەدا وەستاون، هەریەکەیان جلوبەرگێکی جیاواز لەوی تری لەبەردایە بەپێی تەمەن، هەندێکیان خواردن یان کیسەی نایلۆنیان بەدەستەوەیە.. ئافرەتەکان هەموویان تەنیان (واتە کەسیان لەگەڵ نییە) هەریەکێکیان نەبێت کە

منداڵێکی بچووکی لەگەڵدایە.. ئەویش ژنی (٥)ە. لەبەردەمی دەرگاکەدا لەپێش هەموویانەوە، دەستی منداڵەکەی گرتووە و وەستاوە.. ژمارەی ئافرەتەکان (٥) ئافرەتن لە کچ و ژن.. دەنگە دەنگێکی زۆر.. هەموان بەنارێکی وەستاون.

**سەرباز:** (لەو دیو دەرگاکەوە وەستاوە و دارێکی گەورەی بەدەستەوەیە)

(دەنگی تێکەڵ دەبێت بەدەنگی ژنەکان)

بێدەنگ بن... بێدەنگ ... با لەیەکتری تێبگەین...

**کچ١:** لەگەڵ ئێوەیەتی (بەژنەکانی تر دەڵێت)...

**هەموان:** (دەنگیان تێکەڵ و بەرزە)...

**کچ١:** ئەوە گوێتان لێ نییە؟... ئێ دەبزانن چی

دەڵێ؟
**سەرباز:** (دارەکەی دەستی ڕادەوەشێنێ)
- ئەڵێم ڕیزبن... یەک لەدوای یەک بەسەرە...
لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم....
**هەمووان:** (دەنگیان تێکەڵ و پاڵ بەیەکەوە دەنێن)
**ژن۲:** (بە ژنی۳) ئا خـــوشکی باش بەئەرک نەبێت لەدوای منەوە بوەستە.. گوێت لێ نییە دەڵێ بەسەرە...
من پێش تۆ هاتووم.. کە تۆ هاتی من لێرە وەستابووم ئیتر چۆن دەچیتە پێش منەوە؟
**ژن۳:** پێـــویست بەو دەنگ بەرزکــــردنەوە و خـــۆ سوورکردنەوەیە ناکات، نابینیت دەرگاکە چەند گەورەیە.. کە کرایەوە هەموومان بەیەکەوە دەکرێینە ژوورەوە، خەمت نەبێ جێگەی هەموومان دەبێتەوە...
**ژن۲:** دیارە تۆ گـوێت لە قـسـەکـەی نەبوو، کـە وتی ڕیزبن.. یەک لەدوای یەک
**ژن۳:** بۆ گوێم لێ نەبوو خۆ کەڕ نیم..
**ژن۲:** من مەبەستم ئەوە نییە... دیارە بۆیە دەڵێ ڕیز بن.. لەوانەیە بەتەنیـا هەر دەرگـا بچووکـەکـە بکاتەوە.. دەرگا گەورەکە لە کاتی چوونە ژوورەوە ناکاتەوە...
**ژن۳:** دیارە هەموو شتەکانی ئەمڕۆ لنگەوقووچە.. دەنا یەعنی چی؟؟ ئەو دەرگـا گـەورەیە بـۆ ڕۆژانی سـەردان و قـەرەباڵغی کـراوە.. ئێ دەرگـا بچـووکـەکەشی بۆ ڕۆژانی ئاسایی و هاتووچۆی خۆیان.
**کــچ۱:** من پێش هەمـووتان هاتم گوێم لێ بـوو قسـەی لەگـەڵ کـارمـەندێکی ژوورەوە دەکـرد- پێی وت ئـەمـڕۆ دەرگا گەورەکە مەکەرەوە با خەڵک لە دەرگا بچووکەکەوە بێنە ژوورەوە.
**ژن۳:** (بەگاڵتە و پێکەنینەوە) ئە...
بزانە دیسـان چی بـوە؟!.. بەزمە هەرچییـەک ڕووی دا دەبێ ئێمە باجەکەی بدەین.
**ســــەرباز:** ئەرێ تۆ چیت دەوێ پیـــرێژن...؟ ئەم تیروتوانجانە چییە؟
بەزمە و... باج و... نازانم چی؟
فەرمانمان پێ کراوە دەرگا گەورەکە نەکەینەوە
**ژن۳:** جـا دەبێت هەرچی ئەوان وتیـان بـۆیان بچـێـتـە سەر؟
**ســــەرباز:** ئەوان کــێن؟.. ئەوان بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی تۆ دانراون..
**ژن۳:** من خــزمــەتی کــەسم نـاوێت.. ڕاست دەڕۆم و ڕاست دەژیم
بەقسەی زەرد و سوور تەفرەمان مەدە..

**سـەرباز:** لەتۆ وایە من دڵنەواییت دەکەم تا دڵت ڕازی بێت؟ تا لێم نەڕەنجێی؟
پاشان تۆ بۆڵای نەخۆش هاتوویت...
کەی دەرگا کرایەوە بچۆ سەردانی خۆت بکە و بڕۆرەوە
چیتە بەسەر کێشەیەکی ترەوە کەهی تۆ نییە؟
**ژن۳:** چۆن کـێـشـەی من نـیـیـە... وەسـتـانی بەر ئەم دەرگـایە و... ڕیزبوونی سەرە و نەکـردنەوەی دەرگـایەکی گـەورە کـە بۆ چوونە ژوورەوەی خـەڵکی کـراوە.. هی من نییە و کێشـەی من نییە... ئەی نازانم چی کێشەی منە و.. من لەسەر چی قسە بکەم؟
**ژن۲:** قسـەکانی دروسـتە.. هەرچییـەک ڕوودەدا دەڵێن ئەوە کـێشـەی ئێوە نـیـیـە... ئەی ئێمـە لەناو ئەم هەمـوو کێشەیەداین و هیچیشی کێشەی ئێمە نییە؟ باشە منیش دەمــــەوێت تێ بگـەم ئەم هەمــــوو خــەڵکە لەو دەرگــا بچووکەوە چۆن دەچێتە ژوورەوە؟
**ژن٤:** ئێـسـتـا کـێـشـەی ئێـمـە ئەوە نیـیـە لە دەرگـای بچووکەوە بچیتە ژوورەوە یان لە دەرگا گەورەکەوە؟
گــرنـگ ئەوەیە هەر دەرگــایەک بـکرێتــەوە و بچــینە ژوورەوە..
**ژن۳:** بۆ بەنیازیشە دەرگا نەکاتەوە؟
کـاتی سەردان دیاری کراوە و لەسەری پێویستە کە لە کـاتی خۆیدا دەرگـاکـە بکـاتەوە... تا خـەڵکەکـە بچـێـتـە ژوورەوە.
**ســەرباز:** من خۆم دەزانم... پێویستم بەوە نییە کـەس ئاگادارم کاتەوە و تێم بگەیەنێت...
**ژن۳:** هەمـوو کـەس پێـویسـتی بەوەیە بەردەوام ئاگـادار بکرێتەوە... بەردەوام تێی بگەیەنیت. نەک تۆ...
**ژن۲:** ئەرێ تـۆش ئەوەنـدە لەگـەڵـی مـەڵـێ، با تـووشی بەزمێکی تر نەبین...
**کچ۱:** ژنینە تکاتان لێ دەکەم.. ئەگەر بکرێت کەمێک بێ دەنگ بن، کــابـرا زۆر تووڕە دیارە، وازی لێ بێنن با زوو دەرگاکەمان بۆ بکاتەوە..
**ژن۲:** بۆ هیچ ناڕەواییەکمان کردووە تا تووڕە بێت،
جـا لەچی تووڕە دەبێت؟ بۆی نـیـیـە بەهیچ شـێـوەیەک نەک تووڕەبێت، بەڵکو دەنگیش بەرزکاتەوە...
**کچ۱:** تۆ دەڵێی لەم وڵاتە ناژیت؟...
ئێـمـە خۆمـان بەبێ هیچ، مۆڕە لەیەک دەکـەین و تووڕە دەبین.. هەر لە دووەوە یەکمان خۆش ناوێت..
ئێستا تۆ دەتەوێت، ئەم ئەو هەموو دەنگە دەنگ و ناڕێک وەستان و تیرو توانجە تووڕەی نەکات.؟
**ســەربـاز:** قسـەی خۆم کردووە... بڕیـاریشم دا... هەر

ئێستا
ئەو بڕیارەم دا... ئەگەر یەک لەدوای یەک نەوەستن و
بێ دەنگیش نەبن... دەرگاکە هەر ناکەمەوە..
**ژن۳:** چی؟... چی؟...
ئەوە دەڵێ چی؟ (بەژنەکانی تر).. بڕیار دەردەکا؟!
ئاخر پێم ناڵێیت تۆ کێیت بڕیار دەردەکەیت؟
**سەرباز:** من هەرکەسێک بم... ئێستا لە سنووری کارکەی خۆمدا ئەو دەسەڵاتەم هەیە کە خەڵکەکە بکەمە ژوورەوە یان نەیکەم، واتە خاوەنی بڕیارم..
**ژن٤:** بەڵام ئەوەیان لە ڕۆژێکدا کە سەردانی نەخۆش قەدەغە بێت؟
**کچ۱:** لەو ڕۆژانەدا هەرچییەک بڵێیت تۆ لەسەر هەقییت، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی سەردانە و وەک مافێکی خۆمان دەتوانین بە ئاسانی بچینە ژوورەوە.
**ژن۳:** ئەو بە پێی کارەکەی خۆی دەبێ زۆر هێمن و لەسەرخۆ بێت...
بۆشی نییە دڵی کەس بڕەنجێنێ... نە دەتوانێ دەنگیش بەرزکاتەوە، دوای ئەوە... کارمەندی دەوڵەت... چۆن بەو شێوەیە تووڕە دەبێ... چۆن ئاوا خزمەتی هاوولاتی دەکات؟
**ژن٤:** ئەرێ خوشکێ تۆ زۆری لەگەڵ دەڵێیت..
بەڕاستی من ناتوانم لەوە زیاتر بوەستم..
وازی لێ بێنن با دەرگاکەمان بۆ بکاتەوە..
ئەوەندە باسی شتی بۆ مەکەن.
**سەرباز:** توانای وەستانت نییە پووری گیان بۆ هاتوویت؟ نەخۆش چۆن دەچێت بۆ لای نەخۆش؟ تۆ خۆت پێویستت بە ئیسراحەتە...
**ژن۳:** هەرچی نەخۆشیش نەبێت تۆ ببینێت نەخۆش دەکەوێت.. تۆ گوناهت ناگات ئاوا ئازارمان دەدەیت؟ دەزانی ئێمە چەندە وەستاوین؟
**سەرباز:** گوناهی چی؟ .. پووری گوناهی چی؟ ئێوە خۆتان لەپێش وەختە هاتوون هێشتا کاتی چوونە ژوورەوە و سەردان زۆری ماوە، ئیتر ماندووبوونی خۆتان پێوەندی بە زووهاتنی خۆتانەوەیە... نەک من؟
**ژن۲:** کاکە ئێمە ڕێگەمان دوورە بۆیە زوو هاتووین، تا بتوانین پێش وەختە بگەڕێینەوە.. ئەگەر هەموو ڕۆژێک ڕێگەمان بدەن بچینە لای نەخۆشەکانمان نە ئێوە ئاوا سەرقاڵ و ماندوو دەبن، نە ئێمەش تووشی ئەم شەڕ و بەزمەی بەرانبەر بە ئێوە دەبین..
**ژن۳:** چۆن کارێکی وا دەکەن خەڵکی بە ئیسراحەتی خۆی بێت و بچێ؟ هەتا تەواو ماندوومان نەکەن کارێکمان بۆ ناکەن... هەتا پێستمان لە ئێسقان دانەماڵن... هەتا ...
**سەرباز:** (پێی دەبڕێت) پووری دیارە تۆ زۆر پڕیت؟ تێ ناگەم بۆ؟
**ژن۳:** لە دوانی وەک تۆ پڕ دەبم... لەو کردەوانەتان پڕ دەبم کە ئازارمان دەدا... ئەوەندەی من بیرمە... ئەم وڵاتە هەر ڕاکەڕاکە و ناڕەحەتی و ئاژاوە بووە، ئێستا تۆ دەتەوێت بەم پیرییە فێری ڕیز وەستان و بێ دەنگی و... (تەواوی ناکات)
**سەرباز:** بۆچی ڕوودەکەیتە من... منیش وەک تۆ هاوولاتییەکم و کاری خۆم دەبەم بەڕێوە...
**ژن۳:** هاوولاتی چی؟ ... گەر هاوولاتی بوویتایە ئاگات لەو ماندوبوون و وەستانە زۆرەی ئێمە دەبوو...
**سەرباز:** من کەی فەرمانم پێ کرا دەرگاکە بکەمەوە... دەتان کەمە ژوورەوە...
**ژن٤:** ئەمە ئەم فەرمانە کەی؟ و چۆن دەبێت؟
**ژن۳:** با بەڕێوەبەرە فەنی لە ژوورەوە لەخەو هەڵسێت
ئەو کاتە فەرمانی پێ دەکات و ئەمیش دەرگاکە دەکاتەوە.
**کچ۱:** پووری گیان ئێمە زۆر وەستاوین- کەمێکی تریش، ئارامتان بێت ئەوەندەی نەماوە بچینە ژوورەوە.
**ژن۳:** ئاخر ئەمە لە هیچی نەبوو شەرمان پێ دەفرۆشێت. ئێمە هەر بیرمان چووەوە بۆچی هاتووین و بۆ لای کێ هاتووین؟
بیانوومان پێ دەگرێت.. دەمێ دەڵێ بێ دەنگ بن..
یان دەڵێ ڕێک ڕاوەستن... ئێمە هەموو لە تەمەنی دایک و خوشکی ئەوداین.. چۆن شەرم لە خۆی ناکات؟
خۆ من قوتابی نیم... من سەرم سپییە.. پێم دەڵێ بێدەنگ بە..
**سەرباز:** ئێستاش دەڵێم بێدەنگ بن..
دەبێ نەریتی وەستانی بەر دەرگای نەخۆشخانە بزانن..
دەبێ بزانن چۆن دەوەستن؟
بۆچی هاتوون؟
بەرانبەر کێ وەستاون؟
**ژن۳:** دەزانن ئەمە زۆر لەخۆی گۆڕاوە.. ئەگەر نەمگرن دەچم بۆی... زۆر تووڕەم دەکات... (خەریکە بچێ بۆ سەربازەکە)
(ژنان هەموو دەیگرن و دەست دەکەن بە دەنگە دەنگ)
**سەرباز:** ئێوە سەیرێکی ئەو پیاوانە کەن لەوبەرەوە... بزانە گوێتان لە دەنگیان دەبێت؟ ... دەبینن چەند بە هێمنی وەستاون؟

**ژن٣:** ئاخر دەرگاوانەکەی ئەوان وەک تۆ نییە.. ئەو ڕێزیان لێ دەگرێت..

**سەرباز:** من دەرگاوان نیم.. سەربازم.. سەرباز تێ دەگەیت؟

**ژن٢:** جا بۆ پێت ناخۆشە کاکە گیان سەرباز بیت یان دەرگاوان! ئیستا هەر ئەوەیت کە لە بەرانبەر ئێمە وەستاویت..

**ژن٣:** ئەگەر سەرباز ئاوا بێت وڵات چۆن ئاسوودە دەبێت

ئەگەر تۆ ئاوا ڕێز لە خەڵکی بگریت، خەڵکی چۆن ڕێزت لێ دەگرێت؟

**کچ١:** تکاتان لێ دەکەم ... نەختێ ئارامتان بێت

ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین دڵی یەک برەنجێنین، بۆ ئەوە هاتووین کەمێک ئازاری نەخۆشەکانمان کەم کەینەوە و سەردانێکیان بکەین..

**ژن٤:** من هەر خەریکە لەهۆش خۆم دەچم چیتر خۆم بۆ ناگیرێت...

**ژن٢:** براگیان تۆ دەرگاکە بۆ ئەو ژنە (ژنی ٤) بکەرەوە

با ئەو بچێتە ژوورەوە... دیارە توانای نەماوە، لەوە زیاتر بوەستێ...

**سەرباز:** ناکرێت نەخۆشە.. نەهاتایە

دەرگا بۆ هەمووان لەیەک کاتدا دەکرێتەوە

کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازی نییە..

**ژن٥:** (خۆی بێ دەنگ کردووە و دەستی منداڵەکەی گرتووە، خۆی ناگەیەنێتە هیچ شتێک)

**ژن٢:** ئەگەر دەمزانی بەم شێوەیەیە... ئەم سەردانەشم هەر نەدەکرد..

من تێ ناگەم بۆ دەبێ هەموو شتێکی ئێمە نادروست بێت؟

میوانداریمان... نەخۆشیمان.. هاوڕێیەتیمان.. خزمایەتیمان؟

ئێستا خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین..

کاکە خۆ ناتناسین..

هیچمان لەگەڵت نییە..

بۆ وامان لێ دەکەیت؟

**سەرباز:** (بەدەنگی بەرز بە دارەکەی دەستی دەکێشێ بە دەرگاکەدا)

وتم یەک یەک ڕیز بن، وا خەریکە کاتی کردنەوەی دەرگاکەش نزیک دەبێتەوە

**هەموان:** (دەکەونە خۆیان ... دەنگە دەنگی زۆر پاڵ نان)

**کچ١:** (ئاگای لەخۆی نییە قاچی بەر قاچی ژنی (٢) دەکەوێت)

**ژن٢:** ئای ... ئای... (بە هاوار و ئازارەوە هاوار دەکات) ئا کچەکە بزانە چیت کرد؟ نابێت کەمێک سەیری بەرپێی خۆت بکەیت؟ ئۆیش (دەست دەگرێت بە قاچییەوە)

**کچ١:** زۆر داوای لێ بووردنت لێ دەکەم پووری گیان..

چی بکەم باوەڕت بێ منیش لەتۆ ماندووترم

هیچ ئاگام لەخۆ نەبوو.

**ژن٢:** ئۆیش... لێ بووردنی چی؟...

**سەرباز:** دەبێ ئیتر چیت لێ بکات؟

ئەوە نییە داوای لێبووردنت لێ دەکات؟ لێبووردن ئەوپەڕی بەخشندەیی و گەورەییە..

**ژن٢:** تۆ چیتە بەسەر ئێمەوە؟ هەقی ئەوەشت هەیە؟

خەریکی کاری خۆت بە... ئەوە کاری تۆ نییە

من لێی دەبوورم لێی نابوورم کاری خۆمە..

کاری تۆ نییە.

**ژن٣:** (دەچێتە لای ژنی٢) ئۆیش..

شین شین بووەوە.. ئەوە بۆ وای لێ هات؟

(بە کچ١) ئێ کچم نابێت کە دەوەستی بزانیت چۆن دەوەستی؟

قاچی ئەو ژنە داماوەت دیوە چی لێهاتووە.

**کچ١:** پووری گیان داوای لێبووردنم لێکرد باوەڕت بێ، بێ مەبەست بوو

خۆی هاتە بەردەمم، منیش نەم زانی گەڕامەوە قاچم نا بە قاچیدا...

**ژن ٢:** (هەر خەریکی شێلانی قاچییەتی)

**سەرباز:** کە پێتان دەڵێم ڕیز بن... تا دووچاری ئەم جۆرە ئازارانە نەبن.. جاری هیچ نەبووە... دەرگا نەکراوەتەوە.. ئێوە پاڵ بەیەکەوە دەنێن؟ لەناو پاسدا پاڵ دەنێن... لە نانەواخانە پاڵ دەنێن.. لەبەردەم دەرگای بەندیخانە پاڵ دەنێن..

**ژن٣:** (مۆرەیەکی لێ دەکات)

**ژن ٤:** پاڵم بەکەسەوە نەناوە.. هەر ئەوەندە دەرگاکە بکرێتەوە کەسێک هەبێت یارمەتیم بدات. بچمە ژوورەوە..

**کچ ١:** خەمت نەبێت پووری گیان من یارمەتیت دەدەم

**ژن٤:** خۆزگە .. کچەکەم.. خۆزگە..

من هەر ئەوەندە ئەم جارە ئەو نەخۆشەم ببینم

جارێکی تر توانای ئەم چاوەڕوانی و هاوارەی بەر

ئەم دەرگایەم نییە. ئەمە بەمن ناکرێت.
هەر کاری من نییە..
**کچ١:** ئێ پووریێ گیان بۆ هاتیت؟
نەدەکرا کەسێکی تر لەبری تۆ بێت بۆلای نەخۆشەکەتان
**ژن٤:** ناکرێت کچم ناکرێت.. خۆ ئەوە کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە..
ئەمە نەخۆشی درێژ خایەنە.. درێژ خایەن..
هەر دەبێت جارێک منیش چاوم پێی بکەوێت
**کچ١:** نەخۆشەکە چیتە پووریێ..
**ژن٤:** (دەست دەکا بەگریان).. (بەئیشارەت نایەوێت هیچ بڵێت).. با خەمەکانمان هەر لەودیو دەرگاکەوە بکەینەوە ئێرە جێگەی ئەوە نییە..
بەسەرهاتەکانی ئەم دیو دەرگاکە بۆخۆی زۆرە زۆر، تا نەچینە ئەو دیوەوە نازانین چیترمان هەیە.
**هەمووان:** (دەنگە دەنگێکی زۆر)
**سەرباز:** من تێ ناگەم.. ئێوە بۆ هێندە بێ ئارامن..؟
ڕێک بوەستن سەیری پیاوەکان کەن
**ژن٣:** کەم بڵێ سەیری پیاوەکان کەن.. سەیری پیاوەکان کەن،
دەتەوێت لە هەموو شتێکدا ئەوان نموونە بن و ئێمە هیچ، (لاسای دەکاتەوە... سەیری پیاوەکان کەن)
**ژن٥:** ... (هەر بێ دەنگە توند دەستی گرتووە بە دەرگاکەوە و جارجار منداڵەکەی دەخاتە ئەو دیوەوە)
**سەرباز:** (هەر سەیریان دەکات و پیش دەخواتەوە و قسە ناکات) دەزانی کارێ مەکەن دەرگاکەتان هەر بۆ نەکەمەوە:
**ژن٣:** چی؟ ...
مەبەستت چییە؟
چۆن دەتوانی دەرگاکە نەکەیتەوە؟
**ژن٢:** بە فەرمانی کێ بڕیار دەدەی کە دەرگا نەکەیتەوە؟
**سەرباز:** (ڕێگە نادەن وەڵام بداتەوە)
**ژن٤:** وەڵڵا ئەویشمان لەگەڵ بکە..
کچ ناتوانیت دەرگا نەکەیتەوە.. شتەکانی تر بەهەر حاڵ
تووڕەبوون، دەنگ بەرزکردنەوە.. بەڵام دەرگا نەکردنەوە.. ناکرێت شتی وا چۆن دەکرێت؟!
**ژن٣:** ئەگەر وا دەزانی ئەم شارە لە تۆ گەورەتری تێدا نییە؟ زۆر بەهەڵە چوویت زۆر زۆریش
**سەرباز:** من لە سنووری ئەم کارەی خۆمدا ئێستا گەورەی ئێوەم، چونکە مافی کردنە ژوورەوەی ئێوە لە دەستی مندایە..
**ژن٣:** نە باسی ماف و نە دەسەڵات و نە گەورەییمان بۆ بکە... ئێمە نەهاتووین تۆ ببیتە مامۆستامان، هەموومان زۆر لە تۆو زیاتریش لە تۆ تێ دەگەین..
نەگبەتی و چەرمەسەرییەکان زۆر زیاتر لە خوێندنەوەکانی تۆی فێرکردووین.
دەرگاکە بکەرەوە... با نەیەم بە دارەکەی دەستت ئاگر لەسەر پشتت بکەمەوە..
**سەرباز:** لەبەر ئەوەی کردت بەو کارە و لە سنووری دابونەریتی وەستان و چاوەڕوانی چوویتە دەرەوە دەبێ من ئەمڕۆ ئەو دەرگایە هەر نەکەمەوە؟
**ژن٢:** چی؟ .. ئەوە دەڵێی چی؟
**کچ١:** چۆن شتی وا دەبێت؟
**ژن٤:** چییە؟ .. ئەوە چی دەڵێ؟
**هەمووان:** (بەیەکدا دێن و دەیکەن بە دەنگە دەنگ)
**کچ١:** ئەرێ (بەژنی ٣) پووریێ تۆ ئەوەندە لەگەڵی دەڵێی؟
**ژن٥:** (هەر بێ دەنگە و خۆی ناگەیەنێتە هیچ)
**ژن٣:** (خۆی لێ گورج دەکاتەوە)
ئا تۆ بڕۆنە دواوە.. (بە ژنی ٥) .. جارێ تۆش کەمێ وەرە ئەم لاوە.. هەر دەنگ و نقەت لەخۆت بڕیوە.. بابزانم ئەم کابرایە بۆ وامان لێ دەکات؟
**ژن٤:** ئەرێ ژنەکە (بەژنی ٣) هەقی ئەو ژنەشت هەیە.. تۆ چیتە بەسەرییەوە قسە دەکات یان نایکات.. وازی لێ بێنە تۆ جارێ کردت بەبەزمێک ئەوا بە ڕقا چوو دەرگاکەمان بۆ ناکاتەوە... ئەمە باشە؟!
**ژن٣:** چۆن دەتوانێ نەیکاتەوە؟
بۆچی خۆ شار سەری بە پووش نەگیراوە..
تۆ بڵێی ئەم شارە پیاوی تێدا نەبێت؟
بۆ وا دەزانی هەروا بە ئاسانی بۆی دەچێتە سەر؟
هەتا کەی نێر لەم وڵاتە دەسەڵاتی هەبێت؟
تا کەی ئەوان دەنگ بەرزکەنەوە و ئێمە بێ دەنگ بین؟
**ژن٢:** دەزانن ئێوە زۆر بەسەزمانن.. لە ئێوە وایە ئەو بێ مەبەست دەڵێ دەرگاکە ناکەمەوە؟!
باوەڕتان بێت ئەوە بیانووە بیانوو...
بەخۆمان نازانین بیانوومان پێ دەگرێت..
**ژن٣:** (بەسەرباز) گوێ بگرە کابرا بەڕێز و خۆشەویستییەوە دەرگاکە دەکەیتەوە باشە؟ نایکەیتەوە هەر ئێستە خۆشت و دەرگاکەش لە گرێژنە دەردێنین وا دەزانی زۆر بێ دەسەڵاتین وەیلێ بۆ حاڵی ئەوەی دەکەوێتە بەردەستی ئێمە.. وەیلێ بۆ حاڵی..

**سەرباز:** (هێمن دەبێتەوە)
(بەکچ١) ئا خوشکێ تۆ قسەت لەگەڵ دەکرێت
پێیان بڵێ با بێدەنگ بن من بە مەرجێ ئەو دەرگایە دەکەمەوە، ئەو ژنەی بەر ئەم دەرگایە ئەو منداڵە دوورخاتەوە و نەیباتە ژوورەوە...
**ژن٢:** جا ئێمە چیمانە بەسەر ئەو منداڵەوە؟
**کچ١:** کاکە گیان ئەوە کەی مەرجە؟
کەی ئەوە کێشەی ئێمەیە؟
**ژن٣:** ئیتر منداڵ نەهێنراوەتە نەخۆشخانە ئەم منداڵە نەبێت؟ دوای ئەوە ئەو تەنیا کەسێک نییە ئەو منداڵە بێنێتە ئێرە؟
**ژن٤:** دەزانن ئەمە شەڕ فرۆشتنە، شەڕ فرۆشتن
**کچ١:** تۆ ئێمەت زۆر ماندوو کرد، بیانوومان پێ دەگریت
هەرجارەی داوای شتێکمان لێ دەکەیت
دەرگا گەورەکە ناکەمەوە.. بچووکەکە دەکەمەوە..
منداڵەکە لایەن.. ئەمانە چییە شەرم لەخۆت ناکەیت؟
**ژن٣:** پێم بڵێ تۆ چیتە بەسەر ئەو منداڵەوە؟
ئەو لەگەڵ دایکی خۆی هاتووە... دوای ئەوە ژنەکە ناچارە بچێتە بەر دەرگاکە تا منداڵەکەی نەبێتە ژێر دەست و پێوە...
**ژن٢:** من تێ ناگەم ئەم کابرایە بۆ وا دەکات؟ باشە ئەم شارە بەرپرسێکی تێدا نییە؟ ئەم نەخۆشخانەیە بەڕێوەبەری نییە؟ وا ئەم کابرایە یاری بە ویژدانی ئێمە دەکات؟
**سەرباز:** یاری بە ویژدانی کەستان ناکەم...
**کچ١:** ئەمە یاری کردن بە ویژدان و کەرامەت نییە؟!
تۆ ئەم هەموو ناڕەواییە بەرانبەر بە هەموو ژن و کچە دەکەیت؟
**سەرباز:** من تەنیا داوای ئەوەتان لێ دەکەم خەریکە کاتی دەرگا کردنەوەکە نزیک دەبێتەوە، دەرگاکەشتان بۆ دەکەمەوە، بەڵام بەو ژنە بڵێن منداڵەکەی لەگەڵ خۆی نەباتە ژوورەوە...
**کچ١:** ئەرێ پووری گیان ناکرێت.. ناکرێت منداڵەکەت بەریتەوە بۆ ماڵەوە و خۆت بگەڕێیتەوە؟
**ژن٥:** (سەیریان دەکات و گوێشیان ناداتێ)
**ژن٣:** لەگەڵ تۆمانە.. هەر مێشیش میوانی نییە.....
لەگەڵ تۆمانە تۆ.. دەڵێین ئەو منداڵە دوور خەرەوە...
با ئەم هەموو خەڵکە بچێتە ژوورەوە...
**ژن٥:** (وەڵامی نییە و زیاتر دەستی منداڵەکەی دەگرێت)

**ژن٢:** باشە بۆ وەڵام ناداتەوە؟؟!
**ژن٤:** ئەرێ خوشکە گیان ئەم هەمووە لەگەڵ تۆ دەڵێ..
ئەو منداڵەت لابە، یان خۆت لەوێدا لاچۆ..
با کابرا ئەوەندەی تر بەرقدانەکەوێت و
دەرگاکەمان بۆ بکاتەوە...
**ژن٣:** تۆ بڵێی زمانی ئێمە بزانێت؟
مەزەندە دەکەم کەڕ بێت؟
**ژن٢:** کەڕ..؟ کەڕ لەگەڵ منداڵێکدا؟
شتی وا چۆن دەبێت؟
**ژن٤:** بۆ نابێت؟ هەموو شتێک لەم خاکە وێرانەی ئێمەدا دەبێت؟ هەموو شتێک.. نەمانتوانی نە بۆخۆمان بژین.. نە بۆ منداڵمان نە بۆ خۆشەویستی ولاتمان نە بۆ... (دەست بەرز دەکاتەوە، وەک ئەوەی کە زۆری پێ بێ و تاقەتی نەبێ تەواوی کات..)
**ژن٣:** ئەگەر ئەو کەڕ بێت... دیارە منداڵەکەشی لاڵە.. خۆ منداڵەکەش قسە ناکات..
**ژن٢:** منداڵەکە هەر ڕەنگە قسە نەزانێت... زۆر بچووکە.. زۆر.. ڕەنگە نەزانێ ئێرەش کوێیە و بۆ هاتووە؟
**کچ١:** ئا ژنە گیان.. دەوەرە ئەم لاوە.. ئەگەر خۆت ئیش و کارت نییە پەلەت نییە... ئێمە هەموو کاروبارمان بەجێ هێشتووە..
ناکرێت ئێمە هەر تکات لێ بکەین و تۆ وەڵاممان نەدەیتەوە...
**ژن٣:** تا لەگەڵی بڵێیت زیاتر باوەش بە دەرگاکەدا دەکات... خۆ ئەو هەر هیچ بۆ ئێمە دانانێت هیچ ڕێزێک...
**کچ١:** کاکە گیان دیارە قسە کردن لەگەڵ ئەم ژنە سوودی نییە... تۆ لەخۆڕا ئێمە لەوە زیاتر ماندوو مەکە.. وازمان لێ بێنە دەرگاکەمان بۆ بکەرەوە و با بچینە ژوورەوە.
**سەرباز:** من قسەی خۆمم کردووە... ئێوە ئەو ژنە قایل کەن تا منداڵەکە دوور نەخاتەوە، دەرگاکە ناکەمەوە.
**ژن٣:** ئەو گوێ لە تۆ ناگرێت بەخۆت و دارەکەی دەستتەوە... ئێستا وەڵامی ئێمە دەداتەوە... خۆ نایکوژین؟
بیکوژین؟ ناڕوات... چی لێ دەکەیت؟
**سەرباز:** من نەم وتووە بیکوژن... وتوومە با منداڵەکە نەچێتە ژوورەوە.
**کچ١:** ئێ تۆ ئەگەر مەبەستت منداڵەکەیە.. دەرگاکە بۆ ئێمە بکەرەوە.. ڕێگە بە ژن و منداڵەکە مەدە بڕۆنە

ژوورەوە..

**سەرباز:** ئەوە بەڕاستتە.؟...

هەر ئەوەندە دەرگاکە کرایەوە.. ئەو شا بە سەپان نازانێت بەخۆی و منداڵەکەوە تاو دەدا بۆ ژوورووەوە.. ئەوە من دەزانم فیلمی لەو جۆرەمان زۆر دیوە..

**ژن ۳:** (بەژنی ۲) دیارە دەیناسیٚ... بەخوا دەیناسیٚ... جا با من ڕاستم نەوتبیٚ.. دیارە ئەم ژنە پیشەی ئەم جارەی نییە.. ئیٚ...

**ژن۲:** تۆ بڵێی شتی وا هەبێت؟

**ژن۳:** ئیٚ... بزانە...

**ژن۲:** باشە تۆ پێم بڵیٚ مەبەستت (بە سەربازەکە) تەنیا منداڵەکەیە کە چوونە ژوورەوە بۆی قەدەغەیە؟

یان ترسی ئەوەتە منداڵەکە ببێت بەژێر دەست و پێوە؟

یان (بەزۆرزانییەوە)... دایکەکەی... بڵێم چی؟

**ژن۳:** تۆ دەتەوێت هەروا بەئاسانی وەڵامەکەیت دەست کەوێت؟ (ڕوو دەکاتە سەربازەکە) باشە پێم ناڵێی تۆ چیتە بەسەر ئەو ژن و منداڵەوە؟

**سەرباز:** ... (ڕوویان لیٚ وەردەگێڕێت)

**ژن۲:** (بە ژنی ٤) باشە بڵیٚ ژنەکە تۆ بۆ نەخۆشخانە منداڵ بۆ دەهێنیت؟

**ژن٤:** دیارە کەسی نەبووە لای بەجیٚ بهێڵیٚ؟

یان دڵی نایەت لای کەس داینیٚ؟

نازانم... نازانم چی بڵێم...

**ژن۳:** خۆ هەرچییەک بێت ئێمەشی لەگەڵ خۆی ماندوو کرد.. ئێستا خەمی ئێمە بوو بە خەمی ئەو... ئاخر تۆ دیوتە بەهۆی کێشەی ئەوەوە هەمووماں باجەکەی بدەین... شتی وا دەبێت؟

**ژن٥:** ... (وەڵامی نییە)

**ژن۲:** (بە کچ۱) ئاتۆ بزانە خانم کەسێک نەبووە منداڵەکەی لەلا دانێت وا ئێمەشی بەخۆیەوە سووتان..

**کچ۱:** (بە بێزارییەوە) هەیبووبێت یان نەیبووبێت تازە لەگەڵ خۆی هێناویەتی.. ئیتر ئەو پرسیارە چی لە وەستان و چاوەڕوانییەکەی ئێمە دەگۆڕێت؟

**ژن ۲:** بۆ پێی نەڵێین منداڵەکە بەرێتەوە و خۆی بگەڕێتەوە؟

**ژن۳:** ئەو خۆی هەزاری وەک ئێمە بردۆتە سەر ئاو، قولەپێی تەڕ نەبووە... یەعنی خۆی عەقڵی بەوە ناشکیٚ.. ئێوە ڕێگەی نیشان دەدەن؟

**ژن٥:** (ئاوڕێکی بۆ دەداتەوە)

**ژن٤:** ڕەنگە ماڵی دوور بێت...

**ژن۲:** بە (کچ۱) ئا لێی بپرسە... بپرسە بزانە ماڵی دوورە،

**کچ۱:** (وەڵامی ناداتەوە)

**ژن۳:** بۆ گوێی لە هیچە تا قسەی لەگەڵ بکەیت (بەتەوسەوە)

**ژن۲:** بزانن ئەگەر ئەو ژنە بە مەبەست وای لەخۆی نەکردبوو! من هیچم نەزانیبێت؟! ئیٚ.. من ئەم قسەیەم کرد.. دەنا خۆ هەردەبوو وەڵامێکی هەبێت..

**کچ۱:** دەبوو لەسەرەتاوە هێنانی منداڵ بۆ نەخۆشخانە قەدەغە بووایە.

**سەرباز:** جا هەر قەدەغە بووە. چەندەها جار وتومانە.. منداڵ

مەهێنە.. ئێرە نەخۆشخانەیە.. جۆرەها نەخۆشی کوشندەی تێدایە. منداڵ گوناهی چییە بێتە ئەم جێگایەوە.. ئێرە جێگەی منداڵ نییە. لەوە زیاتر چی بڵێین؟

نازانم.. کەس فێری ڕێزگرتن لە یاسا نابێت.. هیچ شتیٚ لای ئێمە قەدەغە نییە... هیچ شتیٚ.. هەموو کەس هەموو شتیٚ بەرەوا دەزانیٚ بۆ خۆی بیٚ ئەوەی سوود و زیانی لە یاسا و بەرانبەرت ناگریت، دەنا نەدەبوو ئێمەت ئەوەندە ماندوو نەکردایە... تۆ داوا لە خەڵکی دەکەیت پەیڕەوی یاسا بکەن و خۆشت پەیڕەوی ناکەیت؟

**سەرباز:** چۆن پەیڕەویم نەکردووە؟

ئەمە پەیڕەوی کردن نییە تا ئێستا چاوەڕوانی کاتی سەردان دەکەن و هێشتا کاتی خۆی نەهاتووە، بۆیە دەرگاکەم نەکردۆتەوە؟ ئەمە پەیڕەوی کردنی یاسا نییە بەیانی تا ئێوارە پارێزگاری ئەم دەرگایە دەکەم؟

ئەمە پەیڕەوی کردنی یاسا نییە من نامەوێت منداڵەکەت لە ڕێگەی چوونە ژوورەوەیەکی قەدەغە تووشی زیان ببێت؟

**ژن۳:** باشە... باشە.. ئەریٚ لەگەڵی مەڵیٚ.. خۆ ئەو بیٚ دەنگ نابێت (بە کچ۱).. ئەوە هەتا لەگەڵی بڵێیت زیاتر دەڵیٚ...

**ژن٤:** ئەریٚ دەڵێی بپرسین ئەگەر نایەوێت دەرگاکە بکاتەوە با بڕۆینەوە... نە ئەو نەخۆشخانەیەمان دەوێت... نە ئەو سەردانە... (ڕوو دەکاتە خۆی)... کەی زانیمان بۆ خۆمان بژین؟

ماڵ وێرانی و شەڕوشۆڕ هەموو شتێکی لەبیر بردینەوە... هەموو شتیٚ لە خەودا شەڕە.. لە ڕۆژدا.. شەڕە لە ئاشتیشماندا هەر شەڕە.. شەڕ..

**کچ۱:** ئۆی دیسان ئێستا تووڕە دەبێتەوە...

**ژن۳:** (زۆر بە تووڕەییەوە) تووڕە دەبێت نابێت

کەیفی خۆیەتی، دەتوانێ لەمە زیاتر چی بکات؟
هەموو نێوانی ئێمە و ئەو، ئەو دەرگا ئاسنینەیە...
**کـــچ١:** پووریّ گیـان لەسەرخۆ.. ئێمـە لەو کـاتەوە وەستاوین با لێرەدا لەوەی ناخۆشتری نەکەین.. خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین.
**ژن٣:** شـەڕ بەرۆکت دەگرێت... تۆ دەزانی ئەو کـابرایە لە کەیەکەوە یاری بە ئێمە دەکات؟ هەمـووی لەسەر ئەو ژنەیە (ژنی٥)
یان لەسەر ئەو منداڵە.. ئەریّ تۆ بۆ خۆت ناگەیەنیتە مەسەلەکە... تۆ شەرمت بەخۆت نییە.. تۆ..
(خـەریکە پەلامـاری دەدات)، (واتە پەلامـاری ژنی ٥).
**هەمووان:** (دەنگە دەنگ و هاوار نایەڵێ)
**کچ١:** (ڕوو دەکاتە سەرباز) کاکە ئەمە سوودی نییە.. تکات لێ دەکەم
ئەم ژنە گوێ لەکەس ناگرێت.. تۆ هەڵەی کـەسێک بۆ بەسـەر کـەسـانی تردا ڕاست دەکـەیتـەوە... لە هیچ یاسـایەکـدا نەبووە کـەسـێک سـزای خـۆی وەرگـرێت و کۆمەڵێکیش هاوبەشی بن لەو سزایەدا بەبێ مەبەست... دوای ئەوە.. تۆ ئەوە کـاری خـۆتە ڕێگەی دەدەیت یان نا... ئێمە چیمانە بەسەرییەوە...
**سەرباز:** ئێمە بەپێی یاسا کاردەکەین... لەگەڵ زەنگدا دەرگـاکەتان بۆ دەکەمەوە بەڵام یاساش پێمـان دەڵێ کە دەرگاکەتان کردەوە مەهێڵن منداڵ بێتە ژوورەوە.
**ژن٢:** یاسـاکـەی ئێـوە هەر لەبەردەم ڕەش و ڕووتدا یاسایە... فەرمانەکانتان هەر بۆ ئەوانەیە کە ڕێزتان لێ دەگرن...
ئەوانەی ڕێزتان ناگـرن لە ئاسـتـیـاندا یاسـاکـەتان بێ زمانە.
**ســەرباز:** قسـەی ڕاست و دروست بکە پووریّ... من چیمە بەسەر دەسەڵاتی کەسانی ترەوە... من تەنیا باس لە کاروفرمانی خۆم دەکەم... کە چۆن ڕای دەپەڕێنم..
**ژن٣:** (بەلاسایی کردنەوە) کە چۆن ڕای دەپەڕێنم...
جا ئەمە بەکار ڕاپەڕاندن دادەنێ... (بە ژنی٢) ئەگەر وەک ئەو کار ڕاپەڕێنم... هەر ڕووم نایە خۆم بخەمە ئەو سەریەشەیەوە...
**کـــچ١:** تکاتان لێ دەکـەم ژنینە... با لە باسـەکـە دەرنەچین... با بیرێک بکەینەوە چۆن ئەو ژنە قایل کەین و بچینە ژوورەوە... کاتەکە زۆر درەنگە... بەڕاستی من لەوە زیاتر ناتوانم بمێنمەوە...
**ژن٣:** ئەو ژنە بە ئێمە قایل نابێت..
با هەمووان بە پاڵ دەرگاکە بشکێنین.
**ژن٤:** من هێزم نییە بڕۆمە ژوورەوە... ئێستا دەرگای چیم پێ دەشکێنن خوا دەکات ئەو دەرگاکە دەکاتەوە...
**ژن٢:** ئـەمـــــــە، تۆ دەڵـێی (بەژن٣) زیـاتـر تووشی سەریەشە و پرسیار و وەڵاممان دەکات..
**کـــچ١:** (بە ژن٣) پووریّ گیـان بەم شـێـوەیە نـاتوانین کێشەکەمان چارەسەر کەین... دەرگا شکاندنی چی؟ ... خۆ ئێمە بۆ ڕاپەڕین و هێرش نەهاتووین.. ئێمە هاتووین سەردانێکی کورت بکەین و بڕۆینەوە.
**ژن٣:** چاوتان لێیە هەموو چۆن پاشەکشێتان کرد...
ئێـمـە کەی لەگـەڵ یەک کـۆک بووین.. کـەی قسـەمـان یەک قسە بووە؟ باشە لەچی دەترسن....؟
دەرگـا شکاندنێک ئەوەی دەوێت وا هەمـوو سـەری دنیاتان لێ هاتۆتەوە یەک.
**ژن٤:** کچێ خۆ من بۆ زۆرانبازی نەهاتووم... بابە من خۆم وا لە جێی خۆم خەریکە دەبووریمەوە..
**کـــچ١:** خۆ مەسەلەکە تەنیا دەرگـا شکاندن نییە... ئەوەی تۆ باسی دەکـەیت زۆر لەوە گـەورەترە.. هەروەک ئەو ژنە دەڵێ... خۆ ئێمە بۆ زۆرانبازی نەهاتووین..
**ژن٣:** هەمـوو کـارێک ئاسـانە... ئەگـەر هاوکـاری و پشـتـگـیریمان هەبێت، بزانە ئێمـە لەو کـاتەوە هاتوین... نەمانتوانیوە بڕیارێک بدەین.. ئەو ژنەی ناو دەرگاکە (بە ژنی ٥) نەک هەر گـوێمـان لێ ناگرێت، ئاوڕیشـمـان لێ ناداتەوە... ئیتر چۆن دەتوانین لەسەر کارێکی وا ئاسان، لەسەر دەرگا شکاندنێک ڕێک بکەوین...؟
**ژن٢:** (دوور دەکەوێتەوە) خەریکە ساردی دەکات..
جلیشم زۆر لەبەر نەکردووە..
**ژن٣:** دەزانی بەهارە دەمێ گەرمە و دەمێ ساردە...
شتێکی زیاترت لەبەرکردایە...
**ژن٢:** سەرم لێ شێوا ئەوەندە بە پەلە هاتمە دەرەوە...
هەر نەمزانی چیم لەبەرکرد...
**ژن٣:** ڕەنگە برسـیـت بێ، بۆیە هەست بە سـەرمـا دەکەیت..
**ژن٢:** تا ئێـسـتـا تێـرم بەسکی خـۆم نەخـواردووە... نەبوونی.. خەفەت... ڕاکەڕاکە... هەردەم پەلەم بووە لە ژیانمدا.. هەمـوو ئیـشـێکم هەر بە پەلە کـردووە.. هەمـوو ئیشێک..
(دەنگە دەنگێکی زۆر... هەموو بەیەکدا دێن)
(هاوار و پاڵ نان.........................)
(دەنگی زەنگ لێدان ....................)

**جووڵەی دووەم**

**شــوێن:** (هەمان شوێنە... دەرگاکە شێوازێکی تری وەرگرتووە، دەرگا بچوکەکە نیوەی کراوەتەوە... کابرا لەبەردەمیدا وەستاوە)

**ســەرباز:** کەس ناچێتە ژوورەوە... ئێوە ئێستا هەوڵ بدەن کاتەکەتان لەدەست نەچێت... چونکە کاتی سەردان زۆر کەمە...

**کچ١:** باسی چی دەکەیت کاکە.. ئەوە پیاوەکان هەموو چوونە ژوورەوە... با کـاتەکـەمـان لەدەست نەچێت... ڕێگەی ئێمە بدە بچینە ژوورەوە ئیتر ئەو ژن و منداڵە خۆت چی بەرامبەریان دەکەیت بیکە. ئەوەیان خۆت لێی بەرپرسی...

**ژن٣:** ئەوە پێت دەڵێم... خـۆت لەوە زیاتر ناشـرین مەکە.. تا ئێستا کاتی چوونە ژوورەوە نەهاتبوو، بۆیە لەگەڵت هێمن بووین... بەڵام ئێستا شتێکی ترە... تەواو ئێـسـتـا چوونە ژوورەوە مـافی خـۆمـانە... بە بروبیانووی هیچ و پووچ کاتەکەمان مەکوژە

**سەرباز:** چییە هەڕەشەمان لێ دەکەیت؟
دەتەوێت دەست بخەیتە کاری ئێمەوە

**ژن٢:** بۆ کارەکانتان زۆر جوان دەبەن بەڕێوە..
تا خەڵک دەستی تێ بخات؟
ئەوەی چاکە ئەم وڵاتە بەدەست تۆوە نییە،
دەنا هەموو دەکەوتینە سەر شەقامەکان...

**هەمووان:** (هەوڵی چوونە ژوورەوە دەدەن)

**سەرباز:** (دەرگاکەی گرتووە)

**سەرباز:** (ڕێگە نادات کەس بچێتە ژوورەوە)

**ژن٥:** (بەخـۆی و منداڵـەکـەیەوە ڕێگەکـەی گـرتووە نایەڵێت کەس بچیتە ژوورەوە)

**کــــچ١:** کـەمـێک لەسـەرخـۆ.. تکاتان لێ دەکـەم لەسەرخۆ.. هێواش.. خۆ کەس لە کەس تێ ناگات..
دەڵێی هەریەکە لە وڵاتێکەوە هاتووە..
(بە سەرباز) ناکرێت تۆ ئێمە ئاوا ڕاگریت
کاتەکە خەریکە تەواو دەبێت..
ئەمەی تۆ دەیکەیت هیچ ڕەوای هەق نییە..

**ژن٥:** ...

**ژن٣:** تەواو ئیـتـر کـەس لەگـەڵی نەڵێت هەمـوو منداڵەکەی لەدەست ڕاکێشن و بیدەنە دەست سەربازەکە با خۆی بەتەنیا لەگەڵ ئێمە بچێتە ژوورەوە..

**ژن٢:** ئێـمـە لەو کـاتەوەی هاتووین هەر دەڵێین و دەڵێین.. بەڵام ئەو بەبێ دەنگی خۆی نە بەر دەرگـاکـەی بەردەدا.. نە منداڵەکەی دوورخستۆتەوە.

**ژن٣:** ئێ منیش بۆیە وا دەڵێم با لەوە زیاتر لەسـەری نەوەستین، ئێوە بە هەموو منداڵەکەی ڕاکێشن و منیش دەیدەم بە سەربازەکە... با ئاگاداری بێت هەتا دایکەکەی دێتەوە بۆ لای..

**ژن٤:** جا کێ دەڵێت ئەوە دایکی ئەو منداڵەیە؟

**ژن٣:** جا خەمی ئەوەش بخۆین؟ لەسەر ئەوەش دەست بکەین بە مشتومڕ دایکیەتی.. دایکی نییە چاوی خۆشی و منداڵەکەش دەردەهات.

**هەمـــووان:** (دەست دەکەن بە ڕاکێشانی منداڵەکە و هاوار هاوار)

**ژن٥:** (بەهیچ جۆرێک منداڵەکەیان ناداتێ).

**سەرباز:** لەسەرخۆ.. بابە لەسەرخۆ .. ئاوا نابێت..
ئاگاتان لەو منداڵە بێت.

**ژن٣:** نایدات بەخوا هیچ هێزێک نییە لێی بسەنێت..

**سەرباز:** (بێ دەنگ بن.. بێ دەنگ...)
باشترین شت ئەوەیە تا کاتەکان تەواو نەبووە
با منداڵەکە لای یەکێکتـان بێت و یەک یەک بچـینە ژوورەوە...

**ژن٣:** من ئامـادە نیم یەک سـات لە کـاتەکـەی خـۆم بە کـەس ببـەخـشم، خـۆ ئاوی پێم داهات دانیـشم منداڵی خەڵکیش بلاوێنم..

**ژن٤:** من خـۆم وا بە پێوە گیـانم دەردەچێ.. دەمـەوێت یەکێک ئاگای لێم بێت و لەگەڵم بێتە ژوورەوە... ئێستا توانای منداڵ بەخێوکردن و ژێرکردنم هەیە؟!

**کـــچ١:** (بە ژنی ٥) ئێ دە ژنەکە تۆ بمێنەرەوە با ئێـمە بچـینە ژوورەوە لای منداڵی خـۆت بە کـە ئێـمـە هەمـوو هاتینە دەرەوە تۆش هەریەکـــێک دەبێت ئاگـــاداری منداڵەکەت بێت.

**ژن٣:** دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێریت.

**ژن٥:** (وەڵام ناداتەوە)

**ژن ٢:** کـەس بەدیار منداڵی ئەوەوە ناوەستێ.. ئێـمـە ئەوەندەی ئازاری نەخۆشەکان ئازارمان چەشت. ئێستاش ڕاو و تەگبیری ترمان پێ ناکرێت..
(بە ســـەربازەکـــە) تکات لێ دەکـــەین لەوە زیاتر ماندوومان مەکە..

**کـــچ١:** تۆ بزانن ئێمـە لەو کاتەوەی هاتووین چیمـان بەسـەرهات؟ هەموو جـار کێشـەیەکی جیـاوازتر لەوی تر دێتـە بەر دەمان ئێـسـتـا ئەمـە ئەم بەڵایە چی بوو تووشی ئێمە بوو..

ئەرێ دە ژنەکـە گـوێت هەیە؟ چاوت هەیە؟ هەسـتت هەیە؟ دە ڕێگەی ئەم خەڵکە بدە با بچینە ژوورەوە.. من

لەسەر کارەکەم زۆر دواکەوتم. وا مۆڵەتی کاتەکەم تەواو، لەوە زیاتر ڕێگەم نادەن، دواکەوم...

**ژن٤:** (لەگەڵ خۆیدا)-(لە لایەکەوە دانیشتووە)

کارەکەی ئێمە دیار نییە. کەس نییە ڕێزێکی بۆ دانێ..؟ هەموو کارەکانی ناو ماڵی ئێمە بێ بەرانبەرە... بۆتە ئەرکێکی ئاسایی ڕۆژانە.. بە نەخۆشی بە ئازار و بە غەمەوە.

بەردەوام هەر کار بکە... کار بکە...

ناوی کاریشی لێ نانرێت.. خواردن ئامادەکردن.. ماڵ پاککردنەوە.. جل شتن، ڕێک خستنەوەی ماڵ... کوا ئەمانە کارن.. هەر کارنین (بە تەوسەوە) کێ نرخی بۆ دادەنێ... هەموو ئەمانە ... بوونەتە نەخۆشی... ئێسکەکانم هاواریانە.. ئازار... ئازار... بە ئازارەوە بۆ بەردەمی نەخۆشانە.. نەخۆشی بووە هاوڕێی هەتا هەتاییم... چاوەڕێی نەخۆش بووە پرسیاری ڕۆژانەم... ڕۆژی چەند جار بە خۆمم دەوت.. لەش ساغی تاجێکە بەسەر لەش ساغەکانەوە تەنیا نەخۆشەکان دەیبینن..

**ژن٣:** ئەرێ ژنەکە تۆ بیرت چۆتەوە بۆ چی هاتوویت.. دە هەڵسە.. خێرا بەیەکەوە پاڵێکی توند بە کابراوە بنێین.

**هەمووان:** (پاڵێکی توند دەنێین بە ژنەکەوە و منداڵەکە دەکەوێتە بەردەمی سەربازەکە)

**ژن٤:** (ناتوانێت تەواو لەگەڵیان پاڵ بنێت)

**ژن٥:** (هاوار دەکات)

نا.. تکاتان لێ دەکەم نا... توخوا منداڵەکەم..

**ژن٣:** ئاخۆ قسەی کرد... ژنینە قسەی کرد.. (بە هاوار کردنەوە چەند جارێک ئەمە دووبارە دەکاتەوە)

**سەرباز:** (منداڵەکەی لە باوەشیدایە)

بڕۆ... بە تەنیا خۆت بڕۆ..

**ژن٥:** تکاتان لێ دەکەم (بە هەموو ژنەکان)

داوای لێبووردنتان لێ دەکەم زۆر زۆریش داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.. لە دەسەڵاتی خۆم نەبوو هەردەبوو تا ئەم کاتە بێ دەنگ بم.

**هەمووان:** (ئەوەندە گوێی نادەنێ)

(بەپەلە و بە ڕاکردن هەریەکە دەچێتە ژوورەوە لا بەلا گوێ بۆ قسەکانیان ڕا دەگرت)

**ژن٣:** دەزانی تۆ چیت بە ئێمە کرد؟

**سەرباز:** پێم وتی بڕۆ نایەڵم منداڵەکە بەریت...

دەزانی تۆ لەبەر چاوی ئەو خەڵکە منت چی لێ کرد؟

تووشی چەندەها قسەی ناڕەوات کردم..

لەبەرچاوی ئەوانەدا خۆت لێکردم بە کەسێکی نەناسراو!

**ژن٥:** تکات لێدەکەم... با بیبەمە ژوورەوە لەگەڵ خۆم بەتەنیا ئەم جارە ڕێگەم بدە.. دایکم زۆر حەز دەکا بیبینێ. گوناهت دەگات..

**سەرباز:** من گوناهم دەگات یان تۆ..

تۆ گوناهت ناگات ئەو منداڵە ناسکە دەبەیتە ناو ئەو هەموو نەخۆشییە کوشندانەوە... گوناهت ناگات هەناسەی ئەو نەخۆشانە دەێ بەسەریدا!!

**سەرباز:** ......

**ژن٥:** لەو ڕۆژەوەی دایکم نەخۆشە تۆ ئەو بەزمە لەگەڵ من دەکەی. پێت دەڵێم.. ئەو نەخۆشە دایکمە.. دایکم.. ڕێگەم بدە با دایکم چاوی بە منداڵەکەم بکەوێت ڕێگەم بدە با دایکم کەمێک لە ئازارەکانی بە بینینی کوڕەکەم بڕەوێتەوە...

**سەرباز:** پێم وتی ئافرەت ئەو منداڵە ناچێتە نەخۆشخانە و بڕایەوە...

چەند جار پێم وتوویت، دایکە بەتەنیا هەر خۆت بڕۆ، منداڵ لەگەڵ خۆت مەبە...

فەرموو بڕۆ ژوورەوە بە تەنیا

جارێکی تر بۆت نییە ئەو منداڵە بەریتە ژوورەوە

(بە منداڵەکەوە بەرەو پێشەوەی شانۆ دێت)

**ژن٥:** (بەرەو نەخۆشخانەکە دەڕوات)

دەرگای نەخۆشخانەکە کراوەتەوە...

ژنەکان هەموویان لە هاتنە دەرەوەدان..

هەریەکە بە جۆرێک بەرەو پێشەوەی شانۆ وەستاوە)

**ژن٥:** (بە تەنیا پشتی لە شانۆیە و بەرەو قووڵایی شانۆ دەچێت و ئاوڕ بۆ منداڵەکەی دەداتەوە).

**کۆتایی**

**عومان -٢٠٠٦**



پرۆفیسۆر شاکرۆیێ خدۆ سەرۆکی ناڤەندا رەوشەنبری و ڤەکۆلینا کوردی ل مۆسکۆ و ئەندامی ئەکادیمیا زانستی ئەرمەنستانێ– یەریڤان کەسایەتییەکی نشتمانپەروەری کورد بوویەو، ل سالا (۱۹۳۰)یێ ل دەڤەرا ئەلەگەز– ئەرمەنستانێ ژ دایکبوویە و شاکارێن مێژوویی پڕ بها بەرهەمهێنایەو، ل سەرە دانا خوە یا داوییێدا بۆ کوردستانێ، گۆڤارا رامان ب فەرو پێویست زانی هەڤپەیڤینەکا دیرۆکی رەوشەنبیری دگەلدا سازبکەت، لێ دگەل ئامادەکرنا وێدا خەبەرێ مالئاڤاییا وی گەهشتە مە کو ل سبەها رۆژا پێنجشەمبی ۲۰۰۷/۲/۱ی ل مۆسکۆیێ ب ئەگەرا دلڕاوەستانێ ل مالا خوە چوو رەحمەتێ و هەر ب ئەڤێ هەلکەفتێ ئەوێ هەڤپەیڤینا تایبەت ب گۆڤارا مە ڤە بەلاڤ دکەین:

# د. شاکرۆیێ خدۆ:
# ئەگەر ئەم بخوازین ئەوروپا و وەلاتێن دنیایێ پشتگیریا مە بکەن گەرەکە ئەم ب هێز بین

**ئا: رامان**

**رامـــان:** ئەم دخـوازن رۆهنیـەکی ل سـەر دیرۆکـا چاوانیـا دەربازبوونا کوردان بۆ وەلاتێن باشقە باشقە وەکی ئەرمنیایێ و ئازربێجانێ و رووسیایێ و تەڤایا وانا بدن. گەلۆ مەبهستیە دبێـژن دسـالێن (١٩٧٠) ئاندا د سەرژمێرییەکا رەسمیدا (٣٠٠٠٠٠) کـورد ل لاچین یان ناگـورنێ و قەرەباغێ یان ئەوا ژێ را دگوتن کوردستانا سۆر هەبوون، لێ د سالا (١٩٨٩) ئاندا نڤیساندبوو کو کورد تونەنە یان ژی نزیکا (١٢٠٠٠) هەنە، راستیا ڤان هەژماران چاوایە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ئەڤ هەژمارە (٣٠٠٠٠٠) نزانم کێ نڤیساندییە، چاوا نڤیسییە، لێ دهەرێما لاچین، کەلپەجار، کوبادلی، زەنگلانێ (٣٠٠٠٠٠) تو جاران تونەبوویە، هەژمارا کوردان ل ئازربێجانێ گشکا پتر بوویە ژ هەرسێ کۆمارێ پشت قەفقازێ زەعفتر بوویە، سالا (١٩٢٦)ێ ل ئەوا ژێ رە دبێژن کوردستانا سۆر، ئەو ناڤێ وێ فەرمی نیە، ژورنالیست دادنێن کوردستانا سۆر. وی دەمی ل ئازربێجانێ (٤١٠٠٠) بوون. ل تەماما ئازربیجانێ، نەک تەنێ ل هەرێما کوردستانا سۆر، ل سالا (١٩٢٦)ێ ل ئەرمەنستانێ دەورێ (١٠٠٠٠) کورد هەبوون. ل جورجیایێ (٩٠٠٠). ل سالێن (٥٠- ٦٠- ١٩٧٠) هەژمارا کوردان ل ئەرمەنستانێ گەهشتە (٦٠- ٧٠) هەزار و زێدەتر. ل جورجیایێ (٤٠- ٥٠) هەزار و زێدەتر. ل ئازربێجانێ وەکە هاتیە ئیعلانکرن کو کورد تونەنە. لڤێرە ئاشکەرایە سیاسەتا ئاسیمیلاسێ چێبوویە.

ل ئازربێجانێ هەر وەکە کوردی بوسلمان دژیتن، دناڤا واندا دوو ژنتی و سێ ژنتی ژی هەبوو، هەر مالەکێ نزیکی (١٠) زارۆیێ وان هەبوو.

ئەگەر ئەم پرەنسیپا دیموگرافی حساب بدن، ئەگەر ل ئەرمەنستانێ (١٠) هەزار بوویە و (١٠) جاران زێدەبوویە، تو دکاری بێژی کو (٣٠٠- ٤٠٠) هەزار کورد ل تەمامیا ئازربێجانێ هەبوویە. لێ ئەڤە نەبی چونکە سیاسەتەکا نژادپەرستی هنداڤا کوردان هاتە دەربازکرن.

ئەڤ سیاسەتە لدویڤ شکەستا شێخ سەعید را دەست پێ بوو.

**مەرەڤی دخوازە بەعولمدارەکی باش، پرەنسیب ئەوە کو گەلەکی بخوینە و هندەکی بێژە و هندەکی بنڤیسە**

ژ بۆنا کەمال ویلایەتا مووسلێ ب دەستخوەڤە بینە ڤیا کوردان ل دۆرا خوە دا بجەمینە، ل کوردا لیستکەک چێکر. من ڤێ داویێ گۆتارەک حازرکریە، ئەزێ چاپ بکم کو وەکی پرۆژەکی هەبیاو پەرلەمانتا تورکا قەبوول کریە د دەرحەقا حوکمێ زاتی بۆ کوردا ل تورکیایێ. پێ را ژ ئورتی هلدان و ڤەشارتن و، وەختا ئوسیانا شێخ سەعید شکەست کەمال ئیعلانکر ل تورکیایێ نەکورد هەنە و نە مەسەلا کورد هەیە. ئیجا ل ئازربێجانی ژی سەرۆکێن وێ ل سەردەمێ سوڤیەتا بەرێ چڤاس خوە کۆمونست حساب دکن، لێ عەینی ناسیونالیست و راستنیس بوون. وان نەدخواست سیاسەتەکا دژ سیاسەتا تورکان بکن. تورک بێژن مەسەلا کوردان تونەیە، ل ئازربێجانی ژی کورد رۆژنامان دەرخن، ئەڤە نابە، لەوما ژی بەرە بەرە ژناڤچوون، چونکە پەیوەندیێن سوڤیەتێ دگەل کەمالیستان دخوەشبوون، لەوما ژی سوڤیەتێ چاڤێ خوە گرت و، ئەوێ سیاسەتێ رەوشا کوردان گهاندە وێ یەکێ وەکە نها ل وێ هەرێمی کورد دکێمن. ئێستا ل ئازربێجانێ تەخمین دکم (٧٠- ٨٠) هەزار کورد هەبن، ئەوێن خوە ب کورد حساب دکن، چونکی هەنە خوە ب کورد حساب ناکن، دزانن باب و کالێ وان کورد بوونە، لێ نەکوردی دزانن و نەل سەر کوردان خوە دشەوتینن و نە پەیوەندییا وان ب کوردستانا باشوور هەیەو خوە ژبۆ وێ و بۆ باکوور ناشەوتینە، ئەو چ کوردە. ئەز وان ب کورد حساب ناکم.

**رامـان:** ل ئەرمەنستانێ بزاڤەکا رەوشەنبیری خورت د ناڤا کوردان دا هەبووەو نها ژی هەیە، ئەڤ بزاڤە چاوا چێ بووە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** راستیەک هەیە ئەو ژی ئەوە، وەکی ژ هەموو کۆمارێن یەکەتیا سۆڤیەتا بەرێ پتر و باشتر مەجال و شانس بۆ کولتوورا کوردی هاتن ئامادەکرن و چێکرن ل کۆمارا ئەرمەنستانێ بوو. ئەز بێژم نەک تەنێ شانسدان ل سالێن (١٩٢٠- ١٩٣٠)ێ چێ بووە کو وێ گاڤێ کادرۆیێ مە تونەبوون، لێ رەوشەنبیرێن ئەرمەنیا خوە ئامادەی کاری کوردی دبوون. ل سالا (١٩٢١)ئان ئەرمەنیەکی دوستی کوردان یاکوب ئازاریان ب حەرفی ئەرمەنی ئەلفبا بۆ کوردا چێکر و

کتێبا دەرسا چێکر، ئەو کتێبا دەرسا ناڤێ وێ دانا (شەمس). ب وێ پەرتووکێ کوردێ مە زمانی خوە هینبوون. ئەو پەرتووک هەتا سالا (١٩٢٩) ئان دهاتە بکارئانین و، ل سالا (١٩٢٩) ئان ب رەسمی و ب سپارتنا حکومەتا ئەرمەنستانێ تەنێ ئەلفبایێ نوێ ل سەر کرافیکا لاتینی هات چێکرنێ. ئەو ئەلفبا ژ ئالیێ نڤیسکار و شوغلکاری سیاسیی کوردا عەرەبێ شەمۆ و مەرەڤەکی دن یێ کورد زان و گەلەکی باش کوردی دئاخڤی و ئەسلێ خوە ئاسووری ئیسحاق مۆرۆگولوڤ، ئەوی و عەرەب شەمۆی بهەڤرا ئەلفبایا کوردا چێکرن. ئەو ئەلفبایا وان هەتا سالا (١٩٣٨) دهات کار ئانینێ. ل سالا (١٩٣٨) ئان ستالین و رژێما وی گەلەک تەعەدا چێکرن، بۆ گەلەک مللەتان و هۆسا ژی بۆ کوردان، هنەک مرۆڤ هاتن گرتن و سورگۆن کرنێ دناڤا وان دا حاجیێ جندی و عەرەب شەمۆ و جاردۆ گەنجۆ و ئەحمەدی میرازی... رۆژنامەیا ریا تازە ژی کو وەکی ل سالا (١٩٣٠) ئاندا دەست پێ کری ئەو ژی هاتە دادانێ. کۆلیژا پیداگوگی ژی کو ل سالا (١٩٣٠) ئاندا هاتبوو ڤەکرن هاتە دادانێ. رادیۆ و خەبەردان هاتنە دادانێ، ئەو گشک کشاند هەتا سالا (١٩٥٣)ێ کو ستالین مر، پەی (١٩٥٣)ێ ئەڤ غەلەتی هێدی هێدی هاتنە راستکرنێ و ل سالا (١٩٥٥)ێ جارەکا دن دەستپێ کرە ڤە، رۆژنامەیا ریا تازە دەرکەت، وەکو دەرکەت ئەز ژی هاتمە دەعوەت کرنێ و هاتمە ورێ وەکە سەرۆکی بەشەکی خەبتیم. رادیۆ خەبەردانی کوردی دیسا دەست پێ بوو. بەشەکی نڤیسکارا کوردان رەخ تفاقا نڤیسکارێن ئەرمەنستانێ هاتە چێکرنێ، بەشی کوردزانییێ هات چێکرنێ و وەکو ئەز سەرۆکێ وێ بووم (١٣) مەرەڤ تێدا دخەبتین (٤) پرۆڤیسۆر بوون، دناڤبەرا سالێن (١٩٨١- ١٩٩٤) ئان ئەز سەرۆکێ وێ بووم پاشی چوومە مۆسکۆیێ، نها ژی ئەو بەردەوامە لێ نەوەکە بەرێ مەزنە، نها گروپە و ئێدی نەبەشە، ب هەزاران پەرتووک هاتنە چاپکرنێ، نها ژی تێنە چاپکرن ب کوردی، ئەرمەنی، رووسی.

**رامان:** ل سەر ئەدەبیاتا کوردان ل ئەرمەنستانێ، هونەرا وان، نەقاشیا وان، ئەو پێزانینێن وە هەبن ژمە رە رۆهن بکن؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** کارو خەباتێن باش تێ کرنێ لێ نەوەکە بەرێ.

تێکچوونا سوڤیەتێ تەئسیرا وێ خەراپ بوو ژبۆ کوردان و هەموو نەتەوەیێن بچووک. هنەکی تەعەددا ژ وانا هاتە کرنێ.

تەعەددا ژ تەرەفێ ناسیۆنالستەیێن جۆرەوجۆر، ئەڤە یەک ویا ددویا نڤسکارێن سلسلەتا پێشی چوونە رەحمەتێ وەکە عەرەب شەمۆ، حاجی جندی، جاسمێ جەلیل... ئێستا نڤیسکارێ مەیێ ڤان سێ سال بەرێ فەریکی یوسف گەلەک شاعیرەکی مەزن بوو. شاعیرو نڤیسکارێ مەیێ ناسکری و مەعریفەت:

١- عەسکەرێ بویک ئەو ڤێ گاڤێ ل ئەلمانییێ یەو ب ئەکتیڤ دنڤیسینە.

٢- تووسنێ رەشید ل ئوستراليايیە.

٣- عەگیدی شەمسی ل ئەرمەنستانێ کار دکە.

لێ بەلێ پەرتووک کێم تێنە چاپکرن، وەکە بەرێ نینە، جاران خەرجی و پەرە حکومەتێ ددا، لێ نها دەبیت نڤیسکار پەرە بدە.

**رامان:** ئەم دخوازین پتر پێزانینان دەربارەی پارا کوردی یا رادیۆیا یەریڤانێ بدی مە، چاوا چێ بوویە، ددەستپێکێدا خەباتکارێن وێ کی بوونە و نها چاوا دۆم دکە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** رادیۆیا زمانێ کوردی دەستپێکا وی ل (١٩٣٠) بوو هەروەکو پێشترێ من گۆت، لێ ل سالا (١٩٣٨)ێ هات دادانێ و ل سالا (١٩٥٥)ئان جارەکا دنی خەباتا خوە دەستپێکر.

**رامان:** چما ئەڤە چێ بوو، قەرارەک بوو یان ژی...؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** بەلێ قەرار بوو، قەرارا حکومەتێ بوو ژمۆسکۆڤە هات، ئیزن دانە ئەرمەنستانێ کو رادیۆیا خەبەردانا کوردی بکن بۆ کوردا.

**رامان:** وەختێ پەخشکرنا وێ چقاس بوو؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** تازە دەستپێکرنا وێ (١٥) دەقیقە بوو، پاشی کرنە نیڤ سەعات و پاشی کرنە (٤٥) دەقیقە، پاشان کرنە سەعاتەک و پاشی کرنە سەعات و نیڤەک هەر رۆژ ئەڤ پرۆگرامێ وێ ژ (١٩٥٥)ێ هەتا نها بەردەوامە. من چقاس کوردێن باکوور دیتنە گشک بچووک و مەزن خوە گەلەکی منەتکاری رادیۆیا یەریڤانێ حساب دکن، دبێن رادیۆیا یەریڤانێ ئەم ژوەندابوونی خلاسکرین. هەر تشت ل تورکیایێ قەدەغە بوو.. رادیۆی کارەکی گەلەک مەزن کرییە. گەلەک مەرەڤان کەسێ خوەیێ وەندا کری جارەکا دن درادیۆیێ دا ددیتن. خەباتا

رادیۆیێ پڕ مەزن و گرنگ بوویە. ئەوێن تێدا خەبتینە جاسمێ جەلیل، خەلیلێ موراد سپیکەرێ وێ بوونە. نووری پولاداغا، لۆسیکا حسێن. ئێستا سەرۆکاتیا رادیۆیێ کەرەمێ سەیاد دکەو کورێ وی و بووکا وی و کەچا وی ژی ل ورە کاردکن. ئەز گەرەکی بێژم مالباتا وی نەبوو پەرە دشوغلە ئەو کارەکی مللەتینی دکن. کەرەم بەرێ سپیکەرێ رادیۆیێ بوو نها دگەل مالباتا خوە برێڤە دبن. ئەز ژی چووم یەریڤانێ گەلەکی پێ رە گرێداینە، ژ ئیرانێ ژ تورکیێ ژ عیراقێ ژ سووریێ و ئوستراليا و لوبنانێ و رووسیایێ و وەلاتێن دن ژێ رە دنڤیسن.

ب مللەتینی دخەبتن، نەکو نژادپەرستی. ب مەعریفەت نیشان ددن کو کورد کینە و کولتوورا وانا چییە کو ژ ئالییێ سازبەندی و مۆسیکێ و دەنگبێژیێ گەلەکی دەولەندە.

**رامان:** هوین د رادیۆیێ دە نە شوغلینە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** نەخێر.

**رامان:** وەکی ئەم دزانن وان سالێن کو بارزانی ل سۆڤیەتا بەرێ بوو، ئەو هاتیە ئەرمەنستانێ، چوویە ئەلەگەزێ و گوندێن کوردان. وی دەمی سەرەدانا بارزانی چقاس ئومێد و هیڤی دناڤ کورداندا چێ کر و، کوردان چاوا پێشوازیا وی کر؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ل سالا (۱۹۵۷)ێ بارزانی هات ئەرمەنستانێ. وی دەمی ئەز ل رۆژنامەیا ریا تازە بووم و، وەکە جێگرێ رێداکتۆرێ دخەبتیم. ل پێشیێ و بەری هەر تشتی بارزانی هات ریا تازە. وێ دەمێ میرۆیێ ئەسەد رێداکتۆری ریا تازە بوو- ئەوی مێرخاسا تفاقا سۆڤیەتا بەرێ ل عەسکەریەتیێدا قارەمانێتی کربوو- و هەروەسا سەمەد سیابەندۆف- نها چوویە رەحمەتێ- و نادۆ ماخمەدۆف، حاجیێ جندی.... ل ور دخەبتین. رەوشەنبیرێن مە زانیبوون بارزانی کییە، لێ جمعەتا سادە کێم زانیبوو، لێ بەلێ وەختا هاتبوو سۆڤیەتا بەرێ هاتنا وی ببوو قەوماندنەکی گەلەکی مەزن، جمعەتی تەڤلی هەڤ دخوەست بدیتانا، لێ وی چاخی رژیما سۆڤیەتی ژی ئەو بوو وەکی دپاراستن، دووری خەلکی بگرن و نەهێلن ببینن و هاتوچۆن بکە لەوما ژی زەعف ئاشکەرا نەدکر. ب راستی هاتنا بارزانی بوو تشتەکی دیرۆکی، بارزانی مەرەڤەک بوو راست ب مەرەڤان را دگۆت نەدنێری پێشیا کییە و چییە.

یا هەرەپێشین وەکی بیرا مندا ئەوە وەکە بارزانی رەخنەکی دۆستانی ژمە گرت و دبێژە: هەریەکی ژ وە جێگرێ رێدەکستەرێ گرتییە، هوون کێم تشت بۆ گەلێ کورد دکن. شیرەتا وی یا ددوا ئەوبوو گاڤا ل ئەلەگەزێ راستی سەرۆکێ دبستانێ عەگیدێ خدۆ- برایێ من بوو- هات، گۆتێ خورتۆ ناڤێ تە چییە؟

گۆ ناڤێ من عەگیدە. گۆتێ تۆ چ دکیی، گۆ ئەز سەرۆکێ دبستانێ مە. بارزانی گۆت: ئا قوربان شوغلی تە گەلەکی پیرۆزە، بۆمە کادرا حازرکە، مرۆڤی خوەندی تەڤ پێویستە، بارزانی چوو، ئەز ژی پێ را چووم. چووینە دوو گوندان یەک گوندێ حەکو کو گوندی کەرەمێ سەیادە، یا دی ژی گوندێ جەرجەریسێ ل نەحیا ئەلەگەزێ، ل ئەلەگەزێ دەربازبوو چوو جەرجەریسێ. وەختێ ڤەگەریا ل ئەلەگەزێ سەکنی. گاڤا ئەم ل جەرجەریسێ بوون گۆت با ئەم بنێرین کا کوردێ مە چاوا دژیت، ئیجا من گۆت کەرەم کە ئەم هەرن ڤێ مالێ دبێ نە ئەو مالا وە گۆت ئەم ناچن وێ مالێ، ئەم هەرن مالەکا دن، یەنێ وەکی ئامادەکری نیبە. چوو کەتە مالەکێ گوندییەکی سادە، ئەوانا رند قەبوول کرن... ژنک مێرک سەرهەڤرا چوون. وەختا بارزانی خواست دەرکەڤە مێرک سەکنی دبێ هوون من بکۆژن ئەز وە بەرنادم، چاوا مستەفا بارزانی بێت مالا من ئەز پەزەکی سەرژێ نەکم.

**ئەم مللەتەک بندەست بوونە، لێ نەشکەستنە**

مە ئینجاخ ئینجاخ دەستی وی گرت.

بارزانی وەکە نەقلەکە نوو دا روحی مللەتی، وەکە ژەنەرالەکی و مەرەڤەکی مەزن مە هەیە. تێ بیرا من دگۆت وەکە ئەز ڤەگەرام مۆسکۆیێ ئەز خرۆشۆڤ را بێژم- وێ چاخێ سەرۆکی سۆڤیەتێ بوو- تو گەرەکی شانسەکی بدی من ئەز دەرکەڤم کوردستانێ، ئەگەر تۆ نەهێلی ئەز هەرم تو دژمنی کوردایی. گەلەک گلی دەرهەڤا هاتن و راستهاتنێن خوەدا دکرن.

ب راستی بارزانی سومبولەکە ئومێدا مە هەموو کوردا بوو. هەموو کوردان حساب کر وەکی جمعەتا مە چقاس بندەستە لێ نەشکەستە. ئەری ئومێدا هەری مەزن ئەوبوو ئەم بندەستین لێ ئەم نەشکەستینە. ئەڤ ئومێدە مە

دنێراندن و خەبەردانا بارزانی دا ددیت.

**رامان:** مە دڤێ دیسا ئەم داگەرێین چاوانی کارێ وە ل ناوەندا رەوشەنبیری ل مۆسکۆیێ کا چاوا ئەو ناوەند چێبوویە، سەرکارێن وێ کی بوونە، پرۆبلمێ وە چ بوویە، وە چقاس کاریە د ڤان چەند سالاندا پرۆگرامێ خوە بمەشینن؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ناوەندا لێکۆلینا کوردی ل مۆسکۆیێ سالا (١٩٩٣) هاتە ئامادەکردنێ، پرۆفیسۆر و دکتۆرێن کورد ئەز بژاردم وەکە سەرۆکی ناڤەندا ڤەکۆلینێن کورد، ل ورا دا دوانزدە دکتۆر و پرۆفیسۆر کاردکن وەکە پرۆفیسۆر لازاریف، پرۆفیسۆر حاسراتیان، پرۆفیسۆر یوسفیا، دکتور بەشیر.... ئەم سەر پرسێن دیرۆک و ئەدەبیات و مەدەنیەتا کورد کاردکن. هەتا نها (١٠) پەرتووک چاپکرنە، یا هەرە مەزن و بها گران دیرۆکا کوردستانێیە، وەکە جارا یەکەمین ب سەرۆکاتیا من و بەشداربوونا (٥) پرۆفیسۆران هاتیە نڤیساندنێ. دیسان ژی پەرتووکێن جۆراوجۆر هاتینە نڤیسارێ سەر زمانێ کوردی ب تایبەتی ئەڤ پرسێن وەکە غەلەتی تێدا هەنە. دیسان پەرتووکا دیالێکتا کوردی گۆرانی، دیالێکتا کوردی عەینی ب ڤی جۆری زازایی، هەروەسا پەرتووکەکا پڕ بها مە ل سەر گرامەرا کوردی یا دیرۆک چاپکر، ئەڤە جارا یەکەمینە کو تەمامیا زاراڤێن کوردی دڤێ کتێبێدا هاتینە لێکۆلین کرنێ و ل سەر بنگا وانا زمانی کوردی دیارکرنێ، کو هەموو دیالێکت وەکو سۆرانی، گۆرانی، زازا، لۆر و لەکە گشک ئەڤانەستراکتۆرێ زمانی کوردی نە، ئەڤە بەرسڤا وان عالمدار و نەعالمدارێن رۆژهەلات و رۆژئاڤایی ددە کو دخوازن مە باشقە باشقە بکن، مە دژی هەڤ بکن.

ناڤەندا مە کۆنفرانسان دەرباز دکە، کۆنفرانسێن ناڤنەتەوەیی سەر پرۆبلمێن کوردی، بۆ نموونە ل سالا (١٩٩٨) مە کۆنفرانسەکا مەزن ل سەر سەدسالیا رۆژنامەڤانیا کوردی چێکر نەک تەنێ سەر کوردستانێ لێ ل رۆژنامەڤانیا کوردی ب گشتی، ژ کوردستانا عیراقێ ژی هاتبوون فەلەکەدین کاکایی و د. ناسح ژ هەولێرێ و دلشادو مستەفا ژ سلێمانیێ. هەروەسا ئەم سیمینار و پرێس کۆنفرانسان دەرباز دکن. هەر سالێ ژبۆ بیرئانینا حەلەبجەیێ ئەم بیرئانین چێ دکن. گەلەک جاران پێوست بە ئەم ئێڤاریێن پرس و بەرسڤان تەشکیل دکن. ئەم دخەبتن چقاس ب دەستێ مەتێت ل مۆسکۆیایێ ئاگاداری بکن وەکو ل کوردستانێ چ دقەومە، هەلبەتە ب دەستێ راست نەکو سەختە، چونگی گەلەک جاران ب نەزانتی و گەلەک جاران ژی ب قەستی تێ کرنێ ژبۆ تەڤلیهەڤبوونەکێ یان ژی فوکرێن نەراست دەرهەقا کوردو کوردستانێ چێکن. ئەز گەلەک جاران د تەلەفزیونا رووسیایێ د ئاخڤم و د رۆژنامێن مەزن و پێشکەتیدا مەقالان سەرپرسا کوردی چاپ دکم.. ب کورتی ئەڤە کارێ مەیە.

**رامان:** چقاس رەوشەنبیرو دیرۆکزانێن مللەتێ رووس ئان مللەتێن باشقە باشقە ئەوێن ل رووسیایێ هەنە گرنگییێ ددن کارێ وە و ئالیکاری و پشتەڤانیا مەعنەوی و هزریبیا وە دکن؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** سمپاتیا رەوشەنبیرێن رووس ب پرانی ڤە تەرەفێ کوردانە و گەلەکی نزیک کوردان دبن، چونکی د ئالی ماتیریالی دا کێمە یان تونەیە. ئەم خاس پەیدا دکن ژبۆ ئەو لازمە داکو کارێ خوە بەردەوام بکن. دخوازم بێژم ژی وەکە کەلتوورا سپانسۆریێ- سپانسۆر یەعنی پشتگیریێ بکن- ئەو کەلتوور دناڤ مە کوردان دا کێمە تازە دەست پێ دبە. مەسەلەن ئەرمەنی گەلەک پشتگیری ئوجاخی خوە و کەلتوورا خوە دکن، یەهوودی پڕ گەلەکی دکن، یۆنانی دکن. دناڤ مە کورداندا گەلەکی زەنگین هەنە لێ ئەو هەلێن ئالیکاری سستن، گەلەکی زەعیفە.

**رامان:** ناوەندا وە گۆڤارەکە تایبەت ب خوەڤە هەیە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ئەم دخوازین گۆڤارەکی دەرخن، لێ کۆڤار دەرخستن هنەکی زەحمەتە، چونکە ڤیناسی- دارایی- ڤە گرێدایە، بۆ دەرخستنا کۆڤارێ کاغەز لازمە، خەباتچی لازمن، گەرەکی بێت چاپکرنێ، ئەو مەجال ددەستی مەدا هەیە، ئەم دکارن دەرخن کادرۆیێ مە هەنە، لێ بۆنا ئامادەکرنا وی شوغلی بنگایی وێ و ئیمکانات تونەیە، ئەڤە یەک یا ددویا بۆنا ئەم دەوسا ڤێ کێمانی پڕ بکن نها ئەم بۆلتنەک، ئینفورماسیکەک ئانالیتیک خوەشک دەرهەقا کوردستانی ددن، چ ل کوردستانێ تێت ب تایبەتی ل کوردستانا باشوور، مەهێ سێ جاران دەردێخین.

**رامان:** ب زمانێ رووسییە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** بەلێ ب زمانێ رووسییە.

**رامان:** ئەو ب تەنێ ب پارتی رە بیە یان ب حزبێن دن ژی رە یە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ئەو نوینەری پارتی تەڤە ل فرەییە نەیا حزبییە.

**رامان:** هەیامەکە هوون ل کوردستانا باشوورن، پارتی دیموکراتی کوردستان رێڤەبەرییا حکومەتا هەرێمێ دکەت، هوون رەوشا وێ چاوا دبینن، چقاس حکومەتا هەرێمی شیایە خزمەتان بدەت خەلکێ کوردستانێ و پێشڤەچوونان چێکەت؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** هەفت سال بەری ئەز هاتم ڤێ دەرێ، ناڤا ڤان هەفت سالاندا گوهەرتنێن پڕ مەزن هاتنە کرن، مەرەڤ ب چاڤێ خوە باوەڕ ناکە، گەلەک گوهەرتن ژ ئالیێ ئیکۆنومیکێ، ژ ئالیێ کلتووریایێ ژ ئالیێ خوەندن و دەرجەیێن ماین دا هاتنە کرنێ. ژ ئالیێ پلورالیزمیدا ژی وەکە ئازادی هەیە، کیژان پارتی چ دخوازە چاپ بکە دەردینە، ئەڤە بوو ئینتیبباعەکی گەلەکی بهاگران و گەلەکی باش بۆنا مللەتێ مە بدە کفشێ، وەکە ئەم تەنێ دکارین شەڕکاریا ئازادارییێ بکن خوە بپارێزن، لێ وەسا ژی ئەم دکارن، د ئاشتیێدا گەلەک تشتی باش چێکن یێن کو پڕ بها گرانن، نەک تەنێ بۆ مللەتێ مە لێ هەروەسا ژی بالکێشن بۆ دنیایا ژمە دەر، کرن و پۆلیتیکا حکومەتا کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ب راستی لایقی قیمەتەکی هەری بلندن و ئەم سەرکەفتن و پێشکەتنەکا مەزن ژ وان را دخوازین و خواستنامە ئەوە وەکی د وەعدەکی نەدرێژدا ئەڤ دیوارێ بەرلینی ژی ئورتا هەردوو هەرێمادا بێ هلدانێ، ئەو کارەکی هەر کوردەکییە. ئیرۆ کوردستانا باشوور بییە مینا زوونەکا گولڤەدای دنیڤا هەر چار پارچێ کوردستانێ دا، ناکۆکیێن ناڤخوەیی بێن پارچەکرنێ. هەر کوردەک دزانە حەقی نەحەقی ژ کۆ دەرێ یە و ژکییە. دڤی پرسێدا بیروباوەڕ و ئومیدا مە مەزنە سەر پارتی سەر سیاسەتا ئاقلبەندی کو سەرۆکاتیا کاک مەسعود تێت دەربازکرن.

**رامان:** وە کارەک پڕ رند ل سەر زمانی کوردی و گرامەرا کوردی کرییە، وەکە کتێب هاتیە وەشاندن، گەلۆ هوون پێدڤی نابینن یەکەتیەک، هەڤبەندیەک دناڤبەرا ئەڤ چەند ناڤەندێن رەوشەنبیریێن ئەکادیمیکێن کوردی وەکە ئەنستیتۆتا کورد ل پاریس و ئەنستیتۆتا کورد ل بەرلینێ و ئەنستیتۆتێن ل ستەنبۆلێ هەنە یان ژی وەکە ناڤەندا وە کۆمبوونەکی وەسا مەزن چێ بە داکو بکارن بنگەهەکی ژبۆ زمانی کوردی چێ کەن. ب کیژان پیت بێتە نڤیساندن کیژان ئەلفابێ خزمەتا قۆناغا ئەڤرۆ یا مللەتێ مە دکەت، کیژان دکارە پێش هەڕە، یەعنی خەباتەکی وە د ڤی ئالی دا تونەیە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** راستی ئەو پرس گەلەک باشە و ب جی یە، ئەم سەر وێ پرسێ گەلەکی دفکرن و ئەز باوەڕ دکم ئومیدا مە هەیە ناڤا سالەک دوو سالێن پێشیندا تشتەکی وەسا گەرەک بێت کرن چونکی ژ تەرەڤێ مە دە گەلەک پرس هەنە وەکی لاییقی مناقشەکرنی نە. دیسکۆسەک لازمە کو هەموو کورد تیرمێ وەکو هەڤ بکاربینن، چونکە نها برادەرێن مە ل عیراقێ د دبستانێ دا هینی تێرمێ عەرەبی دبن و ل ئیرانی تیرمێن ئیرانی و ل تورکیایی تورکی و ل رووسیایێ رووسی، ئەڤە ژی زەحمەتەکی گەلەک تینە پێشدا بۆنا فەهمکرنا کوردێ مە، ئەڤە یەک یا ددویا گەرەکە ئەم بێنە سەر بیروباوەڕەکێ بڕیارەکی بدن وەکی یەکجۆرەیی هەبە، بۆ نموونە پەیڤا سیاسەت ئەم ب چ جۆرە بنڤیسین (رامیار) یان (سیاسەت) یان (پولەتیک)... ئەم چ جۆرە بنڤسین و گەلەک تیرمەیێن ماین، نها هەر یەکە ب جۆرێ خوە دنڤیسینە. ئەگەر ئەم هنەکی بێینە سەر و یەکێ ژی وەکە دناڤا زاراڤایێ مەژی دا هنەکی جۆدای هەیە، ئەو چەند لایەنێن مەزن چێ دکن. ئەگەر ئەو تیرم و فیکاس هەبە کارێ مە گەلەکی رەحەت ببە تو دکاری کو تێکست فەهم بکی، ئەگەر ئەڤ خەبەر تە فەهم کر تۆ دکاری کلیتا تەمامی هەڤۆکێ یان تەمامی ئاخفتنێ هەبە، ئەڤە یەک یا ددویا گەلەک تەڤلیهەڤیکا مەزن دناڤا راستنڤیسارێ دا هەیە... ئەگەر مە تیپێن لاتینی قەبوول دکن راستە، ئەم گەرەکە تیپێن لاتینی گشکی قەبوول کن کو چاوا وەکە هەنە ل وانا زێدە بکن ئەوێن دناڤ تیپێن لاتینی دا تونە.

**رامان:** سەر رەوشا خوەندنا ئەکادیمی ل کوردستانێ، ئەڤە دوو جارە هوون سەردانا کوردستانێ دکن، خوەندنا ئەکادیمی چاوا دبینن و ئەم حەز دکن پێزانێن وە، ئەوێن ل با وە هەنە ل سەر ئەو ئەکادیمیێن مە ئەوێن هاتنە رووسیایێ دەرس خوەندنە، وان چقاس کارینە مفا ژ ئەکادیمیا رووسیایی وەرگرن وبینن کوردستانێ؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** دوو هەفتە سێ هەفتەیە کو ئەز ل ڤێ دەرێ مە. گەلەک جاران حازری و بەرهەڤی و پڕبوونا زانیبوونا، مەرەڤان نە ب جهی ڤە گرێدایە، ب شەخسی ڤە گرێدایە، چقاس دخونە، مەرەڤی دخوازە ببە عولمدارەکی باش دخوازە ببە دەرسدارەکی باش

مامۆستایەکی باش پرەنسیب ئەوە گەلەکی بخوینە، هندەکی بێژە و هندکی بنڤیسە. لێ دناڤ کەدا جارجارە هەنە وەکی کێم دخوینن و پر دنڤیسن. ئەو برادەرێن مە لڤێرە وەکو مە دیتن دەرسان ددن ئەز گەلەکی پێ را کێفخوەشبووم. لیتراتورەک و کتێب و خەباتێن باش ژ زمانێ رووس ڤە تێنە چاپکرنێ، ئەو ژی کەنالەکی کێرهاتیە وەکە ئەو کاربن زانیبوونا خوە پرۆفسونالتا خوە دۆم بدن.

سیستەما خوەندنێ نکارم بەحسی بکم چونکە من ب شاگردو تەلەبان را قسە نەکریە، باوەڕ دکم ئەو بازا ل سەر هاتە چێکرنێ وەکە من پرس کریە چاوا ئینتیما دکن چاوا قەبوول دکن، ناڤا مندا ئومێدێ تێنە پێش داتینە، ئەو سیستەما باشەو زووتر ئەمێ بەرێ وێ ببینن.

**رامـــان:** ئەم دخوازن ل سەر تێزا وە یا پروفیسۆریێ ئاگادار بین، کا ل سەر چ بوویە و ل کیژان سالێ بوویە، بوویە کتێب ئان نەو هاتە پاچڤەکرن بۆ کوردی؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** کەکێ من تێزا پرۆفیسۆری ب پرەنسیپ تونەیە، هەیە تێزا دکتۆریێ، سیستەما غەربێ و یا رووسیایێ نە یەکە. تێزا منا دکتۆریێ سەر پرسگرێکا حوکمی زاتی یا مللەتی کورد ل کۆمارا عیراقێ بوویە. ل سالا (١٩٧٧)ێ من دکتۆریا خوە وەرگرت و هەر وێ سالی چاپ بوو.

من ژ تەڕا گۆت وەکە سیستەما دکتۆرایێ مە نەیەکە. ئەم دبێن کاندیدا و ناوک. دکتۆرایا کاندیدا دەرەجا یەکێیە پاشان دکتۆرا یا ددویا هەیە دکتۆریا ناوک ئەو دکارن بن پرۆفیسۆر. یا یەکێ من (١٩٦٣)یان خای کریە و یاددویا من ل سالا (١٩٧٧)ێ وەرگرتییە، لێ ناڤێ پرۆفیسۆریێ دستین سەرا حازرکرنا کادرێن علمی دەدەرسداریان و نڤیساندنا وان دا، ومن ژی ئەو ل سالا (١٩٨٠) ئان ستاندییە.

**رامـــان:** یەک ژ نڤیسارێن وە ل سەر دۆزا کوردان دناڤبەرا هەردوو شەرێن دنیایێ دە بوویە، ئەم دخوازن بزانن فاکتەرێن ناڤنەتەوەیی ل سەر دۆزا کوردستان د ئەوی دەمی دا چ بوونە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** فاکتەرا سەرەکی کو تەئسیرەکا خەراپ ل سەر تەڤگەرا کوردا هەبوویە، کوردا شەڕکارییا خوە تەنێ دکر، کەسەکی پشتگرییا وانا نەدکر. ئەم دیسان بیننە بیرا خوە گاڤا یۆنانیان دژی تورکان شەڕدکر رووسیایێ و ئینگلیزی و وەلاتێن ئەورووپایێ پشتا وێ دگـرتن، لورد بایرون نڤیسکاری پر ب ناڤودەنگ پشتگیرییا یۆنانیان دگرت. بەلقانان شەڕکارییا خوە دکر رووسیایێ پشتگیرییا وان دگرت. ئەرمەنیا شەڕکارییا خوە دکر رووسیا پشتا وانا دسەکنی... وەلاتێن خاچپەرست پشتا مللەتێن خاچپەرست دگرت. لێ کورد د شەڕکارییا خوەدا تەک تەنێ بوونە. بارزانییێ نەمر گلەیەکی وی هەبوو دگۆت: کەسەک پشتگیرییا مە ناکا چیایێن مە پشتگرییا مە دکن.

بەرەپێشین کوردان دینێ ئیسلامێ قەبوول کریە، دینەکی نوورمالە، جیهانیە. لێ بەلێ ل کیژان پەرچەیێن دنیایێ تەڤکەرێن ئازادیخوازیێ چێدبن چ جۆرە دبە بلا ببە دخوازن باشقە بن، دخوازن حوکمی زاتی بستینن، دەولەتێن ئیسلامێ پشتگیرییا وان دکن، کورد تەنێنە کو تو دەولەتەکا ئیسلامێ تو ئورگانز سیتۆنەکا ئیسلامی پشتگرییا وان ناکە.

**رامان:** ئەو زۆلما ژ کوردان ژی تێت کرن بوسلمان دکن؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** دین ژ وان رە نەگرێدایە، پرس نە ئەوە ئیسلام پاکە خراپە، پرس ئەوە ئیدیۆلۆژییا چ ئیسلامیزمە چ هەڤگرتنا ئیسلامێ بە ئەو گشک ئورگانیزە دبەو دێت هۆلێ دئەڤێ هەرێما مەزندا، ناڤ سنۆرێن دەولەتا تورک و وەلاتێن عەرەبا و ئیرانێدا، لەوما د بەنگا ڤێ ئیدیۆلۆژییێدا فاکتەرێن نەتەوەیی بکارتینن، ئیسلام حساب دبە فۆرم، جۆرە پەردەیەک. ئەو هەرسێ نەتەوە شەڕێ وان دژی نەتەوا چارانە. ل رۆژهلاتا نزیک چار نەتەوەیی پر مەزن هەنە عەرەب و تورک و فارس وێ چارا کوردن، ئەو هەر چار ژی ئیسلامن، لێ کورد کونفلیتا وان هەرسێکانە. لەوما ئیسلام تێ کارئانینێ بۆ پشتگیرییا موسلمانێ فلیپینا بکن، کۆسوفۆ بکن بۆسنیا، چیچانێ بکن، تەنێ ژبۆ کوردان ئەو فاکتەر بکارنائێ، ئەڤە یەک، یا ددویا ئەورووپایێ ژی پشتگیرییا کوردان نەکریە، ل شەڕێ یەکێ رووسیایێ ژی نەکرییە، وەلاتێ وان پارچەکری بوو، نەتەنێ ئەڤە بوو بەلکو جار هەبوویە تەڤکەرا کوردان ژی پشتگیرییا تەمامی مللەت نەدستاندن.

ئارگاناسیزۆنا وانا گەلەکی کێم بوو، ئەو تەڤگر تێکچوو.

چاوا کو ئارگاناسیزیۆنا هاتنە هۆلێ دەست ب کارێ خوە کرن، ئێدی مە بەرەپێشین بێن تەڤگەرا خوە دیتن، بۆ نموونە شەڕی بارزانی نەمر ل سالا ٤٣- ١٩٤٤

حکومەت ئێدی مەجبوور بوو ژێ را پەیمان گرێدا و پێشنیارا وی بقەبلینن، راستە ب نەمەردی ئەو کرن لێ ئێدی جارا یەکەمین بوو کو حکومەت شەرت دا کو ئەوێ پێشنیارا وان بقەبلینن روونشت سەر تەختێ بهەڤرا خەبەردانێ، ئەڤا جارا یەکەمین بوو هات کرنێ، پاشان ل سالا (١٩٤٥)ێ سۆزێ خوە نەقەتاند. بارزانی دەربازی مەهابادێ بوو و، ئەم وێ دیرۆکێ ژی دزانن. دخوازم بێژم دوو شەرتێن ئەساسی هەبوون:

١- ئارگانسیزیۆنا وان هندک بوو.

٢- قووەتێن کوردان ویێن دژی وان شەرِدکرن نەوەک هەڤبوون، یەک ب حیسابی سەدی، یەک ب حیسابی هەزاری بوون کو گەلەک زەحمەت بوو مەرەڤ بگێژە ئومیدا خوە ژی.

لێ شەرتا یەکەم پر گرنگتر بوویە کو فاکتەرا ناڤخوەیە تو کەس ئالیکارییا وان نەکر.

**رامان:** چ گوهەرتن و جۆدایی دناڤبەرا کاودانێ خەباتا نەتەوەیا کوردان یا نها ویا سەردەمێ هەردوو شەرێن دنیایێ و چاخێ نۆزدێدا چێ بوونە؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ئێستا شەرکارییا کوردا مەرەڤ نکارە هەمبەری شەرکارییا بەرێ بکە ژ بەر کو ئارگانا سسیۆنا شەرکاریا مە گەلەکی بلندبووە، هەمدارییا جمعەتێ بلندبوویە، نها فاکتەرەک ئەساسی هاتیە هۆلێ کو ئەم هەموو مللەتەکن هەم نەتەوەیەکن کیژان پارچەیا کوردستانێ دشەرکارییا خوەدا پێشدا دێت تەمامیا کوردان بالا وان لێیە، ئەگەر لازم بە هاریکاری دکن. ئەگەر ئالیکاریا پراکتیک نکارن ب بیرو باوەرێ خوەڤە مەقالێ خوەڤە نڤیساری خوەڤە پشکداری دکن.

نها دنیا گەلەکی بوویە کۆمپاکتەک گەلەکی بچووک بوویە، تشتەکی گەلەک مەزنە ژبۆنا پشتگیرییا کوردان بێت کرنێ کو ئەو کینە و چنە و چ دکن.

وەختەکی ل ئەورووپایێ ل سەر شەرکارییا کوردا یا ئازادیکاری دگوتن شەرکارییا مللەتێ ژبیرکری وشەرکارییا وی ژی ژبیرکری بوو.

ئیرۆ نەوەسانە. سیاسەت نەئەوە چڤاس ئەوا تۆ دخوازی بستینی، سیاسەت ئەوە وەکو چڤاس دکاری ژ وانا بستینی. نها وەلاتێن غەربێ ئەمریکا تم هەنە پشتگیریا مە دکن. کاک مەسعود تم ئەورووپایێ و دەولەتان گەریا وەکو سەرۆکی دەولەتەکی هات قەبوول کرنێ.

دنیا، ئەورووپا و وەلاتێن غەربێ پشتگیرییا مە ناکن بۆ وێ ژێ ئەم زەعیفن، لێ ئەم بیر خوە بکن کو پشتگیریا مە ناکن چمکی ئەم زەعیفن، ئەگەر ئەم بخوازن پشتگیرییا مە بکن گەرەکە ئەم ب هێزبین. نها ئەم ب قووەتین لەوما پشتگریا مە دکن.

**رامان:** ئاخفتنەکا داویێ وە هەیە ژ مە را بێژی؟

**د. شاکرۆیێ خدۆ:** ئاخفتنا داوی ئەوە ئەم گەلەک کێفخوەش و سەربلندبوون وەکە مە کوردستانا خوە دیت، ئەم لێ گەڕیان ب راستی وەلاتێ مە گەلەکی بەدەوە، گەلەکی جوانە، هوون هەرۆ دبینن ژ وە را بوویە تشتەکی نوورمال. ئەز گەلەکی ل دنیایێ گەڕیام ژ فلیپینا هەتا ئەمریکایێ من تو وەلاتەکی هۆسا خوەشک نەدیتیە، ئەڤ یەک یا ددویا جمعەتا مە جمعەتەکا گەلەکی مەعریفەتە و، ئەگەر بهێلن ئەم ب مەجبووری دەستێ خوە نەهاڤێژن چەکی، ئەز باوەرم دەه سالێن دن ئەمێ بینە وەلاتەکی پر گولڤەدایی ناڤ دەردۆرێ خوەدا و یا پاشن یەکەتی یەکەتی. گەرەکە ئەم ناڤخوەدا خەیسەتی بکۆژن، وەکی یێن بەری خوەدا تەنێ تشت خراب دبینی، هەر وەختا بخوازە دنێری تشتێ باش ژی دناڤ مەرەڤاندا هەنە و داوی مەرەڤێن بێ قسوور تونە، مەرەڤێن بێ شاشی تونە، مەرەڤ وەختا کاردکە قاروقسوورەکی ژی هەبە، خەبەرەک هەیە (دولێرانت) گەرەکە ئەم دولێرانت بن ب تەحمول بن.

ب ڤان فاکتەران را ئەمێ وەلاتێ خوە چێ بکن و خوەش بکن و ئیرۆ دنیا غەربێ شانسەک دایە مە کو کورد دکارن چ بکن، د ئەڤان هەفت سالان دا ئێدی ئیمتیان هاتە داینێ. ئەم لاییقی عەمرەکی باشتر و خوەشترن.



له كۆتایی ساڵەكانی ژیانی كامودا، دوو چاوپێكەوتنی لەگەڵدا بە ئەنجام دەگەیێنرێت. یەكەمیان لە دوایەمین ڕۆژەكانی ژیانیدا و دووەمیشیان لە پاش مەرگییەوە بڵاوكرایەوە، كە دەتوانرێت بەهۆیانەوە ئاگاییەكی بەرچاو لەمەڕ بیروباوەڕ و بۆچوونەكانییەوە بەدەست بهێنرێت.

چاوپێكەوتنی یەكەم: ئەم چاوپێكەوتنە لەلایەن چیرۆكنووس و ڕەخنەگری فەرەنسی (ژان – كلودپریس ڤیل)ەوە ئەنجام دراوە، كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

# ئەلبێر كامو:
# جەنگی نووسەر بۆ گۆڕانی ژیان و ئازادییە

**لە فارسییەوە: كاروان حەسەن**

**چاوپێکەوتنی یەکەم:**

* لە چ قۆناغێکی ژیانتدا بە شێوەیەکی دیار هەستتان بە توانای نووسەری خۆتان کرد؟

– ڕەنگە توانا وشەیەکی گونجاو نەبێ، لە دەورووبەری تەمەنی حەڤدە ساڵیمدا حەزم دەکرد ببمە نووسەر، هەر لەو کاتەدا بە شێوەیەکی نادیار دەمزانی دەبمە نووسەر.

* لە هەمان کاتدا بیرتان لە پیشەی دووەمیش دەکردەوە؟

– لەبەر دەستکورتیم، بیرم لە مامۆستایی دەکردەوە، بەڵام من هەمیشە خوازیار بووم پیشەی دووەمیشم هەبێ. تاکو گرێنتی ئازادی نووسەریم بەدەست بهێنم.

* لەکاتی نووسینی کتێبی (پشت و ڕوو)(١)دا باوەڕتان بە ئایندەکاری ئەدەبیتان هەبوو؟

– لە دوای نووسینی ئەم کتێبەوە تەنانەت کەوتمە گومانەوە لە توانای نووسەری خۆم، بۆیە بڕیارم دا واز لە نووسەری بهێنم، بەڵام لە پاش ماوەیەک هێزی ژیانێکی سەیر لە ناخمدا دروست بوو و دەیخواست دەرببڕدرێت، بۆیە کتێبی (وابەستە) (٢)م نووسی.

* لە ڕێکخستنی کاری ئەفراندن و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیدا کە بە ناچارییەوە لە ئەستۆی دەگریت، هەست بە دژواری دەکرێت؟ ئایا ئەم بابەتە بەلای ئێوەوە بە گرنگ دەژمێردرێت؟

– هەڵبەتە، بەڵام ڕۆژگاری ئێمە بەرەبەرە ڕوخسارێکی گاڵتەجاڕانە و ناشیرینی بە (کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان) بەخشیوە کە هاوکاری ئێمە دەکەن تاکو کەمێک لەم ڕووەوە خۆمان ئازاد بکەین. پێویستە ئەوەش بڵێین لە کاتێکدا کە خەڵکی زاریان لغاو کراوە،یان لە زیندانە تەنگ و تارەکاندان. نووسەری کارێکی شایستەیە. بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئەم، یان ئەو خەرندەوە. پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە جەنگی نووسەر بۆ گۆڕانی ژیان و ئازادییە.

* ئایا لە کەسایەتی نووسەریتاندا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن؟

– لەو لایەنەوە کە تەنیا پێوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە گەلێ ئاسوودەم، بەڵام لایەنی گشتی کارەکەم کە هەرگیز پێم خۆش نەبووە! بەرگەگرتنی بەلامەوە دژوارە.

* ئەگەر هۆکارێک ناچارت بکات واز لە نووسەری بهێنیت، ئایا لەو باوەڕەدایت کە دووبارە بتوانیت خۆشبەخت و ئاسوودە بیت؟

– کاتێ کە جحێڵتر بووم بەبێ ئەوەی نووسەریش بم، دەمتوانی خۆشحاڵ بم، تەنانەت لە ئێستاشمدا ئامادەییەکی زۆرم بۆ خۆشبەختی و ئاسوودەیی و ئارامی هەیە. دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە لە ئێستامدا پێدەچێ ئیدی نەتوانم بەبێ کاری نووسەریم بژیم.

* پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (ئەفسانەی سیزیف)(٣) خوازیاربووی، یان نا، بوویە هۆی ئەوەی ئێوە وەک ڕابەر و ڕێنمایکەری نەوەی نوێ بناسێنن، ئایا لەو بڕوایەدای سەرکەوتنی خێرای ئێوە پاڵنەرێکی تایبەت بووبێ لە نووسینی بەرهەمەکانی پاشتردا؟ دواجار ئایا لەو باوەڕەی ئەگەر بە ڕێژەیەک ناوبانگتان نەبووایە بە هەمان شێوە دەتوانی ئەو ڕۆمانانەتان بنووسن کە دواتر نووسیتان؟

– بێگومان ناوبانگ گەلێک لە شتەکانی گۆڕی، بەڵام من ئەوەندە گرنگی بە ناوبانگ نادەم، شێوەی کارکردنی من هەمیشە سادە بووە؛ هەرشتێک کە نکۆڵی لێکردنی مومکین بوو بێ قڕە و مشە وەلام خستووە، بەهەر حاڵ نەکار بۆ ناوبانگ دەکەم و نە پێداگریش لە بێ ناوبانگی دەکەم، هەر کامێکیان لە کاتێکدا پێشوازیم لێ بکەن پەسەندیان دەکەم. بەڵام ڕێبەری بوونم خەنیم دەکات، بۆ پیشەی مامۆستایی پێویستە لە زانستێکدا شارەزابی، بەڵام بۆ ڕابەری پێویستە خۆی پێشوازیت لێ بکات. ئێستا کە ئەم خاڵەم ڕوون کردەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم بەر لە نووسینی هەموو بەرهەمەکانم گرفتاری بەدەستهێنانی ناوبانگم بوو، ڕوونترین ئەنجامی ئەوە بوو چ لە ڕابردوو چ لە ئێستاشمدا ناچار بم لەگەڵ کۆمەڵگادا بجەنگێم تاکو دەرفەتی نووسین بەدەست بهێنم، سەرکەوتنم بەدەست هێناوە، بەڵام ئەم کارە بۆ من بە گران تەواو دەبێت.

* لەو بڕوایە دای کە بەرهەمی سەرەکی و بنەڕەتی خۆتان نووسی بێ؟

– هێشتا من چل و پێنج ساڵم و خاوەنی هێزێکی ناوازەم.

* لە نووسینی بەرهەمەکانتدا پەیڕەوی لە شێوازێکی گشتی دەکەیت کە لەوەو پێشداتان ڕشتووە، یان لەو کاتەدا کە دەنووسیت وردە وردە شێوازێک بە خۆیەوە دەگرێت؟

– لە هەردووکیان. شێوازیکە مەوقیعیەتەکان لە لایەک و نووسینی بەرهەمەکە لە لایەکی ترەوە گۆڕانی

بەسەردا دەهێنن.
* میتۆدی کارکردنی ئێوە چۆنە؟
– یاداشت کردن و کەڵکەکردنی پەڕە نووسراوەکان، خەیاڵپالاوی نامەفهوم. هەموو ئەمانە بە درێژایی چەند ساڵێک. تاکو ڕۆژێک بیری بنەڕەتی بەرهەمەکە بە مێشکمدا گوزەر دەکات و زەینم دەئاوسێنێت. پاشان ئەم بیرە بنەڕەتییە پارچە پەرش و بڵاوەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دواتر کاری درێژ و دژواری ڕێکخستنەکەی دەست پێدەکات، هۆی درێژی ماوەی ڕێکخستنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نا ڕێکوپێکی قووڵی دەروونم بێ کۆتاییە.
* هەست بەوە دەکەیت لەکاتی نووسینی بەرهەمەکانتاندا پێویستیتان بە کەسێک هەبێ لە بارەیەوە بدوێن؟
– نەخێر کاتێکیش ڕیزپەڕێکی بەو چەشنە ڕوو دەدات، خۆشیم لە خۆم نایەت.
* لە کۆتایی نووسینی بەرهەمەکانتاندا، ڕاوبۆچوونی دۆستێکتان وەردەگرن؟ یان تەنیا بە بۆچوونی خۆتان ڕازی دەبن؟
– دوو سێ دۆستێکم دەستنووسەکانم دەخوێننەوە و هەر شتێکیان بەلاوە ناپەسەند بێ یاداشتی دەکەن. مەرج نییە هەموو بۆچوونەکانیان بە حەق بزانم و چاککاری تێدا بکەم.
* لە کاری نووسەریتاندا کام سات بە باڵاتر دەزانن؟ پەیدابوونی بیرەکە، یەکەمین شێواز، یان هەوڵی کارکردنەکەی؟
– پەیدابوونی بیرەکە.
* ئایا پێوەندییەک دەبینن لەنێوان ژیانی جەستەی نووسەر و ئیلهامەکەیدا (یان چۆنیەتی کارەکەیدا)، ئەگەر ئەم پێوەندییە دەبینن لەلای ئێوە بە چ جۆرێکە؟
– ژیانی جەستەیی لە کەشوهەوایەکی ئازاد و لەژێر تیشکی خۆردا، لەگەڵ وەرزش و هاوسەنگی جەستەیی بەلای منەوە سەرەکیترین پێداویستی بیرکردنەوەن. هاوڕا لەگەڵ بەرنامەیەکی دروستدا بۆ ژیانی جەستەیی. ئەوەی ڕاستی بێ بە دەگمەن ئەم هەلومەرجەم بۆ ڕەخساوە. بە هەرحاڵ دەزانم ئەفراندن ڕێکخستنێکی ڕۆحی و جەستەیی سەرچاوەی هێزن. هەرگیز هیچ کارێکم لە دەرەوە ڕێکخستن، یان لە لاوازی جەستەیی بێ حاڵیدا ئەنجام نەداوە.

* ئایا بە پێی بەرنامە کاردەکەن؟
– هەوڵ دەدەم بەرنامەم هەبێت، کاتێک هەموو شتێک لەبارە، سەرلەبەیانیان چوار تا پێنج کاتژمێر کار دەکەم، بەڵام کاتێک بارودۆخ نالەبارە ......
* کاتی ئیشی ئەمرۆتان دەخەنە سبەینێ نیگەران دەبن؟
– بەڵێ. هەست بە کەمتەرخەمی خۆم دەکەم. بە چ شێوەیەک بیلێم؟ لە خۆم پەستم.
* لەنێو قارەمانی بەرهەمەکانتاندا کارەکتەرێک هەیە بەلای خۆتانەوە ئازیزتر بێ؟
– ماری، دورا، سەیلست (٤).
* قارەمانی بەرهەمەکانی ئێوە بەجۆریک خۆیان دەنوێنن پەیوەستبن بە دوو دەستەوە، دەستەی یەکەمیان کە کالیگۆلا (٥) نوێنەریانە وەک دەردەکەوێت هۆگری تاکگەراییەکی بەهێزە، دەستەی دووەمیشیان کەمۆرسۆ (٦) دەتوانێ نوێنەریان بێ، خولیای گۆشەگیری و لەبیرچوونەوەیە، دەکرێ لە ڕوانگەی خۆتانەوە ئەم دوو لایەنەمان بۆ ڕوون بکەنەوە.
– بەڵێ، من شەیدای هێز و بەدەستهێنانم، بەڵام کە بە دەستی دەهێنم زوو لێی وەڕس و ماندوو دەبم، ئەوە گەورەترین لاوازی منە. ئارەزووی گۆشەگیری و بیرچوونەوەشم تێدایە، بەڵام شەوقی ژیان دووبارە گوڕ بەمن دەبەخشێتەوە. بەکورتی لەم دوو حاڵە ناچمە دەرەوە.
* وەک داهێنەرێک کام ژانر زیاتر بەلای ئێوەوە شایستەترە؟ ڕۆمان، وتار، شانۆنامە؟
– یەکگرتنی هەموو ئەمانە لە خزمەت نووسینی بەرهەمێکدایە.
* لە هەندێک لە نووسینەکانی ئێوەدا وەها دەردەکەوێت شانۆ لە ڕوانگەی ئێوەوە هونەری ژیانە. ئایا بۆچوونەکەم دروستە؟
– کەمێ زیادەڕۆیی تێدایە، وەلێ هەندێ جار وا دێتە پێش چاوم دەمتوانی ئەکتەری شانۆ بم و بەم کارە ڕازی بم.
* لە بەرهەمی هونەریدا، بە تایبەت لە بەرهەمی ئەدەبیدا، زیاتر ئەوینداری کامە بەهایت؟
– حەقیقەت. ئەو بەها هونەرییانەی کە حەقیقەت پیشان دەدەن.
* لە دیدی خۆتانەوە ناوەرۆکێکی گرنگ لە

بەرهەمەکانتاندا هەیە، لە لایەن ڕاڤەکەرانەوە پشتگوێ خرابێ؟

– گاڵتەجاری (هزل).

* بە چ چاوێکەوە تەماشای بەرهەمە بڵاوکراوەکانتن دەکەن؟

– من بەرهەمەکانی خۆم دووبارە ناخوێنمەوە، هەموویان لە پێش چاومدا مردوون، دەمەوێت کارێکی تر ئەنجام بدەم.

* بە بڕوای ئێوە چ خاڵێک هۆکاری باڵای داهێنەرە؟

– هێزی تازەگەری. بێگومان داهێنەر هەمیشە دەربڕی تازەگەرییە، وەلێ شێوەکاری دەگۆڕێ و نوێیان دەکاتەوە، بە چەشنێکی ماندوونەناسانە، داهێنەر لە قافیەسازی بێزارە.

* کام لە نووسەران بەشداربوون لە پێگەیاندنی هزری ئێوە، یان هاوکاری ئێوەیان کردووە کە لە گوتەکانی خۆتان بە ئاگابنەوە؟

– لە نووسەرە هاوچەرخەکان: گرنیە، مالرۆ، مۆنترلان، لە نووسەرە کلاسیکەکانیش: پاسکاڵ، مول بەر، لەگەڵ ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەی ڕووسی و نووسەرانی ئیسپانی.

* تا چەند هونەری پەیکەرتاشی بەلاتان شایستەی گرنگی پێدانە؟

– زۆر حەزم دەکرد پەیکەرتاش بوومایە. لە تێڕوانینی منەوە پەیکەرتاشی باڵاترین هونەرە.

* مۆسیقا بە چ شێوەیەک؟

– لە ڕاستیدا کاتێ کە جحێڵ بووم، مۆسیقا مەستی دەکردم، بەلام ئەمێستا ژمارەیەکی کەم لە مۆسیقا ژەنەکان میلۆدی بەرهەمەکانیان کار لە من دەکەن، بەڵام مۆزارت هەمیشە.

* دیدی ئێوە لەبارەی سینەماوە چۆنە؟

–ئەدی دیدی خۆتان لەم بارەیەوە چییە؟

* هونەرمەندان بە زۆری بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتنەوە بە شایستە دەزانرێن. کام لەمە بەهەڵە تێگەشتنانە زیاتر لە وانی تر ئێوە نیگەران دەکەن؟

– ڕاستی –ویژدان– تایبەتمەندی مرۆڤانە، بەکورتی ئەو وشانەی لەم ڕۆژگارەدا وێردی سەرزمانی هەمووانن.

* بە بڕوای خۆتان تایبەتمەندی سروشتی بەرجەستەی ئێوە چییە؟

– پەیوەستە بە ڕۆژگارەوە. وەلێ بە زۆری و ڕکێکی کوێرانە و بەردەوام.......

* زیاتر بایەخ بەکام تایبەتمەندی مرۆڤ دەدەن؟

– ئاوێتەیەک لە هۆشیاری و بوێری هەیە کە دواجار بە ڕێژەیەکی دەگمەنە بەلامەوە گەلێک بە بایەخە.

* دوایەمین ڕۆمانی ئێوە کە (داڕووخان)ە(٧)، قارەمانەکەی نائومێد دەنوێنێت، ئایا ئەم قارەمانە دەرخەری بیرکردنەوەی ئێستایی ئێوەیە؟

– ڕاستە قارەمانی ئەم ڕۆمانە نائومێدە، هەر بۆیە هەروەک هیچگەرایەکی ئەم سەردەمە ستایشی کۆیلایەتی دەکات، ئایا خودی منیش ستایشی کۆیلایەتیم هەڵبژاردووە؟

* (پەنامەکی (نهینی) دنیای من، تەسەوری خوداوەندێکە بەبێ جاویدانی ڕۆح) ئەمە دێری نووسینێکتانە، دەتوانن ئەم ئەندێشەمان زیاتر بۆ ڕوون بکەنەوە؟

بەڵێ من باوەڕم بە ڕەهەندی پیرۆزی هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە باوەڕم بە ژیانی دوارۆژ نییە.

* ئایا بە بڕوای ئێوە لەزەتی بە سادەیی ژیان کە پەیوەستە بەبێ سەروبەرییەوە، زەوقی نووسەری ناکوژێت. کە بە پێچەوانەوە پەیوەستە بە ڕێکخستنەوە؟

– بەد بەختانە بەم چەشنە، من ئەویندارى ڕۆژانی سامال و ژیانی ئازادم.... هەر بۆیە ڕێکخستن دژوارە و لە هەمان کاتیشدا پێویستە، بۆیە باشتر وایە هەندێ جار ڕێگەی ئازادی خۆم بگرم.

* ئایا یاسایەکتان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانتان؟ یان بە پێی شوێن و کات هەڵوێست وەردەگرن؟

– لەسەر بناغەیەکی ورد سروشتی خۆم بنیاد دەنێم، بەڵام دواجار کە پەیڕەوی لە سروشتی خۆم دەکەم ئەنجامەکەی بەباشی ناکەوێتەوە.

* بۆ نموونە لە بەرانبەر هێرشی بڵاوکراوەکانەوە لەپاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵتان وەرگرت. یەکەمین هەڵوێستی ئێوە چی بوو؟

– بەر لە هەر شتێ ئازار، کەسێ کە بە درێژایی ژیانی هیچ شتێکی لەکەس نەخواستووە، ستایشی لە ڕادە بەدەر و جنێودانی لە ژمارە نەهاتوو، کە لە ناکاوێکدا بەسەریدا دەبارێن، لەپێش چاوم کەمێک ئازار دەربوون، بەڵام پاشان دەستبەجێ ئەو هەستەم لەلا دروست بوو، کە پەسەندی هەموو پێگە جیاوازەکان دەکەم: (ئەمەش بەشێکە لە یارییەکە).

* ئایا بە ئاگـــان لەو تانە و تەشـــەرانەی کـــە بە پێچەوانەی خواستی خۆتانەوە بە کەسێکی گۆشەگیر ناسراون؟

– خـەڵکی خـۆشیـان ناوێم، بەڵام ئایا ئەمـە دەبێتـە بەڵگەیەک کە بە پیرۆزیان نەزانم، نەخێر، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی هەرچییەک بۆ من دێتە پێشـەوە بە خێری دەزانم. لە هەمان کاتدا ئەم واقیـعە پڕ لە هات و هاوارە پێشهاتەکانی ئەوەندە گرنگ نین.

* لەم تەمەنەی ئێستاتاندا خوازیاری چین؟

– نیـتشـە دەڵێ: « لە هێـزێکی لێـوڕێژی زیانبەخش و قەرەبوویـیدا، موسیـبەتەکانیش تاودەسێنن و دڵدانەوەی تایبـەتی خـۆیان دەردەخـەن.» من دەزانم ئەم ڕوانگەیە ڕاستە و بۆخۆشم هەستم پێکردووە. تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە ئەم هێزە لێوڕێژە جارێکی تریان بەلای کەمەوە چەند جارێکی تر بەمن ببەخشرێ.

سەرچاوە/ لە ١٩٥٩ لە ڕۆژنامەی (هەواڵی ئەدەبی) فەرەنسی بڵاوبووەتەوە.

**چاوپێکەوتنی دووەم:**

لە دوایەمین ڕۆژەکانی ژیانی کامودا لە ڕۆژی (٢٠)ی دیسەمبەری ساڵی (١٩٥٩)دا، چاوپێکەوتنێک لەلایەن گۆڤارێکی ئەمریکییـەوە لەگەڵ ئەم نووسەرە ناودارەدا ئەنجام دراوەو لە سەرەتای هاوینی ساڵی (١٩٦٠) دا لە ڕۆژێکدا کـە کـامـو لە ئامـێـزی خـاکـدا نووسـتـبـوو بڵاوکـرایەوە. لویی فـۆکـۆن ڕەخنەگـر و کـارناسی بەرهەمەکانی کامو، هەندێک لە پرسیارەکانی گۆڤارەکەی بە زیاد زانیــون، بۆیە کــورتی کـــردوونەتەوە، یان لایبـردوون. کـە ئەمــەی خـوارەوە کـورتەی دەقی ئەو چاوپێکەوتنەیە:

* ئایا لە کاری نووسەریتدا گرنگی بە بابەتی ڕێبەری بوونی خۆتان دەدەن؟

– ببوورە، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە ڕوانگەی منەوە گاڵتەئامێز دەنوێنێ. من گوتاربێژی هیچ کەسێک نیم بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی خودی خۆم بە شێوەیەکی گشتی کاردەکەم، من ڕێنماییکەری هیچ کەسێک نیم.

تەنانەت خودی خۆشم بە شێوەیەکی ڕوون نازانم بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕۆم، گوتاربێژێکی ڕۆحی نیم لە پشت مـێـزی گـوتاربێـژییـەوە بژیم، هاوهەنگاوی خـەڵکی سەردەمەکەی خۆم ڕێگا دەبڕم. منیش هەر ئەو پرسیارانە دەخەمە ڕوو کە خەڵکی سەردەمەکەی من دەیخەنە ڕوو، بۆیە زۆر ئاساییە، ئەگەر لە خوێندنی کتێبەکانی مندا پرسیارەکانی خۆیان ببیننەوە، کتێبەکانی من ئاوێنەیەکن بۆ بە ئاگا هێنانەوە نەک فێرکردن...

* وەرزش چ وانەیەکی ئەخلاقی بە ئێوە بەخشی؟

– پەیڕەوکـردنی یاسـایەکی ڕاسـتگۆیانە کە هەمـووان لەگـەڵ یەکـدیدا هەڵـیـدەبژێرن و هەرکـەسـە و ئازادانە پەسەندی دەکات.

* چ وانەیەک لە بزاڤی بەرگرییەوە فێربوون؟

– لە شێوەی هەڵسوکەوتی سەربازانی کۆن، کە هەندێ جار مانۆڕەکانی خۆیان پیشانی خەڵکی دەدەن. لام جوان نییـە، ئەگەر بەباشی بزانم سوود لە ئەزموونەکـانی ئەو سـاڵانەم وەرگـرم، بە شـێـوەیەکی هونەری کـەڵکیـان لێ وەربگرم.

* بە بڕوای خـۆتان ڕەخنەگـرە فـەرەنسـیـیـەکـان چ لایەنێکی بەرهەمەکانی ئێوەیان پشتگوێ خستووە؟

– بەشە بێدەنگەکەی: ئەو بەشە کرمۆڵ و غەریزەییەی کە لە وجوودی مندایە. ڕەخنەگرە فەرەنسـییەکـان زیاتر گـرنگی بە ڕەهەندی بیـری بەرهەمـەکـان دەدەن، بەڵام ئەو کاتەی کە گرنگی بە لایەنی گشتی بەرهەمێک دەدرێت بەشـێـوەیەکی ترە بۆ نموونە، ئایا لە بەبێ گـرنگیـدان بە کاریگەری باشووری ئەمریکا لە بەرهەمەکانی فاکنەردا، دەتوانرێت لێکۆڵینەوە بۆ بەرهەمەکانی بکرێت؟

* جـەزاییـری بوونت و دیدگـای تایبـەتی ئێـوە لەمـەڕ ئازاری گشتییەوە، ئێوە بێگانە ناکاتەوە؟

– بێگومـان سـروشـتی خـۆم هەر بەو چەشنەیە، بەڵام بەهۆی ئیرادە و بیرکردنەوەوە هەوڵمداوە لە سەردەمەکەی خۆم جیا نەبمەوە.

* لەو باوەڕەدان ڕووداوە سیاسییـەکان بۆ نووسەرێک بێبایەخ بن؟

– گاڵتە جارییە. بەڵام من لە ڕووی سیاسییەوە تەنیا و گـۆشـەگـیـر نیم، بە بڕوای من لەم سـەردەمـەدا دوورە پەرێزانی حیزبەکان زۆرینەن، بەڵام دەتوانین لە دەمارگیری هەڵبێین و لە

بەربەرەکانێدا بین.

* لە دیدی ئێوەوە پێوەندی بیری ڕۆمانی (ئەفسانەی سیـزیف و مرۆڤی شۆڕشگێڕ) لەگەڵ بەرهەمەکانی تری ئێوەدا چییە؟

– من له زه‌مینه‌ی جیاوازدا ده‌نووسم تاکو له تێکه‌ڵکردنی ژانره‌کان دووركه‌ومه‌وه، بۆ نموونه شانۆنامه‌کانم له باره‌ی ره‌فتاره‌وه‌ن و رۆمان و وتاره ژیربێژییه‌کانم له‌باره‌ی نه‌مانی عاتیفه‌ی مرۆڤه‌وه نووسیوه. راسته هه‌موو ئه‌م کتێبه جیاوازانه ده‌رخه‌ری یه‌ک بیرن، به‌ڵام بێگومان نووسه‌ره‌که‌یان یه‌کێکه و تێکرا کۆمه‌ڵه به‌رهه‌مێک پێکده‌هێنن.

که ئه‌م به کۆمه‌ڵ کردنه زۆرجار نائومێدم ده‌کات و راستگۆیانه ده‌ڵێم به‌رهه‌مه‌کانم به هه‌ڵسه‌نگاندنی ره‌خنه‌گران ده‌سپێرم.

* ئێوه نووسیوتانه (شانۆ گه‌مه نییه)، ده‌کرێ ئه‌م گوته‌یه له باره‌ی رۆمانه‌کانیشتانه‌وه به راست بزانین؟ ئایا ئه‌م روانگه ئیستێتیکییه نابێته هۆی سنووردارکردنی جۆره ئه‌زموونێک که ئێوه ده‌تانه‌وێت له‌باره‌یه‌وه بنووسن؟

– له پرسیاره‌که‌تان به باشی تێناگه‌م، من له نووسینی کتێبه‌کانی خۆمدا شێواز و سه‌بکی جۆراوجۆرم به‌کارهێناوه، وه‌ک نووسه‌رێک هه‌ست به‌وه ده‌که‌م که له رووی توانست و خه‌وشه‌وه گه‌لێ سنووردارم، به‌ڵام هه‌رگیز هیچ جۆره ئیستاتیکایه‌ک سنوورداری نه‌کردووم. چه‌مک به‌لای منه‌وه له وه‌سیله‌یه‌ک زیاتر نییه، که له خزمه‌ت گه‌یاندنی ئامانجێکی تایبه‌تدایه. ئه‌م ئامانجه‌ش به ئه‌ندازه‌یه‌ک له‌لام ئاشنا نییه.

* له‌باره‌ی بوونگه‌رایی و کتێبه‌که‌ی (میلێر)ه‌وه چۆن بیرده‌که‌نه‌وه؟

– میلێر له‌سه‌ر حه‌قه، بوونگه‌رایی له وڵاتی ئێمه‌دا به (حیکمه‌تێکی ئیلاهی) بێ خودا و قوتابخانه‌یه‌کی فه‌لسه‌فه‌یی چه‌قبه‌ستوو کۆتایی پێ هاتووه، رێی تێنه‌ده‌چووه ئه‌م حیکمه‌ت و فه‌لسه‌فه‌یه له‌لایه‌ن حکومه‌تێکی سه‌رکوتکاره‌وه کۆتایی پێ بهێندرێت.

* ئایا ئێوه له‌گه‌ڵ پێشه‌کی بوونگه‌راییدا هاوڕان؟ چ هه‌ڵه‌یه‌ک له ئه‌نجامه‌کانییه‌وه ده‌بینیته‌وه؟

– ئه‌گه‌ر به‌و چه‌شنه که من بیری لێ ده‌که‌مه‌وه، به‌و شێوه‌یه‌ی که ئه‌م پێشه‌کییه له به‌رهه‌مه‌کانی، پاسکاڵ و نیتشه و کیرکه‌گۆر و شستوفدا بوونی هه‌یه، بێگومان له‌گه‌ڵیدا هاوڕام، ئه‌گه‌ر ئه‌نجامه‌کانی ئه‌م پێشه‌کییه هه‌مان ئه‌و ئه‌نجامانه بن که له لای بوونگه‌راکانی ئێمه ده‌بینرێ. ئه‌وا له‌گه‌ڵیدا هاوڕانین، چونکه ئه‌نجامه‌کانی له‌گه‌ڵ پێشه‌کیه‌کیدا دژ به‌یه‌کن.

* ڤاڵدۆ فرانک ده‌ڵێ: (کامو بابه‌تی پێویستی مرۆڤ به ناسینی خوا به روونی ده‌خاته روو، مرۆڤی ئه‌م سه‌رده‌مه ئیدی ناتوانێت ده‌ستی به‌م ناسینه رابگات) له‌گه‌ڵ ئه‌م روانگه‌یه‌دا هاوڕایت؟

– به‌ڵێ، له‌باره‌ی مرۆڤی ئه‌م سه‌رده‌مه‌وه راسته، به‌ڵام من دڵنیا نیم مرۆڤی ئه‌م سه‌رده‌مه بم.

* دیدی خۆتان له‌باره‌ی رۆمانی ئه‌مریکییه‌وه ده‌ربڕن؟

– به بۆچوونی من رۆمانی ئه‌مریکی به‌ره‌و ئاڵۆزی ده‌چێت. هۆکاره‌که‌شی ئه‌وه‌یه خوێنه‌ری ساده ماندوو ده‌کات.

* هه‌ر ره‌خنه‌یه‌ک ئه‌فراندنێکی تایبه‌ته، که خوێنه‌ر له ره‌خنه‌گرتن سنووردار بکرێت نه‌زۆکی لێده‌که‌وێته‌وه.

– به‌ڕای من فاکنه‌ر داهێنه‌رێکی گه‌وره و چالاکه. به‌م دواییانه رۆمانی (یه‌ک ئه‌فسانه)که‌ی ئه‌وم خوێندووه‌ته‌وه. له پاش (میلڤیل)ه‌وه له وڵاتی ئێوه‌دا هیچ نووسه‌رێک به ئه‌ندازه‌ی فاکنه‌ر به‌باشی له ئازار نه‌دواوه.

* دیدی ئێوه له باره‌ی رۆمانی نوێی(ساروت، سیمۆن، رۆپ گریێ)وه چییه، پێوه‌ندی لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌م رۆمانانه له‌گه‌ڵ رۆمانی (داڕووخان)ی ئێوه‌له چیدایه؟

– په‌یوه‌ستی به حیکایه‌ت خوانییه‌وه ته‌نیا به‌هۆی خودی مرۆڤه‌وه ده‌مرێت، ئه‌مه نابێته کۆسپێک که هه‌میشه ته‌رزێکی نوێ بۆ گێڕانه‌وه بدۆزینه‌وه. ئه‌و رۆماننووسانه‌ی که ئێوه ناوتان هێنان، حه‌قه رێگه گه‌لێکی نوێ واڵا بکه‌ن.

من بۆخۆم به هه‌موو ته‌کنیکه ئه‌ده‌بییه‌کانه‌وه په‌یوه‌ستم. وه‌لێ هیچ ته‌کنیکێک وه‌ک تاکه ته‌کنیک که هه‌ڵبژێرم پێوه‌ی په‌یوه‌ست نیم. بۆ نموونه ئه‌گه‌ر بمه‌وێت به‌رهه‌مێک بنووسم و پێویست بکات له‌م، یان له‌و ته‌کنیک، یان هه‌ردووکیان به‌یه‌که‌وه که‌ڵکی لێوه‌ربگرم، بێگومان رێگه به‌خۆم نادەم. هه‌ڵه‌ی نووسینی ئه‌م سه‌رده‌مه، هه‌میشه ئه‌وه‌یه وه‌سیله پێشتر له ئامانج و شێواز پێشتر له ناوه‌رۆک و ته‌کنیک به‌ر له واتا داده‌نێت. دواجار بۆیه ته‌کنیکه‌کانی نووسین به‌لای منه‌وه شایسته‌ن و هه‌وڵده‌ده‌م له‌گه‌ڵ ته‌کنیکه‌کاندا ئاشنایه‌تیم هه‌بێ، هۆکه‌ی ئه‌وه‌یه ده‌مه‌وێت ئازادانه سوودیان لێوه‌رگرم و وه‌ک که‌ره‌سته‌یه‌ک به‌کاریان بهێنم. به‌هه‌رحاڵ ته‌سه‌ور ناکه‌م رۆمانی (داڕووخان) بۆ ئه‌و شێوه لێکۆڵینه‌وه‌یه ده‌ست بدات که ئێوه باسی لێوه ده‌که‌ن، رۆمانه‌که‌ی من زۆر له‌وه

سادەترە، تەکنیکەکەی شێوازێکی نمایشییە، بەو واتایەی لە مەنەلۆگێکی دەروونی نمایشی و گفتوگۆی دەروونی سوودم وەرگرتووە. تاکو بتوانم کارەکتەرێکی بەدبەخت پەسنی بکەم، تەنیا ئەوەندە هەیە شێوە و واتام بەیەکەوە سازاندووە.

* کام بەرهەمتان لە کاتی خوێندنەوەیدا چێژی زیاترت پێ دەبەخشێ؟

– من کتێبەکانی خۆم ناخوێنمەوە، دەمەوێت کارێکی تر ئەنجام بدەم. یان ڕوونتر بڵێم دەمەوێت بەرهەمێکی تر بنووسم.

* بۆچی وەک (خوێنەر)(٨) لە چاپخانەی گالیماردا کاردەکەن؟

– هەرگیز نەمویستووە بژێوی ژیانم بە کتێبەکانمەوە پەیوەست بێ، تاکو کتێبەکانم بۆ ئەم مەبەستە نەنووسم، هەر بۆیە هەمیشە پیشەی دووەمیشم هەبووە، هەڵبەتە ماوەی شازدە ساڵە لەم چاپخانەیەدا کاردەکەم و بێگومان لە هەموو ڕوویەکەوە ئازادم.

**پەراوێزەکان:**

**١- دوو کۆمەڵە وتارە لە ڕۆژنامەدا بلاوکراوەتەوە و قۆناغی بەرایی نووسینی کامویە.**

**٢- کامو لە ساڵی ١٩٣٧ دەستی بە نووسینی ئەم کتێبە کرد و لە ساڵی ١٩٣٩ تەواو بوو.**

**٣- ئەفسانەی سیزیف: لە ساڵی ١٩٤٢ نووسراوە.**

**٤- ماری و سەیلست: دوو کارەکتەری ڕۆمانی بێگانەن کە لە ساڵی (١٩٢٤) نووسراوە.**

**٥- کالیگولا: ئەم شانۆنامەیە کامو لە ساڵی ١٩٣٨ دەینووسێت و لە ساڵی ١٩٤٥ نمایش دەکرێت.**

**٦- مۆرسۆ: قارەمانی ڕۆمانی بێگانە.**

**٧- داڕووخان: دوایەمین ڕۆمانی کامویە کە خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا.**

**٨- مەبەست لە خوێنەرێکە کە کتێبێک بخوێنێتەوە و چاککاری تێدا بکات و لەبارەی چاپ کردنییەوە ڕای خۆی دەربڕێت.**

**سەرچاوە:**

**کتێبی دلهرە هستی. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: محمد تقی غیاثی.**

# خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا

مارف خەزنەدار

## پێشەکی

(١)

مەبەست لە شیعری نوێ ئەو جۆرە شیعرەیە لەسەر زیاتر لە کێشێک و سەروایەک دەهۆنرێتەوە، دێری شیعر لە درێژی و کورتیدا وەکو یەکتری نابن، بە ژمارەی بڕگە (کەرت، سیلاب، پەنجە، مەقتەع) دەگۆڕێن و کەم و زۆریان تێدا هەیە. شیعر هەیە کورتترین دێری دوو بڕگەیەو درێژترین دێریشی زیاتر لە بیست بڕگەیە.

شیعری نوێ هەمووی لەسەر کێش و سەروای هەمەجۆرو ڕەنگاوڕەنگ نییە. شیعری نوێ هەیە لەسەر بەحری عەرووز و یەکێتی سەروا، یان جووت سەروایە (موزدەویج أ أ ب ب ج ج...) هۆنراوەتەوە، بەم ڕەنگە بە ناوەرۆک نوێیە و بە ڕوخسار کلاسیکییە. ئەم جۆرە شیعرە لە بەرهەمی شاعیرانی کورد لای (شێخ نووری شێخ ساڵح، ئەحمەد هەردی، محەمەد ساڵح دیلان) و هی دیکە دەکەوێتە بەرچاو. لە بەرهەمی شاعیرانی عەرەب لە کن شاعیری میسری (عەلی مەحموود تەها)ی موهەندیس و شاعیری عێراقی (عەبدولقادر ڕەشید ئەلناسری) و هەندێ لە شاعیرانی مەهجەر و هی دیکە دەبینرێ.

(٢)

لەبەر ئەوەی لەم وتارەدا تەنیا لە خاڵبەندی شیعر دەدوێم، شاعیر کە خاوەنی شیعرەکەیە بە هیچ شێوەیێ بۆ ئەم مەبەستە جێی باس نییە. لە بەرانبەر خۆی و شیعری

نەوەستاوم بۆ ئەوەی بیانرخێنم و ڕەخنەی ئەدەبیان لێ بگرم. ئەو شاعیرەی ناوی هاتووە بەهیچ جۆرێ مەبەست ئەوە نییە شاعیری چاکە، ئەوەی ناوی نەهاتووە شاعیری خراپە (ئەگەر شاعیری چاک و خراپ هەبێ) چونکە من هەتا ئێستا نە پەرژاومەتە سەر ئەوەی لە شیعری نوێی شاعیرە زیندووەکان بکۆڵمەوە، ئەگەر بە دەگمەن باسی شاعیرێکی تازەم کردبێ لە وتارێکمدا، یان پێشەکیم بۆ کۆمەڵە شیعرێکی ئەو شاعیرە تازەیە نووسیبێت، هیچ بڕیارێکی سەر پێیم بۆ دەرنەکردووە کە شاعیرێکی گەورەیە، ئەوەی ئاماژەم بۆی نەکردووە مانای ئەوەیە شاعیرێکی بچووکە.

لەم وتارەدا باسم لە شیعر کردووە نەک خاوەنەکەی، شیعر وەک تێکستێک بە زمانێکی دیاریکراو دانراوە، بۆ مەبەستی تێگەیشتنی مانای تێکستەکە هەندێ نوختە و ڤێرگول و هەموو ئەو نیشانانەی خاڵبەندی پێ دەڵێن تێیدا بەکاردەهێنرێن، لە پێناوی ئەوەی بە ڕاستی ڕستەکان، یان دێرە شیعرەکان لەڕووی مەبەست و مانا و کێش و ڕیتمەوە بچنە ناو زیهنی خوێنەر و لە دەمی بێنە دەرەوە وەکو شاعیر مەبەسیەتی.

(٣)

بەڕاستی لەکاتی خۆیدا ڕێکەوت پاڵی پێوەنام بیر لە نووسینێک بکەمەوە لە بابەت خاڵبەندییەوە، وابوو لە ژمارە (١٥)ی «ڕامان»دا هەندێ بیروڕام دەربڕی، هەرگیز خەیاڵم بۆ ئەوە نەچوو بوو ئەگەر خاڵبەندی جێگەی لە شیعری کلاسیکیدا هەبێ، پێویستە شوێنی لە شیعری نوێشدا هەبێ، بەڵام برایانی بنەماڵەی کۆوار هوشیاریان کردمەوە و داوایان لێکردم لەم بابەتەوە بۆیان بنووسم، ناهەقیان نەبوو، منیش بەرانبەر بە داواکارییان نەمتوانی بێدەنگی هەڵبژێرم.

لە سەرەتادا سەرپێیی وام دەزانی ئەم تاقی کردنەوەیە بەڵگەیەکی باشە بۆ فێربوون. ئەگەر بیر لە «خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردی» بکەمەوە، لەوانەیە دەسکەوت هێندەی ئەوە بێ کە لە «خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی»دا دەستی خۆم و خوێنەران کەوت.

ئەنجام ئەوە بوو، ئەگەر لەوێ بۆرە تیۆرییەک و دەستوورێکمان دەست کەوتبێ، لێرە زۆر کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان شتێکی تازە فێر دەبین، یان هیچ نەبێ هەندێ هەڵە ڕاست دەکەینەوە، بەوەی ڕەنگە لە خاڵبەندیدا هەندێ جار شاعیر هیچ دەورێکی لە بوونی ئەم هەڵانەدا نەبێ و کرێکاری چاپ و سەرپەرشتی هەڵچنی و دەرهێنانی دیوانی شیعر دەستیان تێوەردا بێ، بەناوی ڕیداکتۆری تەکنیکییەوە.

بۆ هێنانەدی سەرنج و تێبینییەکانم، گەشتێکی کورت لەناو دیوانی شیعری نوێی هەندێ لە شاعیرانی عەرەب و کورد دەکەم، ئەو تێبینییانەی لە بابەت خاڵبەندییەوە سەرنج ڕادەکێشن تۆماریان دەکەم، بەمە هەندێ دیاردە لە شیعری نوێدا ڕوون دەبێتەوە و کاریگەر دەبێ بۆ ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی دەستوورێکی دیاری کراو بۆ خاڵبەندی لە شیعری نوێدا، وەکو چۆن لە پەخشاندا تا پلەیەک جێی خۆی گرتووە و ئەو کەموکورییەی لە ناوەوەیە لە دوارۆژدا پێویستە نەمێنێ. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خاڵبەندی وەکو وانەیەک لە زانستی زماندا لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی ئێمە لە قوتابخانە بایەخی پێ نادرێ. ئەوی ڕاستی بێ لەم لایەنەوە من خۆم ئەو زانیاری و شارەزاییەی لە خاڵبەندی پەخشان دەیزانم لە مامۆستام (تۆفیق وەهبی) و زانایانی ڕۆژهەڵاتناسی ئامۆژگاکانی ئەکادیمییەی زانستی ڕووسیا فێری بووم.

(٤)

بۆ نووسینەوەی ئەم وتارە سەرچاوەم دەست نەکەوتووە، ئاگاداری بیروباوەڕ و کۆششی هیچ کەسێک نیم لەم بابەتەوە، پەنام بۆ کۆمەڵێک دیوانی شاعیران بردووە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پلەی شاعیرییەتیان بکەم. ئەوەی من نووسیومە تاقی کردنەوە و ئەزموونێکە گفتوگۆ هەڵدەگرێ و بێ کەڵک نییە، هەموو پرسێکی زانستگایی و ئەکادیمی مەرج نییە بە بۆچوونێک و تاکە هەوڵدانێک بگاتە ئەنجام، لەبەر ئەمە پێویستە ئێمە گەلێ مەسەلەی لەم بابەتە بکەین بە پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە پێناوی دروست بوونی تێکستێک بەشی تۆمارکردنی هەموو بیرێکی زانا و نووسەر و هونەروەری کورد بە ڕێکوپێکی بکا.

**لە بارەی شیعری نوێی عەرەبییەوە**

شیعری نوێی عەرەبی بەگشتی لە ڕووی خاڵبەندییەوە لاسایی شیعری ئەوروپایی کردۆتەوە، چونکە زۆربەی

شاعیرانی سەرەتای نوێ کردنەوەی شیعری عەرەبی ئاگادارییان لە شیعری ئەورووپایی بووە. نەوەی پاش ئەوان لە بەرهەمی ئەوانەوە فێری خاڵبەندی بوون لە شیعرییاندا.

لەم ماوەیەدا بۆ نموونە باس لە خاڵبەندی لە شیعری دوو شاعیری نوێکەرەوەی عەرەب دەکەم: یەکەمیان کچە شاعیری فەلەستینی (فەدوا تۆقان)، دووەمیان شاعیری میسری (عەلی مەحموود تەها)ی موهەندیس.

(١)

سەرچاوە: دیوان فدوی طوقان، ط١، درالعودة، بیروت، ١٩٧٨ (٦٤٠ص).

(١) لە کۆمەڵە قەسیدەیەکی چواریندا لەسەر یەک کێش و برگەی زۆر (تەفعیلی زۆر) هۆنراوەتەوە، نیشانەکانی (،) و (..) ، (« »)و (!)ی داناوە.

(٢) لە کۆمەڵە قەسیدەیەکی پێنجیندا لەسەر یەک کێش و برگەی کەمتر نیشانەکانی (،) و (!)و (؟) و (؟!)ی بەکارهێناوە.

(٣) لە دێرە کورتەکانی شیعردا کەم (،)ی بەکارهێناوە.

(٤) دیوانی: «وحدی مع الأیام» هەمووی لەسەر بەحری عەرووزی هۆنراوەتەوە، بەگشتی زۆر کەم خاڵبەندی تێدا بەکارهێناوە.

(٥) لە دوایی هەندێ دێرە شیعر نیشانەکانی (.) و (،) دانراون. ئەمە کارێکی هەڵەیە و ئەم نیشانانە جێگەیان ئەو شوێنانە نییە، لەوانەیە سەرپەرشتی چاپ، یان کرێکاری چاپخانە ئەم کارەی کردبێ.

(٦) دیوانی «وجدتها»: خاڵبەندی زۆر کەم بەکارهاتووە، لە دێرە شیعرێکدا دووجار (؟) هاتووە. بۆ بانگ کردن و هوشیار کردنەوە (،)ی داناوە، پێویستە (!) دابنێ.

لەم کۆمەڵە شیعرەدا زۆر کەم خاڵبەندی بەکارهاتووە، تاکو تەرا (:) و (؟) بەرچاو دەکەون، لە موستەزادێکدا بۆ جیاکردنەوەی دێرە درێژەکان لە دێرە بچووکەکان نیشانەی (-)ی لە دوایی دێرە درێژەکان داناوە، پێویست بەم ئاماژەیە نییە.

(٧) دیوانی «أعطنا حبا» هەمووی شیعری نوێیە، فرەکێش و سەروای ڕەنگاوڕەنگە، خاڵبەندی پشتگوێ خراوە، لە هەندێ شیعردا تەنیا (،) بەکارهاتووە. شیعری (فەدوا تۆقان) هەمووی لە بابەت خاڵبەندییەوە بەم جۆرەیە کە باسی لێوەکرا.

(٢)

سەرچاوە: دیوان علی محمود طه المهندس، دارالعودة، بیروت، ١٩٨٦ (٤٣٠ص).

لەبەر ئەوەی شیعری ئەم شاعیرە میسرییە هەمووی لەسەر کێشی عەرووزییە، بە دەگمەن خاڵبەندی تێدا بەکار هێنراوە. ئەم شیعرە ڕۆمانتیکییانە لە رووی ناوەرۆک و لێکسیکۆن و ڕەوانبێژییەوە چوونەتە ناو شیعری نوێوە، تارمایی ئیستێتیکی قوتابخانەی هونەر بۆ هونەریان پێوە دیارە. نموونەی ئەم جۆرە شیعرە لە بەرهەمی شاعیرانی کورد لە دیوانی «ڕازی تەنیایی» ئەحمەد هەردی دەکەوێتە بەرچاو.

بەهۆی ئەوەی بەرهەمی شیعری (عەلی مەحموود تەها) لەسەر بەحری عەرووزی هۆنراوەتەوە وەکو لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، زۆر کەم نیشانەکانی (؟) و (!)ی بەکارهێناوە، ئەمانەش لە دوایی دێرە شیعر، یان لە دوایی نیوە دێرە شیعر دەکەونە بەرچاو. لە هەندێ جێگە (:) بەکارهاتووە، بەڵام ئەمەیان لە جێی خوێ نییە.

## لەبارەی شیعری نوێی کوردییەوە

شیعری نوێی کوردی لاسایی شیعری عەرەبی کردووە و بووە بە ڕەنگدانەوەیەکی شیعری ئەورووپایی لەم لایەنەوە، چونکە شاعیرە عەرەبەکانیش پێڕەوی خاڵبەندی شیعری ئەورووپاییان کردووە، بەڵام بە گشتی شیعری نوێی کوردی زۆر پابەندی خاڵبەندی نەبووە. شاعیران بە سەلیقە کە شیعریان هۆنیوەتەوە زیاتر بایەخیان بە ڕیتم و ئاواز داوە، لەبەر ئەوە خاڵبەندی لە شیعردا نەبووە بە جەوهەرێک لە جەوهەرەکانی تۆماری دەنگی وشە و ڕستەی زمانی کوردی.

لەم ماوەیەدا لە دیاردەی خاڵبەندی دەدوێم لە بەرهەمی شاعیرانی کوردی خاوەن «شیعری نوێ» هەندێ لە کردەوەکانیان لەم لایەنەوە دەخەمە ڕوو.

(١)

شاعیر (عەبدوڵڵا گۆران) لە شیعریدا بایەخی زۆری بە

خاڵبەندی داوە و لاسایی شیعری ئەورووپایی کردۆتەوە. گومان لەوەدا نییە سوودی لە تێکستی ئەلفوبێی لاتینی شیعری زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە. جا ئەگەر ئەو خاڵبەندییە لە ناوەوەی دێری شیعر بێ، تا پلەیەک ڕێی تێ دەچێ، بەڵام ئەو بە زۆری (،)ی لە دوای دێری شیعر بەکاری هێناوە، وەکو دەستووری شیعری ئەورووپایی، ئەمەیان پێویست نییە. لە هەندێ جێگەی دیکەدا دەیتوانی خاڵبەندی بەکار نەهێنێ، لەو حاڵەتەدا شیعرەکە ڕەوانتر دەکەوێتە سەرزمان، بەڵام لە پیەس و شانۆ درامییەکانیدا بە تایبەتی ئەگەر دیالۆگ (گفتوگۆ، حیوار)ی تێدا بێ ناچارە خاڵبەندی بەکاربهێنێ.

(٢)

شاعیران (محەمەد ساڵح دیلان، ئەحمەد دڵزار، مارف بەرزنجی) بایەخیان بە خاڵبەندی نەداوە، هۆی سەرەکی بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەیە بە زۆری دێری شیعریان کورتن، واتە ژمارەی بڕگەیان زۆر نییە، هەروەها بە ناوەرۆک لە بابەتی لیریکین، ئەم جۆرە شیعرە پێویستی زۆری بە خاڵبەندی نابێ.

(٣)

شاعیران (ع ح ب، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر قادر محەمەد، سەلاح شوان، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی، دڵشاد مەریوانی، کەژاڵ ئەحمەد، فەریاد فازیل، ئەحمەد تاقانە) و گەلێکی دیکە و هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بە شاعیر دەزانن لەو شاعیرە نوێیانە بە قۆناغی شیعری کلاسیکی عەرووزی و شیعری میللی دە بڕگەیی خۆماڵی تێنەپەڕیون و یەکسەر بە «شیعری نوێ»ی فرە کێش و سەروای ڕەنگاوڕەنگ دەستیان پێ کردووە. ئەمانە هەندێ جار بایەخیان بە خاڵبەندی نەداوە، هەندێ جاری دیکە پشت گوێیان خستووە، دێری شیعریان بە زۆری لە ڕستەی کورتی کەم بڕگەیی پێک هاتووە، ئەگەر دێرە شیعرەکە درێژبێ بە (،) و (..) ، (-) کەرتیان کردووە، لەو حاڵەتەدا دەبوو بیکەن بە دوو دێر، لە دابەش کردنی تێکستی شیعر بەسەر لاپەڕەکاندا لە دێرە شیعرەکان نەخشەیەکی میعماری و هەندەسییان کێشاوە، بێ گومان شیعرەکانی دیکەیان ئاساییە، واتە دێرەکان لە سەرەتاوە تا دوایی لەسەر هێڵێکی ستوونی نووسراون، دیارە کۆتایی دێرەکان لە کورتی و درێژییاندا لەسەر یەک ستوون نابن. زۆرجار (،)یان خستۆتە دوای دێری شیعرەوە، ئەمە لاسایی شیعری ئەورووپاییە، پێویست ناکا پێڕەوی بکرێ.

(٤)

شاعیر (سەباح ڕەنجدەر) لە چوار قەسیدەی درێژدا (پۆیێم) کورتترین دێرە شیعری (٢) بڕگەیە، درێژترینی (٢٨) بڕگەیە، لە سەرانسەری ئەو شیعرانەدا خاڵبەندی بەکارنەهێناوە. ئەم دیاردەیە ئەگەرچی لە دێرە درێژەکانیشدا لە کاتی خوێندنەوەدا هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیەک دروست ناکات، بەڵکو لە بابەت ڕیتمەوە ڕەوانتر دەکەوێتە بەرچاو و گوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاسانی دەیتوانی ئەم دێرە شیعرە درێژانە بکات بە دوو سێ دێرە شیعری کورت، هەندێ جار لە ڕووی کێش و سەرواشەوە سووکتر و جوانتر دەکەوتنە بەرچاو.

(٥)

شاعیری کوردی سووریا (قەدری جان) هەموو بەرهەمی بە شیعری نوێ حسێب دەکرێ، عەرووزییەکان و کێشە خۆماڵییەکان. لە هەموویاندا بە گشتی خاڵبەندی بەکارنەهێناوە، بە دەگمەن لە هەندێکیاندا بەرچاو دەکەون، ئەمەش زیاتر لە تێکستە شیعرییەکانی کە بە ئەلفوبێی لاتینی تۆمارکراون، خاڵبەندییان تێدا دەکەوێتە بەرچاو، چونکە وەکو ئاشکرایە بەرهەمی شیعری (قەدری جان) و هەموو شاعیرانی کرمانجی باکوور بە هەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی دەنووسرێنەوە.

(٦)

شاعیری کوردی قەفقاسی ڕووسیا (شکۆی حەسەن) بە پێی دەستووری شیعری زمانی ڕووسی و ئەرمەنی و گورجی خاڵبەندی لە شیعری خۆیدا بەکارهێناوە. نووسینیان وەکو ئاشکرایە بە هەردوو ئەلفوبێی لاتینی و ڕووسی (سلاڤی، کیریلی) بوو، لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست. ئەمانەش بێگومان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نەتەوەکانی ئەورووپا کە ئەلفوبێی لاتینی لە نووسیندا

بەکـار دێنن. نەک تـەنیـا ئەم شـاعـیـرە، بەڵکو هەمـوو شاعیرانی ئەو وڵاتە لەسەر ڕێوڕەسمی شیعری ڕووسی دەڕۆن لە ڕووی خاڵبەندییەوە، بێگومان لەم کارەیاندا سەرکەوتوون.

**ئەنجام**

نووسین لە هەمـوو زمـانێکدا دوو بەشـە، یەکـەمـیـان (شیعر) و دووەمیان (پەخشان).

(١) شیعر: جیاوازی لە نێوان هەردوو جۆرە شیعردا هەیە، شیعری کلاسیکی عەرووزی و شیعری نوێی سیلابی خۆماڵی. لەم وتارە و لە وتاری پێشووتردا گەیشتینە ئەنجامێک شیعری کلاسیکی ئەوەندە پێویستی بە خاڵبەندییەوە نییە، چونکە بە تۆمارکردنی لەسەر کاغەز وەکو هێمایەکی تیۆری لەوانەیە پێویستی بە خاڵبەندی ببێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پراکتیکدا کە دەبێ بە دەنگ و ئاواز و مۆسیقا و ڕیتم، پێوەندی بە خاڵبەندییەوە نامێنێ، لەبەر ئەوە هەر لە کۆنەوە بە سەلیقە نەک بە ئانقەست، شاعیرانی بەحری عەرووزی لەناو کورد و هەمـوو نەتەوەکانی بوون بە ئیسلام لە شیعردا خاڵبەندییان پشتگوێ خستووە، بەڵام لە شیعری نوێدا و لەژێر کاریگەری شیعری نەتەوەکانی ئەورووپا لەلای ئێمەش خاڵبەندی پێڕەو دەکرێ، زیاتریش لەبەر ئەوەیە، چونکە مۆسیقای شیعرەکە نایشێوێنێ، مەرجیش نییە لە هەموو پارچە شیعرێکی نوێدا خاڵبەندی هەبێ، بەتایبەتی ئەوانەی دێرەکانیان کورتن و ژمارەی بڕگەیان زۆر نییە.


(٢) پەخشان: خاڵبەندی لە پەخشاندا جەوهەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی هەمـوو بۆچوون و بیروباوەڕێکی ئادەمیزاد تۆماری دەکا. لە سەرەتادا خاڵبەندی نەبووە، لەگەڵ پێشکەوتنی نووسین و گۆڕانی ڕێنووس، خاڵبەندی زیاتر پێویست بووە. هەرچەندە کۆمەڵ زیاتر پێشکەوتووە نووسین گرنگتر بووە بۆ پێویستییەکانی ژیان، لەگەڵ ئەویشدا خاڵبەندی زیاتر تووشی تەنگوچەڵەمە بووە و پێویستی بە چاکسازی و دانانی دەستوور بووە بۆ هەموو کەسێکی ئەوەی لە مێشک و دەروونیدا هەیە بیخاتە سەر کاغەز بە مەرجێک و شێوەیەک بە ڕێکوپێکی ئەم بیروڕایە لە خاوەنییەوە بگوێزرێتەوە مێشکی خەڵکانی دیکە.

# ڕوخساری ئەفسانە بە سیمای شیعرەکانی (قانیع)ەوە

ڕەووف مەحموودپوور
(مەریوان)

**خەیاڵم وایە زوڕنایەک لەسەر شاخ و چیا لێدەم**
**قوڵی بێ عاری هەڵماڵم، لە بەزمی بێ حەیا لێدەم**
**لە کەللەم تەم ئەکا دوودی هەناسەی سەد وەکو فەرهاد**
**بەیادی شۆڕی شیرینم قوڵنگی بێ بەها لێدەم**
**کە من ئوستادی مەجنوونم لە عیلمی شێتیا ئەمجا**
**لە کێوی نەجدەدا خۆشە، کە لافی بارەگا لێدەم**

ئەفسانە و ئوستوورە، کۆنترین دیاردە و ئاسەوار، لەسەر بنەمای لێکدانەوە، شی کردنەوە، هەڵسەنگاندن، بۆچوون و هەڵوێست وەرگرتنی مرۆڤی ئەوسا، لەسەر ڕووداو و بەسەرهات و ئەگەرە زەینییەکانن کە هەڵقوڵاوی بیری سەردەمانێکی ئادەمیزادن. ئادەمیزادێک کە لە زۆر بنەمادا خۆی بەهاوبەشی دیتران و لە زۆر بابەتی تردا خۆی بە «تایبەت» و «کەس» زانیوە. دیارە هزر و حەزی ناوچەیی و سەردەم، لەوەها ڕوانگەیەکدا بێ سووچ نەبوونە. ڕیشەدار بوونی ئوستوورە لە ناخی «جەماوەر» و «کەس»دا وەزعێکی وەهای پێک هێناوە کە هەردەم ئەگەری چەکەرەکێشانەوەی هەبێت و بەدەم ئەندێشەی سەردەمەوە ببزێتەوە. وەک «یۆنگ» دەڵێت: «ئوستوورەکان لە ڕێگەی حافیزەی ناخود ئاگای جەماوەرەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی کە، بارگە دەگوێزنەوە و لە ژیاندا خاوەن گەڕی تایبەت بەخۆیانن». ئەوەیە کە زۆربەی ئەدیبان و شاعیران، بۆ ڕازاندنەوەی تەلاری بەرهەم و کارکردنە سەر جەماوەر دەست بۆ ئوستوورەکان دەبەن و دەیان سەردەمێنن. زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئوستوورە لە «ڕێگەی هێما (نماد)، خوازە (ئیستعارە) و وێکچوون یان تەلمیحەوە» لەشیعردا خۆی



دەردەخات بەتایبەت جەختی زۆر لەسەر نمادە دێرینەکان، (کــهن الگوها) دەکــرێت و بایەخی پێ دەدرێت. وەک «میـرجەلالەدین کەزازی» جەختی لەسەر دەکات: «ئەو گـەلانەی کـە خـاوەن فـەرهەنـگ و ئەدەبی دەوڵـەمـەند و بنەمـادارن و مـێـژوویەکی کـۆنیـان هەیە، ئوسـتـوورەکـان کـاری زۆرتر لەسـەر بەرهەم و گـەڕە حـەمـاسـیـیـەکـانیـان دەکەن». لە ئەدەبی کوردیشـدا، ئوستـووره بایەخی زۆری پێدراوە و جێگە پەنجەی بەسەر تەوێڵی بەرهەمەکانەوە دیارە. ئەمـەش بۆ هەندێ هۆکاری تایبەت دەگەڕێتەوە کە بەوەی پێشوو زیاد دەبن.

«قانیع»یش وەک یەکێک لە شاعیرانی کورد، کە ڕەگ و ڕیشەی لەناخی جەماوەردایە، بە جاران دەسەویەخەی ناخود ئاگای گشـتی دەبێـتەوە و ئوسـتـووره و ئەفـسـانە دەکاتە کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە مەبەست. جەماوەری بوون- زمــانی خــۆمــاڵی، ئاواتی بەرز لە لایەک و لەولاشەوە ڕانەبینین بە جەماوەری سەردەمی خۆیەوە، ئەو هۆکـارانەن کـە بوونەتە هۆکـار تا «قـانیع» ڕوانگەیەکی تایبەتی دەرهەق بە ئوستووره و ئەفسانە هەبێت و ژیرانە و دەستەمۆکراو بیخاتە ناو نەخشەی بەرهەمەکانییەوە. ئەو لەلایەکەوە ئوستووره دەکاتە کەرەستە بۆ هرووژاندن، هاندان باوەڕپێ بەخشین و لەلایەکی کەوە هێـرش دەباتە

سـەر باووبالۆرەی هیچ و بێ بنەمـا. لەم دەقـەدا هەوڵ دراوە تیـشـک بـخرێتـە سـەر ڕوانگـەی «قـانیـع» لەسـەر ئەفسانە و ئوستووره و بالۆرەی هیچ و پووچ لە کولتووری جەماوەری کورددا.

**أ- ئوسووره:**

«میـرجەلالەدین کەزازی» لە کـتێبی «ڕۆیا- حماسە و ئوسـتـوره»دا جەخت لـەسەر ئوسـتـووره دەکـات و دەڵێت: «ئوسـتـووره لە بەربلاوترین مـانادا، جۆرێک جیـهانبـینی دێرینە. بنەمـای ئوسـتـووره لەسـەر دەسکەوت و دۆزراوە دێرینەکـــانی مـــرۆڤ دەخـــولـقــێت». هەروەها لە هەڵسەنگاندنی جیهانبینی ئوستوورەیی لە ئاست ئەوانی کـەدا، دەڵێت (ئەگـەر قـەبووڵ بکەین کـە ئوسـتـووره قـوتابخـانەیەکی هزری و دنیـا شناسـانەیە کە لە خەڵکی کۆنەوە وەک یادگار ماوەتەوە، باوەڕمان کردووە کە نرخە فەرهەنگییـەکەی لە جیـهانبینییەکانی تر کەمتر نییە، لەبەر ئەوەی لەجیـهانبـینی ئوستوورەییشدا، مرۆڤ وەڵام بداتـەوە و بە پـاڵـەپشــــــتی ئەوان، ڕازی «بـوون» و «گەردوون» ئاشکرا بکات).

«قـــانیـع»یش پیـــشـــانی داوە کـــە بـاوەڕی بەهێـــزی نەپساوەی ئوستووره و نمادە دێرینەکان هەیە. بۆیە دەستی بۆ بردوون و بەشێـوەیەکی سەردەمانە، بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی قوژبنێکی ژیانی سەردەم، کردوونی بە کەرەستە. لای ئەو، ئوستووره، یەکەم: نمادی خۆڕاگری و بەرخۆدان، دووەم: کەرەستەی پیانازین و سەردەم، بووگن.

هەرچەندە لە ئوسـتـووره ئاشـقـانەکـانیـشـدا، ئەوین و حەماسەی تێکەڵ کردووە و دووبارە لە پێناو گەیشتن بە مەبەست هەوڵی داوە.

بەرلەوەی بێـمـە سـەر ڕاڤـە کـردنی ئەو باسـە، باشـتـرە لەژێر تیــــشـکی بۆچوونەکــــانی «یۆنـگ»دا وەرامی پرسیـارێک بدەینەوە ئەویش ئەوەیە کە: (بۆچی «قـانیع» پەنای بۆ ئوستووره بردووە؟!)

«یۆنگ» لای وایە: (خەڵکی ڕۆژهەلات بە پێچەوانەی خـەڵـکی ڕۆژئاوا، لەنێـوان تەبیـعـەت و ڕۆحـدا، ڕۆحی هەڵبژاردووە و لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە مادە، بێجگە لە «مـایا» هیـچی تر نییـە، ئەوەیە کـە لەنێـوان هەژاری و شرۆڵەیی تایبەت بە ئاسیا، لە هزری خۆیدا دوچاری کەم

هازی و خەوالّوویی بووە).

«قانیع» وەک کۆمەڵکارێکی لێهاتوو و کاتێ سروسیوالّی جەماوەرەکەی دەبینێ و لەگەڵ ئاواتی بەرز و بیری تیژی خۆی هەڵیان دەسەنگێنێ، دوو ڕێگە زیاتری بۆ نامێنێتەوە:

**یەکەم:** دڵی بە داهاتوو خۆش دەکات و بەوە ڕازی دەبێت کە گوایە بیرەکەی لە داهاتوودا پەرەدەسێنێ و جەماوەر لە خەودا دەچڵەکن.

**ئەی وەتەن هیچ خەم مەخۆ ڕۆژێ ئەبێ بۆ ئاخری**
**دەستی (بەیزا) دەرکەوێ سیحری نەمێنێ سامیری**
**قانیعم ئەسپی خەیاڵم چەندێ تر سەرگەرم ئەبێ**
**مشتەی ئەشعارەکانم قەرنێ تر بێ شەرم ئەبێ**

**دووەم:** دەچێتە ناو ناخودئاگای خۆی و جەماوەرو پەنا بۆ ئوستوورەکان دەبات. لە عالەمی ئوستوورەکاندا لە شەقەی باڵی ئازایی و خیرەت دەدات و بۆ دڵخۆش کردن! یان قەرەبووکردنەوەی گرێی دڵ، زیاتر لە تەوان و حەوسەڵەی مرۆڤی ئاسایی، هێز و تەوان بۆ خۆی و جەماوەرەکەی ڕەوادەبینێ. تا بەشکەم لە سێبەری ئەو بەشە کەمەدا، شنەیەک هەڵبکات، وەک دەڵێت:

**کێ ئەڵێ نەم چەشتووە نووکی ڕمی کوردی نەژاد**
**ڕانی دەرخا تا ببینم داغمەی شێرانی کورد**

ئەو حەزە بە ڕادەیەکە تەنانەت بەندیخانەش بەلایەوە دەکاتە ژوانگەی ئاوات و ئەڵقە ئەڵقەی پێوەندیش دەبێتە پلّپلّە و لەرزانە. چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە:بە زەبری چەکووشی کاوە مێشکی دەپژێ قەوارەی پووچەڵی زووحاکی زاڵم.

**١- ئوستوورە، وەک سەمبولی خۆڕاگری و بەرخودان:**

«قانیع» هوشیارانە پەی بەو ڕاستییە بردووە کە پرژەی ئوستوورەکان، بە تایبەت نمادەکانی پاڵەوانی، لەژێر توێی زەینی شاردراوەی گەل و جەماوەردا خۆی مەڵاس داوە. ئەوەیە کە بۆ شڵەژاندنی وزەی خیرەت و خۆڕاگری، پەردەی لەسەر لادەداتەوە و پەنای بۆ دەبات. ئەمەش کاتێکە کە تێدەگات تا چ ڕادەیەک بەشی ئاوەز و (ئەقڵی تاکەکەسی) خەڵکانی سەردەم کلّۆڵ و جێگەی متمانە نینە.

**ئەی خاکی وەتەن قوڕ بەسەرو بێ سەروپا خۆم**
**بۆ بێ هونەری ئەهلی وەتەن شێتی جەفا خۆم**

ئەوەتا بۆ قەرەبووکردنەوە و هاندان بەرەو دەربازبوون لەو تەلیسمە، دەست بۆ هێزی جادووگەرانەی ئوستوورە دەبات. لە وەها هەلومەرجێکدا، لای «قانیع»، ئوستوورە دەبێتە سەمبولی بەرخودان و هاندەر. دەبێتە کەرەستەی شەقڵ شکێنێ جووڵەی جەماوەر. بێ خۆ نییە کە زیاتر برەو بە نمادە کەسییەکان دەدرێت. ئەوانەی کە نەخشی پاڵەوان و ڕزگاریخوازانەیان هەبووە و بۆن و بەرامەیان هێشتا لە دڵی جەماوەردا گەردەلوولیەتی.

وەک دەڵێت:

**بە زەبری چەکۆشی کاوە مێشکی ئەپژێت**
**قەوارەی پووچەڵی زووحاکی زاڵم**
**بە ئاوێستا، بەزەردەشت، بە ئاگر چۆن نە نازم**
**من بناغەی وەحدەت و ئەفکاری ئینسانی کە دامەزران**
**مردنم چاکە عەزیزم بیژەنی خوسرەو نەژاد**
**ئێستە مەحکوومی چەپۆکی جوولەکەی کاشانییە**
**کوانی ئەو بازە چریکەی سەد شەهێنی کەرئەکرد**
**بۆچی لە قلەق خۆی ڕەئیسی چەشمە و سەرکانییە**
**دیواری مەحبەسم شەرق و جنووب و غەرب و شیماڵە**
**بەچی ئیبرا ئەبێ موجریم، خەتاباری مناڵی بێ**
**وابزانم بێ ئەدەب نابم ئەگەر ئەمرۆ بڵێم**
**تۆ لە لوقمان و ئەرەستو بە فام و داناتری**

یان:

**ئەی وەتەن یەعقووبی تۆم و یووسفم لێ گوم بووە**
**ئەی وەتەن بەد ناوی تۆم و ئابڕووم بۆ تۆ چووە**

تا ئاخری حەزی دڵی دەردەخات و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەم و بەدەم ئاهێکەوە دەڵێت:

**چ خۆشە قانعا بێ خەوف و ئەندێش**
**بڵێیت زاڵم لەکۆییە من زەواڵم**

زۆر کەسایەتی ئوستوورەیی وەک: کاوە- زووحاک- زەردەشت- لوقمان- ئەرەستۆ- یووسف- یەعقووب- ڕۆستەم- ئەفراسیاو - یەزدگەرد- گیو- گودەرز-شەداد-

ئەهریمەن- سلێمـان- هامـان- گـورگین- فـیـرعـەون- حـاتەم- کـە وەک دیارە هەندێکیـان کـەسـایەتی نیـوە مـێژوویین، تەنانەت تا کـەسایەتییـە مـێژووییـەکـانیش نزیک دەبێتەوە و هەموویان دەکاتە کەرەستە بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکی خۆی.

هەروەها زۆر ئوسـتـوورەی وەک: ئاوی ژیان، دایکی وەتەن، قوربانی و بەلاگەردان، سیحری سامیری، دەستی بەیزا، تاد... ئەکاتە کەرەستـە بۆ ڕازانەوەی بالەخـانەی مەبەست.

**۲- ئوستـوورە، وەک ئامـرازی هەلسـەنگاندن و پێـوە نازین.**

ئەگـەر لە ڕوانگەی دەروونناسی کـۆمـەلایەتیـیـەوە سەرنجی شیعرەکانی «قانیع» بدەین. بۆمان دەردەکەوێ کەلەکاتی هەلسەنگاندنی جەماوەری گەلەکەی لەگەل هی بیـانیـدا، لۆژ و بەحـەسـرەتە و دەسـتی خـەفـەت دەداتە بەرئەژنۆی.

**دراوسێکانمان کەشفی مانگ و ڕۆژ و خۆر دەکەن**
**مامەسۆفی لای ئێمەش کەشفی دۆلەی نان ئەکا**
**کافرە سەگ بابەکان کەی سەنعەتە تەلسەز ئەکەن**
**حمدوللا کوردی لای ئێمە قولینە و تەیان ئەکا**

لە بواری بەشی ژیری و فـەن و تەکنیـک، گـەلەکـەی خۆی بە جێماو و کلۆل دەبینێ و لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسیشەوە، هەناسەی سارد هەلدەکێشێ.

کـاتێ لە بەرامـبـەر برەو و گـەشـەی ژیری و عـیـلم و تەکنیک و پێشکەوتندا، کـەلوو و نووشـتـە و کـانی باو بالۆرەی پڕوپووچی دیکە دەبینێ، هەست بە دل سـاردی دەکات و بۆکرووزی دلی دەگاتە عەرش.

**ئەی کوردی سەراسیمە لە هەر ژوور و لە خۆرا**
**وەی سەرکز و ئاشوفتە لە دێهات و لەشارا**
**من چۆن نەگریم هێندە کز و خوار و زەلیلی**
**سەر تا بە قەدەم غەرقی لەناو تۆز و غوبارا**
**ئەی کۆمەلی کوردانی هونەروەر چ عەجایب؟!**

بەلام جـارجـاریش ڕەگی خـیـرەت وای لێ دەکـات بە جۆرێک لە ئەم کـزی و چارەڕەشییـە کـەم بکاتەوە، وەک بلێی: بەشکەم وانەبێ. لەو حـالەدا تاریفی کـوێسـتـان و گول و مێرگ و بەندەنەکانی کوردەواری دەکات.

**حەقمە گەر شەیدای وەتەن بم ئەی ڕەقیبی نابەکار**
**سەیری ئەم شاخ و چیاو ئاو و هەوای کوێستانەکە**
**نیعمەتە ئەم خاک و خۆلەم تا ئەبەد جێی نایەلم**
**خاکی سووتاوی وەتەن بۆ سورمەیی چاوانمە**

ئەمـجـا پەنا بۆ ئوسـتـوورە دێرینەکان دەبات و زەقـیـان دەکـاتەوە تا بەشکە تۆزقـالێک سـوکنایی بەدلە پڕ جۆشەکەی خۆی بدات:

**- کێ ئەلێ نەم چەشتووە نووکی ڕمی کوردی نەژاد**
**ڕانی دەرخا تا ببینم داغمەی شێرانی کورد**

**- بە زەبری چەکوشی کاوە مێشکی ئەپژێ**
**قەوارەی پووچەلی زووحاکی زالم**

**- تافوارەی خوێنی جەرگم قرمەکاتە حەوزی دل**
**نانوارم جارێ تر، هەرگیز بە حەوزی کەوسەردا**

**- تاکو من ڕۆستەمم بوو ڕۆژی حەملە و کەشمەکش**
**سەرکزی گورزی گران بوون هەزار ئەفراسیاب**

**- یەزدی جوردم یەزدی کوردانە ئەبێ چۆن ون ببێ**
**کێ هەتاوی بۆ ئەشارێتۆ لەژێر پەردەی نیقاب**

**- لە کـەللەم تەم ئەکـات دوودی هەناسـەی سـەد وەکـو فەرهاد**
**لەدلما شۆڕش ئەنگێزە بناغەی حاکمی بابل**

**- موقەدەر بالی توند بەستەم وتی:قف ایهاالعاجل**
**لە پشتی باوە ئادەم داتەکانم دا لەبۆ سبقەت**

**- وابزانم بێ ئەدەب نابم ئەگەر ئەمڕۆ بلێم**
**تۆ لە لوقمان و ئەرەستۆ بەفام و داناتری**

**۳- ئوستوورەکانی ئەوین، لەشیعری «قانیع»دا**

ئەوین سـەرچاوەی وزەی لەبن نەهاتووی ژیانە. بێ

ئەوین ژیان مەرگە. بە تایبەت کە شاعیر حەزی خۆشەویستی لە دڵیدا چەکەرەی کێشا، زمانی ئاشقانە دەکاتە کەرەستە و ئەشق و حەماسە پێکەوە تێکەڵ دەکات. «قانیع» وەک شاعیرێکی خەڵکی، ئەشقی خەڵک و وڵات گری تێبەر دەدات، بە جۆرێک کە لە عالەمی ئەشق و دڵداریشدا، سەوداسەری حەزە گەورەکانە و خۆی لە پێناو کۆمەڵدادەبینێ، یان بە واتای «سەیید عەلی ساڵحی»، بەشێوەیەکی تایبەت زمانی لیریک و حەماسەت پێکەوە جۆش دەکات و هەستی حەماسی و عاتیفەی ئاشقانە دەکاتە گوڵجاڕی حەز، تا بەشکم بۆنێکی خۆش بە جەماوەر ببەخشن و لانی کەم قوژبنێکی زەمەنی و مەکانی وڵات بڕازێتەوە.

ئەوەیە کە لای «قانیع»، تەنانەت ئەشقیش کەرەستە و ئامرازە و لە خزمەت بەرژەوەندی باڵای جەماوەردایە.

کاتێ شیعرە ئاشقانەکانی«قانیع» دەخوێنیتەوە؛ بیری «حەمید موسەدیق» دەکەیتەوە کە دەڵێت: «من لە ئاشقانەترین شیعرەکانیشمدا، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێ ناخەم، چونکە لەگەڵیان دەسەویەخەم و بەشێکن لە ژیانم»

«قانیع»یش تەنانەت ئەگەر جاروبار لەنجەی شۆڕە کچێک هەستی دەبزوێنێ، هەوڵ دەدات قەوارەیەکی نەتەوایەتی و حەماسی پێ ببەخشێ. چ بگات بە ئوستوورە و نمادەکانی ئەشق و وەفاداری، کە هەر کام بە جۆرێک ڕواڵەتی کزی خەڵک و تەنگەشەی هاندەرانە و ئەمەکدارانەیان پێوە دیارە و لە خزمەت مەبەستی تایبەتدان:

**– لە کێوی بێستوونی ئەشق دا فەرهادی بەدبەختم**
**وە لەو شیرینەکەم مەیلی دڵی پەرویزی کیسراکا**

**– لە عیشقی تاقە خاڵێ بوو لەچاهی غەب غەبی شیرین**
**کە ئێستاش جۆشی هەرماوە، ئەساسی شۆڕشی فەرهاد**

**– بێستوونە کوردسان و ڕەنجی کورد فەرهادی یە**
**مەرجی خوسرە و وا تەواو بوو فیکرەکەی بەربادی یە**

**– قەتڵی سەد شێرۆ ئەکا شیرینی دایکی کوردستان**
**گەر ڕەقیب مەنعم بکا بۆ گیان فیدایی قاسیدت**

**– ڕۆستەمی مەیدانی عیشقت چۆن بە گوێی گورگێن ئەکا**
**ئەی وەتەن دێوانەکەی تۆم و بەڵا گەردانی بەرپێتم**

**– ئەگەر بێت و قەبوولم کەی بەدڵ سەربازی سەر ڕێتم**
**جگەر سووتاوی لاوانی بەبێ ماڵ و بەبێ جێتم**
**لە باغی عیشقی میللەت دا، فیدا کاری نەکەم شێتم**

**– تا تەماشای قامەت و لەنجەی کچی کوردم ببێ**
**حۆری و غیلمانی سۆفی مفتە خوارم بۆ چییە؟**

**– ئەی وەتەن یەعقووبی تۆم و یوسفم لێ گوم بووە**
**ئەی وەتەن بەدناوی تۆم و ئابڕووم بۆ تۆ چووە!**

**– فەرهاد بۆ شیرین چەکوشی ئەوەشان**
**بەردی ئەتاشی و بەردی ئەسووتان**
**ئەی بۆ فەرهادێک نەهاتە ڕووی کار**
**شێوەن بتاشێ لە ڕووی کوردستان**

**ب– بەشی پرووپووچ و خورافات:**

حاشای لێ ناکرێ کە «قانیع» بەر لەوەی شاعیر بێت، کۆمەڵناسێک بووگە کە بەپێی سەردەم و دەرفەت، باش دەرکەوتووە. ئەو بە ناخی کۆمەڵدا ڕۆچووە و کۆسپ و لەنگەرەکانی سەر ڕێگەی گەشەی هەمە لایەنەی ناسیوە و لێی ڕاماوە. ئەوەیە کە «چیخۆف» وتەنی،دەیەوێت بەنیشان دانەوەو زەق کردنەوەیان، کۆمەڵ بۆ بن بڕ کردن و سڕینەوەیان هان بدات.

ئەگەر بۆ وەستانەوە دژ بە نەزانی و خورافەپەرەستی و ناگەشەسەندوویی دەیەوێت بانگەشەی بزاڤ لە جەماوەر بکات، تەنیا ڕێگەی لە خوێندن و فێرگە دەبینێت. بۆیە دێتە هاوار و بە گوێچکەی خەڵکدا دەچرێت:

**سوژدە بۆ زانین ببەن، حیکمەت بە زاری فێربن**
**ئەی برا بیگرنە گوێ ماریفەتی پیرشالیار!**
**ڕۆڵەکەم خوێندن بخۆێنە مەکتەبە بە دەرمانی کورد**
**تێگەیشتن مەڵهەمە بۆ زامی بێ سامانی کورد!**

ئەو باش تێگەیشتووە کە تەنیا لافاوی خوێندن وژیرییە کە دەتوانێت شەخەڵی پڕوپووچ و خورافات لە مێشکی جەماوەردا ڕابماڵێ. هەر بۆیە ئاوا بەجەختەوە ئەو بانگەشەیە دەزرینێ دەیکاتە تەپڵی خەوزڕانی خەڵک.

«قانیع» ڕوانگەیەکی ڕێژەیی لە ئاست بەشێک لە دیاردە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەگەر هەندێکیان بە باش و هاندەر و پاڵپشتی زەینی دەزانێت. دەستەیەکی تریان بێ نرخ و بەکەڵک نەهاتوو لێک دەداتەوە و وەک کۆسپی سەر ڕێگەی ژیری و پێشکەوتن، تەواشەیان دەکات.

وەک «ئالن واتس» دەڵێت: «دەبێ ئوستوورە و ئەفسانە وەک کۆمەڵێک لە داستان و بەسەرهاتەکان لێک دەینەوە کە بێ شک هەندێکیان ڕاستەقینە و هەندێکیش خەیاڵین. ئەوانەی کە مرۆڤ لەبەر هەندێ هۆکاری جیاواز، وەک باڵە جامی دەرخستنی مانای دەروونی بۆ ژیانی مرۆڤ سەیریان دەکات.»

«قانیع»یش پێی خۆشە ڕوانگە کۆنەکان باقە بکات کە بەڕای خۆی بۆ ژیانی سەردەم نیاز و بەکەڵکن، ڕێزیان لێ بگرێ و ئەوانەش کە پڕوپووچ و بە کەڵک نەهاتوون و وەک ڕەتەی سەر ڕێگای ژیانی جەماوەرن، دووربهاوێ. ئەو باش دەزانێ کە ئوستوورە و حیکایەتە کۆنەکان گۆڕەپانی قوولترین بنەمای غەریزی و دێرین و ئەوساییین. بۆیە دەبێ بە مەزەنەی سەردەم دەستیان بۆ ببرێت. وەک«مارک شوریر» دەڵێت: «ئوستوورە پێشانگای شانۆی قوولترین ژیاری غەریزین. شانۆی زانیاری و سەرەتایی مرۆڤ، لە جیهانێکدا کە دەتوانێت بە هەیکەلی جۆراوجۆر قوت ببێتەوە و خۆ دەربخات. دەرکەوتنێک کە باوەڕ و ڕوانگە تایبەتییەکان پێیەوە بەستراون».

«قانیع»یش بۆ ئەوەی جەماوەر بەرەو ژیانی سەردەم پاڵ پێوە بنێت، ئاماژە بە چەوتی و ناڵەباری باوەڕە کۆن و خورافییەکان دەکات:

**– لە داری پیر مەسوور و پیرە دەستوورت چ نەفعێ دێ**

**لە قەبری مامە شاکە و سۆفی ریش سوورت چ دی ئیمداد؟**

**– دەستی مەردی توند لە حەڵقەی کاسبی محکەم بکە**

**پوولێ ناکا هیممەتی پیرشالیار و کۆنە پۆش!**

**– بە دینم بت پەرەستی عارە بۆ دین**

**دەسا پەرسینی ئاوی کانی با بەس**

**– جێی کشت و کاڵم تا بڵێی کەمە**

**بەڵام پرچ و ریش تا بڵێی هەمە**

**لە هاڵ و شەوە و خێوی سەر کانی**

**جنۆکەی زل زل دێوی شەیتانی**

**مەکتەبێ نەبوو ئەمانە لابا**

**زانین و ڕاستی تێدا پەیداکا**

**– کە شێخ وەفاتی فەرموو گەیشتە جێی نیهانی**

**شێخ زادە ئەو سەعاتە ئەبێتە غەوسی سانی**

**کەس نایە بۆ حیساب و کیتاب و ئیمتحانی**

**چەسپاوی دەستی غەیبە نەجمە و نیشانی شانی**

با لە کۆتاییدا ئاواتە بەرز و ئەفسووناوییەکەی «قانیع» بکەمە مەزەی باسەکە و شنەیەک ئاراستەی زەینی ماندووتان بکەم کە دەڵێت:

**ئەڵێن زووحاک دڵی بەردی بە بەندیخانە دانابوو**

**بەڵام شمشێری مەرگی خۆی لە کوورەی کاوە ئاو دابوو**


**سەرچاوەکان:**

**١– دیوانی قانیع– کۆکردنەوەی بورهان قانیع چاپی، دووەم ١٩٩١ سلێمانی.**

**٢– رۆیا– حماسه– اسطوره– میر جلال الدین کزازی.**

**٣– مبانی نقدادبی، ویلفرد گرین– لی مرگان– جان ویلنیگم– ترجمه فرزانه طاهری.**

**٤– شرح شوکران– دفتر دوم– سید علی صالحی.**

**٥– اسطورەهای ملل– یونگ.**

**٦– مجله بیدار شماره ٣.**

# پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانە کوردییەکەی ڕۆمانی زۆربادا

فرسەت ڕۆژبەیانی

ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانتزاکیس، ڕۆمانێکە وەک شاکارێکی جیهانی ناسراوە، ئەم ڕۆمانە بۆ سەرجەم زمانەکانی دنیا وەرگێردراوە، ساڵی ٢٠٠١ کرا بە کوردیش، دەزگای سەردەم بڵاوی کردەوە وەرگێڕانیشی لەلایەن مامۆستا ڕەئووف بێگەردەوە بوو کە لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، تا ئێستاش سێ جار چاپ کراوەتەوە.

پێش خوێندنەوەی کردنی زۆربا بە کوردی مـوژدەیەکی زۆر خۆش بوو بۆ من، بەڵام دوای خوێندنەوەی خەمێکی قووڵ دایگرتم چونکە:

١- بۆم دەرکەوت کە مامۆستا بێگەرد بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووە لە وەرگێڕانەکەیدا، چونکە گرنگترین تایبەتمەندی ڕۆمانەکەی تێدا ڕەچاو نەکراوە، ئەویش پەیامی فەلسەفی کازانتزاکیسە، مامۆستا بێگەرد نەیتوانیوە لە فەزای فەلسەفی ڕۆمانی زۆربا تێبگات و نەیتوانیوە ڕۆمانەکە لای خوێنەری کورد خۆشەویست بکات.

٢- لای نووسەرانی کورد وا باوە کە کتێبێک کرا بە کوردی، ئیتر تەواو کەسی تر خۆی لە قەرەی نادات و هەرچەندە دڵنیاش بن لە فەشەلی وەرگێڕی یەکەم.(١)

٣- ئەم ڕۆمانە من یەکەم جار بە عەرەبی خوێندوومەتەوە، لەم ٤٠ ساڵەی ڕابردووش هەر تەنیا ئەم نوسخە عەرەبییە هەبوو لە عیراقی داخراوی سەردەمی پێشوودا، وە نەبێ ئەمە گلەیی بێ لە وەرگێڕانە عەرەبییە بەنرخەکەی مامۆستاجۆرج تەرابیشی، بەپێچەوانەوە، چونکە هەر ئەم وەرگێڕانە ئیبداعییەی تەرابیشی ڕۆمانی زۆربای لای خەڵک خۆشەویست کرد. زۆربا کرا بە کوردی خەنی لەخۆمان، بەڵام چۆن کوردییەک!



**نیکۆس کازانتزاکیس**

لێـرەدا من بۆ سـەلماندنی ئەم ڕاسـتـیـانەی سـەرەوە، بەڵگەم هەیە ئەویش بریتـیـیـە لە دە بەرگـرتنی زۆربای کـوردی و عـەرەبی و ئەڵمـانی، دوای دە بەرگـرتن ڕای خۆمان دەدەین، بێگومان خوێنەری عەرەبی یان ئەڵمانی زان دەتوانێ لە ڕاستی مەسەلەکان تێبگات.

لە ل٧ ستوونی٧:

- بالاّ پۆشێکی قاوەیی.
- ملتفين في صداريهم القاتمة.ع/٧
- Bluesn aus ziegenhaare.S.7.

لێرەدا قاوەیی مانای قاتم نییە، واتە تۆخ یان تاریک، لە ئەڵمانیەکەشدا باسی ڕەنگ ناکات، بەڵکو تەنیا باس لە بلووزێک دەکات کە لە مووی بزن دروست کراوە.

ل٧ ستوونی ١٥:

- کرێکارێکی بار هەڵگر، کورتە بالاّیەکی چوارشانەی خۆر ئەنگاز، سەروپێ ڕووت و لەش قوڕاوی.
- ودلف منه عامل قصير دبغي اللون، عاري الرأس، عــــاري القدمين، ملوث من رأسه الى اخمص قدميه. ع/٧
- Und ein kleiner, sonnenverberanter hafenarbeiter trat ein. ohne mutze, barfuss und von stra-senkotbespritz..S.7.

لێرە بارهەڵگر زیادە.

لە ل٨ ستوونی پێش کۆتایی:

- ئەی شـەپۆلە نەعلەتیـیـەکـان کـە ئافـرەت بێـوەژن دەکەن.

دیارە کـە ئەم ڕسـتـەیە کـوردییـەکـەی مـانادارە، بەڵام ئەدەبی نیـیـە، بڕوانە وەرگـێـڕە عـەرەبییـەکـە چەند سەرکەوتووە- یا للبحر صانع الارامل.ع/٨.

- pfui!Du Verdammteer Wit-wenmacher.S.8.

ئەڵمـانیـەکەش هەر بە هەمان شێـوە هەستی بە ڕۆحی ڕستەکە کردووە بۆیە وای وەرگێڕاوە.

لە ل٩ ستوونی ٣دا هاتووە:

- لە پشت شـووشـە تەم گـرتووەکـانی پەنجـەرەکـەوە تەماشای ڕابوونی بەندەر، دەنگی شووتی کەشتییەکان و هەراوزەنای گالیسکەوان...
- كنت انظر الى المركب الاســود و الظلال و المطر و تجسدت كآبتي و عاودني الذكريات.ع/٨.
- ...Meine Vergangenheit nahm geschtalt an.S.8.

لێرەدا عەرەبی و ئەڵمانییەکە تەواو کۆکن لەسەر ئەوەی کە خەمۆکییەکە کەم بەرجەستە بووە، لە کوردییەکەدا هەر باس نەکراوە و بەسەریدا بازی داوە!

هەر لە ل٩ س:

- پێم خۆش نەبوو لەو هاوڕێیەم جیاببمەوە.
- لم اكن لاستطيع الانفصال عن صديقي.ع/٩.
- konte ich mich nicht von meinem freund losreissen.S.8.

نەم دەتوانی ڕاستترە، وەک لە عەرەبی و ئەڵمانییەکەدا هاتووە.

هەروەها لە ل١٠ دوا ستوون:

- وەک ئەوەی ئەو دەردو ئازارە لە خەونێک زیاتر چیتر نەبێت و ژیانیش شـانۆیەکی پڕ لە کـارەسـات بێت کـە بێجگە لە ساویلکە و تلّـپـەکان کـەس نەتوانێت دەوری تێدا ببینێت.
- وكأن الألم لم يكن الا حلما و الحياة مأساة آسرة، يثبت من يسرع الى المسرح و يأخذ حصته من العمل، غلاظته و سذاجته.ع/٩.
- als ware der Schmerz nur ein Traum und des Leben eine ergrifende Tragodie, in der es nur ein Beweis von Grobheit und Einfaltigkeit ist,sich auf die Szene zu sturzen und mitten in der Handlung partei zu ergeifen.S.9.

لێـرەدا ئەم ڕسـتـەیە زۆر ئاڵۆزە و وەرگـێـڕانی وا ئاسـان نییە، بەڵام ئەلهـەقە وەرگێڕی عەرەبی دەرەقـەتی هاتووە،

ئەم پەرەگرافە دەیەوێ بڵێ کە ئازار وەک خەونێک وایە و ژیانیش شانۆیەکی سەرنجڕاکێشی دڵگیرە، ئەگەر ویستت دەوری تێدا ببینی دەبێ دڵڕەق و ساویلکە بی.

مامۆستا بێگەرد وشەی تلّیی بەکارهێناوە بۆ (غلیظ) واتە دڵڕەق هەڵەیە، هەروەک لە قورئاندا هاتووە (ولو کُنت فظاً غلیظَ القلب لأنفضوا من حولك١٥٩/٣) لەم پەرەگرافەدا لەکۆڵ کردنەوەی پێوە دیارە.

هەروەها لە ل١٠دا هاتووە:

- من وەڵامم نەبوو، بیرم لای سەرزەمینی خۆرهەڵات بوو کە دایکی خواکانە و لای ئەو چیا بڵندانەی هاواری (بروموثیوس)ی بەتاشە بەسراو دەنگی تیا دەداتەوە.

- ولم اجب بشيء. يا اراضي الشرق المقدسة، يا ام الآلهة، ايتها الجبال العالية حيث تعالت صوت بروميثيوس المستنكرة.ع/٩.

- Ich antwotete nicht. Heilige Erde des Orient, du alte Gottermutter, du Stolzer Schrei des Promotheus, der an den Felsengeschmeidet war.S.9.

وشەی (بیرم لای) نە لە عەرەبی نە لە ئەڵمانیدا نەهاتووە، ئەگەر عەرەبی و ئەڵمانییەکە دەبەر یەک بگرین دەبینین زۆر لەیەکەوە نزیکن، مامۆستا بێگەرد دەڵێ: بیرم لای سەرزەمینی خۆرهەڵات بوو کە دایکی خواکانە.

تەرابیشی و وەرگێڕی ئەڵمانی وای وەرناگێرن، یا اراضي الشرق المقدسة، يا ام الآلهة، دیارە لێرەدا بێگەرد لە تێکستەکە نەگەیشتووە.

لە ل١١ س٢٤ هاتووە:

- ئەم ژاپۆنییانەی کە تۆ زۆر بەهاوڕێیان دەزانیت دەڵێن چی؟

- ماذا يقول اليابانيون الذين تحبهم كثيرا؟

- Wie nennen es deine gelibten Japaner?.S.9.

لە عەرەبی و ئەڵمانیدا کە خۆشیانت دەوێ بەکارهاتووە، کوردییەکە دیارە زۆر لاوازە.

لە ل١٢-س-٣

- کە تۆنی دەنگم لەرزینی تێ ناکەوێت و من بەسەریدا زاڵ دەبم

- لم اكن واثقا انني استطيع منع صوتي من الارتجاف.ع/١٠.

- Ich war mir gar nicht sicher, meiner stimme machtig zu belinen.S.9.

لێرەدا من بەسەریاندا زاڵ دەبم زیادە.

٦- لە ل١٤ ستوونی ٢٣:

- بەرانبەر بە لیبیا (ڕاستەکەی لیبیایە)

- من جانب بحر ليبيا.ع/١٣.

- an der kuste des lybschen meeres.S.11.

لێرەدا ئەڵمانییەکە مەبەستی پێکاوە، چونکە دەڵێ لەسەر دوورگەکانی دەریای لیبیا.

لە ل١٦-س ١٨:

- کیسەیەکی بچووکی لەبن دەست بوو.

- وكان يمسك بصرة صغيرة مسطحة تحت ابطه.ع/١٤.

- Er hielt ein kleines plates bundle unter dem Arm.S.12.

لێرەدا وشەی پان لە کوردیدا نییە واتە (بوخچەیەکی پانی بچووکی لەژێر هەنگڵدا بوو) ڕاستترە.

لە ل١٨ س ١٠ هاتووە:

- تۆ چیرۆکی ژنی ئاشەوانت بیستووە، ها؟ چاکە، دەشێت مرۆڤ لەگەڵ و گیپاڵی ژنە ئاشەوانەوە فێری خوێندن بێت؟ عەقڵی ئادەمیزادیش تەواو وەک لەگەڵ و گیپاڵی ژنی ئاشەوانەیە.

- أتعرف قصة زوجة الطحان، حسنا! هل كان قفا زوجة الطحان يعرف الاملاء؟ ان قفا زوجة الطحان هو العقل البشري.ع/١٥.

- Denk an die Geschichte von der Mullerin! kennt der Hinttern der Muullerin die-Rechtschreibung? der Hintern der Muullerin ist der Menschliche Geist.S.14.

ئا ئەم پەرەگرافە نموونەیەکی زۆر چاکە بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران ڕوون ببێتەوە کە وەرگێڕانی زۆربا کارێکی وا ئاسان نییە، لێرەدا زۆربا دەیەوێ بە بەرانبەرەکەی بڵێ من بێ ئەقڵ بووم، وام کرد چونکە کەس ناتوانێ لە ئەقڵی مرۆڤ تێبگات، نووسەر ئەقڵی بونیادەمی (بەنیادەم- کاک دلاوەر قەرەداغی بە کاری هێناوە) بەقنگی ژنە ئاشەوان شوبهاندووە کە (املاء- Rechtschreibung) نازانێ لەم پەرەگرافەدا تەنیا وەرگێڕە ئەڵمانەکە مانای دەقەکەی بەجوانی توانیوە وەربگێڕێ.

لە ل٢٠ س ٤:

- ڕیتسیبە فەندی.

- رتسب افندي.ع/١٦.
- Retsep Effendi.S.15.

لێرەدا لە هەر سێ نووسخەکەدا ناوەکە هەڵەیە، چونکە تورکەکان کاتێ ئەلفوبێیان کرد بە لاتینی (ا ب ج د، A.B.C.D)یان بەرانبەر یەک دانا بەبێ ڕەچاوکردنی یاساکانی ترانسکریپشن TRENSCREPTION واتە Aیان لە شوێنی ئەلف دانا، و Bیان لە شوێنی ب، تا ئێرە ئاساییە، بەڵام Cیان بۆ جیم دانا ،بۆیە ڕاستی ناوەکە رەجب ئەفەندییە، چونکە بەلاتینی وا دەنووسرێ (Receb). لێرەشدا دەبێ بەهۆی چاولێکەری کرمانجی لە تورک ئەمڕۆ ئەم شێوە نووسینە لە میدیا و لەکاتی لاتینی نووسیندا بەرچاو دەکەوێت.

١٠- لە ل٢٣ س ١١ هاتووە:

- ئەوەندە لێم هاتبووە پێشەوە خەریک بوو بکەومە ئامێزی.

- وأنا امسک نفسي کي لا القي بها بين ذراعيه.ع/١٩.

- Und nur mti Muhe und not beherrchtte ich mich, um nicht seine Hand zu druken.S.17.

لێرەدا مەسەلە ئەوە نییە لە نزیکی یەک دانیشتوون تا بکەوێتە باوەشییەوە، بەڵکو مەسەلەکە سایکۆلۆژییە سەرۆک ئەوەندە دڵی بە ناسینی زۆربا خۆشە زۆر لە خۆی دەکات تا خۆی نەخاتە باوەشییەوە.

لە ل٣٣-س١٦:

-عەقڵێکی گوناهت هەیە، لەشێکیش کە هەرگیز هەستی بە گەرمی خۆر نەکردووە.

- عقل بريء و جسد لم يعرف الشمس.ع/٢٧.

Gehirnerweichung, der Sonne ausgesetzes Fleisch.S.23

لێرەدا مەبەستی زۆربا ئەوەیە کە سەرۆک دنیای نەدیوە و تەجرەبەی نییە! کورد قەت بە یەکێکی وا ناڵێ عەقڵێکی گوناهت هەیە، لەشێکیش هەستی بە گەرمی خۆر نەکردووە.

لە ل٣٦ س ١٠:

- شازادە جورج بو یونان.

- الى كريت.ع/٢٨.

- Nach kreta.S.24.

کوردییەکە هەڵەیە، چونکە بۆ کریتە نەک یونان.

لە ل ٣٦ س ١٠:

- لەو لاتانە بو کە تەنها بۆ داربڕین دەستی ئەدا.

- و هو اشبه بربطة محزومة بالحبال.ع/٢٩.


- Einer von den Insurgenten, ein Verbrecheertyp.S.24.

مامۆستا بێگەرد لەم دێرە نەگەیشتووە، چونکە مەبەست ئەوە نییە کە یورگا بۆچی دەست دەدات، بەڵکو مەبەست قەڵەوی یورگایە، لێرەدا من دڵنیام کە مامۆستا بێگەرد سەیری عەرەبییەکەی کردووە، بەڵام لێی تێ نەگەیشتووە.

لە ل٣٧ ستوونی ٢١:

- ئیتر ئەمەیە ئازادی! بەدیهاتنی ئارەزوویەک، کۆکردنەوە و لەسەر یەخستنی دراوی زێڕ، دوایی زاڵ بوون بەسەر ئارەزووتاو بەفیڕۆدانی ئەوەی کە کۆت کردۆتەوە و خۆ ئازادکردن لەکۆتی ئارەزوویەک و کەوتنە دوای ئارەزوویەکی لەو چاکترەوە، بەڵام ئاخۆ هەر ئەمەیش لەخۆیدا جۆرێک نییە لە کۆیلایەتی لەبەر خاتری بیروباوەڕێک، یان گەلەکەت، یان لەبەر خاتری خوا خۆت بەخت بکەیت؟ بەم حاڵەوە کۆیلە چاکتر دەتوانێت دەست و پێ بهاوێژێت و لە مەیدانێکی فراوانتر زیاتر هەڵسوکەوت بکات بێ ئەوەی هەست بە پەتی سێدارەکەیش بکات بمرێت، ئایا ئەمەیە مانای ئازادی؟

- «هذه هي الحرية. ان تهوي شيئا وان تجمع القطع الذهبية، و فجاة، تتغلب على هواک و تلقي بكنزک في الهواء. ان تتحرر من هوى، لتخضع لهوى اخر اكثر نبلا. لكن اليس هذا شكلا اخر من العبودية؟ ان تكرس نفسک لفكرة، لعرقک، الله؟ ام ان السيد كلما ارتفع مركزه تطاول حبل العبودية؟ و قد يمكنه عندئذ ان يلعب و يلهو في حلبة اوسع ثم يموت دون ان يصادف الحبل، أهذا اذن ما نسميه بالحرية؟»ع/٢٩



- Das ist die Feiheit,dachte ich. Eine Leidenschaft haben, Goldstucke sammeln und dann.
auf einmal die Leidenschaft uberwinden und den schatz in alle vier Wiende verstteuen! Sich von einer Leidenschaft befreien, indem man einer anderen, hohern gehorcht... Aber ist das nicht ebenfals einer Sklaverei? Sich fur eine Idee, fur Rasse fur Gott zu opfern? Oder wird nicht, je hoher der Herr steht, der strick unsere Knechtschaft desto langer? Und dann tummeln wir uns, spieln und springen auf einer geraumigen Tenne und sterben, ohne jemals das Ende des strickes zu finden. Und das nennen wir Feriheit? S.25.

لەم پەرەگرافەدا چەند هەڵەیەک هەیە:

سەرەتا ئەم پەرەگرافە وەرگێڕی کوردی نەیتوانیوە بە جوانی مەبەستی نووسەر بۆ خوێنەری کورد ڕوون بکاتەوە، لەم ڕۆمانەدا وشەی (سەرۆک)ی بۆ الرئیس یان لە ئەڵمانیدا (chef)ی بۆ بەکارهێنراوە، من لێرەدا بەکارهێنانی وشەی سەرۆک بۆ ئەو کاراکتەرەی دەگەڕێنمەوە کە لەگەڵ زۆربا لە ڕۆمانەکەدا دەور دەگێڕێت، چونکە زۆربا پێی دەڵێ الرئیس لە عەرەبییەکەدا، چونکە لەفەرەنسییەوە وەرگێڕدراوە لە فەرەنسیدا وشەی پاترون (Patron قدیس، شفیع، حام، مدافع، رب عمل، معلم)(٢) کە دەکاتە وەستا لە کوردیدا بەکاردەهێنن، کورد بە خاوەن کار (خاوەن ماڵ) ناڵێن سەرۆک، بەڵکو وەستا یان دەکرا هەر سیفەتێکی تری بۆ بەکاربهێنرێت، چونکە لە کوردی ئەمڕۆماندا وشەی سەرۆک بارگاوییە بە مانای سیاسی، ئەمە لەلایەک، هەر لێرەدا بەکارهێنانی ئەم وشەیە گرفتی بۆ وەرگێڕی کوردی دروست کردووە بە تێکەڵ کردنی وشەی سەرۆک لەگەڵ خودادا و هەر هەمان وشەی بۆ خودا بەکارهێناوە کە دەڵێت (یان پایەی سەرۆک چەند بەرزبێت...).

لە ل٣٨ ستوونی ٥:

- وەک بەچکە عەرەب کەوتنە پێشمان.

- واسرع صبييان، عاريا الاقدام، جلدهما برونزي كالفلاحين، وحملا الحقائب.ع/ ٣٠.

- Fllachen Kinder. S.25.

لێرەدا بەچکە عەرەب زادەی بیری وەرگێڕی کوردییە، لەوانەشە ئیلهامەکەی لە پێخواسی منداڵەکەوە بۆ هاتبێ.

ل٣٩ س ٩:

- ئەم دار هەنجیرە هی کچەکەی ئێمەیە.

- تينة الانسة.ع/ ٣١.

ئەڵمانی ل٢٦:

- Der Feigenbaum der prinzesin. S.26.

لێرەدا باس لەناوی دارێک دەکرێت، لەکوردییەکەدا هەر زۆر بەناڕێک وەرگێڕدراوە، ڕستەی (ئەم دار هەنجیرە هی کچەکەی ئێمەیە) لەوانەیە لە فارسیدا زۆر ڕەوان بێ، بەڵام لەکوردیدا نەء، لەعەرەبیدا زۆر بە کورتی و ئەدەبیانە کراوە بە (تينة الانسة) و لە ئەڵمانیدا کراوە بەدار هەنجیری شازادەکەمانە.

لە ل ٤٠ ستونی ٨:

- وەک سەگێکت لێدێت کە (تاوەیە)کیان بە کلکییەوە بەستبێت ئەویش ڕا بکات.

- ستجری ككلب علقت في ذنبة قدر.ع/ ٣٢.

- Du laufst mit ihrm umher wie ein Hund, dem man einem Banzinkanister an den Schwanz gebunden hat.S.32.

لێرەدا وا دیارە کە کورد تاوە بەکلکی سەگەوە دەکەن و عەرەب (قدر) کە دەکاتە مەنجەڵ نەک تاوە، هەروەها ئەڵمانیش دەبەی بانزین بەکلکی سەگەوە دەکەن، بێگومان مەبەست لێرەدا ناووناتۆرە لێنانە.

لە ل٤٤ ستوونی ٩:

- منیش لە بینینی ئەم دوو ئەکتەرە کە لە ئەنجامدا لەسەر ئەم شانۆ سادەیەی کریتا بەدیداری یەکدی شاد دەبن زۆر شادمان بووم. لەو کاتەدا کە سەرم لەبەرانبەر ژنە ئەکتەرێکی پیرا دانەواند کە دەوری خۆشەویستی دەبینی خۆشەویستا دانەواند وتم. (دیارە کە هەڵەیەکی چاپ لەم کۆتاییەدا هەیە).

- و كنت مسرورا لرؤية هذين الممثلين يلتقيان اخيرا في هذا الديكور الكريتي، الذي وضع على المسرح ببساطة، و دهن بضربات كبيرة من الفرشاة. و قلت وأنا انحني امام ممثلة الحب الكوميدية العجوز.ع/ ٣٥.

- und ich hatte meinen spass daran,

wie sich diese Komodianten endlich auf dieser einfachen, mit dicken Farben bemalten kritchen buhne begegenten."Zwei Beeten, Madam Hortense!" sagte ich und und verbeugte mich vor der alten Komodianten der liebe.S.29.

ئا لێرەدا ئەکتەرێکی، بە نەناسراوی هەڵەیە، چونکە دەبوایە بە حازر بێ، پیرە ئەکتەری کۆمیدی ڕاستترە.

لە ل٤٥ ستونی ١:

- تفت لێ بێ پڕیادونا، گۆڕ بەگۆڕ چیت.


- هو! هو! ليأخذك الشيطان ايتها المغنية!ع/٣٦.

- Hu! hol' dich der Tuefel!S.29.

دەکرا مامۆستا لە باتی تفت لێ بێ، بڵێ: هۆیها کە لە هەولێر بەکاردێ و منداڵان زۆرجار بۆ ڕابواردن بە کاری دەهێنن، دوایی کەس بەکەس ناڵێ تفت لێ بێ خەڵک تف دەکات و تەواو. لەلایەکی تر باسکردن لە تف هەر زیادە لێرە، چونکە لە هیچ دەقێکدا باسی لێوە نەکراوە، کوردییەکە هیچ مەبەستی نەپێکاوە.

لە ل٥٢ لە پەراوێزدا باس لە وشەی کابتێن Ca-peten دەکات و دەڵێ بە پیاوانی ئازاو جوامێر و خۆشەویست دەوترێت بێ دیاریکردنی سەرچاوەی ئەم مانایە کە بێگومان هەڵەیە و سپێڵەکەشی هەڵەیە ڕاستەکەی (Capitaine) واتای (ربان، قبطان، قائد).

لە ل٥٦ ستوونی ٢٥:




- «کاناڤاروی ئازیزم- ناوی کاناڤارو بوو- کاناڤاروی کوڕژیلەم، توخوا، نەبم بم بکە و نەتەقوتۆق» لە عەرەبیدا ل٤٥:

- «کانافارو- هکذا کان اسمه-یا صغیری کانافارو-، لاتفعل بم بم لاتفعل بم بم!»ع/٤٥.

- "Mein liber Canavaro, mein kleiner Canvaro- so heiss er namlich- nicht bam bum machen! Nich bam bum machen!"S.37.

لێرەدا ژن لەکاتی سێکسدا بە بەرانبەرەکەی ناڵێ کوڕژیلەم ئەم شێوازە ئەگەر لە عەرەبی و ئینگلیزیدا ڕاست بێ لەکوردیدا وا نییە، ئەمە لێرەدا لە وەرگێڕانی حەرفی عەرەبییەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە ل٦١ ستوونی ٧:

- زۆربام لەگەڵ ئەو فریشتە پیرە تەنیا هێشتەوە.

- وتركته وحده مع الجنية العجوز.ع/٤٩.

- und sorbas mit der alten Meerjungfrau allein gelassen.S.40.

شوبهاندنی هورتانسێ بە فریشتە هەڵەیە، چونکە لە عەرەبیدا تەواو بە پێچەوانەوەیە، واتە جنۆکەو لە ئەڵمانیدا- حورية البحر-ی بۆ بەکارهێناوە.

لە ل٦٢ ستونی ٣:

- هەموو ژیان وەک پەڕێکی سووک و جوان خۆی نمایش دەکات.

- تبدو الحياة كلها خفيفة كالزغب.ع/ ٥٠.

- das Leben leicht wei eine Flaumfeder.S.40.

مەبەست لێرەدا وەسفی ژیانە، لە کوردییەکەدا وەک هەموو جارێ خەمساردی پێوە دیارە کە پەڕێکی سووک و جوانی بۆ بەکارهێناوە، جارێ پێش هەموو شتێک وشەی جوان لێرەدا زیادە، لەعەرەبی و ئەڵمانیدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەبەست چییە، کازانتزاکیس مەبەستێتی بڵێ ژیان ئەوەندە ئاسانە وەک تووکە حەرامەیە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن الزغب و لە ئەڵمانییەکەدا تووکی پەلکی خۆخی بۆ بەکارهێناوە، کە نزیکە لەمانای عەرەبییەکەی.

لە ل٦٦ ستوونی ٦:

- باشە سەرۆک تۆ بڕوا بە قسەکانم دەکەیت؟ ئەمە ڕازێکی سەیرە! زامێک لە وجوودی ژندا هەیە هەرگیز ساڕێژ نابێت، هەموو برینێک دەرمانی هەیە، بەڵام ئەمیان، گوێی لە قسەکانی ناو کتێبەکانی تۆ نییە، هەرگیز چاک نابێتەوە.

- حسنا! هل تصدقني، ايها الرئيس؟ انه لسر محير، ان في المرأة جرحا لا يلتئم ابدا. ان جميع الجراح تلتئم، لكن هذا لا، لا تصغ الى ما تقوله كتبك، لا يلتئم.ع/٥٢.

Ja,du wirst es kaum glauben, das Weib ist einer Rastel, mit einer wunde,die niemals heilt.Alle Wunden heilen einmal, die aber nie, und mogen noch so viele Leute anderer Mienungen sein,.... Die wunde bleibt immer offen.S.43.

لێرەدا مەبەستمان تەنیا ڕستەی (بەڵام ئەمیان گوێی لە قسەکانی ناو کتێبەکانی تۆ نییە)یە، مامۆستا بێگەرد لێی تێنەگەیشتووە و بە هەڵە تەرجەمەی کردووە، چونکە کە ئەمیان بەکاردەهێنێ بۆ ڕستەی پێش خۆی واتە ڕستەی پێش خۆی لەکاتێکدا لە عەرەبییەکەدا زۆر ڕوونە کە مەبەست لە وتەی کتێبەکانە، لەوانەیە ڕایەکی تریان هەبێ جیا لە ڕای زۆربا لەبارەی ژن، لەلایەکی ترەوە زامێک لە وجوودی ژندا هەیە، لێرە وجوود زیادە، چونکە دەبێ بڵێ زامێک لە ژندا هەیە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە لەدەقە ئەڵمانییەکەدا لە باتی کتێب دەڵێ (با خەڵک هەموو لەسەر ڕایەکی دی دابن).

لە ل٦٦ ستوونی ١٩:

- ڕۆژێک نەنکم تووڕەی کردم.

- وذات يوم غضبت عليها.ع/٥٢.

- Eines Tages war ich auf sie bose.S.43

ڕاستییەکەی ڕۆژێک لە نەنکم تووڕە بووم، بە لەبەرگرتنی لەگەڵ عەرەبی و ئەڵمانییەکەدا.

هەروەها هەمان ل٦٧ ستوونی ٢٣:

- تۆ تازە بۆنی مردووت لێ دێت.

- أما انت، فتفوح منک رائحة الجثث!ع/

- Du richt nach Weihrauch wie eine Leiche.S.43

بەڵام تۆ بۆنی کەلاکی مردووت لێ دێت.

لە ل٦٧، ستوونی ٦:

- دەخوازم چ دەرد و بەڵایەک بەسەر من هات بەسەر تۆیش بێت.

- ولتتئألم انت ايضا بقدر ما أتألم!ع/٥٣.

- Fluch uber dich aus tiefem Herzen!S.44.

لێرەدا باس لە ئازارو لەعنەتە نەک بەڵا.

لە ل٧٠ ستوونی ٨:

- قاچی بەرەو ئاسمان هەڵدەنا و بەئاماژەی دەست و پێی نەفرەتی لە ئاسمان دەکرد.

- و يأخذ برجليه و يديه يتحدى السماء.ع/٥٥.

- streckte Hande und Fuss in die Luft und verfluchteden Himmel.S.446.

لە ئەڵمانی و عەرەبییەکەدا دەڵێن لەعنەتی لە ئاسمان دەکرد، ئەوەی لە کوردیدا پێی دەڵێن گەشکە گرتن، کەواتە لێرەدا زەمان زیادە و لەوانەیە هەر بۆ قافیە مامۆستا بێگەرد زیادی کردبێ، هەروەها وشەی ئاماژەش لێرەدا زیادە.

لە ل٧٣ ستوونی ٣:

- ئاو، ژن ئەستێرە بەرەو ڕازە پڕ لە نهێنییەکانیان دەبوونەوە، دیسان گەردەلوولە خواییەکەی لە ئاسماندا هەڵی دەکردەوە.

- و عاد الماء، و المراة، والنجمة، و الخبز، الى النبع البدائي الغامض، و أنطلقت الدوامة السماوية من جديد في الجو.ع/٥٧.

- Das Wasser, die Frau, der Stern, das Brot kehrten zu ihre ursprunglichn, - geheimisvollen Qulle zuruck, und der Gottliche Wirbel Wind luft.S.47.

لێرەدا (نان) پشتگوێ خراوە و ڕازە پڕ لە نهێنییەکان مانای (النبع البدائي) نادا.

لە ل٧٦ ستوونی ١٤:

- دڵگران و نائومید بەسەریمدا خوڕی.

- فصرخت غاضبا. ع/ ٦٠.

- sagte ich argerlich.S.50.

لێرەدا دڵگران و نائومێد زیادە، بەڵکو بەتووڕەییەوە بەسەریمدا خوڕی ڕاستترە.

لە ل٨٧ ستوونی ١٥:

- گوێم لە دەنگێ دەبێت.

- اسمع صوته. ع/٦٩.

- hore ich seine stimme.S.57.

نەک، گوێم لە دەنگێ دەبێت، کە لە کوردییەکەدا خاوەنی دەنگەکە نادیارە، بەڵکو گوێم لە دەنگی دەبێ.

هەر لە هەمان لاپەڕە ستوونی ٢٠:

- نوقمی نێو هەوای گەرم بووم و.

- كنت غارقا في جو محموم.ع/٦٩.

- ich war in eine gluhende Atmosphare versunken.S.57.

لێرەدا حاڵەتێکی تایبەتی سایکۆلۆژییە نەک حاڵەتێکی جەستەیی، گەرما و سەرماکە سەرۆک تێی کەوتووە. دوایی هەوای گەرم ئەتموسفێر نییە، لێرەدا (جو)ی عەرەبییەکە دەست غەڵەتی داوە.

لە ل٩٣ ستوونی ٩:

- هیچ، وتم تف لەم ژنانە و نامەکەم دڕاند.

- "أُف ، للنساء!" قلت، ومزقت الرسالة.ع/٧٤.

- "Pff! Weiber! sagte ich und zeriss den Brief."S.61.

وتم تف لەم ژنانە، هەڵەیە، بە خاڵبەندی مانا دەگۆڕێ، چونکە لە عەرەبی و ئەڵمانییەکە لەدوای (اف یا للنساء!) و (Pff!) نیشانەی سەرسووڕمان، هاتووە، کەواتە زۆربا لێرەدا تف لە ژن ناکات، بەڵکو سەرسووڕمانی و بێزاری خۆی بەرانبەر ئەو کارەی کە کچەکەی کردوویەتی دەردەبڕێ و هەروەک ئەوەی ئەمە قەدەری ئافرەت بێ و هەر ئەوەندە عەقڵیان بەشتان دەشکێ، دیارە مامۆستا بێگەرد لە اف (Pff) و نەگەیشتووە. لە قورئاندا دەڵێ و (ولا تقل لهما أُفٍ ولا تنهرهما).

لە ل٩٤ ستوونی ٧:

- بە هەموو هێزیەوە لە پەنجەرە کراوەکەوە فڕێی دایە دەرەوە.

- والقاه بقوة من الباب المفتوح.ع/ ٧٥.

- und schleudert ihn mit alle kraft durch die tur.S.61.

لێرەدا دیارە دەرگا بووە بە پەنجەرە.

لە ل٩٥ ستوونی ١:

- بۆ پێویست بە پرسیارکردن دەکات؟ ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە بیرمان بخەینە کار.

- و تسأل عن ذلک؟ ولکن انما جئنا الى هنا لنحقق افکارا معینة.ع/ ٧٥.

- Du fragst du doch? deshalb sind wir ja hier, um ideen verwiklichen.S.62.

تەواو کوردییەکە هیچ مانا نادات، مەبەستی ئەسڵی نووسەر ئەوەیە بڵێ: ئێمە ئەم کارەمان (خەڵووز دەرهێنان) بەهانەیەکە بۆ سەلماندنی چەند ئایدیایەکی دیاریکراو.

لە ل٩٦ ستوونی ١٠:

- هەموو لەشی وەک لەشی باڵندەی لێ هاتبوو.

- لقد اصبح احشاؤه کأحشاء الطيور.ع/٧٦.

- sene eigenweide warn schon zum Vogel geworden.S.62.

بە ڕاستی ئەمە نموونەی سەقەتکردنی ڕۆمانی زۆربایە (هەموو لەشی وەک لەشی باڵندەی لێ هاتبوو.)، دەکرا بیوتایە: خەریک بوو هەناوی وەک هی باڵندەی لێبێ، چونکە لێرەدا مەبەست لە هەڵفڕینی زۆربایە بەرەو ئاسمان لەکاتی سەمادا.

لە ل١٠٠ ستوونی ٩-١٤:

١- لە ڕاستیا زۆر کەس ڕووخاون.

٢- لەشیان لە بێکاریا لاڵ کردووە.

٣- هێلکە فرۆش.

١- لقد سقط البشر سافلاً جدا! ياللعار!

٢- لقد جعلوا اجسادهم خرساء.

٣- بائع بزر اليقطين.ع/٧٩.


1- wie tiefist doch die menchheit gesunken.

2- Man hatden Korper zum schweigen gebracht.

3- verkaufer von gerosteten kichererbsen.S.65.

١- لە ڕاستیا زۆر کەس ڕووخاون هەڵەیە! دەبێ بوترێ مرۆڤ بێقیمەت بووە، چونکە زۆربا دەڵێ:

٢- لەشیان لەبێکاریا لاڵ کردووە هەڵەیە، چونکە مەبەستی ئەوەیە کە دەکرێ بە لەشیش قسە بکرێ واتە کە سەما دەکەیت، بە لەشت دەئاخڤی،کەواتە تۆ کارت بە لەشت کردو لاڵت نەکرد.



٣- هەروەها ناوکە کولەکە فرۆشتن ڕاستترە لە هێلکە فرۆشی و وابزانم هێلکە تۆزێ لەناوکە کولەکە گەورەترە.
لە ل١٠٩ ستوونی ٨:
- جووت بوونی شەرعی زۆر بێ تامە، وەک چێشتی بێ خوێ وایە.
- ان الاتحادات الشرعية، ليس لها طعم انها طعام بدون بهار.ع/٨٧.
- Die ehrlichen paarungen sind fade, gericht ohne Pfeffer.S.71.

بێگومان خوێ و بەهارات زۆر فەرقیان هەیە نەک لەتامدا، بەڵکو لە ماناشدا مەبەستی زۆربا لێرەدا ئەوەیە کە ژن و مێردایەتی هیچ تامێکی تێدا نییە و بێ بەهاراتە، نەک بێ خوێیە. ئالێرەشدا مامۆستا ڕەئووف باس لە نوسخە عەرەبییەکە دەکات کە بیبەر لە دەقە ئەسڵییەکەدا هاتووە، ئەمە یەکەم جارە ئاماژە بە عەرەبییەکە دەکرێ، جارێکی تریش ئاماژەی بۆ کراوە لە ل١٣، بەڵام من وای بۆ دەچم کە عەرەبییەکە زۆر زیاتر بەکارهاتبێ.
لە ل١١٠ ستوونی ٣:
- ئەمیشیان سیحری خۆی هەیە، ئای لە ژنە ڕەندەکانی سلاف، خوایە هەزار ساڵ تەمەنیان بێت. چ سەربەستییەک! ئیتر لەگەڵ ئەواندا «بۆ کوێ چووبوویت بۆ درەنگ هاتیتەوە، لە کوێ خەوتیت» لە ئارادا نییە، نە ئەوان شت لە تۆ دەپرسن و نە تۆ لەوان، ئازادییەکی ڕەها (یە).
- ايه، ان هذه الاخيرة لا ينقصها السحر، آه، يا للنساء السلافيات! انهن لا يسألنك ابدا: «اين ذهبت؟ لم تأخرت؟ اين نمت؟ «انهن لايسئلنك شيئا، ولا تسألهن شيئا. الحرية و اية حرية.ع/٨٦.
- Aach, die haben ihr Reiz auch, die-selawischen Fraun! mogen sie tausend jahre leben! die sind grossartig! das heist es nicht: “wo warst du? warum bist du so spat gekommen? wohast du geschlafen? Sie fragt dich nicht und du fragt sie auch nicht. Da herscht noch Freiheit!”S.71.

لێرەدا ڕەندەکانی زیادە، کە لە ئەسڵەکەدا نییە و دیارە لە عەرەبییەکە، وەرگیراوە، بە دەلالەتی پێش ڕستەکە کە دەڵێ ئەمیش سیحری خۆی هەیە و لە کۆتایی پەرەگرافەکە هیچ سەرکەوتوو نەبووە، چونکە وەک عەرەبییەکەی وەرگێڕاوە، (ولایسألنک شیئا)، ئەم (شیئا)نەی کردووە بە شت، کە لێرەدا هیچ لەجێگای خۆیدا نییە، لە ئەڵمانییەکەدا لە هۆردووکیان جوانتر وەرگێڕراوە، بەبێ زیادکردنی وشەی شت و شیئا، (نە تۆ لەوان دەپرسی و نە ئەوانیش لەتۆ و هێشتا لەوێ سەربەستی باوە).
لە ل١١٢، ستوونی ٢٠-٢١:
- چونکە ژن کانییەکی ساردە، مرۆڤ دادەنوێت، وێنەی خۆی تیا دەبینێت و لێی دەخواتەوە، دیسان دەخواتەوە تا خەریکە بتەقێت، پاشان یەکێکی تر دێت.
- ان المرأة لنبع بارد: تنحني فوقها وترى وجهها، وتشرب، وتشرب، وتطقطق عظامك، ثم يأتي غيرك.ع/٨٨.
- Die Frau ist eine kuhle Qulle. Du buckst dich, Dann kommet ein ander-er, der auch durst hat auch buch sich, schaut sein gesicht und trinkt. Und wieder ein anderer... eine Quelle ist eine Quelle. Dasselbe gilt die frau.S.73.

بەداخەوە جوانترین وەسفی فەلسەفی بیری کازانتزاکیس لێرەدا بەسەقەتی کراوە بەکوردی، چونکە:
١- وێنەی خۆی تیا دەبینیت و لێی دەخواتەوە، مەبەست لەوەیە کە مرۆڤ (پیاوە) وێنەی خۆی لە ناو کانی ژندا دەبینێتەوە، کاتێ کە خۆی بەسەریدا دەچەمێنێتەوە بۆ ئاو خواردنەوە (لێرەدا کازانتزاکیس داهێنانێکی گەورەی لە وەسفی کاری سێکسدا کردووە).
ئالێرەدا بەکارهێنانی وشەی مرۆڤ هەڵەیە، چونکە مرۆڤ هەر پیاو نییە، ژنیش مرۆڤە دەبوایە بڵێ پیاو.
٢- هەروەها (وێنەی خۆتی تیا دەبینیت)، هەڵەیە، (ڕوخساری دەبینی) ڕاستترە.
٣- لە کوردییەکەدا هاتووە (تا خەریکە بتەقێت) بە مانای (وتطقطق عظامک) بەکارهاتووە، بێگومان هەڵەیە، چونکە عەرەبییەکە و ئەڵمانییەکە دەڵێن: تا هێسکی خۆت دەتەقێنێتەوە، یان تا قرچە لە هێسکەکانتەوە دێ. نەک تا خەریکە بتەقیت، چونکە کەس بەکاری سێکس ناتەقێ، بەڵکو قرچە لە هێسکتەوە دێ، لەوانەیە لێرەشدا هەر عەرەبییەکە دەسخەڵەتی دابێ. وشەی تطقطق بە تەقین تێگەیشتبێ کە خۆی مەبەستی لەقرچەیە.
لە ل١١٣ ستوونی ١٣:

– دیســـانەوە ســەرۆک! نابێ ژیانی ئەو دوو چەتیــوە تێکەڵ بەیەکتری بکەین.

– مرة اخری، ایها الرئیس، یجب ان لا نخلط بینهن، المسکینات.ع/٨٩.

- "Ein andermal, Herr. Sonst gibt es rusischen salat"S.73.

لێرەدا باس نە لە ژیان کراوە نە لە کچە تیو، کتومت لە عەرەبییەکە وەرگیراوە، بێ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێ سەرکەوتوانە وەریبگێڕێ.

لە ل١٢٣ ستوونی ٨:

– ئیمانم مافوورێکی بێ باوەڕییە.

– ومـــا ایمـــانـــي الا فسیفساء من الجحـود المستمر.ع/٩٦.

- Mein Glaube ist ein Mosaik, das aus lauter ungelauben besteht.S.80.

تا ئێستا من پێناسەی ئیمانم وا بە قووڵی و دەربڕینی کورت نەبیستووە، خوێنەری بەڕێز خۆت سەر پشک بە؛ شووبهاندنی ئیمان بە مافوور یان بە موزائیک ڕاستترە، مافوور لەخوری دروست دەکرێ، بەڵام موزائیک لە پارچە قوڕی فەخفوری ڕەنگین کراوی دروست دەکرێ کە هەر یەکێکی لە پێنج ملیم گەورەتر نابێ و هونەرێکی ڕۆمانییە (کۆنتریشە لە سەردەمی بابلیش بەکار دەهات) و دواییش لە مەسیحیەتیش تا ئێستا باوە و جوانترین نموونەی لە (الجامع الاموي)دا لە دیمەشق ماوە، چونکە کڵێسا بوو و دوایی کرا بە مزگەوت، بەڵام موزائیکەکان تا ئەمڕۆش ماون. کە کازانتزاکیس دەڵێ ئیمانم لە موزائیکی بێ باوەڕی پێکهاتووە، دەیەوێ بڵێ من ئیمانێکی گشتگیریم هەیە، ئیمانم بە (تفاصیل)ی ئایین نییە، واتە من ئیمانم بە شتە وردەکانی ئایین نییە، بەڵام من باوەڕم بە وێنە گشتییەکەی هەیە.

موزائیک کە لەو پارچە وردو نەخشینانە دروست دەکرێ، وێنەیەک پێکدەهێنن بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام نەبوونی بەردێک لەو موزائیکە کە گەورەیی هەر (٥ملم×٥ملم) هیچ لەشێوەی گشتی وێنەکە ناگۆڕێ، ئەمەش باوەڕی کازانتزاکیسە.

لە ل١٣١ ستوونی ٢-٣:

– سورمیلینای بێوەژن مەڕی ون کردووە، هەرکەس بیدۆزێتەوە پێنج لیتر ئارەقی خەڵات دەکرێت.

– لقد اضاعت سورمولینا نعجتها. من وجدها، له خمسة لیترات من الخمر مکافأة!ع/١٠٢.

- Surmelina hat ihr Muterscharf verlorn. weres findet, bekommt funf liter Wein Finderlohn.S.84.

وابزانم پێنج لیتر ئارەق بەشی گەڕەکێک دەکات، لێرەدا ئارەق هەڵەیە، بەڵکو شەراب مەبەستە، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە لەنووسیندا ناوی جۆری خواردنەوە ئالکهولییەکان جیابکرێنەوە و لە نووسیندا بەهەمووی نەوترێ ئارەق، هەروەها بۆ هەموو مادده بێ هۆشکەرەکان یەک دەستەواژە بەکاربهێنری وەک ئێستا لەمیدیاکاندا دەبینین، چونکە حەشیش فەرقی هەیە لەگەڵ ماریوانا و ئەوانی تر، ئاواش خواردنەوە جۆری هەیە، ئەو جۆرەش بەخشینی دیاری دەکات، چونکە ناکرێ تۆ پێنج لیتر عارەق ببەخشی، بەڵام دەشێ پێنج لیتر شەراب ببەخشی.

لە ل١٤٥ ستوونی ١٣:

– ئەوەی ئەرکی زۆربایە جیاوازە لە ئەرکی کەسانی تر.

– ان التدابیر التي أخذها من اجل زوربا، لیست نفسها من اجل الآخرین.ع/١١٤.

- "Die massreglen,die ich fur Sorbas ergrife "sind nicht dieselben wie fur die anderen"S.93.

لێرەدا مەبەستمان وشەی ئەرکەکە هەموو مانای دوای خۆی شێواندووە، بە خوێندنەوەی هەموو پەرەگرافی دوای ئەم ڕستەیە تێدەگەین کە زۆربا مەبەستی ئەوەیە بڵێ: ئەو ڕێگاچارانەی کە بۆ پاراستنی ژیانی کەسانی تر دەیگرمە بەر، جیایە لەوەی کە بۆ ژیانی خۆمی دەگرمەبەر، واتە زۆربا یەکەم جار ژیانی خەڵک ڕزگار دەکات ئینجا هی خۆی، هەروەک لە ڕووداوی ڕووخانی تونێلەکەدا دیارە.

لە ل١٤٩ ستوونی ١-٥:

– «ئاخـــر ئەم چاڵە بە پێچ و پەنا نادیارە، ئەم پەرستگای درۆیە، ئەم هەمانەی گوناهە، ئەم کیڵگەی هەزار تۆی فێڵ و تەڵەکەی تیا وەشێنراوە، ئەم دەرگای دۆزەخە، ئەم زەمیلەی لێوانلێوە لە مەکرو، ئەم ژەهرەی لە هەنگوین دەچێت، ئەم زنجیرەی پێی مرۆڤ بە دنیای دوونەوە بەستوتەوە پێی دەڵێن ژن، کێ دروستی کردووە؟»

– «من الذي خلق اذن تلک المتاهة من الشک، ذلک المعبد من الخیلاء، ذلک الدن من الخطایا، ذلک الحقل المزروع بألف خدعة، ذلک الباب المؤدي الی جهنم، تلک السلة الطافحة بالاکاذیب، ذلک السم الذي یشبه

العسل، تلك السلسلة التي تربط الانام بالارض: المرأة»ع/١١٨.
- “wer hat dieses Labyranth der ungewissheit geschafen, disen Templ der Anmasug, diesen sunderkrug, dieses Saatfeld der tausend Ranke, dieses Tor der holle, diesen randvollen korb der Boscheiten, dieses honiggleiche Gift, diese Erdenfessel der sterblichen: die Frau?”S.118.

ئەم پەرەگرافەش نموونەیەکی زۆر ئاشکرای سەقەت کردنی ڕۆمانی زۆربایە بەکوردی، ئەرێ گەلۆ دەبێ زمانی کوردی وا کلۆڵ بێ و توانای ئەو دەربڕینانەی نەبێ وەک ئەوەی تەرابیشی کردوویە بەعەرەبی یان کە (Dr. Steinmetz) کردوویە بە ئەڵمانی؟

ئەگەر سەیری عەرەبییەکە بکەین، هەروەها ئەڵمانییەکەش دەبینین کە وەرگێڕەکان لە شاعیریەتی دەقەکە گەیشتوون و وەک شیعرێک وەریانگێڕاوە، ئەمە بە نسبەت دەقەکە بەگشتی، بەڵام ئێستا با پێکەوە سەیر بکەین بزانین مامۆستا بێگەرد لە دەقەکە گەیشتووە تاوەریشی بگێڕێ؟.

١- ئاخر ئەم چاڵە بەپێچ و پەناو نادیارە.

لێرەدا مەبەستی دەقەکە چاڵ نییە بەڵکو (Labiranth)ە (المتاهة)، چونکە لابیرانت پڕە لە شک و گومان و بزربوون.

٢- ئەم پەرستگای درۆیە هەڵەیە، چونکە مەبەست پەرستگایەکی بەفیزە، بڕوانە عەرەبییەکە (الخيلاء)ی بۆ بەکارهێناوە، واتە شکۆمەند یان سەرفراز.

ئەڵمانییەکە (Anmasung) بەکار هاتووە.

٣- ئەم هەمانەی گوناهە هەڵەیە ڕاستەکەی دیزەی گوناهە لە عەرەبییەکە (دن)ی بەکارهێناوە، لە ئەڵمانیدا (krug)ی بەکارهێناوە کە هەر مانای لە عەرەبییەکە نزیکە، لێرەدا دەبینین کە مامۆستا بێگەرد هەر خۆی هیلاک نەکردووە کە سەیری فەرهەنگێکی چاکی عەرەبی- کوردی بکات.

لە ل١٥٣ ستوونی ٢٦:
- گۆشتی برژاودا.
- واللحوم المدخنة.ع/١٢١.
- Auf die wurst und auf des Geselchte zu sturzen.....S.98.

لە وڵاتانی ئەورووپیدا گۆشتی بەراز یان ماسی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەسەر دووکەڵ هەڵدەواسن، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زیاتر هەڵبگیرێ و تامیشی خۆشتر دەبێ، لە ڕووسیادا ماسی وشک دەکرێتەوە و لە ئیتاڵیاش ڕانی بەرازی کێوی وشک دەکەنەوە، کەواتە گۆشتی برژاو هەڵەیە.

لە ل١٥٣ ستوونی:
- ئەستێرەیەکی سەوزی چون زومروت.
- وتلالات نجمة خضراء، فوقنا كأنها زمردة.ع/١٢١.
- Ein grunen Stern funkelte wie ein Samargd uber uns.S.98.

لێرەدا وەرگێڕانەکە عەیبی نییە، بەڵام شێوازی دەربڕینەکە فارسییە.

لە ل١٥٤ ستوونی ٦:
- ئەمانە لەچاوی ورگەوە لەمرۆڤ دەڕوانن.
- انهم يأخذونك من بطنك.ع/١٢٢.
- Sie pachen dich am bauch.S.99.

ئالێرەدا مامۆستا بێگەرد ویستوویەتی دەربڕینێکی ئەدەبیمان پێشکەش بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، چونکە دێڕەکە (ئەمانە لەچاوی ورگەوە لە مرۆڤ دەڕوانن) هیچ مانایەکی نییە، من قەت ڕستەی وا سوریالیم نەخوێندۆتەوە، مانا ڕاستەکە ئەوەیە بێگومان وەک هەموو جارێ بە پەنابردن بۆ ئەڵمانی و عەرەبییەکە، کە ئەم پیاوانەی ئایین لەورگەوە دەتگرن، مەبەستیش ئەوەیە کە لەورگەوە دەیانەوێ دەسەڵاتیان بەسەرتا بشکێ.

لە ل١٥٥ ستوونی ١١:
- مەسیح لەدایک بوو، ژن سڵاوت لێ بێت.
- لقد ولد المسيح! السلام لک، ايتها المرأة.ع/١٢٣.
- Christus ist geborn! rifer. “sei gegrusst, du weibliches gechlecht!”S.99.

دیسانەوە کوردییەکی زۆر لاواز، چونکە ژن سڵاوت لێ بێ وەرگێڕانێکی حەرفی عەرەبییەکەیە، بەخوێندنەوەی دەقە ئەڵمانییەکە زیاتر لەدەقە ئەسڵەکە تێدەگەین کە دەڵێ:
- سڵاوت لێبێ ئەی ئەو مەخلوقەی کە ژنت پێ دەڵێن.

لە ل١٥٥ ستوونی ١٩:
- شانازی بۆ خوا کە لە هەموو گەورەترە.
- المجد الله في العلى.ع/١٢٣.
- Ehre sei Gott in der Hohe.S.100.

مەبەستمان تەنیا کۆتایی ڕستەکەیە کە وەرگێڕی کوردی خۆی بۆی زیاد کردووە، چونکە دەقە ئەسڵییەکە ناڵێ کە لە هەموو گەورەترە جگە لەزەعیفی وەرگێڕانەکە، چونکە مانا ڕاستەکەی ئەوەیە (شانازی بۆ خوای بەرزایی ئاسمان).

لە ل١٥٧ ستوونی ٧:

– «بەختەوەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ خولیایەکی نەبێت، وەک کۆیلەیەک کار بکات کە بە ڕواڵەت خولیاکانی زۆرن، دوور لە مرۆڤ بژی... دوای ئەوەی تێری خواردەوە تاق و تەنیا لە هەموو داوەکان ڕزگار بێت..هتد».

– «تلك هي السعادة الحقيقية، الا يكون لي اي مطمح، وان اشتغل كعبد، وكأن عندي كل المطامح. ان اعيش بعيدا عن البشر.... و بعد ان اشرب هنيئا و آكل مريئا اهرب بنفسي عن كل فخ...الخ»ع/١٢٤.

- Das ist das wahre Gluck sagte ich mir, leben ohne ehrgeiz und Hertze, als ob einem alle Ehrgeiz welt im Libe steckt! Ein lebenin der ein-samkeit, fern von menschn! nach gut-tem Essen und Trinken...etc"S.101.

لێرەدا سەرەڕای تێنەگەیشتن لە دەقەکە و بەکارهێنانی وشەی هەڵە بەشێوەیەکی گشتی، شێوازی ئاخاوتنیشی گۆڕیوە، چونکە لێرەدا پاڵەوان لەگەڵ خۆی قسە دەکات وەک لە دەقە ئەڵمانییەکەدا هاتووە دەڵێ (بەخۆمم وت)، لێرەدا کەسی یەکەم قسە لەگەڵ خۆی دەکات، نەک کەسی سێیەمی تاک کە قسە لەگەڵ خۆی بکات. هەڵەکانیش بۆ نموونە وشەی خولیای لەبۆ (مطامح) بەکارهێناوە، خولیا تەماع نییە.

لە ل١٧٣ ستوونی ١٦:

– ئەو لەش و لارە جوانەتم لەسەرەوە تا پێت خۆش دەوێت

مارماسی زیندوو قووت دەدات و بەزەبرێک لەپەل و پۆی دەخات.

– كم احب جسدك الجميل، من خصرك حتى الاسفل! يتلقى الحنكليس الحي و يفقده الحركة بضربة واحدة!ع/١٣٦.

- Mit senem geroben Eselstonen ein unanstandiges Lied an.111.

دیسان وەرگێڕانی هەڵەیە، وەرگێڕە ئەڵمانییەکە شەرمی کردووە وەریبگێڕێ تەنیا دەڵێ (زۆربا بە دەنگێک کە لەزەڕینی کەر دەچوو گۆرانییەکی بێ ئەدەبانەی وت).

مامۆستا بێگەرد وەک شیعرێکی بەهێز وەریگێڕاوە و هیچ ئاسەواری سێکسی پێوە نییە، چونکە لەباتی بڵێ لەناو قەدتەوە بەرەو خوار خۆشم دەوێیت، (دەڵێ: ئەو لەش و لارە جوانەتم لەسەرەوە تا پێت خۆش دەوێت)، چونکە (مارماسی) دەکرێ بچێتە ناو قەد بەرەو ژێر نەک شوێنێکی تر (بەگوێرەی دەقەکە)، لێرەشدا دەقاودەق لەعەرەبییەکەی وەرگرتووە.

لە ل١٧٧ ستوونی ٦:

– لە ڕاستیا هونەر جۆرە سیحرێکی ڕۆحە بۆچوونە ناو لەشەوە، هێزە شەڕ ئەنگێز و خوێن ڕێژەکانی ناوەوەی ئێمە هۆیەکی شوومن بۆ کوشتن و وێران کردن و ڕق و شەرەف شکاندن، لەوکاتە دایە کە هونەر بە ئاوازە خۆشەکەیەوە دێت و لەدەست ئەو ئەهریمەنانە ڕزگارمان دەکات.

– ان الفن ليس في الحقيقة الا استخداما سحريا للكلمات. ان في احشائنا قوى مظلمة سفاكة، دوافع مشئومة الى القتل، والهدم، والكره، وتلويث الشرف، وعندئذ يظهر الفن وبشبابته العذبة، ليخلصنا.ع/١٣٩.

- Die magischer ware als die kunst. Dunkel morderische kraft hausen in uns, Schrekliche triebe, die uns toten, zestorn, hassen und schaden lassen. Bis die kunst auf den plan tritt und uns mit ihrer ihrer sanften schalmei bef-reit.S.113.

مامۆستا بێگەرد ئەم دێرەی تۆخ کردووە، بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بگەیەنێ کە ئەم دێرە گرنگە، خۆی لە ڕاستیدا وایە، بەڵام بەهەڵە وەریگێڕاوە:

دەڵێ لە ڕاستیدا هونەر جۆرە سیحرێکی ڕۆحە، هەڵەیە، چونکە لەدەقە عەرەبی و ئەڵمانییەکەدا هاتووە (هونەر سیحری وشەیە) دوای ئەوە فاریزەیەک دێ کە لە کوردیدا پشتگوێ خراوە، دەڵێ (بۆ چوونە ناو لەشەوە)،

ئەمەیان پێوەندی بە دێری دووەمەوە هەیە کە دەڵێ (ان في احشائنا قوى سفاكة مظلمة، سفاكة).

لە ل١٩٣ ستوونی ١٧:

– پیاوان عەسرانەیان دەخوارد.

– ومضى الرجال لتناول بعض المشروب.ع/١٥١.

- Die Mner tranken ihren Uso.S.124.

عەسرانە، دیارە لێرەدا هیچ پێوەندی بەدەقەکەوە نییە،

چونکە لەعەرەبییەکەدا دەڵێ: پیاوەکان چوون بخۆنەوە و لە ئەڵمانییەکەدا دەڵێ: پیاوان ئوزۆ Uso (ئارەقی یۆنانی ناوی ئوزۆیە) کانیان خواردەوە. هیچ باسی وەختی عەسری تێدا نییە. دوایی (خواردنەوەیە)، نەک (خواردن).

لە ل١٩٦ ستوونی ١٢:

– پشیلەیەک بە پەلە بزێت بێچووی سەیرو سەمەرەی دەبێت.

– ان القطة، في عجلتها، تضع اولادها خلسة.ع/١٥٣.

Die Katze zu eilighat...bringt sie blinde katzchen zu welt.S.126.

ئەم پەندە لە وەرگێرانە کوردییەکەدا بە تۆخی نووسراوە، بەڵام داخەکەم هەڵەیە، چونکە باس لە یەک پشیلە نییە، بەڵکو پشیلە بەگشتی و سەیرو سەمەرە نییە، بەڵکو کوێرە و ئەمە پەندێکی(پشیلە لەبەر پەلەکردن بێچووی کوێری دەبێ).

لە ل٢٢٤ ستوونی ٢٠:

– هاورێ، من لەو باوەڕەدام کە بەهەق سەرت بەشانتەوەیە، دەی با بڕۆین هێشتا شەومان بەسەر نەهاتووە.

– اعتقد يا صديقي، ان رأسک على كتفيک حقا! هيا قبل ان يفاجئنا الليل!ع/١٩٦.

- Du scheinst mir nich auf den kopf gefalen.S.157.

ئەم دێرە تەواو دەقاودەق لە عەرەبی وەرگێراوە بێ ئەوەی بزانێ مەسەلە چییە! کوردییەکە هیچ مانا نادات، کە لەئەسڵدا لە ئەڵمانی و عەرەبییەکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زۆربا دەیەوێ بڵێ:

– برادەر گیان، هێشتا سەرت سەلامەتە، دەبا بڕۆین تا شەومان بەسەردا نەهاتووە.

مەرج نییە وەرگێرانمان حەرفی بێ.

لە ل٢٥٣ ستوونی ١:

– بە بەر دەرگای پەرستگاکەدا تێپەڕیم و چوومە ناو فەزای نیوە تاریک و سارد و بۆنی خۆشییەوە.

– عبرت عتبة الكنيسة و غرقت في عتمتها الشفافة الرطبة العبقة.ع/٢٠٣.

- Ich trat uber die kirchenschwelle und tauct in die kuhle, duftende Dammerung.S.162.

ئا لێرەدا دژایەتییەک لە مەفهومی ڕستەکە هەیە، چونکە ناکرێ تۆ بە بەردەرگای پەرستگاکەدا تێپەڕی و باسی ناو پەرستگاکەش بکەیت، دوایی پەرستگا کەنیسە نییە، کوردییەکە خوێنەر وای تێدەگات کە بەلایدا تێپەڕیوە، دواییش وەسفی ناو کەنیسەکە دەکات، کەواتە تێپەڕیم هەڵەیە وا باشە بوترێ: لە سەکۆی کەنیسەکەدا چوومە ژوورەوە، سەیر ئەوەیە عەرەبی و ئەڵمانییەکە زۆر لە یەکەوە نزیکن، وەک بەکارهێنانی وشەی (نقووم بووم/ غرقت/ taucht).

لە ل٢٧٢ ستوونی ٢١:

– وەرە یەکتری دیاری بکەین زۆرباکەم.

– فلنخطب... يا زوربا.ع/٢١٩.

- Wollen wir uns nicht verloben, mein Sorbas?S.175.

(وەرە یەکتری دیاری بکەین، زۆرباکەم) ئایا ئەگەر یەکێک دوو ئەڵقەی پێ بێ و بیەوێت یەکێک مارە بکات ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێ؟!! ئەم ڕستەیە تەنیا (زۆرباکەم)ی ڕاستە. مانا ڕاستییەکەش ئەوەیە هورتانسێ دەیەوێ زۆربا مارەی بکات، دەترسم مامۆستا بێگەرد ئەو دوو ئەموستیلەی هەر بۆ دیاری (هدية)ی ئاسایی تێگەیشتبێ!

لە ل٢٨٧ ستوونی ٦:

– ڕزگاری لە شەری نیشتمان، لەشەڕی قەشە، لە شەڕی پارە، وردە وردە کەوتمە لە بێژینگدانی هەموو شتەکان، هەرچەندە لە تەمەندا هەڵکشام، زیاتر لە بێژینگم دەدا و شتەکانم جیا دەکردەوە، تا بارەکەم سووک بوو، چۆنت پێ بڵێم؟ خۆم ڕزگار کردو بووم بە مرۆڤ.

– تخلصت من الوطن، تخلصت من الكاهن، تخلصت من المال، انني اغربل نفسي، كلما تقدم بي العمر، غربلت نفسي اكثر، انني اتطهر كيف اقول لک؟ انني اتحرر، اني اصبح انسانا.ع/ ٢٣٠.

- Das vaterland los, die Popen los, die geld los. Als liefe ich durch ein Sieb. Und je meher durch das Sieb lauft, um so leichter werde ich an Ballast. wie sol lich es erklarn? Ich befreie mich, ich werde ein Mensch.S.184.

ئا لێرەدا مەبەستمان لە بەکارهێنانی (ڕزگاری لەشەڕی نیشتمان...) کە وەرگێری کوردی بەکاری هێناوە و لەجێگای خۆیدا نییە، لە عەرەبی و ئەڵمانییەکەدا (تخلصت/ los) یان بەکارهێناوە،کەواتە دەکرا بڵێین

(وازم له نیـشـتـمـان هێنا، وازم له پاره کـۆکـردنه‌وه هێنا..تاد)، ئه‌م به‌شـه‌ش ده‌قـاوده‌ق له عـه‌ره‌بییـه‌کـه وه‌رگیراوه به‌فاریزه‌شه‌وه.

له ل٢٩٨ ستوونی:

- سه‌رپێچیم له‌گشت فه‌رمانه‌کان کردووه.
- وانتهکت الوصایا.ع/٢٣٩.
- Ich habe alle gebote ubertr-ten.S.191.

لێره‌دا فه‌رمانه‌کان هه‌ڵه‌یه، که له بری الوصایا العشر به‌کـارهاتووه، چونکه فـه‌رمـان شـتـێکه‌و وه‌سـیـه‌تیش شتێکی تره.

له ل٣٠١ ستوونی ٢١:

- ده‌تپه‌رستم.
- برکتي علیک.ع/٢٤٢.
- Empfang meinen segen.S.193.

لێره‌دا زۆربا زۆر له‌سه‌رۆک ڕازییه و پێی ده‌ڵێ:

- ده‌تپه‌رستم.

وابزانم به‌کـارهێنانی ئه‌م وشـه‌یه هه‌ر عـه‌ره‌بییـه‌کـه ده‌سغه‌ڵه‌تی داوه و هیچ له‌جێی خۆیدا نییه، ده‌کرێ لێره بڵێین: ئای ڕه‌حـمـه‌تت (یان ڕاسـتـتـر ڕه‌حـمـه‌تی منت) لێبێ، یان ده‌سخۆش.

وشه‌ی (برکة و segen) له ده‌قه ئه‌سڵییه‌که‌دا هه‌یه‌و ناکرێ پشتگوێ بخرێ.

له ل٣٠٢ ستوونی ١:

- ژنێکی زه‌لامی ڕه‌ش له‌سه‌ر زه‌ویه‌که دانیشتبوو.
- وعاد حلم الزنجیة المارد الی خاطري.ع/٢٤٢.
- Der traum von der riesigen Neg-erin fiel mir ein.S.193.

لێـره‌دا مـامـۆسـتـا ڕه‌ئووف له‌به‌ر به‌کارهێنانی شـێـوه زمـانی شـاری سلێـمـانی، ڕسـتـه‌یه‌کی زۆر کـۆمـیـدی و هه‌ڵه‌ی به‌کارهێناوه.

- ژنێکی زه‌لامی ڕه‌ش له‌سه‌ر زه‌ویه‌که دانیشتبوو.

سه‌یرکه‌ن ده‌ڵێ ژنێکی زه‌لامی، موفـاره‌قـه‌یه‌کی جوانی دروست کـردووه، چۆن ده‌کـرێ هه‌م ژن بێ و هه‌م زه‌لام، بێگومـان لێره‌دا مه‌به‌ستیـه‌تی وه‌سفی مـه‌زنی جه‌سـته‌ی ژنه‌که بکات، دوایی کورد به‌زنجی ده‌ڵێ قـووله‌ڕه‌ش وه‌کو (اسم فـعل)، نه‌تبیـسـتـووه گـۆرانیـبـێـژ ڕۆژ کـه‌ریم له کلیپه‌که‌یدا ده‌ڵێ:

**ریتا ریتا وه‌ره لام**
**بێ تۆ تاریکه دونیام**
**تۆ پێست ڕه‌شی تۆ قوله‌ڕه‌شی**

### قه‌د باریکی قه‌یناکا

دوایی به‌سه‌ر یه‌که‌وه هه‌ڵه له هه‌مـوو ڕسـتـه‌که‌دا هه‌یه، چونکه له ئه‌ڵمانی و عـه‌ره‌بییـه‌که‌دا باس له‌وه ده‌که‌ن که ئه‌م خه‌ونه‌ی دیسان هاته‌وه یاد، له‌کوردیدا ته‌رک کراوه.

له‌کۆتاییدا هیـوادارم مامۆستا ڕه‌ئووف بێگه‌رد بمبوورێ دڵی گـه‌رد نه‌گـرێ بڵێم، چونکه مـه‌به‌سـتی من ته‌نیـا خـزمـه‌تی زمـانی کـوردی و خـۆشـه‌ویسـتی ڕۆمـان و به تایبه‌تی نووسینه‌کانی کازانتزاکیسه.(٣).

پەراوێزەکان:

**(١) لێـره‌دا جـێگای خـۆیه‌تی داوا له شـاعـیـری ئازیز دلاوه‌ر قه‌ره‌داغی بکه‌م و پێی بڵێم تو ئه‌و خودایه‌ی که باوه‌ڕت پێیـه‌تی زۆربامـان بۆ وه‌ربگێڕه سه‌ر ئه‌و زمانه کوردییه پاراو و ڕه‌وانه‌ی که فرانسیسکۆت پێی وه‌رگێڕاوه‌ته سه‌ر کوردی.**

**(٢) بروانه: المنهل، قـامـوس، فـرنسي-عـربي، د. سـهـیل ادریس، دارالآداب، ط٢٧، بیروت، ص٢٠٣، ٢٠٠٠.**

**(٣) له‌م نووسـینه‌مـانـدا ئه‌م چاپانه‌ی ڕۆمـانی زۆربامـان به‌کارهێناوه:**

**- کوردی:**

**- نیکوس کازانتزاکیس، زۆربا، وه‌رگێڕانی: ڕه‌ئووف بێگه‌رد، زنجیره‌ی کتێبی ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م (٩٩)، سلێمانی ٢٠٠١.**

**- عه‌ره‌بی:**

**- نیـکوس کازانتـزاکي، زوربـا، ترجمـة، جـورج طرابیـشي، منشورات دارالاداب، الطبعة الرابعة، ١٩٧٩، بیروت.**

**- ئه‌ڵمانی:**

**- Nikos Kazantzakis: Alexis Sorbas, Aus dem Neugriechichen ubertagen von Dr. Alexander Steinmetz, ro ro ro verlag, 1984, Printed in Germeny.**

# نۆبڵەکەی پامووک، سیمای ڕەسەنی ئەدەبی یەشار کەمال-ی کاڵ نەکردەوە

**«زۆر دەترسم لە داهاتوودا نەخــوێندرێمــەوە و لـەبیــر بکرێم»**

**ئۆرهان پامووک**

{بە داهێنانی تۆکمە و توانایی خۆی؛ یەشار کـەمال دەنگی دەگـاتە هەمـووان و شـاکـارەکـانی دەگـەنە ئاسـتی شاکارە کلاسیکییەکانی ئەو دیوی زەمەن}

میشێ ماکاریۆس و ژون ئەفریکیو -فەرەنسا- The listener لە دنیـای میـدیاتیکی ئەمڕۆدا، پانتـاییـەکی بەرفـراوانیـان هەیە، بۆ پۆپولار کردنی ئەو نووسەرانەی کە لەئانوسـاتێکی زەمـەنیـدا، خـەڵاتێکی جیـهـانیـیـان پێدەبەخشرێت؛ بەتایبەتیش خەڵاتی نۆبڵ. گەرچی خودی خەڵاتی نۆبڵ، بە بەراورد لەگەڵ خەڵاتە ئەدەبییـەکـانی تردا، زیاتر جـێی مـشـتـومـڕ و قـسـە لەسـەرکـردنە. هەمـووشمـان ئەو ڕاستیـیە دەزانین، کە ژمارەیەکی کەم لە نووسـەرە جـدیـیـەکـانی دنیـا تا ئێـسـتـا ئەو خەڵاتەیان پێدراوە، دیارە ئەویش بێ مەڵامەت نەبووە، بەخۆڕاییش سارتر ئەو خەڵاتەی ڕەتنەکردۆتەوە، کە لە نامەیەکیدا بۆ لیـژنەی خــەڵاتەکــە، هەندێ هۆکــاری ڕەتکردنەوەی خـەڵاتەکـەشی خـسـتـۆتە ڕوو. ئیـدی نووسـەرێکی وەک سـێـرڤـانتـێس بەدەر لە دنیـای خـەڵات و خـەڵاتکاری و هەروەک کۆڵـمبس کە نەیزانی کیـشـوەرێکی دۆزیوەتەوە؛ ئەویش تا مـرد ئەوەی نەزانی کـە (دۆن کـیـخـۆتە) کـەی دەبێـتــە سـەرەتای ڕۆمـانی هاوچەرخ، هەروەک مـیـلان کــۆندێرا ئامــاژەی بۆ دەکــات. پاش چەند سـەدەیـەک خـەونەکـەی (دۆن کـیـخـۆتە) هاتە دی، کـە دیارە لە

---

**لە تورکییەوە: یووسف عیزەددین**

ڕۆمـانەکـەدا بە سـانچـۆی خزمـەتکاری دەڵێت دڵنیـابە لەوەی ڕۆژێک دادێت، پەیکەرمـان بۆ دەکـرێت. بەڵێ لەمڕۆکەدا لە ئیسپانیا پەیکەریان بۆ کراوە، پەیکەرێک کە ئەوانی پێ نەبوونەتە کۆتەڵێکی مردوو و بێ گیان، بەڵکو هێندە لایەنی ئیـسـتـێـتـیکی و دینامـیکی لە دروستکردنیدا ڕەچاوکراوە کە هەر بە تەواوی پێت وایە دوو کەسی زیندوون و هێشتاکە لە سەفەرکردن بەنێو زەمەندا بەردەوامن. جا لێرەدا مەبەستمـان لەوەیە کە نووسـەری جـدی و دەقی زیندوو، هەردەم لە زەینی خوێنەرانیاندا شوێن جێگەیەکی تایبەت داگیر دەکەن، ئنجا گرنگ نییە لەمڕۆدا چ نووسەرێک پۆپولارە و زۆر دەخوێندرێتەوە؛ ئۆرهان پامـووک لەچاوپێکەوتنێکیـدا، پێش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرێت دەڵێت: **زۆر دەترسم لە داهاتوودا نەخـوێندرێمـەوە و لەبیـر بکرێم.** تەنانەت (ڕاسیم جەمیل) بە نموونە دەهێنێتـەوە کـە نووسەرێکی سـەردەمی عـوسـمـانییـەکـان بووە و لەو سـەردەمـەدا بە نامێ نەبووە و نەخـوێندراوەتەوە، بەڵام لەئێستادا نووسینەکانی ئەو دەخوێندرێتەوە و نووسینی نووسـەرە بە نامێکانی ئەو سەردەمـە ناخـوێندرێتـەوە، کەسیش باسی ناکات.

گرفـتـەکەش لەوەدایە کـە خـوێنەرانێکی زۆری یەشـار کەمال، ساڵانێکە چاوەڕێی ئەوەن خەڵاتەکە بدرێتە ئەو، چونکە ئەگـەر قـەول بێت لە ڕووی هەڵسـەنگاندنێکی ئەدەبی وتەکنیکیـیـەوە ڕۆمـاننووسێکی نێـو سنووری ئێستای تورکیا دەست نیشانبکرێت، ئەوە دەبا یەشار کـەمـال وەری گـرتبـا، بۆخـۆشی سـاڵانێکە کـاندیدی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەیە؛ کە دیارە ئەحمەدی شاملووش یەکێک بووە لەوانەی کـە کـاندیدی وەرگـرتنی خـەڵاتی نۆبڵ بووە، بەڵام بەو پێیـەی کـە هیچ کـاتێک وازی لە ڕەخنە توندەکانی خۆی نەهێنا و گـەمـە و تاکـتیکی بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهێنا و سازشی لەگەڵ دنیای ئەواندا نەکرد، لە خەڵاتەکە بێبەش کرا.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مـەسەلەی نۆبڵ-ەکەی ئۆرهان پامـووک دەبینین لێژنەی خـەڵاتەکـە پاش چەند جارێک بیـــروڕا گـــۆڕین و نادڵنیــایی، بەڵام لەو ڕۆژەدا کـــە پەرلەمـــانی فـــەرەنســا دەنگی بۆ بڕیاری ســزادانی هەرکـەسێک دا، کـە لەنێـو وڵاتی فـەرەنسادا نکوڵی لەقـەتڵ و عـامکردنی یەک ملیـۆن ئەرمـەنی بەدەسـتی تورکەکان بکات. کە بێگومان ئەمە ڕاستە و یەکێکە لە جینۆسایدە گـەورەکانی دنیـا، کە تورکەکان ئەنجامـیان داوە، بەڵام ئەی ئەو کـوردانەی کـە هەر لەو مـاوەیەدا و بەدەستی تورکەکان قەتڵوعام کراون و ژمارەشیان زۆر لە سی هـەزار زیـاتـرە، کـــــە ئـۆرهـان پـامـــــووک لـە چاوپێکەوتنێکیـدا ئاماژەی پێکردبوو. گەرچی هەرپاش ئەوە و بەمـاوەیەکی کـەم لە چاوپێکەوتنێکیـدا لەگـەڵ کـەناڵـی (C.N.N.)، نکوڵی لەوەکرد کە قسەی وای کردبێت و تەنانەت ڕۆژنامە و کەناڵەکانی میدیاشی بەوە تاوانبـارکـرد، کـە درۆیان بە دەمی ئەمـەوە کـردووە و ئەو بەهیچ شێـوەیەک شتی وای نەگـوتووە، تەنانەت کـەوتە مـــەدح و ســـەنـای (A.K.P)ی حـزبـی دەســـەڵاتداری ئێـســتــای تورکـیــاش. هەر لەو چاوپێکەوتنەشـیـدا پەشیـمـانی خـۆی سەبارەت بە نووسینی ڕۆمـانـی (بەفر) دەربڕی و گوتی: یەکەمین و دوارۆمـانـی سیاسیم دەبێت و ئیـدی شـتـی وا نانووسم. گـەرچی ڕۆمـانـی (بەفـر) لە ڕووی تەکنیکی و ئەتمۆسفێرو فـەزای ڕۆمـانەوە لاوازە و تەنیـا مـەبەسـتی نووسـەر جێکردنەوەی زۆرترین باس و خـــواسی ڕۆژانە و ســیـــاسی تورکـیـــا بووە و زیاتر لە ڕیپۆرتاژێک دەچێت لەوەی کە بە ڕۆمانێک بچێت.

ئەگـەر پێدانی خـەڵاتەکـەش، پابەند بێت بە کـێشـەی ئەرمەنییەکان، ئەوە زۆر ئەدەبییانەتر و بەتەواوی لە فـەزا و ئەتمۆسـفـێـری ڕۆمـانـدا، دەکـرێت لە ڕۆمـانەکـانی ئەم دواییەی یەشار کەمال- دا ببینرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە سەرجەم ڕۆمانەکانی بەدەر نین لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی نێو تورکیا بەگشتی و کێشە کۆمەڵایەتی و ســیـاســیــیـەکـانی کـوردیش بەتایبـەتی. بۆیە دیارە ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە بەرفراوانترە کە بتوانین لێرەدا یەکلای بکەینەوە. ئەگـەر ئامـاژەیەکـیش بەلایەنی زمـانەوانی بدەین، سـەبارەت بە دەوڵـەمـەندی زمـانی ئەدەبی یەشـار کـــەمـــال کـــە بە تـایبــــەت زۆر وشـــە و زاراوەی نوێی بەکارهێناوە کە بەبێ فەرهەنگ خوێنەر لێیان تێناگات، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە نووسەر و زمانزانێکی وەک (عەلی پوسکول ئۆغڵو) فەرهەنگێکی تایبەت سەبارەت بە زمانی ئەدەبی یەشار کەمال ئامادە بکات و لە ساڵی (٢٠٠٦) دا بەناوی (فەرهەنگی یەشار کەمال) بەچاپی بگەیەنێت.

ئەگـــەر یەک وشـــە بە نموونە بهـــێنینەوە، دەبینین جـیکەجـیکی باڵندەی کـردۆتە (جـیـکیلتی)، وەک وشەیەکی نوێ چۆتە نێو ئەدەبیاتی تورکییەوە، شایەنی باسیـشـە زۆر وشـەی دیکەی کـوردی و ئەرمـەنیـشی لە دەقەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە و

دەبووایە نووسەرانی کورد لەوەدا دەستپێشکەر بوونایە؛ ئەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە نوێیانەیە کە لە ئێستادا بۆ یەشار کەمال دەکرێت، لەسەر ئاستێکی جیهانی و لەنێو ئۆرگانە ئەدەبییە جدییەکاندا. هەر لە ئامادەکردنی مەلەفی تایبەت لەسەر یەشار کەمال و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی و ناوهێنانی لە ئاست نووسەرە جیهانییەکاندا، چونکە ئەو کەناڵ و ئۆرگانە جدیانە، هالەی نۆبڵ و شتی لەو بابەتە بەر شەوارەیان ناخات. ئەگەر دنیای میکرۆڤیزیۆنی و میدیاتیکی ئەمڕۆ، پامووک-ی کردبێتە بابەتی قسە و باسەکانی، ئەوە (Magazine Litteraie) وەک جدیترین و گرینگترین گۆڤارێکی ئەدەبی، لەیادی چل ساڵەی گۆڤارەکەیدا، ئاماژەی بە گرنگترین نووسەرانێکی ئەو چل ساڵە داوە و یەشار کەمال-ی لەپاڵ ئەم ناوانەدا داناوە؛ (خۆرخێ لویس بۆرخیس، مارکیز، گۆنتەرگراس، ئیتالیو کالڤینۆ، ئەراگۆن، مارگرێت دۆراس، ئۆکتاڤیۆ پاز و ئۆمبیرتۆ ئیکۆ).هەر لە هەمان گۆڤاردا ڕۆمانی (مارەکەیان کوشتبا )ی یەشار کەمال-ی بە نموونەی دەقێکی جدی و ناوازە هێناوەتەوە و لە دوو توێی خوێندنەوەیەکدا ئاماژەی بە گرنگیدانی یەشار کەمال بە سروشت کردووە و هۆکارەکەشی گەڕاندۆتەوە سەر کاریگەری چوقورئۆوا، ئەمە جگە لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی، لە حەکایەت و ئەفسانەکانی ئەڤین و دەیان شتی دیکە، بەتایبەتیش باس لە کاریگەرێتی دنیای ئەدەبی سێرڤانتێس و ستەندال و ڕەنگدانەوەی لە دەقەکانیدا دەکات. سەبارەت بە ڕۆمانی «مارەکەیان کوشتبا» ڕۆژنامەی ئەمریکی World Literature Today دەڵێت: (لێشاوی ئەنەرژییەکی داهێنەرانەی باڵا، لەنێو ئەو ڕۆمانە کورت و پوختەدا وەدیار دەکەوێت).

(The Listener) یش دەڵێت:

(لە دنیای ئەدەبی یەشار کەمال-دا؛ زۆرجار ئێش و ئازارەکانی دێنە زمان و زۆرجاریش تەماسێکی شیعری، لە دووتوێی زبرییەکی کۆنترۆڵ کراوی ڕووکەشدا، دەکەوێتە ڕوو).

جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان و شتێک گوێ قوڵاغ بین بۆ ئەوەی کە لای خۆمان لەسەر ئۆرهان پامووک دەگوترێت و شتێک باس و خواسی یەشار کەمال-ی خستۆتە پەراوێز و کەنارەوە. جا لە هەمووشی خراپتر ئەم نازناوی (دۆستی کورد)ەیە، کە لەگەڵ ناوهێنانی پامووک-دا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت. بێگومان ئەگەر هەرکەسێک داکۆکی لە دۆزی کورد کرد، پێویستە ئیجابیانە باسی لێوە بکرێت و ئەو هەڵوێستەی پشتگوێ نەخرێت، بەڵام دەبێت لە ئێستادا ئەوە بزانین، کە پامووک پاش نکوڵی کردنی لە گوتەکەی، هەروەک ئاماژەمان پێدا هێشتاکە هیچی دیکەی نەگوتووە، کە دیارە پاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، دەکرا جەخت لەسەر ئەوەی کە پێشتر گوتوویەتی بکاتەوە. یان دەکرێت لەمەولا بیلێت. بەهەرحاڵ ئەمەش بۆ خۆی قسەی زۆر هەڵدەگرێت و دەبێت داکۆکی کردنەکەی هەر مەسەلەیەکی تاکتیکی نەبێت و ڕەهەندێکی بنەڕەتیی بیر و فیکری ئەو بێت.

مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە؛ ئەگەر قەول بێت هەر کەسێکی بیانی کە هەڵوێستێکی جوانی لەمەڕ کێشەکەمان، یان دەربارەی مێژوومان؛ ئێستامان شتێک بڵێت، بە دۆستی کورد-ی لەقەڵەم بدەین. ئەوە دەبێت لەناوهێنانی سارتر و سیمۆن دی بۆڤوار-یشدا، هەمان شت دووبارە بکرێتەوە، چونکە ئەوان زۆر پراکتیکیانە و ڕاشکاوانە و بەبێ پەشیمان بوونەوە و نکوڵی کردن لەوەی کە کردوویانە، لە ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگدا داکۆکییان لە ئێمە کردووە، ئەمە جگە لە گۆنتەر گراس و زۆر نووسەری دیکەش وەک بۆ خۆشمان دەزانین کوردە زازاکانی کوردستانی باکوور عەلەوین و بە ژمارەش زۆر لە تورکە عەلەوییەکانی تورکیا زیاترن، یان دەتوانم بڵێم تورکەکان زیاتر جەعفەرین وەک عەلەوی. نووسەرێکی ناسراوی وەک (عەزیز نەسین) لەسەر داکۆکی کردنی لە کوردە عەلەوییەکانی تورکیا، گیانی خۆی لە دەستدا و هەر بە زیندوویێتی خۆی و کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران، لە ئوتێلێکی سیواس-دا، خەڵکانێک چوار دەوریان ئابڵووقەدان و گڕیان تێبەردان. هەر لەبەر ئەوەی لە پانتاییەکی بەرفراوانی میدیاتیکیدا باس لەو مەسەلەیە نەکرا، ڕەنگە هەر زۆر کەس لەوەش بێئاگا بن کە کۆتایی نووسەرێکی کۆمیدی، زۆر تراژیدی بوو. ئەگەر سوور نەبوایە لەسەر هەڵوێستی خۆی و ڕاشکاوانە بەرگری لە کولتوور و کەڵچەر و ئایینی عەلەوی و کوردە عەلەوییەکان نەکردبا و لەو ڕۆژەدا بە مەبەستی سازدانی کۆنفراسێکی ڕۆژنامەگەری تایبەت بە کێشەی عەولەوی و کوردە عەلەوییەکان و لەو ئوتێلەدا ئامادە نەبووایە، ئەوە بێگومان نەدەکوژرا.

بەهەر حاڵ هەروەک نموونەیەک لەو لێکۆڵینەوە و

لێتۆژینەوانەی کە لە مەڕ دەقەکانی یەشار کەمال کراون و نوێترینیان ئەم بابەتەی (گونیل ئایادن گەبە)یە کە لە ژمارە (١٠١)ی (٢٠٠٧)ی گۆڤاری (Kitaplik) دا لە دوو توێی مەلەفێکی تایبەت بە یەشار کەمال بلاوکراوەتەوە، نووسەر وەک ئافرەتێک لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە ڕاڤەی ڕۆمانی(دەریا زیز بوو)ی یەشار کەمال-ی کردووە و گۆشەنیگایەکی نوێی بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی یەشار کەمال ڤالا کردووە.

## شار دەتۆرێ و زیز دەبێت

### گنیل ئایادن گەبە

یەشار کەمال هەر لە دەسپێکی نووسینییەوە، گرنگییەکی تایبەتی بە سروشت داوە و لە پێناو کەشفکردنی پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت، هەوڵی هێنانە کایەی زمانێکی تایبەتی داوە. یەشار کەمال پێی وایە مرۆڤ تەنیا لەو کاتەدا بەختەوەر و باری تەندروستی باشە کە بتوانێت پێوەندییەکی دروست لەگەڵ سروشتدا بێنێتە بوون، ئەم گۆشەنیگایەی بنەمایەکی سەرەکی و ڕەسەنی نێو دەقەکانێتی، لەپاش ساڵی (١٩٧٠)ەشەوە دەتوانین بڵێین بەتەواوی ئەم تێڕوانینەی بووە شوناسنامەیەکی پۆلەتیکی.

ئیدی ئەم تێڕوانینەی هێدی هێدی لە بنیادێکی تۆکمەدا جێی خۆی کردەوە و لە ڕۆمانی «دەریا زیز بوو» دا، لەشکڵ و شێوەی مانیفیستۆیەکەدا کەوتە ڕوو. لەم ڕۆمانەدا بەتەواوی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت ڕاڤە و شیکاری بۆ دەکرێت. ناکرێت تەنیا وەک ڕۆمانێکی تایبەت بە دەریا تەماشا بکرێت، چونکە لەوە زێدەتر دەگرێتە خۆی و باس لە شارێکی کەنار زەریا دەکات؛ کە مرۆڤەکانی بژێویان لەمیانی دەریاوە بەدەست دەهێنن و بەشێوەیەکی یەکانگیر وابەستەین، بۆیە ڕۆمانەکە بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی شارێک دەدرێتە قەڵەم، کە بەبێ دەریا ناکرێت بژێویان بەدەست بهێنن و بژین. باسوخواسی شار و وەسفکردنی پانتاییەکی بەرفراوان و شوێنێکی گرنگی ڕۆمانەکە داگیر دەکات. ئەمە جگە لە خستنە ڕووی پێوەندییەکانی نێوان شار و زەریا و کاریگەرییان لەسەر یەکتر. بەشێوەیەکی ئیستێتیکی و بە پلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ منداڵانی نێو ڕۆمانەکەدا دەکات و بە پلەی دووەمیش لە ڕێی ئافرەتانەوە، پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و شار دەخاتە ژێر پرسیارەوە و کەشوهەوایەکی پۆلۆتیکیانەشی بۆ دەخوڵقێنێت. لەم ڕۆمانەیدا لەنێو دنیای ئافرەتان و منداڵان و پێوەندییەکانی سروشت و هەلومەرجەکانی ئەو دیوی شارەوە دەست پێدەکات و دواتر تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ئیستەنبوڵ دەخاتە ڕوو کە هەموو ئەمانە لەمیانی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشتەوە ڕاڤە دەکات.

ئەو ئیستەنبوڵەی کە یەشار کەمال، لە ڕۆمانی «دەریا زیزبوو»دا باسی لێوە دەکات. بەپێی ڕاوبۆچوونی زۆرێک لە ڕەخنەگران، شیعری «تەمتوومان»ی «تەوفیق فیکرەت» مان بیر دەخاتەوە، هەر بۆیە ڕەخنەگرانی وەک نەدیم گویرسەل و فەتحی ناجی، بەتایبەت ئەم چەند بەیتەی «تەوفیق فیکرەت» بە نموونە دەهێننەوە، کە دەڵێت:

**(پەردە پۆشی کەن؛ بەڵێ ئەو مەزنە**
**پەردە پۆشی کەن؛ بەڵێ ئەم شارە**
**پەردە پۆشی بکەن و بۆ هەتا هەتایە بنوو**
**ئەی فاجیرەی دەهر....**
**پەردە پۆشی بکەن، ئەی مەرگەسات**
**پەردە پۆشی بکەن، بەڵێ ئەم شارە**
**پەردە پۆشی بکەن و بۆ هەتاهەتایە بنوو**
**ئەی قەحپەکەی دنیا )**

(تەوفیق فیکرەت) وەک مێینەیەک دەڕوانێتە شار و ئەو شوناسنامەیەشی پێ دەبەخشێت. تەنانەت لە ڕووی خۆداپۆشینی ئافرەتان لەو سەردەمەدا و بەکارهێنانی (پەردە پۆشی کەن)، مەبەستێتی ئەو پێوەندییە بەرجەستە بکات.، تەنانەت لە دێرە شیعرێکی دیکەیدا، بە (قەیرەکچ) ناوی دەبات، یان دەڵێت:

(ئەی ئەوەی پاکیزەیەتی خۆی لەژێر هەزار مێرددا دۆڕاند). شایانی باسە تێڕوانینێکی نێرانە لەم شیعرەیدا زاڵە و شاریش دەکاتە مێینەیەکی دۆڕاو.

بەڵام ئەو ئیستەنبوڵەی کە یەشار کەمال لە ڕۆمانی (دەریا زیز بوو)دا دەیخاتە ڕوو، بێ ڕەگەزە، بەهیچ شێوەیەک بە مێینەی ناشوبهێنێت. بە پێچەوانەوە لەجێی ئەوەی شار سزا بدات، لە پشت دێرەکانییەوە خۆشویستنی شاری تێدا دەبینرێتەوە. هاوسەنگی نێوان گەندەڵی و پیسێتی شار و هارمۆنییەت و گوزەرانی ئینسانیانەی مرۆڤەکانی شار ڕادەگرێت و ڕێزنەگرتنی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە، بەڕێزنەگرتنی ئافرەتانی

دەشوبهێنێت. بەمەش لە تێڕوانینی ئیکۆفیمینیستەکان نزیک دەبێتەوە، کە دەیانەوێت چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا و وێرانکردنی سروشت پێکەوە گرێ بدەن و پێوەندی لە نێوانیاندا بدۆزنەوە.

لەڕاستیدا پێوەندی نێوان مێینە و سروشت، پێوەندییەکی بایۆلۆژی و بوونگەراییانە نییە، تەنیا تێڕوانینێکی نێرانەیە کە ئەو پێوەندییە لە مابەینیاندا چێ دەکات.

(سیمۆن. س. ئیستۆک) پێی وایە، ئەمە تێڕوانینێکی مادییە، کە وەک پارچە زەوییەک مامەڵە لەگەڵ مێینە دەکات و بە حەقی خۆی دەزانێت، کە بیچێنێت و بیبڕێتەوە. بەڕای ئەو ئەمە تێڕوانینی زبهنیەتێکە کە چۆن بە وێرانکردنی سروشت نارەحەت نییە، ئاواش بە ئەشکەنجە کێشان و ئازاردانی مێینە نارەحەت نییە و هەر بە خەیاڵیشیدا نایەن.

لە ڕۆمانی (زەریا زیز بوو)دا ئافرەت لەپشت هێڵی گشتی ڕۆمانەکەوە سەنگی خۆیان هەیە، هاوبەشی گێرمە و کێشەکانی شارن. یەکێک لە گرنگترین کاراکتەرەکانی ئافرەتەکانی ڕۆمانەکە (زوهرە پاشالی)یە، کە لە لایەن مێردەکەیەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت، ئەم ڕووداوە دەگاتە ترۆپک و ڕۆژنامەکان وێنەی جەستەی ڕووت و خوێناوی ئافرەتەکە بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی ڕێگەخۆشکردن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەساتی لەو چەشنە لەنێو کۆمەڵگادا و بابەتەکە دەکاتە بابەتی کڕین و فرۆشتن. پیشاندانی جەستەی ڕووتی ئافرەتەکە، بێ حورمەتی کردنە بە مردوویەک و ڕێزوشکۆی ناهێڵێت. ئەو ئافرەتەی کە زینا دەکات، سەرەتا لە لایەن مێردەکەیەوە و دواتریش لە لایەن کۆمەڵگەوە تف و لەعنەت دەکرێت. جا یەشار کەمال سەبارەت بە کوشتنی ئافرەتەکە و دواتر پیشاندانی جەستەی ڕووتی لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە، لە هەمان ڕوانگەی عورف و عادەتی باوەوە تێی دەڕوانێت و دەڵێت:

**«کوشتنی زوهرە پاشالی لەلایەن مێردەکەیەوە، تەنیا لەسەر مەسەلەی نامووس بوو».**

لێرەدا ئەو تێڕوانینە پیاوانەیە زاڵە، کە ئافرەت بە موڵکی خۆی دەبینێت؛ ئەو تێڕوانینەی کە هیچ مافێکی هەڵبژاردن و ئیرادە بۆ ئافرەت ناهێڵێتەوە و هیچ حسابێکیش بۆ ئەقڵ ناکات. هەر ئەم تێڕوانینەشە کە ڕێگە خۆشکەری توندوتیژییە لەگەڵ ئافرەتاندا، بە تایبەت ئەو دەمەی بە مەسەلەیەکی ڕەوشتی تاوانبار دەکرێت.

(باربەرە.ت. گاتێس) پێی وایە کە بە درێژایی مێژوو، پیاو ئافرەتی وەک ئامێرێکی وەبەرهەمهێنان بینیوە و گەرچی لە ئێستادا بە حوکمی زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ و لەناو چوونی سەرچاوە سروشتییەکان، داواکاری پیاو بۆ منداڵبوون کەمێک وەک جاران نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم ئافرەت لای پیاو ئەو عەردەیە کە دەیکێڵێت و تۆوی خۆی پێدادەکات و ئەمەش پەیوەستە بە بەرهەمهێنانەوە. لەمڕۆی شار و شارەوانیشدا، سەرباری زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، هێشتاکە نەوە خستنەوەی لا گرنگە و هەر ئەمەشە ئەو قەرەباڵغییەی لە دنیادا دروست کردووە.

لە ڕۆمانی (زەریا زیز بوو)ی یەشار کەمال-دا، پیسبوونی شار و پیسبوونی ئافرەت، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئیکۆفیمینیستییەوە تێی بڕوانین، لەنێوانیاندا هەست بە پێوەندییەک دەکەین.

لە ڕۆمانەکەدا بێجگە لە زوهرە پاشالی، زۆر کاراکتەری دیکەی مێینەش، دەکەونە بەر شاڵاوی توندوتیژی پیاوەوە. هەروەک دایکی ئەحمەد کە لەلایەن باوکییەوە ئەشکەنجە دەدرێت، کە دواتر دایکی ئەحمەد بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخەی خۆی، ڕەدووی گەنجێکی دراوسێیان دەکەوێت و دواتریش باوکی ئەحمەد هەردووکیان دەکوژێت. لە شوێنێکی دیکەدا، دیمەنێکی توندوتیژی دەخاتە ڕوو،کە زەینەڵ بەچاوی خۆی دەیبینێت. پیاوێکی دەمانچە بەدەست، ئافرەتێک بەپرچ ڕادەکێشێت و هەردوو دەستی ئافرەتەکە زامدارن و خوێنیان لێدەچۆڕێت، ئیدی پاش ئەوەی زەینەڵ لەشوێنی ڕووداوەکە دوور دەکەوێتەوە، گوێی لە دەنگی زیرەکەیەکی درێژخایەن و پاشان دەمانچەیەک دەبێت، کە بەدوای یەکدا سێ فیشەکی لێ دێتە دەر.

بەپێی ئەم نموونانە دەزانین کە ئافرەتی شارەکە بەختەوەر نین؛ پیاوەکان لە ڕوانگەی باڵادەستی خۆیانەوە، ئافرەتەکان بەکاردەهێنن و پیسیان دەکەن و پاشان دەیانکوژن.

لە ڕۆمانەکەدا (حالیم بێی وەزیر ئۆغلو) یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە دەستی هەیە لە ژەهراوی کردنی شار و پیس کردنی، ئەمە جگە لەوەی کە هۆییەکی سەیری هەیە، لە کڕین و فرۆشتنی زەوییەکانی شاردا، هەرچۆن حەزی بە دەست بەسەراگرتنی زەویدا هەیە، ئاواش حەزی بە دەست درێژی کردنە سەر نامووسی کچۆڵە گچکەکانە،

تەنانەت هیچ ڕێزێکیشی بۆ بەها مەعنەوییەکانیش نییە، بگرە بەها ئایینییەکانیش، تا جارێکیان مافوورێکی ڕاخراوی نێو مزگەوتێکی بەدڵدا دەچێت و بە پارە دەیکڕێتەوە.

تەنانەت یەکێک لەو کچانەی کە دەست درێژی کردۆتە سەر، پاش ئەوەی هەرەشەی لێدەکات کە شکاتی لێ بکات، بە دەستی خۆی دەیخنکێنێت و فڕێی دەداتە نێو زەریاوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەو کاراکتەرە لەپێناو پاراستنی موتڵەقیەتی هێز و توانای خۆیدا، هیچ سڵ لە ئەنجامدانی کارێک ناکاتەوە، کە بکەوێتە دەرەوەی بازنەکانی مرۆڤایەتییەوە.

یەکێک لە کاراکتەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکە (سەلیم باڵکچی)یە، کە بەهۆی ئەو کاروکردەوانەی کە (حالیم بێی وەزیر ئۆغڵو) دژ بە کچان بە ئەنجامی دەگەیەنێت بڕیاری کوشتنی دەدات. جا سەلیم پێش ئەوەی کارەکەی بەئەنجام بگەیەنێت، دیمەنێکی دێتە پێش چاو، کە دەکەوێتە مابەینی واقیع و زیندەخەونەوە: (حالیم بێی وەزیر ئۆغڵو، لە ئوتێلی هیلتۆن، لە نێو حەوزێکی قووڵایی زەریاکە، لەگەڵ هەشت کچی پرچ زەرد دایە...

«ئەو نییە» نەخێر ئەو پرچ زەردە ئەو نییە. وەڵڵاهی و بیلاهی ئەو نییە....

یەکێک لەو کچانە لەو دەچێت؟ کچە پرچ زەردەکان، لە قووڵایی زەریادا شانیان هەڵوەریوە. ئەم ماسی نا؛ ئەوی دیکە. ئەم دۆلفین نا؛ ئەویتر. لەگەڵیاندا دەدوێت. ئەم دۆلفینە پرچی زەردە. حالیم بێی وەزیر ئۆغڵو لەگەڵ ماسییەکان و پرچ زەردەکاندا تاوڵە دەکات. ماسییەکان بلاوبوونەتەوە و بەدەوری وەزیر ئۆغڵو-دا بازنەیان دروست کردووە. پرچە زەردەکان دەگرین...).

لێرەدا دەبینین (سەلیم باڵکچی)، ئەو کچە سستەرەی کە عاشقی بووە، وەک ماسی دەبینێت و ئەمەش جێگەی سەرنجە! چونکە پێوەندی بەدنیابینی ماسیگرێکەوە هەیە، کە پێی وایە: (ئەو هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، ئافرەت پیر نابێت، وەک خونچەی تازە پشکوتوو دەمێننەوە، وەک زەریا دەمێننەوە؛ دەریا پیر نابێت، هەروەک چۆن ئاسمان و هەورەکان و ئەستێرەکان، پیر نابن، بەلام ئینسان پیر دەبێت و دەمرێت)

سەلیم، ئەم تێڕوانینەی کە ئافرەت و سروشت وەک یەک دەبینێت، لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە. باوکی پێش ئەوەی زێدی خۆی قافقاسیا جێ بهێڵێت، دەنووشتێتەوە و سێ جار ئەو خاکە ماچ دەکات کە چیمەنی لەسەر ڕواوە و دەڵێت: «ئەی دایکەکەمان، ئەی چیاکەمان، ڕەنگە ئیدی بۆ هەتا هەتا تۆ نەبینمەوە»

پاشان ڕوو دەکاتە چیاکان و دوعا دەخوێنێت.

لەڕاستیدا ئەو بیرۆکەیەی کە ئافرەت لە پیاو جیا دەکاتەوە و وەک پارچەیەک لە سروشت تێی دەڕوانێت، تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژیانەی پیاوانە. جیاوازی نێوان وەزیرئۆغڵو و سەلیم، لەوەدایە کە سەلیم وەک سروشت دەڕوانێتە ئافرەت و پلەیەکی بەرزتری لە پیاو دەداتێ. وەزیر ئۆغڵو-ش، ئافرەتی پێ بوونەوەرێکی غەیرە ئینسانە و تەنیا بۆ ڕابواردنە. پێوەندی وەزیر ئۆغڵو و بە هەموو بوونەوەرەکانەوە، وەک گەمەی تاوڵە وایە.

(فاتمە ئەبڵە) یەکێکە لەو کەسایەتییە شیرین و خۆشەویستانەی کە لە فیگۆری دایکێکدا دێتە پێش چاومان. کاتێکیش (سەلیم باڵکچی) لە خەستەخانە دەکەوێت، (فاتمە ئەبڵە) بەدیاریەوە دەمێنێتەوە. یەشار کەمال لە ڕێپۆرتاژێکیدا (فاتمە ئەبڵە) بە فیگۆرێکی تراژیدی و ڕەمزی دایکێکی قالبوەی دادەنێت، کە کاریگەری زەمەنی پێوە دیارە.

لە ڕۆمانی (زەریا زیز بوو)دا، نووسەر هاوسەنگی نێوان فیگۆری (فاتمە ئەبڵە) وەک دایکێک و ئافرەتەکانی دیکە دەپارێزێت. لە ڕۆمانەکەدا قەرەباڵغی شار، چ لە ڕووی فیزیکی و چ لە ڕووی کولتووری و پیس بوونی؛ بۆتە مایەی بازرگانی کردن بە لەشی ئافرەتەوە، هەر بۆیە ئەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی شار دەژین، ئافرەتەکانی بە ئافرەتەکانی نێو شارەکان ناچن.

ئیکۆفیمینیستەکان تێڕوانینی خۆیان بە چەشنێک بەرفراوان کردووە، کە منداڵانیش بگریتە خۆی، چونکە منداڵانیش وەک ئافرەت و سروشت، بە دەست زەبروزەنگی پیاوانەوە دەناڵێنێ. ئەو تێڕوانینەی کە جەستەی ئافرەت وەک ماڵ و موڵکێکی سروشتی خۆی دەبینێت، هەر بە شار و سروشتەوە ناوەستێت، بەڵکو زەبروزەنگ دەرحەق بە منداڵانیش جێبەجێ دەکات.

لە ڕۆمانەکەدا، ئەو زەبروزەنگەی کە بەرانبەر بە منداڵان دەکرێت، لە کەسایەتی زەینەڵ-دا ڕەنگ دەداتەوە و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببێتە تاوانبار. (سولەیمان) یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە پێش پانزە ساڵ و لەکاتێکدا کە زەینەڵ خەریکی پاککردنی ماسییە، بە پێیەکانی دەچێتە سەر پەنجاکانی دەستی و دەیانشکێنێت، ئەمە جگە لەوەی کە (سولەیمان) وەک وەستایەک، زۆر پارەی زەینەڵی خواردووە و نەیداوەتێ.

(سولەیمان) لە کاتی ڕاوکردنی ماسیدا، دەستی ژنەکەشی لەژێر پێیان دەنێت و بەرانبەر ئەویش توندوتیژە، تەنانەت لە ڕاوە ماسیشدا و لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا، هەموو ڕێگەیەکی چەوت و چەوێڵ تاقی دەکاتەوە.

ئیدی پانتاییەکانی ژیانی ئینسان و پێوەندییەکانی، منداڵانیش دەگرێتەوە. هەر لە ژەهراوی کردنی دەوروبەر و ژینگە و زیان بەخشینی فیزیکی و ڕوخساریی؛ هەر گەورەکانیشن کە کاریگەرییان بەسەر ژیانی منداڵان و دواڕۆژیانەوە هەیە. زەینەڵ چونکە بەدەست گەورەکان زۆری کێشاوە و هەر توندوتیژی و ئەشکەنجەدانی لێ بینیون، بۆ خۆشی کە گەورە دەبێت هەمان شت دووبارە دەکاتەوە. گەرچی نایەوێ (دوڕسون کەمال) وەک خۆی لێ بێت، تا پێی بکرێت لەخۆی دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی کە بەرانبەر بە دوڕسون-ی منداڵ دەینوێنێت، دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەویش بچێتە نێو دنیای توندوتیژییەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی وێنەی زەینەڵ-ی مردوو، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە، گەرچی دایکی دوڕسون، زۆر هەوڵ دەدات کە منداڵەکەی نەبینێت.

بەڕاستی لەنێو شاردا زۆر منداڵی وەک دوڕسون کەمال هەیە، کە پێوەندی لەگەڵ خێزانیدا پچڕاوە، ئەمە جگە لە منداڵە بێ لانە و جێیەکان، یان ئەو منداڵانەی کە بە ناچاری دەبێت کار بکەن و خێزانێک بژێنن.

یەشار کەمال لە (سەربازەکانی خوا)دا، زۆر لە نزیکەوە گرنگی بە ژیانی ئەو منداڵانە دەدات. ئەمە جگە لەوەی کە لە (زەریا زیز بوو)شدا، گرنگیان پێدەدات. منداڵە لانەوازەکان لە هەموو پێوەندییەکی مرۆڤانە بێ بەشن و بەتایبەتیش بەدەست پۆلیسەوە دادوبێدادیانە و کە پێویستیش بکات هەر لە لایەن ئەوانیشەوە جارێکی دی بەکاردەهێنرێن. بۆ دەستگیرکردنی زەینەڵ؛ پۆلیس منداڵە بێ شوێن و جێگەکان بەکاردەهێنێت و خەڵاتەکەشیان ئەوەیە، کە جارێکی تر لێیان نەدەن و ئەوەی زەینەڵ-یش دەستگیر بکات، هەزار لیرەی دەدرێتێ. کەواتە منداڵانیش هەروەک ئافرەتان، بەپارە ئیشیان پێدەکرێت و بەکاردەهێنرێن.

یەشار کەمال کوشتنی منداڵەکانی خێزانی یوونس، کە سەرباری شین و فوغان و هەوڵدانی دایکەکە، هیچی بۆ منداڵەکانی پێناکرێت؛ بە کوشتنی دۆلفینەکانی دەریاوە گرێ دەدا، نووسەر دەنگی دۆلفینە زامدارەکان؛ پێش مردنیان... بە دەنگی منداڵان دەشوبهێنێت؛ «لەژێر زەریادا، لەکاتی قەتڵوعامکردنی دۆلفینەکان، ئەوکیان پڕ دەنگی منداڵ ببوو.......... ساوایەکی باوەشی دایکی، درایە بەر دەسترێژ...»

نووسەر منداڵ و دۆلفین بەیەک دەشوبهێنێت، چونکە لای ئەو هەر تاوانێک کە بەرانبەر بە سروشت بکرێت، لەهەمان کاتیشدا تاوانە بەرانبەر بەخۆی و کولتوورەکەی.

ئەو بیرۆکەیەی کە هەموو شتێک وەک کاڵایەک بۆ بەکارهێنان دەبینێت و زیان بە سروشت دەبەخشێت، ئەوە بێگومان کاریگەریشی بەسەر نەوەکانی داهاتوو و پاشەڕۆژیانەوە دەبێت.

لە ڕۆمانی (زەریا زیز بوو)دا، نووسەر پانتاییەکانی ژیان و خودی مرۆ و پێوەندییەکانی، بە شێوازێکی سەرسامکەر دێنێتە پێش چاو. بەرجەستەبوونی ئەم تێڕوانینەی یەشار کەمال-یش، لە باڵاترین شێوەیدا، دەکرێت لە دووتوێی ئەم گوتەیەیدا ببینینەوە:

(ئەگەر مرۆڤ هەر لە منداڵێکی حەوت ساڵانەوە تا کەسێکی حەفتا ساڵ، لەو ڕاستییە تێنەگات و ئا بەم شێوەیە سروشت بە دیوێکی دیکەدا وەربچەرخێنێت، ئەوە بە ماوەیەکی کەم ڕەگەزی خۆشی بەرەو لەناوچوون دەبات).

ئەم بیرۆکەیەی یەشار کەمال، لە ڕۆمانی (زەریا زیز بوو)دا لە مەودایەکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت و هەڵسوکەوتی ئینسانەکان بەرانبەر بە سروشت و ئافرەت و منداڵ ڕاڤە دەکات و دەیەوێت سەرنجمان بۆ ئەوە ڕابکێشێت، کە هەموو ئەمانە پێکەوە گرێ دراون. تەنیا بەسەرهاتەکانیشمان لە زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکدا ناخاتە پێش چاو، بەڵکو لە ڕێی سیمگە و لێکچوونەکانەوە نێوەندێکی هاوبەش دەخوڵقێنێت و وا لە خوێنەر دەکات کە عەوداڵی سەرچاوەی ئەو شتانە بێت، بەمەش هاوسۆزییەک لەگەڵ خوێنەر دروست دەکات و وای لێدەکات کە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

**سەرچاوە:**
**Kitaplik -101- 2007 istanbul - Yapi Kredi Yaynlari.**

*** پوختەیەکی ئەو ئاماژە پێدانانەیە کە لە گۆڤاری Magazine Litterare و Kitaplik دا، سەبارەت بە یەشار کەمال خراوەتە ڕوو.**

کتێبی «ناسینی شوناسی ژنی ئێرانی» لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ناسینی پلەو پایەی ژن لە کولتوور و مێژووی ئێرانی فەرهەنگیدا. بەشێکی ئەم کتێبە بۆ دەست نیشان کردنی جێگای ژن، کۆنترین ئەفسانەکانی سۆمەر دەگرێتە خۆ کە یەکێکە لە باشترین سەرچاوەکان بۆ ئاگاداری لە هزرو ئەندێشەی خەڵکی نێوان چۆمان وەک بەشێک لە ئێرانی فەرهەنگی و تەنانەت ئەم ئەفسانانە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زۆرێک لە بابەتە کولتوورییەکان و بنەماکانی کولتووری ئەورۆ، پڕ بایەخن. لە ئەفسانەکاندا کە بابەت گەلێکن وەکو مەسەلەی خوڵقان، ژیانی ژن و شوویی و... زۆربەی پێشکەوتەکانی شارستانی وەک داهێنانی ئامرازی کشتوکاڵ و... ڕەنگ دەدەنەوەو هەروەها ئەم بابەتانە ڕێچکەیەکی نەناسراوو متمانە پێکراون بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی بەشداربوونی ژن لە ژیانی خەڵکی ئێرانی کەونارادا لە هەموو بوارێکەوە.

**«وەرگێڕ»**

# دەق و لێکدانەوەی ئەفسانەی داری هۆلۆپۆ

**میهرەنگیزی کار، شەهلا لاهیجی**
**لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی**
**(بۆکان)**

### ئەفسانەی دار هۆلۆپۆ

بە بڕاوی دیان فۆلک ئێشتاین(١)، ئەفسانەی داری هۆلۆپۆ، ئەوەڵین، یان لانی کەم یەکێکە لە ئەوەڵین ئەفسانەکانی خوڵقان لە جیهاندا.

[...] ئەفسانەی خوڵقان ئەو جۆرەی کە لەناو گەلان و کولتوورەکانی تردا هەڵکەوتووە، لەناو سۆمەرییەکان دەس نەکەوتووە، بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم خەڵکە بۆ بەدیهاتنی هەر دیاردەیەکی سروشتی، یان دەسکرد، یان جیهان کرد، کە لەژیانی واندا دەورێکی گرینگی بووە،

ئەفسانەیەکیان ڕێک خستووە (بۆ وێنە) بۆ چێ کرانی ئامرازی کشتوکاڵ، بۆ بەندکردنی ئاو، بۆ کشتوکاڵ کە یەکجار گرینگ بوو، بۆ دانەوێڵە و هەروەها بۆ چەقاندن و بارهێنانی دار، کە بۆوان بایەخی ئابووری یەکجار زۆری بووە. [ئەفسانەیەکیان ڕێک خستووە]

زەوینە نەوییەکانی نێوان چۆمان و بایە گەرمەکانی وێ، بۆ بارهێنانی درەخت گەلێکی وەک کاج و سەروو بەکار نەدەهات. مەسەلەی وەدەس هێنانی ئاوردوو یەکێک بووە لە گرفتەکانی هەمیشەی ئابووری دەوڵەت شارەکانی سۆمەر. دەبوو لە لێڕەوارەکانی لبنان، یان لە ناوچەکانی باکووری وەکوو لوڕستان و گەیلان و ئازەربایجان ئاوردوو دابین بکرێ. باری سروشتی ئەم جێگایانە بە کێوی بڵند و داستانی چڕو ترسێنەرەوە، هەروەها پێداویستی هەمیشەیی مەڵبەندی نێوان چۆمان بە ئاوردوو و درەخت، بەشێکی گرینگی ئەفسانەکانی سۆمەری و ئەفسانەکانی سۆمەری- ئەکەدی پێک دێنێ.

ئەمەش خۆی هۆیەکی گرینگە بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە کە ئەفسانەکانی هەر وڵاتێک، زایەڵەی ڕووداوە زەوینییەکان، یان هەڵس و کەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، کە بەهۆی بەسەرچوونی زەمان و هۆگری بەهەرمان، بەرەو ئاسمان و لایەنە میتافیزیکییەکان هەڵکشان و پاشان بوونە بنەمای بڕواکانی ئاینی، (لانی کەم لەجیهانی کەونارادا وابووە.)

«ئەفسانەی داری هۆلۆپۆ» چیرۆکی ئوستوورەیی چەقاندن و بارهێنانی دارە لە وڵاتی سۆمەردا. هەر چەندە ڕەنگە مەبەست لەم دارە دارەبی، یان داری سەروو بێ، بەڵام لە پەنابیرەوەرییەکانی نووسراوەی ئەم ئەفسانەیەدا، هەمیشە وێنەی دار خورمایەک کێشراوەتەوە. هۆلۆپۆ چ دارەبی بێ، چ سەرووبێ و چ دارخورما، شوێنێک کە لە خوڵقان، یان بە واتایەکی باشتر لە «ڕووان»ی ئەودا بۆ ژن لە قالبی «خاتووخوا»دا لەبەر چاوگیراوە جێی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە.

هەر چەندە مێژووی ئەم لەوحانەی کە ئەفسانەکەی لەسەر نووسراوە، دەگەڕێتەوە سەرەتای مێژووی پێک هاتنی دەوڵەت- شارەکان و (پێنج هەزار ساڵ لەوەو پێش) چاخی قارەمانی، یان ڕەنگە هاوکات بێ لەگەڵ زەمانی پادشایی «گیل گامێشی» قارەمان، پێنجەمین پادشای سۆمەری پاش تۆفان. لەم ئەفسانەیەدا «ئینانا» [خاتووخوای ئەوینی ژن] ڕواڵەتێکی نیوە ئینسانی و نیوە خودایی هەیە، بەڵام کەسایەتی «گیل گامێش» بەتەواوی زەوینی و مرۆڤانەیە؛ شەرکەرێکی تێکۆشەرو قارەمان کە دەچێ بۆ شەڕی نەیاران و بەدەستی پڕ و سەرکەوتووانە دەگەڕێتەوە.

**ئەفسانەکە بەم جۆرە دەس پێدەکا:**

لە یەکەم ڕۆژەکان، لە یەکەم ڕۆژە ڕاستەقینەکاندا،
لە یەکەم شەوەکان، لە یەکەم شەوە ڕاستەقینەکاندا،
لە یەکەم ساڵەکان، لە یەکەم ساڵە ڕاستەقینەکاندا،

* * *

لە هەوەڵ ڕۆژەکاندا، هەر شتێک کە پێویست بوو هاتە هەستییەوە،
لە هەوەڵ ڕۆژەکاندا، هەر شتێک کە پێویست بوو باش بارهات،
ئەو کاتەی لە پێشخانی پیرۆزی عەرد نانیان کرد،
ئەو کاتە نانیان چەشت لە ماڵەکانی زەویندا،
ئەو کاتەی ئاسمان لە عەرد دابڕابوو،
زەوین لە ئاسمان دوور کەوتبۆوەو
ناوی ئینسان نەمر کرا
ئەوکاتەی، «ئان» خوای ئاسمان، ئاسمانەکانی بۆو دوور دەستانە بردبوو، هەروەها «ئەنلیل» خوای هەوا، زەوینی بۆو دوورانە ڕادابوو،
ئەوکاتەی دەسەڵاتداری جیهانی ژێرەوەیاندا بە «ئێرێش کیگال» (٢) شاژنی
«ژێرەوەی بەرین» (٣)
ئەو بایەوانی هەڵ دا، باوک بایەوانی هەڵ دا
«ئێنکی» خوای عەقڵ بەرەو جیهانی ژێرەوە بایەوانی هەڵ دا،
خڕکەبەردی بەفرکەی تێ هەڵ کرا، [خڕکەبەردەکان] وەک پۆلێ ڕەقەی بەلەز تەختی گەمێی «ئێنکی» یان پڕ کرد.
ئاوی دەریا وەک گورگەکان سینگی گەمیەکەیان دڕی
ئاوی دەریا وەک شێرەکان پشتی گەمیەکەیان ڕووشاند،
هاوکات، دارێک؟، تاکە دارێک، تاکەدارێکی هۆلۆپۆ(٤)
لە بەستێنی فوڕات نێژراو
بە ئاوی فوڕات پاراوبوو
گێژەڵووکەی بای باشوور هەڵی کرد، بێ ڕەحمانە

بەسەر پنجەکانی [داردا] و
به گژەگژ پرچی دارەکەی ئالۆزکاند
تا ئەوەی کە فورات [داری] لەگەڵ خۆی ڕامالی
* * *
ژنێکی حەپەساو لەوتەی «ئان» خودای ئاسمان، لەوێ دەخولایەوە،
ئەوکە حەپەساو لەوتەی «ئەنلیل» خودای هەوا، لەوێ دەخولایەوە،
دارەکەی لە چۆم گرتەوەو گوتی:
«من ئەو دارە دەبەمە «ئۆروک»
من ئەودارە لە باخی پیرۆزی خۆمدا دەنێژم

«ئینانا» بە دەستی خۆی دارەکەی بارهێنا
ئەو بەپێی خۆی خاکی پای دارەکەی شێلا
بەسەر سوڕمانەوە بیری کردەوە:
«چەندەی پێدەچێ تاکو من تەختێکی ڕازاوەم هەبێ
هەتا لەسەری دانیشم؟
چ ماوەیەک دەخایەنێ هەتاکو من پێخەفێکی نوورانیم بێ
بۆ ئەوەی تێیدا وەحەسێم؟
* * *
ساڵەکان ئاوا بوون، پێنج ساڵ، دەساڵ
دارەکە پتەوبوو
بەڵام پێستەکەی نەقەڵەشا
پاشان ئەفعییەک کە قەت تەلیسم نەدەکرا
لە پەنجەکانی داری هۆلۆپۆ دا هێلانەی چێ کرد.
باڵندەی «ئانزو» (٥) جووجکەکانی لە لقی داردا تاقەت کرد.
«لیلیس» (٦) کیژی تاریکی لەناو دارەکەدا خۆی شاردەوە

ژنی لاو کە شێتی پێکەنین بوو، گریا
«ئینانا» چەندە زۆر گریا!
(ئەوان ئێستاش دارەکە بە جێ ناهێڵن)
* * *
باڵندەکان لەگەڵ تاریک و ڕوون سترانیان خوێند
«ئۆتۆ» (٧) خوای خۆر، جێ خەوی شاهانەی جێ هێشت
«ئینانا» بانگی برای خۆی کرد و گوتی:
«ئاخ ئۆتۆ» ئەو ڕۆژانەی کە چارەنووسەکان دەنووسران،

ئەو کاتەی زەوین لێوڕێژ بوو
ئەو کاتەی کە خوای ئاسمان، ئاسمانی دزی و خوای هەوا، زەوین،
ئەو کاتە دەسەڵاتداری «ژێرەوەی بەرین» یان دا بە «ئێریش کیگال»
خوای عەقڵ، باوکە ئێنکی، بەرەو جیهانی ژێرەوە بایەوانی هەڵ داو
«جیهانی ژێرەوەش» هەستاو هەڵمەتی کردێ...
لەوکاتەدا دارێک، تاکە دارێک، تاکەدارێکی هۆلۆپۆ
لە بەستێنی فورات نێژرا
گێژەڵووکەی بای باشوور کەوتە ناو ڕیشەکانیەوەو لقوپۆپەکانی شکاند
تا ئەوەی ئاوی فورات داری لەگەڵ خۆی ڕامالی
من دارەکەم لە چۆم ئەستاندەوە
بردمە باخی پیرۆزی خۆم
دارەکەم گەورەکرد، چاوەڕێی [سازکردنی] تەخت و پێخەفی درەوشاوە بۆ خۆم.
* * *
پاشان ئەفعییەک کە تەلیسم نەدەکرا
هێلانە کرد لە ڕیشەکانیا
باڵندەی «ئانزۆ» جووجکەکانی لەناو لقەکانی داردا تاقەت کرد
«لیلیس» کیژی تاریکی لە ناویا خۆی شاردەوە
من گریام
چەندە گریام
«ئەوان ئێستاش دارەکەی من جێ ناهێڵن»
«ئۆتۆ» شەرکەری تێکۆشەر «ئۆتۆ»
یاریدەی «ئینانا»ی خوشکی نادا.
* * *
باڵندەکان لەگەڵ دووەمین سپێدەدا دەستیان کردبە ستران خوێندن
«ئینانا» بانگی کردە برای خۆی «گیل گامێش» (٨) و گوتی:
«ئاخ گیل گامێش» ئەو ڕۆژانەی چارەنووسەکان دەنووسران
ئەو ساتەی هەموو نیعمەتێک لەسەر سۆمەر کە لاوی کرد
ئەوکاتەی خوا ئاسمان، ئاسمانی برد و خوای هەوا، زەوین
ئەوکاتەی دەسەڵاتداری «ژێرەوەی بەرین»یان دا بە

«ئێرێش کیگال»
«ئێنکی» خوای عەقڵ بەرەو «جیهانی ژێرەوە»
بایەوانی هەڵ داو
جیهانی ژێرەوەش هەستاو هەڵمەتی کردێ...
لەوکاتەدا، دارێک تاکە دارێک، تاکە دارێکی هۆلۆپۆ
لە کەناری فورات نێژرا،
گێژەڵووکەی با کەوتە ناو ڕیشەکانییەوە و لقەکانی دڕی
هەتا ئاوی فورات بردی
من دارەکەم لە چۆم ئەستاندەوە
بردمە باخی پیرۆزی خۆم
دارەکەم گەورەکرد، چاوەڕێی [سازکرانی] تەخت و پێخەفی درەوشاوە بۆ خۆم.

* * *

پاشان ئەفعییەک کە تەلیسم نەدەکرا
هێلانەی کرد لە ڕیشەکانیا
باڵندەی «ئانزۆ» جووجکەکانی لەناو لقەکانی داناو
«لیلیس» کیژی تاریکی لەناو یا خۆی شاردەوە
من گریام
چەندەگریام

«ئەوان ئێستاش» دارەکەی منیان جێ نەهێشت
«گیل گامێش» شەرکەری دلێر «گیل گامێش»
قارەمانی ئوروک چوو بۆ یاریدەی «ئینانا»
«گیل گامێش زرێکەی خۆی کە پەنجامەن(۹) بوو بەسینگەوە بەست.
پەنجامەن بۆ ئەو هەر بەقەد پەنجا پەڕ سووک بوو
تەورزینە زەردەکەی خۆی هەڵگرت، تەورزینی شەرکەرەکان
قورسایی حەوت تالان (۱۰) و حەوت مەن لەسەرشان،
ڕووی کردە باخی پیرۆزی «ئینانا»

* * *

«گیل گامێش» ئەو ئەفعییەی تێک شکاند کە تەلیسم نەدەکرا
باڵندەی «ئانزۆ» و جووجکەکانی بەرەو کۆساران هەڵفڕین و لیلیس ماڵەکەی خۆی تێک ڕووخاندو بەرەو شوێنە نەناسراوەکان چوو

ئەوسا گیل گامێش پنجەکانی داری «هۆلۆپۆ»ی هەڵکەندو
کوڕان شارکە هاوڕێی بوون لقەکانی داریان بڕی

* * *

لە کۆتەرەی دار تەختێکی ڕازاوەی بۆ خوشکە ئاسمانییەکەی داتاشی
«گیل گامێش» لە کۆتەرەی دار پێخەفێکی بۆ «ئینانا» داتاشی

ئەویش لە پنجەکانی دار «پۆکۆ»(۱۱) یەکی بۆ براکەی چێ کرد
«ئینانا» لە درێژترین لقی دا «میکۆ»۱۲یەکی بۆ «گیل گامێش» قارەمانی «ئوروک» چێ کرد

**لێکدانەوەی «ئەفسانەی داری هۆلۆپۆ»**

ئەفسانەکە بەسێ بەیت و نیوی هاوکێش دەس پێدەکا. دووپات بوونەوەی وشەی «ڕۆژەکان» لە دێرەکانی چوارەم و پێنجەمدا شێوەیەک پێوەندی بابەتەکان لەگەڵ دێری هەوەڵ دەخاتە ڕوو:
«لە هەوەڵ ڕۆژەکان کە هەرشتێک پێویست بوو....»
هەر ئەو پێوەندی و کێشانە لە دێرەکانی شەشەم و حەوتەمدا دووپات دەبێتەوە «ئەوکاتەی کە لە پێشخانی پیرۆزی عەرد نانیان کرد....» لە دێرەکانی هەشتەم و نۆیەم، پێداگری دەگەڕێتەوە سەرکردار: «ئەو کاتەی ئاسمان لە عەرددابڕا...» لێرەدا ئێمە شاهیدی دەوامەی زایین و چییەتی پێوەندی دیاردەکان لەگەڵ یەکترین. هەر دیاردەیەک بە دوای دیاردەیەکی تردا دێتە «هەستی»یەوە. تا ئەوەی کە لە دێری دەیەمدا جەخت کردن هەم دەگەڕێتەوە سەر بابەت و هەم دەگەڕێتەوە سەرکردار: «وە ناوی ئینسان نەمرکرا»
سەرەتا، چیرۆکی خوڵقان و گەڕیانەکەی لە یەکەکانی زەمانددا دەگونجێ. (دێرەکانی ۱ تا۳) و ژیان و دەرکەوتنی گیانی جیهان بەدوای ئەودا، (دێرەکانی چوار تا حەوت) ئەوسا یەکبوون تێک دەچێ. (دێرەکانی ۸ و ۹) بەڵام لە دێری دەیەمدا باس لە ئاگایی، کردەوەو سرنج دانە. بە ناودانان، کە لە سەرقەرارو بڕێ دامەزراوە، هەر شتێک کە هەیە، خۆ دەگرێ و وەدەردەکەوێ. ناودانان یانی بەدیهاتن و ناسین. دێرەکانی ۱۱ و ۱۲، جەخت کردنێکە لەسەر دێرەکانی ۸و۹. هەر کە ناویان لە ئینسان نا، خوداکانیش بوونە خاوەن ناو: «ئەوکاتەی کە

«ئان» خوای ئاسمان، ئاسمانەکانی بۆو دووردەستانە بردبوو...» هەر چەند کەسێیەمین دێر لەو سێ بەیت و نیوە بە بابەتێکی نوێ و بەکارهێنانی کرداری جیاواز، سەفەری چیرۆکەکە دەوەستێنێ و جەخت کردنەکە دەگەڕێنێتەوە واتای ئەو نیوبەیتە کە سێزدەیەمین دێریشە: ئەوکاتەی کە دەسەڵاتداری جیهانی ژێرەوەیاندا بە «ئێرێش کیگال» شاژنی «ژێرەوەی بەرین».

لەگەڵ خولڤانی جیهانی و لێک تەوەللابوونی عەردو ئاسمان و نەمربوونی ناوی مرۆڤ، مەرگیش دێتە «هەستی»یەوە. هەروەک زۆربەی وێکچووەکان لە جیهانی ئۆستوورەدا، لێرەشدا ژمارەی سێزدە ژمارەی مەرگ و بەدشومییە. لە دێرەکانی ١١و١٢دا دوو مێر- خوا «ئان» و «ئەنلیل» بەشی چاکەی خۆیان لە جیهان وەردەگرن، بەڵام لە دێری سێزدەدا خاتوو- خوا «ئیریش کیگال»، دەسەڵات، چارەنووس و سزای خۆی وێکڕا وەردەگرێ.

«ئان» و «ئەنلیل» بەدیهێنەرنین زایین لە تایبەتمەندییەکانی ژنانە. کەوابوو مراندنیش دەبێ هەر لەژێر دەسەڵاتی ژناندابێ، بەڵام لە ڕەگەزی خوداکان کام ژن بە کەیفی خۆی دەبێتە خوای مەرگ؟ ئەم دەسەڵاتدارییە بە خۆشیش نەبووبێ، بەزۆرەملێ بەسەر خوشکی ئاوەڵ دووانەی «ئینانا» (خاتوو خوای بەروبوو) دادەسەپێ. ئەوەی کە بەشی ئەوە، ئەو جێگایەی دەبێ تێیدا بژی و ئەوەی بە ناویەتی، خاک و تاریکی و مەرگە. لە کۆتاییدا ئەوەی کە بەشی مرۆڤە واتە:

هەڵقولێن، بەدی هاتن و خولڤان بۆ ساتێک لەگەڕ دەوەستن. ئەگەر ئاکامی هەمووان، مەرگ و وتاریکایی و خاکە و جێگەی هەموان جیهانی ژێرەوە و جێگەی نەمانە، ژیان و هەڵدان و مانەوە چ بایەخێکی دەکرێ بێ؟ کێ بۆ روون کردنەوەی نهێنی مەرگ هەڵدەستێ تا لە کۆتاییدا واتای ژیان بناسێ و بیناسێنێ؟ لە هەوەڵ دێری بەشی دواییدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە: ئاگادارێکی زانا، خوای عەقڵ، خوای ئاوەکان و ئەولادی «نامۆ» دەریای مێینەی ئەزەلی کە دایکی زەوین وئاسمان و هەوایە، ئیزەدێک کە ژیانی خۆش دەوێ و خەڵکی ناو زەوینیشی خۆش دەوێ. کەسێک کە لە خولڤانی مرۆڤدا یاریدەی «نین هورساک» و «نین تو»ی داوە، بەرەو جیهانی ژێرەوە بایەوان هەڵ دەدا. «باوەئێنکی» کە بەرەو جیهانی ژێرەوە بایەوان هەڵ دەدا لە دوو لاوە سەنا دەکرێ: بە ڕواڵەتێکی مەعنەوی وەک خوای عەقڵ و بە ڕوخسارێکی مادییەوە وەک ئیزەدی ئاوەکان. «ئێنکی عەقڵی» گەڕۆکە کە ڕێنوێنی مرۆڤایەتییە لە ڕێگای تێگەیشتنی نەزانراوەکاندا. لە ڕێی دیتنەوەی ئەم نەزانراوانەدا، دەکەوێتە بەرهێرشی بەردەوام و تۆفان کە نوێنەری دەسەڵات و ئێرەیی بردنی جیهانی ژێرەوەن. ئێستا ئەو بەناوی خوای ئاوەکان بەرەو جیهانی ژێرەوە بایەوان هەڵ دەدا تا وەک خوای عەقڵ نهێنی ئەم جیهانە ون و نەناسراوە بدۆزێتەوە و «ئێرێش کیگال» سەرکوت بکا. ئێرێش کیگالیش دەستەوەستان دانانیشێ و دژکردەوە دەنوێنێ.

دووپات بوونەوەی کێشی (جەخت کارانە) لەسێ دێری دواتردا نوێنەری گوشارە: «وەک گورگەکان»، «وەک شێرەکان»، وەک «پۆلێ ڕەقە». ئەوان دووهێزی هاوسەنگن. هیچ سەرکەوتوویيەک دەرناکەوێ، تا بەشی سێیەم کە لەوێدا لەلایەن جێگرێکەوە وەڵام دەدرێتەوە. لەنێوان کێشەی ئیزەدی ئاوەکان و خاتوو خوای جیهانی ژێرەوە دارێک دێتە پانتایی هەستییەوە.

بە دەسپێکی بەشی سێیەم، ئێمە دێینە پانتایی زەمانەوەو وهاوڕێ لەگەڵ خوداکان و چاندنی تۆو لەسەر زەوین، بەرەوپێش دەچین. بەزوویی «ئینانا» دێتە ئاراوە و ئیتر دەکرێ دەوامەی پێگەیشتن دەس پێ بکات. لەمە بەدوا دەقی سەرەکی دەبێتە «ئینانا» و «داری هۆلۆپۆ». کێشەی «ئێنکی» و «ئێرێش کیگال» دەکەوێتە پەراوێزی ئەفسانەکەوە. «داری هۆلۆپۆ» لە بەستێنی فورات دەچێندرێ و ئاوی چۆمەکە پاراوی دەکا. (بەیاریدەی ئێنکی)، بەڵام دەکەوێتە بەر هەڵمەتی بایە گەرمەکانی باشوور (بەدەستووری ئێرێش کیگال) و دەکەوێتە ناو چۆمەکەوەو مەترسی نەمانی بۆ هەیە. ئەگەر «ئینانا» هەنگاوێک هەڵ نەگرێ، بێ شک دارەکە دەمرێ، بەڵام «ئینانا» دارەکە لە ئاو دەگرێتەوەو دەیباتە باخە پیرۆزەکەی خۆی و بوار بۆ گەشەونەشەی دارەکە دەڕەخسێنێ. تەنیا پاش ئەوەی دارەکەی چاک کردەوە و باری هێنا، ئاواتەکانی لەمەڕ ئەوەی کە چاندوویەو باری هێناوە، شکڵ دەگرێ. ژیان بەر لەوەی کە بە بەرهەم بێ، دەبێ بە باشی بار بهێنرێ و پەروەردە بکرێ. ئینانا ئاواتی تەخت و پێخەفی نوورانی هەیە. لە هەمبەری ئەم شەوقە سروشتییەدا ڕاستەقینەیەک کە پێشتر ئەفسانەکە بە ئێمەی وتووە، ترسی ئەو لە «ئان» و «ئەنلیل»ە. «ئان» و «ئەنلیل» خوایانی زەوین و ئاسمان و دەسەڵاتدارانی ئاسمانی سۆمەرن. حوکمیان لە زەوین و

ئاسمـــان ڕەوایە. «ئینانا» کـــە لە دایک و بابێکی ئاسمـانییـە، ئێسـتـا کەوتۆتە زەوینەوەو لە ڕوخسـاری ژنێکی لاو و حەپەساو لە فـەرمـانی «ئان» و «ئەنلیل»، ئاواتە خـوازی تەخـتی دەسـەڵاتداری و پێـخـەفی ژن و شـوویی خـۆیەتی... بەڵام دارەکـەی ویسـتـەکـانی ئەو بەراورده ناکـاو بەرناگـرێ، لە بری ئەوە دارەکـە دەبێـتـە ئاوێنەی نەزانراوەکـان و ترسەکـانی ئەو. ئەفعی بەهۆی ئەوەی کە کەژ بەردەدا، هەر لە کۆنەوە سەمبوڵی دیسان لە دایک بوونەوەیە. لە لایەکی ترەوە، مـــار لە لایەن خـەڵکی ئیـلام و باکـووری سـۆمـەر و جـێگەی هەوەڵی ڕووانی دارەکـەوە دەپەرسـترا. کـەوابوو دەکرێ بەم جـۆرە نیشانەی ترس لە نەزانراوەکانیش بێت.

مـارەکـە تەلیـسم ناکـرێ، چونکە لە ڕیزی پیـرۆزەکـانی سۆمەریدانییە و «ئینانا» ناتوانێ ئەو گیانلەبەرە هێدی و ڕازی بکـات، یان لە خـــەوی بکات، یان ڕامی بکا. لە مـــەڕ باڵندەی «ئانزۆ» لە ئەفـســـانەی ســـۆمـــەری «نینۆرتا»شـدا باس هەیە. لەو ئەفـســـانەیەدا «ئانزو» دەیەوێ «مێ» بڕفێنێ: بەڵام سەر ناکەوێ.

لە هونەری سۆمەریدا وێنەی ئانزۆ بە ڕوخسـاری شێرو پەنجـەی هەڵۆوە کـێـشـراوەتەوە کـە نوێنەری دەسـەڵاتی زەوینی و ئاســـمـــانی و ئاگـــاییـــەکی تێکەڵ بەڕق و تووڕەییە. لە هیچ یەک لە دەقە سۆمەرییەکاندا باسێک لە «لیلیس» نییـە. بۆ ناسـینی ئەو دەبێ سـرنج بدرێتـە دەقەکانی دواتر.

لە دەقی عـــیـــبـــری «زوهاریک» (١٣) دا ئەو ژنی هەوەڵی ئادەمـــە کـــە بەپێـــداگـــری لەســـەر هاوتایی و هاوپلەبوونی خـۆی، هاوسـەری خـۆبەکـەم گـرانەی ئادەم و ژێر دەس بوونی ئەو قبووڵ ناکات. «لیلیس» لەلای ئادەم هەڵدێ و نەفـرین دەکـرێ. نەفـرینێکی بەم جـۆرە کـە: بە تینوێتییەکی بێ کۆتایی نێرماییەوە (جنسی) دەنێردرێتە دەرەوەی جیهانی مرۆڤ و پێوەندییە سروشتیەکان.

سـزایەکی تری «لیلیس» مـەرگی هەمـوو ڕۆژەی سـەد منداڵ لە دێوەکـانی ژێر دەسەڵاتی بوو. «لیلیـسـیـش» بە تۆڵەی ئەمە هەمیشە بەدوا ڕفاندن و لە ناوبردنی منداڵی مرۆڤـانەوە بوو. ئەو خاوەنی زەوینە بێ بەروبوومـەکـان و وەحشیـەکان و حاکمی غـەریزە حەیوانییەکانە. «لیلیس» لەگەڵ «ئانزۆ» و «ئەفعی» سێ گۆشەیەک پێک دێنن کە نوێنەری دەسـەڵاتی بێ یاسـاو وڵاتانی بیـانییـە ئەم سێ گۆشەیە ڕێگای «ئینانا» دەگرێ و دەبێتە لەمپەری نێوان ئەوو ئاواتەکانی ئینانا لە فرمێسکی خۆیدا نوقم دەبێ.

(ئەو ژنەی شـــێـــتی پێکەنین بوو، گـــریا....)، بەڵام فرمێسک کۆسپەکانی لەناو نابا، فـرمێسک لەسەر ئەو گـیانلەبەرانەی تەلیسم ناکرێن کـاریگەرنییـە. ئینانا وە دووی ڕێگا چارە دەکەوێ و داوای یارمەتی دەکا. داوای یارمەتی لەبرای هاوخوێن و ئاسمانی خۆی دەکا. «ئۆتۆ» وەری ناگـرێ، بەڵام گـیل گـامـێش قـارەمـانی ئورۆک بە داوای «ئینانا» وەڵامی ئەرێ دەداتەوە. گـیل گـامـێش لە ئەفسانەی داری «هۆلۆپۆ»دا قارەمانێکی قورس و نەترس و نوێنەری جوامێری و دلێرییە. نیشانەی دەسەڵاتی ئەو تەورزینێکی قـورسە کە حەوت مەن دەبێ وزرێکەشی چل مـەنە. گـیل گـامـێش ڕوودەکـاتە باخی پیـرۆزی ئینانا و بەوەکـــارهێنانی تەورزینە زەردەکـــەی کـــە چەکـــێکی پێشکەوتووەو نیشـانەی ژیاری سۆمـەرییە، ئەفعییە کە دەکـوژێ. بە هەڵفـڕینی «ئانزۆ» بۆ کـوێسـتـانەکـان و دەرچوونی «لیلیس» بەرەو جێگا نەناسـراوەکـان، ترسی ئینانا لەناو دەچێ و کـچێنییـەکەی کۆتایی دێ. ئینانا دەکەوێتە گەڵ گیل گامێش، لاوەکانی سۆمەر کە هاوڕێی قارەمانیان کردووە لقەکانی دارەکە دەبڕن.

«ئینانا» و «گیل گامێش» بۆ نواندنی یەکگرتن دیاری دەگـۆڕنەوە، گـیل گـامـێش تەخت و پێـخـەف بۆ «ئینانا» چێ دەکـا و «ئینانا»ش «پۆکـۆ» و «مـیکۆ» کـە نوێنەری دەسـەڵاتی شـاهانەیە دەسـپـێـرێتـە دەس گـیل گـامـێش. خەڵکی سۆمەریش بە بەرەکەتی ئەو نیعمەتانە شاد دەبن؛ چونکە لە کۆتەرەی داری هۆلۆپۆ تەخت و پێخەفی خاتوو خوای ئاگاداری شاری وان چێ کراوە.

ئەوکـاتەی کـە «ئینانا» دەسـەڵاتداری خـۆی دەس پێ دەکـا لـەسـەر تەخـتـێک کـە لە داری هۆلۆپۆ چێ کـراوە دادەنیشێ و نهێنی بارهێنانی داریان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەو کاتەی کە لە پێخەفی ژن و شوویدا ئۆقرە دەگرێ و مـێـــردێک بۆ خـۆی هەڵدەبژێرێ نهـێنی ژین و مـەرگ دەوترێتـەوەو بۆ ژن و پیـاوی سۆمـەری هەلی ناسینێکی زۆرتر لە دیاردەکانی جیهان بەدەستەوە دەدات.

**پەراوێزەکان:**

١- DIANE WOLKSTEIN فـــــــۆلکلـۆر نـاسـی هەڵکەوتەو مامۆستا زانستگای بۆستۆن.

٢- ERESHKIGAL خـاتوو خـوای جـیـهـانـی ژێرەوەو دەســەڵاتداری وڵاتـی مـردووەکــان و زەوینە نەناســراوەکــانـە، بە گوێرەیەک ئەو خوشکی ئاوەڵ دووانەی «ئینانا» خاتوخوای ژیان و بەروبوومە، تەمسیلێکە لە «هەستی» و «نیستی» لە قاڵبی دوو خوشکی ئاواڵ دووانەدا.

٣- great below ژێرەوەی بەردین، بە مـانـای جـیـهـانـی مردووەکانە.

٤- Hullupu بەپێی ناوەرۆکی سـترانی ئەفسـانەکـە دەبێ دارێکی بێ بەری وەک ســەروو، یان بی بێ کــە تەنیــا لەبەر کۆتەرەکەی بە کەڵکە.

٥- Anzu ناوی باڵندەیەکی ئەفســانەییــە لە ئەدەبیــاتی سۆمەریدا بەسەری شێرو پەنجەی هەڵۆوە کە نیشانەی دەسەڵات و عەقڵن.

٦- Lilith ســەمــبــۆلی نەزۆکــیـــەو دەســەڵاتداری وڵاتە نەناسراوەکانە، لە ئەدەبیاتی عیبیریدا زۆر باس کراوە.

٧- Utu خـــوای خـــۆرو بـرای ئینـانـایە. پاش هـرووژمی سامییەکان بۆ سۆمەر ناوی ئەوبوو بە shemesh شێمیش. ئۆتۆ پشتوانی هەمیشەیی شوانەکان بوو.

٨- گیل گامێش شاقارەمانی ئەفسانەیی سۆمەر، بۆ هەوەڵ جار لە سترانی ئەفسانەی داری هۆلۆپۆدا ناوی دێت. حەماسەی بابێلی «گـیل گـامـێش» هەزار سـاڵ پاش ئەم ئەفسـانەیە وتراوە. لە ناونامەی پاشاکانی سۆمەری لەمەڕ گیل گامێشەوە نووسراوە: ئەو شایەی کە قـەڵا و باڵەخانەیەکی مەحکەمی بۆ ئوروک سـازکرد و پەرەسـتگەیەکی مـەزنی لە بەرد و خـشت بۆ «ئینانا» شـابانووی ئاسمان و زەوی و پشتیوانی شاری ئوروک چێ کرد.

٩- minas پێوانەی کێشانی سۆمەری

١٠- Talent پێوانەی کێشانی سۆمەری- تالان

١١- Pakku گۆچانی شوانی

١٢- mikku: نیشانەی میری، گۆچانی پاشایی. پۆکۆمیکۆ کـینایەیە لە گـۆچانی شـاهی. لە دەقـەکـانی چاخی کـۆنینەدا هەر ئەمەیە کە وەک «گۆچانی موعجیزە» خۆبا دەبێ.

١٣- zoharic زۆهارک لێکدانەوەیەکی یەکجار سۆفیـانەیە لە تەوڕات و ئایینی یەهوودی.

**ژێدەر:**

**شناخت هویت زن ایرانی، در گســتره تاریخ و پیش از تاریخ، لاهیجی شهلا، کار مهرانگیز، انتشارات روشنگران، تهران، ١٣٧١.**

# ژوورێک لەهەوارە بەفرینییەکەی کافێ

کەریم کاکە

کافێ ئەو هەوارە بوو بە تەماشاکردنی گارە نەبا نەمدەناسییەوە، ئێستاش بۆ دیتنەوەی کافێ هەر گارە نیشانەیە، نیشانەیەک نە بەفر بزری دەکات نە دووکەڵی شەڕ، نە پیریش.. ئەو دەمانێ لەوێ دوو کافێ هەبوو، کافێی گوند، کافێی بارەگا، گوند پڕ بوو لە ژن و منداڵ و پیاو، بارەگاش پڕپڕ لە پیاو، چەند ژنێکیش... نێوان ئەو دوو کافێیە چەمێکی بچووک و بەرزاییەکی نزم، ئەگەر لەسەر ئەو بەرزاییەوە بەسەر کافێی ژن و منداڵدا تەماشای ئەو بەرت بکردایە، گارە دەهاتە ناو چاوت، گارەی زستانان جیا بوو لە هەموو ئەو چیایانەی لە نزیک و دوورەوە نیازی تەماشاکردنی گارەیان هەبوو.. پیرێکی خەڵکی ئەوێ زۆر جار دەیگوت:

«چیا نییە لە دنیایێ هێندەی گارە بەفری لێبکەوێت».

ئەو قسەیە تا چەند ڕاست بوو، تا چەند ناڕاستە، هێندە بەلایدا مەچۆ، ئەوەی گرنگ بوو من باوەڕم بەو قسەیە هەبوو.. هەر کەسێک زستانێک بە زۆری زۆردارەکی لە دەڤەری گارە بهێڵدرێتەوە یان لە ناچارییەوە لەوێ بمێنێتەوە، باوەڕ بەوە دێنێت کە زۆرترین بەفری دنیا بەر گارە و دەڤەری گارە دەکەوێت، زستانێکی تەڕ و تووش بەسە بۆ ئەوەی بایی تەمەنێک بەفر لە بیناییتدا دابکەیت..

زیندانییە بەتەمەنەکەش کە نەمدەزانی چ جۆرە زیندانییەکە بە دەنگێکی نێرانەی نووساوەوە دەیگوت:

«تێیکە، چاوەکەم باشی تێکە، چیاو دۆڵان تەخت کە..»

ئەو زستانەی من قسەی لێوە دەکەم، زستانی پێش ئەو هاوینە بوو کە ئاگری ئەنفال لە هەموو لایەکەوە هەڵیکرد

و کافێشی وەک هەموو جوانییەکانی گەرمیان و
کوێستان بە هەموو جوانییەکانییەوە سووتاند،
زستانێکی زگپڕ بوو ڕێک ئەو زستانە بوو هەڵەبجەی لە
زگدا بوو.. لە هۆڵە بزنێک بووین، بەوە دەزانم هی بزن
بوو نەک هی مانگا و بەرزە، چونکە زۆر نەوی بوو...
(ئەبوو حوسێن) دەیگوت:

ئەو کەسانەی ئەم ژوورەیان دروستکردووە هەموویان کورتە بالا بوونە، پێیان وابووە کەس لەخۆیان درێژتر نییە و درێژترین پیاو لە دنیایێ (ئەبوو خالید)ە.

وابوو لەو ژوورە بەس ئەبوو خالید سەری بەکاریتە نەدەکەوت، من کە بەژنێکی ئاساییم هەیە دەبوو لە ڕاستی کاریتە سەرم نەوی بکەم، بەڵام سەرم بە شەقرە نەدەکەوت، هەرچی ئەبوو حوسێن بوو دەبوو لەسەر چۆک بڕوا... ئەو کوڕە بەسراییە بەغدا نشینە لەمێژ نەبوو هاتبوو، بەژنی درێژ زۆر درێژ، ڕەنگە درێژترین پیاو بووبێت لە بەسرە، ئەبوو خالید گۆتەنی: تەماشا تەماشا هەر دەڵێی دار خورمایە، ئەو ژوورە دوور و درێژە نەوییە پڕ بوو لە پێشمەرگەی بالا بەرز و کورتە بالا، کورتترینیان ئەبوو خالیدی بەرگدروو بوو هەر لە ناو ژوورەکە بە نایلۆن و بەتانی ژوورێکی بۆ خۆی جیاکردبۆوە و شەو و ڕۆژ خەریکی دوورینی کورتەک و شەرواڵ بوو بۆ پێشمەرگە، ئەو بەرگدرووە کوردی بەغدایی بوو، بالا بەرزترینیان ئەبوو حوسێنی شاعیر بوو، بەردەوام شیعری دەنووسی.. ژوورەکە لەناو ژوورەکانی دی بە ژووری ئەبوو خالید دەناسرایەوە، چونکە بە پێش دەرگاشدا بڕۆیشتایە دەنگی مەکینەی دروومانی ئەبوو خالید دەهات. بیهێنە بەرچاوی خۆت جێگاکەی ئەبوو حوسێن بەرانبەر دەرگایە و پێی دەگاتە سەر ئەو دەرگایەی کە لە ژوورە نایلۆنییەکەی ئەبوو خالید کراوەتەوە، منیش بە تەنیشت ئەبووحوسێنەوە نێوانمان تەپلەی سەرڕێژ لە قونکە جگەرە و شووشەی گەورەی پڕ لە چا، سۆبە دارینەکەش هێندە دوورنییە لە من ئەو سۆبەی بە یەک زستان داروباری چیایەکی کردە خۆڵەمێش.. ئەو ژوورە بەو زستانە تووشە ئەو ژوورە پڕ لە گێرمە و کێشەیە منی لەنێوان ئاگر و شاعیرێک حەواندەوە، ئەو ژوورە جیابوو لە هەموو ژوورەکانی دی، لە ژوورەکەی ئێمە بانگی هەر نەتەوەیەک و ئایینێکت بکردایە کەسێک هەر وەڵامی دەدایتەوە، کورد هەبوو، عەرەب هەبوو، ئاشووری، کلدان، تورکمان، ئەرمەن، سابیئی، موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی... هەرچیت بویستایە هەبوو، لەم ژوورە بان نەویە زستانییە بە هەموو زمانێک قسە دەکرا، جیا لە هەموو ژوورەکانی دی لەو ژوورەدا زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو، ئەگەر قسە بێتە سەر ئایین نە ئیسلام و نە هیچ ئایینێکی دی ئایینی فەرمیی ژوورەکەمان نەبوو، بە شاراوەیی نازانم چۆن بوو، بەڵام لە ڕوو «بێ ئایینی» ئایینی بەرچاوان بوو...

ئەبوو حوسێن بۆیە بەر دەرگای هەڵبژاردبوو هەتا زۆر سەر لە کاریتە نەدا، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژ نەبوو چەند جارێک زرمەی لێوە هەڵنەستێنێ، هەر جارێکیش سەری بەکاریتە دەکەوت هەزار و یەک جوونی بۆ عەرد و ئاسمان دەنارد، قاسم کە لەو لاوە لە ژوورەکەی ئەو لاوە گوێی لە جوونەکانی ئەبوو حوسێن دەبوو دەیگوت:

«ئەوە شیعر دەخوێنێتەوە یان قورئان دەخوێنێ؟!»

ناهەقی نەبوو سەر لە کاریتە دان ئەبوو حوسێنیان فێرە جوونی واکردبوو، لەناو عەرەبدا جوونی وا نەبوو، لەناو هەر ڕستەیەکی جوونی وشەی (الله) هەبوو، جوونەکان هەمووی سەرواداری بوون... قاسم بە هەمووی سێ ڕستەی عەرەبی فێربوو ئەویش بەشێوەیەک گۆی دەکردن هیچ عەرەبێک بە عەرەبی وڵاتی ئەمازیغیشەوە تێی نەدەگەیشتن.. ئەو قاسمە ئەگەر دنیاش نغرۆبایە ئاگای لە هێسترەکان نەدەبڕا زۆر لە خەمیان بوو، پەنجە پەنجە لەشی ئەو هێسترانەی دەپشکنی نەبادا جێیەکیان بریندار بێت، خۆی برسی بکردایە نەیدەهێشت ئەو هێسترانە برسی بن.. نازانم کێ بوو بە قاسمی دەگوت:

«تۆ دەبوو لە ڕێکخراوێکی ئاژەڵپارێزی ئیشت بکردایە، نەک دژی کۆماری ئیسلامی چەکت هەڵبگرتایە.»

زیندانییە بە تەمەندا چووەکە بە قاسمی هێستر پارێزی دەگوت:

«هاوڕێ، هێندەی لە خەمی هێسترەکانی نیو هێندە لە خەمی خۆت بایت، وات بەسەر نەدەهات، تۆ خۆت دیوە، چیت لێهاتووە، دەڵێی لەسەر شارە مێرووستانیان بەستوویتەوە!»

وابوو، قاسم تا بڵێی لەڕ و لاواز بوو، کەم کەس هەبوو هێندەی وی ماندوو

شاعیرە بەسراوییە یان بەغدادییەکە بەردەوام شیعری دەنووسی، ڕکەی لەگەڵ بەفر دەکرد، بەفر هەر تێی دەکرد و نەیدەهێشت عەرد ڕەش بێتەوە هەر تێی دەکرد و دنیای سپی و سپیتر دەکرد، ئەویش پەڕ لە دوای پەڕی ڕەش دەکردەوە و هیچ پەڕێکی بە سپێتی نەدەهێشتەوە، ئەو

زستانە شەش حەوت دەفتەری گەورەی پڕ لە شیعر کرد، دیار بوو زۆر حەزی لە (بەدر شاکر سەیاب) دەکرد، شیعری وی هەمیشە لەسەر زاری بوو.. بەدەم چا خواردنەوە و مژ لە جگەرە دانەوە ڕووی تێم دەکرد:

+ بۆ ئەوەی ببیە شاعیر دەبێت ڕۆژانە شیعر بنووسیت.

– من بیستوومە دەبێت ڕۆژانە شیعر بخوێنیتەوە.

+ بە هەڵەدا مەچۆ، شیعر پرۆسەیە، هەر بنووسە هەر بنووسە، لەئەنجام شیعری جوان بەرهەم دێ، واتە دەبیە شاعیر، وەک چۆن هەر تەقە بکە هەر تەقە بکە دەبیە نیشانەشکێن، ئەوەش شتێکە لەو جۆرە

– ئەدی خوێندنەوە؟

+ خۆ ناڵێم مەخوێنەوە، بەڵام نووسین هەمیشە نووسین، ئەبوو خالید ئەگەر بەردەوام جلوبەرگی نەدوورایە، ئێستا نەدەبووە ئەو بەرگدرووە.

– واتە شیعر پیشەیە

+ ئەتو گوێ بدە من، مەبەستمە بڵێم شیعر بەهرە و مەهرە نییە، بەردەوام بنووسە، ڕۆژێ دەفتەرێک پڕ بکەوە، دڵنیابە دەبیە شاعیر

– ئێ چۆن دەنووسرێ؟ ئەدی خوێندنەوە؟

+ ئەها، چونکە تۆ بەردەوام نانووسی، چ پرسیارێک دەکەیت؟

من و ئەبوو حوسێن جار و بار دەکەوتینە مشتومڕ و لە بارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی قسەمان دەکردو شەو و ڕۆژی بەفراویی کافێمان بەو قسانە لە یەک دەبەستایەوە و بەڕێمان دەکردن، کەم دەچووینە مشتومڕی سیاسیانەوە، هەرکاتێک قسە دەگەیشتە سیاسەت ئەو سێ ڕستەی هەبوو:

«من نامەوێت ببمە کۆمەنیست، من کەسێکی دیموکراسیم، دەمەوێت بچمە سوریا»

ئیدی وەکو پیاوان دەبیەڕیەوە منیش پێم خۆش بوو باسی نەکات، لەوکاتانەی نیوەشەوان بۆ ئێشککگرییش بانگیان دەکرد جارێک گوێم لێبوو لەبەر خۆیەوە دەیگۆت:

«نەفرەت لە بابت سەدام ئەگەر ئەو شەڕ و سەربازییە نەبایە، من چ ئیشم لەو گەوادییەی ئێرە هەبوو».

ئەو کوڕە زۆر ڕقی لە ئێشکگری دەبۆوە بەو بایە گوللەیەکت لەناو چاوی بدایە بەس لە خەوت نەکردایە، دێتە بیرم جارێک لە ئێشکگری ئەو لەدوای من بوو، دەبوو بە ئاگای بێنم، کاتێ بانگم کرد، چەند جارێک لەسەریەک ئەمەی گوتەوە و نەیدەبڕیەوە:

«دەی دەی گوللەیەک لەناو چاوم بدە، بەس چیدی بانگم مەکە، دەی لێدە دەی»

پێم گوت:

«بەس بیبڕیەوە، شەرتبێت بانگت ناکەم لەجیاتی تۆش دەیگرم»

سپی سپی، کافێ سپی لە هەموو سپیان سپیتر، بە ڕۆژ سپی، بە شەو سپی... بەفر بەفر، هەمیشە بەفر، کاری هەمووان بەفر ماڵین، سەربان ماڵین، کردنەوەی ڕێگەی نێوان ژوورەکان، لە دەو ڕێگاکان کە دەتگوت کۆڵانی قەیسەری هەولێرە، بەفر بەژن و نیوێک هەتا دوو بەژن هەڵدرابۆوە... پیاوێکی بە تەمەنی کافێ کە بەمەبەستی دەرزی لێدان زوو زوو دەهاتە لامان دەیگوت:

لەمێژە زۆر لە مێژە بەفری وا لێرە نەباریوە، بەس ساڵێک ئەو ساڵەی حەرەس قەومی هاتنەسەر حوکم بەفرێکی ئەوها ئەستوور کەوت..

زیندانییە بەتەمەنەکە لەسەر پێشاو دەهاتەوە بە دەم لەرزەوە، لەرزینێک مەگەر من وا هەڵ لەرزی بم، بە نەرمی دەیگوت:

ئاگاتان لە بانی هێسترەکان بێت دەڕووخێت، بەفری زۆر لەسەرە.

ئەو زیندانییە زۆر بە خەم بوو، خەمی هەموو شتێکی لەبەر بوو، بانی هێستر و زیندانییەکان بە سەریەکەوە بوو، لەوەیان نازانم خەمی ڕووخانی بانەکەی خۆیانی بوو یان هی هێسترەکان!

ئەبوو حوسێن سەرەتا حەزی لە بارینی بەفر بوو، منداڵانە دەچووە بەر بەفر و گەمەی لەگەڵ کلوو دەکرد، بە ناو لەپ دەیگرتنەوە، ئەو کوڕە بە زستان وڵاتی بەفری نەدیتبوو، لای وی شتی ئەوها لە خەون دەچوو، گوێم لێبوو دەیگوت:

خۆزگە لە بەسراش ئەوها بەفر دەباری!

ئەو شاعیرە بەسرایییە بەفر کەم دیتیە، دەچووە دەرێ و دەهاتەوە ژوورێ، غاری دەدایە قەڵەم و کاغەز وشەی (ثلج) بەفری دەخستە ڕستەیەکی شیعرییەوە، تەماشام دەکرد لاپەڕەی وا هەبوو حەڤدە وشەی (ثلج)ی تێدا ڕەشدەچۆوە. جارجارە پێم دەگوت:

ئاگاداربە ڕستەکانت لە بەفر نەخنکێن...

ئەو ستانەی ئەبوو حوسێن دەهاتەوە ژوورێ ئەبوو خالید پێی دەگوت:

+ هـ ئەبوو ثلج چ دەبارێ؟

– فریشتە دەبارێ، شیعر، کچ، جوانی.. دەبارێ
ئیـدی لە وەڵامـدا هەرچی جـوان بـوو ڕێزی دەکـرد بە جوانیشەوە، کۆپلە شیعرێکی خۆیشی لێ گرێدەدا... ئەبوو خالیدیش بە دێرە شیعرێکی جەواهێری دەمکوتی دەکرد، پێی دەگوت:
«پەنجـا سـاڵی دیش شیـعـر بنووسی، دێرێکی وەک جەواهێریت بۆ نانووسرێ»
زۆری نەبرد ئەبوو حسێن چوونە دەرێی کەم کردەوە، لەهاتنە ژوورێش باسی بارینی فریشتە و شیعر و ئەو شتانەی نەدەکرد لە شیعرەکانیشیدا وشەی بەکارنەدەهێنا... ئەو شاعیرە هێندە لەناو بەفر ئێشکگریی گرت، هێندە لەناو بەفرداری شکاند.. لە بەفر بێزار بوو، ڕۆژێک شیعرێکی بۆم خوێندنەوە شتێکی لەو بابەتەی تێدا بوو:
«هەر شتێ زۆر بێت و نەبڕێتەوە با ئەو شتە جوانیش بێت، دزێوە، بێجگە لە دارخورما»
ئەبوو حوسێن گەیشتە ئەوەی لە بەفر تووڕە بێت.. کاتێ دەهاتە ژوورێ لێیم دەپرسی:
+ ها ئەبوو ثلج دەبارێ؟
– من ئەبوو ڕیخم، ڕیخیش دەبارێ..
بەفر هەمـوومـانی لە دوڕ ژوورێ کردبوو، هەمـوومـانی لەدەوری سۆبە دارینە ئاگرینەکە خڕکردبۆوە، خەمی گەورەمـان کاتەکانی ئێشکگری بوو، خەمی گەورەمان ڕۆژی کابانی بوو، خەمی گەورەمـان ساتەکانی چوونە سەر پێشاو بوو، باش بوو نوێژکردن نەبوو دەنا خەمی دەزنوێژهەڵگرتنیش دەهاتە سەر خەمەکانی دی... ئەوکاتانەی گلەییمان لە بەرانبەر بەفر زیادی دەکرد، ئەبوو خالید فرۆکەی بیردەخستینەوە:
«باشە، بەفر باشە، با هەر بباریٚ و لێ نەکاتەوە، بەفر لە فڕۆکەباشترە..»
وابوو، بەفر لە فڕۆکە باشتر بوو، قەیناکە با بەفر هەر بباریٚ، با لێ نەکاتەوە، فڕۆکە ترسناکە، هەر بەدیاربکەوێت کەتنێک دەکات، کەس نییە، هیچ شتێک نییە، بەفڕۆکە بوێرێ، ڕێ لە فڕۆکە بگرێ، بەس هەور و بەفر و باران، کاتێ بە وردی بیرم لەو کارەساتانەی لە فڕۆکەوە دەکەوتنەوە دەکردەوە، کاتێ ئەو وێنە ترسناکانەم دەهاتنە بەرچاو کە فڕۆکە لەدوای خۆی بۆمانی بەجێدەهێشت، لە دڵی خۆم دەمگوت، با ببارێ، هەتا دنیا دنیایە با هەر بەفر ببارێ... بەفر هەمـوومانی لە کونی ژوورێ بە دیار سۆبەوە کۆکردبۆوە، ئەوەی گوێی نەدەدایە بەفر، ئەوەی مندالە لاسارەکەی بارەگا بوو، لە ژوورێ دانەدەسەکنی (خۆشناو) بوو، ئەوکوڕەش خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو، وا بزانم کوێنە دیموکرات بوو، ئەویش لەگەڵ زۆری دی خەڵکی ژوورەکەی ڕزگار بوو، ژوورێک لەو لاوە بە ژووری ڕزگار ناسرابوو، خۆشناو ژانە پشتیشی هەبوو، بەڵام لە پێناوی وەرگرتنی هەواڵێک بەو بەفرە بە بەرزاییدا هەڵدەگەڕا، ڕادیۆکەی دەخستە بن گوێی و بەفری ئەستوور بشکێنەو هەڵگەرێ بەو بەرزاییەدا هەڵدەگەڕا کە کەوتبووە پشت بارەگاوە، لەناو ئەو چیاو چۆڵە ڕادیۆ لە جێگەی بەرز وەریدەگرت، بۆ بیستنی هەواڵێک ئەو خۆشناوە ئامادەبوو یەک دانە ڕۆژ لە ناو بەفرێ بمێنێتەوە، ئەوانەی لەمێژ بوو دەیانناسی دەیانگوت:
«ئەو خۆشناوە پێش ئەوەی چەک لەشان بکات ڕادیۆی لەمل کردووە، لەناو گەرمەی شەڕیش ڕادیۆی وی هەر ئیش دەکات.»
هەواڵی دنیـایێ لەکن ئەو خۆشناوە بوو، من چ گوێم نەدەدایە دەنگوباسان، لەسەر گۆرانی ڕامدەگرت، ئەگەر حەزم لە هەواڵ بایە دەچوومە کن خۆشناو... لەبیرمە لە بارەگای ئێمە یەکەم کەس کە لە ڕادیۆوە گوێی لە کاوڵکردنی هەڵەبجە بوو ئەو خۆشناوە بوو.
ئەو زستانەی کافێ زۆر تووش بوو، زۆر ڕێی بە ڕێبوار نەدەدا، پێشمەرگەی لە کونێ کردبوو، گورگی بەستبوو، دوکانەکەی کافێش چی تێدا نەمابوو، ئەبوو حوسێن خەمی نەمانی دەفتەری کەوتبووە بەری، ئەبوو خالید جار جارە دەیگوت:
«بە فەرمانی خودا هەتا نەورۆزێ مەنع تەجەولە....»
بەڵام کوڕەکەی بانێ گوێی بەو فەرمانە نەدەدا و دەیشکاند، ئەو کوڕە لە (بانێ)وە دەهات، بانێ گوندێکە زۆر دوورە لە کافێ، جگە لە دوورییەکەشی کەوتۆتە نزیک ئاسمانێ، جێگاکەی زۆر بڵندە زۆر، دنیا وشکانیش بێ هەتا دەیگەیتێ دەبێت چەند جارێک دانیشی و پشووی باش بدەیت... جگە لەوانەش بانێ زۆر لە کافێ پتر بەفری لێدەکەوێت، هەر هەوری بەفری بێتە ئاسمانێ لە بانێ بەفر باریوە و بە بەژنی من بەژنێکی تێکردووە.. ئەوجا ئەو کوڕە ناوەکەیم لەبیر کردووە، بۆیە بە کوڕەکەی بانێ ناوی دێنم، لەوێوە بە دەفتەرێک شیعرەوە دەهاتە لام، کوڕەکەی بانێ تەمەنی هەر پازدە شازدە ساڵ دەبوو، حەزی لێبوو قسە لە بارەی شیعرەکانییەوە بکەم و بۆچوونی خۆمی بۆ بنووسم،

ئەویش وەک ئەبوو حوسێن زۆر شیعری دەنووسی ناوە ناوە دەفتەرێکی پڕ دەکردەوە، بە کرمانجی ژووروو دەینووسی، زۆرجار لەکاتی دەسکاری کردنی شیعرەکانی وشەیەک یان دەستەواژەیەکی سۆرانیم لە شیعرەکانی دەئاخنی، کورەکەی بانێ ئەوەی لا زۆر خۆش بوو، دەیگوت:

«لێرە، لەو گوندە بادینی و سۆرانی یەکدەگرن...»

«دەی هاوڕێیان دار دار.. حەتەب حەتەب»

کاتێک زیندانییە بەتەمەنەکە گوێی لە دار و حەتەب دەبوو دەمی دەهێنایە ڕاستی کۆلانکەکە، من یەک دوو جار ئەوها دیتم، هاواری دەکرد:

«ئەوانەی وەکی کیری سەی هەڵدەلەرزن، ئەوانیش دەبەنە داران؟!»

مەبەستی لە خۆی بوو، نەیاندەبرد، دەیانگوت تۆ ئاگاداری ئێرەبە، دیار بوو لە هەندێک شت ئەو زیندانییە لەوانی دی جیادەکرایەوە..

لە ڕۆژێکی ئەوها چوونە داران مردنە، مەگەر ئەبووحوسێن و زیندانییە بەتەمەنەکە هێندەی من لە چوونە داران بترسێن، بەو چیایەدا هەڵگەڕاین کە ڕۆژانە چەند جاریک خۆشناوی پێدا هەڵدەگەڕێ، سەرکەوە، ئەوجا بەفر بشکێنە و برۆ، تەواوێک برۆ... من و ڕزگار پێکەوە دەڕۆیشتین، ڕزگار تودەییەکی جوان بوو، زۆر برادەرم بوو، هەر سەرم ئێشابا دەگەیشتە سەرم... کەوتینە داربڕین، ڕزگار لەکاتی داربڕینێ شتێکی هەبوو ڕەنگە بەس من هەستم پێکردبێ، ئەو کورە کاتێ تەورەکەی بەرز دەکردەوە چاوی دەنووقاند و وەیش وەیشی دەکرد دەتگوت لە مرۆڤ دەدا... کوڕێکی زۆر نەرم و میهرەبان بوو، حەزی نەدەکرد درەخت ببڕێتەوە... دەگەڕا دەگەڕا لەدووی درەختی زۆر پیر دەگەڕا، دەیگوت:

«هەر درەختێک ببڕیەوە باش نییە، بەڵام کە هەر دەبڕینەوە با هی زۆر پیر ببڕینەوە..»

ئەو ڕزگارە کاتێ بەلای درەختێکدا دەڕۆیشت و دەیدیت، باری لقێکی بە بەفر گران بووە و ئەگەری ئەوە هەیە بشکێ، ڕادەوەستا و لقەکەی لە بەفر پاک دەکردەوە.. ئەو کوڕە زۆر نەرم بوو لەگەڵ مرۆڤ نەرم بوو لەگەڵ ئاژەڵ و دارو درەخت نەرم بوو، هەموو جارێ دەیگوت:

ئەگەر خومەینی و سەدام بەس بێڵن تۆزێک بۆ خۆمان هەناسە بدەین و بژین، توخوا ئێمە هی چەک هەڵگرتنین!

هی ئەوەین زیندانیمان هەبێ و پاسەوانی لەزیندانیان بکەین..»

ڕزگار لە شیو لێنان هیچ ژنێک نەیدەگەیشتێ، چتۆ برنجی لێدەنا! برنج دنک دنک ڕادەوەستا، شلەکەی لەبرنجەکەی بەتامتر، کەس نەیدەزانی چی تێدەکات، دەیانگوت:

«بەهاران و هاوینان دنیایەک گژوگیای بە بۆن و بەرامە وشک دەکاتەوە و زستانان شیویان پێ خۆش دەکات»

وەڵلا ڕزگار بوو ئەو ئیشانەی لەدەست دەهات، ئەو ڕۆژەی ڕزگار دەبووە کابان هەموو خەنی دەبوون، ڕێک پێچەوانەی ئەبووحوسێن، ئەو ڕۆژەی نۆرەی ئەو شاعیرە دەهات بۆ کابانی، زیندانییە بەتەمەنەکە دەیگوت:

«ئەوڕۆمان فت، دەبێت نان و چای بخۆین».

زیندانییەکانیش وەک ئێمە داریان دێنا، بەڵام دەبوو چاومان لەسەریان با نەوەک هەڵبێن، یان کەتنێک بکەن...

ئەو سێ چوار زیندانییەی کە لەگەڵمان لە بارەگا بەفرینییەکە دەژیان، ژوورەکەیان وەک ژوورەکانی ئێمە بوو، جیاوازییەکە لە چەند شتێکدا بوو، هی ئەوان تۆپ و کلیلێکی گەورەی پێوەبوو، هی ئەوان کولانکەیەکی گچکەی تێدا بوو، لەوێوە نانیان وەردەگرت... لە بیرم نییە چەند جیاوازی و وێکچوون لەنێوان ژووری زیندانییەکان و ژوورەکانی ئێمەدا هەبوو، بەڵام ئەوەی منی دڵخۆش دەکرد، خواردن بوو، خواردنی ئەوان و ئێمە وەک یەک بوو، ئەوەی زۆر ئازاربشی دەدام ئەوەبوو کە ئێمە ئازاد بووین و ئەوان زیندانی... زیندانییەکان بۆ ئێمە بەلا بوون، ئەگەر ئەوان نەبان ڕەنگبوو ئێشکگرییەکەمان وا بە ڕێکی نەگرتایە، ناوە ناوە دەیانگوت:

«زۆر ئاگاداری زیندانییەکان بن، دەرگاکە نەشکێنن...»

ئیدی ئێمەش دەبوو لەکاتی ئێشکگری بەفر و سەهۆڵبەندانە چاومان لە ژووری زیندانییەکان با و لەپێش دەرگاکە پیاسەمان بکردایە، زیندانییە بە تەمەندا چووە بە قسەکە کاتێ لەکولانکەکەوە منی دەدیت لەناو ئەو شەوە سپییەدا دەهاتم و دەچووم و لەرز لەرزهەڵدەرزیم، باوکانە دەیگوت:

کوڕم برۆ خۆت گەرم کەوە، خەمی ئێرەت نەبێت، نایەڵم دەرگا بشکێنن...

دەمگوت: نا قەیناکە پیاسەی ناو بەفر خۆشە..

دەیگوت: ڕەنگە وابێت، بەڵام بۆ من نەک بۆ تۆ..

ئەو قسەیەی ئەو زیندانییە زۆر ئازاری دەدام، نەمدەزانی گوناهی ئەو زیندانییانە چییە، یان شتێکی کەمم دەزانی، بەڵام خۆم بە گوناهبارێکی گەورە دادەنا، لە دڵی خۆم دەمگوت من بۆچی هاتم تووشی چی بووم، باشە من و پاسەوانیی زیندانییان گوتیە! با بۆ کاتژمێریکیش بێت، ئەوە ئیشی من نییە.. زۆرجار نزیک دەبوومەوە لە کولانکەکە و گوێم دەدایە قسەی پیاوە زیندانییە بەتەمەنەکە، هەرچەندە یەک دووجار گوتیان:

«زۆر گوێ لە قسەی زیندانیان ڕامەگرن..»

بەڵام من گوێم نەدایە ئەو قسەیە و بەدڵی خۆم گوێم بۆیان شل دەکرد... ئەو زیندانییە بە تەمەنە «یەکێتی سۆڤیەت»ی دیتبوو، نەک هەر دیتی شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی بوو، ناوی هەموو پیاوە ناسراوەکانی ئەو وڵاتەی دەزانی، زۆر شتی لە بارەی هەموو سەرکردەکانی ئەو وڵاتە بە وردی دەزانی، دەیزانی ستالین چەند کەسی ناسراوی کوشتووە، ناوی هەموو نووسەر و شاعیرە ناسراوەکانی ئەو وڵاتەی لەبەر بوو، ناوی پاڵەوان و کەسەکانی ناو بەرهەمەکانی مەکسیم گۆرکی و جەنگیز ئیتماتۆڤ و ئەوانەی هەموو لەبەر بوو، هەرچی وتەی گرنگی لینین و ستالین هەیە لەبەری بوو، لەنێوان سێ چوار ڕستە گوتەیەکی یەک لەوانەی دەگوت، جگە لەوە ناوی کۆمار و شار و گوند و ڕووبار و چیای یەکێتی سۆڤیەتی هەموو دەزانی، شارەزای جۆری خواردن و خواردنەوە و حەزی ژنەکانی ئەوێ بوو، هەموو یان زۆر لەو شیعرانەی لەبەر بوو کە بەسەر لینیندا گوترا بوون، دەتگوت گوگڵە هەر ناوێکی ناو یەکێتی سۆڤیەتت دەگوت، دوای کەمێک بیرکردنەوە پێی دەگوتی، بەڕاستیش دەیگوت بە تاقیکردنەوە بە دیار کەوتبوو بەڕاستی دەیگوتن، بەڵام لە دەرەوەی سنووری یەکێتی سۆڤیەت کۆڵەوار بوو..

ئەو لەودیو و من لەم دیو نێوانمان دیوارێکی ئەستوور، کولانکەیەک قسەکانی دەهێنا و دەبردین بەو نیوە شەوە بەفرینیانە کولانکەیەک زیندانییەک و ئێشکگرێکی پێکدی ئاشنا کردبوو، نازانم ئەو پیاوە بۆ نەدەنووست، بەو درەنگانی شەوە هەر بە ئاگا بوو، زیندانییەکانی دی پرخە پرخی خەویان بوو، هەرچی پێشمەرگەیە لەخەوێدا بوون، کێ بە ئاگا بوو؟ ئێشکگرێکی گەنج و زیندانییەکی بە ساڵدا چوو.. زیندانییەک خۆی گوتەنی بە هەڵە گیراوە، زیندانییەک توانای ئەوەی هەبوو تا ڕۆژ دەبێتەوە لە بارەی (جەمیلە) و (دایک) و (دۆنی ئارام) و (ماڵئاوا گوڵیساری) قسە بکات، زیندانییەک لە نیوەشەوێکی دنیا تەزیودا شیعری (مایکۆڤسکی) و (ڕەفیق سابیر)ی بۆ دەگوتم، زیندانییەک ئاخ بۆ دیتنی منداڵەکانی هەڵدەکێشێ و لەناو ئەو ئاخەوە چاوەڕێیە پەرجوویێک پێکێ ڤۆدگای ڕووسی بخاتە دەستییەوە.. ئێشکگرێکیش کاتێ بە چیا کەوت نیازی شکاندن و خستنە سەر پشتی دەرگای هەموو زیندانەکانی دنیای لە دڵی بوو، ئێشکگرێک ڕۆژێک لە ڕۆژان بەخەیاڵیدا نەهاتووە ببێتە زیندانەوانی هیچ زیندانییەک جا ئەو زیندانییە با پیاوکوژیش بێت، پاسەوانێک ئەگەر برادەرەکانی ئەوانەی لەناو پۆلی کۆلیژ بێ ماڵئاوایی بەجێهێشتن بەوە بزاننەوە کە برادەرەکەیان وا زیندانەوانی زیندانییەکی بە هەڵە گیراوە داخوا بیرکردنەوەیان بە کوێدا ڕێ دەگرێت! پاسەوانێک خۆی بەدۆستی قەڵەم دەزانێت!!

ئەو زیندانییە دەتگوت دەزانێت ئێشکگرییەکەی من دەکەوێتە چ کات، دەتگوت حەز دەکات دوو بە دوو قسە بکەین، ئیدی لەبەختی ئەو یان لەبەدبەختی من، ئەو زیندانییە هەمیشە بە ئاگا بوو، هەمیشە حەزی لە قسە بوو:

«منی بە هەڵە گرتووە، بەڵام بەرانبەری هیچم لەدڵ نییە، لێی خۆش دەبم، ئاخر ئەو منی پێگەیاند، ئەو نەبا من چ بووم! ئەو نەبا دەبوو هەر لە دووی جوتێ بم، ئەو منی نارده بەهەشتی سەر دنیا، ئەو هەموو شارو جێیەم دیت، ئەو هەموو خەڵکەم، چاوم کرایەوە، فێرە شت بووم، هەرچیم لێبکات بەجێی ناهێڵم، وانییە ئەدی؟»

لەبەر دڵی وی دەمگوت: وایە

بەڵام لە دڵی خۆم دەمگوت: ترحێو وەڵڵا ئەگەر دوو شەو من دەخەنە جێگەی تۆوە، لە عومری خۆی چاوی بە من ناکەوێتەوە..

ئەوی زیندانی دەیگوت:

پێویستە دوژمن و خائینیان سەریان پان بکرێتەوە، وەک چۆن هاوڕێ ستالین سەری هەموویانی پان کردەوە، بەس من خیانەتم نەکردووە، بە هەڵە زیندانی کراوم..

منی ئێشکگر دەمگوت:

باشە ڕێی تێناچێت، ستالین بە هەڵە سەری کۆمەڵێک کەسی پان کردبێتەوە

ئەوی زیندانی دەیگوت:

ڕەنگە بەهەڵە چەند کەسێک بەرکەوتبن، بەڵام ئەوە ئاساییە، شتی وا هەر دەبێت..

هەستم دەکرد ئەو پیاوە ئەگەر لە دەرەوەی زیندان بێت و لێپرسراوێتی هەبێت، ڕەنگە پیاوێک بێت زۆر توند و تیژانە ڕەفتار بکات، ئەوەندە نەرمییەی کە تێیدایە هی زیندانە.. ئە، لە خەفەتی ئەو زیندانییە نەرم و توندە و زیندانییەکانی دی خۆزگەم بە ئەبوو خالید دەخواست و دەمگوت:

«لە ئێوارێوە تا سبەی دوورمان، نەک یەک کاتژمێر ئێشکگری»

ئەبوو خالید لەبن جەمەدانییەکەیەوە دیار بوو، پرچێکی جوانی درێژی هەیە، هەرچەند تەماشایم دەکرد، خۆم لە بەرانبەر دەروێشیکی شێخی نەهری دەدیتەوە، پرچێک کە داوی سپی زۆر تێکەوتبوو، ڕۆژێ نا ڕۆژێ ریش و سمێڵی پاک دەتراشی، خزمەتی پرچیشی دەکرد، حەزم دەکرد نهێنیی ئەو پرچ هێشتنەوەی بزانم نەمزانی، لە دڵی خۆم دەمگوت، ئەو پرچەت لەبن جەمەدانی شاردۆتەوە بۆ چیتە، پرچ بۆ ئەوەیە بەدەرەوە بێت، دەیانگوت:

«هاوینانیش پرچی ئەبوو خالید هەر لەژێر جەمەدانییە.»

هەر کەسێک لە بارەی پرچییەوە پرسیاری لێی بکردایە، هیچ وەڵامێکی دەسنەدەکەوت.. ئەبوو خالید بە کوردییەکی خۆش قسەی دەکرد، تێکەڵ لە بادینی و سۆرانی، یەک دووجار لەئێشکگرییان دانا، تووڕە بوو، خراپ تووڕە بوو، دەیگوت:

«وەرە، شەوورۆژ جلوبەرگیان بۆ بدوورە، لە ئێشکگریشت دابنێن.. ئاخر لەبەر من نەبێت هەمووتان بە قوون رووتی دەگەڕێن، حزبێک دەبێت بە قوون رووتی بگەڕێت..»

ئیدی تەواو کەس ناوی ئەبوو خالیدی لە لیستی ئێشکگران نەدیتەوە.. جارێکی دی ئەبووخالیدم بە تووڕەیی دیتووە، بەڵام ئەو جارە ئێشکگری لەگۆڕێ نەبوو، تووڕە بوونێک بە کەس ئاشت نەدەبۆوە، بە عەرەبی و کوردی جوونی دەدا، جوونی پیس پیس، لە هەموو جوونە عەرەبییەکانی تێنەدەگەیشتم، بەڵام بەگوێرەی جوونە کوردییەکانی دیاربوو عەرەبییەکانیشی لەکوردییەکانی پیسترن، تووڕەبوونەکەش لەسەر ئەوە بوو، لەبارەگایەکی دیکەوە بەرپرسێکی تەواوێک گەورە، نامەیەکی بۆ ئەبوو خالید نووسیوە، داوای لێکردووە،

داواکەیشی تکای تێدا بووە نەک فەرمان کە بەزوویی کورتەک و شەرواڵێکی بۆ بدرێ... ئەبوو خالید بەوە شێت و هاربوو، چۆن دەبێت پەلەی لێبکەن، یەک بە دەنگی خۆی بە عەرەبی هاواری دەکرد:

«ئاخر تۆ چیت داوا لە من دەکەیت، جلکت بۆ بدوورم! ئەگەر لە بەغدا دوکانی بەرگدروویيم بکردایەتەوە و بەگەڵ ئێوە نەکەوتمایە، ئێستا خاوەن خانووی بەرز و ماشێنی پان و ژنی جوان دەبووم، ئێستا منداڵم دەچوونە قوتابخانە...»

بەفر خاتری کەسی نەگرت، هەورە بەفراوییەکان هەتا کلوو بەفرێکیان لە کن مابوو بەسەر کافێیان داباراند، هەتا خۆشناو هەواڵی هەڵەبجەی نەداینێ هەر بەفر بوو، دوا شیعری کوڕەکەی بانێ کە خوێندمەوە لە بارەی مەرگی هەڵەبجەوە بوو، دوا شیعری شاعیرە بەغداییەکە کە خوێندمەوە ماڵئاوایی بوو لە بەفر، دوا کورتەک و شەرواڵ کە لەسەر مەکینەکەی ئەبووخالید بوو بۆ من بوو، دوا ڕستەی مام ئەحمەدی زیندانی کە من گوێم لێبوو:

«پێویستە سۆفیەت لەسەر هەڵەبجە بێتە وەڵام»

دوا دیمەنی قاسم کە لە چاومدا مابێت، برینی سەرپشتی هێستەرە بۆزی دەرمان دەکرد، دوا دیمەن و قسەی ڕزگاریش، کۆترێکی نەخۆشی بە دەستەوە بوو، وەک شێتان ئەو جێ و ئەو جێی پێدەکرد و وەک ئەوەی هەڵەبجەی بە بەرچاوەوە بێت، بە دەستێک لەسەری خۆی دەدا:

«ئەی هەوار لەکوێی دانێم تا پشیلە نەیخوات.»

ئیدی من ماڵئاواییم لەکافێ کرد، ئەو ساتانەی ئەنفال هاتبووە ئەوێ، من لە جێگەیەکی دی لەبەر ئەنفال هەڵدەهاتم، کەسم نەدیتەوە کەس، هەموو پەرتەوازە بوون، هەریەکەیان کەوتنە جێگەیەک لەو دنیایە، ئێستاش نەمزانی کوڕەکەی بانێ چی بەسەر هات، ئەوەی دیتمەوە، ساڵی دوای ساڵی ئەنفال، لەناو زەنگی کەپری حەسانەوە، دەبینم پیاوێ لەسەر بەردێ دانیشتووە پێی لەسەر پێی داناوە، هەوە هەو نییە، کوڕە وەڵڵا هەوە ئەوە مام ئەحمەدی زیندانییە، کە منی دیت هەستایەوە و گوتی:

«نەمگوت منیان بەهەڵە گرتووە!»

# دوو دەقی شیعریی ئەدمۆند یابێس و دوو خوێندنەوە لەمەڕ ئەزموونە شیعرییەکەی

**ئەدمۆن یابێس**

**نووسینی: ژاک دێریدا**
**لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی: ئاریس فیۆرێتۆس**
**لە سوێدییەوە بۆ کوردی: هەندرێن**
**(سوێد)**

لە ١٩٦٣دا (ئەز مێژووەکە تۆمار دەکەم) «کتێبی پرسیارەکان»م وەک سندووقێکی چکۆلە کردەوە- لە چاپخانەیەکی بچووکدا چاپ کراوە- ئەو سندووقە چکۆلەیە جوولەیەکی بوێرانە یان خەیالاوی بوو بە دژی گالیمارد- نووسەری کتێبەکە بۆ من نەناسراو بوو.

بۆ ئەوەی لەوێدا ئەو نەگوتراوە- واتا ئەو زیاترین چەپێنراوانە، زیاترین ئاشنایە، یەکجار نزیک و ناسراوە، زیاترین چاوەڕوانییە بدۆزییەوە- بۆ ئەوەی لە پێشڕا بەر لەوەی کات تەلارێکی هێما هەڵگر بئافرێنێ ئەو سندووقە چکۆلەیە پێشکەش کراوە بدینینەوە.

کەواتە سندووقێکی چکۆلە، لە چەشنە کەرەسەیەک، کراوە/ داخراو، بێ بن زەنگین ئاڵتوون درەختێکی گران گۆڕێکی داخراو داوەتکردنی ئەشکەوتێکی هێماهەڵگرانە ژانی زایەندەیەکی ڕاخراو پەنهانییەکی پیرۆز ناو دەمی سەردابێکی داخراو قووڵایی ئاسمان دەقێکی نهێنی درزێک نووسینێکی پیرۆز هەناسەیەکی ڕۆحانی ڕووشاو قاڵکردنەوەی شێوەی ماددەیەکی زەرد

ڕۆچوو لە زەوی هەناسەدان سارایەکی زیندووە.

پرسیار لەمەڕ نووسین- کە هێشتا باو نەبوو، کە هێشتا ناونیشانەکانی نەبوو، گۆڤارەکانی نەبوو، ڕیزبەندییەکانی نەبوو، نرخی پارەی نەگۆڕا بوو، جووڵەی دەمە نائومێدەکەی و ڕەفتارە بە زۆرەکییەکەی نەبوو؛ لەوێدا من بە دیداری ئەو کتێبە گەیشتم، پێشتر کۆکرابۆوە، ڕەمەکیانە بیر لێکراوە، بوێر، لە پێشڕا لە هەر گەردیلەیەکی کتێبەکەدا مەترسی لە پێش دابوو. لە گشتایەتی و هەموو جارێکش لەو کۆپلە چڕکراوەی ئاقیق و دوعای ئەو کتێبە کۆنینە بێ تەمەنە ڕادەمام. لێ ئەو کۆپلە چڕە بریقەدارە زیاتر خۆی حەشار دەدا، تەنیا بە ڕێگای تریفەوە دەگەشایەوە و تاکو ئەو پاشماوە بچووک کراوە، ئەو نۆتە زێدە دابەشکراوە، سەخت، ئازاد و ڕەق، ئەو چنراوە شفرەدارەی کە لەرزییەوە، لوولدرایەوە، واتا ئەو پەرتەوازەییە مردووە چنراوە، ئەو هەڵدێرە شەق بووە، بدزم.

گشت ئەمانە، کە دەرفەتیان دا بەوە کە لە دەستپێکی ڕۆژگارەوە بگەڕێنێتەوە کە مرۆ توانی لە ماوەی دەساڵدا بەشێکی لەوە ببات- بەڵێ، ئێستا ماوەی دەساڵ-، گشت ئەمانە مانەوە، جارێکی تر پاریزتنی، لە پەراوێزی ئەو بەشە ئەدەبییە گرگرتووە ناوەندە نەبینراوەی: کە گشت ئەو شتانەی خۆیان بە ڕووی ئەو هەڕەشە مەترسیدارە و کۆششە بێ سنوورەوە ئاوەڵا دەکەنەوە.

پاشان ئەوانە هیچی «لە بەرهەمی ئەو ئەدەبە هاوچەرخە»دا نییە، کە مرۆ دەتوانێ بڵێ، بە جۆرێک شێوەی خەملێوە کە پێشتر لە دەقی ئەدمۆن یابێس-دا لە هیچ شوێنێکدا هاووێنەی نییە. هەندێک، یەکجار کەمێک، ئەو سندووقە چکۆلەم ناسییەوە کە لە تەنیشتەوە خۆی تالان کردووە. یابێس خۆی، کە هەموو کەس دەزانێ، جوولەکە نییە. ناسنامەی جوولەکە- تەواو بڕوای بەخۆی هەیە کە تاکو بۆ لێپرسینەوە ملکەچی دەق بێ، تاکو ئەو ئامۆژگاری بکا کە لە بەرانبەر ئەو ناسنامەیەدا وەڵام بداتەوە و خودی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ «مەرجی جوولەکە»دا بناسێنێ- ئەو جۆرە ناسنامەیە لە نووسینی یابێس-دا شوێنێک بە دیناکا.

بەلای کەمییەوە ئەو شتانەی من مەزەندەم دەکرد کە من دەمتوانی ئەو ناسنامەیە بخوێنمەوە کە لە شەقبووندا دەست پێدەکا و ئەو بە دیارکەوتنە بە لێبووردنەوە ڕەتدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەو گواستنەوە ڕازی بێ، ڕاگوازینێکی پێشتر کە بە تەواوی هی ئەو نەبوو. بەم جۆرە دەقێکی تایبەتمەند لە زەبروزەنگ کە چیتر لە کۆکردنەوە باوەکاندا نەیتوانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ببەستێتەوە.

لەو خەیاڵاندنەدا، کە لەو ژینگەیەی یابێس ڕێگا بە ڕابین/ قەشەکان دەدا بەرەو ڕووی هەڵشاخێن، ئەو لەوێدا ڕێبەری ڕستە/ مانایەکانیان دەکا و بە زۆریش ناوەکانیان دەسەپێنێ، هەروا مرۆ دەبێ گەلێکی ناسراو، بەشێک یان پەرتەوازەیی کە دیاسپۆرەکەیان بخوێنێتەوە (دەشێ- ئەگەر ڕێگەم بدەن بەو جۆرە وەریبگێڕم- کۆکردنەوەی نەتەوایەتی ئایینی جوولەکە، دنیایی و ڕادیکالیەتەکانە) ڕەنگە ئەمەش یەکەم و ئاسانترین برینەکەیان بێ.

لەوێدا جوولەکە لێک گرێدەدرێن، دەپێچرێنەوە، دادەپۆشرێن و خەتەنە دەکرێن.

یابێس جارێکی تر دەیکاتەوە و لێدەگەڕێ خوێنی لەبەر بڕوات.

ئاقیقەکە لەسەر نینۆکەکەیە.

**١٩٧٢/ ١٩٧٣**

* * *

**ئەدمۆن یابێس**

**نووسینی: ئیمانوێل لێڤیناس**

**لە فەرەنسییەوە: ئاریس فیورێتۆس**

**لە سوێدییەوە: هەندرێن**

١- داخۆ ڕاستە کە شاعیرێک شوێنێک دەتەنێتەوە؟ داخۆ (شاعیر) ئەو کەسە نییە کە بە مانای زۆر تایبەتی واتاکە- شوێنەکەی لە دەست دەچێ، بەتایبەتیش ئەوە کۆتایی پێدێ کە لەو شوێنەدا نیشتمەن بێ و بۆیە هەر خۆی ئاوەڵاییەکە لەو شوێنەی کە لەوێدا وێدەچێ هێشتا تەنکی (دوو دیو) یان بۆشایی- هەروەک شەو یان ڕادەی دەنگی بوونەوەرەکان- بێ- بنییە، یان پایەکی بەرز، ئاسمانێک کە دەشێ لەوێ بێ، «سەیلومنیتێت»ێک یان «سێلێستیتێت/ لێکۆڵینەوەی شێوەی ئاسمان»ێک بێ (ئەگەر مرۆ بتوانێ ئەو چەشنە بنیاتنانە نوێیانە بەکار بهێنێ)؟ بێ- بنی یان بەرزایی، کە بە واتای یابێس- لەوێدا هەموو ناوەکییەکان بەهۆی دوو کەرتکردنی

هەواوە خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە، کە زیاتر ڕووە دەرەوەییەکەیەتی تا دەرەکییەکەی، لە نزیک کاکڵەکەیەک؛ کە هەروەک ئەوە هەناسەدانێکی مرۆڤانە بێ لە هانکە هانک زیاتر نەبێ، هەروەک ئەو گێڕانەوە شیعرییە لە نزیک ئەو هەناسەدانە قووڵە کۆتاییەدا هەناسە سوارییەکەی تێپەڕاندبێ، لە تەک ئەو ئیلهامەی کە نووشتانەوەی هەموو شتەکانە لە زیندانەوە، کاکڵەی هەبوونایەتی- یان ئەو بان بوونەی/ ترانسێندێنسانەی- کە لە هاودۆستی مرۆڤانە زیاتر پێویستییەکی تری نییە.

یابێس دەڵێ، «من لە ئاخاوتن زیاتر هیچی تر نیم»، «من پێویستیم بە ڕووخسارێک هەیە» ئەو ئاوەڵاکردنەوەیە بە ڕێگای ئەوەی کە ڕستە سازییە ڕازیبووەکانی دەمێننەوە و هەروەک پەیڤەکانیش ئاوەڵا دەکاتەوە نێوان تێزەکانی یابێس بەرهەمدەهێنێ، ئەمەش نەک تاکو ئەوانە واتایەکی نهێنی هەڕاج دەکەن، بەڵکو تاکو ئەوانە بە پەرتەوازەییەوە بناڵێنن و ڕستە و پیتەکانیان ورد و خاش بن و لە ئاسمانێکدا بێ- شوێنی ئازاد بکەن کە ئەو ئاسمانە تەواو بێ چاوەدێرییە، چەشنە ئاقارێکی ئەتۆمی بێ وێنە، بێ خەیاڵ، بێ پێوانە و بێ ئەندێشە ئامێز بۆ سێرەگرتنێکی بەرین کۆدەکاتەوە، بێ ئاقارێکی ژێر ڕکێفی خوا- سەیری ئەوە بکە ئەوەی وام لێدەکا بێژم کە هیچ شوێنێک لە بەرهەمی یابێس جێنیشین نییە.

سەبارەت بە خۆشمەوە من خۆم لە بەرانبەر دەقەکانییەوە دەبینمەوە و ئەوە لە یاد دەکەم کە ئەو خۆی نووسینێکی وەک بابەت بۆ نووسین هەیە (هەروەک ئەو شوێنە دڵنیایە جارێک بۆ بابەت بێ کە هێشتا زامنی ئەوە بکا کە دەکرێ بەردەوام لەو جۆرە نووسینانەدا دەستەبەری بکەی)؛ من ئەوە لە یاد دەکەم کە یابێس بەشی خۆی لە جیهان و لە تەوژمە کولتوورییە جیهانییەکاندا هەبێ.

٢- ئەو ئاوەڵاکردنەوە لە فەزایەک- ئاوەڵاکردنەوەیەک لە پەیڤینە شکۆدارە- کە دەمامکدارانە ئیلهامێکی خودگەراییانەی بەخشی خۆی نمایش کرد (تا ئەو ڕادەیەی ئیلهام بەخش بوو کە ئەوەی پەیڤی خۆی وەک ڕستەیەکی دەسکەنەکراو دەردەبڕێ: یان لە نێوان ڕستەی وەرگیراوی ناو کەوانە یان پێشتر وتراو یان Dieu وتەیەکی پچڕاوی لە «ئەو وتی» یان «وتی ئەو» و وشەی باڵا دەبێ، وەک وشەی «چاو» یان نووسی وەک «چاوێک» دەستگیر دەبێ. «تۆ دەزانی»، ئەو دەڵێ، «کە دوا خاڵی کتێب چاوێکە، کە ئەو چاوە بەبێ پێڵووە؟» لەو ئاوەڵاکردنەوەیەدا ئەوە لە بیرکردنەوەیەکی ڕاستدا باس لە پەنا بردن بۆ وشەیەکی کۆنی شۆخیانەی ئابڕووبەر ناکا، بەڵکو باس لە دەربڕینێک دەکا- بەر لە هەر سەرەتایەک کە دەکرێ بەیاد بێتەوە- لەوێدا خوا دەبیسرێ. لوولدان لە زیندانێک کە بەخشینێکە بۆ چاوێکی بێ پێڵوو، لێ لە «مەیلێک کە دەبینرێ» لەوێدا هەرچەندە یابێس وشەی «قانوون» دێنێتەوە پێشەوە: پەردە لەسەر هەڵماڵین، بەبێ داکۆکی کردن، بە ڕووی خولیایەک کە دەربڕینە زێدەڕۆییەکەی ناچار کردنە. گەلۆ ئەمە لای «پاسەوانی ئیسرائیل» خولیایەکی «بەبێ خەو» نییە؟ بەهەمە حاڵ لێرەدا لەبەرهەمی یابێس-دا قۆناخێکی جولەکەیی هەیە؛ ئەز دەخوازم بێژم قۆناخی هێما مرۆڤانەییەکانی ئەو. بێویستە ئایەت/ پاسەلی ١٣٩ بهێنینەوە، کە لە کتێبی پیرۆزی جولەکە (تالمود)دا بەشێوەیەکی سەیر پوخت کراوەتەوە، لەوێدا (ئادەم) لە دوو ڕووخساردا؛ سەرێک- ڕووخسارێکی تەواو- بەبێ کێڵگەی سێبەرێک، بەبێ سێبەر کە تانەلێدان یان ڕێگای دەرچوونێکە، بەبێ شیانی دابڕانێک لەگەڵ ئەو خوایەدا، تەنانەت بە ڕێگای هەڵبژاردنی ئەو خراپەیەدا، دروست کراوە؟ تاراوگەی ئایینی جوولەکە و سەرگەردانی لای یابێس؟

تاوتوکردنێک لەوە یان ئەو خاڵە لە نەریتی جوولەکەدا کە ئەویشی پێکا؟ دەشێ. ئەوەیە بابەتەکان. ئەوانە کەمتر سەرکەوتنی شاعیرەکان پێکدەهێنن. لە کن یابێس- دا ئەوانەی کە هێشتا خۆیان لوولدەدەن لەو وڕێنانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن کە ئەو بە «کتێبی سەرەگێژەی شوێن» ناودێریان دەکا.

**١٩٧٢/ ١٩٧٣**

* * *

## چەند کۆپلە شیعرێکی ئەدمۆند یابێس
## ڕووناکی زەریا

**لە فەرەنسییەوە بۆ سوێدی: مەریا ترۆتزیک**
**لە سوێدییەوە: هەندرێن**

ئەگەر تۆ کتێب بسووتێنی، لە بڵێسەکانەوە بە ڕووی

نائامادە بووندا خۆی ئاوەلا دەکاتەوە؛ ئەگەر تۆ کتێب بخنکێنی ئەو بە شەپۆل خۆی لوولدەدا؛ ئەگەر تۆ کتێب لە گۆڕ بنێی ئەو پرسەی سارا خامۆش دەکا؛ لەبۆیە هەموو پەیڤێک ئاوێکی پاکی لە گوناح پاکژ بوونەوەیە.
لە درەختێکی دایساودا زەوی هاووێنەیەکی ئاسمانە لە میوە.
ئەوە پێوەندی بەوەیە کە چیتر نەبی، لە دڵەوە لەوەی کە هەیە تاکو بەسەر کۆسپەی هەقیقەتەوە هەڵکشێ.
مرۆڤ و سروشت سێبەر و ژیان دەگۆڕنەوە.
گەردوونی سێبەرەکان لە گەردوونی چاوی ڕاکێشراوی چەمێکی تیژڕەوی گەردوونە.
ئەستێرەیەکی مردوو ئاگایی شەوە.
نا ئامادەبوون، ئەوکاتە بێکۆتایی بوونەوەرەکان فام دەکا.
چاو، لە پێوانەی خولقێنەردا، مەمکێکی زەبەللاحە.
جیهان بۆ نیگا منداڵێکە کە شیری مەمکی دەداتێ.
لە هیچ فرسەتێکدا خانوو لەمپەر نەبوو.
کەڤر کۆڤانە؛
قاپییەکی لە ئاوەز.
خۆت لادە لە تێکەڵاوکردنی ڕووخسار و سیمایەکان.
ڕووخسار هێمایە؛ سیمایە، قەدەرە.
باڵندەی دەریا، نەورەسی زەریا، ئۆقیانووس بەهاری خۆی هەیە.
کتێب، دەبا مرۆ بە خۆشییەوە دانی پێدا بنێ، زیاتر لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نزیکترە تا لە چامەی داستانی.

## وتوویژی لم و کەڤر

-١-

جیهانی کەڤرەکان بەردی تاشراوی جیهانی دیوارەکانە؛ جیهانێکی ڕەش بە بوێرییەوە بەناو ڕووناکیدا وەربوو.
جیهانی تونێلگەل لەوێدا سکەکان لۆچەکانن.
ئێمەش، ژانە دوو قاتەکانمان، بەسەر بەدییە دڵڕەقەکانمانەوە خلۆر دەکەینەوە.
(«ئێمە خلۆر دەبینەوە»، ڕێب زولێ وتی، «وەلێ کێ مەزەندەی پێچکەکانمان دەکا کاتێ ئەوان ئێمە دەبینن دەڕۆین؟
کاتێ جوولەکە لە نوێژەکەیدا لەسەر پەنجەی پێی هەڵدەستێتەوە تاکو یەکسەر بەرەو خوارەوە بچەمێتەوە، ئەمەش چونکە ئەو خۆی دایە دەست ڕێگایەک کە پێچکەی بڕواداری ئەو دەبێتە یەکایەتییەک لەگەڵیدا.»)
سبەینێ ڕۆژی کەڤر پێدەگا.
من سەفەرەکەم دەست پێدەکەم.

-٢-

- شایەد حاڵی کاتی من. کات لاجانگی سپی بە من- بەخشی.
من سپییەتی ئاڵتوونم. ئاڵتوون کە شاراوەیە شین هەڵدەگەڕێ با- گەنجایەتی منە.
- گەنجایەتی لە مندا هەڵدەکا، لێ من بە ڕوویدا هەڵدەکاڵێم. من لە زارۆکایەتی زوودا پیرم
- شایەد حاڵی فێرکارییەکانی من. تۆ کەڤری قەلایەکان و ئەو پەیکەرە دیقەتدارەی. تۆ کەڤری پرد و بەربەستەکانی.
- ئەز تۆوی هەتاوم کە ئاسمان چاندی.
- ئەز دوور لە لێوەکانمەوە، دەستەکانم ژیام. پەیڤی من بن زەمینییە. لێ قرچۆکی لەشم لە ئەڤیندا یان لە جەنگدا ئاگر دەئافرێنێ.
- ئەز بۆ نائامادەیی، سەرچاوەکانی باران دەپەیڤم.
پەیڤی من مەزنە توانایە.
- ئەز گرێدانێکی نەبزواوم، دیلێکی مەودام ئەز بنی زەریایەکی فەرامۆشکراوم. ئەز خەونی مەیاڵی ئەو ئاوە ماندووەم.
ئاسمان لمی لەناو قژیەتی.
- ئەز چاوم لەناو زەریایەکی بەبێ بن یان ئاسمان، بۆ ناوەکەی سنووردارە.
- ئەز زەریا دوای زەریام، شەپۆل لە شەپۆل پچڕاوە.........
- ئەز تەنکە هەوری وێنەییم.
لەوێدا کەڤر خۆی دەداتە دوای کەڤر و لمیش بۆ لم ئەز ئەو
- خەلاتە زووەم.
ئەز لە بەردەم بەفردا، لەبەردەم گیادا کەڤرم لێ لە..........
نزیک دەنکە لمدا بە ڕێگای هەتاو و خوێ و بە ڕێگای با- وە.
- تۆ بۆ بەڵگەی ئێمە کەڤری و بەڵگەکەش ئێمە هەتا

دەگاتە- ئەو سەرچاوانە دابەش دەکا.

هەردوو شیعرەکە، لە کۆ شیعری «yael»، ١٩٦٤، وەرگیراوە، ژمارە ٣٨، ١٩٨٩. شایەنی باسە گۆڤاری Kris خۆی بۆ ناوبراو ئەم ژمارەی سەرچاوە: گۆڤاری Kris خۆی بۆ خوێندنەوەی جیهانی فەیلەسووفی بە ڕەگەز جوولەکەی فەرەنسی ئێمانوێل لیڤیناس و دەق و لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیری سەرنجکێشی فەرەنسی بە ڕەگەز جوولەکە ئەدمۆند یابێس تەرخان کردووە. ئێمەش بەهۆی بەهای ئەو شاعیرە و خوێندنەوەکان، لە ژمارەی ١١٧ی «ڕامان»دا لەگەڵ خوێندنەوەکەی ماوریس بلانشۆدا دوو کۆپلە شیعری یابێسمان پێشکەش کردن. ئەم جارەش جارێکی تر، بۆ زیاتر زانیاری بەخشین بە خوێنەری ئازیز، هەردوو خوێندنەوەی دێریدا و لیڤیناس لەسەر ئەزموونی شیعری یابێس، وێڕای چەند کۆپلە شیعری دیکەی ئەو شاعیرە پێشکەشی خوێنەرانی کورد دەکەین. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش ڕابگەیەنم، کە ڕەنگە ئەو دەقە کورتەی دێریدا و لیڤیناس بە زمانی کوردی ئاسان بنوێنن، وەلێ دەقە سویدییەکەی، بەهۆی زمانە تووناوتوونەکانی ئەو دوو فەیلەسووفە و ئەو چەمکگەلە فەلسەفی و هێما مێژوویی و تەورات ئامێزانە کە ئەو فەیلەسووفانە جومگەی دەقەکانیان پێدەچنەوە، بە کوردی کردنیان زۆر سەخت بوون. هەر بۆیە وەک دەبینن، تەنانەت بۆ زمانی سویدیش، شێوازی ڕستنە دارشتنەکانی هەردوو دەق، لە هەندێ کۆپلەدا، ئاسایی نین. لە بۆیە بەهۆی ئەوەی کە وشەکانی ئەو دوو دەقە وەک لاولاوێکی لێکئالاو تێکچڕژاون، وەرگێرانیان ئاسان نەبوون. هیوادارم خوێنەر بتوانێ لەو شێوە زمانە چێژ وەرگرێ. هاوکاتیش پێویستە بێژین، کە گەردوون و خەمە شیعرییەکانی یابێس و خوێندنەوەی ئەو دوو فەیلەسووفە بە ڕەگەز جوولەکە بۆ مرۆی کورد مایەی تێهزرینە، چونکە مرۆ دەتوانێ لە میانەی ئەو دەقە دانسقانەی یابێس و ڕاڤەکارییەکانی ئەو فەیلەسووفانەوە کۆستی ئەنفال و برینەکانی کوردی بەیادبێتەوە. لێرەوە دەکرێ بە کوردیکردنی ئەو ئەزموونە لە وێناکردنی کۆکوژیی جوولەکەکان لەلایەن شاعیر و ڕۆناکبیری جوولەکەوە بینە ورووژاندنی ئاگایی شاعیر و ڕۆناکبیری کورد.

ماوەتەوە بێژم، من لەبەر تۆکمەکردنی ئەو بابەتە بە پێویستم زانی چەند کۆپلەیەکی تریش لە شیعرە ناسکەکانی ئەدمۆند یابێس لەگەڵ ڕاڤەکاندا پێشکەشی خوێنەری کورد بکەم.

هەرچەند کە مرۆ پێ دەنێتە ناو گەردوونی شیعرەکانی ئەو شاعیرەوە، بە جۆرێک مەست دەبێ، کە دەرچوون لەو گەردوونە فەرامۆش دەکا.

هەڵبەتە، لە وەرگێڕانی پێشوومان‌دا، گوتمان ئیدمۆن یابێس شاعیرێکی جوولەکەی فەرەنسی زمانەو بە یەکێک لە شاعیرە ناسراو و دانسقەکانی دوای جەنگی جیهانی ناسراوە.

یابێس لە ١٧ گوڵانی ١٩١٢ لە قاهیرە لە دایک بووە و لە ٢ی ڕێبەندان، لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە کاتی شەڕی سویسدا لە قاهیرەوە ئاوارەی فەرەنسا بوو. هەر زوو بووە برادەری سوریالیستەکانی پاریس، بەڵام نەبووە ئەندامی ئەوان. شایانی باسە یابێس لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی سەرنجکێش بزۆکە موستیک/ سۆفیگەرایی ئایینی جوولەکە مشتوماڵ دەکا. کۆشیعری ئاوەڵای «کتێبی پرسیارەکان»، یەکێکە لە ئەزموونە شیعرە ناوازەکانی شاعیر.

**(و. کوردی)**

(*) ئێمانوێل لیڤیناس لە ساڵی ١٩٠٦- ١٩٩٥، یەکێکە لە نموونەی فەیلەسووفە سەرنجکێشەکانی زانستگای «ئێکۆلا نۆرمالا»ی فەرەنسی و هەر لە ١٩٤٣ و ١٩٤٤دا لەو زانستگایەدا بەڕێوەبەر بووە. پاشانیش لە زانستگای سۆربۆن و نانتێرێ لە کۆتایی شەست و حەفتەکاندا وانەبێژ بووە. لە ناساندنی فینۆمێنۆلۆگی هۆسرل و هایدگەردا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو و پاشان ئاراستەی تیۆری خۆی گرتۆتەبەر. لیڤیناس خاوەن کتێبگەلێکی فەلسەفی بەهادارە. لێرەدا تەنیا ئەوەندە لەسەر ئەو فەیلەسووفە دەڵێین، کە چەمکگەلێکی وەک «ئەوی تر»، «ڕووخسار بەرانبەر ڕووخساری ئەوی تر»، «شوێنپێ»، «بەرپرسیاری ئێتیکی لەبەرانبەر ئەوی تر و... تاد، کۆڵەگەی گەردوونی فەلسەفەی لیڤیناس پێک دەهێنن. (و. کوردی)

# چەند زمانی – Polyglosia

**سۆران محەمەدی**
**(سەقز)**

**قانیعم ئەسپی خەیاڵم چەندێ تر سەرگەرم ئەبێ**
**موشتەری ئەشعارەکانم قەرنێ تر بێ شەرم ئەبێ!**
**«قانیع»**

**بێ بەشتان کردووم لە دەریا، لە شوێنێ بۆ پیاسەکردن،**
**هەرێمێک بۆ هەڵفڕین قاچەکانی منتان بە وڵاتێکی داسەپاودا بەستۆتەوە**
**چیتان بەدەست هێناوە؟**
**ئەی لێوەکانم چی لێ دەکەن؟**
**توانیوتانە لە بزواندنی بخەن؟**
«ئۆسیپ ماندلشتام ١٨٩١– ١٩٣٨»

ناوەرۆکی سەرەکی کێشەی ڕۆشنبیران، باسی مانا و بێ مانایی دەقە، قەیرانی نێوان سەلەفی و مۆدێرن، مانادار بوون و مانایی شیعری نوێخواز، هەمووی ئەمانە بۆتە هۆی گەرمتر بوونی ئەم بارودۆخە، هەرچەند توێژینەوەی زانستی لەسەر هەر بابەتێک، کاردانەوەی تایبەتی خۆی لە داهاتوودا هەیە و دەبێتە هۆی بەرزتر بوونی ئاستی ئەو چەمکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە، ماسی لە ئاوی لێڵ گرتنی ئەو کەسانەیە دەیانەوێ بە هەر چەشنێ بێ ئەو گرێ دەروونی و دواکەوتووییانەی خۆیان بەسەر بیری سەردەم و شیعری سەردەمدا داسەپێنن و ببنە خانەخوێی سفرەی خەڵک. لەناو چەشنە مکانیزمەکانی «من»دا کە فرۆید باسی لێ دەکات، شێوەیەک هەیە بەناوی «دانەپاڵ» «فرافکنی» (Projection) کە بە ڕاستی پڕ بە پێستی ئەم کەسایەتییانەیە، لەبەر ئەوەی هەرچی بە بیری بچووکی ئەواندا نایێت، دەبێتە مایەی

سەر لێشێواوی و پەشۆکانیان و تێنەگەیشتنیان لە عەقڵی مۆدێرن و هزری پۆست مۆدێرن و دەبنە هۆی ئەوەی نوێخوازی لە ئەدەبیات و ئەدەبی پۆست مۆدێرن بەتایبەت لە بواری شیعردا، بەشتێکی دزێو و دوور لە ڕەسەنی کوردایەتی پیشان بدەن و کەموکوڕی خۆیان بەسەر ئەم شاعیرە جیاوازانەدا بسەپێنن و لە ڕێگای تاڵە جاڵجاڵۆکییەکانی بڵاوکراوەکانی تایبەتی خۆیانەوە فوودەکەنە زوڕنایاندا و بانگەشەی نواندنی بێ مانا بوونی دەقی نوێخوازان دەکەن بەس بە چەشنێکی گشتی و خێرا و بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیەکیان بێت یا نموونەگەلێک بێننەوە.

لە نووسراوەکانی پێشوودا لەسەر هیتر- زمانی «heteroglossia» و تایبەتمەندییەکانی لە شیعری نوێخوازدا لەسەر دێڕێک شیعری ساڵح سووزەنی-دا شیم کردەوە و لە ٦ بڕگەدا بەشێوەیەکی خێرا هێنامەوە؛ لێرەدا و لە درێژەی باسەکەدا دەمەوێ چەند نموونە لەسەر چەند-زمانی «Polyglossia» لە شیعری نوێخوازدا بێنمەوە (کە من پێم وایە زیاترین ڕەخنەی لەلایەن سەلەفییەکانەوە(١) لە سەربووبێت) و چۆنیەتی مانادار بوونی ئەم تەکنیکە شیعرییە لەناو دەقی شیعری کوردیدا، هەروا کە وترا، چەند زمانی بەمانای ئەوەیە لە دەقی شیعرێکدا لە چەند زمانی جیاواز بۆ نموونە ئینگلیزی، فارسی، تورکی، عەرەبی،.. کەڵک وەرگرین هەڵبەت نە بە شێوەیەکی کاڵ:

**کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئینگلیزی**

**Photoshop ئەتوانێ**
**چەندین چاو لەسەریەک هەڵچنێ**
**Photoshop سەدان دڵ دەگۆڕێ**
**بەهەر ڕەنگ بتهەوێ**
**مەکە تۆ نازەنین**
**ئەشق لە کۆمپیوتێردا تووشی ڤیرووس دێ و for-mat..**
**ڕەنگی ئەشق مەگۆڕە!!**
*** * ***
**نازە ناز فتۆشاپ نەسب مەکە لە دڵتا**
**«تری.دی.ماکس» مەچێنە لە «هاردی» باخەڵتا..**
**تاوانە!**

**وڵاتی ئەفسانە ناناسێ!**
شیعری ١٤- دیوانی وەهمەکانی عەشق و تابۆکانی دەمامک

ئایا بەڕاستی وشەی فتۆشۆپ لێرەدا بە مانای تەنیا نەرم ئەفەزارێکی کۆمپیوتێر بۆ گۆڕینی ڕووکاری بیچمەکان و بابەتەکانە و ئایا شاعیر دیهەوێ شارەزایی خۆی لە کۆمپیوتێردا بە ڕووی ئێمەدا بکێشێ، ئایا 3Dmax چەشنێ نەرم ئەفزاری ئەنیمەیشن سازە؟ لەم دەقەدا زۆر بە زەقی دیارە کە فتۆشۆپ نیشانەی ئەو ماکە وانوێنراوانەن کە باسیان لێکرا و بۆ بازارگەرمی بە هەر ڕەنگێ بخوازن دەگۆڕدرێن و بە هەڵبەستی دەمامکی «تری دی ماکس» خۆیان بەو چەشنە دەنوێنن کە نان و ئاوی بۆیان تیا بێت، یان کورد گوتەنی (بۆ پەزەکان زەرەری نەبێت)، لە (چرکەیەکدا)، بۆ خۆیان دەبنە دەسەڵاتێکی دەستکرد و کارتۆنی و دوای ئەوەی کەڵکیان نەما وەکو بڵقێکی سەرئاو دەتۆقن، لێرەدا Photoshop نەک نەرم ئەفزارێکی کۆمپیوتری، بەڵکو چەشنە ئووستورەیەکی نگاتیوە (بەپێی تیۆری بارت دەتوانین خوازەیەکی مۆدێرنیشی ناو بنێین)(٢) بۆ نیشان دانی دەروونی ئەم کەسایەتیانە، 3Dmax نەک بەرنامەی گرافیکی، بەڵکو چەشنی ئامرازی وانوێنییە بۆ نیشاندانی ئەو شتانەی کە نیانە، یاخود بەپێچەوانەوە شاردنەوەی ئەو شتانەی کە هەیانە، کەوایە ئیتر ئەمە وشەیەکی بیانی نییە، بەڵکو بەشێکە لە زمانی ئەم نەتەوە؛ وڵاتی ئەفسانە وڵاتی وانمووده نییە، وڵاتی گۆڕینی بنەمای عەشق نییە، ناتوانین بەناوی عەشقەوە هەموو بابەتێک بەگەمە بگرین، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی ڕاستیدا زۆر زوو پێناسە دەکرێ و ڕیسوا دەبێ، گۆڕینی ڕەنگی عەشق و جێگۆڕکێی پاک و پیس تاوانە، وڵاتی ئەفسانە ناناسێ!

**هەڵئەفرم بەباڵی Emailێک**
**بۆ Helen کە چاوی وەک تۆیە و**
**برۆشی وەکو تۆ چەمیوە**
**«ئەرێ هۆ نازەنین!**
**نەشێوێ نازت..**
**من بە ماشێنی جیب ئەرێ**
**دێمە پێشوازت..»**

شیعری ١٤- دیوانی وەهمەکانی عەشق و تابۆکانی دەمامک

لەم زەمەنەدا ئیتر نەسیم بێ سیم نابینێ، ئێستا دەتوانی بە باڵی E-mailێک تەنانەت پەیامی ڕانەگەیاندووی مامۆستا هێمن (ئاماژە بە غەزەلی: پەیامی من بە گوێی ئەم دولبەرە نازدارە ڕاناگا- نەسیم بێ سیم دەبینێ شل دەبێ و بەو کار ڕاناگا) بە هەموو شوێنێک ڕابگەیێنێت، لەم دەقەدا E-mail نیشانەی پەیامێکی کوتوپڕە کە بۆ هەر شوێنێکی دنیا بتهەوێ دەگەڕێت، تەنانەت بۆ Helen (لەو پەڕی دنیا) کە لە ڕواڵەتدا هیچ جیاوازی لەگەڵ ئەوی ئێرە نییە، جگە لەوەی Helen ئەم کچە قژ نازانم کارەبایییە یان لە دەوری ئینتێرنێتدا «بوور» (online serveices)ە! «دیوانی بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عەلەم» لێرەدا زۆر بە جوانی و وردی لە پێناوی تەکنیکەکانی چەند زمانیدا لە شیعرێکی فۆلکلۆر کەڵک وەرگیراوە، کە لە پڕ دەمانباتە ناخی کولتووری نەتەوەکەمان، کە لەوێشدا بۆ گەیشتن بە نازەنین لە وشەیەکی بیانی کەڵکی وەرگرتووە (جیپ Email ـــــــ Jeep، ئایا جگە لە E-mail چ وشەیەکی تر دەیتوانی بەم پڕییە بە تەواوی ماناکە بگوازێتەوە ناو دەقی شیعرەکە؟

**- لێرە مەودا بۆ ئەو ئەژمارانە نییە**
**لێرە نابێ بنووسی 6..**
**وا ئەزانن، بە سێکس ئەڵێن..**
**{لێرە ژمارە ئازادە جگە لە 6**
**بە ژمارەی هەموو شەشەکانی عالەم**
**من شەشان جار شەشەم کردووە و**
**باوکم هێشتا نەیزانی مرد.**
دیوانی بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم

ئەگەر ئێمە ژمارەی شەش بە شێوەی لاتین (6) بنووسین لەکاتی خوێندنەوەدا بە سێکس دەخوێندرێتەوە، بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییە لەم شیعرەدا نیشانەی سەرکوتکردنی هەر چەشنە نیشانەی جنسییە لەناو کولتووری ئێمەدا کە بۆتە هۆی هەندێ ناکۆکی و دروست بوونی گرێ دەروونییەکانی مرۆڤ، بە تایبەت لە تەمەنی پێگەیشتن و مێرمنداڵی و باڵغ بووندا و ئاماژەیە بەو حاڵەتە سایکۆلۆژیانە کە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا لە باتی ڕێنمایی دروستی ئەم وزەی جنسییە، ئەم شێوەی سەرکوت کردنە بۆتە هۆی لادانی (انحراف) جنسی و لە کۆتاییدا یاخی بوونی لە دەست باوک و هەر شێوە دەسەڵات و بەرەنگاریەکی دیکە.

**کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی زمانی فارسی**
**/ئیستەش نازانم ژمارە/ یان شمارەم/ چەند بوو**
**ئەوکاتەی،**
**کردیانە ملم و ڕەسمێکی ناشیرینیان پێوە خستم**
**بۆ «کەیسی» نازانم ژمارە چەندی**
**«ئەوین»**
**/ئێستەش نازانم ئەو شوێنە**
**چاو بەستستانە/**
**کام مامۆستا ناوی «ئەوینی» لێ نابوو؟**
دیوانی بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم

کەڵک وەرگرتن لە وشەی ئەوین و مانای ئەو لە زمانی فارسی و مانای دیکەی لە زمانی کوردیدا کە ١٨٠ پلە جیاوازیان پێکەوە هەیە «اوین» لە فارسیدا ناوی زیندانێکی تاران و ئەوین لە کوردیدا بەمانای ئەشق و خۆشەویستییە کە لەواقیعدا دوو وشەی دژی یەکدین ئەوین (زیندان) ـــ ئەوین (خۆشەویستی)، تۆ بڵێی ئەم شێوە کەڵک وەرگرتنە لە چەند زمانێ بە دوو وشەی «اوین» و ئەوین، نیشانەی ئەوە نەبێت کە شاعیر بە گوناحی ئەوینەوە (خۆشەویست)ی کەوتوە ئەوینەوە (زیندان)! کار ـــ شوێن.

**- بە ژمارەی/ڕا/کانی «ڕەئیەکانی» ئیسلاحات**
**کۆمۆنیست نیم مەمسووتێن ببمە سەهۆڵ**
**من شاعیرم و وائەزانم**
**کمونیستیش ناوی بەخۆیەوەیە کمۆن نیست و هەر نەبووە و**
**قەتیش نابێ و**
**{ئەمەیان ئیستالین نووسی ئەوکاتانەی من و ماندلشتایم-یان**
**بانگ کرد شیعرێ تێکەین..**
دیوانی بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم
ئەگەر ئێمە لەزمانی فارسیدا وشەی کمۆنیست بە دوو

کەرتەوە دابەشی کەین دەبێتە کمۆن/ نیست کە (کمۆن) بەناوی نەریتی خۆیەتی و (نیست)یش بەمانای نەبوونە و نکۆڵی لە کمۆنەکە دەکات، شاعیر لەم تایبەتمەندییەی چەند زمانی بە شێوەیەکی ناسک کەڵک وەردەگرێ، بۆ دەرباز بوون لە گەرداوی ئیسلاحات و پارادۆکسی ئاگر و سەهۆڵی هەر چەشنە دیکتاتۆری ئیستالینی و هەروەها ئاماژەیە بە ئاکامی شاعیری قوربانی ڕێگای ئازادی «ئۆسیپ ماندلشتام٣»ی ڕووسی لە قۆناغێکدا کە سیاسەت هونەری خستبووە ژێر ڕکێفی خۆی و گوێ ڕایەڵیی دەویست، زۆر بوێرانە بەرانبەری وێستاو گیانی لە ڕێگای هونەری سەربەخۆدا بەخت کرد.

**شاعیرێتی... هێند ئاسانە**

**ئەتوانی ، بیدەیتە دەست «سۆران» بۆت بکێشی**

**بابا نان ندارد**

**مادر سیگار می کشد...**

**What would you like to do?**

**Add text to a drawing object or picture..**

دیوانی بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم

لە پۆلی یەکەمی منداڵانی ئێراندا هەوەڵین ڕستەیەک کە بۆ فێرکاری زمانی فارسی بەخوردی منداڵانی دەدەن بەمە دەست پێدەکات «بابا نان داد...» شاعیر لە تایبەتمەندییەکانی چەند زمانی بەم چەشنە کەڵک وەردەگرێ کە هەر بەو زمانەی کە فێری بوون، واقیعی تاڵی ناو کۆمەڵگای کوردستان بە خوێنەر پیشان دەدات کە «بابا نان ندارد، مادر سیگار می کشد» کاتێک نەتەوەیەک بێبەش لە هەموو چەشنە ئیمکانیات و لواندنێک بێت، لەژێر ئەو هەموو زۆر بۆ هێنانەدا دیارە باوکی نانی شەوی نییە و دایکی لە داخانا کەوتبێتە جگەرە کێشان... لە دواییدا بەزمانێکی جیهانی پرسیارمان لێ دەکات: «پێت خۆشە چی بکەیت؟ زیادکردنی دەقێک بە نەقاشییێک یان وێنەیەک» ، کە لێرەدا بەهێڵێکی خوار و خێچ کە بەسەر دەقی شیعرەکەدا هاتووە وەڵاممان دەداتەوە، کە پێم وایە وەکو تێستی «ڕۆرشاخ Rorschach test» لە دەروون زانیدا، دەبێ هەر کەس بەش بە حاڵی خۆی بزانێ ئەم خەتە لە چی دەچێت و مانای چی هەیە؟

شاعیری سەردەم کەسێکە بە زمانی سەردەم بدوێت زمانیش لەبیرو زەینەوە سەرچاوە دەگرێ، کەواتە بۆ ئەوەی شاعیری سەردەم بیت دەبێ بیریشت سەردەم بێت و تێگەیشتن لە شیعری شاعیری سەردەم خوێنەری سەردەمی دەوێت کە بە ڕاستی هەم لە ژمارەی شاعیری سەردەم لەکزی داین و هەم لەبەرەی خوێنەری ئاشنا لەگەڵ بیری سەردەمدا لەکەموکوڕی داین، بە داخەوە!! شیعری سەردەم پێکهاتەیەکە کە هزری مۆدێرن، نیشانەناسی، دەروونناسی، ئوستوورەناسی، تکنیک کەلێ وەکو هیتر- زمانی و چەند- زمانی و دەرچوونە لەتاک ڕەهەندی و کەڵک وەرگرتنە لە چەند دەنگی کە دەبێتە هۆی ئەوە تێگەیشتنی دژوار بێت، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە، ئەمە نابێتە گرفتی شاعیر کە نەتەوەکەی لەگەڵ تکنۆلۆژیا و کۆمپیوتێر و بە شوێنی ئەودا، بیری مۆدێرن و سەدان وشەو دەستە وشەی بیانی تری بێگانەن، ئەمە گرفتی شاعیر نییە کە لەسەرژمێرییە غەیری ڕەسمییەکانەوە پلەی خوێندنەوەی کتێب لەکوردستاندا کەمتر لە یەک خولەک لە ٢٤ کاژێردا دایە و بۆتە هۆی کەم فامی و تێنەگەیشتنی خوێنەر لەم جۆرە شێوانە. کاتێک خودی ڕەخنەگر بەم ڕۆژگارە لەگەڵ کۆمپیوتێر و E-mail و Wordدا خەریکە کار دەکات چۆن دەتوانێت گومان بخاتە سەر ئەم شێوازە نوێیە، مەگەر ئەوەی چاوی لێ بنوقێنێت، تەنانەت ئەگەر باوکانی ئێمە لەناو مێرمنداڵان و لاوانی ئەم سەردەمەدا گفتوگۆ بکەن ئەگەر لە نیوەی وشە و قسەکانیان بەجوانی تێبگەن ئەوە شاکاریان کردووە، سۆسیر دەڵێ هیچ زمانێک ناشێ تەمەنێکی دیاری کراوی بۆ دابنرێ، بەڵکو هەموو زمانێک لە قسە کردنی لەمەو پێشی خەڵکدا درێژە بە بوونی خۆی دەدات، واتە ئەوەی لەسەر مرۆڤایەتی پراکتیزە دەکرێ، لەسەر زمان جێبەجێ ناکرێ، کە وایە نە شاعیر و نە ڕەخنەگر ناتوانێت پێش بەم زمانە تازە و بیرە نوێیە بگرێت، جێی ئەوەیە لە بری شاردنەوەی ئەم هزر و شێوازە، ئاستی خوێنەرانمان بەرز بکەینەوە، دەبێ بەجێگای مکانیسمی «دانەپاڵ Projection» بە ڕەخنەیەکی ڕاستەقینە ببینە هۆی ئاشنا بوونی بیری جەماوەر لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەی شیعری نوێخواز و پتەوبوونی کاری شاعیرانی لاو... و لە ئەنجامدا گەلێکی خوازیاری خوێندنەوە.

هەرچەند لەم گرفتانەدا ڕۆڵی دەسەڵات زۆر گرینگە و ئەگەر دەسەڵات خۆی خوازیاری گۆڕان و بەرز بوونی ئاستی زانستی گەلەکەی لە بەرامبەری دنیای مۆدێرندا نەکات، ئەوە بارودۆخمان ئاوا تووشی نوشوست و گەندەڵی دەبێ کە هاتووین، دەبێ بە جێگای شۆردنەوە و تەریک کردنی ئەم نوێخوازانە، ببنە هۆی بەرزبوونی ڕێژەی خوێنەری کتێب لە کوردستاندا، دەبێ جەماوەر ئەوە تێبگەن کە ئەگەر شێوەی بیرکردنەوە بگۆڕدرێ، ڕەسەنایەتی ناگۆڕدرێ، ڕەسەنایەتی لە ناخی کولتووری ئێمە دایە، لە ناخی نەتەوەکەماندا هەیە، تەنیا بە بیری تازە دەتوانین ئەدەبەکەمان لەناو بازنەی ناوخۆی کوردستان ڕەها بکەین و بیکەین بە ئەدەبێکی جیهانی و بەدنیا بناسێنین، لای سۆسیر زمان لە مرۆڤەوە درێژ دەبێتەوە، یان بەمانایەکی دیکە زیندوویەتی زمان خۆی لە زیندوویەتی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ و خەیاڵی مرۆڤدا دەبینێتەوە، پێشکەوتنی زمان ڕاستەوخۆ بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەوە بەندە. کەوایە بە جێگای ئەوە چاوەڕوان بین شاعیر وەکو سەدان ساڵ پێش شت بنووسێت و خوێنەر بە بیری کۆنەوە شت بخوێنێتەوە، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە نووسەر و شاعیری ئاشنا لەگەڵ بیری سەردەم، ببنە هۆی بەرزبوونی پلەی عەقڵی کۆمەڵگا لەسەر هزری هاوچەرخدا.

**١- عەبدولخالق یەعقووبی (دەنگی بلوورینی دەق- چاپخانەی ڕاز-٢٠٠٥- لاپەڕەی ٤٩) بە «سەلەفی مۆدێرن» ناویان دەبا و بە سێ دەلالەت دەستنیشانیان دەکات:**

**أ- سەلەفییەک کە لە جیهانی دەسکەوتەکانی فیکری مۆدێرن-دا دەژی.**

**ب- سەلەفییەک کە لە جیهانی مۆدێرن-دا دەژی و بە شێوەیەکی، لەناخدا هەڵگر (القوە) دژی ئەو جیهانەیە.**

**ج- سەلەفییەک کە دژایەتی خۆی لەگەڵ فیکری مۆدێرن، بە یارمەتی و لە ڕێگای کەرەسەی مۆدێرن، دەکاتە ئایدۆلۆژیای خۆی.**

**٢- نشانە شناسی کاربردی- لاپەڕەی ١١٠ تا ١١٤- نشر قصە- فرزان سجودی.**

**٣- لە ئەنجامدا ماندلشتایم بە فەرمانی ستالین بۆ ماوەی چوار ساڵ بە ئۆردووگایێکی سیبری دوورخراوە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد- ١٩٣٨.**

# گومان لە ئامادەبوونی ژن لە شیعری «کلاسیک» و «نویٚ»ی کوردیدا

ڕەوشت محەمەد
(سلێمانی)

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:**
**ئەوە خودی «ژن»ە ئامادەیە لە شیعری کوردیدا، یان ئارەزوو و حەز و وێنای پیاوە بۆ ئافرەت؟**

**بەرایی**

دەگونجیٚ هەموو شتەکان ببنە بابەتی ئەدەب، بەشێوەیەکی تر، سنووری وتنی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەموو بوونە، لە گەورەترین (هەبوو)ەوە تا بچووکترین، هیچ کات گەورەیی و بچووکی، یان بەهێزی و لاوازی دەق، پێوەندی بە گەورەیی و بچووکی بابەتی دەقەوە نییە، دەگونجیٚ ئێمە دەقێکی گەورەو نەمرمان هەبیٚ، بەڵام لە واقیعدا بابەتی دەقەکە بایەخێکی ئەو تۆی نەبیٚ، وەک چۆن دەبینین بابەتێکی وەکو: (خوداو نەتەوەو نیشتمان) ناتوانن گەورەیی بەدەقێک بدەن ئەگەر ئەو دەقە خۆی بەگەورەیی لەدایک نەبووبیٚ، ئەگەر بمەویٚ نموونەی ڕوون نیشان بدەم، ئەوە قەسیدە دیارەکەی (نالی)یە، کە بەسەر گوێدرێژەکەی خۆیدا دەیڵێ، ئەگەرچی نالی باسی لە گوێدرێژە، بەڵام توانیویەتی بەگەورەیی لەدایک بیٚ و ببێتە بابەتی چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگ، دەیان و سەدان دەقی ئەدەبیشمان هەن کە لە ناوەڕۆکەکەیان نەتەوەو نیشتمان و بابەتە ئاینییە پیرۆزەکانە، کەچی وەک دەقی ئەدەبی هیچ بایەخێکیان نییە، ئەم بۆچوونەش لە تیۆری بونیادگەرەکان نزیکمان دەکاتەوە کە دەق بەشێکی گەورەو گرنگی خۆی لە زمانەوە بەدەست دەخا، کە تاچەند نووسەر دەتوانیٚ زمان بکاتە بۆتەی بایەخدان بە بابەتەکەی خۆی.

**بابەخی هەڵبژاردنی ژن بۆ لێکۆڵینەوەکە**

مرۆڤ کە دەگاتە سمبولی ژیان و دواجار هەمووشتەکان بۆ مـرۆڤ و لەپێناوی ئەودان، هەر لە گەردیلەیەکەوە تا زەبەلاحتـرین خولقـێنراو، لە خزمـەتی مـرۆڤـدایە، هەر مرۆڤـیش ناوەرۆکی مـەبەستی هەناردنی پەیامـە یەک لە دوای یەکەکانی ئاسمانە، کەواتە مرۆڤ لە کۆن و ئێستاو ئایندەشدا تازەترین و بە بایەخترین بابەتە.

بابێینەوە سنووری کارەکەی خۆمان بڵێین :کەوایە نووسین و ئەدەبیش هەر ڕووناکـیـیـەک شک دەبا لەو سـەری ئەوسەرەوە کە ئەو ڕووناکییە مرۆڤەو مەبەستی ئەدەبیش هەر ئەوە، پێچەوانەی ئەمە نەبیستراوە، دەتوانین بڵێین پێـچـەوانەی ئەو تێگەیشـتنە دەچێـتـە خـانەی (غـیـر معقول)ەوە، کە ئەدەبێک هەبێ لە دژی مرۆڤ، ئەدەبێک هەبێ مـەبەسـتی شـێـواندن و بەدۆزەخکردنی دنیـای مرۆڤەکان بێ، لێرەوە من بەشی خۆم لە گرنگی و تازەیی بۆ ئەم لێکۆڵینەوە بەدەست خسـتـووە کـاتێ دێم قـسـە لەسەر بابەتی ژن دەکەم لە شـیـعـری کوردیدا، ژن وەکو نیوەو بەشێکی هەرەگرنگ و هەستیاری مرۆڤی کورد، کاتێ ئەم بابەتە گرنگ و هەستـیـارە «واتە ژن» لەنێـو شیعری کوردیدا ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبێتەوە جێگای خۆیەتی هەڵوێستەی لەبەرامبەردا بکەین.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە مـەسـەلەی بیـرکـردنەوەو ڕوانین بۆ ژن تەنیا لەنێو ئەدەب و شیعردا تووشی کێشەو قـەیران نەبووە، بەڵکو قـەیرانی ڕوانین بۆ ژن لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا جێگای قسەو باسە و زۆریشی لەبارەوە وتراوە وەکـو لە بوارە کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـی و ئابووریـیـەکـان، بەڵام کـەمـتـر بینراوە لێکۆڵینەوەیەک بۆ قـسـەکـردن لەسـەر ئامـادەبوونی ژن لە شـیـعـری کـوردیدا تەرخـان بکرێ، گـومـانکردن لەو ئامـادەبوونە، من لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمـەوێ لە ڕێگەی چەند پرسـیـارێکەوە گومانی خۆم لەو ئامادەبوونەی «ژن» هەیەتی لەشیعری کوردیدا بەرجەستە بکەم، گومان لە چۆنیـەتی بە بابەت بوونی ژن لە شیعری کوردیدا.

– تا چەند ئامادەبوونێکی تەندروستە؟

– ئایا بەڕاست ئەوە ژنە ئامـادەیی هەیە لە شـیـعـری کوردیدا، یان ئارەزوو و حەزو وێنای پیاوە بۆ ژن؟.

-داخۆ ژن وەکو ئەوەی خۆی هەیەو دەیەوێ ئامادەیە لە شیعری کوردیدا، یان وەک ئەوەی پیاو ئارەزووی دەکات و وێنەی دەکێشێ؟

-ئەمڕۆ ئەگەر ژنێک دیراسەی شیعر و ئەدەبی کوردی بکات، بە ڕاسـتـی دەتوانێ خـۆی بدۆزێتـەوەو دڵی بە ئامادەبوونەکەی خۆش بکا؟

-لە ئەدەبی کـــوردیدا تا چەند هەوڵدراوە ژن وەکـــو مرۆڤێک داخڵ بە شیعر بکرێت و مرۆڤ بوونی هۆکاری ئەو ئامادەبوونە بەرچاوە بێ؟

ئەوەندەی من سەرنجم دابێ ئامـادەبوونی ژن لەشـیـعـری کـوردیدا دوو جـۆرە ئامـادەبوونە، بەسـەر دوو شـێـوەی جـیـــاوازدا دابەش دەبێ، ڕێک وەکـــو دابەشـــبـــوونە فراوانەکەی شیعری کوردی بەسەر سەردەمی کلاسیک و سـەردەمی نوێدا، دەگـــونجێ وەک چۆن ئەو گـــۆڕانە بنچینەییەی کە خودی شیعری گرتەوە بەهەمان شێوە ئەو گـۆڕانە ڕوانینی شـاعـیـرانی بۆ ژنیش گـۆڕیبێ وەک بابەتێکی فراوان بۆ شیعر(١).

١- جـۆرێک لە ئامـادە بوون لە سـەردەمی شـیـعـری کلاسیکدا کە دەکرێ ناوی بنێین:

(ئامادەبوونێکی ئاڵۆز و شێواو)

٢- ئامـادەبوونێک لەسـەردەمی شـیـعـری نوێدا کـە ئەویش ناو دەنێین:

(ئامادەبوونی حەزی پیاو)

باش وایە بۆ هـەر یەک لەو ئامـــادەبوونـانە نموونەو سەرنجی خۆمان تۆمار بکەین:

**سەردەمی شیعری کلاسیک**

**(ژن وەک خۆشەویستێکی ئازاردەر)**

د. کـامل بەسیـر دەڵێ: «هۆنراوەی کـلاسیکی کـوردی بەشێـوازێکی وێنەسازی ناپەسەند دیمەنی هەڵسوکەوتی ئافـرەتی کـورد دەخـاتە ڕوو» ژن لە شـیـعـری کـلاسـیـکدا کـائینێکی ئازاردەرو شـێـواوە، ئێـمـە کـاتێ گـوێ لە شـاعـیـرانی کـلاسـیـک دەگـرین ئەوکـاتەی بە ژنێکدا هەڵدەدەن، ئەوا شاعیر وەکو جەنگاوەرێکی پڕ برین و زام دێنێـتـە بەرچاو، شـیـعـرەکـان پڕن لە هاوارو ناڵەی خەسـتـەیەک، بەشێـوەیەک وشـەی دەسـتی ئەوان کـاتێ وەسفی ژنان و دولبەران دەکەن، بریتییە لە:

(قولاپی ئەبرۆت، زنجیرەی زوڵف، خوێنی مەقتولان، سیلاحی پەرچەم، کەبابی دڵ، تیری موژە،.... تاد.

ئەوەش چەند نموونەیەکـە لە شـیـعـری شـاعـیـرانی کلاسیک:

نالی دەڵێ:

**- چاوەکەت ئاگر لەسینەی عاشقی مسکین دەکا**
**مەستە مەیلی چەند کەبابێکی دڵی خوێنین دەکا**

**- ئەو جاوە غەزالە قەتەرانی سەرو ماڵە**
**ئەو نێرگزە ئاڵە نەمنی هێشت و نەکالا**

**- زولفەینی بە خەم و مارو بەحەڵقەن وەکو عەقرەب**
**شیعری لەف و نەشرن چ موشەوەش چ مورەتەب**

**- تازە ئەبرۆت وەسمە کێشاوە بەناز**
**دڵ لەتی شمشێری تازە ساوم ئەز**

**- ئەگەر لێدانە مەقصودت بفەرموو**
**وەگەر قەتڵە مەرامت هادەسا زوو**

بێسارانی دەڵێ:
**- موژەش چون پەیکان خەمزەش چون تیرە**
**جە دەروونمدا دایم دڵگیرە**

**- دیدەش چون جەلاو وازەن پەی قەتڵ**
**هیچ ڕەحمش نییەن مەعلومەن جەدڵ**

وەفایی دەڵێ:
**- خـودا چی بکەم لەدەست جـەورو جەفـای ئەو شـۆخە بێباکە**
**چ دڵ ڕەنجێن و غەددارە چ مەجنونێکی ساخاکە**
**وتم بەو تیری ئەبرۆتە دڵم لەت لەت بووە قوربان**
**کەچی فەرمووی ئەگەر بیشتکوژم تۆ هەر بڵێ چاکە**

**- ئەوە خاڵە لەسەر گۆنای شەریفت**
**وەیاخود دانەیی داویی بەڵایە**

**- گرفتاری کەسێکم دڵبرینداریکی جوانێکم**
**جەفا جو و توند خو زنجیرمو صەییادییە کاری**

**- صەف بەستە هەموو مونتەزیری ئەمری نیگاهن**
**قولاپی موژەت زوڵفی ڕەشت گۆشە بێ ئەبرۆت**

**هەریەکێ لەلایێ بەتەمای قەتڵی وەفایین**

**طابوری حەبەش لەشکری چین عەسکەری هندوت.**

لە ڕاسـتـیـدا ئەگـەر یەخـەی دیوانی هەر شـاعـیـرێکی کـلاسـیـک بگرین ڕەنگە ژمـارەیەکی زۆر لەبابەتی ئەم شیعرانەمان بێتە بەردەست کە دەکرێ ئەو چەند شیعرەی سەرەوە بەنموونە وەربگرین.

وەک دەبینین لەنێـو ئەم شـیــعـرانەدا وێنایەکی ئازار بەخش و ئاگریناوی دراوەتە ژن و بەردەوام شـاعـیـرانی کلاسیک دۆست و دڵدارەکانی خۆیان بەمایەی ناڕەحەتی و دەردی سەری خـۆیان زانیـوە، پرسیـارکردن لەو حـاڵەتە جـێگـای خـۆیەتی وەڵامـدانەوەشی زەرووڕەتێکی ئەدەبی نەتەوەکەمانە.

بەلێکدانەوەی من ئەو وێنە سـەرسـەخت و ناڕەحـەتەی کە پیـاوانی شـاعـیر بۆ ژنانیـان کێشـاوە دەگەڕێتەوە، بۆ کـێـشـەی کـولتـوور، کـە هەمـیـشـە لە ڕابردوودا پیـاوان تووشی دەیان کـێـشـــەو تەنگ و چەڵەمــە بوونەتەوە لەڕێگەی گـەیشـتنیـان بەدۆست و عـاشـقـەکـانیـاندا، ڕابردووی دواکـەوتووی ئێـمـە ژنی بەشـێـوەیەک لە پیـاو دابڕیوە تا سنووری نامـۆبوون لەیەکـتر، پیـاو بەردەوام لە شـۆڕشدا بووە بـۆ گـەیشـتن بەژن هەمـوو ئەو دابڕانە زۆرەی نێرو مێ هەمـوو ئەو نامـۆ بوونە بەلێکدانەوەی من دەشێ هۆکارێکی زۆر کاریگەر بێ بۆ ئەو وێنە شێواوەی ژن کە شـیـعـری کـلاسـیکی وێنەی ژنی کـێـشـاوە شـاعـیـرانی ئەوکـاتەش دڵـدارەکـەی خـۆیان بەهۆکـاری ئەو هەمــوو ئازارو ناڕەحەتی و سەختی ڕێگای عەشقە داناوە ناچار هەرچی دزێوی و شـــێـــواوی ڕۆحی خـــۆیان هەبووە بەوشـەکـانەوە لەڕێگەی شـیـعـرەکـانیـانەوە هەمـوویان خسـتۆتە ئەستۆی ژن(٢).

## سەردەمی شیعری نوێ
## دووبارە ئامادەبوونەوەی پیاو

ڕاستە بە نوێکردنەوەی شیعری کوردی یەکڕاست لەگەڵ (قـژکـاڵی لێـو ئاڵی، پرشنگی نیگا کـاڵ)ی گـۆڕاندا بەشێـوەیەکی تر ئاڵقـەی شـیعـر کرایە پەنجـەی کـچـان و ژنانەوە بەڕادەیەک کەم شاعیری نوێی کورد هەیە ئیلهامی شیعرەکانیـان لەگەڵ چاوی کچان و باڵاو زوڵفی ئەواندا ئاوێزان نەبووبێ، کـەم شـاعـیـرمـان هەیە زۆربەی دێرە شـیـعـرەکـانی ئاشنای ئەو وشـەو وەسفـانە نەبێ کـە بە جەسـتـەو هەست و ڕۆحی ژناندا وتراون، ئەو ئامادەبوونە

زۆرو بێ ژمارەی ژن لە شیعری نوێدا .هەمدیس حاڵەتێکی نائاسایی و گوماناوی وەرگرتووە و لەو ڕووەوە کە لە شیعری نوێدا ئامادەبوونی ژن هێندە مەبەست لێی غەریزە سێکسییەکەیەتی، هێندە مەبەست لە مرۆڤێک نییە کە بەشێکی ئەو مرۆڤە بریتییە لەجوانی و غەریزە.

بەشێوەیەکی تر بڵێم ئامادەبوونی فراوانی ژن لە شیعری نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە ئامادەبوونی ناڕاستەوخۆی حەزی پیاو لە شیعردا.

لەخوارەوە چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

قوبادی جەلی زادە لە کتێبی (سێدارەکانی بەهەشت)دا دەڵێ:

**– شەو درەنگ چوومەوە نوستبوو**
**گۆی مەمکی لە دەمی ساواکەماندا ترشابوو**
**حەزم لە ژەمێکی حەرام کرد**
**پەنجەرەکانم کردەوە**
**لە دەرەوە مەمکی ژنە شۆخەکانی گەڕەک**
**پۆل پۆل لێوی کچە ناسکەکانی زانکۆ...تاد**

**– شەوانە لەسەر سنگی ژنەکانمان**
**بەهەموو شۆخ و شەنگەکانی دونیا دەگەین**
**– خۆزگە تۆ لە دەمێک زیاترت دەبوو**
**منیش لە دەمێک زیاتر**
**خۆزگە تۆ لە دوو مەم زیاترت دەبوون**
**منیش لە دوو دەست زیاتر**
**خۆزگە تۆ تاکە ژن دەبووی من سەدان پیاو.**
**– من مەمکم لە هەتاو خۆشتر دەوێ عەیبە؟**
**من مەمکم لە باران خۆشتر دەوێ عەیبە؟**
**من مەمکم لە گوڵ خۆشتر دەوێ عەیبە؟**
**من مەمکم لە نان خۆشتر دەوێ عەیبە؟**
**من مەمکم لە نیشتمان خۆشتر دەوێ عەیبە؟**
**– ئەی ژنە زیندانییەکانی ڕۆژهەڵات**
**شۆڕش لە پشکۆی دەممایە**
**ڕێم دەن تا بەماچێک هەموو کۆتەکانی لەشتان**
**هەموو کۆتەکانی دەروونتان هەموو کۆتەکانی عەقڵتان**
**تێک بشکێنم**
**– لێمببوورن ئەگەر لە نێوان من و ئێوەدا**
**هەزار دیواری بەرلین هەبێ**
**من هەر بەڕووتی دەتانبینم**
**– دەزانم دوو سەعات پێش ئێستە ئەو کیژە نازدارە سەرگەرمی مەلە بوو**
**ئەو لەشە لە تەمی سابوون و شامپۆدا بە عاستەم دەرئەکەوت...**
**سەعاتێک بەنێش ئێستە پەشتەماڵ تەڕایی ڕووتی و گەردن و**
**بن کۆش و مەمکۆڵەو بن زک و هەڵمژی...**
**ئێستاکەش لەتەک من پەرداخ و پۆشتەیە**
**ئەو کیژە نازانێ سەد هێندەش لەشی خۆی بپۆشێ**
**چاوی من بەڕووتی دەیبینێ بەڕووتی .**

لەتیف هەڵمەت لەبەرگی دووەمی دیوانەکەیدا دەڵێ:

**– حەزدەکەم هەگبەی ملی ئەسپی هەڵەشەییم**
**پڕاو پڕکەم لەسەر گۆی مەمکی ئەو کچانەی خۆشیان نەویستم**
**... دەمەوێ تەپڵێک لە چەرمی سکی شارا دروست کەم و**
**بە شمشێری پیاوەتیم کونی کەم.**

ئامادەبوونی ژن لە شیعری نوێی کوردیدا لەدەرەوەی ئازایەتی خودی ژنان خۆیان دایە، بە شێوەیەکی تر، ئامادەبوونێک نییە ژنان خۆیان کاریان بۆ کردبێ، ئامادەبوونێک نییە کە ئێمە بتوانین هۆکاری ئامادەبوونەکە وەکو شەرەفێک بدەینەوە بەژنان خۆیان، وەکو ئامادەبوونی ئەو مرۆڤانەی کە لە ئەنجامی ئازایەتی و تێکۆشان و بەهرەو ژیری خۆیانەوە دەتوانن ببن بەبابەتی شیعری، بەداخەوە ئەو ئامادەبوونە فراوانەی ژن لە شیعری نوێدا کەمتر ئامادەبوونێکە ژنان خۆیان نووسیبێتیانەوە ئەوەندەی کە دووبارە نووسینەوە حەزی پیاوە لە شیعردا، حەزو ئارەزووی پیاو وەکو حەزی پیاو بۆ هەر بابەتێکی تر توانیویەتی بەو شێوازە ناتەندروستە ژن لەنێو شیعری کوردیدا بڵاو بکاتەوە، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم بۆچوونە بسەلمێنین؟

ئەگەر بە وردی سەرنج لە ئامادەبوونی ژن بدەین لە شیعری نوێی کوردیدا، دەبینین ئەوە هەموو بوون و کە ینونەی ژنان نییە کە ئامادەیە لە شیعرەکاندا، بەڵکو ئامادەبوونە کە ناکامڵە، بەشێکە لەژن، کوا شیعری ئێمە

ئەوەندەی کە باس لە جەستەوجوانی و لایەنی جنسی ژنان دەکات، کەی توانیویەتی باسی مرۆڤێکی نێو کۆمەڵگە بکات؟ کە ئەرک و مەهامی خۆی هەیە لە ژیاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو ئامادەبوونە فراوانە دووبارە پێوەندی بە حەزو ئارەزووەکانی پیاوەوە هەیە بۆ ژن، بۆیە زۆرجار دەبینین لەلای شاعیر جیاوازی لەنێوان هەنارێک و سێوێک و مەمکی ژنێکدا نییە، چاوی ژن و بادام هیچ جیاوازییەکیان نییە .لێوی یارو هەنگوین هەریەک شتن، سنگی ئەو هەر پەنیرە.

ئەو تەشبیهانە جارێکی تر ئەوەمان پێدەڵێنەوە، گرنگ ئەوەیە شاعیر حەزی لە هەردووکیانە، ئیتر جیاوازی نییە سێوە، یان مەمکی ئەو، ئەوە دەروون و سۆسۆلۆژیای شاعیری پیاوە ئەو ڕاستییە دەنووسێتەوە کە بردنی هەنارێک بۆ نیوە شیعرەکەی و بردنی مرۆڤێک لە ڕەگەزی ژن یەک ئەرک بن و یەک دافیع لە پێشیانەوە بێ کە حەزی پیاوەکەیە.

بەبڕوای من ئەم خاڵە بەر لەوەی قەیرانی شیعری کوردی بێت، قەیرانی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردە قەیرانی بیرکردنەوەی پیاوە لەهەرکوێ بێ .

حاڵەت و کاردانەوەدا بگەڕێین، لەناو شیعری ژنانیشدا، ئەگەر چاو بە ڕابردووی شیعری کوردیدا بگێڕین، کەمتر شیعرمان بەرچاو دەکەوێ کە ژنێک بۆ پیاوێکی وتبێ، لێرەدا پارچە شیعرێکی مەستوورەی ئەردەڵانی دەهێنمەوە کە ناوەرۆکی شیعرەکە تووشی ئەو لادان و حاڵەتە نائاساییە نەبووە کە شیعری پیاوانی ئەو سەردەمەی تێدا بووە:

**ڕووتە کە ڕووتە یا شەبەقی ڕەنگی ئاسمان**
**قەدی غەرامی تۆیە وەیا سەرووی بۆستان**
**نەمدیوە مانگ کڵاوی لەسەرابێ تۆ نەبی**
**سەرو ڕیش کەڕەوانە وەکو تۆ نییە ڕەوان**

لە بەیتە فۆلکۆرییەکانیشدا نموونەی وا بەرچاو دەکەوێ کە بەسەر زمانی ژنەوەو بۆ پیاوان وترابن وەکو:

**– ئەوا هاتە خوار مشکێکەی مۆرە**
**یا یاری خۆمە یا زەینم کوێرە**
**– بەردەرگەیماڵتان هەر گەنم و جۆیە**
**ڕانکو چۆغەی سوور قایل بەتۆیە**

یاقوت و زمڕوتی کوردی/ حسەین موحەممەد عەزیز.

**سەرچاوەکان:**

١– دیوانی نالی.
٢– دیوانی بێسارانی.
٣– دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف.
٤– دیوانی حاجی قادری کۆیی.
٥– دیوانی وەفایی.
٦– سێدارەکانی بەهەشت، قوبادی جەلی زادە.
٧– دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی دووەم.

**پەراوێزەکان:**

١– بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕواننە بابەتی (شاعیرانی کلاسیک جەنگاوەرانی سەنگەری عیشق..) ڕەوشت محەممەد ڕۆژنامەی خەبات، ١٣٤٨.

٢– لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا ئێمەی کورد بەدەگمەن شاعیری ژنمان هەبووە، بۆیە ناتوانین بەشوێن هەمان

# بابەتەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە قۆناغی هیلنستیدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- قـۆناغی هیلینیـزم ئەو سـەردەمـە دەگـرێتـەوە، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتی بیروهزری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کـە دوای مـردنی ئەرسـتـۆ و کـۆتایی هاتنی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەرەو ڕۆژهەڵات، دەستی پێکردووە، تێیدا شارستانیەتی ئەوسا ڕوخسار و ناوەرۆکێکی تری پێبڕاوە. گرنگترین ئەو ڕێبازانەی لەم سەردەمەدا چالاک و دەستبەکار بوون ئەمانە بوون:

- سـتـۆوا stoa کە لە سەردەمی عەباسییەکانەوە بە ڕیواقی ناسراوە.
- ئەپیکۆریزم Epikureismus
- ڕێبازی گومانکاران Skeptizismus

لە ئەنجامی ئەو هێرشانەی ئەسکەندەر بەرەو ڕۆژهەڵات کردنی، گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر جیهانی شارستانیەتی ئەو سەردەمە و جیهاندیدی سیاسی و فەلسەفە و کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵ و نەتەوەکانی وڵاتی یۆنانی ئەوسا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی کە ئەسکەندەر هێرشی بردبوونە سەر و داگیریی کردبوون، هاتووە.

کـولتـووری هەردوو لا، یۆنان و ڕۆژهەڵات تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون، بۆیە ئەم قۆناغە ناوی هیلنستی Hellenistismus لێنراوە هەردوولا، یۆنان و وڵاتانی ئاسـیـای ئەوسـا، ئەگـەر لایەنی جـەنگ و ئەنجـامـە کاولکارییەکانی پشـتگوێ بخـرێن، لە دانانی بەردی بناغەی سەردەم و شارستانیەتێکی تر کە تایبەتمەندیی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە و تا ڕادەیەکی بەرچاو لە قـۆناغی پێـشـتـر جـیـاوازبووە، بەشدارییان کردووە.

به پێی سەرچاوە مێژووییەکانی وەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتدا، بە تایبەتی لە دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتی دۆڵی نێوان دیجلە و فورات (میسۆپۆتامیا) و سوریا و میسر.. تاد، زمانی یۆنان کراوە بە زمانی بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاکانی لەشکر و دەوڵەت و زانست و فەلسەفە و کولتوور.... یۆنانیش بە ئاتینی میترۆپۆلەوە لەلای خۆیانەوە گۆڕانی مەزنی سەرتاپاگیرییان بەسەردا هاتووە.

سەربەخۆیی سیاسی جاران لە ناوەرۆک و ڕوخساردا گۆڕاوە، کولتوورە بە پیت و پێزەکەی کەسایەتی نەتەوەیی خۆی لەدەست داوە و ئەو تایبەتمەندییەی پێشتر، لە قۆناغێکی پێشووتردا پێوەی دیاربووە، دۆڕاندووە. بابەتەکانی ئاکار، هەڵوێست بەرانبەر بە سیاسەت و ژیان و کۆمەڵ وەک جاران نەماوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵۆز و هەمەچەشنتر بوون لەجیاتی چوست و چالاکی دانایی و ژیری و بیرکردنەوە و سەرنجدانی ڕووت Spekulation کە جاران لە ئەکادیمی و کۆڕ و کۆمەڵە زانستییەکان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا باوبوون پراکتیک و کاروکردەوە، بەڵام بە شێوە و ناوەرۆکی جیاواز کەوتوونەتەوە و بوون بە باو.

ئەگەر جاران بیرمەندان سەرگەرمی توێژینەوەی تیورییانەی بابەتە بێگانەکانی سروشت و دەورووبەر بووبن، لەم قۆناغەدا بابەت و ڕێ و شوێنەکانی ئاکار و کاروباری ژیانی ڕۆژانە و چێژ و لەزەت وەرگرتن لە خۆشییەکانی ئەمڕۆی ژیان، بەو پێیەی چۆن ئەو کاتە مرۆڤ لە ژیان گەیشتووە، تاکڕەویی و گۆشەگیریی لە لایەک و هەستکردن بەوەی مرۆڤ ئەندامی جیهانێکی بێسنوور و ئەوپەڕی فراوانە لەلایەکی ترەوە، لە چوارچێوەی هەردوو ڕێبازی لەیەکتری جیاوازی ستۆوا و ئەپیکوریزمدا، دیاردەی سەرنجڕاکێشی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری ئاڵۆز و جەنجاڵی ئەم قۆناغە بوون کە لەلای هەردوو ڕێبازی ناوبراو لە چوارچێوەی جیهانبینیدەکەیاندا خەت و خاڵیان داوە و بەرچاو دەکەون.

### ٢- تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هیلنستی:

وەک سەرچاوە مێژووییەکان باسیان کردووە، هێرشەکانی ئەسکەندەر نزیکەی دە ساڵی خایاندووە، ئەم ناوچە و دەڤەرانەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و حوکمڕانی کردوون و بوون بە پارچەیەک لە دەسەڵاتی یۆنان:

ئاسیای بچووک (تورکیای ئێستا)، سوریاو میسۆپۆتامیا (بە عێراق و کوردستانەوە)، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، سەمەرقەند و تاجیکستان و بەشێک لە هیندستان و میسر کە تێیدا شاری بەناوبانگی ئەسکەندەرییەی دروست کردووە و بەناوی خۆیەوە ناوی ناوە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو سەرچاوانە بدات کە لەبارەی ئەم سەردەمەوە نووسراون، دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەم جۆرە پوخت بکاتەوە:

یەکەم: بارودۆخی سیاسی ئەوسای یۆنان و ڕەوشی دەڤەرەکان کە داگیرکراون، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، کولتووری هەردووک لا تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون. مرۆڤی یۆنانی وەک جاران خەمی سەربەخۆیی جیهانی دەوروبەری نەماوە.

دووەم: لە بەرانبەر لەدەستدانی سەربەستی لە جیهانی دەوروبەریدا گۆشەگیر بووە و بە ناخی خۆیدا قووڵ بۆتەوە بۆ ئەوەی هەر نەبێ لە دەروون و ناخی خۆیدا هەست بە جۆرە سەربەستییەکی ناوەکی بکات (١).

سێیەم: بە پێچەوانەی قۆناغی پێشترەوە، سیاسەت نرخ و بایەخی خۆی، کەجاران هەیبووە، لەدەست داوە، بۆیە پەنابردراوەتە بەر بابەتی ئاکار و ڕێوشوێنەکانییەوە.

چوارەم: لە جیاتی ئەرک و فرمانی سەرشانی هاووڵاتی بەرانبەر بە نەتەوە و کۆمەڵ و نیشتمان و مافی مرۆڤ، بیر لەوە کراوەتەوە، مرۆڤ چۆن و چی بکات بۆ ئەوەی پرنسیپ و بنەما و ڕێوشوێنی دابودەستوورێک دابنرێت کە ببنە مایە و هۆکاری بەختیار بوونی مرۆڤ، بەڵام مرۆڤی تاک ڕەو و گۆشەگیر کە سەرگەرم و شەیدای دڵنیایی و ئارامی دەروونییە.

پێنجەم: ئەو جیاوازییەی جاران لەنێوان مرۆڤی «خانە دان و ڕەسەنی» یۆنانی و میللەتانی تردا کە بە بەربەر و دواکەوتوو Baber دانراون، کراوە، نەماوە و هەردووک لا بەبێ سڵ و پارێز تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون (٢).

شەشەم: هێرشەکان لە ڕۆژهەڵاتدا وەک ئەنجامێکی دوور و نا ڕاستەوخۆ کە لێیان کەوتۆتەوە بە هیچ جۆرێک بە هزر و بیری ئەسکەندەردا نەهاتووە، بگرە شتێک

نەبووە ئەو بیـریان لێ بکاتەوە وەک ئەوەی ئایینەکـانی ئەوسای ناوچەکە بەتایبەتی «زەردەشتی» لاواز ببن و لە پاشەڕۆژی دووردا ڕێگایان بۆ مەسیحییەت خۆشکردووە تا ئاسانتر لە ناوچەکە بڵاوبێتەوە و پەل و پۆ بهاوێژێ!

ئەگـەر هاتبـایە و زەردەشـتی دووچاری دەسـتی ئەم هێـرشـە وێرانکارانە نەبوایە، دەبوو بارودۆخ و ڕەوشی ناوچەکە ئێستا چۆن بایە؟.

حەتەم: لە جێگای هەست و تەوژمی نەتەوە پەرستی ڕەوشی مرۆڤی (گەردوونی - جیهانی) دەستبەکار بووە کە ئەو کاتە وشەی یۆنانی (Kosmopolit) بەرانبەر بەو دۆخە بەکارهاتووە. مرۆڤ کە جار هەرنەبێ هەستی بەوە کردووە ڕۆڵەی نەتەوە و نیشتمانێکی دیاریکراوە و کولتوور و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم هەستە لاواز بووە ئەو بووە بە هاووڵاتی جیهـانێکی مەزنی سنوور لە ڕادەبەدەری گەردوون ئاسا، ئەو ڕەوشەی ئەوسا لە ڕەوشی جیـهـانگیـری دەچێ کـە لە میـدیاکـاندا بانگەشـەی بۆ دەکرێت.

هەشـتـەم: جیـهـانديد و ڕەوش و بڕوای ئایینی و سـۆفـیگەرێتی ڕۆژهەڵات لە یۆناندا بڵاوبوونەتەوە و پەلیان هاویشتۆتە نێو هەموو کەلەبەرە جۆربەجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵەوە و ڕەشبینی جێگای گەشبینی جارانی گرتۆتەوە.

نۆیەم: ئەگـەرچی کـولتـووری یۆنان بابەتێک بووە لە شـاروبازێڕدا سـەری هەڵداوە و پێگەیشـتـووە، بە ئاووهەوای ئازادیی و دیموکراتی گۆش کراوە و کـەمـتـر کـاریگەری و جێ دەستی گـوند و لادێی پێـوە دیاربووە، کەچی نەیتـوانیـوە خـۆی لە بەردەم تەوژمی جیـهـانديدی ڕۆژهەڵات بگرێ و کـاری تێ نەکـرێ، ڕۆژهەڵاتێک کـە بەلایەوە ئازادی و دیموکراتی دوو وشـەی نامـۆ و بیـانی بوون!

دەیەم: ئەگـەرچی زمـانی یۆنانی، زمـانی ئەوسـای فـەلسـەفـە و زانست و سیـاسـەت و ئاکار لە زۆرترینی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بووە بە زمـانی ڕەسـمی کـەچی بەشدارییەکی ئەوتۆی لە پەرەسەندنی شارستـانیـەتدا نەکـردووە، ئەگـەر چەند نموونەیەکی هەندەکی پشـتگوێ بخـرێن و بگرە نەیتـوانیـوە گـۆمی مـەند و نەبزووتووی بیروهزری ڕۆژهەڵات بشڵەقێنێ.

**٣- ڕێبازی ستۆوا (ڕیواقی)**

ئەگەر پەیدابوونی ئەم ڕێبازە چەن هۆکارێکی هەبووبێ، ئەوا هێرشـەکـانی ئەسکەندەری گـەورە بەرەو ڕۆژهەڵات هۆکاری سەرەکی ڕشتنی ڕەنگی تەلاری جیهـانبینی ئەم ڕێبازە بووە.

سـتـۆوا کـە وشـەیەکی یۆنانیـیـە بەرانبـەر بە وشـەی عـەرەبی ڕیواق - ریواقی و وشـەی کوردی بێلاو بێلایی لەناوی ئەو جـێگایەوە کـەوتۆتەوە کـە ڕابەرەکـەی زینۆ (٣٤٢ - ٢٧٠ پ.ز) وانەی تێدا وتۆتەوە.

لە جیـهـانديدی گـشـتی و فـەلسـەفـەی کۆمـەڵایەتیـدا دەکرێ ئەو ڕێبازە بە مەتریالیستی (ماددی) دابنرێت. لە فـەلسـەفەی یۆنانیدا، تاوەکو کۆچی دوایی ئەرستۆ، ئەو بنەمـایە باوبووە کـە بوونەوەر ئەوەیە کـە کـاردەکـات، یان توانای کـارکـردن و کـارتێکردنی هەیە. تەنانەت لەلای ئەرسـتۆ فـۆرم - وێنەش توانای کـارکردنی ڕاسـتەقـینەی هەبووە. ریواقـیـیـەکـان ئەگـەرچی بڕوایان بەم بنەمـایە هەبووە، بەڵام لەو باوەڕەدابوون کــە بوونەوەر دەبێ لە کەرەسە و مـاددە پێکهاتبێ و مـاددە خۆی تاکە شتە کە کارکردن و شـوێنەواری هەیە و ئەوی مـاددە نەبێت بوونی ڕاستەقییەی نییە، ئەوەی بەڕاستی هەبووە و هەیە لەش (٣) و ماددەیە.

ئەم بۆچوونە مـاددییەیان کاری لە تێکڕای هەڵوێست و جیهانديدییەکان کردووە و لە مەیدانی هزری کۆمەڵایەتی و کردار و ڕەوشت و بنەماکانی ئاکاردا ئەنجامی گەورە و سەرتاپاگیری لێکەوتۆتەوە. لە کایەی ئایینیدا بۆتە مایەی لاوازبوونی بڕوا و باوەڕیان بۆیە هەندێک سـەرچاوە ئەم ڕێبـازە و ڕابەرانیـان بە بێ بڕوا و بێ ئیـمـان لە قـەڵەم داناوە.

تیـۆری زانین و مـەنتـیق و مـیـتـافـیـزیک و بابەتی سیاسەت و سروشت بایەخی جارانیان نەماوە و پرسیار و کێشـەی پراکتیکی - کردەکی ئاکار لەبارەی بنەماکانی بەختەوەری مرۆڤ و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و سەر ڕەحەتی و سەگەرمی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ناخ و ناوەکی (٤) لە پێـشــەوەی ئەو بابەتە فـرەڕەنگ و بە پێـزانەبوون کـە لێـوەیان کـۆڵراوەتەوە. ئەوی لەم بوارەدا وەک داهێنـانێکی ریواقی و ئەپیـکۆر دادەنرێت ئەو بۆچوونانەیە کە بەختەوەریی شتێکە پێوەندی بە مرۆڤ و ڕەوشی دەروونی خـۆیەوە هەیە و بەخـتـەوەری و بەختەوەربوون لەسەر مرۆڤ خۆی وەستاوە، ئایا ئەمەی دەوێ و هەوڵی بۆ دەدات یان نا نەک پابەندی دەوروبەر و هۆکاری دەرەکی بێت.

بابەتێکی تری ئەم ڕێبازە ئەوەیە کە مرۆڤ بەجیهانێکی بچووک Mikrokosmos بەرانبەر بە جیهانی مەزن، جیهانی دەوروبەر، بەرانبەر بە گەردوون Makro دادەنێن.

بەختەوەری کە لە بابەتی ئاکاری ڕیواقیدا دوائامانجە، دوا ئامانجی Telos هەموو کردارێکی مرۆڤە و خۆشی لەخۆیدا دوا ئامانجە، بەڵام ئەم ڕێبازە بەجۆرێکی تایبەتی لە بەختەوەری گەیشتووە، بۆیە ئەو ڕێگا و ئامرازانەی کە بۆ گەیشتنە ئەم دوا ئامانجە دەستنیشانی کردوون لەهی پێش خۆی جیاوازە.

دروشمی ڕیواقی بۆ گەیشتنە بەختەوەری و بۆ ئەوەی مرۆڤ بەختەوەر بێت ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا تەبابێت (٥) و بەپێی سروشت بگونجێ و بژیەت، ئیتر ئەم سروشتە سروشتی دەوروبەر و گەردوون و قانوون و ڕێ و شوێنەکانی بێت، یان سروشتی ناوەکی مرۆڤ خۆی بێت، بەڵام ئەوی لێرەدا سەرپشک و بڕیاردەرە و پشتی پێدەبەسترێ و پەیڕەوی دەکرێ ژیرە (ئەقڵ) Logos، چونکە ژیر خۆی بنەما و هۆکار و فاکتەری هەموو چاکەکارییەکە و چاکەکاریش لەخۆیدا لە بەختەوەری کەلێی دەکەوێتەوە بەولاوە نییە. مرۆڤ دەبێ و بگرە ناچارە هەوڵ بدات یەکەم لەگەڵ بنەماکانی سروشت و دەوروبەر و دووەم لەگەڵ خود و ناخی خۆیدا بگونجێ و تەبابێت ئەگەر بیەوێ بەو ئامانجە شاد بێت کە ژیانی دوور لە ئێش و ئازار و پڕ لە خێر و خۆشییە کە بەختەوەریی پێدەگوترێت. ئەو تەبایی و گونجانە دوولایی و دوو ڕەنگییە هەردوو لایەنی سروشتی مرۆڤ ساغ دەکاتەوە کە مرۆڤ لە خۆیدا لە لایەک بوونەوەر و جەوهەرێکی زیندووە و لەلایەکی ترەوە جەوهەر و بوونەوەرێکی ژیر و ئاقڵە کە ئەم لایەنە لە ئاژەڵ و جۆرەکانی تری زیندەوەر جیای دەکاتەوە.

ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیر و هۆشمەند بێت و ئەگەر چاکەکاری لە خۆیدا بەختەوەرییەکی تەواو و ڕێکوپێک بێت، ئەم گریمانەیە جارێکی تر زانین و کردار دەخاتە ناو دوو تای تەرازووەوە بەیەکەوە بەندیان دەکات. لەم ڕەوشەدا زانین ئیتر زانینی ئامانج و مەبەست بێت یان زانین بە گشتی بێت دەبێ ڕێخۆشکەر و مەرجی کرداری چاکەکاری بێت و نەزانینیش هۆکاری بەدکاری بێت. کرداری چاکەکاری هەمیشە بە زانینی ڕاست و ڕەوانەوە پشت ئەستوورە، چونکە چاکەکارییەکە یان لە خۆیدا مەبەست و ئامانجە یان ئامرازە بەرەو مەبەست و ئامانجێکی تر کە ئەویش لە خۆیدا لە دوا ئامانج بەولاوە نییە.

ئەم جۆرە ئاکارە کە خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر لەگەڵ بابەتی ئاکاری پێشتردا بەراورد بکرێت، ڕۆڵی ڕیواقییەکان لەم مەیدانەدا بە ئاشکرا دێنێتە بەرچاو کە هەست و نەستی هاوڵاتیانی سەردەمی خۆیانیان دەربڕیوە و بەرجەستە کردووە لەوەدا هەوڵیان داوە کێشەی نێوان ڕێو شوێن و بنەماکانی ئاکار و ئەو بنچینە و قانوونانەی بەگشتی بیرکردنەوەی کردەکییان ڕێک دەخەن، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی ژیردا تەباوگونجاو بێت، بەلایەکدا بخەن.

پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لە سنور بەدەرن، هەست و سۆز و ئاواتی مرۆڤیش هیچ ڕادەیەکیان بۆ نییە، بەڵام ئەو دۆخ و ڕەوش و هەڵکەوتانەی مرۆڤ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دێنە پێشەوە لەگەڵ ئەوەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە و ئاواتی بەدیهێنانیان دەخوازێ، بەیەکەوە ناگونجێن و تەبانابن. بۆیە سەیر نییە کە بەهۆی شارەزابوون لە زوهد و پشتگوێ خستنی دنیا و ژیانی ڕۆژانە و خەمساردی بەرانبەر بە هەڵکەوتەکان کە لە ڕۆژهەڵاتدا باو بوون و یۆنانییەکان بەگشتی و ڕیواقییەکان بەتایبەتی سوودیان لێوە وەرگرتووە، هاتنە سەر ئەو بیروبۆچوونە بەختەوەری و چێژ وەرگرتن لەخۆشی و خێروبێری ژیان و دنیا بە بارێکی نالەباردا (سلبی) لێک بدەنەوە ئەم لێکدانەوەیە بە دوو جۆرە ڕەنگی بۆ ڕێژراوە:

یەکەم: چاکەکاری بەوەدا دەردەکەوێ خاوەنەکەی بە چ نیازێک کردوویەتی. ئەگەر مرۆڤ ویستی کارێکی چاکە بکات و بە نیازی چاکە کارەکەی کرد و هەوڵی بۆ دا، بەڵام نەیتوانی بگاتە ئەنجام و ئەو مەبەستەی کۆششی بۆ کردووە ئەوا کارەکەی بەپێی نیاز باشییەکە بە چاکەکاری دادەنرێ و دەژمێردرێ.

دووەم: ئەوەندەی مرۆڤ بۆی بکرێت و بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر دەروون و نەفسی خۆیدا بشکێ و چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان کەم بکاتەوە و ڕێگای دەمارگیران و گرژبوون و هەڵچوون نەدات. خۆ ئەگەر نەتوانێ دەوڵەمەند ببێ، با هەوڵ بدات نەهێڵێ دەست کورت و هەژار بێت و ئەگەر چاکەشی لە دەست نەیەت با بەدکار نەبێت و بەم پێیە... تاد. ئینجا با مرۆڤ هەوڵ

بدات ئێش و ئازارەکانی ژیان کەم بکاتەوە. ئەمە جۆرە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی نەفس و دەروونی مرۆڤ وەک تاکە کەس ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە. سەربەخۆیی و ئازادییەکی ناخ نیشان دەدات. ئازاد ئەو کەسەیە کە لە ناخ و دەروونیدا ئازادە و ئەو کارە دەکات کە ژیر و لۆگۆس ڕێی پێ نیشان دەدەن. (٦)

بابەتێکی تر کە دەستپێشخەری ڕیواقییەکانی تێدا دەردەکەوێ، کێشەی چارەنووس و ئازادی خواست و قەدەرە.

ڕابەرانی ئەم ڕێبازە بڕوایان بەوە هەبووە کە هەموو شتێک چارەنووس (قیسمەت و قەدەرە) بەڵام لە چوارچێوەی ئەم قەدەروقیسمەتەدا هەوڵیان داوە جۆرە ئازادییەکی هەندەکی ئەگەرچی هەر بە قسە و ڕوخسارەکیش بێت، دووپات و ساغ بکەنەوە. وەنەبێ کێشەی پێوەندی نێوان ئازادی و ناچاری ئازادی و چارەنووس وا ئاسان بێت و بەلایەکدا بخرێت، بۆیە ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراون لە چارەسەری قسە و تیۆرییانە بەولاوە نین. ئەگەر شت لە چارەنووسرابێ و ئەوەی ببێ و ڕووبدات پێشەکی بڕیاری ڕوودانی درابێ هیچ جۆرە ئۆباڵ کێشان و بەرپرسیاری نامێنێ. ئەگەر مرۆڤ ناچاربێ کارێک بکات ناکرێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە خۆی بە ویست و ئارەزوو هەڵبژاردنی خۆی ئەم کارەی نەکردووە، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەموو شتێک ئازاد بێت و هیچ سنوور و قەیدومەرجێک لە ئارادا نەبێت، خۆم دەشێوێ و ئاژاوە و سەرگەردانی دەکەوێتەوە. ڕیواقییەکان کۆششیان کردووە سەرێک لەم گێژاوە دەربکەن و هەڵوەستەیەک بکەن کە لە ناوەڕاستدا بێت و بە هیچ لایەکدا نەشکێن و هیچ لایەک بێبەش نەبێ و مافی خۆیان پێ ببڕدرێ.

ڕیواقییەکان قەدەرین، لەو باوەڕەدان و بگرە داکۆکیشیان لەو باوەڕەیان کردووە کە گوایە:

**«چارەنووس قانوونی گەردوونە Kosmos، بەپێی ئەم قانوونە هەموو ڕووداوێک ڕووی داوە و قەوماوە، لەمەولا ڕوودەدات و دەقەومێ و ئەوی لەمەودوا دەبێ بێت. دێت. (٧)»**

ئەم جۆرە ناچارییە (جەبر و قەدەرە) بۆ ئەوەی ئۆباڵی ئەستۆ و ئەرک و بەرپرسیاری سەرشان لا نەدات، ئەم ڕێبازە هەوڵی داوە لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر ئەم چارەنووسە ناچارییە سەرتاپاگیرییە جۆرە ئازادییەکی هەندەکی پشت ڕاست بکاتەوە بۆ ئەوەی گرێی ئۆباڵی ئەستۆ بکاتەوە. چارەسەرەکە بەم جۆرە بووە: ناچاری و چارەنووس و قەدەر تەنیا لە جیهانی لەش و ماددەدا ڕوودەدات و بەرانبەر بەم ڕوودانە کە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ، مرۆڤ لە ناخی خۆیدا خواست (ئیرادە)ی هەیە و بڕیاردان و پیادەکردنەکە لەلایەن ئەو خواستەوە دەبێت کە لە ناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێ!

کەوابوو ئەگەرچی ئەوی ڕوویداوە، دەبوو ڕووبدات، بەڵام مرۆڤ لە ناخی خۆشیدا بە خواست و بڕیارێکی ناوەکی ناخی دەروونی خۆی لەو ڕوودانەدا بەشداری دەکات ئەگەر بشێ لێرەدا نموونەیەک بهێنینەوە دەڵێین، مرۆڤ تیرێک دەهاوێژێ، هاویشتنەکە بەدەست تیرەکە نەبووە، بەڵام دوای هاویشتنەکە تیرەکە دەتوانێ و بۆی هەیە چۆن و بە چ لایەکدا بڕوات. ئەم بۆچوونەی ڕیواقییەکان تیۆری (کەسب)ی ئەشعەری (٨) دێنێتەوە یاد. ئەگەر مرۆڤ لە هەردوو بابەتەکە وردببێتەوە، ئەگەرچی لە دوو سەردەم و شوێن و لە دوو ڕەوشی جیاوازدا وتراون و بە دوو زمانی جیاواز دەربڕاون، بەڵام هەردووکیان لە دوو ڕووی یەک پارچە پارە (دراو) دەچن و وەڵامی هەمان پرسیار دەدەنەوە و هەمان کێشە بەلایەکدا دەخەن، ئەگەرچی بەلایەکدا خستنەکە ڕواڵەتی و ڕووخسارەکییە.

بەلای ئەشعەرییەوە ئەوی دەقەومێ چارەنووسە و لەچارەی مرۆڤ نووسراوە، بەڵام لەکاتی ڕوودان و جێبەجێکردنەکەدا مرۆڤ جۆرە (جزئی ئیختیاری) هەیە کە ئەو بە «کەسبی سیفەتی کردار»ی ناو بردووە. ئەو نموونەیەی لەم مەیدانەدا دەهێنرێتەوە، نموونەی ئاگر و سووتانە. بە بۆچوونی ئەشعەری فرمان بە ئاگر دەکرێ شت بسووتێنێ، چونکە خۆی لە خۆیدا توانای شت سووتاندنی نییە، کاتێک ئاگرەکە بەر ئەو شتە دەکەوێ کە دەبێ بسووتێ، شتە سووتاوەکە «کەسبی سیفەتی کرداری سووتاندن و سووتان» بە دەست دەهێنێ و ئاگرەکە دەسووتێنێ و شتەکەش دەسووتێ... نابێ ئەوە لەیاد بچێ کە ئەم دوو هەڵوێستە ئەگەر وەک یەکیش بن ئەوا پاکانە بۆ بۆچوونی جیاواز دەکەن و بڕوای جیاواز پاساو دەدەنەوە.

خاڵێکی تر کە لەم بۆچوونە دەکەوێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ بە بەشی خۆی ڕازی بێت و لەجیاتی ئەوەی

هەوڵ بدات ئەو بەش و حاڵ و ڕەوشەی بگۆڕێ دەبێ کۆشش بکات خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنێ و بە پێی قانوونەکانی سروشت کە لە هەمانکاتدا قانوونی ژیرن بژیا و کاروکردار بکات. هەر چۆنێک بێت، گومان لەوەدا نییە کە ئەم بۆچوونە وەک چارەسەر و وەڵام لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئازاد و تیۆریدا ئەوپەڕی زیرەکی و دەست ڕەنگینی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام تۆزقاڵێک لە چارەنووسی مرۆڤ خۆی ناگۆڕێ و باری سەختی سەرشانی سووک ناکات، بەڵکو بابەتەکە لە چوارچێوەیەکدا داڕێژراوە کە پتر خەسڵەت و تایبەتمەندی کێشەیەکی تایبەت بە کەسانێکە کە لە ڕەوشی دیاریکراودا وەکو ئەرکی سەرشانیان هاتۆتە بەرچاویان کە دەبێ! هەڵوێستێک، بۆچوونێک، بروایەک ڕەوا بکەن کە بەهیچ تیۆرێ و توێ توێ کردن و ڕامان و سەرنجدانێک نە پشت ڕاست دەکرێتەوە نە پاساو دەدرێ، چونکە کێشەکە ئەگەر زرەکێشەیەکی ڕووخسارەکی نەبێ، ئەوا دارشتنەکەی لەسەر شێوەی پرسیارێکی داڕێژراو سنووری بنەماکانی مەنتیقی بیر و ڕێ و شوێنی زمان و ڕێزمانی بەزاندووە.

بابەتێکی تر کە ڕیواقییەکان ڕەوایان کردووە و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بابەتی «درۆ کردنە». ستۆوا (ڕیواقی) لە بارورەوشی دیاریکراودا ڕێگا دەدات مرۆڤ درۆ بکات (٩) و درۆیەکەی ڕەوادەکات، ئەو درۆیەی لە ئاییندا بە (درۆی سپی) ناوبراوە و لەلای شیعەکان (مەزهەبی جەعفەری) دوانزە ئیمام بووە بە (ئەل تەقیەیە). ڕاستە ژیان لەخۆیدا ئاڵۆزە و پێداویستییەکانی سنوور و ڕادە دەبەزێنێ و دەوروبەر و ڕەوشی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەخت و نالەبارن و وا بە ئاسانی مرۆڤ ناتوانێ بچێتە ژێر بارییانەوە، بەڵام ئەمانە هیچیان، لە بۆچوونی ئاکارەوە بە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی- کردەکییەوە پاکانە بۆ درۆ و ناڕاستی ناکەن. ئەوەی وای لە شیعە کردووە ئەو تیۆرییەی ڕیواقییەکان پەسند بکات و ڕەوای بکات بە هیچ جۆرێک پاساودانی بەهیچ جۆرە مرۆڤێکی ژیر و دانا پاکانەی بۆ ناکرێت. ئەگەر پاراستن و ڕزگارکردنی ژیان و نەفس ئەرکی سەرشانی مرۆڤی ئیماندار (شیعە) بێت ئەوا درۆکردنیش لەلای خۆیەوە بە هیچ جۆرێک لە ئەرکی پاراستنی ژیان و خۆپاراستن لەو مەترسییانەی هەڕەشە لە مرۆڤ دەکەن، کەمتر نییە. ژیانێک بە درۆی (تەقییە) ڕزگاربکرێت دەبێ چۆن ژیانێک بێت و بخرێتە خانەی چ کردارێکی ئاکارەوە!!؟.

پێوەندی نێوان مرۆڤ وەک تاکەکەس و کۆمەڵ وەک پێکهاتە و ئۆرگانێکی هەمەکی بابەتێکی تری هزری کۆمەڵایەتی ئەم ڕێبازە سەرنجڕاکێشەبووە. مرۆڤ گیانلەبەر وبوونەوەرێکی ژیر و خاوەن خواستە ئەم سروشتەی دەبێتە مایەی ئەوەی کە ژیانی لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پێوەندی لەگەڵ سروشت و گوزەرانیدا. بۆیە دەکرێ بوترێ هۆکار و پاڵنەری Triebژیان لەنێو کۆمەڵێک (Gemeinschaft) بەشێکە لە پێکهاتەی ژیر (ئەقڵ) و هەر ئەو توانایەیە کە بە مرۆڤ بەخشراوە هانی دەدات خۆی بە پشکێک و ئەندامێکی کۆمەڵ دابنێ و چاکە و خێروبێر و خۆشی خۆی لە هی تێکرای کۆمەڵدا ببینێ. لەبەر ئەوەی نەفس و جەوهەری ژیر لە هەموو بوونەوەرێکدا (مرۆڤێکدا) یەکە و هەمان شتە ئیتر بەهۆی هۆشیاری و هەست کردن بەم یەکە و یەک ڕەنگییەی ژیر، هاندەری پێکەوەژیان لەنێو کۆمەڵدا لەلای هەموو بوونەوەرەوە ژیرە تاکەکان سەرهەڵدەدات (١٠) و، بەم پێیە کۆمەڵ پەیدابووە و هەر لەم هەڵوێستەی مرۆڤەوە دوو چاکەکاری (فەزیلەت) جێگیر دەبن: دادپەروەری و خۆشویستنی مرۆڤ و ڕێزلێنانی.

ئەگەر لەلایەکی ترەوە چاکەکاری بابەتێک بێت نەک بە سەرنجدان و بیرکردنەوە و ڕامان بەدەست دێت، بەڵکو لە کاروکردەوە پێک بێت و بکەوێتەوە ئەوا بوونی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەشداربوون تێیاندا دەبێتە مایەی کارکردن بۆ چاکەکاری و ڕێگاگرتن لە بەدکاری و ئەمەش لەخۆیدا گرنگی و پێویستی بوونی دەوڵەت پشت ڕاست دەکاتەوە. هەروەها لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەسکەندەر بەرەو ڕۆژهەڵات و فراوان بوونی سنوور و دەسەڵات بۆچوونی مرۆڤ لەبارەی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەلایەکەوە دەوڵەتی شاری جاران بووە بە دەوڵەتی سنوور فراوانی جیهانی و خەسڵەتێکی گەردوونی فراوانی پێبڕاوە لەلایەکی ترەوە چەمکی مرۆڤایەتی Humanism و برایەتی بووە بە چەمکی بنەڕەتی و شاچەمکی ئاکاری کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤ بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و بروا، بە بۆچوونی ڕیواقییەکان - لەگەڵ یەکتریدا ژیری زیندوو، لۆگۆس بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە هەموویان خوشک و بران و زارووی ئەو ژیر و لۆگۆسە گەردوونییەن

کە حوکمڕانی سەرتاپای جیهان دەکات. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ وا هەست بکات تەنیا هاوولاتی ولاتێک و ڕۆڵەی تاکە نەتەوەیەک نییە، بەڵکو هاوولاتی سەرانسەری جیهانە ئەمەیە مانای چەمکی Kosmopolit کە ئەو سەردەمە بلاوبۆتەوە. بەم پێیە دەبێ مرۆڤایەتی یەک دەوڵەت و یەک ماف و یەک قانوونیان هەبێت.

**٤- ڕێبازی ئەپیکۆر**

ناوی ئەم ڕێبازە لە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە «ئەپیکۆر (٣٤١-٢٧٠ پ.ز) کەوتۆتەوە، بە ڕێبازی ئارامی و هێمنی و دڵنیایی ناخ و دەروون ناسراوە.

لە جیهاندیدی ئەم ڕێبازەدا هزری کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی بابەتی ئاکاردا چەکەرەی کردووە و پێگەیشتووە، بە واتایەکی تر ئەم هزرە لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەم ڕێبازەدا بە گشتی و لە باوەشی ئاکاری کۆمەلایەتی ئاوێتە بوو. بە هەڵوێست بەرانبەر بە ئایین و بوونی خواوەندەکانی ئەوسای یۆنان خەت و خاڵی داوە.

لەلای ئەم ڕێبازەش بەختەوەری دوائامانجی ژیانە، لەلایەکەوە چاکەکاری ڕێگا بۆ ئەم بەختەوەرییە خۆش دەکات و لەلایەکی ترەوە ترس و نیگەرانی ئەم بەختەوەرییە دەشێوێنێ، بۆیە ئەپیکۆر، ڕابەری ئەم ڕێبازە بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە کە هانی یەکەمیان بدات و پێی لەسەر داگرێ و دووەمیان بڕەوێنێتەوە و دووری بخاتەوە. بەلای ئەپیکۆرەوە ئایین و ترسان لە (مەرگ و مردن) دوو سەرچاوەی سەرەکی (١٢) ئەم نیگەرانییەن کە بەختەوەری تێکدەدەن و دەشێوێنێ. لەبارەی یەکەمیانەوە هەوڵی داوە لە دوولاوە بەرەنگاری بروا و ئایینەکەی سەردەمی خۆی ببێتەوە:

یەکەم: کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە خواوەندەکان بە هیچ جۆرێک خەمی مرۆڤ و دنیایان نییە و هیچ هەوڵێک نادەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژیان و گوزەران و چارەنووسی خەڵک. خۆ ئەگەر بابەتەکە وەها نەبووایە، نەدەبوو ئەم هەموو نەخۆشی و سەریەشە و هەژاری و زۆروجەور و زوڵم و نادادییە لە دنیا هەبایە. (١٣)

دووەم: کۆشاوە بە وتار و نووسین، ئەگەرچی لەم نووسینانە چەند قسە و دێرێک بەولاوە نەماونەتەوە، بە پێی سەرچاوەکان ئەفسانە و بروای پووچ پووچەڵ بکاتەوە و ساغی بکاتەوە کە هیچ جۆرە هێزێکی سەروسروشت ناتوانێ کار لە جیهان و چارەنووسی مرۆڤ بکات (١٤).

وەک ئەنجامێکی ئەم هەڵوێستەی هەوڵیداوە سەرنج بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشێ کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هۆکار و یارمەتی دەرەکی هەبێت توانای هەیە بەختەوەر بژیەت بەختەوەریش بە واتا سەرەکییەکەی لە ئازادی ناوەکی ناخ و هێمنی و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و نەفس بەولاوە نییە. ئایا دەکرێ لەم هەڵوێستە خەمساردی بەرانبەر بە کاروباری سیاسەت و گوێ نەدانە خۆشەیستی و حەزلێکردە و ژیانی ڕەبەنی و نەویستنی خێزان(١٥) و ژن نەهێنانی لێ بکەوێتەوە؟!

بە باوەڕی ئەپیکۆر لایەنگرەکانی ترس لە مردن و نیگەرانی بەرانبەر بە ژیانی ئەو دنیا و دوای مردن بەهیچ جۆرێک ڕەوا نییە و پاساو نادرێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ زیندوو بێت، مردن نەهاتووە و ئەگەر مرۆڤیش مردبێت ئەوا ژیان نامێنێ (١٦) و لە هەموو شتێک بێ ئاگا دەبێ ئیتر ترس بۆچی و لەچی؟!

ئەگەرچی ئەو پاکانە و شرۆڤەیەی ئەپیکۆر پێشکەشی کردووە ئەوپەڕی زیرەکی تێدا دەردەکەوێ و ساغی کردۆتەوە کە سەر بە جیهاندیدی مەتریالیستی (مادییە) و بڕوای بە چارەنووس و ناچاری (Determanism) نییە، بەلام لە هەمانکاتدا قسەکەی تەنیا بەلای ئەو کەسانەوە پەسند دەبێت و کاری خۆی دەکات کە وەک ئەو بڕوایان بە هەمان بنەمای جیهاندیدی مەتریالیستیانە هەبێت. مەسەلەی مردن و نیگەرانی و ترس لە دوا ڕۆژی نەزانراو و تەم و مژاوی و، کۆنترۆڵ نەکردنی پاشەڕۆژ، کە لە توانادا نییە، پێداویستی و کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە لە کۆمەڵ و دەوروبەردا ئەگەر نەبنە مایەی ترس و نیگەرانی لە بەردەم مردندا، ئەوا چەندین جۆر و شێوەی نیگەرانی تریان لێدەکەوێتەوە کە هیچ لە ترسی مردن کەمتر نەبن. ژیانێک سەرەڕای ئەم هەموو فرەڕەنگی و بەپێزی و خۆشی و سەرکەوتن و چێژ و لەزەتەی هەیەتی و تیایدان نە سەرەتا و نەکۆتایی دیارە، لەوەش ئاڵۆزتر و ئازار بەخشتر ئەوەیە کە بە تاقیکردنەوەیەک کۆتایی دێت، مرۆڤ تەنیا جارێک پێیدا تێدەپەڕێ و نە هیچی لێدەزانێ و نەدەتوانێ هیچ شتێک لەبارەیەوە بگێڕێتەوە. ئیتر چۆن لە بەرانبەریدا ترس داینەگرێ و نیگەران نەبێ؟!

سەرچاوە:
١- بدوي، عبدالرحمن، خريف الفكر اليوناني ط ٤، القاهرة- ١٩٧٠ ص ٦ في بعد.
2- Russell, B., philosophie des Abendlandes. Europaverlag Munchen - Wien 2000 S. 240 ff.
٣) بدوي، المصدر نفسه ص ٢٣-٢٤.
4- Capelle, Prof. Dr. Wilhelm., Die griechische Philosophie. Bd.2. Sammlung Goschen
3. Auflage. Berlin 1971. S. 100 ff.
5) Storig, Hans Joachim., Klein Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart 1961. S. 222 ff.
6) Pohlenz, Max., Stoa und Stoiker. Zurich 1950. S. 140 ff.
7) Hirchberger, Johnnes., Geschichte der philosophie.
Bd .I. Komet, 12 Auflage. Frankfurt am Main. 1980. S. 271. ff.
٨) ئەوی ڕاست بێ من خۆم هەستم بەم لەیەک چوونەی هەڵوێستی ستۆوا (ڕیواقی) و تیۆری کەسبی (کەسب)ی ئەشعەری کردبوو، دوایی بۆم دەرکەوت کە پێش من (عبدالرحمن بدوی) (لە سەرچاوەی ژمارەیەکی ئەم لاپەڕەیەدا) ئاماژەی بەم لایەنە کردووە ئەگەرچی بە تێروتەسەلی ئەم لایەنەی ڕوون نەکردۆتەوە... ل ٢٤ سەرچاوەی ناوبراو...
9) Zeller, Eduard., Die philosophie der Griechen in ihrer geschichtlichen Entwicklung, 3. Teil.
1. Absch. Hildesheim 1963. S. 286 ff.
10) Zelle, Eduard., Ebenda. S. 293.
11) capelle, prof. Dr. Wilhelm., Ebenda. S. 131-132.
12) Russel, Bertrand., Ebenda. S. 265.
13) Zeller, E., Ebenda. S. 442. ff.
14) Capelle, prof . Dr. W., Ebenda. S. 138 ff.
١٥) دكتور هـ. سدچويك، المجمل في تأريخ علم الاخلاق. ترجمة دكتور توفيق الطويل، عبدالحميد صبري. ج ١، ط١، اسكندرية ١٩٤٩، ص ٧٧١ فمابعد.
١٦) دكتور هـ. سدچویک. المصدر نفسه ص ١٧٦.

# زمانی جەستە و ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەماندا

زەیتۆ شێخانی

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا دوو زمانی جیاواز بەکاردەهێنێت، ئەوانیش زمانی قسەکردن و زمانی جەستەن. هەندێک جار ئەم دوو زمانە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کە دەیانەوێت بیگەیەنن، یەک دەگرن، بەڵام هەندێک جاری تر ململانێ لەنێوانیان ڕوودەدات، واتە مرۆڤ بەزمانی قسەکردن پەیامێک دەگەیەنێت، بەڵام بەزمانی جەستە پەیامێکی تر دەگەیەنێت.

زمانی قسەکردن ئەو زمانەیە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە بارەی ڕاستییەکان و شتەکانەوە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان..تاد بەکاردێت هەروەها دەتواندرێت بنووسرێت، بەڵام زمانی جەستە (body language) ئەو زمانەیە زۆرجار بەشێوەیەکی بێ ئاگایی بەکاردێت و بە ئاسانی نانووسرێتەوە و دەربڕینەکانی زیاتر لە ڕاستی نزیکن. هەروەها ئەم زمانە زۆر گرنگە بۆ پێوەندی نێوان تاکەکان، بۆ نموونە هونەرمەندان گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدەن، چونکە ئەگەر سەیری زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بکەین تەنیا بەهۆی تێبینی کردنی کارلێکردنی ئەکتەرەکان دەتوانین زۆر لە پێوەندی و هەست و نەستیان تێ بگەین.

سیاسییەکانیش گرنگییەکی زۆر بەم جۆرە زمانە دەدەن. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٢ سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا (نیل کینۆک) ئامۆژگاری کرا کە کۆنترۆڵی جووڵە خێراو لەناکاوەکانی بکات، چونکە خەڵک ئەم جووڵانە بەمەیل بۆ شەڕکردن لێک دەداتەوە (مارگرێت تاچەر) سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا فێرکرا بە دەنگێکی نزم قسە بکات و جلوبەرگی شینی

تۆخ لەبەر بکات بۆ ئەوەی ئاستی زاڵبوونی زیاتر بێت...تاد.

## ڕەگوڕیشەی زمانی جەستە

داروین لەکتێبە کلاسیکیەکەی (The expression of emotions in Man and Animals) دەڵێت دەتوانین زۆر لە هەڵچوونەکانمان لە مەیل و ڕەفتارەکانمان دەربهێنین. بۆنموونە ددان قرساندن، یان بە توندی دەست گرتن خۆئامادەکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ شەڕکردن، هەروەها بەڵگەشە لەسەر توورەبوون،چونکە ددانی کەسێکی دڕ قرساوە و بەیەک لا دەم قسە دەکات و بە لووت هەناسە دەدات ئەمەش وای لێ دەکات شێوەکەی نزیک بێت لە شێوەی گایەکی توورە.

ئەو پێکەنینەی بەدەمێکی کراوە و ددانێکی ڕووت ئەنجام دەدرێت سەرەتایەکە بۆ هەڕەشەکردن. هەروەها (داروین) دەڵێت دەتوانین ترسان بەم ڕێگایانە دیاری بکەین.

– وەستانی جووڵە و بێ دەنگی، ئەمەش بۆ ئەوەیە سەرچاوەی ترسەکە دیاری بکات.

– کردنەوەی چاوەکان بەشێوەیەکی فرەوان و چالاک لەگەڵ جووڵاندنی سەر بۆ ئەم لاو ئەولا تاکو بتوانێت شوێنی ترسەکە دیاری بکات.

– گرژبوونی ماسوولکەکانی جەستە، واتە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاکردنێکی خێرا لەکاتی پێویست.

– هەناسەی خێرا، بۆ وەرگرتنی ئۆکسجینی زیاتر کە ماسوولکە گرژەکانی پێویستیان پێیە. ئەمەش بەشێکە لەکاردانەوەی ئەدرینالین.

– گەڕان بەدوای جەستەیەک یان نزیک بوونەوە لە کەسێک، یان شتێک. بۆ نموونە ئەو مەیموونەی کە دەترسێ خۆی لە درەختێک، یان دیوارێک نزیک دەکاتەوە و خۆی پێوە دەگرێت بۆ ئەوەی هەست بە ئاسایشی دەروونی بکات. هەروەها ئەو سەربازەی کە لە جەنگدایە لەوانەیە هەندێ جار خۆی لە پشت شوێنێک بشارێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم شوێنە نایپارێزێت، بەڵام ئەم خۆشاردنەوەی بۆ بەدەست هێنانی ئاسایشی دەروونییە.

دەتوانین غەم و دڵەڕاوکێ بەهۆی جووڵەکانی دەمارگرژی دیاری بکەین. وەک هاتووچۆکردن، سەرخوراندن، پەنجە تەقاندنەوە، دەست گوشین...تاد. مرۆڤ زۆرجار ئەم ڕەفتارانە بەبێ ئاگایی ئەنجام دەدات. زانایانی دەروونزانی دەڵێن ئەم جووڵانە یارمەتی پارێزگاری کردن لەسەر باری وورووژاندنی گشتی دەدەن و دەبنە هۆی بەهێزکردنی وزەی دەماخ. گریانیش یەکێکە لە هەڵچوونەکان و ئیشارەتێکی منداڵییە دەبێتە هۆی وروژاندنی غەریزەی دایک و باوکایەتی. ئەم غەریزەیە لای ئافرەتان زیاتر لە پیاوان دەوروژێت. گریان بەڵگەیە لەسەر بێ هێزی و پەیوەستیشە بە هەندێک خاسیەتی پێوەندیدار بە فرەوان بوونی چاو و پێستەی نەرم و نیان. هەندێک لە دەربڕینەکانی ڕوو زۆر زوو دەردەکەوێت. منداڵ لە قۆناغی شیرخۆری کە تەمەنی تەنیا ڕۆژێک، یان دوو ڕۆژە ڕوو خۆشی و ناخۆشی و سەرسوڕمانی دایکی لێک جیادەکاتەوە. ئەم جۆرە ڕەفتارانە زگماکن.

## ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان

زۆر لە ئیشارەتەکان لە بنەڕەتدا سەرەتایین، ئێمە هەندێک جار شێوەیان دەگۆڕین بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانمان بگونجێت. لێرەدا پێویستە لەکاتی خوێندنەوەی زمانی جەستە، دوو جۆر ئیشارەت لێک جیابکەینەوە، ئیشارەتی بایۆلۆجی و ئیشارەتی فێرکراوی کۆمەڵایەتی. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئیشارەتە فێرکراوە کۆمەڵایەتییەکەیە کە بە کۆدی ناوخۆ ناوی دەبەین.

لەناو هەموو کۆمەڵگەکانی جیهان چەندین کۆدی ناوخۆیی هەیە کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە شارەزایی کۆدەکانن.نەک تەنیا ئەوەش، بەڵکو لەناو یەک نەتەوەشدا زۆرجار کۆدەکان جیاوازن. ئەگەر چاوێک بە ئیشارەت و کۆدەکانی گەلاندا بخشێنین، چەندین شتی سەیرمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە خەڵکی دوورگەی هاوایی دەریاوانێکی ئینگلیزیان کوشت بەناوی ((کابتن جیمس کۆک) چونکە ویستی سەلام بە هەردوو دەست لە سەرۆکی تیرەکە بکات لای خۆی ئەمە بۆ ڕێزگرتنە، بەڵام خەڵکی تیرەکە ئەم ڕەفتارەیان بە هەڕەشە و هێرش کردن زانی بۆیە کوشتیان.

دوو ئەلبانی پاسەوانی کەنار تەقەیان لە دوو گەشتیاری بەریتانی کرد، چونکە ئیشارەتەکەیان تێ نەگەیشتن. ئەوان جووڵاندنی ناولەپی دەست و هێنانە

خوارەوەی بەوە تێگەیشتن کە پاسەوانەکان پێیان دەڵێن (دوورکەونەوە)، بەڵام ئیشارەتەکە لای ئەوان مانای ئەوە بوو (وەرنە ئێرە).

لەناو کوردەواریش چەندین کۆد هەیە تایبەتە بە شوێن و تیرەی دیاریکراو. بۆ نموونە گۆپاڵ و حەیزەران هەر لە کۆنەوە بۆ شوانکاری بەکارهاتووە، بەڵام لەلادێیەکانی کوردستان ئاغاو پیاو ماقووڵەکان وەک بەڵگە لەسەر گەورەیی لە دەستیان گرتووە. لە هەندێک شوێندا وەک بەڵگەیەکی ئایینی بۆ تەریقەت بەکاردێت بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێت سەری گۆپاڵەکە بگاتە زەوی.

هەروەها لە هەندێک ناوچەی کوردستان لەسەرکردنی کڵاوی سپی مانای خراپ دەگەیەنێت، بۆیە پیاوانی ئایینیشیان کڵاوی سپی لەسەر ناکەن. ئەگەر کەسێک بچێتە ئەو ناوچانە و کۆدە کۆمەڵایەتییەکانیان نەزانێت، لەوانەیە تووشی گیروگرفت بێت.

## خوێندنەوەی هەڵچوونەکان

خەڵک لە ڕادەی خوێندنەوەی هەڵچوونەکانیان جیاوازن. بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان زیاتر هەڵچوونەکانیان دەخوێندرێتەوە و زووتریش پەیامەکانی دەوروبەریان تێ دەگەن. پیاوان زیاتر لە ئافرەتان دەتوانن هەڵچوونەکانیان بشارنەوە، بەڵام بە هەمان پلەنین لە خوێندنەوەی هەڵچوونەکانی دەوروبەریان. ئەم دەرئەنجامە وەڵامە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە گلەییان لە پیاوەکانیان هەیە و دەڵێن بە تەواوی تێمان ناگەن، هەروەها وەڵامیشە بۆ ئەو پیاوانەی کە دەڵێن ژنەکانمان دەیانەوێت ئەوەی لە ئەقڵیان دایە بەبێ ئەوەی قسە بکەن بیخوێنینەوە.

جیاوازی ڕۆشنبیری نێوان گەلان کاردەکاتە سەر خوێندنەوەی هەڵچوونەکان. بۆ نموونە خەڵکی ڕۆژهەڵات زیاتر سیفەتی تەم و مژیان پێوە دیارە و دەتوانن ڕووی ئەوروپییەکان بە وردی بخوێننەوە، بەڵام ناتوانن ڕووی تاکەکانی خۆیان بە وردی بخوێننەوە. خەڵکی باشووری ئەورووپا ڕوونترن لەهەڵچوونەکانیان لە خەڵکی باکووری ئەورووپا. کە باسی خوێندنەوەی هەڵچوونەکان دەکەین پێویستە زاراوەی دزەکردن پێناسە بکەین. دزەکردن بریتییە لە گواستنەوەی هەست و نەست بۆ بەرامبەری و شاردنەوەی هەڵچوونە ڕاستییەکان. بۆ نموونە زەردەخەنەی سەختە بە ئاسانی ئاشکرا دەبێت، ئەگەر بەخێرایی گۆڕاو بزر بوو، یان ئەگەر تەنیا لەسەر دەم بوو لە چاو دەردەکەوت. دەست گوشین، یان شاردنەوەی ڕوو لەوانەیە بەڵگە بێت لەسەر ئەو دڵەڕاوکێیەی کە مرۆڤ دەیەوێت بیشارێتەوە. هەروەها ئەوکەسەی پێ دەکەنێ و بەدەست بەشێک لە دەمی دەشارێتەوە گاڵتە دەکات و ڕادەبوێرێت. دەرکی ئەوە دەکات کە هەڵوێستەکە پێویستی بە پێکەنین نییە، بۆیە بەشێوەی ئاگایی، یان بێ ئاگایی بەشێک لەدەمی دەشارێتەوە، دەست لێرەدا وەک چاودێرێک بۆ سەر دەم بەکاردێت.

هەندێ جار ئەو ئیشارەتانەی کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت دیاری دەکرێت، بۆ نموونە لە لادێیەکانی کوردستان پووشکە لەزەوی وەردان بەڵگەیە لەسەر غەم و دڵەڕاوکێ، ئەم ڕەفتارە لە شارەکان بە دەگمەن ئەنجام دەدرێت، چونکە لەلادێییەکان هەموو کاتێ پووشکە دەست دەکەوێت، بەڵام لە شارەکان کەمتر دەست دەکەوێت.

لەکۆتایی ئەم بڕگەیەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەندێک جار زۆر بەگرانی دەتوانین هەڵچوونەکان بخوێنینەوە، چونکە تاکەکە خۆی لە بارێکی ململانێدایە بۆیە وەڵامدانەوەکانی گونجاو نییە.

## ئاشکراکردنی درۆ

زانای دەروونزانی (جۆرج بیرۆ) دەڵێت نواندن ڕاستییەکی سەختەیە. بۆیە دیراسەکردنی دزەکردن کە لە پێشەوە باسمان کرد یەکێکە لە کردەوە گرنگەکان سەبارەت بە ئەکتەر.

زۆرجار خەڵک سەرکەوتوو دەبن لە شاردنەوەی هەست و نەستیان، چونکە دەتوانن بە تەواوی کۆنترۆڵی ڕوویان بکەن، بەڵام لە جووڵە ناپێویستەکانی جەستە سەرکەوتوو نابن، هەردوو زانای دەروونزانی (ئیکمان و فرایزن) دەڵێن دەتوانین درۆ ئاشکرا بکەین بەهۆی ئەو جووڵە ناپێویستانەی کە دەست بە ئاراستەی ڕوو ئەنجامی دەدات، چونکە ئەم جووڵانە هەوڵدانە بۆ داپۆشینی ڕوو و ڕێگرتنە لە بەردەوام بوونی درۆ. لەکاتی قسەکردندا دەست کردنە ڕوو مەرج نییە بەڵگە بێت لەسەر درۆکردن، بەڵام بەڵگەیە لەسەربوونی شپرزەیەکی دیاریکراو لەتاکدا. درۆزنەکان جووڵەی دەستییان زۆر بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی گوێنەدان، وەک خۆ دزینەوەیەک

لەبەرپرسیاریەتی درۆکە. لەکاتی قسەکردندا زۆر منگەمنگ دەکەن، چونکەبە شێوەیەکی گشتی نارەحەتن و ئارەزووی ڕاکردن لە هەڵوێستەکە دەکەن. لەو کاتەی کە دەربڕینەکانی ڕوو ئاسایی بێت، دەتوانین بەهۆی ئەو وێنە فۆتۆگرافیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە گیراون، درۆ ئاشکرا بکەین، چونکە هەندێک دەربڕینی بچووک و خێرا هەیە لەم وێنانە دەردەکەوێت بەڵگەیە لەسەر بوونی دڵەڕاوکێ، ئەم کردارەش پێی دەوترێت (میزاجی چرکە) ئەمەش بریتییە لەوگرژییەی کە لەماوەی کەمتر لەچرکەیەکدا لەسەر ڕوو دەردەکەوێت و پاشان نامێنێت ئەم گرژیەش بەڵگەیە لەسەر درۆکردن. ئێستا ئەم شێوازە بۆ شیکردنەوەی وتاری پیاوانی سیاسی بەکاردێت.

لەبارەی ئەم بڕگەیەوە چەندین تۆژینەوە ئەنجام دراوە، ئێمەش لێرەدا نوێترین دوو تۆژینەوە دەخەینە ڕوو: تۆژینەوەی (De poulo et al 1988) تایبەتە بە ڕێنیشاندانی نادەنگی پەیوەست بەکرداری مەیلی توند بۆ درۆکردن، بەپێی ئەم دیراسەیە، دەتوانین بەهۆی ئەم ڕێنیشاندانانە درۆ ئاشکرا بکەین. ڕێنیشاندانەکانیش ئەمانەن: فرەوان بوونی گلێنەی چاو، بەرزبوونەوەی دەنگ، دەربڕینی کورتی قسەکردن، دوو دڵی لە قسەکردن، هەروەها لەم تۆژینەوەیەدا بینەرا ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە درۆکردن مەیلی تایبەتیان هەیە بۆکۆنترۆڵ کردنی هەندێک ئیشارەتی تایبەت. بۆ نموونە ئەوان بە چاوێکی پرتەپرت و نیوکراوە سەیری خەڵک دەکەن و خۆ دەپارێزن لەسەیرکردنی ناوچاوی خەڵک، هەروەها سەرو جەستەیان کەمتر دەجووڵێنن ئەمەش دەبێتە هۆی گرانی ئاشکراکردنی درۆ. ئەوانەی درۆزنن، هەوڵ دەدەن هەموو ئیشارەتێک بشارنەوە بۆ ئەوەی درۆکــــــــەیان ئاشکرا نەبێت، بۆیە زیادەڕۆیی لە شاردنەوەکان دەکەن. ئەم زیادە ڕۆییەش دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونیان. بۆ نموونە لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی سەیری چاوی خەڵک بکەن ڕاستەوخۆ بە بەردەوامی سەیری چاوی خەڵک دەکەن. تۆژینەوەی (De Turk and Miller 1990) باسی ئەو شتانە دەکات کە تۆژەرەوەکان لەکاتی هەوڵدانیان بۆ ئاشکراکردنی درۆ تۆماریان کردووە تێبینییەکانیش ئەمانەن: لەسەرخۆیی لەدەست پێ کردنی قسە، سەیرنەکردنی خەڵک، گۆڕانکاری زۆر لە بارەکانی جەستە، وەستانی کاتی و ناتەواو لەکاتی قسەکردن، زەردەخەنەی کورتکراوە، هەموو کاتێک دەتوانین چەندین نموونە بهێنینەوە لەبارەی ئەو ناودارانەی کە بەرامبەر جەماوەر لێدوانی درۆیان داوە و لە پاشان درۆکانیان ئاشکرا بووە. بۆ نموونە (کیم فلیبی) فەرمانبەرێکی پایەبەرز بوو لە دەزگای مخابەراتی بەریتانی، لەپاشان ڕای کرد بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بەمەش دەرکەوت بەکرێ گیراوە، پاش ماوەیەک لە تەلەفزیۆنی بەریتانی دەرکەوت ونکۆڵی کرد کە خیانەتی لەگەڵ وڵاتەکەی کردبێت. ئەگەرچی بە ڕواڵەت وا دیاربوو کە زۆر متمانەی بەخۆی هەیە، بەڵام دوای لەسەرخۆکردنی فیلمەکە دەرکەوت جۆرە لەرزینێک لە ڕوویدا هەیە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو پاڵەپەستۆ دەروونییەی کە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

## گەرم و گوڕی و سارد و سڕی

لەو شتە گرنگانەی کە پێویستە لە بارەی کەسانی ترەوە بیزانین ئەوەیە ئایا ئەو کەسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەکەین خۆشمانی دەوێت، یان نا. بەم شێوەیە گەرم و گوڕی و سارد و سڕی بناغەی زمانی جەستەیە.

گەرم و گوڕی جگە لەوەی بەدۆقەکردن و لە ئامێزگرتن و سەلام کردن دەردەبڕدرێت هەروەها بەهۆی چاوو زەردەخەنە و نزیک بوونەوە و ماچ کردن...تاد دەردەبڕدرێت. سارد و سڕیش پێچەوانەی گەرم و گوڕییە وەک دوورکردنەوەی سەر لە جەستە، دوورخستنەوەی جەستە لە خەڵک، گرژکردنی ڕوو، دانانی پەردە لەنێوان خۆی و خەڵکدا...تاد.

لەوکاتەی کۆمەڵێک خەڵک لەگەڵ یەکتردا وەستا بن، بەبێ ئەوەی گوێمان لە قسەکانیان بێت بەهۆی جووڵە و شێوازی وەستانیان دەتوانین مەیلی هەریەکەیان بزانین، بەڵام لەوانەیە بەهۆی زمانی قسەکردن نەتوانین هەمووشتێک بزانین، کەواتە لێرەدا زمانی جەستە لەزمانی قسەکردن بەهێزتر و بەڵگەدارترە.

لەناو کۆمەڵگەی کوردی چەندین باری وەستان و دانیشتن هەیە بەڵگەیە لەسەر سارد و سڕی و گەرم و گوڕی. بۆ نموونە پێ لەسەر پێ دانان لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەڵام لەناو کۆمەڵگەی کوردی هەندێک جار بەڵگەیە لەسەر ساردو سڕی. هەروەها

تۆقەکردنیش لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە. شێوەی تۆقەکە گەرم و گوڕی و سارد و سڕی دیاری دەکات.

### پێوەندی کردن بەچاو

چاو لە هەمـوو ئەندامـەکـانی تر بەهێـزترە بۆ ناردنی ئیـشـارەتە کـۆمـەڵایەتییـەکـان، بـۆیە هەندێک جـار پێی دەوترێت (پەنجەرەی ڕۆح). ئەو چارەسەرکارانەی گرنگی دەدەن بە چاککردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی، دەڵێن یەکەم جار پێویستە کەموکوڕییەکانی چاو چارەسەربکرێت.

هەروەها دەرهێنەرەکان گرنگییـەکی زۆر بە چاو دەدەن، چونکە زۆربەی هەڵچـوونەکـان (شـەرم و دڵەڕاوکێ و تووڕەبوون و دڵخـۆشی و ناخـۆشی..تاد) لەچاو دەردەکەوێت.

بەپێی تۆژینەوەکـان دەرکـەوتووە کـە سـەیرکـردنی چاو بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستە سێیەکی قسەکردنەکە بگرێتەوە، ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بوو، بەڵگەیە لەسەر شەرم و هەست کـردن بە تاوان و هەڵەکـردن...تاد ئەگەر لەم مـاوەیە زیاتر بوو بەڵگەیە لەسـەر غـەزەل و خۆشەویستی، یان هەڕەشەکردن. هەروەها تۆژینەوەکـان چەندین بیـروبۆچوونی جـیـاواز لە بارەی چاوەوە دەخەنەڕوو، لەوانە:

١- خـەڵک لەوکـاتەی گـوێ دەگـرن لە قـسـان زیاتر پێوەندی بەچاو دەکەن، بەڵام لەو کاتەی خۆیان دەدوێن کەمتر پێوەندی بەچاو دەکەن.

٢- لەو کاتەی کەسێک بۆ کۆمەڵە خەڵکێک دەدوێت جا پیاوبن، یان ئافرەت، بە بەردەوامی سەیرکردنی خێرا بەکاردەهێنن.

٣- خـەڵکی ڕووخـۆش زیاتر سـەیری چاوی خـەڵک دەکەن و ئافرەت زیاتر لە پیاوان سەیری چاو دەکەن.

٤- جیاوازی ڕۆشنبیری نێوان میللەتان کاردەکاتە سەر ماوەی سەیرکردنی چاو، بۆ نموونە ئیتالییـەکان زیاتر لە ئینگلیزەکان سەیری چاو دەکەن.

٥- سەیرکردنی قووڵی چاو شێوازێکە بۆ خۆسەپاندن و پێی دەوترێت جـەنگی چاو (The battle of the eyes).

٦- ئەوکەسانەی لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لەو کەسانە کەمترن کە قسەیان لەگەڵ دەکەن و بە بەردەوامی بەدوای خەڵک دەکەون ناتوانن زۆر سەیری چاوی بەرامبەرەکەیان بکەن. زۆربەی کـاتەکـانیـان بەسەیر کردنی پێیـەکانیـان دەبەنە سەر.

لەناو کـۆمـەڵگەی کـوردی کـچـان خـۆ دەپارێزن لە سەیرکردنی چاو وەک بەڵگەیەک لەسەر شەرم، زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی دەڵێن ئەم شەرمە پەیوەستە بە جۆرێک لە غـەزەل، چونکە ئەم ڕەفتـارە لای ئەو کـچە نابینایانەش ڕوودەدات کە هەر لە زگماکەوە نابینان. جا ئەم بۆچوونە ڕاست بێت، یان نا، بەکـارهێنانی چاو خـاسـیـەتێکە پەیوەستە بەنێرو مێ، لەوانەیە یەک لە خاسیەتەکان لای ڕەگەزێک ئاسایی بێت و لای ڕەگەزێکی تر وانەبێت.

زانایانی دەروونزانی شـیکردنەوەی جـووڵەکـانی چاو بەکاردەهێنن بە تایبـەتی لای سیاسـییـەکان. بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەم تاکـە لە بارێکی ئاسـاییـدایە، یان نا. بۆنموونە لەکـاتی جـەنگی کـەنداو زانایان زۆر پرتاندنی چاوی (سـەدام حـوسـێن) یان بەوە شـیکردۆتەوە کـە لە بارێکی دەروونی نائاساییدایە و هەست بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکات.

### دەربڕینەکانی ڕوو

ڕوو یەکـێـکە لە ئەندامـە گـرنگەکـانی دەربڕینی هەڵچـوونەکـان، بـۆیە زانایانی دەروونزانی دەڵێن ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆ جوانکاری ڕوو دەکرێن (لابردنی لۆچ و ڕووو پشـتـەچاو...تاد) لایەنێکی سلبی دەروونی تێـدایە بەتایبـەت بە دەربڕینی ڕوو و توانای دەربڕینی زەردەخەنەی گەرم و گـوڕی نـامـێنێت و خـراپتـرین باری نەشتـەرگەری جوانکاری وا لەتاک دەکات ببێـتـە بووکە شووشەیەک بۆ کەسایەتییەکەی خۆی.

هەندێـک لـە تـوێـژەرەوان بـۆیـان دەرکـــەوتـووە ئـەو هەڵچوونانەی کە لە دڵی مرۆڤ دەردەچێت لەسەر هەردوو لای ڕوو بڵاودەبێتەوە. ئەو دەربڕینانەی کە بە ئەنقەست ئەنجام دەدرێن زیاتر لە لای چەپی ڕوو دەردەکەون.

زانای دەروونزانی (سمیث Smith، ١٩٨٤) دەڵێت دەتوانین خەڵک لەژێر ڕۆشنایی سەروەری ڕوو بەم شێوەیە پۆلین بکەین: زۆربەی خـەڵک خـاوەنی ڕووی ڕاستن، کەمێکیش خاوەنی ڕووی چەپن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوکەسانەی خاوەنی ڕووی ڕاستن هەڵچوونەکانیان زیاتر لە ڕووی ڕاست دەردەکەوێت، ئەو کەسانەی خاوەنی ڕووی چەپن زۆربەی هەڵچـوونەکـانیـان لای چەپ

دەردەکەوێت. بۆیە دەرهێنەرەکان هەوڵ دەدەن لای ڕاستی ڕوونی ئەکتەرەکان زیاتر لەلای چەپیان نیشانی خەڵک بدەن. هەروەها (سمیث) دەڵێت دانەری ئاوازەکان و گۆرانیبێژەکان و مۆسیقاژەنەکان زۆربەیان خاوەنی ڕووی چەپن. زانایان و وەرزشوانان و وتاربێژەکان و ئەکتەرەکان و سەماکاران زۆربەیان خاوەنی ڕووی ڕاستن. دەرئەنجامی تۆژینەوەکەی سمیث جێگای گفتوگۆ و مشت و مڕە، بەڵام تائێستا تۆژینەوەی تر لە بارەیەوە ئەنجام نەدراوە.

زانای دەروونزانی (شڤارتز- Shivartz، ١٩٨٠) تۆژینەوەیەکی لە بارەی پێوەندی دەمارەکانی ڕوو بە هەستەکانی هەڵچوون ئەنجام دا. لەم تۆژینەوەیەدا داوا لە کۆمەڵێک ئافرەت و پیاو کرا کە چەند خەیاڵێک لە بارەی خۆشی و ناخۆشی و تووڕەبوون و ترسانەوە...تاد بکەنەوە.بۆ نموونە داوایان لێ کرا خەیاڵی ئەوە بکەنەوە کە ملیۆنێک دۆلاریان بۆ ماوەتەوە، یان دایکیان کۆچی دوایی کردووە...تاد. لە تۆژینەوەکەدا دەردەکەوت کە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان چالاکی دەماریان لەسەر ڕوو دەردەکەوێت. هەروەها ئافرەتان زیاتر لە پیاوان ئیشارەتەکانی هەڵچوون بۆ کەسانی تر دەگوازنەوە و زووتریش هەست بە بوونی هەڵچوونەکان دەکەن.

## لایەنەکانی بێ دوانی قسەکردن

زۆرجار ئەو وشانەی کە تاکەکان دەریدەبڕن، گرنگی کەمترە لە شێوازی دەربڕینەکە، بۆ نموونە دەتوانین زۆر شت بەهۆی دەنگ بگەیەنینە بیانییەکان و منداڵان و هەندێک جار گیانلەبەرانیش بەبێ ئەوەی یەک وشەش بەکاربهێنین. یەکێک لەوڕاهێنانانەی کە لە قوتابخانەی دراما بەکاردێت ئەوەیە کە شتێک بڵێیت و مەبەستت گەیاندنی شتێکی تر بێت. لەمەش گرنگتر ڕاهێنەران خۆیان لەسەر ئەوە ڕادەهێنن کە تەنیا بەهۆی ڕادە و خێرایی و ئاوازی دەنگ زانیاری بەخەڵک بگەیەنن.

ئەو کەسەی بەدەنگی بەرز دەدوێت، مەرج نییە زاڵ بێت، لەوانەیە خۆی وا فێربووبێت بە دەنگی بەرز بدوێت. هەندێک جار قسەکردن بە دەنگی نزم پڕە لە هەڕەشە، چونکە تووڕەبوونێکی تێدایە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت و زیادبوونی کتوپڕی دەنگ بەڵگەیە لەسەر موکڕبوون، بۆیە هەندێک ئەفسەرەکانی سوپا ئەم شێوازەی قسەکردن بەکاردەهێنن و ئەو دەنگە نزمەی کە پەیوەستە بە هۆرمۆنی نێرینە سەرچاوەیەکی بەهێزە لەسەرچاوەکانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی. هەر لەبەر ئەمەشە پیاوان زیاتر سەرکەوتوو دەبن لە هەندێک کاردا کە پێویستی بە دەنگی نێرینە هەیە. بەرامبەر ئەمەش ئافرەتان هەستیارترن و ئەم جۆرە دەنگانە زیاتر کاریان لێ دەکات و زووتریش متمانە دەکەن. دەنگە بەرزەکان بەوە جیادەکرێتەوە کە کەمتر گاڵەو گوڕەی تێدایە، بۆیە بەهۆی هەوا ئاسانتر دەگوازرێتەوە. هەروەها ئەم جۆرە دەنگانە زووتر خەمۆکی و دڵ تەنگی تێدا دەردەکەوێت.

دوای خستنەڕووی زۆربەی لایەنەکانی زمانی جەستە دەتوانین دەرئەنجامێک، بخەینەڕوو کە ئەمانەن:

١- زمانی جەستە زۆر گرنگە و بە تەواوکاری زمانی قسەکردن دادەنرێت.

٢- زمانی قسەکردن بە ئەندامەکانی ناو دەم ئەنجام دەدرێت، بەڵام زمانی جەستە بە هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت.

٣- کۆدە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵچوونەکان و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان زۆر لە ئیشارەتەکانی زمانی جەستە دیاری دەکەن و ژینگە ڕۆڵی گرنگ لە دیاری کردنیان دەبینێت.

٤- زمانی قسەکردن زۆر گرنگ و بەڵگەدارە، بەڵام هەندێک جار زمانی جەستە بەهێزترە.

٥- جیاوازی لەنێوان نێرومێ بەدی دەکرێت لە ڕووی شێوازی دەربڕینی زمانی جەستە و زووتر تێگەیشتنی.

**سەرچاوەکان:**

**١- ویلسون، جلین، سیکولوجیة فنون الاداء، مطابع الوطن، الکویت، ٢٠٠٠.**

**٢- لندال دافیدف. (ترجمة د. سید الطواب، ط. محمود عمر وآخرون)، مدخل علم النفس، ط٤، دار مکجر و هیل للنشر، القاهرة، ١٩٨٣.**

**٣- د. الحمداني، موفق، اللغة و علم النفس، بغداد، ١٩٨٢.**

# سەرچاوەکانی دیالێکتیکی هیگڵی

ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام
لە عەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

(١ – ٢)

دەشێت بگوترێت زۆرن ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی ئەوەی جێکەوت لە نێو هزری هیگڵدا بەگشتی دروست بکەن، بەتایبەتیش شێوەی دروستبوون و سەرهەڵدانی دیالێکتیک زۆر ئاڵۆزە، چونکە بەڕاستی هیگڵ کەوتۆتە ژێر کاریگەری کولتووری مرۆڤایەتی بەگشتی بە کۆن و تازەیەوە، لەبەر ئەوەی وەکو خۆی دەڵێت هەر هەمووی دەسکردی «عەقڵی هەمەکی»یە، بۆیە دەبینین لەکاتی قسەکردنی لەبارەی پەروەردەکردنی منداڵەوە، لەنێو کتێبی (فەلسەفەی ماف)دا دەڵێت: «وەکو ئەوەی زانراوە دەبێت منداڵ لە شوێنێکی تەنیادا پەروەردە بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێک نابێ پێی وابێت کە (شذا)ی جیهانی ڕۆحی ئەو تەنیاییە نابڕێت و بۆن و بەرامەی خۆی تێدا بڵاوناکاتەوە، یان عەقڵی هەمەکی ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێت دەست بەولایەنە دوورانەی ژیانەوە بگرێت». ئێستاش لێرەدا ئاماژە بەسێ فاکتەر دەکەین کە جێکەوتی قووڵیان هەبووە لە دروستکردنی بیرۆکەی گشتی میتۆدی دیالێکتیکییەکەی:

**لاهوت**

بێگومان دیارە هیگڵ بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو کەوتۆتە ژێر کاریگەری توێژینەوە لاهوتییەکان و بە درێژایی ژیانی بایەخی بە ئایین داوە. ئەوەش شتێکی سەیر نییە بۆ پیاوێک کە لە سەرەتای ژیانیدا خۆی ئامادەکردبێت بۆ ئەوەی ببێتە قەشە. بۆیە دەبینین لەکاتی لاوێتیدا پێی وایە ئایین چارەسەری ئەو کێشەیەیە کە هەر لە زووەوە بیروزەینی داگیرکردووە، ئەویش کێشەی گونجاندنی نێوان دژکارەکانە. ئەوەش لەمیانەی ئەو کۆمەڵە وتارانەی کە لە بیستەکانی ژیانیدا نووسیویەتی و لەنێو کتێبێکی

بچووکدا کۆکراوەتەوە بەناوی (نووسینە لاهوتییەکانی سەردەمی زوو). هیگڵ لەنێو ئەو وتارانەدا هەندێک جار چارەسەری لە بیرۆکەی خۆشەویستیدا دەبینێتەوە، هەندێک جاریش لە بیرۆکەی ژیان. لە هەردوو حاڵەتیشدا عەقڵیی تیۆری بەلاوە دەنێت کە پشت بە شیکردنەوەی وێنەیی دەبەستێت و پێی وایە تەنیا ئایین ، نەوەکو فەلسەفە، دەتوانێت یەکێتی شاراوە و نادیاری پشت دژکارەکان بدۆزێتەوە، لێرەدا ئێمە بەخێرایی پێشڤەچوونی ڕۆحی هیگڵ لەسەردەمی لاوێتیدا لەمیانەی دوو وتاری گرنگدا دەخەینە ڕوو، یەکەمیان بەناوی (ڕۆحی ئایینی مەسیحی و چارەنووسەکەی)ەتی، دووەمیشیان ئەوەیە کە بلاڤۆکارەکەی ناوی ناوە (کۆی ڕێبازەکە)، دواتریش نموونەیەک لە ڕێبازە کۆتاییەکەی وەردەگرین کە تێیدا هەوڵدەدات (چیرۆکی کەوتنە خوارەوە) شی بکاتەوە تاوەکو لەمیانەیدا یەکەم سەرچاوەی دابەشبوونی ڕۆح بەسەر خۆیدا دەسگیربکات.
هیگڵ پەیمانگەی ئایینی توینگنی تەواوکرد و زۆر حەزی لەوە نەبوو قەشەیی بکات، بۆیە بووە مامۆستای تایبەت لە شاری بێرنی پایتەختی سویسرا. لەوێدا زۆربەووردی کەوتە سەر خوێندنەوەی کانت، بەتایبەتیش ئەو شتانەی لەبارەی ئەخلاق و ئایین نووسیبووی، بەو شێوەیە کەوتە نێو داوی ئەو فەلسەفەکارە عەقلگەراکانی سەدەی هەژدەیەم و لەژێر کاریگەری ئەواندا وتاری (ڕەوشی ئایینی مەسیحی) نووسی و تێیدا هێرشی کردە سەر کلێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی و ئەو هۆکارانەی خستە ڕوو کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئایینی مەسیحی بکەنە ئایینێکی کلێسایی پڕ لە یاسا و ڕێسا و بنەما، واتا کۆمەڵێک توخمی ئایینی یەهودی کە مەسیح هەوڵیدا بوو، ئایینی لێ دەربازبکات. دواتر لە وتارێکی تریدا بەناوی (ژیانی مەسیح) کە لە ساڵی (١٧٩٥)دا نووسیویەتی، هەوڵدەدات جۆرە گونجانێک لە نێوان ڕێنماییەکانی مەسیح و پرنسیپە ئەخلاقییەکانی کە کانت مزگێنی پێ بەخشیبوو، دروست بکات، بۆیە مەسیح دەبینین بەپێی بنەماکانی کانت ئامۆژگاری خەڵک دەکات و دەڵێت: «بەشێوەیەک کاربکە، کارەکەت بەپێی ئەو بنەمایە بێت کە دەتەوێت ببێتە یاسایەکی گشتی بۆ هەموو خەڵک، ئەوە بنچینەی یاسای خولقاندنە، هەروەها ناوەرۆکی هەموو یاسا و کتێبە پیرۆزەکانیشە».
لە سەرەتای ساڵی (١٧٩٧)دا هیگڵ دەچێتە شاری فرانکفۆرت و پێوەندییەکی توندی دەبێت لەگەڵ هاوڕێی سەردەمی خوێندنی، شاعیری هەستناسکی ڕۆمانسی (هۆڵدەرلین)، ئەو پێوەندییەش بە ڕوونی لەنێو وتاری (ڕۆحی ئایینی مەسیحی و چارەنووسەکەی)دا دەردەکەوێت کە تێیدا لەژێر دەسەڵاتی کانت دەربازی بووە، ئەوەش یەکەم وتاری گرنگیەتی کە تێیدا هەوڵدەدات چارەسەری کێشەی دژکارییەکان بدۆزێتەوە، بۆیە دەبینین لەسەرەتای وتارەکەدا باسی مێژووی یەهودییەت دەکات و ڕەگوڕیشەی ئایینی بۆ بیرۆکەی دابەشبوونی ڕۆح دەدۆزێتەوە، لێرەشدا لەنێو ململانێی ڕۆح لەگەڵ سروشت بەدی دەکات و دەڵێت: «لەگەڵ ئیبراهیمی باپیرە گەورەی یەهودەوە مێژووی ئەم گەلە دەست پێدەکات، ڕۆحی ئیبراهیم فاکتەری یەکێتی یان ڕۆحی ڕێکخەری هەموو نەوەیەکە و بە وێنەی جیاجیا دەردەکەوێت لە ململانێی لەگەڵ هێزەکاندا، جارێک بەسەریاندا زاڵ دەبێت و جارێکیش دەکەوێتە ژێرچەپۆکیان، ئێمە تەنیا هەندێک جێکەوتی زۆر کەممان بۆ ماوەتەوە لەبارەی ئەو ڕێڕەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەر لە ئیبراهیم گرتوویەتییە بەر، ئەگەرچی ئەو ماوەیە گرنگە و تێیدا هەندێک کۆمەڵەی کەمی مرۆڤایەتی ژیاون و ملکەچی سروشت بوون»
لێرەدا قۆناغی یەکەمی ڕۆحمان پێشکەش دەکات کە دەشێت ناوی بنێین «قۆناغی سروشتی» کە تێیدا مرۆڤ بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی سروشتدا بووە و ڕۆحیش لەنێو هێمنییەکی قووڵدا بووە: «دواتر لە سەردەمی نووح لافاو دێت، دیارە دەبێت ئەو لافاوە ئەوکات جێکەوتێکی قووڵی لەنێو دڵ و دەروونی خەڵکدا دروست کردبێت و مرۆڤی لە سروشت تووڕە و بێزارکردبێت. بەم شێوەیە یەکێتی یەکەم لەگەڵ سروشت تێک شکا و هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤ و سروشت کۆتایی هات و ئەو هێمنییە نەما کە مرۆڤ تێیدا دەژیا، بۆیە مرۆڤ بەشێوەی دوژمن تەماشای سروشتی دەکرد کە هەموو شتێکی تێکداوە و کاولی کردووە، لێرەدا مرۆڤ هەستی بەوە کرد کە پێویستە ئەو سروشتە کۆنترۆڵ بکات». مانای وایە یەکەم گونجان لەگەڵ سروشت دارما و یەکێتییەکە هەڵوەشایەوە، بەڵام ڕۆح هەوڵی دا جارێکی تر ئەو دابەشبوونە چاک بکاتەوە و یەکێتی ئەسڵی بەدەست بێنێتەوە، ئەوەش ئەوکاتە بەدەست هات کە هزر سەرکەوت بەسەر سروشتدا لە سفری تەکویندا هاتووە لە

ڕێگای هزرەوە جارێکی تر نووح جیهانە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی بنیاد نایەوە و نموونە باڵاکەی کە هزر بوو، بوو بە واقیع، بوون و مرۆڤ لەبەر ئەو سەرکەوتنەی پاداشت کرا بەوەی خوێنی حەرام کرا (ئەوەی خوێنی مرۆڤێک بڕێژێت، خوێنی دەڕژێت، چونکە خوا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە). چوونە دەرەوە لەو حەرام کردنە مانای سەرلەنوێ کەوتنە نێو دەستی سروشت بوو، مرۆڤی تاوانکار ژیانی لێ دەسێنرێتەوە. مرۆڤ جارێکی تریش پاداشت کرایەوە بەوەی بەسەر ئاژەڵاندا زاڵ بوو، دیسان لە سفری تەکویندا نووسراوە: «خوا نووح و کوڕەکانی پیرۆز کرد و پێی گوتن زۆر بن و بەرووبوومتان هەبێت و بەسەر زەویدا بڵاوبینەوە، با سامتان هەبێت بەسەر هەموو ئاژەڵانی سەر زەوی و باڵندەکانی ئاسماندا». هیگڵیش دەنووسێت: «نەمرود هەوڵی دا کۆنترۆڵی سروشت بکات، بەڵام شکستی هێنا، چونکە نەمرود تەنیا بەشێک بوو لە خودی سروشت».

هیگڵ سێ قۆناغمان بۆ دەخاتە ڕوو لە ململانێی نێوان ڕۆح و سروشتدا، قۆناغی یەکەم:

بریتییە لە یەکێتی سادە لەگەڵ سروشتدا کە تێیدا ڕۆح بەتەواوی خۆی دابووە دەست سروشت. قۆناغی دووەم: ئەوەش قۆناغی لافاوەکەیە و تێیدا ئەو یەکێتییە هەڵوەشایەوە و داڕما و وشیاری سەری هەڵدا. قۆناغی سێیەم: سەرلەنوێ گێڕانەوەی یەکێتییەکەیە لە ڕێگای هزرەوە، یان سەرکەوتنی ڕۆحە بەسەر سروشتدا. ئەوەی پێویستە لێرەدا تێبینی بکرێت ئەوەیە کە ئەو قۆناغانە بریتین لە ململانێی نێوان ڕۆح و سروشت، یان هزر و بوون، ململانێیەک بەوە کۆتایی دێت هزر بەسەر بووندا سەرکەوێت و کۆنترۆڵی بکات. بێگومان ئەو ململانێیە جیاوازە لە بیرۆکەی کۆتایی کە پێی دەگات لەبارەی دیالێکتیکەوە، چونکە ململانێیەکە تا ڕادەیەکی زۆر لەو ململانێیە دەچێت کە ئایینی زەردەشتی بانگەشەی بۆ دەکات لە نێوان خواوەندی خێر و خواوەندی شەڕدا و بەسەرکەوتنی خواوەندی خێر کۆتایی دێت. ئەگەرچی دیالێکتیکی هیگڵی دوالیزمی ڕەت دەکاتەوە و ململانێیەکە دەخاتە نێو قووڵایی ڕۆح خۆی و لەنێو خۆیدا دابەش دەبێت و لە میانەی چالاکی تایبەت خۆیشیدا سەر لە نوێ دەبێتەوە یەک و یەک دەگرێتەوە، ئەوە ململانێ نییە لەنێوان دوو شتدا، بەڵکو دابەشبوون و پچڕانی یەک شتە کە ڕۆحە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وتارە گوزارشتێکی زیندووە لەبارەی ئەوەی لەنێو دەروونی هیگڵدا هەبووە، لەکاتی لاویتیدا، جگە لەوەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەگوڕیشەی میتۆدی دیالێکتیکی پیشان دەدات کە دواتر لە نێو لۆژیکدا لەسەر بنچینەی عەقڵییەتی تەواودەبێت و بەکۆتا دەگات.

ئەگەر هەندێک لەگەڵ ئەو وتارەدا بڕۆین، دەبینین قۆناغەکانی ڕابردوو لە «بیرۆکەی خۆشەویستی»دا کورت دەکاتەوە و دەگاتە ئەوەی کە خۆشەویستی دژکارەکان لەنێو یەک یەکێتیدا کۆ بکاتەوە، چونکە دەبینین هیگڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دواتر یەهودییەکان بوون بە کۆیلەی یاساکانی موسا و ئەگەر لەگەڵ ژیانی گریکە کۆنەکاندا بەراوردیان بکەین، یەهودییەکان ژیانێکی نابەختەوەرانە ژیاون و بەو شتە مادیییانە ڕازی بوون کە زەوی لە ماست و هەنگوین پێی دەدان. کەچی مەسیح مزگێنی شتی زۆر جیاوازی بەخشیوە و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە نابێت مرۆڤ کۆیلەی یاساکان بن، بەڵکو یاسا لە ڕێگای خۆشەویستی خواوە بەدەست دێت، کاتێک مرۆڤی ئیماندار بە هەموو دڵی خۆیەوە خوای خۆشویست ئەوە هەموو جۆرە دڵە ڕاوکێیەک لەناو دەچێت، کۆمەڵگایەکیش لە مرۆڤی بڕوادار پێکدێت لە مەملەکەتی خودادا، ئەوەش ئەو مەملەکەتەیە کە مەسیح هاتووە مزگێنییەکەی هێناوە و لەسەر بڕواهێنان بە یەکێتی نێوان شتە خودایی و مرۆڤییەکان دامەزراوە، لەبەرئەوەی یەک ژیانیان تێدایە و مرۆڤیش بریتییە لە ڕۆح، بۆیە دەتوانێت لە ڕۆحی خودا تێبگات. مەسیح بەوە گوزارشتی لە پێوەندی نێوان خۆی و خوا دەکرد و دەیگوت ئەو «کوڕی خوا»یە، لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئەو «کوڕی مرۆڤە».

لێرەدا پێوەندی نێوان کوڕ و باوک پێوەندییەکی وێناکراو نییە، بەڵکو یەکێتییەکی زیندووە، باوک و کوڕ دوو وێنەی زیندووی یەک ژیانن و هەرگیز دوو ماهییەتی دژکار و ناکۆک نین. کاتی خۆی عەرەب لەبارەی کەسێکەوە کە قسەیان کردبایە، دەیانگوت یەکێکە لە کوڕەکانی قوڕەیش، بەوەش مەبەستیان بوو بڵێن یەکێکە لە ئەندامانی هۆزەکە، بەڵام مەبەستیان نەبووە بڵێن ئەو بەشێکە لە هەموو، چونکە هەموو شتێک نییە لە دەرەوەی ئەو بێت، بەڵکو ئەو خۆی هەمووەکەیە و لەناو

خۆیدا هەموو تایبەتمەندییەکانی هۆز هەڵدەگرێت. بەو شێوەیە دەبینین عەرەب وا تەماشای تاکیان کردووە کە لەیەک کاتدا هەم بەشێکە و هەم هەمووە، ئەو قسەیەش کە پێی وایە بەش ناکۆکە لەگەڵ هەموو، ئەوە تەنیا بەسەر شتە مادییەکاندا دەسەپێت، کەچی بوونەوەرە زیندووەکان جیاوازن و بەش تێیاندا بەش و هەمووە.

بیرۆکەی خۆشەویستی بەتەنیا هەڵەی یەهودییەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو لەوەش، دەتوانێت ئەو دوالیزمەش بەلاوە بنێت کە کانت لە فەلسەفەی ئەخلاقدا دایناوە لە نێوان ئەرک و ئارەزوو، یاسای خەڵقی و پاڵنەری سروشتی، عەقڵ و غەریزە. کانت پێی وابوو مرۆڤ دەبێت خۆی خاوەنی خۆی بێت، ئەگەر واش بێت ئەوە بەکردەیی ئازاد نییە، بەڵکو بەسەر خۆیدا دابەشبووە، نیوەی ئازادە و نیوەشی کۆیلەیە، لە باشترین حاڵەتیشدا عەقڵ کۆیلەی خاوەنکەیەتی.

ئەو دوالیزمەی کانت لەنێو فەلسەفەی ئەخلاقدا تێی کەوتووە پەیوەستە بە کێشەی ئەو دژکارییانەی لەنێو کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی)دا بەبێ چارەسەری جێی هێشتوون و هەر بەوەندە وەستاوە بڵێت ئەگەر عەقڵ، ویستی شتە موتەناهییەکان -جیهانی دیار- ببەزێنێت تاوەکو درک بە شتە موتەناهییەکان بکات، ئەوە خۆی خستۆتە نێو تاریکی و دژکاری. ئەوە لە کاتێکدا پەیامی مەسیح ئەو دابەشبوونەی بەزاندووە و لەلایەک مرۆڤی لەناوەوەدا یەک خستووە، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ خودادا. ئەوەش  مانای هەرەقووڵی لێبووردنە لە هەڵەکان و دەرباز بوونە لە سایەی خۆشەویستی خواییدا. ئەو ئەخلاقە نوێیەی مەسیح مزگێنی بەخشیەتی ئەخلاقێکی عەقڵی نییە. بەڵکو ئەخلاقی خۆشەویستییە. هیگڵیش لە بیرۆکەی ئەو ئەخلاقەدا چارەسەری دژکارییەکانی دۆزییەوەتەوە و لەنێو یەکێتییەکدا یەکی خستوون، ئەوەش یەکەم هەوڵی هیگڵە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێبازە تاک لایەنەکان، چونکە خۆشەویستی بە سروشتی خۆی شتێکی دیالێکتیکیە، ئەگەرچی میتۆدەکەی بەمانای وردی وشەکە هێشتا دیالێکتیکی نییە.

هیگڵ لەو وتارەیدا لەبارەی (ڕۆحی ئایینی مەسیحی) وێنەیەکی زیندووی خۆشەویستیمان پێشکەش دەکات کە دواتر بۆتە جەژنێک و مەسیحییەکان ئاهەنگی تێدا دەگێڕن، ئەویش وێنەی دواخوانە کاتێک مەسیح لەگەڵ قوتابییەکانی، دادەنیشێت و نانێک هەڵدەگرێت و پارچە پارچەی دەکات و بەسەریاندا دابەشی دەکات و پێیان دەڵێت: ئەوە جەستەی منە کە لە بری ئێوە هەوڵدەدات، دواتریش پاش نانخواردن پێکی شەرابیان بۆ تێدەکات و بەسەریاندا دابەشی دەکات و دەڵێت:

ئەو پێکە بریتییە لەو چاخە تازەیەی خوێنی من کە لەبری ئێوەدا دەڕژێت. ئەو خوانەی کە تێیدا مەسیح بەشداری قوتابیانی دەکات جۆرێک لە هاوڕێیەتی سەیر پیشان دەدات، ئەویش هەستکردنە بە ڕۆحی خۆشەویستی. بەڵام ئەگەر کەسێک زۆر بە وردی نەچێتە نێو ئەو چیرۆکە و لە قسەکانی مەسیح قووڵ نەبێتەوە پێی وایە ئەوە ڕووداوێکی باوە و هەر تەنیا شکاندن و پارچە پارچە کردنی نانێک و نۆشکردنی پێکە شەرابێکە، هەروەها پێی وایە کاتێک ئەو هاوڕێیانە لەنێوان خۆیاندا ئەنگوستیلەیەک دەشکێنن و پارچە پارچەی دەکەن و بەسەر خۆیاندا دابەشی دەکەن کە بریتییە لە شکاندنی شتێکی بەسوود بۆ چەند پارچەیەکی وردی بێ بەها. کەچی لایەنی ڕۆحی ڕووپۆشکراوی ئەو دیمەنە درک پێناکات، بۆیە ئەگەر ئێمە بێین بەشێوەیەکی بابەتییانە تەماشای ئەو خوانە بکەین، دەبینین نان هەر تەنیا نان نییە و شەرابیش هەر بە تەنیا شەراب نییە و ئێوارە خوانی خوایی ناوەڕۆکێکی زۆر لەوە قووڵتری هەیە و پەیوەست نییە بە شتە مادییەکان تەنیا لە گوزارشتی «هەروەها ئەو» دانەبێت کاتێک مەسیح دەڵێت: «هەروەها ئەو پارچە نانانەی دەیخۆن لەیەک نان لێکراوەتەوە، هەروەها ئەو شەرابەی دەینۆشن لە یەک قاپ وەرگیراوە، ئێوە کۆمەڵێک کەسی جیاوازن، بەڵام لە سایەی خۆشەویستیدا دەبن بەیەک شت، یەک شت لەنێو ڕۆحدا». لێرەدا هەموو جیاوازییەکانی نێوان لەناو دەچێت، بۆیە مەسیح دەڵێت: «ئەوەی جەستەی من بخوات و خوێنم بخواتەوە لەناوەوەی مندا جێگیر دەبێت و منیش لەنێو ئەو»، هەروەها کاتێک دەڵێت: «من ئەو دەرگایەم».

کاتێک عەرەبێک فنجانە قاوەیەک لەگەڵ ڕێبوارێکدا دەخواتەوە، مانای وایە ئەوانە بوون بە هاوڕێ، ئەو قاوە خواردنەویە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، بۆیە دەبینیت ئەو عەرەبە کۆمەڵێک ئیلتزاماتی دێتە سەرشان، وەکو ئەوەی دەبێت دڵسۆز بێت لەگەڵ میوانەکەی و لەکاتی پێویستدا یارمەتی بدات، ئەوەش مانای وایە ئەو ڕەفتارە بووە هۆی دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوانیاندا. دابەشکردنی

مرۆڤ ئەنجامی عەقڵی وێنەییە، بەڵام خۆشەویستی ژیان بە یەکێتی جەوهەری مرۆڤ دەبەخشێتەوە و بە خوای دەبەستێتەوە و لەگەڵ خەڵکدا کۆی دەکاتەوە. بەوەش هیگڵ دێت ئەو داوە دەسکردانە دەتوێنێتەوە کە کانت داینابوو، چونکە گوزارشت لە ئەسڵی خواوەندانەی مرۆڤ دەکەن و تێیدا لایەنە دژکارەکانی نێو عەقڵی مرۆڤ یەک دەگرن وەکو بابەتگەرایی و خودێتی و سروشتی ئاژەڵانە و سروشتی عاقڵانە و تاکگەرایی و هەمەکێتی و یاسا و ... تاد، هەروەها تێیدا موتەناهی بە ناموتەناهی وبەش بە هەموو و مرۆڤ بە خوا دەگات. باشە ناشێت باوەڕی سێیانەیی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز - هەوڵێکی عەقڵی بێت بۆ تێگەیشتن لەو کردە پیرۆزەی کە مرۆڤی بڕوادار پێیدا تێدەپەڕێت کاتێک ئێوارە خوانی خوایی دەخوات؟ «لووتکەی هەرە بەرزی ئیمان بریتییە لە گەڕانەوە بۆ خوا وەکو ئەوەی مرۆڤ لە دایکبووە و بازنەی گەشەکردنی داخراوە». منداڵ بەر لەوەی فێربێت خوا دەناسێت چونکە هێشتا لە قۆناغی منداڵیدایە کە لەگەڵ سەرچاوەی ژیان، دواتر منداڵ لەگەڵ پێشڤەچوونیدا لەو ئەسڵەدا دەبڕێت کەلێی هاتووە، بەڵام لە کۆتاییدا ئینسان جارێکی تر دەیگێڕنەوە بۆ نێو ئەو گونجانە ئەسڵییە و ئەو بازنە پێویستە، دابڕان و یەکێتی و کۆبوونەوە و لێک جیابوونەوە لە ناوەوەدا پەیوەستی یەکترین. ئەو پێوەندییە ڕۆحییە بەتەنیا لەنێوان مرۆڤ و خوا بەدی نایەت، بەڵکو لەنێوان باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆزیش بەدی دێت. پێدەچێت سێیانەی پیرۆز کردەیەک بێت لەسایەیەوە یەکێتی ئەسڵی دابەش ببێت و دواتر جارێکی تر یەک بگرێتەوە. لێرەدا دەتوانین لەنێو ئەو تێڕوانینە سێیانەییەدا پێشبینی میتۆدی داهاتووی هیگڵ بکەین. ئەگەرچی ئێمە ناتوانین بڵێین سێیانەی هیگڵی هەر هەمووی لە سێیانەی پیرۆز وەرگیراوە. یان لەگەڵ هەندێک کەسدا بڵێین نێوەندکاری لەلای ئەو بریتییە لەو وێنەی لەزەینی هیگڵدا هەیە لەبارەی نێوەندکاری مەسیح لەنێوان خوا و خەڵکدا.

ئێمە ئەگەرچی دان بەوە دادەنێین کە لاهووت لەماوەی گەنجێتیدا گوزارشت بووە لە دەرکەوتنە بەراییەکانی میتۆدی دیالێکتیکی، بەڵام نابێت ئەو فاکتەرانەی تریش لەبیربکەین کە دیالێکتیکی هیگڵیان دەوڵەمەند کردووە، چونکە هەندێک لێکۆڵەرەوە هەن پێیان وایە کانت سروشبەخشی ئەو میتۆدەیە، یان بەلایەنی کەم سێیانەیی گوتەزا کاتییەکان سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی میتۆدی دیالێکتیکی لەلای هیگڵ. هەندێکی تریش هەن پێیان وایە ئەوە پێشڤەبردنی میتۆدی فیختەیە، خەڵکی تریش هەیە پێی وایە بیرکردنەوەی هیراکلیتس لە دژکارەکان و فەلسەفەی ئەفلاتوون لەبارەی ئایدیا ڕێگایان بە هیگڵ داوە نەخشە بۆ دیالێکتیکەی دابنێت بەو ڕیتمە سێیانەنییە لە مەسەلەوە بۆ دژکاری و بۆ لێکدان و یەکگرتن ... تاد.

بەڵام ڕاستتر وایە بڵێین کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان لەسەر بیرکردنەوەی هیگڵ هەرچەند بێت، کەچی بەکارهێنانی ڕێکخراوانەی میتۆد بەو شێوەیەی بۆمانی نمایش دەکات، داهێنانی هیگڵ خۆیەتی. لە وتارێکی تردا کە هیگڵ لە ساڵی (١٨٠٠) نووسیویەتی و بڵاوکراوەکەی ناوی ناوە (کۆی ڕێبازەکە)، دەبینین هیگڵ هێشتا پێی وایە ئایین چارەسەری کێشەی دژکارانە، ئەگەرچی ئەو چارەسەرییە چیتر وەکو پێشتر خۆشەویستی نییە، بەڵکو بریتییە لە (بیرۆکەی ژیان). هیگڵ لەو وتارەدا پێی وایە بیرکردنەوەی فەلسەفەی ژیان دەکوژێت و دابەشی دەکاتە سەر کۆمەڵێک دژکار، ئەوە لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێت وەکو هەمەکییەک لە ژیان تێبگەین، وەکو یەکێتییەکی زیندوو کە دژکارەکان لە ناوەوەیدا ململانێ دەکەن. هیگڵ دەڵێت: «ئەگەر وەکو یەکێتییەکی زیندوو تەماشای ژیان بکەین، نەک وەکو یەکێتییەکی مردوو، یان ئەپستراکتێکی وێناکراو، بەڵکو وەکو ئەوەی ژیانێکی ناموتەناهییە و لە ناوەوەیدا هەموو شتێکی تێدایە، دەبینین ئەو ژیانە بریتییە لە خوا. مرۆڤ دەتوانێت بەرزببێتەوە و بگاتە ئەو ژیانە، بەڵام ئەوە بەرزبوونەوەی موتەناهی نییەبۆ ڕێزی ناموتەناهی، چونکە ئەو زاراوانە بەرهەمی هزری فەلسەفین کە لێکیان جیادەکاتەوە و دایان دەبڕێنێت، ئەوە بەرزبوونەوەی ژیانی موتەناهییە بۆ ڕێزی ژیانی ناموتەناهی ئەوەش لەنێو ئایینیدا بەدی دێت. ئێمە دەتوانین ناو لە ژیانی ناموتەناهی بنێین ڕۆح لە بەرانبەر فرەیی ئەپستراکتدا، لەبەر ئەوەی ڕۆح بریتییە لە یەکێتی زیندووی فرەیی. ڕەنگە فرەیی ئەپستراکت شێوەی ڕۆح وەربگرێت، بەڵام بوونێکی زیندوو نابێت، لەو حاڵەتەشدا ناودەنرێت یاسا و بوونێکی وێناکراوی خەیاڵی دەبێت».

ئەو ژیانەی ئاماژەمان پێدا و گوتمان لە ناوەوەی خۆیدا دژکارەکانی کۆ دەکاتەوە، هەرگیز لە ڕێگای تێگەیشتن

یان بیرکردنەوە پێی ناگەین، چونکە خۆی لەوانە بەرزتر رادەگرێت. هزر بوونی زیندوو لێک هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەش تێڕوانینێکە ئایین دەیبەزێنێت، کاتێک دەبینین ژیانی مــــوتەناهی بەرزدەبێـــــتـــەوە بۆ ریزی ژیانی ناموتەناهی، ئەوەش لەبەر ئەوەی ژیانی موتەناهی خۆی ژیانە، بۆیە لە ناوەوەدا ئیمکانیەتی بەرزبوونەوەی هەیە بۆ ژیانی ناموتەناهی. کەچی فەلسەفە ناتوانێت بگاتە ئاستی ئایین، چونکە بریتییە لە کردەی بیرکردنەوە، واتا دژکاری نێوان عەقڵی بیرکەرەوە و بابەتی بیرکردنەوە لە خۆی دەگرێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین هیگڵ لەو وتارەدا هێشتا پەناگەی خۆی لەنێو ئایینا دەبینێتەوە و پێی وایە ئایین دەتوانێت کلیلی چارەسەری کێشەی دژکارەکان بخاتە بەردەست. هەرچی فەلسەفەیە ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی ئایین، چونکە رۆح نەوەکو هزر بریتییە لە ژیان: «ئەوە هزر نییە کە حەقیقەتی ناموتەناهی دەدۆزێتەوە جا خــودی بێت یان بابەتی، ئەوەی لەپێناو گــەیشتن بە ناموتەناهیدا دەیکات ئەوەیە کە ئاستێک بۆ ئاستەکان دابنێت، پاشان دەبنێت ئاستێکی تر هەیە، بەو شێوەیە بەبێ کـــۆتایی بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەو هەر تەنیـــا دەتوانێت بگاتە موتەناهیـــەکی ساختـــە». شایانی ئامـــاژەیە لێرەدا ئەوەی هیگڵ ناوی دەنێت هزر، دواتر ناوی دەنێت تێگەیشتن کـە مــاهیـــەتەکـەی لەســەر شیکردنەوە و دابەشکردن و سنور دانانە لەنێوان هزرەکان بەجۆرێک زۆر لاسارانە رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. ئەوەی کـە ناویشی ناوە ژیان، دواتر ناوی دەنێت عــەقڵ کە پێی وایە کاری ئەوەیە بەدوای یەکێتی شاراوەی نێو شتـــە جیـــاوازەکاندا بگەڕێت و بیـــاندۆزێتـــەوە و ئەو بەربەستانە تێک بشکێنێت کە تێگەیشتن دایان دەنێت، بەڵام دێت بە یەکەوەیان پەیوەست دەکـات و بەهەندێک لایەنی جیاوازی یەک شتیان تەماشا دەکات کە عەقڵە. ماوەتەوە ئاماژە بۆ ئەو شیکردنەوەیە بکەین کـە لە نێو ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکاندا بۆ چیرۆکی «کەوتنە خوارەوەی مـرۆڤ» دەیهێنێتەوە وەکو ئەوەی لەنێو ئینجیلدا هاتووە و هەوڵدەدات ئەسڵێکی ئایینی بۆ بیرۆکەی دابەشبوونی رۆح بەسەر خۆیدا بخاتە روو. ئەوەش شـــــیکردنەوەیەکی گـــرنگە و لایەنێکی کــاریگەربوونی هیگڵ بە لاهوت پیشـان دەدات، بگرە هەندێک لێکۆڵەرەوە هەن پێیان وایە گواستنەوەی هزری گشتگیر لە نێوەندی عەقڵی پەتی نێو لۆژیکدا بەرەو ئەویتـر لەنێـو سروشـتـدا، خـۆی لە خـۆیدا کـەوتنە خوارەوەیەکە زۆر لە کـەوتنە خـوارەوەی مرۆڤ نزیکە، هیگڵ لەنێـو ئینسکلۆپیــدیادا دەنووســێت: «هزری گشتگیر بۆ خۆی، خۆی لەنێو سروشتدا ون دەکـات و خـۆی لە بوونێکی گــونجـاو دادەمــاڵێت». پێـدەچێت چیرۆکەکەی کتێبی پیرۆز لەبارەی یەکەم هەڵەی مرۆڤ لەنێـو زەینی هیگڵدا چەسپـابێت، بۆیە پێی وابووە کە دەبێت هزریش بەشێوەیەکی وا بێت.

هیگڵ لە شـیکردنەوەی ئەو چیـرۆکـەدا دەڵێت، هەر لەبەرەبەیانی مـێـژووەوە گـەلان پرسیـاریان لەبارەی ئەو دابەشبـوونە سـەیرە کـردووە، دابەشبـوونـی رۆح بەسـەر خۆیدا، (چیـرۆکی موسـایی) لەبارەی کـەوتنە خـوارەوەی مـرۆڤ، باسی ئەسـڵی ئەو دابەشبـوونە و ئاکـامـەکـانی دەکـات. لەو چیرۆکەدا باس لە ئادەم و حەوا دەکات کـە یەکـەم وەچەی مـرۆڤ بوون، لەنێـو بەهەشـتی عــەدەندا دەژیان و لەوێدا دوو درەخت رووابوو، داری ژیان و داری مـەعـریفـە. لەو چیـرۆکـەدا باس لەوە دەکـات کـە خـوا بەربوومی داری مــەعـــریفـەی لە ئادەم و حــەوا حــەرام کردبوو. بەڵام لەبارەی خواردنی بەربوومی درەختەکەی تر چیرۆکەکە هیچ قسەیەک ناکات. حەرام کردنی خواردنی بەرووبوومی داری مـەعـریفـە مـانای وایە مـرۆڤ نابێت بەدوای مـەعـریفـەدا بگەڕێت، بەڵکو لەسـەریەتی هەر لە شێوەی بەرایی خۆی، سادەیی یەکەمدا بمێنێتەوە کە ئادەم و حـەوا تێـیـدا دەژیان، یەکـەم حـاڵەتی سـروشـتـی، بەشێوەیەک دەژیان هیچیان نەدەزانی و شەرمیشیان لە هیچ شتێک نەدەکرد، چونکە هەردووکیان رووت بوون و ئاواش دەژیان. دواتر ئەو شێوە ژیانە سروشتییـە هێدی هێدی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو. لە چیرۆکەکەدا مار وا پیشـاندراوە کـە شـتێکی وروژێنەری دەرەکییـە و هانی مـرۆڤ دەدات دەسبـەرداری سادەیی یەکـەمی خۆی بێت، بەڵام راستـــیـــیـــەکـەی ئەوەیە کـەوتنە نێـو دژکـاری و وشیـاربوونەوەی لە سروشتی خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. چیرۆکـەکە پێیـان دەڵێت، مارەکە پێی وابووە زانینی خێر و شەڕ جۆرێکە لە پەیداکردنی سیفەتەکانی خوا و لەو چوونە «مـارەکـە بە ئافـرەتەکەی گـوت نامـرن، بەڵکو خوا دەزانێت ئەو رۆژەی دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و وەکـو خـوا خـێـر و شـەڕ دەزانن». مـانای وایە هەمـان مەعریفەیە کە خوا و مرۆڤ تێیدا هاوبەشن، بەوەش ئەو

یەکێتییە سادەیە تێک دەشکێنێت، یەکێتی بوونی سروشتی، ئەوەش تەنیا ئەو کاتە دەبێت کە بەرووبوومە حەرام کراوەکان دەخۆن «بەری دارەکەی بردوو خواردی، دایە پیاوەکەشی و ئەویش لەگەڵی خوارد، چاویان کرایەوە و زانیان هەردووکیان رووتن، بۆیە پەلکەداری هەنجیریان کۆکردەوە و خۆیان پێ داپۆشی». مانای وایە یەکەم بیرکردنەوەیان دوای وشیاری زانیان رووتن، ئەوەش وێنەیەکی سادە و قووڵە، چونکە هەستکردن بەشەرم بە رووتی دەرکەوت کاتێک مرۆڤ لە ژیانی سروشتی یەکەمی دابڕا، ئاژەڵ ناگاتە ئەو جۆرە دابڕانە، بۆیە هەست بە شەرم ناکات. دواتر ئەو نەفرەتە هات کە دوای مرۆڤ کەوت، ئەو نەفرەتە لە بنچینەدا لەسەر بەرانبەری و دژکاری نێوان مرۆڤ و سروشت دامەزراوە. پیاو دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی بە عارەقەی نێوچەوانی خۆی بخوات: «لە رێگای ماندووبوونەوە دەبێت هەموو ژیانت بخۆیت، درک و -حسکا- لێ دەڕوێت، بە عارەقەی نێوچەوانت نان دەخۆیت تاوەکو دەگەڕێیەوە سەر زەوی». ئەگەر کار ئەنجامی دابەشبوونی رۆح بێت بەسەر خۆیدا، ئەوە هەر خۆی شێوازی سەرکەوتنە بەسەر ئەو دابەشبوونە و سەر لەنوێ گەڕانەوە بۆ یەکێتی، چونکە ئاژەڵ لەکاتی پەیداکردنی خۆراکدا ئەو شتانە هەڵدەگرێتەوە کە دەیاندۆزێتەوە و دەیانخوات. کەچی مرۆڤ بە پێچەوانەوە، تەنیا لە رێگای کاری خۆیەوە دەتوانێت پێداویستییەکانی تێر بکات، ئەوەش لە رێگای بەرهەمهێنانی شێوازە پێویستییەکانی بەرهەمهێنان و تێرکردنی پێداویستییەکانی، بۆیە دەبینین مرۆڤ لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ شتە دەرەکییەکانیشدا هەر مامەڵە لەگەڵ خۆی دەکات.

چیرۆکەکە هەر بەوەندە کۆتایی نایەت کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەردەکرێن، بەڵکو بەردەوام دەبێت و خوا دەڵێت: «ئەوەتا مرۆڤیش وەکو شتێکە فێری خێر و شەڕ بووە». لێرەدا دەبینین ئایەتەکە وا باسی مەعریفە دەکات کە شتێکی خواییە، وەکو پێشتر هەڵە و حەرامکراو نییە. ئەو ئایەتەش ئەو قسەیە پووچ دەکاتەوە گوایە تەنیا تایبەتە بە عەقڵی موتەناهی. کەچی کاتێک دەقەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خوا مرۆڤی بۆیە لە بەهەشتی عەدەن دەرکرد دوای ئەوەی بەرووبوومی داری مەعریفەی خوارد تاوەکو بەرووبوومی داری ژیان نەخوات، ئەوەش مانای وایە مرۆڤ لەلایەنی فیزیکەوە موتەناهییە و لەناو دەچێت و دەمرێت، بەڵام لەلایەنی مەعریفەوە ناموتەناهییە.

### فەلسەفە

فەلسەفە لەلای هیگڵ هەمەکییەکی پەیوەستە بەیەکترییەوە و پێداویستییەکی نێو خۆیی هانی دەدات و پاڵی پێوە دەنێت، بۆیە لەنێو مێژووی فەلسەفەدا دەنووسێت: «هەموو فەلسەفەیەک پێشتر و ئێستاش پێویستە، کەواتە هیچ فەلسەفەیەک ون نابێت و لەناو ناچێت، بەڵکو توخمی پۆزەتیڤ لەنێو هەر یەکێکیاندا دەبینیت، دوا فەلسەفەش ئەنجامی هەموو فەلسەفەکانی پێشووترە».

فەلسەفە لە پشقەچوونیدا لەگەشەکردنی درەخت دەچێت، گەشەکردنی درەخت مانای ونبوونی تۆویەکەیە بۆ چەند گەڵایەکی بچووک، دواتر کاتێک گوڵ دەردەکات وێنەیەکی نێگەتیڤ پیشان دەدات کە ئەو گەڵایانە وێنەی راستەقینەی درەختەکە پیشان نادەن، پاشان بەرووبوومەکەی دێت و پێیان دەڵێت گوڵەکان وێنەیەکی ساختەی بوونی رووەکن: «لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێک لەوانە نەدەبوو ئەگەر هەموو قۆناغەکانی پێشووتر بوونیان نەبووایە». ئەگەر فەلسەفەی هیگڵ بەرووبوومی مێژوو بێت، ئەوە لەناوەخۆیدا بنەماکانی هەموو فەلسەفەکانی رابردوو هەڵدەگرێت.

### یەکەم- فەلسەفەی یۆنانی

هیگڵ لەکاتی لاوێتیدا ئەوەندە سەرسام بوو بە ژیان و فەلسەفە و ئاداب و بیروباوەڕی یۆنانییەکان بەشێوەیەک خەریک بوو دەسبەرداری ئایینی مەسیحی بێت و بگەڕێتەوە سەر وەسەنییەتی یۆنانی، لەوەشدا هاوشانی سەردەمی خۆی بوو کە خولیای رۆمانتیکی باڵادەست بوو و بانگەشەی مەزنێتی یۆنانییەکانی دەکرد، بۆیە هیگڵ بە درێژایی ژیانی لەژێر کاریگەری یۆنانییەکاندا بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ناوی یۆنانی دڵی رۆشنبیرانی ئەورووپا خۆش دەکات، بەتایبەتی دڵی ئێمەی ئەڵمانی).

هیگڵ پێی وابووە میتۆدە دیالێکتیکییەکەی درێژە پێدراو و پێشقەبردنی دیالێکتیکی کۆنە، بگرە وشەی دیالێکتیک Dialektik خۆی لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراو و بەمانای وتووێژ و دیالۆگ دێت: (لەنێو ئەو

وتووێژەی نێوان دووکەس کە بەدوای حەقیقەتی بابەتێکی دیاریکراودا دەگەڕێن، ڕای ناکۆک دێتە ئارا، بەڵام هەریەک لەوانە هەوڵدەدات لە ڕای ئەوی تر تێبگات، دواتر ئەوانە لەسەر ڕایەکی تازە ڕێک دەکەون و بۆچوونە جوزئییەکانی پێشووتری خۆیان بەلاوە دەنێن، بەو شێوەیە ناکۆکی یەکەم دێت و ئەوانە لەسەر ڕایەک ڕێک دەکەون کە لێک دراوە و باڵاترە).

هیگڵ پێی وابوو هزر بەردەوام بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت: بە پرسێکی پۆزەتیڤ دەست پێدەکات و دژێکی لێ پەیدا دەبێت، دواتر بیرۆکەیەکی فراوانتر دێتە بوون و ئەوانە لەنێو لێکدراوێکی باڵاتر یەک دەخات، بەڵام خودی ئەو لێکدراوە تازەیەش ناکۆکی و دژکارییەکی تازە لەگەڵ خۆیدا دێنێت، بەو شێوەیە کردەکە سەر لەنوێ دووبارە دەبێتەوە.

ئۆکس پێی وایە (هیگڵ بیرۆکەی دیالیکتیکی لە فەلسەفەکارانی یۆنانی و کانت وەرگرتووە)، بۆیە ئێمەش لێرەدا کورتەیەک لەبارەی مێژووی دیالێکتیک لەلای فەلسەفەکارانی یۆنان و نوێ دەخەینە بەرچاو تاوەکو بزانین فەلسەفەکارانی بەر لە هیگڵ چۆن تەماشای دیالێکتیکیان کردووە و ڕای هیگڵ لەبارەی تێڕوانینی ئەوان چییە و تا چ ڕادەیەک میتۆدی دیالێکتیکی ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوانی تری پێش خۆی.

## زینونی ئەیلی

خەڵکانێکی زۆر لەوانەی شارەزان لە مێژووی فەلسەفەی یۆنانی پێیان وایە زینونی ئەیلی داهێنەری دیالێکتیکە، لەوەشدا پشت بە قسەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەبەستن، هیگڵ هەر هەمان بۆچوونی هەیە دەڵێت: (گرنگترین شت کە زینونی ئەیلی جیا دەکاتەوە ئەو دیالێکتیکەیە کە مێژووی خۆی پێ دەست پێدەکات، زینون مامۆستای قوتابخانەی ئەیلی بوو بیرۆکەی پەتی گەیشتە بزاڤی بیرۆکەی تۆتالیتار لە خودی خۆیدا و بوو بە ڕۆحی پەتی زانست). لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین زینون وشەی دیالێکتیکی بەکارهێناوە، ئەگەرچی ئەو پێڕەی شێوازی دیالێکتیکی کردووە، چونکە وەکو ئەوەی بێرنت دەڵێت یۆنانییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین هێشتا نەیان کردبووە عادەت کتێب بنووسن. لێرەدا دەشێت بگوترێت کە ئەفلاتوون یەکەم کەسە ئەو وشەیەی بە ئاشکرا لە وتوێژەکانیدا بەکارهێناوە. زینونی ئەیلی خاوەنی فەلسەفە و ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی نەبوو، بەڵام هەوڵ و کۆششی خستبووە گەڕ بۆ بەرگریکردن لە فەلسەفەی مامۆستاکەی خۆی (پارمندیس) کە نارەزاییەکی زۆری نابۆوە لەسەرتاپای یۆناندا. کورتەی فەلسەفەی پارمندیس بریتییە لە دوو پرسی گرنگ: یەکەم، وجود تاکە. دووەم، وجود جێگیرە. ئەوەش مانای وایە کە زۆرینە و بزاڤ تەنیا و تەنیا دوو ڕوخساری فریو دەرن. زینون لە بەرانبەر نەیارانی پارمندیس- دا هات بەرگری لەو دوو پرسە کرد کتێبێکی نووسی -وەکو ئەوەی ئەفلاتوون دەیگێڕێتەوە- تاوەکو بۆیان ڕوون بکاتەوە کە بانگەشەکردنی فرەیی ناکۆکی و دژکاری زۆرتر لە خۆ دەگرێت لە بانگەشەکردنی تاک و جودا. مانای وایە بەرگری زینون ڕێگای سەلماندنی ڕاستەوخۆی نەگرتۆتە بەر، بەڵکو هەوڵیداوە ڕاوبۆچوونی نەیاران پووچەڵ بکاتەوە، ڕەنگە ئەوەش مەبەستی ئەفلاتوون بووبێت کاتێک دەڵێت زینون بە هەمان پێوەر، گاڵتەی بە گاڵتەچییان دەکردەوە. ئا لێرەدا زیادەکردنەکانی زینون بۆ سەر قوتابخانەی ئەیلی، بە مانایەک لە ماناکان، زیادەیەکی نێگەتیڤ بووە، چونکە ئەو شتە تازەیەی هێناویەتی ئەو ئەنجامانە نەبوون کە خۆی پێیان گەیشتووە، بەڵکو شێوازی گەیشتن بە ئەنجامەکان بووە، باشە ئەو شێوازە چۆن و چی بووە و چۆن هیگڵ کەوتۆتە ژێر کاریگەری؟

میتۆدی زینون لە وتوێژکردن لەگەڵ نەیارانیدا بریتی بوو لەوەی سەرەتا دانی بەوە دادەنا کە قسە و پرسەکانی ئەوان ڕاستە، دواتر بۆیانی ڕوون دەکردەوە کە بۆچوونەکەی ئەوان چەندە ناکۆکی و دژکاری تێدایە و لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. بە مانای ئەوەی کاتێک گەرەکی بوو بەرگری لە بۆچوونەکانی پارمندیس بکات لەوەی کە وجود تاک و جێگیرە، دانی بە ڕاستی ڕەخنەی نەیارەکانی دەنا و لەگەڵ ئەواندا گریانی ئەوەی دەکرد کە وجود بزاڤکارە و ئەوەی بۆ شی دەکردنەوە کە داننان بەو بۆچوونە ناکۆکی و دژکاری زۆر دەنێتەوە، مادام هەردوو پرسی ناکۆکیش بەیەکەوە نەڕاستن و نە درۆن، مادام بۆچوونی نەیاران ڕاست نییە و هەڵەیە، ئەوە بۆچوونەکەی پارمندیس ڕاستە. واتا ئەگەر دەرکەوت فرەیی و بزاڤکاری ناکۆکی دژکارییان تێدایە، ئەوە قسەی پارمندیس ڕاستە لەوەی وجود تاک و جێگیرە، واتە زینون لە ڕێگای بەدرۆخستنەوەی ڕەخنەکانەوە ڕاستی

بۆچوونی پارمندیسی دەسەلماند. لێرە پاساوەکانی زینون دەبنە دووبەش، بەشێکی تایبەت بە فرەیی، بەشێکی تایبەت بە بزاڤ.

یەکەم بیرۆکەی زینون کە سەرنجی هیگڵ ڕادەکێشێت ئەوەیە کە دەڵێت هەموو نێگەتیڤێک بریتییە لە تەعیین، ئەوەش بیرۆکەیەکە بایەخێکی زۆری هەیە لەنێو میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵدا. ئێمە ئەگەر ئەو بیرۆکەیە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی سپینۆزا کۆبکەینەوە کە دەڵێت هەموو تەعینێک نێگەتیڤە و بڵێین: (هەموو تەعینێک نێگەتیڤە و هەموو نێگەتیڤێک تەعینییە) ئەوە ئێمە دەبینە خاوەنی سیمایەکی سەرەکی میتۆدی دیالێکتیکی چونکە هەموو سەلماندنێک تەعینییە و هەموو تەعینێک نێگەتیڤە و تەعین پاڵی پێوەدەنێت بۆ ڕۆیشتن بەرەو نێگەتیڤ، بەڵام ئێمە ناتوانین لەسەر ئەو نێگەتیڤە بوەستین، چونکە هەموو نێگەتیڤێک تەعینییە، تەعینی نوێش ڕووەو نێگەتیڤێکی نوێ هەنگاو دەنێت، بەو شێوەیە پرۆسەکە بەردەوام دەبێت. هیگڵ دەڵێت: (من شتێکی سەرنجڕاکێش لەلای زینون بەدی دەکەم، ئەویش بریتییە لەوەی نێگەتیڤی تەعینی تەعینییە، بەمانای ئەوەی مرۆڤ کاتێک تەعینێک ڕەتدەکاتەوە، خودی ئەو ڕەتکردنەوە، یان نێگەتیڤە هەر خۆی تەعینێکی تازەیە).

نێگەتیڤ بزاڤ مانای سەلماندنی تەعینێکی تازەیە کە بریتییە لە جێگری، نێگەتیڤی فرەیی و سەلماندنی یەکێتییە.

بیرۆکەی دووەم کە لەلای زینون سەرنجی هیگڵ ڕادەکێشێت ئەوەیە کە دەڵێت: (ئێمە دەبینین ئاگری شەڕ لەنێو خودی سەربازگەی دوژمندا گڕی زیاتر دەبێت).

ئەو دەستپێک و سەرەتایەی کە هەریەک لە زینون و پارمندیس و میلیس لێیەوە دەست پێدەکەن بریتییە لە (عەدەم هەر عەدەمە، هەرگیز بوونی نییە و نابێت وجودیش وجودە و هەر تەنیا ئەو حەقیقەتە). ئەوەش مانای وایە ئەوان دوو بیرۆکەی دژکاریان خستە بەرانبەر یەکتری و توانیان لەمیانەی یەکێکیاندا ئەوی تر پووچ پیشان بدەن، واتا لەمیانەی بڕیاری من خۆمدا، لەمیانەی یەکێکیاندا ئەوی تر پووچ پیشان بدەن، واتا لەمیانەی بڕیاری من خۆمدا، لەمیانەی ئەو جیاکارییەی دایدەنێم و پێڕەوی دەکەم لایەنی حەق و پووچ دەستنیشان دەکەم. بیرۆکەکە خۆی سەلب نەکرد، مەبەستم ئەوەیە دژکارییەکی ناوەکی تێدا نەبوو، هەرگیز باش و بەسوودیش نییە، بڕیار لەبارەی ڕاستی مەسەلەیەک بدەم، دواتر بێم و بڵێم مەسەلە دژەکەی ئەو پووچە، چونکە پووچی نابێت لەمیانەی ئەوی ترەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و بگوترێت حەقیقی نییە، چونکە دژەکەی حەقیقیە، بەڵکو دەبێت لەنێو خودی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدرێت، ئێمەش ئەو ئیدراکە عەقڵییە لەلای زینون بەدی دەکەین. لەنێو دیالۆگی پارمندیس- ی ئەفلاتوون، وەسفێکی نایابی ئەو دیالێکتیکە بەدی دەکەین. کاتێک سوقرات دەڵێت: (زینون لەنێو نووسینەکانی خۆیدا- وەکو بنەمایەک- ئەوەی سەلماند کە پارمندیس سەلماندبووی لەوەی هەمەکی بریتییە لەیەک، بەڵام پێدەچێت زینون بانگەشەی ئەوە بکات کە گوایە ئەو شتێکی تازەمان پێدەڵێت. پارمندیس لەنێو پرسەکەی خۆیدا سەلماندی لەوەی هەمەکی بریتییە لەیەک، کەچی زینون بە پێچەوانەوە سەلماندی ناکرێت زۆرینە بوونی هەبێت).

زینون خۆیشی وا وەڵامی ئەو قسانە دەداتەوە گوایە ئەو بۆیە: (ئەو شتانەی نووسیوە تاوەکو بەرگری لە فەلسەفەی پارمندیس بکات لە دژی ئەوانەی هەوڵ دەدەن فەلسەفەکەی پووچ پیشان بدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن داننان بە یەکێتی و تاکی شتەکان، بەرەو زۆر ناکۆکی و دژکاریان دەبات. لێرەدا ئەو کتێبە ناکۆکە لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە بیرۆکەی زۆرینە هەیە و ئامانجیشی ئەوەیە بۆیان ڕوون بکاتەوە کە بوونی زۆرینە و فرەیی بەرەو دژکاری زۆرترمان دەبات لەوەی لە یەکێتی و تاکێنیدا هەیە). بۆیە هیگڵیش دەنووسێت: (ئەوەش ئامانجی تایبەتی دیالێکتیکی بابەتییە کە ئێمە تێیدا نابێت پاڵپشتی لەو بیرۆکە سادەیە بکەین، بەڵام دەبینین ئاگری شەڕەکە لەنێو خودی سەربازگەی دوژمندا گڕی زیاترە).

سێیەم بیرۆکەی زینون کە سەرنجی هیگڵی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە لەلای زینون دیالێکتیک بریتی بووە لە جووڵە و بزاڤ: (هۆیەکەش ئەوەیە کە دیالێکتیک خۆی جووڵەیە، یان بڵێین جووڵە شتێکی تر نییە جگە لە دیالێکتیک، چونکە هیچ شتێک ناجووڵێت تەنیا لەبەر ئەوە نەبێت کە لە ناوەوەیدا دیالێکتیکی خۆی هەڵدەگرێت، چونکە جووڵە بریتییە لە سەیرورەت بەرەو ئەوی تر، واتا شتەکە دەبێتە شتێکی تر جگە لەخۆی، ئەوەش سڕینەوەی خودە یان کۆپی کردنی خودە. ئەگەر

ئەرستۆ گوتوویەتی زینون جووڵەی ڕەت کردۆتەوە، چونکە دژکاری خودی لەخۆ دەگرێت، ئەوە نابێت وا لەو قسەیە تێبگەین گوایە جووڵە هەرگیز بوونی نییە، کێشەکە ئەوە نییە ئایا جووڵە هەیە یان نییە، یا ئایا ئەوە دیاردەیە بوونی هەیە یان بوونی نییە، چونکە هەستەکان جەخت لە بوونی جووڵە دەکەنەوە وەکو چۆن فیل بەدی دەکەن. زینون مەبەستی نەبووە بەو مانایە جووڵە ڕەت بکاتەوە، گرنگیش نییە بوونی هەیە یا نییە، گرنگ حەقیقەتەکەیەتی و گەیشتنە ئەوەی کە جووڵە حەقیقی نییە، چونکە بیرۆکەکەی دژکاری لەنێو خۆیدا هەڵدەگرێت. بەوەش گەرەکیەتی بڵێت: جووڵە بوونێکی ڕاستەقینەی نییە. لێرەوە دەبێت وا تەماشای گوتەکانی زینون بکرێت کە ئاراستەی بوونی جووڵە نەکراوە وەکو دیارە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو شێوەیەی کە دەبێت لە سایەیەوە جووڵە دەستنیشان بکرێت و ڕێڕەوی تێپەڕینی بخرێتە ڕوو. زینون-یش چوارپاساوی جیاوازی لەدژی جووڵە پێشکەش کردووە و لەسەر دابەشبوونی کات و شوێن وەستاوە، دابەشبوونێکی ناموتەناهی).

یەکەم پاساو بریتییە لەوەی: (جووڵە حەقیقی نییە، چونکە ئەوەی پێویستە یەکەمجار لەنێو جووڵەدا پێی بگەین نیوەی ئەو شوێنەیە کە دەمانەوێت پێی بگەین بەر لەوەی بگەینە کۆتایی (ئەوەش بەڵگەیەکە لەسەر گریمانکردنی پێوەندی شوێن بونیادنراوە، ئەوەی دەجووڵێت پێویستە لەسەری ڕێگایەک ببڕێت کە پەیوەستی یەکترییە، بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی دەبێت بەناوەڕاستدا تێپەڕێت، بەڵام ئەو نیوەیە بریتییە لە هەموویەکی نوێ و دەبێت نیوەی ئەو نیوەش ببڕێت، نیوە نوێیەکەش هەموویێکی تازەیە و بەو شێوەیە تاکۆتایی.

کات و شوێن بریتییە لە پێوەندییەکی ڕەها و خاڵێک نییە دابەشبوونی لەسەر بوەستێت، کەواتە نابێت جووڵە هەرگیز کۆتایی بێت. ئالێرەوە ئەوەی کە ناشێت لەنێو جووڵەدا پێی بگەین کۆتاییەکەیەتی. ئێمەش دەزانین چۆن دیۆجینیێن هەوڵیدا زۆر بە سادەیی ئەو پاساوە پووچ پیشان بدات کاتێک بەبێ ئەوەی قسەیەک بکات هەڵسایەوە سەرپێ و لەنێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و هەوڵیدا لەڕێگای جووڵەوە ئەو پاساوە تێک بشکێنێت، بەڵام کاتێک عەقڵەکان دەچنە نێو وتوویێژ لەبارەی حەقیقەتی بابەتێکی دیاریکراودا ئەوە تاکە ڕەخنەی ڕێگا پێدراو، ئەو ڕەخنەیە کە پشت بە عەقڵ دەبەستێت و لە عەقڵەوە هەڵدەقوڵێت، چونکە خەڵک لە ڕاپۆرتی هەستەکانیان تێرنابێ، بۆیە دەبێت لێشی تێبگەن، ئالێرەوە پێویستە وابیر بکەینەوە کە زینون بیری کردووە. هەروەها ئەرستۆ هەوڵی دا وەڵامی ئەو دژکارییانەش بداتەوە کە زینون ورووژاندنی لەبارەی کات و شوێن، بۆیە پێی وابوو کات و شوێن تەنیا لەمیانەی هێزەوە قبووڵ دەکەن تاکۆتایی دابەش بن، ئەگینا بەکردە هەرگیز قبووڵی ئەو دابەشبوونە ناکەن، بەڵام دیارە مادام قبووڵیانە لەمیانەی هێزەوە بەکردەیی دابەش بن، ئەگینا نابێت تاکۆتایی بە دابەشبوون ڕازی بن، چونکە هێز و کردە پەیوەستی یەکترین.

ئەوە دیالێکتیکی زینونە کە تێیدا وتوویێژی لەبارەی کات و شوێن کردووە و دژکارییەکانی خستۆتە ڕوو. تەنانەت دژکارییەکانی عەقڵ لەلای کانت لەوە زۆرتری نەکرد کە دیالێکتیکی زینون کردوویەتی، ئەنجامی کۆتایی دیالێکتیک لەلای ئەیلییەکان بەو شێوەیە بوو: (حەقیقەت تاکە، جگە لەوە هەموو شتێکی تر پووچە) بەتەواوی وەکو ئەوەی کانت پێی وابوو (ئێمە تەنیا دیاردەکان دەناسین)، بەڵام جیاوازییەتی گەورەیان لەنێواندایە: زینون و قوتابخانەی ئەیلی پێیان وابوو جیهانی هەستی بەوێنە زۆر و فرەکانیەوە تەنیا ڕوخسار و دیاردەیە و حەقیقەت نییە، بەڵام کانت پێی وابوو مەعریفەی ئێمە ڕوخساری و دیارە، ئەگینا جیهان خۆی حەقیقەتێکی ڕەهایە، لێرەوە دیالێکتیک لەلای زینون مەزنترە لەوانەی لەدوای خۆی.

ئەوەی بە خەویش دادەنرێت لەنێو دیالێکتیکی زینوندا ئەوەیە کە دیالێکتیکی خودییە و پشت بەخودی بیرکەرەوە دەبەستێت و تاک لەلای ئەو بەبێ جووڵەی دیالێکتیک ناسنامەیەکی ئەبستراکتە. لەکاتێکدا دیالێکتیکی ڕاستەقینە دەخوازێت جووڵە تەنیا بۆ زەینمان نەبێت، بەڵکو جووڵەیەک بێت لە سروشتی خودی شتەکانەوە هەڵقوڵابێت. واتا دەبووایە هەنگاوێکی تر هەبێت دیالێکتیک لە خودی بیرکەرەوە بگوازێتەوە بۆ سەر شتە دەرەکییەکان بەشێوەیەک دیالێکتیک ببێتە هۆی جەوهەر و حەقیقەتی شتەکان، ئەوەش مانای وایە حەقیقەتی شتەکان ببێتە گواستنەوە و جووڵە و گۆڕان و سەیرورەت، شتێک نییە جێگیر بێت، هەموو شتێک لە جووڵە و گۆڕانی بەردەوامدایە، ئەوەش ئەو هەنگاوە گەورەیە بوو کە هیراکلیتس هاوێشتی.

# ڕێزمان چییە؟

ئێمە زاراوەی «ڕێزمان» بەشێوەیەکی تەمومژاوی بەکاردەهێنین، چونکە لە لایەک ئەو زاراوەیە ئاماژە دەکا بۆ ئەو تیۆرە ڕوون و ئاشکرایەی کە زمانەوان دەیخاتە ڕوو وەک وەسفێکی ئەو زانیارییە عەمبارکراوەی قسەکەران هەیانە و لە لایەکی تر ئاماژەیە بۆ ئەو زانیارییە».

**چۆمسکی و هالی لە کتێبی (ڕیزبەندی دەنگەکان لە ئینگلیزیدا)**

## ڕێزمانە وەسفییەکان

ڕێزمانی هەر زمانێک بریتییە لە دەنگەکان و هێشووە دەنگ و یەکە بنەڕەتییەکانی واتا وەک وشە و یاساکانی بەیەک بەستنەوەیان بۆ دروست کردنی ڕستە بۆ گەیاندن و دەربڕینی واتای ویستراو و مەبەست. کەواتە ڕێزمان بریتییە لەوەی کە دەیزانین. ڕێزمان نوێنەرایەتی زانیاری زمانی عەمبارکراو دەکات. بۆ ئەوەی لە سروشتی زمان بگەین، پێویستە لە سروشتی ڕێزمان بگەین بەتایبەتی ئەو کۆمەڵە یاسا (ناوەکی) و بێ ئاگایانەی کە بەشێکن لە هەموو ڕێزمانێکی هەر زمانێک.

هەموو مرۆڤێک کە بە زمانێک قسە دەکا، ئەوە ڕێزمانی ئەو زمانە دەزانێت. کاتێک زمانەوانەکان دەیانەوێ وەسفی زمانێک بکەن، ئەوە هەوڵ دەدەن بۆ وەسف کردنی ئەو ڕێزمانەی کە لە مێشکی قسەکەرانی ئەو زمانە هەیە. هەڵبەتە جیاوازی دەبێت لە نێوان زانیاری قسەکەران، بەڵام دەبێت زانیاری هاوبەش هەبێت. ئەو زانیارییە هاوبەشە- بەشە هاوبەشەکانی ڕێزمان- وا دەکا بتوانین لە ڕێگەی زمانەوە پێوەندی بەیەکەوە بکەین بە جۆرێک هەرچەندە وەسفی

---

**بەدەستکاری لە ئینگلیزییەوە:**
**د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد**
**(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردە)**

زمانەوانەکان شێوەیەکی ڕاستەقینەتر بێ بۆ توانایی زمانی قسەکەران، هێندەی تر وەسفی ڕێزمان و زمانەکە خۆی سەرکەوتووتر دەبێت. ئەو شێوە ڕێزمانە پێی دەوترێت ڕێزمانی وەسفی ئەو ڕێزمانە پێت ناڵێ دەبێ چۆن قسە بکەیت، بەڵکو تەنیا وەسفی زانیارییە زمانییە بنەڕەتییەکانی خۆت بۆ دەکات. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە چۆن دەکرێ قسە بکەیت و تێبگەیت و پێت دەڵێ چی لە بارەی دەنگەکان و وشەکان و فرێزەکانی ڕستەکانی زمانی خۆت دەزانی.

ئێمە زاراوەی «ڕێزمان»مان بە دوو شێوە بەکارهێناوە: یەکەم بۆ ئاماژە کردن بۆ ئەو ڕێزمانە هۆشەکییەی لە مێشکی قسەکەراندا هەیە، دووەمیش وەک شێوەیەک، یان وەسفێک بۆ ئەو ڕێزمانە ناوەکییە. نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕێزمانزانێکی گریکی بەم شێوە پێناسەی ڕێزمان دەکا «ئەوەیە کە ڕێگەمان پێدەدات بە زمانێک قسە بکەین، یان لە بارەی زمانێکەوە قسە بکەین» لە ئێستا بە دواوە ئێمە ئەو دوو واتایە لە یەکتر جیا ناکەینەوە، چونکە ڕێزمانی وەسفی زمانەوان بریتییە لە هەوڵێک بۆ دانانی تیۆرێک سەبارەت بە ڕێزمانی قسەکەر.

کاتێک کە دەڵێین یاسایەک هەیە لە ڕێزماندا وەک «هەموو ڕستەیەک فرێزێکی ناوی هەیە وەک بکەر و فرێزێکی کاری وەک گوزارە» ئەوە یەکسەر دەڵێین ئەو یاسایە لە ڕێزمانی هۆشەکی و ڕێزمانی زمانەوانەکاندا هەیە. کاتێک دەڵێین ڕستەیەک ڕێزمانییە مەبەستمان ئەوەیە کە لەگەڵ یاساکانی هەردوو ڕێزمانەکە دەگونجێ و بە پێچەوانەشەوە کە دەڵێین ڕستەیەک ناڕێزمانییە ئەوە بەشێوەیەک لەو یاسایانە لایداوە، بەڵام ئەگەر پێشنیاری یاسایەک بکەین بۆ زمانەکەمان کە لەگەڵ سەلیقەی زمانی قسەکەر نەگونجێت ئەو کاتە ئەو ڕێزمانەی کە وەسفی دەکەین جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەو ڕێزمانە هۆشەکییەی کە ئاماژەیە بۆ زانیاری زمانی عەمبارکراو بە واتەیەکی تر، ئەوە ئەو زمانە نییە کە ئێمە وەسفمان کرد. هیچ زمانێک یان زارێک لە ڕووی زمانەوە لە یەک ئاستدا نین. هەموو ڕێزمانەکان بەیەک شێوە ئاڵۆز و لۆژیکین و دەتوانن ژمارەیەکی بێ پایان ڕستە دروست بکەن بۆ دەربڕینی پەیامەکانیان. ئەگەر شتێک بتوانرێ لە زمانێک یان زارێک دەرببڕدرێ، ئەوە دەتوانرێ لە هەموو زمانێک و زارێکی تر، ئەگەر شێواز و وشەکانیش جیاواز بن، بەڵام دەتوانرێ دەربڕدرێ.

کەواتە هیچ ڕێزمانێک- هیچ زمانێک- لە ڕێزمانی تر بەرزتر یان نزمتر نییە لە ڕووی پلەوپایەدا زمانی ئەو کولتوورانەی کە لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە پێشکەوتوو نین بەهیچ جۆرێک سەرەتایی نین.

### ڕێزمانی پێوەری

ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەی لە پێشدا باسمان کردن بۆچوونی هەموو ڕێزمانزانەکان نییە. هەر لە کۆنەوە و تاکو ئێستاش «پاکپارێزەکان» پێیان وابووە کە گۆڕان لە زماندا واتە تێکچوونی زمان و لەو باوەڕەدا بوون کە چەند شێوەیەکی دروست هەیە هەموو کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر دەبێ لە کاتی قسەکردن و نووسیندا بەکاریان بهێنێت. گریکەکان لە سەدەی یەکەم و لێکۆڵەرە عەرەبەکان لە بەسرە لە سەدەی هەشتەم و ژمارەیەکی زۆر لە ڕێزمانزانە ئینگلیزەکان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە ئەم بۆچوونەیان هەبووە. ئەوان حەزیان دەکرد پێوەری بن و وەسفی ڕێزمان نەکەن، هەر بۆیەشە بووە هۆی سەرهەڵدان و نووسینی ڕێزمانە پێوەرییەکان.

لە سەردەمی ڕێنیسانسدا چینێکی ناوەڕاستی کۆمەڵ پەیدابوون کە دەیانویست منداڵەکانیان فێری شێوەزاری چینی سەرەوەی کۆمەڵ بن. ئەم حەزو ویستەی خەڵک بووە هۆی پەیدابوون و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر ڕێزمانی پێوەری. لەم ڕێزمانانەدا کۆمەڵێک یاسای چۆنیەتی قسەکردن بە ئینگلیزی خرابوونە ڕوو کە زۆربەیان ڕەنگدانەوەی بۆچوونی نووسەر و دانەری ڕێزمانەکانی دەردەبڕی. ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە کە هەرچەندە ئەو ڕێزمانانە تا ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی زمانی ئینگلیزی هەبوو، بەڵام زۆربەی ئەو یاسایانە پشتیان بە ڕێزمانی لاتینی بەستبوو کە خۆی لەخۆیدا کاری کردبووە سەر ڕێزمانی ئەو زمانانەی کە لەلاتینی پەیدا ببوون. لەبەر ئەوەی خەڵک دەیویست شێوەزاری چینی سەرەوە فێر بن، بۆیە ئەو یاسایانە تا ڕادەیەک شوێنی خۆیان لە نێو ڕێزمانی ئینگلیزیدا کردەوە، بە تایبەتی لەشێوە زاری باڵادا.

جیاوازی ڕێزمانی پێوەری لەگەڵ ڕێزمانە وەسفییەکانی کە لە بەشی پێشوودا باسمان کرد لەوەدایە کە ئەمانە مەبەستیان وەسف کردنی ئەو یاسایانە نییە خەڵک دەیانزانێ، بەڵکو پێیان دەڵێ دەبێ چ یاسایەک بزانن و کاری پێ بکەن.

بە درێژایی مێژوو زمانناس و ڕێزمانزانەکان هەوڵیان داوە زمانەکەیان بە پاکی بهێڵنەوە تاکو لە تێکچوون و فەوتان بیپارێزن. بۆ ئەو مەبەستەش کتێبی ڕێزمانی زۆر دانراون، بەڵام ئەمانە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە زمان بە تێپەڕبوونی کات بەردەوام لە گۆڕاندایە و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ بەر لەو گۆڕانە بگرێ، یان ئاراستەکەی دەست نیشان بکات. هەندێک لەو پاکپارێزانەش لۆمەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن و قوتابخانە و مامۆستایان دەکەن، چونکە ناتوانن پارێزگاری لە زمانی ستاندەرد بکەن.

گومان لەوەدا نییە کە ئەوانەی باوەڕیان بە ڕێزمانی

پێوەری هەیە سەرکەوتوو نین لەبەرئەوەی کەس ناتوانێ نکوڵی لە زیندوویی و گۆڕانە بەردەوامەکانی زمان بکات. هەموو زمان و زارەکان بەهەمان شێوە بیر دەربڕ و گشتگیر و لۆژیکین، بەهەمان شێوە جا چ دوو سەد یان دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بێت بە باوەڕی من ئەوانەی باوەڕیان بە ڕێزمانی پێوەری هەیە، دەبێت زیاتر بایەخ بە بیرکردنەوەی قسەکەران بدەن نەک ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنن.

هەموو زمان و زارێک بە هۆی یاسا کار دەکەن و ئەوەی لە زمانێک لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستە، ڕەنگە لە زمان یان زارێکی تر دروست نەبێت. هەرچەندە ئاشکرایە ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕێزمان و بەکارهێنانەکانی کۆمەڵ و چینێکی دیاریکراو لەنێو کۆمەڵگایەکدا باڵاتر بێ بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، بەڵام لە گۆشەنیگای زمانییەوە ئەو زمان و زارانە هیچیان لە زمان و زارەکانی تری نێو ئەو کۆمەڵگایە کەمتر و زیاتر نییە.

لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا زانینی زاری ستاندەرد باشتر بێ بۆ بەدەست هێنانی کارێکی دیاریکراو، یان پلەیەکی کۆمەڵایەتی باڵا. لەو کۆمەڵگایانەی کە جیاوازی دەکرێ لە نێوان ئەوانەی زاری ستاندەرد دەزانن و ئەوانەی نایزانن باشتر وایە هەوڵ بدەن فێری زاری ستاندەرد بن وەک لەوەی چاوەڕوانی گۆڕانکاری کۆمەڵگا بکەن، بەڵام لە ڕووی زمانییەوە زاری ستاندەرد و باڵا بە هیچ شێوەیەک ڕێزمانێکی باڵاتریان نییە لە زارەکانی تر.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێم کە ئەو سەرنجانەی پێشوو هەموو بەسەر زمانی ئاخاوتن جێبەجێ دەبێ، بەڵام زمانی نووسین کە بۆ فێربوون پێویستە بخوێندرێ و دەبێ پابەندی چەند یاسایەکی پێوەری بین و هەروەها جیاوازی کەمی تێدا بەرچاو دەکەوێ.

## ڕێزمانە فێرکارییەکان

ڕێزمانی وەسفی زمان هەوڵ دەدا وەسفی هەموو ئەو زانیاریانە بکا کە قسەکەر لە بارەی زمانەکەی خۆیدا دەیزانێ. ئەمەش لە ڕێزمانە فێرکارییەکان جیاوازە کە بۆ فێربوونی زمانێک یان زارێکی تر بەکاردێ. ڕێزمانە فێرکارییەکان لە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ بەدیهێنانی پێداویستییە زمانییەکان. ئەو جۆرە ڕێزمانانە بۆ ئەو کەسانە بە سوود دەبێ کە زمانی ستاندەرد، یان زاری باڵا نازانن بەڵام لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری پێیان باشە فێری بن. ڕێزمانە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا یاساکانی زمانەکەو لیستی وشە و شێوەی گۆکردنیان دەخاتە ڕوو کە ئەمەش یارمەتیان دەدات لە فێربوونی زمان یان زارێکی تازە.

زەحمەتە بۆ کەسانی پێگەیشتوو کە بەبێ ڕێنمایی فێری زمانی دووەم بن، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆریش لەو وڵاتە بن کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت. ڕێزمانە فێرکارییەکان وا دادەنێن کە فێرخواز پێشتر زمانێک دەزانێ، بۆیە لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم ڕێزمانی ئەو زمانەی کە دەیەوێ فێری بێت بەراورد دەکات لەگەڵ زمانەکەی یەکەمی خۆی. واتای وشە بەرامبەرەکەی لە زمانی یەکەم بەرچاو دەخرێ. بۆ نموونە بۆ فێربوونی (house) وشەی (خانوو) دادەنرێ کاتێک کوردێک دەیەوێ فێری زمانی ئینگلیزی بێت. وا دانراوە کە فێرخواز واتای خانوو دەزانێ بەهەمان شێوەش فێری (house) دەبێت.

ئەو دەنگانەی زمانی دووەم کە لە زمانی یەکەمدا نین، ئەوە بە ئاماژە بۆ دەنگە نزیکەکانی وەسف دەکرێ کە لە زمانی یەکەمدا هەن، بۆیە فێرخواز بە ڕێنوێنی کردن یارمەتی بدرێ بۆ گۆکردنی ئەو دەنگە تازانە بۆ نموونە بۆ فێربوونی دەنگێکی وەک /وو/ ڕێنوێنییەکان ئەمە دەگرێتەوە (لە کاتی گۆکردنی ئەم دەنگە دەبێ لێوەکان خڕ بکرێن).

هەروەها یاساکانی ڕێزکردنی وشە بۆ دروست کردنی ڕستەی ڕێزمانیش بە ئاماژە بۆ زانیاری فێرخوازان لە بارەی زمانی خۆیان ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە کە کوردێک دەیەوێ فێری ئینگلیزی بێت ئەوە، ڕێزمانی فێرکاری بۆی دەست نیشان دەکات کە ڕیز بوون و شوێنی دیارخەر جیاوازە وەک لە زمانی کوردی، لە کوردی دیارخەر دەکەوێتە پاش ناو، بەڵام لە ئینگلیزی دەکەوێتە پێشی:

| | |
|---|---|
| کچێکی جوان | A beautiful girl |
| کتێبێکی سپی | A white book |

هەرچەندە ئەو ڕێزمانە فێرکاریانەش لە ڕێزمانی پێوەری دەچن، چونکە ئەوانیش هەوڵ دەدەن دەست نیشانی ڕاست و ناڕاست بکەن لە پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانە نوێیەکە، بەڵام مەبەستیان جیاوازە، چونکە ڕێزمانە پێوەرییەکان هەوڵی گۆڕانی یاسا و بەکارهێنانەکانی زمانێک دەدا کە پێشتر فێری بووین.


**سەرچاوە:**

**An Introduction to Language By: V. Fromkin, R.Rodman and N.Hyams Seventh edition 2003**

# سەمەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی

## (لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییە لە لایەنێکی نێگەتیڤی ڕۆژنامەگەری کوردی)

ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

### پێشەکی

دوا بەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و پاش ئەوەی هەلێکی زێڕین بۆ ئازادییەکان هاتە پێش، یەک لەو دامەزراوانەی بووژانەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی، بووژانەوەیەک کە لە هەموو مێژووی نەتەوەکەدا شتی وەها نەبووبێت، بووژانەوەی دامەزراوەی ڕاگەیاندن بوو بە هەموو جۆرەکانی (بیسراو، بینراو، خوێنراو).. ئیدی تا ئەمڕۆی لەگەڵدابێت، سەرژمێری کردنی تەواوی ئەو بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانەی لەو پارچەیەی کوردستان بەشێوەی ڕۆژانە، یان هەفتانە و مانگانە و وەرزییانە دەردەچن، کارێکی هێندە زەحمەتە، لە توانایی کەسدا نییە ژمارەیەکی دروستیان بۆ تۆمار بکات، چونکە بەردەوام و ڕۆژانە لە زیادبووندان و لە هەموو شارو شارۆچکە و تەنانەت ڕەنگبێ لە هەر گوندێکیش کە قوتابخانەیەکی ناوەندی، یان ئامادەیی تێدا بێت هیچ نەبێت بڵاوکراوەیەکی سادەی تێدا دەربکرێت.

دیارە ئەم دیاردەیە دڵخۆشکەرانەیە و ئەگەر کەناڵەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی پلانڕێژ کاربکەن، بێگومان خزمەتێکی گەورە پێشکەش بەکۆمەڵی کوردی دەکەن، بەڵام لەو لاشەوە ئەو بەرفراوانییە لە پەخش و بڵاوکردنەوە وای کردووە سەمەرەی سەیر سەیر بکەوێتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و لە کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش شتی زۆر سەیر دەبیسرێت، کە جاری وا هەیە خوێنەر یان بیسەر دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت ئینجا دەتوانێت

هەڵەیەکی ڕاگەیاندن چاک بکاتەوە، دەنا زۆر خراپ تێدەکەوێت و بەهۆیانەوە دەبێتە خاوەنی زانیاری زۆر عەجایب، ئەمانە وای لێدەکەن لە پێکەنینی خۆیشی بە زانیارییەکانی خۆی دەربازی نەبێت، چ جای پێکەنینی خەڵکانی تر.

دیارە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەموو کەناڵێکی پەخش و هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارێک لە دروستکردنی سەمەرەکاندا وەکو یەک نین، بەڵکو هەیانە زۆر پێشکەوتوون و بەدەگمەن هەڵەیەکیان لێ ڕوودەدات، بەڵام هەشیانە شتی سەیر دەڵێن و دەنووسن، کە بەهۆیانەوە سەمەرەکان دروست دەبن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپشت بەستن بە سەرچاوەکان، کە بڵاوکراوەکانی پەخشی بیسراو و بینراو و خوێنراون، تیشک دەخەینە سەر هەندێ نموونەی ئەو سەمەرانە، هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدان و مەترسی و چارەسەرییەکانی ئەو دیاردەیە ڕوون دەکەینەوە،بەو هیوایەی بە هۆیەوەی بتوانین خزمەتێک پێشکەش بە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین.

**چوونە ناو باس**

ماوەیەکی درێژە بەدەست سەمەرەی ڕۆژنامەگەرییەوە ئازار دەچێژین، جگە لە هەڵەکانی نێو ستۆدیۆ تەلەفزیۆنەکان، کە هەندێک جار لە پڕ گرفتێک پەیدا دەبێت، ئیدی یەکراست بێژەرەکە هاوار دەکاتە سەر دەرهێنەر: (ئەوە دەنگ ناڕوات)؟ یان نۆرە دێتە سەری شتەکانی خۆی بخوێنێتەوە ئەو خەریکی قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکەی، یان خوراندنی شوێنێکی خۆی، یان قژداهێنان و...تاد و ئاگای لە دەرهێنەر نییە!! بیسەریش هەموو ئەو شتانە دەبینێ و دەبیستێت، ئیدی وەرە ئۆقرەی ئەوەی بمێنێت بەردەوام بێت لە تەماشاکردن و گوێگرتن لەو کەناڵە کە بەو شێوەیە میزاجی تێک دەدات.

وا هەست دەکەم یەکەم بێزاربوونی زۆر زەقم لەسەمەرەکانی ڕۆژنامەگەری بۆ ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٩٦، یان ئەو دەوروبەرە بگەڕێتەوە، کە بەداخەوە ئەو مێژووەم لای خۆم تۆمار نەکردووە و لەبیرم چۆتەوە، بەڵام ئەوەی هەمیشە لە یادم بێت ئەو سەمەرەیەیە، کە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی یەک لە ڕادیۆکانی ناوخۆم بیست، تێیدا بێژەری بەڕێز باسی لە ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سووری دەکرد، دەیگوت: (شایانی باسە ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی (قەتەڕ)ی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە لە (سووریا)...)!! زۆرم سەیر پێهات باشە سەرکردایەتی قەتەڕی حیزبی بەعس بۆ لە سووریایە؟! کەوتمە بیرکردنەوە، هیچی تێنەگەیشتم، ناچاربووم ڕستەکە بکەمەوە عەرەبی، چونکە هەواڵەکانی ئەو کەناڵانە بە زۆری هەر لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ عەرەبییەکان وەردەگیرێن، لەوێدا بۆم دەرکەوت هەڵەکە چییە و چۆن دروست بووە!! ڕاستییەکە ئەوە بوو: (والجدير بالذكر.. أنه عضو في القيادة القطرية لحزب البعث العربي الأشتراكي في سوريا..) واتە: (قطر) کە (هەرێم)ە وەکو (قطر) کە ناوی وڵاتێکی کەنداوە، لەبەر ئەوەی لەڕووی ڕێنووسەوە لە عەرەبیدا وەکو یەک دەنووسرێن، ئەوە وای کردووە ئەو بەڕێزەی هەواڵەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەو دوو شتەی لێ تێکەڵ بێت و لە بڕی وشەی سەرکردایەتی هەرێمایەتی، بنووسێت سەرکردایەتی قەتەڕی؟! کاکی بێژەریش بێ بیر لێکردنەوە، چونکە دەرفەتی ئەوەی نییە!! پێشتر هەواڵەکانی خۆی جارێک بخوێنێتەوە تا بزانێت کەموکوڕییەکانی چین! یەکسەر هەواڵەکە وەک داڕێژراوە دەخوێنێتەوە و بەمە خزمەتێک پێشکەشی بیسەرانی شارەکەی دەکات!!

ڕستە بێ (فرمان)ەکانیش ئەوە هەر مەپرسە چەند لە چەشەی بیسەر و بینەر دەشێوێنن، کە جاری وەها هەیە هەندێ لە بێژەرە بەڕێزەکان، یان هەندێ لە نووسەر و وەرگێڕ و ئامادەکارەکان ڕستەیەکی ئاوێتەی دوورو درێژی پێکهاتوو لەچەند لا ڕستە پێشکەش دەکەن، بەڵام لە ئەنجامدا (فرمان)ە سەرەکییەکەی ڕستەی مەبەست لەبیر دەکەن، ئیدی بیسەر یان خوێنەری ئازیز ئەوە هیچ نییە!! ئازابەو بۆشایی فرمانەکە بە زیرەکی خۆت پڕ بکەوە، چونکە ئەوە لەوانەیە بۆ ئەوە وای لێکرابێت، کە زیرەکی تۆ تاقی بکەنەوە!!!

بەهەرحاڵ ئەوەی باس دەکرێت زۆرێکی خوێنەر و بیسەرانی ئەو وڵاتە ئازار دەدات، ئێستا کاتی ئەوە نییە بۆ پێکەنین باس لەو مەسەلەیە بکەین، بەڵکو کاتی ئەوەیە بە پەلە بچینە بنجوبناوانی ئەو دیاردەیە، بەشێوەیەکی زانستی لێی بکۆڵینەوە و بگەینە

ئەنجامێکی پەسەند، تا ڕۆژنامەگەریمان لەو بارە دەربێنین و ئەوانەی بەشێکیان بەردەکەوێت لە دروستکردنی سەمەرەکان بەخۆیاندا بچنەوە و خۆیان چاک بکەن.

### هۆکارەکان

١- زۆری کەناڵەکانی هەر سێ بەشی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێنراو، بەبێ هەبوونی داڕێژەرەوەو پسپۆڕی زمانین، ئەگەر کەسێکیشیان هەبێت بۆیان بەدەقەکاندا بچێتەوە، بە زۆری بە سەلیقە خۆیان فێرکردووە، نەک کەسانی پسپۆڕی زمانی کوردی بن، بۆیە سەرەنجام ئەو دیاردانە ڕوودەدات.

٢- هەندێ جار کەم شارەزایی هەندێ لەو بەڕێزانەی تایپ دەکەن، دەشێ زۆرجار پیتەکانی وشەیەک پاش و پێش بکەن، یان بڕگەیەک کە لە شوێنێکەوە دەگوازنەوە شوێنێکی تر بە تەواوی نەیگوازنەوە و بەشێکیان لەبیر بچێت، بەوەش سەمەرە دروست دەبێت.

### مەترسییەکان

١- هەبوونی ئەو دیاردەیە زەوقی خوێنەر تێک دەدات و وەڕسیی لە خوێندنەوە لای خوێنەر دروست دەکات.

٢- بەم شێوەیە بابەتەکان ناتوانن پەیامی خۆیان وەکو پێویستە، بگەیەن.

### چارەسەرییەکان

١- دانانی پسپۆڕی زمانی بۆ چاودێریکردن و پێداچوونەوەی چاپکراوەکان.

٢- وردبوونەوەی زیاتری تایپیستەکان لە کارەکانی خۆیان.

٣- هەبوونی چاودێری پێویست لەسەر ئەو تریسانەی، کە بۆ چاپ دەبرێن.

### چەند نموونەیەک لە سەمەرەکان

**یەکەم:** دەنگی هەولێری ڕادیۆی مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

شەممە ٢٠٠٦/٨/٥ لە هەواڵەکانی کاتژمێر (سێ)دا بێژەر گوتی: (ئەمڕۆ تاریق عەزیز!! بۆ پرسی چەکدارانی پەکەکە گەیشتە تورکیا..).

لەڕاستیدا بیسەر کە ئەمە دەبیسێت باشە بەرگە دەگرێت و ئۆقرەی دەگرێ!! باشە (تاریق عەزیز) کێیە؟! ئێ ئەگەر خوانەخواستە (تاریق عەزیز) بەرپرس بێت؟! کەوابێت دەبێت دنیا تێکچووبێتەوە!! پەنا بەخوا!! دەنا چۆن (تاریق عەزیز) بووەوە بەرپرسێکی حکومەت و بۆ چاری مەسەلەکان سەردانی وڵاتێکی دەرەوە دەکات؟! ئەدی باشە ئەو یەک لە ٥٥ داواکراوەکان نییە و لە زیندان نییە؟! ئەدی چی بەری داو کردییەوە بەرپرس؟! بەدرێژایی ڕاپۆرتە هەواڵەکەش بێژەری بەڕێز هەستی نەکرد، کە هەڵەیەکی وەها زەقی کردووە؟! یان نەیویست خۆی بە هەڵە پیشان بدات، بۆیە هەر داوای لێبوردنیشی نەکرد و زۆر ئازایانە دوای تەواوکردنی دوابڕگەی هەواڵەکانی، کۆتایی بە ڕاپۆرتە هەواڵەکەی هێنا!!

دوای ئەوە هەواڵەکانی کاتژمێر (پێنج) هاتەوە، واتە ئەوەی دوو کاتژمێر بەسەر هەواڵەکەی پێشوودا تێپەڕیبوو، ئەم جارە وەک ئەوەی زۆر بێ کێشە بێت، بێژەری بەڕێز بێ ئەوەی گوایە بیەڵێت کەس هەستی پێ بکات، گوتی: (ئەمڕۆ تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عیراق بۆ پرسی چەکدارانی پەکەکە گەیشتە تورکیا...) ئێ باشە (تاریق هاشمی) لەکوێ؟ (تاریق عەزیز) لەکوێ؟ توخوا بێژەری زیرەک هەڵەی وەها دەکات؟!

**دووەم:** ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە(٢٢١٨)، شەممە ٢٠٠٦/٧/٢٨، ل٧.

(کۆڵاندا فێری هیچ نابن جگە لەکاری خراپ) ئەمە وەکو مانشێتێکی لاوەکی لەناو بابەتێک بەناوونیشانی (خولی مۆسیقاو کۆمپیوتەر...)دا هاتووە: خوێنەر چەندی دەیخوێنێتەوە هیچی لێ تێناگات، ئەوە نەبێت پێویستە خۆی وشەی بۆ زیاد بکات و بۆشاییەکانی پڕ بکاتەوە، بە هەموو پێوەرێک دەبێت مانشێتەکە بەو جۆرە بێت: (منداڵان لە کۆڵاندا فێری هیچ نابن جگە لەکاری خراپ).. بەڵام وشەکانی (منداڵان) و (لە) پەڕیون!! ئەوە دیارە بۆ ئەوەیە، کە خوێنەر تاقی بکەنەوە بزانن ڕۆشنبیری ئەوەیان هەیە لە هەڵەیەکی وەها تێ بگەن،یان نا!

**سێیەم:** ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ٢٢٢، شەممە ١٦ی ڕەبیعولسانی ١٤٢٧ی هیجری بەرانبەر ٢٠٠٦/٥/١٣، ل٩.

کچەکەی دکتۆرە نەوال سەعداوی بڕیاری دا نەسەبی

خۆی بگەڕێنێتەوە بۆ دایکی... ئەمە ناوونیشانی بابەتێکە، تێیدا هاتووە: مونا حیلمی کچی دکتۆرە نەوال سەعداوی... ئەوەی ڕاگەیاند کە نەسەبی خۆی گەڕاندەوە بۆ دایکی، لە یەکێک لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی (من اليوم سأحمل أمـي).. واتە: (لەو ڕۆژەوەی کە ناوی دایکم هەڵگرد).

دیارە ئەو بابەتە سەمەرەی زۆری تێدایە، لەوانە:

١- لەکوردیدا بۆ ژن و پیاو هەر وشەی (دکتۆر) بەکاردەهێنرێت، نەک (دکتۆرە)، مەگەر نووسەر هەر دەربڕینە عەرەبییەکە بگوازێتەوە، کە ئەوە لە هەندێ شوێن و بۆ هەندێ مەبەست، دەشێ گونجاو بێت.

٢- ڕستەکەی: لە یەکێک لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی (من اليوم سأحمل أمـي).. فەرمانی تێدا نییە، کە دەبوو فەرمانی (بلاوکردەوە)ی بخستبووایە دوا دێڕی و بەم شێوەی بینووسیبووایە: (لە یەکێک لە گۆڤارە میسرییەکاندا نووسینێکی لەژێر ناوی «من اليوم سأحمل أمي» بلاوکردەوە).

٣- وەرگێڕانی تاقە ڕستە عەرەبییەکەی ناو بابەتەکە: (من اليوم سأحمل أمـي).. کە گۆڕیویەتی بە: (لەو ڕۆژەوەی کە ناوی دایکم هەڵگرد).. هەڵەیە، دروستەکەی بریتییە لە: (لەم ڕۆوە ناوی دایکم هەڵدەگرم)، بەڵام لەوەش باشتر ڕاست وایە وەرگێڕان وەرگێڕانی واتا بێت، واتە: کە خوێنەر وەرگێڕاوە کوردییەکە دەخوێنێتەوە وا بزانێت بابەتەکە بە کوردی نووسراوە نەک هەست بکات بەوەی وەرگێردراوە، بۆیە جوانتر و پەسەندتر وابوو، ڕستەکە بەو شێوەیە بکرێتە کوردی: (لەم ڕۆوە خۆم بە ناوی دایکم هەڵدەدەم)، چونکە کورد وەها قسە دەکات.

٤- وشەی (هەڵگرد) هەرچەندە لە شوێنی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆیشی بەکاربهاتبووایە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەیە، چونکە: ئەم وشەیە فەرمانی ڕابردووی ڕووتی چاوگی (هەڵگرتن)ە، کە ئەویش (هەڵگرت)ە، نەک (هەڵگرد)!!

٥- (لەو ڕۆژەوە) هەڵەیە، (لەم ڕۆژەوە) یان (لەم ڕۆوە) دروستەکەیە، چونکە: (لەو...ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ دوور، بەڵام (لەم...ە) ئاوەڵناوی نیشانەیە بۆ نزیک، (من اليوم)یش نزیکە، نەک دوور.

**چوارەم:** ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٢٩٩)، چوارشەممە، ٢٠٠٦/١١/٨، ل١٢، وتاری: بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیات..)

لەم وتارەدا لە بارەی پێشکەشکردنی قوتابیان بۆ بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابدا هاتووە: (جەنابی مەریوان نەقشبەندیش یەکێکە لەوانەی داوای وەرگێڕانی لەو بەشە کردووە...)!!

باشە کاک مەریوان بۆ داوای وەرگێڕان دەکات؟! خۆ مرۆڤ خوا خوایەتی وەرنەگەڕێ!! بەڵام نا ئەوە هیچ نییە هەڵەی چاپە، مەبەست ئەوەیە: جەنابی مەریوان نەقشبەندیش یەکێکە لەوانەی داوای وەرگیرانی لەو بەشە کردووە! ئاخر توخوا خەڵکینە (وەرگێڕان) و (وەرگیران) چ پێوەندییەکی واتاییان لەنێواندا هەیە؟!! بەس قەیناکات خوێنەر زیرەکن تێدەگەن!

**پێنجەم:** شریتی هەواڵی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو: کەناڵی هەولێر، کاتژمێر ٩,٣٨ دەقیقە، شەوی ٢٠٠٦/٧/٣٠

تاکەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی دێت؟

ئەم ڕستەیەی سەرەوە هەڵەیە، ڕاستییەکەی دەبێت یەک لەمانەی خوارەوە بێت:

١- کەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی دێت؟

٢- تاکەی گرفتی سووتەمەنی کۆتایی نایەت؟

بەڵام ئەوەی نووسرابوو، بەخودای چ مانای نییە و چ مەبەستی ئامادەکەری ڕستەکەش ئەوە نەبوو، کە خستبوویە بەرچاو!!

**شەشەم:** ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە(٢٢١٩)، یەکشەممە ٢٠٠٦/٧/٢٩، ل١٢.

(کۆنترین خێزان لە جیهاندا) ئەمە ناوونیشانی بابەتێکە، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە بیری بۆ یەکەم خێزانی سەرپشتی زەوی دەچێت، کە خێزانەکەی (باوکە ئادەم و دایکە حەوا)یە، بەڵام کە ناواخنەکە دەخوێنیتەوە دەبینیت مەبەست (بەتەمەنترین) خێزانە، نەک (کۆنترین) خێزان، کە ئەم دوو وشەیەش زۆر لە یەکدی جیاوازن، ئاخر (کۆن) ڕەگی مێژوویی هەیە (تەمەن)یش بەشێک لە مێژوو بۆ خۆی دەبات، دەشێت لە هەر سەردەمێکی کۆن، یان نوێدا بەسەر ببرێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە: ئەو خێزانەی باس کراوە، کە ئاهەنگی (هەشتاو پێنجساڵەی ئەڵقەگۆڕینەوە)یان گێڕاوە،

(هەشتـاو پێنج) ساڵ بۆ سـەردەمی ئێسـتـا تەمـەنێكی هاوسەری درێژە، دەنا بۆ سەردەمەكانی پێشوو بۆ نموونە نەتەوەكــەی (نـوح) درووود و ســڵاوی خــوای لەســەر، تەمــەنیــان نزیكەی هەزار سـاڵ یان زیاتر بـووە، ئەوەش واتە: تەمـەنی هاوسـەرییـان بەلانی كـەم هەشت سـەد نۆ سەد ساڵ بووە، كەوابێ بەو پێوەرەش ئەو خێزانەی باسی لێوە كراوە، هەر بە تەمەنترین خێزان نینە.

لەوە سـەیرتر لە یەكـەم دێری ئەو بابەتە نووسـراوە: (هەردوو ژن و مـێـردی تایوانی لیـۆ یۆنگ و یـانگ وان ئاهەنگی هەشتاو پێنج ساڵەی ئەڵقە گۆڕینەوەی نێوانیان گـێـڕا).. دەسـتـەواژەی (هەردوو) كـە چۆتە سـەر (ژن و مـێـرد) ئالۆزییـەكی ڕێزمـانی دروست كـردووە، چونكە (هەردوو) ئامــاژەیە بۆ (دوو)، بەڵام (ژن و مــێــرد) بەسـەریەكـەوە (یەك)ن، نەك دوو، واتە: ڕاسـتـە دوو كەسن، بەڵام بە هەردووكیـان (ژن و مـێـرد)ەكـە دروست دەكەن، كە ئەمە بەرانبەرە بە (خێزان) ئەویش (یەك)ە، كـەوابوو دەبوو بنووسـرێت: (ژن و مـێـردی تایوانی لیـۆ یۆنگ و یانگ وان ئاهەنگی هەشتاو پێنج ساڵەی ئەڵقە گـۆڕینەوەی نێـوانیــان گـێــڕا)، نەك دەســتــەواژەی (هەردوو)ی بخـرێتـە سـەر، كـە ئەمـە ئالۆزییـەكی واتا دروست دەكـات، بیـری خـوێنەر بۆ ئەوە دەبات: بابەتەكـە باس لەدوو ژن و دوو مـێـرد دەكـات، بەڵام لە ڕاسـتـیـدا باس لە یەك ژن و مــێــرد دەكــات، وەكــو ئامــاژە بەناوەكانیشیـان دەكات، ئەگینا (دایك و كچ)یش وەكو (ژن و مـێـرد) وەهان، تۆ كـە باس لە (دایـك و كچ)ێك دەكـەیت، دەبێت بڵـێـیت: (دایك و كـچـەكـە)، نەك (هەردوو دایك و كچەكە) واتە (دوو دایك و دوو كچ).

**حـەوتەم:** بەرنامەكەی نایف ئاسوودە، ئێوارەی شەممە ٢٠٠٦/٧/٢٩، تەلەفـزیۆنی كـۆمـەڵ، كـەناڵی هەولێـر، كاتژمێر، ٨,٥٦ دەقیقە.

كـچـێكی ڤـێـتنامی ١٩٩ بزمـار دەخـوات.. لەژێر ئەو ناوونیـشـانە لە بڕگـەیەكـدا هاتبـوو: د. ڤـان تیم گـوتی: دوای ئەوەی پشـكنینمـان بۆ ئەو ئافـرەتە كـرد، دەركـەوت چەند (تەنێك)ی بزمار لەنێو گەدە دایە؟!

ئەم نـاوەرۆكـە دەبێت چەند سـەیر بێت؟! ئاخـر (تەن) هەزار كـیـلۆیە، ئێ باشـە زگی ئەو ئافـرەتە دەبێت چەند بێت، كـە چەند (تەن)ێك بزمـاری تێـدا دۆزرابێـتـەوە؟! بەڵام ڕاستییەكەی چەند (تەلێك)ە، كە بەداخەوە بەهۆی هەڵەیەكی بچووكەوە دروست بووە، ئەویش ئەوە بووە، كە پیتی (ل)ی وشەكە كراوەتە (ن)، بەوەش ئەو سەمەرەیە دروست بووە، كە ئەقڵ پەسندی ناكات!!

**هەشـتــەم:** ڕۆژنامــەی (خــەبات)، ژمــارە(٢٢٢٠)، دووشەممە ٢٠٠٦/٧/٣٠، ل١٠

(گــرنگی و پێــویســتی دراوە قــورســەكــان لە كوردستاندا).. ئەمە ناوونیشانی بابەتە، كەچی لەیەكەم دەست پێكـیــدا نووســەر نووســیــویەتی: (دراوە گـرانبـەهاكـان...)، كـە ئەمـەی دووەم زۆر لەوەی ناو ناوونیشانەكە گونجاوتر و جوانترە، ئاخر (دراوی قورس) یانی چی؟! خوێنەر (چەكی قورس) و (ساواری قورس) و (خەوی قورس) و (ڕەزای قورس)ی بیستووە، بەڵام (دراوی قــورس) چ واتایەك دەبەخـشێ؟ خـۆ ئەگــەر وەرگێڕدراوی زاراوە عـەرەبیـیـەكـەش بێت: (العـمـلات الصـعـبـە)، هەر بەو مـانایە نیـیـە، كـوردیش بۆ پارە (گـرانبـەها) و (بەبەها) و (بەنرخ)ەكـان بەكـار دێنێت، نەك (قورسەكان)؟!!

**نـۆیـەم:** ڕۆژنامەی كۆمەڵ، ژمارە(٢٢٢)، شەممە ١٦ی ڕەبیعولسانی ١٤٢٧ی هیجری بەرانبەر ٢٠٠٦/٥/١٣ دوا لاپەڕە.

ناوی بوو بە درێژترین بورج.. ئەمــە ناوونیــشــانی بابەتێكە، كە تێیدا باس لە (ئیڤل)ی ئەندازیار دەكرێت، كە لە هەشتاكانی سەدەی نۆزدە بیرۆكەی دروستكردنی تاوەر (بورج)ێكی جوان و بڵندی بۆ پایتەختی وڵاتەكەی پێـشـكەش كـرد و لە مـاوەی بیـست و دوو مـانگدا ئەو بورجەی ویستی بە بڵندی ٩٨٤ مەتر دروستی كرد..

١- (درێژترین) هەڵەیە، (بڵندترین) ڕاسـتـە، چونكە بورجەكە بەشـێـوەیەكی سـتـوونی دروست كـراوە، وشـەی (درێژترین) بۆ درێژیـیــەك بەكــاردەهێنرێت، كــە بەشـێـوەیەكی ئاسـۆیی دروست كـرابێت، بەڵام وشـەی (بڵندترین) بۆ شتێك دروست دەكرێت، كە بەشێوەیەكی (سـتـوونی) دروست كـرابێت، ئەو بورجـەش بەسـتـوونی دروست كـراوە، نەك بە ئاسـۆیی، وەك لە بابەتەكـەش هاتووە بڵندییەكەی ٩٨٤ مەترە!

٢- ناوونیــشــانەكــە هەڵەیە، دەبوو بـریتی بێت لە: (ناوی بـوو بەناوی بـڵندتـرین بـورج).. چونكـە (ناوی كەس) نابێتە بورج، بەڵكو دەبێتەوە ناو بۆ بورج!!

دەیەم: هۆنراوە و گـۆڕانیـیـەكـانی زیاد ئەسـعـەد، ئا:

عـەبدولغـەفـار عـەبدوڵڵا، بەرگی یەکـەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٤.

**تاکە خەونێکم نەهاتۆتە دی سۆسێر**
**سەدان خەونی دی سۆسێر وا بەڕێوەیە**

ئەوەی گـومـانی تێـدا نـەبێت ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەو دێرە هۆنراوەیە دەبێت ئەمەی خوارەوە بێت:

**تاکە خەونێکم نەهاتۆتە دی**
**سەدان خەونی دی وا بەڕێوەیە**

بەڵام سـەیرەکـەی لەوەدایە، هەردوو (دی)یەکـان، کـە لەنیـوە دێری یەکـەمـدا بەشێکە لە فـەرمـانی (نەهاتۆتە دی)ی لێکدراو، لەنیـــوە دێری دووەمـــیـــشـــدا ڕاناوی نادیاری تەواوکـەری وشـەکـەی پێـشـە خـۆیەتی، کـە (خەون)ە، کراونەتە (دی سۆسێر) کە ناوبراو زانایەکی زمانەوانی نەمساوییە و چ پێوەندییەکی بەناو ئەو شیعرە غەرامییەوە نییە، باشە تۆ بڵێی چی وای کردبێت ئەو (دی)یانەی خوێندمانەوە ببن بە (دی سۆسێر)؟!

ئەم دیاردەیە دیارە لە ڕۆژنامـەگەری کوردیدا نوێ نییە، ئەوەتا (د. مـارف خـەزنەدار) نزیکەی سی سـاڵ پێش ئێستا لەسەمەرەی لەو شێوەیەی ئاگادارکردووینەتەوە، لە وتارێکی بەناوونیـشـانی بۆ پێکەنین، لە گـۆڤـاری ڕۆژی کـوردسـتـان، ژمـارەکـانی ٤٥ و ٤٦ ئازار و نیـسـانی ١٩٧٧، ل٣٦دا دەڵێت: لـە ڕۆژنامـــەیەکی کـــوردی نووسـرابوو (زانای ئەرمـەنی باوکی ڤـیـان لەسـەر ئەو باوەڕەیە، کە کورد سوارچاک و لاوچاکی ڕۆژهەڵاتن...) سەیرە!! کابرای نووسەر بە عەرەبی ناوەکەی خوێندۆتەوە، ڕەنگە لە (الاکـراد)ەکـەی سـاڵی ١٩٥٩ی (شـاکـر خەسباک)ی وەرگرتبێت، کە بەم شێوەیە ناوی ئەو زانایە نووسراوە (ابو فیان)! ئیتر دیارە ئەو نووسەرە ئاگای لە هیـچـیش نیـیـە، چونکە ئەگـەر سـەرەواوێکی لە سکا بووایە، وشـــەکـــەی نەدەکـــرد بە دوو کـــەرتەوە و بەشی یەکـەمی وشـەکـەی کـە (أبو)ە نەیدەکـرد بە عـەرەبی و لەعـەرەبیش تەرجـەمـەی کوردی نەدەکـرد!! یەکێ ئەگـەر نەزانێ زانایەکی ئەرمـــەنی کـــورد دۆست لە ســـەدەی نۆزدەیەمـدا هەبووە، ناوی (خـاچاتۆر) و لەقـەبی (ئابۆ ڤیان) بووە، هەق وانییە دەست بداتە قەڵەم!

هەر (د. مـارف) لە هەمـان وتاردا سـەمـەرەیەکی دیکەش دەخـاتە بەرچاو و دەنووسـێت (دەسگاییێکی تری کـوردیش کـە (مـەجـمـەعی عـیلمی)یە، هەرچەندە ناوی زانای کـوردی سـۆڤـیـەت (حـاجی جندی)ی هێنابێت، لە چاپەمـەنیـیـەکـانیـدا نووسـیـوبەتی (حـاجی جـوندی)، وا دەزانێ وشـەی (جند)ی کوردی هەمـان وشەی (جـوندی) عـەرەبیـیـە، واتە: (عـەسکەر و سـەرباز)!! ئەم دەسگایە هەرچەندە پسـپـۆڕی شـێـوەی کـرمـانجی سـەرووی زمـانی کوردیشی تێدایە، بەڵام دیارە نازانێ، کە وشەی (جندی) لەکوردیدا بەواتای (ئازاو قارەمان) هاتووە!

**ئەنجام**

لە ئەنجـامی ئەو کـورتە لێکۆڵـینەوەیەدا دەرکـەوت، زۆربەی کـەناڵە بیـسـراو و بینراو و خـوێنراوەکـان هەڵەی ســـەیریان لێ ڕوودەدات، ئەو هەڵانە جـــێی داخن، بە زۆریش خـۆیان لە هەڵەی چاپ و هەڵەی خـوێندنەوەدا دەبیننەوە، بەو هیـــوایەی تەواوی کـــەناڵەکـــان وردتر کـارەکـانیـان بە ئەنجـام بگەیەنن، بۆ ئەوەی بە هەمـوو لایەک خـزمـەتی گـەورەتر پێـشکەش بەگـەل و وڵاتەکـە بکەن.

لەکۆتاییشدا دەستخۆشیم بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونم بۆ هەموویان دەکەم، بەو هیـوایەی کـاتێکی بەسـوودیان لەگـەڵ بابەتەکە بردبێـتـە سەر.

# دۆزینەوەی شوورەی شاری هەولێر و دەرگاکانی

عەبدولڕەقیب یووسف
(سلێمانی)

مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف کە دەمێک ساڵە وەک خەمخۆر و دڵسۆزێکی بواری شوێنەوار و مێژوونووسی و هەوڵدان بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان کاری کردووە، لەم ساڵانەی دواییشدا خەریکی کارکردنێکی زۆر بوو بۆ دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی شوورەی شاری هەولێر. مامۆستای ناوبراو لقێک لە لقەکانی شوێنەواری دۆزیوەتەوە کە پێشتر دامودەزگاکانی خۆمان پێیان نەزانیوە و لێی ئاگەدارنەبوون، بۆیە هەرچەندە شوێنەوارێکی زۆری لەکوردستانی گەورەدا دۆزیوەتەوە، بەڵام دۆزینەوەی هێڵی شوورەی هەولێر و دەرگاکانی گەورەترین سەرکەوتنە بۆ ئەو لە بواری شوێنەواردا.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف وەک ئێمە ئاگادارین هەنگاو بە هەنگاو بۆ مەسەلەی شوورەی هەولێر چووە. ئەو وەک بۆی باس کردووم لە حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووەوە بیری لەم شوورەیە کردووەتەوە، تا ساڵی ١٩٨٢ کە پارچەیەکی ئەو شوورەیەی لە حەوشەی خانووی خوالێخۆشبوو ناسح حەیدەری دۆزیوەتەوە کە درێژییەکەی (١٨م) و نیوە، دەشڵێ تەنیا ئەو پارچەیە لەو شوورەیە ماوە کە ڕەنگە لە درێژی و پانی لە کوردستاندا گەورەترین شوورە بێ، چونکە بە (٨٩٠م) گەورەتر بووە لە شوورەی (دیاربەکر)ی بەناوبانگ.

لە بەهاری ساڵی پاردا وێنەی ئەم پارچەیەی بۆ بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد، ئەویش زۆر پێی خۆشحاڵ بووە و دەسبەجێ داوای کردووە لێژنەیەک بۆ چۆنیەتی پاراستنی دابنرێ، هەر زووش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران خانووی (ناسح حەیدەری) بە پارچە شوورەکەوە کڕی و

ئیستیمـلاک کرد. پاشان مـامۆستا عـەبدولڕەقیب لە گۆڤاری (مێرگ)ی ژمارە (١٣)دا وتارێکی بڵاوکردەوە و تێیـدا باسی ئەو زانیـاریانەی کردووە کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا سەبارەت بە شوورەکە هاتوون. پاش ئەوە دەرگـای ڕۆژهەڵاتی شـوورەی پێش ئیـسـلامی بەهۆی زانیاریبەکانی مـێژووی (ئیبنولستەوفی) دۆزیوەتەوە. هەندێ لە بەردە مەرمەڕە گەورەکانی دەرگاکەشی لەم لاو ئەولای دەرگاکە دۆزیوەتەوە. پاش هەموو ئەمانە دەستی کردووە بەدەستنیشانکردنی هێڵی شوورەکە و بەکامێرای ڤیدیۆیی و فۆتۆگرافیش وێنەی هەر هەمووی گرتووە، ئەم کارانەشی لە چەندین ڕۆژدا ئەنجام داوە. ئەو زانیاریانەی ئێستاکە لەو وتارەدا پێشکەشی کردووین لە شێوەی ڕاپۆرتێک بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی و چەند وەزارەتێکی پێوەندار ناردووە تا حکومەت هەموو شوورەکە، یان هەندێکی لێ زیندوو بکاتەوە، دەشڵێ بەپێی هەندێ زانیاری نوێ کە پاشان بڵاوی دەکەینەوە، پانی ئەم شوورەیە (٦م) بووە. لە دوماهی ئەم وتەیەمدا کە بۆ ئەو وتارەم نووسیوە دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف دەکەین و هیواداریـن و بە پێویستیشی دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتگیری لە تەواوی هەنگاو و کارەکانی ئەو مرۆڤە ماندوونەناسە بکات.

**«سەرنووسەر»**

نازانین لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا شاری هەولێر (ئوربیلوم) شوورەی هەبووە یان نەیبووە، بە تایبەتی لەکاتی حوکمڕانی پاشای سۆمەری شولگی (٢٠٩٣-٢٠٤٧ پ.ز) کە دووجار هێرشی هێنایە سەر هەولێر و وێرانی کرد، هەروەها لە کاتی حوکمڕانی (ئەمەسین)ی کوڕی شولگی کە ئەویش جارێک وێرانی کرد، بەڵام هێندە دەزانین نزیکەی (٣٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئەم شارە شوورەی هەبووە، چونکە پاشای ئاشووری (ئاشوور ناصرپاڵ)ی دووەم ناوی هێناوە کاتێ نووسیوبەتی (کیرخی)م بە شوورەکانی شاری هەولێردا هەڵواسی.

شاری هەولێر دوو شوورەی هەبووە، یەکەمیان لە باکووری قەڵاتەوە بە دەوری (٢٠٠)م یان پتر، لە هەندێ شوێندا تا سەر قەراغی باکوور لە دۆڵی (بەستێ)، چونکە شوورەکە لە خشتی سوورکراوەی گەورەی




چوارگۆشە بووە، واتە کەرپووچ (طابوق) لە شوێنی مزگەوتی حاجی مەحموودی عەللاف بەدەرکەوتووە کاتێ بناغەکەی لە ساڵی (١٩٥١)دا هەڵدەکۆڵرا کە دیوارێکی زۆر پان و بەرین بووە و کەسانی وەک مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای فەرهادی دیویانە، هەروەها دیواری دیکەی وەهای لەسەر قەراغی بەستێ بەهۆی کارکردنی ئێستای کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دیتراوە، کە دوور نییە ئەمە شوورەی کاتی ئاشووری بێ.

لە کاتی دەوڵەتەکانی ئەخمینی و سلوکی و ئەشکانی و ساسانی-دا نازانین وەزعی شوورەکەی چۆن بووە، هەرچۆنێک بێ شوورەی یەکەم شوورەی کۆنی بەر لە ئیسلامە و تەسک بووە، شوورەی دووەم هی کاتی سوولتان مووزەفەر بووە، چونکە یاقووت ئەلحەمەوی لە (معجم البلدان)دا نووسیوبەتی (سلطان مظفر) شوورەی ئاواکردووە، واتە لە ماوەی حوکمڕانی خۆیدا کە (٤٤) ساڵ بووە (١١٨٩- ١٢٣٣ز). لەکاتی حوکمڕانی سولتان مووزەفەردا یاقووتیش هاتۆتە هەولێر، ئنجا لەوانەیە شوورەی کۆنی تەرک کردبێ، یان هەندێکی خستبێتە نێو شووره نوێیەکەی. لە گۆڤاری (مێرگ)ی ژمارە (١٣)ی مانگی ڕابردوودا لەبارەی شوورەی هەولێر وتارێکم بڵاوکردەوە، لێرەدا پێویست ناکات لەمە پتر لەو زانیارییانە بنووسم. پاش ئەوەی پارچەیەکم لە شوورەکە

لە حەوشی خانووی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ناسح حەیدەری)دا دۆزییەوە. داوام کرد لێژنەیەک بۆ چۆنێتی پاراستنەوەی دروست بکرێت و ئەو لێژنەیەش بەهیمەتی سەرۆکی حکوومەت دروست کراو چوونە ئەو شوێنە، زۆر سوپاسیان دەکەین.

لە دەست نیشانکردنی شوێنی شوورەو دەرگاکانی سوودم لە مانەی خوارەوە وەرگرتووە:

(١) زانیارییەکانی نێو سەرچاوە مێژووییەکان.

(٢) زانیارییە مەیدانییەکانم بەهۆی گەڕانێکی زۆرم بەنێو شەقام و کۆڵان و گەڕەکەکانی هەولێردا، هەروەها لەنێو هەندێ زەویش کە تا ئێستا بە بەتاڵی ماونەتەوە و نەکراونەتە خانووبەرە.

(٣) ئەو زانیاریانەی لە خەڵکم وەرگرتووە، بە تایبەتی لە تەمەندارەکان کە خەڵکێکی زۆربوون.

(٤) نەخشەی ساڵی (١٩٥٩).

لە ساڵی ١٩٥٩دا ئەو نەخشەیە لەلایەن کۆمپانیای (دوقسیادس)ی یۆنانی و دەستەی ڕاوێژکاری ئەندازەیی عیراقی دانراوە کە هاتوونەتە هەولێر بۆ دەست نیشانکردنی شوێنە گرنگەکانی و ئەو کاتە چەندین پارچەی گەورە لە شوورەکە مابوو، هێڵی شوورە و سێ دەرگا لە دەرگاکانیان دەستنیشان کردووە، لەو نەخشەیەدا کە وێنەی هەیە لە کتێبی (التجديد الحضري لقلعة أربيل)ی نووسەر عبدالباقي عبدالجبار حەیدەری کە لە ١٩٨٥ چاپی کردووە و وێنەی لەگەڵ ئەم وتارەماندایە.

سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڕێز دکتۆر نووری عوسمان شنگالی لەسەر یاداشتێکمان بە نووسراوی ڕەسمی ژمارە (٧٧٨٨) لە (٢٠٠٦/٦/٢٨) داوای لە دەزگای شوێنەوارانی عیراق لە بەغدا کردووە دانەیەکی دەقی ڕاپۆرتی ئەو دوو لایەنەی سەرەوەیان بۆ دیوانی ئەنجوومەن بۆ بنێرێ کە جارێ نەهاتووە. ئەوان نەخشەکەیان بردووەتەوە بۆ ساڵی (١٢٣٣)زاینی (=٦٣٠ک) کە ساڵی داگیرکردنی شاری هەولێرە لە لایەن لەشکری دەوڵەتی عەباسییەوە، واتە پاش کۆچی دوایی (سلطان مظفر) لە ساڵی (١٢٣٣)دا.

هەردوو لایەنی هاوبەش ئاماژە بۆ دەرگای عەینکاوە (باب عمکا) یان نەکردووە کە دەرگای باکووری شوورەکە بووە و تا (قشتمر) لە فەرماندەکانی هێزی عەباسی لە



دەرگای ڕۆژهەڵاتی شار (فولکەی ڕێگە کۆنەی شەقلاوە)

ڕۆژی سێیەمی شەڕدا لەگەڵ هێزی هەولێر کە ڕۆژی (٢٦/ تەممووزی ١٢٣٣ز) تا ئەم دەرگایەی نەگرت و نەسووتاند لەشکرەکە نەیتوانی لە شوورە دەربازی ببێ و بگاتە خەندەک (خندق)ی ژێر قەڵات و نەیتوانی شارەکە داگیربکات وەک مێژوونووسی هەولێر خوالێخۆشبوو زوبێر بیلال لە (اربيل في أدوارها التاريخية) ل١٨٦ نووسیویەتی.

وا پێدەچێ ئەم دەرگایە لە ڕاستی (باب عمکا)ی قەڵات بووبێ کە لە هەموو دەرگایەکانی دیکەی قەڵات گەورەتر بووە، لەسەر قەراغی باکووری قەڵات کە وەختێک گیراوە و لە (١٩٢٦) یان (١٩٢٧) دا موتەسەریفی هەولێر ئەحمەد ئەفەندی دەرگایەکی لە بەشی باکووری قەڵاتدا کردووەتەوە و بە دووری نازانم هەر لە شوێنی دەرگا کۆنەکەدا بووبێت، وەک چۆن دەرگای ڕۆژئاوا لە قەڵات سەردەمێک گیراوە و شوێنەکەی بووەتە خانوو و لە (١٩٨٦)دا شوێنەکەیم دۆزییەوە.

پێدەچێ لێژنەی هاوبەشی دەرگای ڕۆژهەڵاتی پێش ئیسلامیشی نەدیتبێ، لەبەر ئەوەی شوێنی لەو نەخشەیەی (١٩٥٩)دا کە پاشان باسی دەکەین دەستنیشان نەکردووە، لەبەر ئەوەی کارێکی زۆر سەخت بوو شوێنەکانی سەر ئەو نەخشەیە لە هێڵی شوورە و سێ دەرگاکە بە وردی بە گوێرەی خانوو و عیمارەتەکانی ئێستا دەستنیشان بکرێ، یان هەر نەدەکرا، نەخشەکەمان لەگەڵ نەخشەی گوگڵی مانگە دەستکردەکانی ئێستای شاری هەولێر کرد بەیەک، واتە هەردووکیانمان (دمج) کرد بەهۆی کۆمپیوتەرەوە قیاساتمان کردووە بەیەک، ئیتر توانیمان هەر شوێنێکمان بوێ بە قیاساتی کۆمپیوتەری

زۆر ورد تا حەدی سانتیمەتریش بدۆزینەوە، ئەمەش بەهۆی هەردوو ئەندازیاری بەتوانا بەڕێزان جەلال محەمەد ئەمین لە سلێمانی و بەڕێز ڕزگار عوبەید عەبدولڕەحمان لە وەزارەتی شارەوانی لە هەولێر و زۆر سوپاسم بۆیان هەیە. دانەی ئەم نەخشەیەش کە لە هەردوو نەخشە پێکهاتووە لەگەڵ ئەم وتارەمانە، ئەمەش یەکەمین جارە لە مێژووی شوێنەوارەکانی کوردستان بەهۆی نەخشەی گوگڵ و کۆمپیوتەرەوە شوێنەوارێکی گەورەی کوردستان دەستنیشان دەکرێت.

### هەندێ قیاساتی گرنگ

درێژەی شووره لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بە هێڵی ئاسمانی ڕاستەوڕاست (٢٤٠٧ر٩م)ە، فراوانی شووره لە باکوورەوە تا باشوور (١٨٩٠ر٣م)ە شوورەکە هەمووی (٦٣٥٠م)ە کە بەپێی کاتی خۆی شوورەیەکی گەورەیە بۆ شارێکی گەورە دەژمێردرێ. هەروەک (یاقوت الحموي)ش ئەمەی وتووە کە نووسیویەتی:

«أربيل ... مدينة كبيرة عريضنة طويلة قام بعمارتها و بناء سورها و عمارة أسواقها و قيسرياتها الأمير مظفرالدين كوكبري» شایانی باسە سوڵتان مووزەفەر لە لایەن سەلاحەددینی ئەیووبییەوە بووەتە میری هەولێر و کەرکووک و شارەزوور پاش ئەوەی لە زێی گەورەوە تا ناوچەی کەرکووک و شارەزوور بوو بە موڵکی سەلاحەددین بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی (١١٨٦ز) لەگەڵ بنەماڵەی زەنگی لە مووسڵ.

### هۆیەکانی تێکچوونی شووره و ئاسەوارەکانی

ساڵی (١٢٥٨) کە بۆ جاری دووەم لەشکری هۆلاکۆ هێرشی هێنا بۆ داگیرکردنی هەولێر و نەیانتوانی داگیری بکەن و گەڕانەوە و کاری داگیرکردنەوەیان سپارد بە میری مووسڵ (بدرالدين لؤلؤ) کە نۆکەرێکی مەغۆلەکان بوو و مامۆستا بوو لە فرتوفێڵدا خۆی بێدەنگ کرد تا کاتێکی گونجاوی بۆ پەیدا بوو داگیری کرد و شوورەکەی وێران کرد، کە ڕەنگە پاش ئەم وێران کردنەوەیە شووره دروست نەکرابێتەوە و چاک نەکرابێتەوە.

لەبەر ئەوەی شوێنی شووره بەهۆی کشتوکاڵ کردنەوە دەشتاوی بووە، وردە وردە ئاسەواری لەنێوچووە و ئەو پارچە گەورەیەی لە پردی سەیداوەیەوە تا فلکەی لای شێراتۆنی ئێستاش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کە



دەرگای ڕۆژئاوا

حکوومەت شەقامێکی لەو مەسافەیەدا دروست کرد بە بلدۆزەر تەختی کرد، تا هەردوو پیرەمێرد قادر سلێمان و ڕەحمان حەمە حەسەن کە دیدارمان لەگەڵیان سازداوە بە کامێرای ڤیدیۆ وتیان لەبەر ئەوەی نیوەی باکوور لە شەقامەکە لەسەر شووره دروست کراوە زۆر قایم ترە لە نیوەی باشوور و تێکناچێت، ئێمەش کە دیقەتمان لە شەقامەکە گرت دیتمان ئەم تێبینییە وردە ڕاستە. ئەم بەشەی شووره (٦٧٥م)ە.

### هێڵی شووره

لە دەرگای ڕۆژهەلاتەوە دەست بە دەستنیشان کردنی هێڵی شووره دەکەین کە (فلکەی ڕێگا کۆنەکەی شەقلاوە)یە وەک بەم ناوەوە ناودەبرێ کە بە (١٥٠)م لە ڕۆژهەلاتی مزگەوتی پەنجە عەلی (مشهد الكف)ە و ئەو شوێنە گرنگانەی کەوتوونەتە سەر هێڵی شووره و مەسافەکانی نێوانیان باسی لێوە دەکەین. بەم بۆنەیەوە زۆر سوپاسم هەیە بۆ بەڕێوەبەری شارەوانییەکان بەڕێز ئیسماعیل محەمەد ئیسماعیل کە هاوکاری زۆری کردم و دوو مەساحی بە تەمەن و شارەزای خستە پاڵم تا ئەو خانووانەی کەوتوونەتە سەر هێڵی شووره بە پێی نەخشەی شار بۆم دیار بکەن کە بەڕێزان نەجات مەلا غەنی مەلا محەمەد و مستەفا ساڵح ئەحمەدە، ئەوەش لە ٢٧ حوزەیران تا ٢/ی تەمموزی ئیستا، ڕۆژی یەکەم کاک ئیسماعیل خۆی کە ئەندازیاریشە لەگەڵمان هات و ڕێز و سوپاسم بۆ هەموویان هەیە.

لە دەرگای ڕۆژهەلاتەوە شووره بە (١٨٠ م) گەیشتووەتە شەقامی شێخ هۆمەر لە تەنیشتی ڕۆژهەلاتی

قـەبرسـتـانـی شـێخ هـۆمـەر و شـۆسـتـەی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکەی گرتووە بە درێژی (١٥٠م) تا دەگاتە فلکەی شێخ هۆمـەر کە شـەقـامـەکـانی سـێـتـاقـان و شـەقـامی تەکییەی شێخ عەبدولکەریم تا قەڵات و شەقامی بازاڕی شێخەڵڵاش لەوێ دەگرنەوە کە بە مـەسافـەی (٤٥٠م) دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەڵات، لەم مـەسافەیەدا کـە (٣٣٠ م)ە لە غـەیری شـەقـامـەکـان شـتـێکی وا ناکـەوێتـە بەر هێـڵـی شـوورە، بەڵام لەم فلکەیەوە تا سەرقەراغی باکووری دۆڵی بەستێ (کەندی بەستێ) کە (٣٠٠م)ە دوکـان و باڵەخـانە و شـەقـام دەکـەوێتـە بەر هێـڵـەکـەی، شـوورە لەسـەر قـەراغی بەسـتێ شـوێنی (لەلووکان) و (مەیدانی کەران)ی بڕیوە.

شوورە کەمێک لەژێر (پردی سەیداوە) دەرباز بووە، لە خاڵی ناوەڕاستی بەستێ بە (٧٦٩م) دوور لە قەڵاتەوە بۆ بەری باشوور بە مەسافەی دەوری (٢٠م)ێک دەبێ لە خاڵی تێپەڕبوونیدا دۆڵی بەستێ بە شێوەیەک قایم کرابێ تا ڕێگەی لە دوژمن گرتبێ نەتوانێ بێتە نێو شار و لە هەمان کاتیشدا ڕێگەی لە ئاوی باران نەگرتبێ لە دۆڵەکەوە بڕوات، وەک خاڵی تێپەڕ بوونی ڕووباری (خورماڵ) لە شوورەی خورماڵی کاتی ساسانی کە ئێستا شوورە لەو شوێنەدا وەک نموونەیەکی زیندوو ماوە.

پاش تێپەڕبوونی شوورە لە بەستێ کە ناوی «بەست» لە مـێـژووی (ابن خلکان)ی هەولێـردا هاتووە -دوور کـەوتووەتەوە لە بەسـتێ و بەرەو باشـوور بە مـایلی کـشـایەوە تا (فلکەی هۆڵی گـەل) و لەوێشـەوە تا (فلکەی نافـوورە) لەسـەر شـەقـامی گشـتی کـە ڕێگای کەرکـووک بەو شـەقـامـەدا تێدەپەڕێت. فلکە دەکەوێتە باشووری قەڵات بە مەسافەی (١٢٠ م). شوورە لە پێش ئوتێل شێراتۆن کە گرنگترین بینای ئێستایە لە هەولێر دەڕوات و هەندێ لە حـەوشی پشـتـەوەی بارەگـای حزبی شیووعی گرتووە کە دەمی (کارێزی میری)ی بەناوبانگ کەوتووەتە نێو سنووری بینای بارەگاکە و دەمی گیراوە. لێرەوە تا شـەقـامی شـەهـیـد (ئیـدریس بارزانی) هیچ ناکەوێتـە بەر هێـڵی شوورە کـە مـەسـافـەی (٣٠٠ م)ە تەنیا دەوری هۆدەیەک نەبێ کە ڕێست هاوسی مەحەتەی قیتار بووە و دەرگای باشوور لە شوورە لەم شوێنەدا بووە لەسـەر قـەراغی ئێـسـتـای شـەقـامـەکـە پاش دەست پێکردنەوەی بەدەوری (٧٥ م) و بە (١١٢١٫٣٢ م) لە باشـووری قـەڵات، پاشـان کـە شـوورە شـەقـامی شـەهـیـد




**دەرگای باشوور**

ئیـدریس دەبڕێ مـەسـافـەی دەوری (٨٠ م) ئەرزی بەتاڵ هەیە، پاشان پێنج خانوو لەگەڵ تەکییەی شێخ جەعفەر بەرزنجی دەکەوێتـە بەر هێـڵی شوورەکـە، لێـرەوە بەرەو ڕۆژئاوا پێـچ دەکـا و لەو دەشـتـە بەتاڵەدا تا مەسافەی(٧٣٣ م) هیچ ناکەوێتە بەری تەنیا (کۆشکی هونەر)نەبێ، لە خوارووی مەزاری ستی ئیمام (یەزدان دوخت)ی هەولێری.

پاشان کە هێڵی شوورە ئاشی محەمەد ئیسماعیل دەبڕێ و شەقامی شەست مەتری کۆمەڵە خانوویەک دەکەوێتە بەری و دەگـاتە ڕۆژئاوای خـانووی ئەمنەکـانی ڕژێمی بەعس و لەوێ کەندی بەستێ کە تەنکە دەیبڕێ بۆ جاری دووەم و لە نزیک شـوێنی بەیەک گـەیشـتنی بەسـتێ و کەندی تەیراوە واتە شـیـوی تەیراوە کە هەردووکـیـان لە نزیک دیواری شـوورە و لە ڕۆژئاواکـەی تێکەڵاو بوون، بەڵام کەندی تەیراوە داپۆشراوە و کەسانی شارەزا نەبێ پێی نازانن، بەڵام لە نەخشەکانی تۆبۆگرافی هەولێردا ئەو شوێنە دەستنیشـان کراوە. لەوێ ئەرزێکی باشی بەتاڵ هەیە تا دەگاتە ڕێگا کۆنەکەی مووسڵ و لەوێشەوە بەرەو باکـوور پێچ دەکـاتەوە تا دەگـاتە دەرگـای ڕۆژئاوا کـە خـانووی ژمـارە ٢٢ی کـۆڵانی ٣٩ گـەڕەکی (٣١١ نیشتمان)ە کە خانووی قادر بایزە بەرانبەر ڕێگای گشتی مووسڵ.

لە خـانووەی ئەمنەکـانەوە، واتە لە قـەراغی باشـووری کەندی بەستێ-یەوە تا دەگاتە (٣٠٠ م)ە. شوێنی دەرگا تا فلکەی خـوارووی بینایەی پەرلەمـان (٣٧٥ م)ە، تا دیواری حـەوشی پەرلەمـان (٤٣٨٫٢٦ م)ە بەپێی قیاساتی کۆمپیوتەری نەخشەی یەکگرتووی هێڵی شوورە

بەسەر دیواری حەوشی باشووری پەرلەماندا دەچێ کە (٦٠٠م) و بەسەر فلکەی بەردەم حەوشی ڕۆژهەڵاتی بینایەی ئەنجوومەنی وەزیراندا (فلکەی چایخانەی بایز)دا بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێت و بە مەسافەی (٤٧٥ م) و شوێنەکەی هەموو بەتاڵە.

پاش (١٢٠ م) لە خانووبەرە شوورە دەگاتە سەر شۆستەی ڕۆژئاوا لە (شەقامی پزیشکان) و لە خاڵی (٤٦٩٫٥٤ م) دوور لە قەڵات لە شەقامی پزیشکان دەپەڕێتەوە بۆ گەڕەکی تەیراوە. شوورە تا لای ئەو شەقامە بەسەر قەراغی باشووری کەندی تەیراوە داچووە تا نزیک گەیشتنی بە کەندی بەستێ.

لە شەقامی پزیشکان تا شەقامی هەرە گەورەی تەیراوە (٤٨٠ م) ە و لەوێشەوە تا فلکەی خوارووی کتێبخانەی گشتی و تا دەرگای ڕۆژهەڵات (فلکەی ڕێگا کۆنەکەی شەقڵاوە (٥٠٠م)ە. هەروەها درێژی شوورە هەمووی دەبێتە (٦٫٣٥٠ م) بەپێی قیاسی کۆمپیوتەری نەخشەی یەکگرتوو لە هەردوو نەخشەی (١٩٥٩) و نەخشەی گوگڵ.

## کەرەستەی شوورە

شوورە لە خشتی سوورکراوەی گەورەی چوارگۆشە ئاواکراوە، کە بەگشتی قەبارەی ئەم جۆرە خشتە لە کاتی ئیسلامدا و لە کاتی ساسانیشدا ٤٠×٤٠ سم و بە ئەستووری ١٠ سم بووە، ئەم خشتە لە شوێنی دەرگای ڕۆژئاوادا دۆزراوەتەوە و لە نزیک ئەویش و لەلای خانووی ئەمنەکانیش لە نزیک کەندی بەستێ و لە هەندێ شوێنی دیکەش، بەڵام نازانین گەچی تێدا بەکارهاتووە یان قوڕ. گومانی تێدا نییە ئێستا بناغەی شوورە لە زۆر جێگادا لەژێر ئەرز ماوە و ئەمەش بە هەڵکۆڵینی زانستییانە (تنقیبات) دەزانرێ.

## بڵندی و پانی شوورە و بورجەکانی

بڵندی و پانی شوورە نەزانراوە، بەڵام بەو پارچەیەی دۆزیومانەتەوە لە حەوشی خانووی خوالێخۆشبوو ناسح حەیدەری دا. پانییەکەی دەزانین. قەبارەی بورجەکانیشی نازانین کە دەتوانین مەزندەی بکەین، لە مەسافەی هەر (٨٠ م)ێکدا بورجەک هەبووە.



بەردی دەرگای ڕۆژهەڵاتی شوورەی شاری هەولێر
لەبەردەم حەساری تەها ئاغا لای مزگەوتی شێخ مستەفا

## دەرگاکانی شوورە

شوورە لە کاتی سوڵتان مووزەفەردا چوار دەرگای هەبووە: لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور، بەڵام پێش ئەوە نازانین چەند دەرگای هەبووە، ئەگەرچی بەگشتی شوورەکان چوار دەرگایان هەبووە وەک شوورەی دیاربەکر و شوورەی فارقین، بەڵام هەندێ لەو دەرگایانە دەهاتنە گرتن و سێ دەرگا، یان دوو دەرگا بەکراوەیی بەپێی کات و پێویستی و زەوقی ئەو پاشایەی لەسەر حوکم بووە دەمانەوە.

## دەرگای ڕەژووچییان (باب الفحامية)

لە هەولێر باسی پێنج دەرگا دەکەین کە یەکێکیان دەرگای کۆنی شار بووە کە من بەهی پێش ئیسلامی دەزانم و دەرگـــــای ڕۆژهەڵات بووە و هەندێ لەبەردە گەورەکانیم دۆزیوەتەوە، ئەمە (دەرگای ڕژووچییان) بووە کە ئیبنولمستەوفی هەولێری ناوی هێناوە و نووسیوەتی:

«باب الفحامية باللغة الكردية و كان قريبا من مشهد الكف وهو باب المدينة القديم».

دەڵێ دەرگای (فحامیە) کە بە کوردی دەبێتە (دەرگای ڕەژووچییان)- نزیکی مزگەوتی پەنجە عەلی (مشهد الكف) بووە و دەرگای کۆنی شاربووە.

(تأريخ أربل) بەشی یەکەم ل ٢٢٥ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی سامی سید خماس الصفار.

شایانی باسە ناوی مزگەوتی پەنجە عەلی (مشهد الكف) لەوەوە هاتووە کە بەردێکی سپی لە شێوەی دەستی تێدا بووە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا

وێنەیم گــرتووە، بەڵام لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٨ دا کــە چوومە مزگەوتەکە بەردەکە نەمابوو، لە کۆنەوە گوتراوە دەستی ئیمامی عەلی بووە، بەڵام بەلای منەوە ئەو بەردە مەشخەڵێکی ئایینی میترا (مهر) بووە کە لەو جۆرە مەشخەڵە و لە شێوەی (پێ)ی مرۆڤیشدا وێنەی مەشخەڵی میترایی لەسەر بەرد لە کوردستان هەیە لە ئاکرێ. (بەردە نەخشینە) لە (مولکی حەنا) لەلای قەبرستانیش دێی گراوی ژێر شاخی سەری ڕەش هەیە کە نزیکە لەو بەردەی مزگەوتی پەنجە عەلی (نەک پێنج عەلی) ساڵی (١٩٨٣) کە ڕوانگەیەکی ئەستێرە ناسی (مرصد فلکی ) کوردەواریم لە گراو دۆزییەوە، ئەو بەردەش لەلای خەڵکی گراوەوە پیشانم درا.

ئەو بەردەی پەنجە عەلی لەلای خەڵک پیرۆز بووە و نەخۆشەکانیان دەبردە لای تا چاک ببنەوە، بەلای منەوە پیرۆزی ئەو بەردە و ئەو شوێنە لە پێش ئیسلامەوە بەردەوام بووە تا ئیمرۆ، بە ڕای من ئەو شوێنە پەرستگەیەکی میترایی بووە لەکاتی دەوڵەتی کوردستانی باشوور (دەوڵەتی ئەدیابین) کە هەولێر پایتەختی بووە و پێشتر کەرکووک بوو، ئەوەشیان لەکاتی دەوڵەتی ئەشکانی (فرثی) (١٢٩پ.ز تا ٢٢٧ پ.ز) و هەمان بیروڕام هەیە بەرامبەر (مەقامی عوزەیر پێغەمبەر لە هەولێر، چونکە ئەو بەردە پیرۆزە گەورەیەی لەوێ هەیە بەردێکی دینی میترایی- بووە وەک بۆم ئاشکرا بووە و لە مانگی ئایاری ڕابردوودا وێنەیم گرتووەو خەڵکی هەولێرو ناوچەکەی ئەوکاتە میترایی بوون وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستانی باشوور و پەرستگەی گەورەی میترایی هەولێرو دەوروبەری کە جەژنی هەرە گەورەی دینی ساڵانەیان لەوێ دەکرد لە دێیەک بوو کە بەڕای من گوندی (جێژنیکان) بووە کە ئەو کاتە شارۆچکە بووە.

مانەوەی ئەو مزگەوتە پیرۆزەی پەنجە عەلی کە قەزوینی لە (أثار البلاد و أخبار العباد) ل ٢٩٠ دا باسی پیرۆزی بەردەکەی کردووە لەلای خەڵکی هەولێر خێرو بەرەکەتە بۆ ئێمە کە بەهۆی ئەو و بە سایەی (ابن المستوفی)یەوە توانیمان چەند شوێنێکی مێژوویی لە نزیکی دەستنیشان بکەین و شوێنەکەیان بدۆزینەوە وەک (باب الفحامیة) و (باب الفرح) و (مدرسة الطین- المدرسة الفقیریة) و خانەقای جونەینە وەک باسی دەکەین. پێویستە حکومەتی هەرێم بایەخ بەم مزگەوتە



بەردی بەردەم حەسار

پیرۆزە بدات کە بەینی لەگەڵ مزگەوتی شێخ مستەفا (٤٥م)ەو قبارەی (٥٠٠ر١٣× ٢٠ر٩م)ە.

ڕۆژانی ١٨ و ١٩ مانگی ئایاری ڕابردوو کە لەم بەشەی شار هاتوچوونێکی زۆرم دەکرد و پرسیاری زۆرم لە خەڵکی دەکرد بۆ دۆزینەوەی شوێنی دەرگای ڕۆژهەڵات و چۆنیەتی وەزعی توبۆگرافی و ئاوەدانی ئەم بەشە دەوری پەنجا ساڵ لەمەوبەر و دیدارم لەگەڵیاندا ساز دەکرد بە کامیرای ڤیدیۆیی و بەکاسێت (ئامێری تەسجیل) وەک بەڕێزان حاجی سابیر لە دایک بووی (١٩١٤) و قادر عەلی حەسەن و خەلیل قادر بابەکر و مستەفا موزەفەر- لەوکاتەدا لە حەوشی مزگەوتی شێخ مستەفادا سەرە ئەستوونێکی مەرمەڕی ڕەشی گەورەم دیت کە تیرەی (٧٨سم)ە بە بڵندی (٣٧سم)ە ئێستا سەرەکەی شکاوە و ڕەنگە بە ئەسڵ تیرەکەی سەری (١م) بێ کە لەو تەمەندارانەی لەوێ بوون پرسیم بە تایبەتی مامۆستا مەلا محەمەد مەلا عەبدوڵڵای زیارەتی وتیان لە زەمانی شێخ ئەبوو بەکری هەرشەمی یانی باوکی شێخ مستەفا کە لە (١٩١٠)دا کۆچی دوایی کردووە و بیرێکیان لێداوە و لەوکاتەدا ئەم بەردە بەدەر کەوتووە و ئێستا ئەو بیرە نەماوە، چونکە پڕ کراوەتەوە. لە یەکەمین هۆدەی تەنیشتی ڕۆژهەڵات لەم حەوشەی ئێستادا کە هۆدەی باشوورە، پاش هاتوچوونم لەناو خانووەکانی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکەدا بەمەبەستی دۆزینەوەی ئیشارەتێکی دیکە بۆ دەرگای ڕۆژهەڵات- لە دەمی کۆڵانی حەساری تاها ئاغای فەتحوڵڵا ئاغادا (کە لەساڵی ١٩٠٨ کۆچی دوایی کردووە) بەردێکی مەرمەڕی ڕەشی گەورەم دیت کە لە ئەرز چەقیوە،

دەورەکـەی (١٤ر٣م) و تیـرەی (١م)ە کـە پرسـیم لەو خەڵکانەی لە هۆدەکانی حەسارە پیرەکەدا دەژین لە ژن و پیـاو وتیـان بەردێکی دیکەش وەک ئەمـە لەوێ هەبوو و نازانین چی لێهاتووە. پاشان لە کەسانێکی دیکەم پرسی وتیان کەوتووەتە ژێر دیواری خانووی جاسم عەلی حەجۆ بەرامـبـەر ئەوەی دیکە. لای کـۆڵانـی حـەسـار و دیواری باکوورەوە قـوتابخانـەی ئاواتی سەرەتایی کچان دەبێـتە کۆڵانێکی پارک.

لە ساڵی ٢٠٠٢ کە شوێنی دیوانخانەی تاها ئاغا لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی حەسار کراوەتە (عیمارەی خانەقا) بە قـەبارەی (٨٠× ١٥- ٢٠م) و بناغـە لێدراوە لەژێر دوکـــانی نمرە (٧)دا، لە قـــووڵی (٥٠٠رام)دا ســـەرە ئەستوونێکی دیکەی وەک هی مزگەوتی شێخ مستەفا دۆزراوەتەوەو لەلایەن کـرێکارەکـانەوە کـراوەتە دوو سێ لەت تا بتوانن دەری بێنن و لەگەڵ گڵەکە فڕێیان داوەتە کـەندێک لە تەنیـشـتی باکـووری ڕێگای کـەسنەزان لە سنووری شاردا، دوور نییـە هەندێک بەردی دیکە لەژێر ئەم عـیـمـارەتەدا و لە حـەسـاریشـدا مـابن. بەڕێز مـەلا عـــومـــەر ســـۆفی حـــسـێن لە دایک بووی ١٩٢٥ لە سیبیەکاندا وتی بڕێک بەردی وەک ئەمە لەلای حەسارەکە واتە حەساری کاروباری کشتوکاڵی و شوێنی کرێکارانی کشتوکاڵ هەبوو.

ئەگـەر (هەڵکۆڵین لە شـوێنی حـەسـارو خـانووەکـانی نیزیکیدا بکرێت دوورنییە چەندین بەردی دیکە، بەڵکو هەندێ لە دیوارەکانی دەرگای ڕۆژهەڵات بدۆزرێتەوە.

ئەم بەردانە نیـشـانەی ئەوەیە کـە دەرگـا لەم خـاڵەی شـاردا هەبووە کـە بەینی ئەم شـوێنە لەگـەڵ قـەراغی ڕۆژهەڵات لە قـەڵات، واتە بنی قـەڵاتەکـە (٢٦٣م)ە و بەینی مزگەوتی شێخ مستەفا لەگەڵ قەڵات (٢٣٨م).

سوڵتان موزەفەر کە شوورەی تەعمیرو فراوان کردووە، دەرگای ڕۆژهەڵاتی هێناوەتە ڕۆژهەڵاتی مزگـەوتی پەنجە عەلی کـەمێک بەلای باکوورەوە بە مەسافەی (١٥٠م) کە (فلکەی ڕێگا کۆنەکەی شەقلاوە)یە وەک ناو دەبرێ واتە لە باکووری دەرگای ڕۆژهەڵاتی کۆن کە بەینی لەگەڵ دەمی کۆڵانی حەسار (١٦٩م)ە.

هەبوونی ئەم بەردە زلانە تەنیا لەم شوێنەدا نەک لەلای دەرگـاکـانی دیکە لەگـەڵ ئەوەی کـە ئیــبنولمســتــەوفی وتوویەتی دەرگای فەحامیە دەرگای کۆنی شاربووە «باب المدینة القـــدیم»- قـەناعـەتی لە لام پەیداکـردووە کـە



سەرە ئەستوونی مزگەوتی شێخ مستەفا

دەرگـای پێش ئیـسـلامـە. ئەگـەر سـەرە ئەسـتـوونەکـە لە سەرەوە نەشکابا کە ڕەنگە هەندێ نەخشی لەسەر بووبێ- بەو نەخشانە دەمانزانی هی کاتی چ دەوڵەتێکە.

## دەرگای ڕۆژهەڵات (باب الفرج)

ئیبنولمستەوفی نووسویەتی: «باب الفرج بأربل بالقرب من الخانکا- خانکاه الصوفیة». لە بەشی یەکـەم لە (تاریخ أربل) ل ١٥٩ دا نووسیویەتی: «خانکاه الجنینة یقع في خـارج القلعـة من الطرف الشـرقي» هــەروەهــا نووسـیـویەتی: (کانت المدرسة الفقـیرية مدرسة الطین تطل علي خانقاه الجنینة من الشرق)

ئیبنولمستـەوفی ئەو مەدرەسەیەی کە سوڵتان موزەفەر کوکبری ئـاوای کردووە و بەناوی (المدرسة الفقـیریة) وە ناوی هێناوە، چونکە مـوزەفەر نازناوی (فقیـر)ی بۆ خۆی هەڵـبـژاردبوو، هەروەها بەناوی (مـدرسـة الـطـین)ەوەش ناوی هێناوە و بەو قسەیە دەزانرێ کە لە شوێنێکی بڵند بووە لە ڕۆژهەڵاتی قـــەڵات و لە ڕۆژهەڵاتەوە دەکــەوتە هنداوی خـانەقـای جـونەینە، واتە خـانەقـای بیـسـتـانە بچووکەکە.

لە شوێنێکی دیکەدا نووسویەتی بیستـانێکی بچووک و قـەبرسـتـانێکی (بچووک) لای (مـشـهـد الـکف) هەیە واتە مزگەوتی پەنجە عـەلی (نەک پێنج عـەلی). (تاریخ أربل) بەشی یەکەم ل ٢٢٣.

قـەبرسـتـانەکە لە پشت مـزگـەوت بووە و تا ئەم زوانە هەندێ لە قەبرەکانی مابوون و هەندێ قـەبریش ئێستا لەو دەستەو لە دەستی ڕۆژئاوا لەناو حەوشی مزگەوتەکە دانە و لەو کـەسـانەی قـەبریان لێـرە بووە عـەبدولقـادر ئەبوو

محەمەد کوڕی قوتبەددین (أميری) کوڕی بەختیار کوڕی (خل) (خەلۆ) کوڕی محەمەد کوڕی داودی شنۆیی بووە، ڕەنگە ئەو قەبرەی ئێستا لەنێو هۆدەکە دایە هی ئەم عەبدولقادرە بێ. بیستانەکەشی وەک لە یادی خەڵکە و تا ئەم زوانە مابوو لای بیرە ئاوەکەی تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی مزگەوت هەر لە ڕۆژهەڵاتی مزگەوت بووە.

مەبەستم لەم درێژە پێدانە ئەوەیە ئیسپاتی بکەم کە (المدرسة الفقيرية- مدرسة الطين) یانی مەدرەسەی قوڕ کە لەسەر شوێنێکی بەرز بووە، ئەوە (مزگەوتی فاتمە خان)ە کە مزگەوتێکی بچووک بوو و خەڵک دەڵێن قوڕبووە کە بووەتە مزگەوتی شێخ مستەفای ئێستا. شێخ ئەبووبەکری هەرشەمی باوکی شێخ مستەفا کە لەو مزگەوتەدا تەدریسی کردووە و پێشتر (مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتی) کە مامۆستای مەولانا خالید بووە لەم مزگەوتەدا مودەڕیس بووە، مەلا ئەبووبەکر مزگەوتەکەی تێکداوە و بەشێوەیەکی گومەزی و گەورەتر بەخشتی سوور (کەرپووچ) ئاوای کردووە و حوجرەکانیشی گومەزی بوون، شێخ ئەبوو بەکریش لە (١٩١٠)دا وەفاتی کردووە.

شێخ مستەفای کوڕیشی لە ١٩٦١دا مزگەوتەکەی ڕووخاندووە و ئەم مزگەوتەی ئێستای لە شوێنەکەیدا ئاوا کردووە و لە ١٩٦٣دا تەواو بووە. مەعلوومیشە شوێنێکی بڵند لە ڕۆژهەڵاتی قەڵات لە غەیری شوێنی مزگەوتی شێخ مستەفا تا حەساری تەها ئاغاش نییە کە گردۆڵکەیە و بڵندترە لە دەورو بەرەکەی. ئینجا دەبێ خانەقای جونەینە کە شوێنی نزم بووە لە ڕۆژئاوای (مدرسة الطين) لە شوێن (دەزگای هەرشەم)ی ئێستا دابێ کە شوێنێکی گەورەیە و شوێنی ئاسنگەری و وایرمەنی و شتی وایە، یەکسەر لەبەر تەنیشتی ڕۆژئاوای، مزگەوتە و شوێنەکەشی هەندێک پڕکراوەتەوە و بەرزتربووە لە جاران و ئێستا پتر لە دوو مەتر لە حەوشی مزگەوت نزمترە، بیرە ئاوێک لە سووچی باکووری ڕۆژهەڵاتەکەیدا بووە کە پێیان وتووە (ناعوور)، چونکە (بەکرە)ی لەسەر بووە و بە (کەر) بەکرەیان دەسووڕاند و بە دۆڵکە ئاویان دەردەهێنا و شوێنەکەم دیت کە پڕکراوەتەوە، ناعوورێکی دیکەی وەها لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی پەنجە عەلی هەبووە کە بەڕای من هەردوو بیریش کۆن بوونەو ئاوی بیستانەی پەنجە عەلی لەکاتی ئیبنو لمستەوفیی هاوکاتی سوڵتان



مەلا عومەر سۆفی حوسێن

مووزەفەر لەو بیرە بووە، هەروەها ئاوی (مدرسة الطين) و خانەقاکەش لەو بیری دیکە بووە.

خانەقا و مەدرەسەکە بەرامبەر پەنجە عەلی لە ڕۆژهەڵاتەوە بوون و ئێستا بەینی پەنجە عەلی و مزگەوتی شێخ مستەفا (٤٥) مەترەو لە نێوانیاندا شەقامێکە لە قەڵاتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات تا (فلکەی ڕێگە کۆنەکەی شەقلاوە) و لەوێوەش شۆڕبووەتەوە تا دەگاتە شەقامی سی مەتری.

بەردی نووسراوی مزگەوتی فاتمە خان لە بنەماڵەی عوزەیری کە پیرباڵ ئاغای عەبدولڕەزاق ئاغاش لەو بنەماڵەیە بووە، هەروەها شێخ عەبدوڵڵا (شێخەڵڵا)ش ئێستا لەسەر دەرگای شوێنی نوێژی مزگەوتی مستەفایە و لەسەری نووسراوە محەمەد ئاغا و فاتمەخان مزگەوتەکەیان ئاواکردووە لەساڵی (١٢٢٩ی کۆچی =١٨١٤زا)دا واتە لەشوێنی (مدرسة الطين)دا و هەردووکیان بە پێی بیستنی حاکم ناظم یوونس ئاغا لە نەوەکانی تەها ئاغا کوڕوکچی حارس ئاغا کوڕی عوزەیر ئاغا کوڕی مەلا شەرەفی باڵەکییە کە قەبری لەگەڵاڵەیەو دەڵێن موریدی شێخ محەمەدی باڵەکە لە حاجی ئۆمەران کە ئێستا گومەزی لەوێیە. قەبری فاتمەخان و محەمەد ئاغا و عەبدولڕەزاقی محەمەد ئاغا و زانای بەناوبانگ مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتی لەنێو هۆدەیەک دایە کە وەک سەردابێک لەژێر هەیوانی بەشی نوێژ لە مزگەوتەکەدا وەک بەڕێز ئیمامی مزگەوت مەلا محەمەد مەلا عەبدوڵڵا مەلا تەها مەلا حەسەن مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتی بۆ منی باس کرد و دەڵێ قەبرەکەیان کەوتووەتە ژێر چیمەنتۆ و دیارنین و نەمتوانی

بچمە ناوی. جا دەبێ مدرسە الطین تا (١٨١٤زا) وەک شوێنێکی دینی هەر مابێ تا فاتمەخان تەعمیری کردووە یان نوێی کردووەتەوە.

ئەگەرچی دەستنیشان کردنی ئەم شوێنە مێژووییانە بە نسبەت پلانی شاری هەولێرەوە زۆر گرنگە، بەڵام مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە بەم شوێنانە ئیسپاتی بکەم کە دەرگای ڕۆژهەڵاتی شار لەکاتی سوڵتان موزەفەردا (باب الفرح) زۆر نزیکی ئەم شوێنانە بووە لە (فلکەی ڕێگا کۆنەکەی شەقڵاوە) کە تا ١٩٥٧ خاڵی پشکنینی پۆلیس بووە لە قەراغی شار لەسەر ڕێگای شاخەکانی خۆشناو کە لە کۆنەوە سەرچاوەی مێوەهات و ڕەژوو بووە بۆ هەولێر، تا ئەو ساڵە تەنیا خانووی خەلیل سەعاتچی لە قەراغی پشتەوەی فلکەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەبووە و ئیستاش ماوەتەوە، دەنا هیچ خانوویەک لەولاتر و لە نزیکی نەبووە، بەڵام لە باکوورەکەی نەخۆشخانە ئاوا کراوەو مەلیک (فیصل)ی دووەم هات و کردییەوە. لە نزیک پەنجە عەلی تا فلکەکە ئەرز کەمێک بڵندبوو، بەڵام لەکاتی دروست کردنی ئەو شەقامە تەخت کرا کە پانیی لەگەڵ شۆستەکانیشی (١٩م)ە. لەولای فلکەکە ئەرز نزم بوو و ڕۆژئاواکەشی کەندێکی قووڵ بووەو وەک وەزعی تۆبۆگرافی ئەم شوێنەم لە خەڵک پرسیوە پرکراوەتەوە.

دەرگا بە (٢٩١م) دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەڵات و بەمەسافەی (١١٣م) لە باکووری ناوەندی مزگەوتی شێخ مستەفا و بە (١٥٠م) لە ڕۆژهەڵاتی پەنجە عەلی بە پێی نەخشەی یەککگرتوو. شوێنی ئەم دەرگایە لەسەر نەخشەی ١٩٥٩ دەستنیشان کراوە. ڕێگا لەم دەرگایەوە بەرەو شاخەکان و شەقڵاوە لە کۆنەوە چووەو شوێنەکەی بڵندتر بووە لە ڕۆژهەڵاتەکەی، هەروەها لە باکووری ڕۆژهەڵاتەکەشی تا بەشی پشتەوەشی لە فلکەی ئێستا نزمتر بووە کە دەرگا کەوتووەتە سەر تەنیشتی ڕۆژئاواکەی کە بەرز بووە.

### دەرگای باشوور

دەرگای باشوور بە مەسافەی (٣٢ر ١١٢م) دوورە لە قەڵات و دەکەوێتە سەر تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی شەقامی شەهید ئیدریس بارزانی، خوارووی ئوتێل شیراتۆن. لە فلکەی لای شیراتۆنەوە تا دەرگاکە (٣٠٠م) خانوو ناکەوێتە بەر هێڵی شوورە، تەنیا ڕێست هاوسی مەحەتەی قیتار لەسەر قەراغی شەقام نەبێ. دەوری (٨٠م) ئەرزی بەتاڵ لە دەستی دیکەی شەقام لە ڕۆژئاوا هەیە.

ئاوا کردنی دەرگا و شوورەو بورجەکان لەم دوو مەسافەیەدا ئاسانە و دەکرێ دەرگا لەسەر شەقام خۆی زیندووبکرێتەوەو بە دەوری (٧٥م) لە نزیک دەست پێکردنی شەقام کە دیمەنێکی زۆر جوان دروست دەکات.

### دەرگای ڕۆژئاوا

خانووی ژمارە ٢٢ کۆڵان ٩٣ گەڕەک ٣١١ نیشتمان کە خانووی قادر بایزە کەوتووەتە سەر شوێنی دەرگا و لەکاتی ئاوا کردنەوەیدا خشتی سووری گەورەی چوارگۆشە بەدەرکەوتووە، هەروەها لەتە گۆزەی کۆن و شتی دیکەش. لە پێش دەرگا لەسەر قەراغی باشووری کەندی تەیراوە لەم دووسێ ساڵەی ڕابردوودا بەدەرکەوتووە کاتێ کەندەکە کراوەتە ئاوەڕۆ و سەری داپۆشراوە، هەروەها خشتی گەورە لەسەر قەراغی ڕۆژئاوای کەندەکە لە نزیک دەرگا بەلای ڕۆژئاواوە بەدەرکەوتووە کە دوور نییە بورجێک بەتەنیا یان ئاشاهییەکی سەر بەدەرگا لەوێ هەبوو و دەکرێ (تنقیبات) لەم شوێنەدا لەسەر قەراغی ڕێگای گشتی مووسڵ بکرێ.

شوێنی دەرگا لە ڕۆژهەڵاتەوە کەوتووەتە بەرامبەر ڕێگای مووسڵ و باغی گەورەی شەهید سامی عەبدولڕەحمان. شوێنی دەرگا تا فلکەی ژێر بینایەی پەرلەمان (٣٧٥م)ە و تا سووچی باشووری ڕۆژئاوا لە حەوشی پەرلەمان (٢٦ر ٤٣٨م)ە. زیندووکردنەوەی شوورەو بورج و دەرگا بەرامبەر ڕێگای مووسڵ و لەژێر پەرلەمان دەبێتە دیمەنێکی عەنتیکە بۆچوونە ژوورەوەی شار لەم دەستەوە. شایانی باسە ئیبنولمستەوفی ئەم دەرگایە بە ناوی (باب الموصل)ەوە ناو هێناوە

### شوێنی ڤالا و بەتاڵ لە هێڵی شوورە

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ ئەو شوێنانە کردووە کە تا ئێستا ڤالا و بەتاڵ ماونەتەوە، واتە جارێ خانوویان تێدا ئاوا نەکراوە و لەسەر هێڵی شوورەکە دەتوانن شوورە لەو شوێنانەدا ئاوا بکەن. بۆ نموونە مەسافەی (١٧٢٠م) بۆشایی هەیە لە خانووی ئەمنەکانەوە لە نزیک قەراغی باشووری کەندی بەستێ تا دەرگای ڕۆژئاوا تا فلکەی ژێر پەرلەمان و سەرانسەری

دیواری حەوشی باشووری پەرلەمان و فلکەی بەردەم پەرلەمان و ڕۆژهەڵاتی فلکەکە. هەروەها بۆشایی دەوری (٣٨٠م) لەو هەردوو دەستی شەقامی شەهید ئیدرس بارزانی و نزیکەی (٧٠٠م)یش لەو دەشتەی خوارووی هێڵی سجنی مەحەتە- مزگەوتی صەواف- بانقی هەرێم.

## زیندووکردنەوەی شووره

ئاواکردنی شوورەو بوجەکان و دەرگاکانی، زیندوو کردنەوەی شوێنەوارو مێژوویەکی گەورە و دێرینی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، دیمەنێکی ڕەندو دڵڕفێن بەم شارە گرنگەی کوردستان دەبەخشێ و لە کەسایەتی مێژوویی و شارستانێتی و گەشتوگوزاری شاری هەولێری پایتەخت پترو گەورەترو بەرزتر دەکات، هەروەها دەبێتە نیشانەی بایەخدان بە زیندووکردنەوەی شارستانێتی و مێژووی کورد و دەبێتە کارێکی گەورەی پڕ شانازی و سەرفرازی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## پێشنیارەکان

(١) پێویستە بەزووترین کات و لەپێش هەموو شتێک بەکارهێنانی ئەو بەشانەی بەتاڵ و خاڵی ماونەتەوە لەهێڵی شووره بۆ ئاواکردنی خانوو یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە بێ، قەدەغە بکرێ.

(٢) پێکهێنانی لیژنەیەک لە کەسانی دڵسۆز بۆ بەدواداچوونی ئەم پرۆژەیە.

(٣) دەتوانین لە زیندووکردنەوەی شوورەو بوج و دەرگاکاندا سوود لە شوورەو بورج و دەرگاکانی هەندێ لە شارەکانی کوردستان وەک دیاربەکرو فارقین وەربگرین.

(٤) دەتوانین لە ئاواکردنی شوورەدا بەپێی پێویستی کەمێک هێڵی شووره بجوولێنین بەرەو پێش یان بەرەو پاشەوەی ببەین.

(٥) شوورەو بورج و دەرگاکان دەبێ بەخشتی گەورەی (٤٠× ٤٠+ ١٠سم) ئاوا بکرێن، تەنیا دەرگای ڕۆژهەڵاتی پێش ئیسلام نەبێ کە دەبێ بە بەرد مەرمەڕی ڕەشی گەورەبێ لە چەشنی ئەو بەردانەی دۆزیومانەتەوە.

(٦) پێویستە هەڵکۆڵین لە شوێنە بەتاڵەکانی هێڵی شوورەدا بکرێ یان لە هەندێ شوێندا بۆ بەدەرخستنی بناغەکانی شووره و هەروەها دەرگاکانیشی.

# نەورۆز و نەورۆزانە

حەیدەر لوتفی نیا
(سەقز)

لە ئێرانی کۆن، کەونارادا چەند جەژن هەبووە کە بریتین لە: جەژنی میهرەگان و جەژنی سەدە و جەژنی بەهمەنجە و تیرگان و جەژنی نەورۆز.

گەورەترین و کۆنترن جەژن کە تاکو ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە و زۆرێک لە دابونەریتەکانی ئێستاش بەڕێوە دەچێ جەژنی نەورۆزە. نەورۆز کاتێکە بەپێی زەمان دیاری کراوە، کاتێکە خۆر دەگاتە بورجی حەمەل واتە کۆتایی ساڵی کۆن و سەرەتای ساڵی نوێ.

نەورۆز سەرەتای جەژنی سروشتە و هەموو پەیامەکانی شادی و خۆشی و سوڵح و ئاشتییە؛ تازەبوونەوەی دنیای دەرەوە (سروشت) و دنیای ناخەوە (دەروون). نەورۆز جەژنێکە هەموو دین و مەزهەبێک کە هاتوون مۆری قەبووڵیان لێداوە و تەنانەت شوێنیشیان لێ هەڵگرتووە. لە ئایینی مەسیحی و زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوییەوە بگرە تاکو ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

حەوزەو جوگرافیای نەورۆز تەواوی ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە بە جۆرێک لە جەژنی سروشت و تازە بوونەوەی سروشت بەشداری دەکەن کە بریتین لە: ئەفغانستان، ئێران، عێراق، تورکیا و ئەرمەنستان و قەفقاز، ئازەربایجان و تاژیکستان و.... تاد.

نەورۆز دیاردەیەکی گەورەیە کە هەموو چین و تەوایفێک پێک نزیک دەکاتەوە و بە یەکەوە گرێیان دەدات. لە نەورۆزدا هیچ جیاوازی مەزهەبی و چینایەتی نابینرێ و داراونەدارو دەوڵەمەند و هەژار هەر هەموویان وەک یەک تێیدا بەشدار دەبن.

نەورۆز کاتێکە زەمین و زەمان بە یەک دەگەن،

وەرزەکانی ساڵ بە تەکامول و ئەوج دەگەن، نەورۆز تا ئەو ڕادەیە گرینگە کە لەسەر کار وپیشە و کشتوکاڵ و تەنانەت ئاژەڵداری و... شوێنی داناوە.

نەورۆز، کاتیکە کە خەڵکی جلوبەرگی تازە لەبەر دەکەن. ماڵ و مەئوا خاوێن دەکەنەوە و قاڵی و جێگەو بان دەشۆن و کاسە و گۆزە و کوزە کۆن و کەلەکان دەشکێنن بە نیشانەی دوورخستنەوەی دەردو بەڵا لە خۆیانی دوور دەخەنەوە و حەوای دەدەن.

هۆی ناونانی نەورۆز، یەکەم دەڵێن خوداوەند جیهانی لەم ڕۆژەدا خولقاندووە، بەپێی ڕیوایەتی ئیسلامی دەڵێن خوداوەند حەزرەتی ئادەمی لەم ڕۆژەدا سازکردووە، دووەم ئەوەی کە کوردان دەڵێن نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر زووحاکی مارلەشانی لەناوبردو ئەم ڕووداوە لە ڕۆژەکانی نەورۆز ڕووی داوە. سێیەمین باوەڕ لەسەر نەورۆز ئەوەیە کە دەڵێن کاتێک جەمشید گەیشتە ئازەربایجان فەرمانیدا تەختی نەخشین سازکەن و کاتێ لە سەری دانیشت، یەکەم تیشکی هەتاو لە تاجەکەی سەریدا و خەڵکی گوتیان: ئەمە نەورۆزە و جەژنیان گرت. جەمشید دەستووریدا کە خەڵکی ماڵ و ژیانیان خاوێن کەنەوە و جلوبەرگی نوێ لەبەرکەن و دوای غوسڵ و خاوێن کردنەوە، لە بەرانبەر خوداوەند-دا نوێژ بکەن و کڕنۆش بەرن و جەژنانە بە یەکتر بدەن و دەڵێن ئەم کردەوەی جەمشید تەجدیدی ئایینی یەکتاپەرەستییە و هەڵوێستێک بووە لە بەرانبەر ئایینی «سابئییە» کە لە زەمانی «تەهمورث» پاشای کیانی باوبووە.

ئەڵبەت «جەمشید» پێوەندی نزیکی بە هەتاوەوە هەیە و لە مانادا بە ناوی خۆر و هەتاویش ناسراوە. کە ئەو ڕیوایەتە بەشوێنێکی نومادی باس لە لە دایکبوونی هەتاو دەکات کە لە پێشدا باسمان کرد و گوتمان کاتێ کە هەتاو دەگاتە بورجی حەمل لە نەورۆز و ڕۆژەکانی پێش نەورۆز خەڵکی نۆک و نیسک و گەنم و جۆ دەچێنن و سەمەنییەکانی خۆیان دیاری دەکەن و بۆ سەر سفرەی حەوت سین دایدەنێن. لە نەورۆزدا پێوەندی ئاو و مرۆڤ گەلێک زۆرە، بۆیە لە دێهاتەکانی دەوروبەری «سیستان» لە ڕۆژەکانی نەورۆزدا، لە جەژنی «تووتن ڕانی» لە دوای خواردنی شێو و چێشتی سەوزی پلاو. کچێکیان دەڕازاندەوە و سواری وشترێکیان دەکرد و دەبوایە ئەو کچە دوور لە چاوی هەمووان جلوبەرگی بگۆڕیایە و لە ڕووباری «هیرمەند» مەلەی کردبا.

بەپێی ڕیوایەت دەڵێن زەردەشت لەگەڵ ژنەکەی (HVOV) نزیکایەتی کردووە، بەڵام نوتفەی لە زەریاچەی «کسو» یان لەوانەیە «چیچست» ماوەتەوە.. زەردەشت گوتوویەتی ڕزگاریخوازەکان (موعدان سەگانە) لە نوتفەی زەردەشت دێتە دنیاوە، خەڵکی ئەو ناوچانە لە ڕۆژەکانی نەورۆزدا کچەکانیان دەنارد لەو زەریاچەدا مەلە بکەن، چونکە ئەمە زەردەشت پێی وتوون کە «ئوشیدەر و هوشیدەر و ئوشیدەر و مانگ) لە کچەکانی ئەوان لە دایک دەبن.

**نەورۆز دەکرێت بەدوو بەشەوە:**

١- نەورۆزی گشتی (عامە) یان چکۆلە، لە ڕۆژی یەکەم تاکونێ ڕۆژی شەشەمی خاکەلێوە (فروردین)

٢- نەورۆزی گەورە (خاسان) کە لە ڕۆژی شەشەمدا بووە. پاشایان و حاکمان و فەرمانڕەوایان لەم ڕۆژەدا پوڵ و پارەو خەڵاتیان دەبەخشییەوە...

لە کۆندا دە ڕۆژی ئاخری ساڵ جەژنیان دەگرت و بەناوی «فەروەردیان» بووە، جەژنی ماتەمینی بووە بۆ ئەرواحی مردووەکان.

بیرونی دەڵێ: سوغدیان لەم دە ڕۆژەدا بۆ مردووەکانیان شین گێڕیان دەکرد و خورد و خۆراک و ئاو و شەرابیان بۆ ئەرواحی مردووەکان دادەنا... کە ئەمڕۆ لە ناو ئەقوامی ئێرانیدا لە جومعەی ئاخری ساڵ خۆی نیشان دەدات و هەر ساڵ خەڵکی لەم ڕۆژەدا لە ڕێی مردووەکان خێر و ئیحسان و نزورات دەدەن و لەسەر گۆڕ و گومەزەکان چرا و مۆم و عوود دادەگیرسێنن یان ئاگر دەکەنەوە.

شمڵەکانی نەورۆزی بریتین لە:

١- گوڵەکانی نەورۆزی یان گیاکان: گوڵە گەزیزە، زەنبەق، گوڵە چاوێشە، گوڵی زەرد کە موژدە هێنەری ساڵی نوێن، خەڵکی دەوروبەری کێوی سەبەلان گیاگەلێک بە ناوەکانی یملیک یان «شنگ» لە کێو و دەشت لەگەڵ خۆ دێننەوە و بە ئاهەنگ گەلێک کە دەسەی «یملیک چی» دەیڵێنەوە، لە وەسفی نەورۆزدا بەسەر جیرانەکاندا لەگەڵ چەپکە گوڵ دابەشی دەکەن و خانە خوێ کانیش پوڵ و پارەو... دەدەن.

٢- سفرەکانی نەورۆز بریتین لە: ١- حەوت شین (لە نێو زەردەشتییەکانی ئێستا و پێش ئیسلام- شیر-

شەکر- شیرینی- شەربەت- شەمع، ئاوێستاو....)
٢- حەوت سین پاش ئیسلام- سەمەنی- سنجو- سماق- سرکە- سێو- سیرو... قورئانی پیرۆز)
٣- حەوت میم لە پارێزگای فارس ئێستاش باوە: ماسی- ماست و...
٤٧- حەوت چین- لەنێو زەردەشتییەکاندا- لە کۆندا باو بووە و ئێستا نەماوە، ژمارەی حەوت ژمارەیەکی پیرۆزە و نیشانە و ڕەمزی تەکامولە.
٣- خۆراک گەلی نەورۆزی وەکو چەلپەک (لە باکووری ئێراندا) جۆرێک پلاوی نەورۆزییە کە دەست و پوختی ژنانە و دەبێ ئەو کەسەی بۆ جیران و هاوسێ دابەشی دەکات و دەیبات حەتمەن کوڕ یان پیاو بێ، واتە نێرینە بێ.
٤- ماسی و سەوزە- کە ئەمڕۆش لەسەر کۆلان و شەقامەکان لە سەرەتای ساڵ دەیفرۆشن- نیشانەی جوولانەوە و پاکی و جموجۆڵ و شادییە.
٥- یەکێکی تر لە شمڵەکان نەورۆزی و لەوانەیە گەورە ترینیان لە کوردستاندا کێوی «نەکەرۆزە» سەر بە ناوچەی سەقزە و وشەی نەکەرۆز بە مانای خودی «نەورۆز»، چونکە لە فارسی میانە (پەهلەوی) وشەی «نەکەرۆز» یانی نەورۆز- ترۆپکی ڕۆژ، ئەم کێوە نیشانەی سەرەتای ساڵی تازەیە؛ چونکە هەتاو کاتێ گەیشتە ترۆپکی بورجی حەمەل و ڕۆژ یەکەمی نەورۆز، یەکەم تیشک و گزنگی سەر لە بەیانی ساڵی نوێی خۆی لە نوچکەی ئەم کێوە دەدات، لەم ڕووەوە پێیان گوتووە نەکەرۆز.
هاوتای کێوی نەکەرۆز لە داوێنی سروشتدا «تاشە بەردێکە» لە تەختی جەمشید، کە هەتاو یەکەم تیشکی گزنگی تری لەو شوێنە دەدات. لە وەسفی نەکەرۆزدا چەند شیعرێک کە پەیامی نەورۆزی پێوە دیارە هاتووە وەکو.

**لەسەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز**
**دەڵێن گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز**
**شەماڵ لە لوتکەی کێوی نەکەرۆز**
**هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز**
**وتی ئەم جەژنی کاوە و فەرەیدوون**
**لە گشت گەل و هۆز پیرۆز بێ پیرۆز**

٦- یەکێکی تر لە شمڵەکانی نەورۆزی «هێلکە شکێنە» کە تاکو چەند ساڵێ لە مەوپێش لە شار و گوند و دێهاتەکاندا لەسەر کۆلان و شەقام بەڕێوە دەچوو «بازاڕی هێلکە شکێنێ» دیاری دەکرا. هێلکە مانایەکی زۆر گرینگ و ڕەمزاوی و قووڵ و فەلسەفی هەیە، چونکە پێوەندی بە ڕەستاخێز و لە دایک بوونەوە هەیە. سەرەتای خولقاندن و پێکهێنانە.
ئەم کایە دوونە فەربییە، هەرکام بە نۆبە هێلکەکانیان لە مشتدا دەخەواند و ئەوی تر، بە هێلکەکەی خۆی لێی دەدا، ساحێبی هێلکە شکاوەکە دەیدۆڕاند و دەبووا هێلکە شکاوەکەی بدایە بە هاوتاکەی.
لەسەرەتای نەورۆزەوە تاکونێ کۆتایی نەورۆز بەڕێوە دەچوو، کایەکە بریتی بوو
١- سەر بە سەر
٢- قوڵ بە قوڵ
٣- سەربە قوڵ و قوڵ بەسەر
٤- شان بەشان و....
باشترین هێلکە بۆ هێلکە شکێنێ هێلکەی بارۆکانە کە زۆر سەخت و توندە.

## ئایین گەلی زستانی و پێش نەورۆز

دەتوانین بێژین ئەم ئایین گەلی سەرەتای نەورۆزن.
١- چلە گەورە- لە سەرەتای زستانەوە دەست پێ دەکات تاکونێ دەی بەفرانبار واتە چل ڕۆژ.
٢- چلەی چکۆلە- ماوەی ٢٠ ڕۆژەو لە دوای چلە گەورەوە دەست پێ دەکات، بەپێی ڕەسم و یاسای کوردەواری لە کۆندا لە گەڕەک و گوند و لادێ میوانداریان بۆ هەرکام لەم چلانە دادەمەزراند و هەر شەوێک بە نۆبە دەیانگوت:
میوانی ماڵی فلان کەسە- هەر ڕۆژێک بەفر و کڕێوە و سەرما و سۆڵ ببوایە، خەڵکی بروایان وابوو ماڵی خانە خوێ بە جوانی لە چلەیان میوانداری نەکردووە و خۆراکی باشیان پێی نەداوە و ئەویش بەم جۆرە تووڕە بووە هەر بۆیە خەڵکی بە چاوی تووڕەییەوە تەماشای ئەو بنەماڵەیان دەکرد.
دوای چلەکان خاتوو زەمهەریر دەهات و لە شێوەنی مەرگی براکانی، خۆی دەرنێ و دەناڵێنێ واتە لە مەرگی چلە گەورە و چلە چکۆلە... ئەو چەند ڕۆژە سەرما و سۆڵ لەوپەڕی خۆیدایە- ئیتر لە دوای شێوەنی زەمهەریر

سەرما دەشکێ و هەوای خۆش دەست پێ دەکات.
خاتوو زەمهەریر بە مانای خاتوونی سارد و سۆزو سەرمایەکە، لە دوو وشەی
زەم= سەرما+ هەریر= خاوەن پێکهاتووە
٢- کوڕی «سەیا» و «یاسەیای»- لە ناوچەکانی سنە و تیلەکۆ و کرماشان و گۆران و تاد.. بڕوایان وایە، حەسەن سەیاو دوو کوڕ هەیە بە ناوەکانی ئامەی و مۆمەی. ئامەی لە یەکێک لە شەوە ساردەکانی زستان یان نیوەی زستان، دەچێتە کێو و ڕەوەز بۆ ڕاو کردن، بەڵام سەرمای زستان مەودای نادات و دەیکوژێ. کوڕەکەی تری لە هەژدەی بەهاری کوردی، دەچێتە کێو و تەلان، بەڵام هەر کە شەو سەرما و سایقە و سەهۆڵ دەست پێ دەکات، مۆمەی بیر لە چارەسەرێک دەکاتەوە کە سەرما وەکو براکەی ڕەقی نەکاتەوە؛ لەم ڕووەوە هەڵدەستێ بەردی خۆرەتاو دەگوێزێتەوە بۆ نسار و بەردی نسار دەگوێزێتەوە بۆ خۆرەتاو بەهۆی دەنگ و زرمەی بەردەکانی دەستی کوڕی سەیا و زەوی لە خەو ڕادەچەنێ و ساردی هەوا دەشکێ و لە ٢٠ بەهاری کوردی کاتێک دەگاتەوە ماڵێ دەمرێ، خوشکەکانی لە مەرگی براکانی (ئامەی و مۆمەی) دەست دەکەن بە شین و گریان و خۆڕنین و زێو و زێڕ و زیوەرەکانیان لە سینگ و بەرۆکی خۆ دادەڕنێن و بە نیشانەی تازیە دووری دەخەنەوە کە دەڵێن «بەفرە ژێڵە» و سیخور ڕەمزێکە لەو زێڕ و زێوانە. بەم بۆنەوە زەوی لە خەو ڕادەچەنێ و نەفەس دەکێشێ.

**لە هەژدەی بەهار زەوی دەن نەفەس**
**مەل و موورومار دەرچیون لە قەفەس**

٣- چوارشەممە سووری- مانگی ئاخری زستان هەر کام لە چوار شەممەکانی لە ئێرانی کۆندا بە ناوێکەوە ناسراون یەکەم: چوارشەممەی ئاو دووەم: چوارشەممەی ئاگر سێیەم: چوارشەممەی هەوا و چوارەم چوارشەممەی خاک. کە جەژنی چوارشەممە سووری ناوی لێ دەبرێ و لە ئێوارەی سێ شەممەوە دەست پێ دەکات و خەڵکی ئاگر دەکەنەوە و بە سەریدا باز دەدەن و شیعر لە وەسفی ئاگر و نەورۆزدا دەڵێن- ئەم چوار چوارشەممەیە پیرۆزایەتی چوار ڕەگەزی بوون (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) دەگەیەنن.
بنەماڵەکان هەر کام بەشێوەیەک لەسەر دەرکە و بان و کۆڵان ئاگر دەکەنەوە و بە ژمارەی ئەندامانی بنەماڵە چێو دەشکێنن و دەیخەنە ناو ئاگرەکەوە.
لە ئێرانی کۆن و کەونارادا، هەر کام لە چوارشەممەکانی مانگی ئاخری ساڵ بە ناوی یەکێک لە (ئەرکانی ئەربەعە) ناونراوە.
١- چوارشەممەی یەکەم- ئاو
٢- چوارشەممەی دووەم- ئاگر
٣- چوارشەممەی سێیەم- هەوا
٤- چوارشەممەی چوارەم- خاک
بەو مانایە کە خاک دەژێتەوە و لە خەو هەڵدەستێ.
لە ئێوارەی سێ شەممەدا ئاگر دەکەنەوە، لەسەر بان و بەردەرکە و کۆڵان و... هەر بنەماڵەیەک بە ژمارەی ئەندامانی بنەماڵەکەی چیلکە و چێو دەشکێنن و دەیخەنە ناو ئاگرەوە و بە سەریدا بازدەدەن و دەڵێن: ئاگر سووری تۆ بۆ من و زەردی من بۆ تۆ. فارسەکان و تورکە ئازەرییەکانیش هەر کام بە زمانی خۆیان وا دەڵێن بەو مانایە کە شوومی و نەگبەتی ساڵی ڕابردوو لە خۆ دوور دەخەنەوە و ساڵی داهاتوویان پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بێ.
لە کۆندا، لە کازیوەی بەیانی کیژان و ژنان کاسە و جەڕە و گۆزە تازەکانیان دەبردە سەرکانی و ڕووبار و پڕیان دەکرد لە ئاو و دەیان هێناوە بەو مانایە، ساڵی داهاتوویان پڕ لە خۆشی و بەختەوەری و ڕۆشنایی بێت.
هەر لەم ڕۆژەدا خەڵکی هێلکە ڕەنگ دەکەن و لەگەڵ نوقڵ و شیرینی و گوێز و پوڵ بە جەژنانە دەدەن.
دەستەی لاوان و منداڵان لە کۆندا دەچونە سەر باینجە و ڕۆچنە و کولانجەی ماڵان و پشتوێنیان دەخستە خوارێ و بە شیعرگەلی وەکو: هەلاوە مەلاوە، کچتان ببێ بە بووک و کوڕتان ببێ بە زاوا- شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە لە ناوچەی کەڵهور و کرماشان بە ناوەکانی «شاڵ ئەندازی یان شاڵ خستن» بە ناوبانگە، خانەخوێ بەپێی توانای خۆی لە هێلکە و گوێز و خورماوە بگرە تاکونێ پوڵ و پارەیان پێ دەدان. ئەم شیعرانەش دەڵێن:
**هاتەرێ ماتەرێ، خودا کوڕتان بدەرێ ئوسا خوەی جەکوشی خودا کورتان نەکوشێ**
ئەم ڕەسمە لە ناوچەکانی کەڵهور و ئیلام و کرێند بەم جۆرەش هەیە.
لاوان چادر و چارشێویان دەدا بەسەریاندا و لەژێر چادرەکەوە بە کەوچک لە قاپ و دەورییان دەدا و

هەروەها خانەخوێ بەشێوەگەلی مالّی و پولّی کۆمەکی دەکردن، لە ئاخردا دەستەکان پێکەوە ئەوشتانەی کە خڕیان کردبۆوە بەشیان دەکردەوە.

**میری نەورۆزی**

شانۆیەکی زۆر کۆن و لەوانەیە کۆنترین شانۆی ئێمەی ئێرانی بێ کە ئەم ئایینە، تەنیا لەنێو کوردەکاندا ماوەتەوە و هاوتایە لەگەلّ ئایینی «سیاووشان»دا.

شانۆیەکی تا ڕادەیەک جدیشە و تەنیا کات بەسەربردن و گالّتە نییە بۆ خۆی بنەمایەکی گەورەی ئوستوورەیی هەیە، ئەم چیرۆکە پێوەندی قوولّی بەسەرکەوتنی کاوە و فەرەیدوونەوە هەیە بەسەر زوحاکی مار لە شاندا.

ئایینێکی ئارمان گەرایە لە زۆر ناوچەدا بە ناوی جۆراوجۆرەوە هاتوون و بە جیاوازی بەڕێوەبردنیش، بەلاّم بنەمای ئوستوورەی هەموویان یەکێکە.

بۆ وێنە بەناوەکانی میری بەهاری میری میران، میری نەورۆزی میری هەرج و مەرج، خان بازی و... بە ناوبانگە.

میری نەورۆزی نیشانەی ئەوەیە کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەژار و دەولّەمەند و گەدا و پاشا نییە... پیاوێکی هەژار دەتوانێ ڕۆژێک ببێتە پاشا.

حافز شیرازی دەلّێ:

**سخن در پرده می گویم چو گل از غنچه بیرون ای**
**که بیش از پنج روزی نیست حکم میر نوروزی**

کوردان دەلّێن: کاوەی ئاسنگەر کاتێ زوحاکی مار لەشانی لەناو برد هاوکات لەگەلّ نەورۆز و سەرەتای سالّی نوێ بووە.

لە شانامەی فەرزانەی تووس فیردۆسی، رەک و روک بەم مەبەستە ئاماژە کراوە... کە زوحاک هەر شەو مێشکی دوو لاوی دەرخواردی مارەکانی سەرشانی دەدا و ئاشپەزەکانی زوحاک کە ناویان «ئەرمائیل» و «گەرمائیل» بوو، هەر ڕۆژەی یەکێک لەو لاوانەیان ڕزگار دەکرد...

**چنان بود که هر شب دو مرد جوان**
**چەکهتر چه از تخمه پهلوان**
**خورشگر ببردی به ایوان شاه**
**وزو ساختی راه درمان شاه**

**بکشتی و مغزش برون اختی**
**مران اژدها را خورش ساختی...**
**کنون کرد ازان تخمه دارد نژاد**
**کز اباد ناید بدل برش یاد**

عومەر خەیام لە کتێبی «نەورۆزنامە»دا دەلّێ: فەرەیدوونی کورد ڕۆژێ کە زوحاکی ئەسیر کرد ئێرانی لە شەڕی ئەو ڕزگار کرد.

موریە – ئێران شناسی بە ناوبانگ لە سالّ ١٨١٢ زایینی نزیک ٢٠٠ سالّ لە مەوپیش دەلّێ لە ڕۆژی ٣١ مانگی ئاوت خەلّکی دەماوەند بە یادی ڕزگاری ئێرانییەکان لە زولّمی زوحاک جەژنێک دەگرن بە ناوی جەژنی کوردی و خۆیان بە ڕەچەلّەک بەکورد دەزانن.

ئیحسان نووری لە کتێبی «ڕیشەی نەژادی کورد» دەلّێ: لە کوردستانی تورکیا ئەم جەژنە لە سەرەتای بەهاردا بە ناوی «تول هەلّدان» یانی جەژنی تۆلّە سەندنەوەیە دەیگرن کە نیشانەی سەرکەوتن بەسەر زالّمان دایە، واتە سەرکەوتنی کاوە و فەرەیدوون بەسەر زوحاکدا.

My Rich دەلّێ: لە سلێمانی جەژن گەلی بەهاری زۆر بوونە لەوانە... خەلّکی سلێمانی لە نەورۆزدا دەچوونە مەنتەقەی سەرچنار و جەژنی پاشای هەرج و مەرجیان دەکرد، ئەم فەرمان ڕەوایە ئیختیاری زۆری بووە زۆر دابونەریت و ڕەسم و یاسای بە مەیلی خۆی دەگۆڕێ.

تۆفیق وەهبی دەلّێ: سەر لە بەیانی دیاریکراو خەلّکی سلێمانی شاریان بە جێ دەهێشت و دەچوونە دیتنی شای هەرج و مەرج. لەوێدا کە شا بە سواری گایەکەوە دەهات، کۆ دەبوونەوە و چێخ و چادریان لێ دەدا و قازانیان دەنایە سەر ئاگر و خورد و خۆراکیان دروست دەکرد و ئەوانەی کە لیباسی گیانلەبەرانیان لەبەر کردبوو وەکو دەلّقەک خەلّکیان دەخستە پێکەنین، خەلّکی بێ هیچ بیانوویەک لە پاشایان ئیتاعەت (پێڕەوی) دەکرد. شا مالّیاتی دەخستە سەرشانی خەلّکی بە پێی توانای ماکی و ماددی ئەوان. خەلّکی کورد بڕوایان وا بووە کە «فەرەیدوون» بەسواری «گا» بەرەو شەڕی زوحاک یان ئەژدیهاک چووە.

شانۆی میری نەورۆزی لە ئایینگەی کۆنی نەورۆزی تایبەت بە کوردان لە ئێران دایە– خەلّکی لە یەکەمین

چوارشەممەی ساڵی نوێ کەسێک بە ناوی میری وڵات یان میری ناوچە یان میری بەهاری هەڵدەبژێرن.

دەبێ کەسێک هەڵبژێردرێ کە بەژنێکی زەلام و بە توانا و بەخۆوەی هەبێ، نابێ پێکەنین بە زاریدا بێ تەنانەت بزەش نەکات، هەرچەند زۆر شتی گاڵتاوی ببینێ، ئەگەر پێبکەنێ، ئەوە زوو لەسەر تەختی لادەبەن، تەنانەت لە لایەن تەماشاچییەکانیشەوە لێدان دەخوا.

بۆ ئەمیری بەهاری تەخت و کورسی دەرازێنرێتەوە، لەسەر تەختەکەی گوڵ و ئاوێنە و تەنەکە و میداڵ و حەمایل و قەتار و تەنانەت فەزاکە بە ئێسقان و تاد... دەرازێنێتەوە. ئەمیری نەورۆزی لە سەرەتای بەیانی لەسەر تەخت دادەنیشێ، دواجار خزمەتکارێک دەچێتە لای و دەست و پێوەندەکانی، کە کابینەی دەوڵەتی ئەون موعەرفی دەکات کە بریتین لە:

١- کۆنە وەزیر- پیرە پیاوێکی شۆخ و نوکتەزان کە وەکو تەڵخەک یان دەڵقەک وایە.

٢- وەزیری دەستی ڕاستی کە حوکم گەلی دروست و مەنتیقی و بەجێ دەردەکات.

٣- وەزیری دەستی چەپ: کە فەرمان و حوکمەکانی گاڵتەجارە و خەڵکی دەخاتە پێکەنین.

٤- میرزا: خوێندەواری دەربار کە میرزا بنوس و کتێب بە دەستە

٥- فەڕاش و خزمەتکارەکان

٦- ساز و دەهۆڵ ژەنەکان: کە جاری وایە ٢٠ نەفەر زیاترن.

٧- جەلادەکان و نیگا بانەکان (خەنجەر بەکەمەرن) کە کەواو پانتۆڵ یان لیباسی سووریان لە بەردایە و فەرمانەکان بەڕێوەدەبەن.

٨- داروغە: ڕەئیسی بەڕێوەبردنی ئەحکام.

١٠- دڵقەکەکان کە لیباسی پێستی گیانلەبەران لەبەر دەکەن

جارچی دەچێ لە کۆڵان و گەڕەک و بازار جاڕ دەکێشێ و حکوومەتی میری نەورۆزی (عالی جەناب) ڕادەگەیەنێ، لە ماوەی حکوومەتی میری نەورۆزی کە ٥- ١٥ ڕۆژە، کەس مافی نییە لە ژێر فەرمانەکانی میر و دار و دەستەکەی لابدات و حوکمەکان بێ کەموکوڕی بەڕێوە دەچێ.

تا ئێستاش نەبیستراوە کەس لە فەرمانەکانی لای دابێت.

لە نموونە حوکمەکانی ئەمیر ئەوەیە دەوڵەمەندەکانی ناوچە یان ناو دێ بە نامەو ماموور بانگ هێشتن و دەعوت دەکاتە دەربار، بە بیانووگەلێک مەحکومیان دەکات بە دانی پول و مالیات و هەر شتێکی نەقدی و جنسی.

تاوانبار دەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات بەپێی تێگەیشتنی ئەمیر حوکمی جەریمەی دەردەچێ و بە تەنفیز و ئیجراش دەگات. خەڵکی بەتایبەت هەژاران و نەداران بەم کارانەی ئەمیر خۆشحاڵی دەبن و عوقدەکانیان کەم دەبێتەوە.

هەر بۆیە ئەمیر زۆر کەسی بەپێی توانای ئەوان جەریمە دەکرد، ئەو کەسانەش بە جۆرێک ڕقیان لە ئەمیر هەڵدەگرت، بەڵام ناچار بوون دان بەخۆیاندا بنێن تا کۆتایی حکومەتەکەی.

ئەو پوڵ و پارە و شتانەی لە دەوڵەمەندەکان دەسێنرا بەسەر خەڵکی هەژار و نەدار، هەروەها کابینەی حکوومەتی میر دابەش دەکرا.

لە کۆتایی حکوومەتەکەدا ئەمیر دەیزانی ئەو کەسانەی بەهەر شێوەیەک تەمێ و جەریمە کراون ڕقیان لێ هەڵگرتووە، دەبوو لە ئاخرین سەعاتەکانی حکومەت لە فیکری دەرچوون لە یارییەکەدا بووایە، دەنا ئەگەر میریان بگرتبایە لێیان دەدا، هەر بۆیە میر و دەست و پێوەندەکانی هەوڵیان دەدا لە کۆتایی مۆڵەتی حکوومەتەکەیان خەڵکی سەر گەرم کەن و بەرنامەکەیان درێژە پێ بدەن، بەتایبەت لە تاریکی شەو کەڵک وەردەگیرا و لە یارییەکە هەڵدەهاتن و خۆیان ڕزگار دەکرد.

ئایینی میری نەورۆزی بنەمایەکی ئازادیخوازانەی هەیە، ئەمیر هەر ئەو کەسەیە کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کەس نییە فەرمانی ئازاد کردنی زیندانییە بێ گوناهەکان دەدات. عەدالەت و بەرابەری بنیاد دەنێت، هەر کەسێک لە ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هاوماڵ و هاوسێ و دراوسێ شەڕو ناخۆشیان بووبێ ئاشتیان دەکاتەوە.

حوکمی دەکرد کە خەڵکی ماڵەکانیان خاوێن کەنەوە جلوبەرگی تازە لەبەرکەن و خۆیان برازێننەوە و گەردن ئازایی بخوازن و دەستی یەکدی ماچ کەن و پیرۆز بایی ساڵی نوێ لە یەکتر بکەن.

میـری نەورۆز زۆر کـاریگەری لەسـەر حکوومـەتەکـان داناوە، تەنانەت بۆ وێنە: ڕەماڵەکان بە پاشای سەفەوی شـاە عـەباسی یەکـەم دەڵێن کـە لەو چەند ڕۆژەدا پادشـا تووشی نەخۆشییـەکی دژوار دەبێ و دەمرێ بۆ ئەوەی ئەم نەحـوسـەتە لەخۆ دوورخـاتەوە؛ دێن کـابرایەکی هەژار و شـوان لە جـێگەی پادشـای سـەفـەوی دادەنێن. کـابرای دەست و پێ سپی تاج و تەخت دەگرێتە ئەستۆ کە دەڵێن کاتێ مۆڵەتی دیاریکراو دێ- کە ڕەماڵەکان وتبوویان- کابراکە بەشێوەیەک دەکوژن و لەناوی دەبەن حکوومـەتی کـوڵ و کـورت کـۆتایی دێ و شـوومی پاشـای تەقـەلبی دەگـرێتـەوە. ئەم چیـرۆکـە ئەفـسـانە بێ یان ڕاست، بە جـۆرێک داهێنەری حکوومـەتی مـیـری نەورۆزییـە و ئاخـوندزادە ئەم چیـرۆکـەی بە ناوی «سـتـارەگـان فـریب خـوردە» بە شـانۆ دەرهێناوە و چەند سـاڵ لە مـەوپێش بەناوی «سوڵتان و شەبان» بڵاوکراوەتەوە.

ئایینی میری نەورۆزی ئارمان گەرایە و لە زۆر یەک لە ناوچەکانی ئێران بەناوی «خان بازی ناوبانگی بووە.»

میر نەورۆزی ڕیشـەیەکی کۆنی هەیە، حکوومـەتەکەی هەر گاڵتە نییە و تاڕادەیەک جدیشە، مرۆڤێکی هەژار و نەدار جاری وایە ڕۆڵی حاکم و دەسەڵات دەگرێ.

### کۆسەگەردی

کـۆسە گـەردی ئایینێکی کـۆن و لەناوچووە، کـۆنتـرین کـتـێب کـە باسی کـۆسـەی کـردووە (مـروج الذهب - ابوالحسن علی بن حسین مسعودی ٣٣٢ھ) دەڵێ: کۆسە لەسـەر هێـسـتـر سـوار دەبوو... پاشـان ابوریحـان لە التـفـهـیم-دا دەڵێ کۆسـە لە سـەر وڵاخـێک سـوار دەبوو قالاوێکی دەگرت بە دەستەوە و باوەشێنی ڕادەوەشاند و مـاڵئاوایی لە زسـتـان دەکرد. لە شیـرازیشـدا ئەم کۆسـە گەردییە هەبوو و لە دوای عەسر خەڵکی کۆسەیان تەمێ دەکرد و لە شار وەدەریان دەنا. بورهانی قاتع زین الاخبار گەردیزی باسی کۆسە گەردی کردووە.

کۆسە گـەردی شەڕی سـەرمـاو گـەرمـا نیـشـان دەدات. کـۆسـەی ناحـەز و گـاڵتـەجـاڕ سـوار وڵاخـەو خـۆی بە باوەشێن، باوەشێن دەکات و مژدە هاتنی گەرما و لەناو چوونی سـەرمـا دەدات، قـەڵاو ڕەمـزێکە لە زسـتـان لە کۆتاییدا ئێوارە کە هەتاو هەڵدێ- کۆسە ئازار دەدەن بە بەفـر و سـەهۆڵ لێی دەدەن و دەری دەکـەن، چونکە نـابێ سەرمـا بێتـەوە. ئایینی کۆسـە گەردی و مـیری نەورۆزی نیشانەی شارستانییەتە.

جـەژنی کـۆسـە گـەردی یەکـێکە لە جـەژنە گـەورەکـان تەنانەت غـولامـان و نۆکـەرانی حـاکمـان و پاشـایان لە شـارەکـاندا لەگـەڵ دەسـتـەی کـۆسـە ڕێ دەکـەوتن و بە بیانووی کۆسەگەردییەوە ماڵیاتیان لە خەڵکی بەتایبەت دوکـانداران دەسـەند و شـێـوەی باج گـیـری بەخـۆیەوە دەگـرت- بورهانی قـاتع دەڵێ: غـولامـانی پاشـا لەگـەڵ کۆسە سەریان دەکرد بە دوکانەکاندا و باجیان لە خەڵکی دەسەند (از مردگان یک سوم سیم می گرفتند)

کـۆسـە گـەردی شـانۆیەکی هەرە کـۆن و گـەڕەکـیـیـە- دووکـەس بۆ ڕۆڵی کـۆسـە و ژنەکەی کـۆسـە هەڵدەبژێرن. یەکـێک لە وانە ناودەنێن کـۆسـە و ئەوی تر ژنی کـۆسـە، جلی دەڵپـو هەراو لە بەردەکـەن، ڕیش و ڕدێنی درێژ و گـاڵتـاوی لە خـوری یان لۆکـە بۆ کـۆسـە سـازدەکـەن و کڵاوێکی شاخدار دەکەنە سەری و بە ئارد و ئاردە شێڵە و ڕەنگی ڕەشی و سوور سووراو سپیاوی دەکەن کڵاوێکی باریـک و گـــرد و درێژ دەکـــەنە ســـەر ژنەکـــەی و زەنگوڵەیەکیش دەکەنە ملی و دوو شـاخی گـەورەشی بۆ دروست دەکـەن، تەناف دەخـەنە ملی هەردووکـیـان و ئەوانیش بە هەڵپەرکێ و سەما خەڵکی دەخەنە پێکەنین ماڵ بە ماڵ دەیان گێڕن و ئەم شیعرانە دەخوێننەوە.

**کۆسە هاتە لە چەمەوە**
**نقەی گرتە بە دەمەوە**
**کۆسە هاتە بۆ تووتن**
**کەوتووە وەک سەگی کوڵکن**
**کۆسە نییە و بەڵایە**
**کشکی دەوری قەڵایە**
**کۆسەمان نا بە تاقەوە**
**چاوی ئەچوو بەزاقەوە**
**کۆسەمان ناسەرمیچەوە**
**ددانی ئەچوو بە ڕیچەوە**

خـانەخـوێ لەگـەڵ ئەو خـۆشـیـیـە تێکەڵ دەبێ و بـەپێی توانای خۆی شتێک بە کۆسە و ژنەکەی دەبەخشێتەوە.

کۆسەش شانۆیەکە وەکو بی بی نەورۆز و حاجی فیرۆز. ڕەنگی خـۆڵەمـێشی ڕوومـەتی حـاجی فـیـروز و کـۆسـە نیـشـانەی ڕەشی خـاک و لە ناو چوونی سـاردی و سـۆزی

سەرمایە، ڕەنگی سووری گۆنا، یان جلیان نیشانەی لە دایک بوونەوەی سروشتە.

بە داخەوە ئاییینی حاجی فیروز کە زۆر ئاییینێکی ڕازاوەیە فەوتاوە، حاجی فیروزی بە دەف و دایرە و باوەشێنەوە لە ستایشی نەورۆز و بەهار شیعر دەڵێ و بە کۆڵان و شەقامدا دەگەڕێ و دڵی خەڵکی شاد دەکات. ئەمڕۆ حاجی فیروزی نەماوە، لە دەورەی سەفەوییەکان حاڵەتی دەریوزەگەری بەخۆیەوە گرتووە.

**سێزدە بەدەر**

١٣ لەو ژمارانەیە کە مەنحوس و شوومە، وەکو چوار لە چوارشەممە سورێ و کوڵە چوارشەممەی مانگی سەفەر هەرواکە لە (چوارشەممە سووریێ)دا بە بازدان و گەڕان بەسەر ئاگردا شوومی لە خۆ دوور دەخەنەوە، خەڵکی لە ڕۆژی سێزدە بەدەر بە چوونە داوێنی سروشت و تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشت بە خۆشی و شادی، نەگبەتی ڕۆژی سێزدە و ساڵی ڕابردوو دوور دەخەنەوە.

کاتێک لە سێزدە بە دەر دەگەڕێنەوە چەند ئاییینی ڕەمزاویان هەیە وەکو:

١- سێزدە بەرد بۆ پشتەوە حەوا دەدەن؛ بێ ئەوەی لابکەنەوە و دوعا دەکەن ساڵی داهاتوویان پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بێت.

٢- سەمەنییەکان کە لە پێش نەورۆزەوە چێندرابوون و لەسەر سفرەی حەوت سین دانرابوون، لەگەڵ خۆیان دەیبەن و دەیخەنە ناو ئاوی چۆم و ڕووبارانەوە.

٣- لە زۆر ناوچەدا کچان لە قژی خۆیان دەبڕی و بە نیشانەی بەخت کردنەوە دەیانخستە ئاوی جۆگە و ڕووبارەوە.

٤- بنەماڵەکان کاتێک دەگەڕانەوە ئەسپەندەر و قانگیان دەسووتاند و چەند سکەیەکیان دەخستە نێوبەوە و لە دوای ئەوەی کە بە دەوری سەری ئەندامانی بنەماڵەکە دەیانگێڕا لەگەڵ سکەکاندا و خۆڵەمێشەکانیان دەخستە نێو کۆڵان و سەر شەقامەوە بە نیشانەی سەدەقە.

**پەنجە وتار**

«ایام مسترقه» یان «خمسه مسترقه» کە لە کوردیدا بە مانای «پەنجەو تارە» بەهۆی ئەوەوەیە کە ساڵی شەمسی ٣٦٥ ڕۆژە و هەر مانگێک ٣٠ ڕۆژە و هەر ساڵێک ١٢ مانگە. پێنج ڕۆژی ئاخری کە دەمێنێتەوە، بەناوی پەنجەی شووم و تاریک ناوی لێ دەبەن کە بەپێی ڕۆژژمێری کوردی دەکاتە کۆتایی دووەمین مانگی بەهاری کوردەواری و هاوکاتە لەگەڵ ٧-٣ ڕۆژی ڕەشەمەی زستان (اسفند ماه)

لە نێو عێل و عەشایری کەڵهور و کرماشاندا بڕوایان وایە کە ئەم پێنج ڕۆژە نەحس و شوومە. بۆ ئەوەی ئەم شوومی و نەگبەتییە لە خۆیان دوورخەنەوە بە هەویر ڕەنگی شین لەسەر پشتی مەڕ و ماڵات و تەنانەت سەردەرگای چیغ و چادرەکان شکڵی پەنج یان بازنەیان دەکێشاوە و شینیان دەکرد. بڕوایان وابوو کە بەم جۆرە نەحوسەتیان لێ دوور دەکەوێتەوە. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا خەڵک کەمتر سەفەرو هاتووچۆ دەکەن و هەر لە ماڵ دەمێننەوە.

لەنێو ئازەرییەکان و تورکانی ئازەری بۆنەیەکی جوان و نەورۆزی هەیە بە ناوی «فال گوش» ئەویش بەو جۆرەیە کە لە ڕۆژەکانی نەورۆزدا خەڵکی هەوڵ دەدەن بەردەوام کەلام و قسەیان خۆش و بە خێرو بەرەکەت بێ و لە قسەی ناخۆش و شەڕاوی پارێز دەکەن. پێیان وایە بە فالی چاکە دەگرن ڕازی دڵی خۆیان پێ دەگرنەوە و تەنانەت لەو ڕۆژانەدا خەڵکی بە ئەنقەست دەرگای حەوشە و ماڵیان دەکردەوە تاکونێ «فل گوش» بە فالی چاکە بگات و مرازی دڵی حاسڵ بێت.

فاڵ گرتن بە سەمەنش بووە، ئەویش بە قرتاندنی سەری سەمەنییەکان و بژاردنی سەوزە قرتاوەکان ڕیال تاق و جووتیان دەگرتەوە کە ئەگەر جووت بوایە خێر بوو فالی چاکە دەردەهات و ئەگەریش تاق بوایە فالی شەڕ دەهات.

# ڕێژیسیۆر و فەزای شانۆ

د. فازیل جاف
(سوێد)

(٢ - ٢)

## شانۆی ئاینده شانۆی سینۆگرافه

میـیـرهۆڵد دەڵێ جـاران شـانۆ شـانۆی نووسـەر بوو، دەگوترا شانۆی سۆفۆکلیس، شانۆی شەکسپیر، شانۆی مۆلێیر. شانۆی ئەم سەردەمەش شانۆی ڕیژیسیۆرانه، بەڵام شانۆی ئاینده شانۆی سینۆگرافه.

ئەگەر ئایندەی ئەو سەردەمه ئەمڕۆ بێت ئەوا قسەکەی میـیـرهۆڵد زۆری هاتۆته دی. خۆ ئەگەر سەد لە سەدیش نەبێ، ئەوا ڕیژیسیۆر و سینۆگراف بەگشتی هاوکات و پێکەوه ناویان دێت.

پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا بەدەگمەن لەڕەخنەی نمایشدا و لە لیستی داهێنەرانی ناو بەرهەمەکه، بەدەگمەن ناوی سینۆگراف دەهات.

بەڵام ئەمڕۆ لە سەرکەوتنی نمایش و لە نووشستیدا، بە هەمان شێوەی ڕیژیسیۆر ئاماژەبه سینۆگراف دەکرێت.

## ڕیژیسیۆره گەورەکان
## بە سینۆگرافەکانیانەوه گەورەن

ناوی زۆربەی زۆری گەوره ڕیژیسیۆرانی جیهانی شانۆ لەگەڵ سینۆگرافەکانیان دەبرێت. کە باسی داهێنانەکانی ستانیسلاڤسکی دەکرێت، بەبێ ناوی سیمۆڤی سینۆگراف باسی ناکرێت.

میـیـرهولدو سینۆگرافەکانی هەر بۆ خۆی بابەتێکه چەندین باس و لێکۆڵینەوه و کتێبی دەربارە نووسراوه. ساپونوف، دینیسۆڤ، گلاڤین، پۆپۆڤا و ستیپانۆڤا، ئەمانه چەندین نموونەیەکن. کە بەشێکی داهێنانەکانی میـیرهۆڵد لەسەر شانی ئەوان وەستاوه.

ناوی تاییرۆڤ بەبێ ناوی بلیمەتی سینۆگرافیا ئەلیکساندرا ئێکستەر نایەت.



ئەی ئەگەر داهێنانەکانی نیهری سینۆگراف نەبوایە، ئایا شاکارەکانی برێخت دەگەیشتنە ئەو پایە بەرزە، کێ بێ دیمەنی عەرەبانەکەی دایکە کوراجی لەبیر بچێ، خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی مەزنی سەردەمی خۆی بوو.

بەشێکی زۆری داهێنانەکانی ڕیژیسیۆری ئیتالیایی جورجیو ئیسترێهلەر، بەرهەمی هاریکاریەکی بەردەوام بە پیتی نێوان ڕیژیسیۆر و سڤابۆدای بلیمەتی ئەم سەردەمەی تیشک و سینۆگرافیا بوو.

ئەمجا بڕوانە، ڕیژیسیۆری ئەمریکایی ڕۆبیرت ولسونی لە بنەڕەتدا میعمار، چ شێواز و ستیلێکی تایبەت و کەرەکتەرێکی جیا هەڵکەوتووی لە ڕێگای هونەری میعمار و سینۆگرافیایەوە بۆ خۆی خوڵقاند.

## هێزی بێ ئەندازەی سینۆگرافیا

پاش یەکێک لە نمایشەکانی هەزار و یەک شەو، ئەکتریسێکی گەنج لەناو بینەرانەوە هات دەستخۆشی لێکردم، گوتی قەت نەمدەزانی سینۆگرافیا ئەو هێزە بێ ئەندازەیەی هەیە.

ڕاستییەکەی سینۆگرافەکەم ئیڤۆن ئێریکسۆن، گەلێ بایەخی بە ڕەنگ و تیشک دەدا، هەر لەسەرەتاوە پێی ڕاگەیاندم کە بەکارهێنانی پەڕۆ و قوماش لای ئەو بایەخێکی تایبەتی هەیە. زۆربەی هەرە زۆری پێداویستییەکانی دیمەنی شانۆیی هەر بە قوماش جێبەجێ دەکات، منیش گوتم: فەزای بەتاڵ و بنیاتگەری لە لام بایەخێکی گەلێ گرنگی هەیە. دەوجا با بیرو بۆچوونی هەردووکمان لێک نزیک بکەینەوە، پاشان بزانین دەگەینە کوێ.

گوتی: پێویستم بەوەیە زیاتر لەبۆچوونەکانت سەبارەت بە چەمکی بنیادگەری لە بیناسازی شانۆدا و میتۆدی میبیرهۆڵد و بۆچوونەکانی خۆت و هزر و پلانی کارکردن و بەرجەستەکردنی شانۆنامەکە تێبگەم.

سەرەتا دەستمان بە شیکردنەوەی تیۆریی کرد. سینۆگرافەم لە ڕووی عەمەلییەوە گەلێ شارەزا و کارامە بوو، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە، زۆری دەربارەی ئەو چەمکانە نەدەزانی، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا بە چەند کتێب و کەتەلۆگێکی هونەری دیکۆر و سینۆگرافیای جیهانی کۆنستر و کتفیزمدا چووبووەوە، هەروەها گەلێ سەرچاوەی دەربارەی هونەری نەقاشی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئیسلامی پەیدا کردبوو، هەر فیکرە و گوزارشتێکی لا جوان بایا، لای خۆی یاداشتی دەکرد و هەندێکیشانی لە شێوەی سکێچی سەرەتایی پیشان دەدام.

## سینۆگرافیا لە هەزار و یەک شەوەدا

ئێریکسۆن پرۆسەی کارکردنی لەسەر سینۆگرافیای هەزار و یەک شەوی گەلێ پێ خۆش بوو، ئەمەش مەرجێکی گەلێ گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی کارەکە و داهێنانی فۆرمی لەبارو گونجاو، ئەگەر سینۆگراف وەکو هەر داهێنەرێکی دیکە، بە سۆز و خۆشەویستییەوە کارەکەی خۆی ئەنجام نەدات و لەگەڵ ڕیژیسیۆردا کۆک نەبێت، مەحاڵە بتوانێ کاری خۆی بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدات.

ئیریکسۆن دەیگوت: ئەمە ئەزموونێکی نوێیە بۆ من، لە ڕێگای ئەم کارەوە گەلێ شتی نوێ فێردەبم، چونکە پێشتر بەم شێوازە کارم نەکردووە. بەر لە کارکردنمان، تەنیا یەک بەرهەمی ئیریکسۆنم بینیبوو، چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەنگ و کیتلە و قەوارەیم زۆر بەدڵ بوو، هەروەها لە شێوازی تێکشکاندنی واقیعەت و داهێنانی فۆرمی نوێ لە شتی ئاساییەوە و نزیک بوونەوە لە گرۆتێسک و زلکردنەوە و پێوەناندا زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام دوو کۆڵەکەی سینۆگرافیای شانۆنامەکە لەسەر پانتایی بەتاڵ و بنیادگەری بوو.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە نووسەری شانۆنامەکە دۆمەنیک کووک، کە هەر خۆیشی دەرهێنەری شانۆنامەکە بوو، وەکو ئاگادار بووم، لە دەرهێنانی شانۆنامەکەدا لەسەر شانۆی یانگ ڤیگدا بایەخی تەواوی بە فەزای بەتاڵ دابوو.

## پلانی سینۆگرافیا لە هەزار و یەک شەوەدا

شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە بریتییە لە چەند

حیکایەتێک: پاش کارکردنی تیۆری و خۆ ئامادەکردن، من و ئیڤۆن ئیریکسۆن لەسەر ئەوەی ڕێک کەوتین هەر حیکایەتە و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەبێ:

حیکایەتی چارچێوەی شانۆنامەکە، واتە پێوەندی نێوان شەهرەزاد و شەهرەیار، ڕەنگی شین

شێواز: ڕەمزی و شێوازگەری

سینۆگرافیا، فەزای بەتاڵ

عەلی بابە و چل دزەکە، ڕەنگی نارنجی

شێواز: شانۆی ئاسیای (جاپانی)

سینۆگرافیا: بنیادگەری (کۆنستر و کتیڤیزم)

سیندباد: ڕەنگی سپی (ئەم حیکایەتە پێش پیشاندانی یەکەم لابرا، لەبەر دوور و درێژی)

شێواز: شانۆی نوێی جاپانی

سینۆگرافیا: کۆنیستروکتیڤیزم و فەزای بەتاڵ.

سواڵکەرە بچووکەکە: ڕەنگی سەوز

شێواز: کۆمیدیا دیل ئارتێ.

سینۆگرافیا: کۆنستروکتیڤیزم/ بنیادگەری.

دوو خوشکە حەسوودەکە و حیکاتی کۆتایی: ڕەنگی شین

شێواز: شاعیرییەت و شێوازگەری

سینۆگرافیا: فەزای بەتاڵ.

لەچوارده گوتاری ڕەخنەگران دەربارەی شانۆگەرییەکە، کە تێکڕایان ستایش و بەرز نرخاندنی بەرهەمەکە بوو، بەشی سینۆگراف ئیڤۆن ئیریکسۆن بەهیچ شێوەیەک لە بەشی ڕیژیسێر و ئەکتەران کەمتر نەبوو.

### شانۆ نییە بێ سینۆگراف

ئەگەر بتەوێ ببی بە ڕیژیسێرێکی کارامە و داهێنەر، ئەگەر خۆت سینۆگراف نەبیت، دەبێ لەگەڵ سینۆگرافێکی بەتوانادا کار بکەی. هەر شانۆیەکیش ئەم پیشەیەی تێدا بزر بێ، نابێ بە شانۆ، چونکە یەکێ لە کۆڵەکەکانی شانۆ سینۆگرافە، کە فەزاو مەیدانی داهێنانەکە دەخوڵقێنێ. ڕەنگە بڵێیت من لەسەر فەزایەکی بەتاڵ کاردەکەم و سینۆگرافم پێویست نییە، تەنانەت فەزای بەتاڵیش هەر سینۆگراف، یان ڕیژیسێری خاوەن ئیحساسی سینۆگرافییانە، ڕێکی دەخات و ئامادەی دەکات. فەزای بەتاڵ ڕاستە هیچی تێدا نییە، بەڵام بۆ هەموو ڕووبەرێکی ڕووت و قووت مانای ئەوە نییە، فەزایەکی شانۆییە،هەر ئەو فەزایە خۆی لە خۆیدا دەبێ هەستێک بخوڵقێنێ، هەستێکی ناسک و گەرم، بۆ بەرپاکردن و بەدیهێنانی ئەو هەستە گەرمە، پێویستیت بە توانای سینۆگرافە.

ڕیژیسێری بەریتانی پیتەر هاڵ دەڵێ: کاری سینۆگراف لەوە زیاترە تەنیا سینۆگرافیای شانۆنامەکەت بۆ جێبەجێ بکا. سینۆگراف هاوکار و ڕەخنەگری ڕیژیسێرە. کاتێک بیر لەو کارانە دەکەمەوە کە بەرهەمم هێناون بەر لە هەموو شتێک بیر لە سینۆگرافەکانم دەکەمەوە، چونکە ئەوان لەسەفەرەکەماندا ڕێنمایی من و ئەکتەرەکانیان کرد.

### ڕیژیسێر دەبێ شارەزای سینۆگرافیا بێت

ئەو ڕیژیسێرانەی کە خاوەن شارەزایی و بەهرەن لە بواری سینۆگرافیادا، وەکو مییرهۆڵد، کۆمیسارژیفسکی، برووک و ولسون بەڕاستی کاریان ئاسانترە لە کاری ئەو ڕیژیسێرانەی کە شارەزاییان لە بواری سینۆگرافیادا کەمە، بەڵام نەبوونی بەهرە ڕێگا لە بەدەستهێنانی شارەزایی و زانیاری ناگرێ.

ڕاستیت دەوێ ئەگەر ڕیژیسێر شارەزایی و زانیاری لە بواری سینۆگرافیادا نەبێت و هەر خۆبشی نەخشە بۆ سینۆگرافیای بەرهەمەکەی خۆی دابنێ، ئەوە دەبێ چاوەڕێی کارەساتی گەورەی لێ بکرێ. چەندین بەرهەمی شانۆیی بەهۆی نەبوونی سینۆگرافیای باش، مایەپووچ دەرچوون، پەکیش لەسەر نموونە هێنانەوە نەکەوتووە.


ئەگەر بەوردی، بە بۆچوون و چەمکەکانی مییرهۆڵد و گرۆتۆڤسکی و بروک سەبارەت بە فەزای نمایشدا بچیتەوە، دەبینی ئەم ڕیژیسێرانە لە چەمکی فەزادا، بەر لە هەموو شتێک تێک گونجانی و هاوبەشی و بەشداری ئۆرگانیک و (تفاعل)ی ئەکتەر و بینەرانیان مەبەست بووە. واتە سەرلەنوێ دارشتنەوەی بیناسازی فەزای نمایش و فەزای بینەر و پتەوکردن و ئەکتیڤ کردنی پێوەندی هەردوو لا بەردی بناخەی ڕێبازەکانیانە. بەبێ تێگەیشتنی ئەم پێوەندییە، قسەکردن لەسەر ئەم ڕیژیسێرانە و تێگەیشتنیان مەحاڵە.

ڕیژیسێر بێ چاوپۆشی لە فەزای بینەر، ناکرێ فەزای نمایش بەشێوەیەکی هونەری و گونجاو ڕێک بخات.

واتە، پێوەندی نێوان بینەر و ئەکتەرەکانت، بکە بە پێوەر و بنەما بۆ ئەنجامدانی سینۆگرافیایەکی گونجاو.

### تایبەتمەندییەکانی سینۆگراف

سینۆگراف دەبێ شەفاف و کراوە بێت، بێ پرسی ڕیژیسێرەکەی هیچ نەخشەیەک سەقامگیر نەکات، نەک



هەر ئەوەندە، بگرە نابێ لە دانانی نەخشە و پلانەکانیدا، تەنیا ڕەزامەندی ڕیژیسێرەکەی مەبەست بێ و چاوی لەوە بێت کارەکەی پەسەند بکات. سینۆگراف دەبێ بوێر و ڕێچکە شکێن بێت، واتە بێ سڵکردنەوە و دوو دڵی ئەزموونەکانی خۆی بخاتە گەڕ، هەرچەندە وا ڕێک دەکەوێ ڕیژیسێرەکەی تەواو بە پێچەوانەوە بیربکاتەوە، بەڵام گەلێ جار ڕیژیسێر داهێنانی خۆی لە بیرکردنەوەی ترساو جیاهەڵکەوتووی سینۆگرافدا دەدۆزێتەوە.

پیتەر هال دەڵێ: لە ئەزموونی خۆمەوە دەزانم، سینۆگراف چەندە مەزن بێت، ئەوەندەش دەبێ بەرامبەر بە ئەزموونگەرێتی و موجازەفەکردن کراوە بێت.

هەروەها دەڵێ: دەبێ دان بەوەدا بنێین کە سینۆگرافی مەزن دەگمەنن. سینۆگراف نیگارکێشکی ئاسایی نییە، بەڵام دەکرێ نیگار بکێشێ، ئەوەش نییە پەیکەرتاش بێت، بەڵام لەوانەیە پەیکەریش بتاشێ. سینۆگراف ساحیری شانۆیە، فەزا دەستنیشان دەکات، لە ڕێگای قوماشەوە شادی دەبەخشێ، تیشک ئاراستەی نەک بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شانۆنامەکە، بگرە بۆ لێکدانەوەی سەرجەمی گرووپەکە بە ڕێبەرایەتی ڕیژیسێر دەکات.

**تێبینی**: سەرجەمی گوتەکانی پێیەرهاڵ:
Beitish Theatre Design, The modern Age, edited by John Goodwin, London 1989.

## پرسیارەکانی سینۆگرافیا شانۆنامەکەت دەربارەی چییە؟

هەوڵ بدە وەڵامی ئەم پرسیارە بە کورتی و بە پوختی بدەیتەوە، با وەڵامەکەت لە یەک دوو ڕستەی کورتدا بێت. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لەو بۆچوونەوە سەرهەڵبدات کە تۆ دەتەوێ بە جەمهوورەکەتی ڕاگەینی، لە لێکدانەوە و تێگەیشتنت بۆ تێکست، ئەمجا دەتەوێ بڵێی چی.

## دەتەوێ بینەران هەست بەچی بکەن؟

بۆ من گەلێ گرنگ بوو بینەرانی هەزار و یەک شەوە، لە زستانی مانگی بەفرانباردا، لە ئێوارەی تاریکی بەفر و سەهۆڵبەندانی سویددا، لە شەوی سەری ساڵدا، کە شەوی یەکەمی پیشاندانی شانۆگەریەکە بوو، دەمویست بینەران کە تەماشای نمایشەکە دەکەن، هەست بکەن وا خەریکن دەچنە ناو جیهانێکی ڕەنگاو ڕەنگ و بەشداری دەکەن لە کەرنەڤاڵی ڕەنگ و دەنگ و مۆسیقا و داستان و حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵات.

لە خەونی نیوە شەوێکی هاوینەی شەکسپیریشدا کە لەسەر شانۆی نەتەوەیی مەغریب نمایش کرا، دەمویست بینەران ڕاکێشمە ناو جیهانی دڵداری و خۆشەویستی و هەرزەکاری و سیحر و جادوو شیعرەوە.

دەتەوێ بینەران هەست بەچی بکەن؟ بەخۆشەویستی، بە مەترسی و دڵەڕاوکێ، بە ئارەزوو و تاسە، دەتەوێ هەست بە سۆز و پێوەندی گەرم بکەن، یان هەست بە دابڕان و بێزاری بکەن؟

دیسانەوە با وەڵامەکانت کورت و ڕوون بن. هەوڵ مەدە چەند هەستێکی جیاواز دژ بە یەک تێکەڵاو بکەی، بە تایبەت سەبارەت بە هێڵی گشتی و جەوی باڵادەستی نمایشەکەت. خۆ ئەگەر چەند هەستێکی دژ بە یەکت مەبەستە، با هەر دیمەنێک، یان هەر بەشێک هەستێکی تایبەت بەرپا بکەن.

## کام بیر، کام هزر کلیلی شانۆنامەکەتە؟

دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی کلیلی شانۆنامەکەت فاکتۆرێکی گرنگە لە نەخشەی سینۆگرافیادا. بەگشتی شانۆنامەی سەرکەوتوو هەر خۆی کلیلی خۆی بە ڕیژیسێر و سینۆگراف دەبەخشێ، بە مەرجێ ئەگەر لە شیکردنەوەی شانۆنامەکەتدا ڕێگای چەواشە نەگریتە بەر. سینۆگرافی بە توانا، سوودێکی بێ ئەندازە لە کلیلی شانۆنامەکە دەبینێ، بە تایبەتی ئەگەر ڕیژیسێر خۆی بێ دوو دڵی گوزارشتی لێوە بکات.

بۆ نموونە وشەی پژمین کلیلێکی گرنگە بۆ میریهۆڵد لە نمایشکردنی چەند بەرهەمێکی کورتی ڤۆدڤێل ئاسای چیخۆڤدا. میرهۆڵد سەرنجی دا کە کەسایەتییەکانی ناو

ئەو بەرهەمە یەک فەسڵیانە سی و سێ جار دەپژمێن، یان باسی پژمێن دەکەن.

ئەمـە کلیلە، بەڵام وەنەبێ شـانۆنامـەکـان باسی لە مەسەلەی پژمێن بکەن وەکو بابەت.

شێوازی زیندان ئاسای ژیانی خێزانی برناردا ئەلبای لۆرکـا، بووە بە کلیل بۆ چەند سینۆگـرافێگ کـە مـاڵی برناردا ئالبا لە شێوەی زیندان، یان قەفەز بەرجەستـە بکەن.

### فەزای بەتاڵ و هەستی ئەکتەر

لە بیرت نەچێ ئەو فـەزایەی کە دەستنیشـانی دەکەی، ژیانی لەسەر نمایش دەکەی، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕێکی بخەی و بیگونجێنی کە ببێتە پانتاییەکی باش بۆ هەست و ئیحساسی ئەکتەر. ئەمەش تەنیا بەوە ئەنجام دەدرێ کە هەستێکی ڕاستەقینەی گەرم ئەکتەر بە فەزای نمایشەوە ببەستێتـەوە، واتە ئەکتەران بتـوانن هەست بە دەوروبەری خۆیان و بەکاریگەرێتی شتـەکان لەناو ئەو فەزایەدا بکەن.

دەبێ لە ئەکتـەرەکاندا هەمـوو وزە و هێـزی دەروونی و زەینی و مـادی و جـەستـەیی ئەکـتـیڤ بکرێ بۆ ئەوەی هێزی ئەو فەزایەی کەشف بکەن.

لەم ئەرکەدا ڕیژیسیۆر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە.

باپیـرانمان لەسـەردەمـەکـانی شـانۆی دێریندا بەو جـۆرە کاریان کردووە، هەموو دیمەنەکانی شەکسپیر کە ئێستا خراپ لێیان تێدەگەین، یان بە دیکۆری گەورە و زەبەلاح و دوور لە خـەیاڵ و ئەندێشـەی داهێنەرانە نمایشـیـان دەکـەین، کـاتی خـۆی لـە فـەزای بەتاڵدا نمایش کـراون، کـەس وەکـو شـەکسـپـیـر مـەسـەلەی زەمـان و جێگای بە ئاسانی و ئاوا هونەرمەندانە چارەسەر نەکردووە.

لەناو ڕیژیسـیـۆرانیـشـدا، باوەڕ ناکـەم کـەس هەبێ لە برووک جـوانتـر لەم بەدحـاڵی بوونە تێگەیشـتـبێت، لە کتێبەکەیدا «شەیتان خۆی بێزارییە» برووک دەڵێ: چۆن ئەم نووسـەرە بێ توانایە، لە ڕسـتـەیەکـدا دەڵێ «کـوپێ چایم بدەرێ» کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە لە ژوورەوەین، پاشان لە ڕستەیەکی دیکەدا دەڵێ «تەماشای گەڵای ئەم درەختە بکە» کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێمە واین لەناو دارستاندا.

پاشان بۆمان دەرکەوت کە شەکسپیر شانۆنامەکانی بۆ فەزایەکی ئاوەڵە دەنووسی.

هەروەها برووک دەڵێ: کـاتێ کـە خـۆمـان بە یەکـەی جێگا و یەکەی زەمانەوە نابەستینەوە، کاتێک کە فەزا تەواو کۆنکریت نییە. ئەو دەمە بە ناچاری، جەخت لەسەر پێوەندییە ئینسانییەکان دەکرێ.

باش سەرنجی ئەم گوزارشتـەی برووک بدە: پێوەندییە ئینسـانییـەکان، لە ڕاستـیدا ئەمـە جەوهەریترین ئەرکی شـانۆکـارانە. فـەزای ئاخنراویش بە دیکۆر و کـەلوپەل و مـۆبێلە و تەنانەت جـووڵە و هەڵسـوکـەوتی زیاد و بێ وەزیفە، ڕێگا لە پێوەندییە ئینسانییەکان دەگرێت.

فـەزای بەتاڵ وزەیەکی تایبـەتی دەوێ، ئەو وزەیەش لە هەست پێ کـردنەوە سـەرچاوە دەگـرێ، ئەگـەر هەسـتی ڕاستـەقـینە نەبێ،ئەو وزەیە کـە پاشـان لە دڵ و دەروونی بینەردا جێگیر دەبێ، نایەتە کایەوە.

### لە فەزای پرۆڤەوە بۆ فەزای نمایش

تەنانەت گواستنەوە لە فەزای پرۆڤەوە بۆ فەزای نمایش، دەبێ بە ڕەهەندی ئیـحسـاسی و زەینی و سـایکۆلۆژی و جەستـەییـدا بڕوات، هەر لە یەکـەم هەنگاوەوەش کـاری لەسەر بکرێ.

من ئەم لایەنەم گەلێ پێ گرنگە، هەمیشە دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمـەوە کە ئەوەی لە پرۆڤـە ڕوودەدات، پاشان هەر ئەوە پێشکەش دەکرێت، فەزای ئەمڕۆی پرۆڤەکانت فەزای داهێنانی نمایشەکەتە، کە دواتر هەر ئەوە پیـشـان دەدرێت. هەر شـتـێـک کـە لەیەکـەم ڕۆژی پرۆڤـەکـانتـەوە ڕوودەدات، باش بێت یان خـــراپ، بزانی یان نەزانی پاشـان لە نمایشـەکـەتدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە فـەزای دووەمیـان ئاوێنەی فـەزای یەکـەمیـانە. هەموو فـەزایەک پێـویسـتـە سـەرلەنوێ کـەشف بکرێ، وشـەی کـەشف بە مـانای ئەوەی سـەرلەنوێ کـاری لەسـەر بکرێ و چاک شارەزای بیت.

ئەمەش یەکێکە لە یاسا بنەڕەتییەکانی شانۆ و نمایش، کە پشت بەو ڕاستییەوە دەبەستێت، کە دوو فەزای شانۆ مـەحـاڵە لەیەک بچن و وەکـو یەک بن، هەروەک چۆن مەحاڵە دوو مرۆڤ سەدا سەد لە یەک بچن.

کاتێ لە پەیمانگای باڵای شانۆلە شاریقەدا کارم دەکرد، ڕۆژێک داوایان لێکردین کە لە کۆتایی وۆرکشۆپەکاندا، مەشقەکان لەسەر شانۆی هۆڵێکی دیکەدا نمایش بکەین، ئەم هۆڵە لەگـەڵ ئەو هۆڵەی پێشـوو وەکـو یەک دروست کراون، هەمـان بیناسازی، هەمـان ڕووبەر و پانتـایی، لە ڕاسـتـیـدا جـمکن، بەڵام بەشـدارانی وۆرکشـۆپەکـە بەم گواستنەوەیە نیگەران بوون، هەستمان دەکرد پێویستیمان بە کـاتێکی درێژتر هەیە تاکـو خـۆمـان لەگـەڵ ئەو فـەزایە نوێیەدا ڕابهێنین.

## کەشفکردنی فەزای نمایش

زۆرجار ئەم وشەیە لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دووردەخرێتەوە و جاروبارێش بێ مەبەست و هەر بۆ فشە بەکاردەهێنرێ، بەڵام لە ڕاستیدا کەشفکردنی فەزا بە پلەی یەکەم خۆ ڕاهێنان و خۆگونجاندن لەناو مەیدانی نمایشدا دەگەیەنێ، قوولبوونەوە لە پەیوەندییە ئینسانییەکان و بەرجەستەکردنیان بێ ڕوتووش و کەرەستەی دەستکرد، هەروەها دروستکردن و دامەزراندنی پردی پەیوەندییە لەنێوان نمایشکاران و بینەراندا، ئەمەش دەبێت بە سۆراخ و پشکنین و هەوڵ و تاقیکردنەوەی ورد و ڕاستگۆیانە لەسەر ڕەهەندەکانی ناوەوە و دەرەوەی نمایشکاراندا ئەنجام بدرێ.

ڕێژبسیۆری ئەمریکایی جۆن ئارت دیداری یەکەمی شانۆکاران لەگەڵ فەزایەکی نوێدا بە بارکردن و گواستنەوە بۆ ناو خانوویەک/ ژوورێکی نوێ دەچوێنێ. ئارت دەڵێ باشە کاتێک کە تۆ بار دەکەیت بۆ ناو خانوویەکی نوێ، چی دەکەیت؟ دیارە بە هەموو کون و قوژبنێکی ماڵەکەدا دەچیتەوە، دیوارەکان، ژوورەکان، دەرگاو دەلاقەکانی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە. دوور نییە چاوەڕوانی ئەوە نەبوویت کە هەندێک ژووری بەو ئەندازەیە بچووک بێت.

بە ڕاستی فەزای شانۆش دەبێ هەر بەو شێوەیە تاقی بکرێتەوە.



## ڕاهێنانێک

هەوڵ بدە، هەر لەو فەزایەی کە دەبێ کاری لەسەر بکەی، چەندین- نەک تەنیا ئەوەی لە مێشک و دەروونادایە- وێنە و بۆچوون و پێشنیازی جیاجیا تاقی بکەیتەوە، ئەمە مەشق و ڕاهێنانێکی بنەڕەتییە بۆ ڕێژبسیۆر، ئەکتەرەکانیش ئەم ڕاهێنانەیان پێ خۆشە و گەشە بە داهێنانیان دەدات و پەرەیان پێ بدات. پاشان هەوڵ بدە کردار و دیمەنەکانت لە فەزای جیاوازدابهێنیتە پێش چاو. هەندێ جار دوور لە وشە دوور لە تێکست.

## کردار لەگەڵ فەزادا بگونجێنە

هەروەک چۆن شەکسپیر لە هاملێتدا دەڵێ وشە لەگەڵ کرداردا بگونجێنە، هەر بەو شێوەیە هەوڵ بدە کردار لەگەڵ فەزادا بگونجێنە. پوختەی یەکێ لە ڕاهێنانەکانی پێگەیاندنی ڕێژبسیۆر لە زۆربەی کۆلێژ و پەیمانگاکانی شانۆدا دەربارەی ئەوەیە کە ڕێژبسیۆر کۆمپۆزسیۆن (پێکهات) و میزانسین لە فیکرە و بۆچوونی هەمەجۆرەی ناو فەزایەکی کراوەدا، بە یارمەتی کەرەستەی سینۆگرافیا و ڕووناکی و مۆسیقا و جل و ئێکسیسوار دروست بکا، واتە لەسەر بناخەی تاقیکردنەوە و تاوتووکردنی ڕەگەزەکانی نمایش و دوور لە دەقی شانۆیی، لێرەدا ڕێژبسیۆر بوارێکی فراوانتر و ئازادییەکی ئاوەڵەتری هەیە لە کەشفکردن و تاقیکردنەوەی هێزو دەسەڵاتی سینۆگرافیا.

## مەشقێک: تێکست و فۆرمەکانی شانۆ

هەموو جۆرەکانی شانۆ لە ڕووی فۆرمەوە، بهێنە پێش چاوی خۆت، لەوانە شانۆی پرۆسینیۆم، شانۆی بۆکس ئەوەی کە بە عەرەبی پێیدەگوترێ (علبة)، شانۆ لە سێ لاوە کراوە، ئەو شانۆییەی کە پێشی پێشەوەی هاتۆتە ناو جەماوەرەوە، فەزای لە هەر چوار لاوە کراوە، شانۆنامەیەک، یان بەشێک، یان دیمەنێک لە شانۆنامەیەک هەڵبژێرە. ئەمجا هەوڵ بدە لەگەڵ هەریەکێ لەو شانۆیانەدا بیگونجێنە، بزانە لەو مەشقەدا چ

جیاوازییەکت بۆ دەردەکەوێ، توانست و هێز و فەزا جیاوازەکان لە چیدا و لەکوێدا خۆی دەنوێنێ؟

## شانۆنامەکەت و فەزای گونجاو

خوێندنەوەت بۆ شانۆنامەکەت چۆن بێت، فەزاش دەبێ هاوجووتی ئەو خوێندنەوەیە بێت. هەوڵ بدە دوور لە هەموو ئەگەر و ئیمکانیاتێک، بێ ئەوەی بیر لە سنوورەکانی واقیع و ڕۆژ، ئەو فەزایە دەستنیشان بکە، کە بۆ شانۆنامەکەت شیاو و تەواوە.

بە من بێت جارێکی دیکە شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هاوینە لەناو سروشتێکی ئاوەڵە، یان ئاسەوارێکی کۆن پێشکەش بکەم.

لێم بپرسی بۆ، دەڵێم ئەمە تەنیا هەستێکە، حەدسێکی ناخمە و داوا دەکا ئەم شانۆنامەیە لەوێ پێشکەش بکەم، بەڵام ئەی ئەگەر ئەم خواستەم نەهاتە دی و هەر هەمان شانۆنامەم لە شانۆی بۆکسدا نمایش کرد، دەبێ مەرجەکانی نمایش چۆن و بە چ بارێکدا بشکێتەوە؟

بۆ ئەمە ناکەی بە ڕاهێنانێک بۆ تاقیکردنەوەی کاری ڕیژیسێۆری خۆت لەگەڵ فەزادا!

بەرلەوەی دەست بەکاربیت، ئەوە لەبەرچاو بگرە کە جمهوور دەبێت بەشێک بێت لە پلانی پێکهاتی نمایشەکەت. واتە با پێوەندی فەزاو هەموو پێکهاتەکانی سەر فەزایەکە بە جمهوورەوە، بەردی بناخەی کارەکەت بێت، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ڕاهێنانە سوودبەخش بێت، هەوڵ بدە کار لەسەر ئەم سێ لایەنە بکە: کردار– وشە– جەو.

کردار: بزانە کردارەکەت دەبێت چ فۆرمێک وەربگرێت. چەند جێگات پێویستە بۆ بەجێهێنانی ئەو کردارە. کردار پێوەندییەکی پتەوی بە شوێنەوە هەیە، لە قەبارەی خۆی دەرچوو، یان لە قەبارەی درامی خۆی بچووکتر بوو، هێزو کارگەریی درامی لە دەست دەدات.

ئەمجا دەبێ ئەوەش لێک بدەیتەوە کە کردارەکەت پێویستی بەیەک شوێنە، یان بە چەند شوێنێک؟

چەندە فەزای شانۆیەکەت بۆ کردارەکانت ئامادە دەکەی و دەیگونجێنێت، ئەوەندەش کردارەکانت لەگەڵ فەزای شانۆیەکەت بگونجێنە.

ئەم تەکنیکە بە هەمان شێوە لەگەڵ وشەکان و جەوی دیمەنەکە دووبارە بکەوە، دەبینی تا چ ڕادەیەک فەزا کاریگەرێتی خۆی لەسەر وشە و سەداو و ڕیتمی ئاخافتنەکان پیشان دەدات، یان چۆن جەوی گشتی کاریگەریی خۆی لەسەر فەزادا دەنوێنێ. بۆ نموونە جەوی ناو دارستانێک چ فەزایەکی دەوێ و ئەو فەزایە چەند جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ فەزای ناو زیندانێکدا.

## پەنجەرەکانی مێشکت بخەرە سەر پشت

هەروەکو جۆن ئارت دەڵێ، بۆ ئەوەی ڕیژیسێۆر بتوانێت فەزای شانۆ تاقی بکاتەوە، پێویستە پەنجەرەکانی مێشکی بخاتە سەر پشت.

واتە ڕیژیسێۆر پێویستە بوار و ئیمکانیاتی فەزا لە پراکتیدا و بەکاری بەردەوام تاقی بکاتەوە، ئەوەی لە پراکتیکدا بۆی دەسەلمێت، لەناو کتێب و لەسەر لاپەڕەکاندا چنگی ناکەوێت. بێگومان هەموو شارەزاییەکی تیۆری یارمەتیت دەدا، بەڵام یەک شت بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە، کە هەموو فەزایەک تەنیا بە نمایش ئەکتیڤ دەکرێ، وەک چۆن تێکست بە جۆر و نەوعیەتی خوێندنەوەکەی ئەکتیڤ دەبێ و بایەخ وەردەگرێ، بە هەمان شێوە فەزا هەر فەزای نمایش بە نمایشی ئەکتەر مانا وەردەگرێ، بەڵام بەر لەهەموو شتێک ئەکتەر دەبێ بە پراکتیک و ئەزموون فەزاکەی خۆی کەشف بکا و وەکو ژووری تایبەتی خۆی بیناسێ و ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا بکا.

تاقیکردنەوەی ئەو ئیحساسانە، شۆڕبوونەوە بەناو ئەو هەستانەدا، لەئان و ساتدا ڕوودەدا، ئێستا و لێرە، لەسەر ئەم فەزایە و بە پێوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکە، دوور لە تیۆری و یاریکردن بە وشە.

هەست بکە بە فەزا: هەمیشە ئەمە بە ئەکتەرەکانت بڵێ، خۆت بە هەست و نەست و ئیحساس و بە جەستە کەشفی بکە و بیناسە.

ئەگەر ئەم مەرجە، جێبەجێ بکرێ، ئیدی لەبارودۆخی گونجاودا هەموو پانتاییەک فەزای گونجاوە بۆ نمایش، بۆ پتر قوولبوونەوە لەم بابەتە، تکایە نووسینەکانی برووک خۆی بە وردی بخوێنەوە، بەڵام نەک لە ڕێگای دەستی دووەمەوە.

## یادێک لە تەنبوورڤانی کورد

# سەید خەلیل عالی نەژاد

**لە فارسییەوە: سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

سەید خەلیل عالی نەژاد، توێژەرو تەنبوورڤان و دوورە وڵات. لەشاری گوتنبێرگی سوێد کوژرا. تەرمی پاکی ئاگردرا! کێ باوەڕ دەکا؟ لە دوو حەوتە زیاتر چاوەڕوانی بوون بۆ گەڕانەوەی تەرمی سووتاوی بۆ زێدی خۆی. تا لە ١٩ی مانگی ڕەمەزان-دا هاتەوە بۆ ئێران. ڕۆژی ٢٠ی ئەو مانگە بەرەو سەحنەی کرماشان ڕاگوێزرا، شەوی ٢١ ئەسپەردەی خاکی پاکی ئەو مەڵبەندەکرا.

کاتێک هێشتا زەمانێکی زۆر بەسەر ئەو کارەساتەی جەرگبڕەدا تێنەپەڕیبوو، باوەڕکردنی ئاوەز هەڵی نەدەگرت، فرەکارێکی قورس و گرانە لەمەڕ ئەو ئازیزەوە گوڵ وشە چنین و لە خوڕینی پەژارەیدا پەڕینەوە.

مەزنی ئەو لە شان و شکۆیدا دەردەکەوێ، ئەگەر لە بیرنەکرابێ... لە هەوەڵین یادداشتەوە لەمەڕ ئەو کۆسپەدا نووسیم: بەبێ ئەوەی گەرەکم بێ تووشی ئەو پەژارە گەورە ببم، ئەو ڕووداوە بەکەلێنێکی بەرچاو دەزانم بۆ مۆسیقای ئێران و ئەوانەی ڕەگ و ڕیشەیان لە دنیای مەعنەویی مۆسیقای ڕابردووی ئێراندا ماوە، لەو بەستێنەدا هەناسەیان دێت. ئیتر چ وشەیەک بێ شیاوی پەسنی نییەتی پاکی ئەو ئازیزە بێت.

سەید خەلیل لە ساڵی **١٣٣٦** هەتاویدا لە سەحنەی کرماشان لە دایک بووە. ئەو بوو بە ئاڵا هەڵگری کەلەپووری فەرهەنگی مەعنەوی بنەماڵەکەیان.

بە دنەدانی دایکی هەر لە منداڵییەوە دەڕژێتە نێو شەپۆلەکانی تەنبوورەوە. ئەو ئامێرە لە ناوچەی کرماشان، بەتایبەت لەسەحنەدا تایبەتی کۆڕو کۆبوونەوەیەو بە نیشانەی بەرەکەتی یەزدانی دادەنێن.

بە دەگمەن هەڵدەکەوێ ماڵێک لەسەحنەی کرماشان تەنبووری تێدا بێ و دەنگ و نەوای مێشک و دڵان

نەبێت، یان هیچ نەبێ لەبەر (گەورەیی) بە دیوارەکاندا هەڵنەواسرابێ. هەر بەو هۆیە، بە «نداء الحق» ناودێر کراوە. جا بۆیە شان بەشانی دەف جێگای مەعنەوی خۆی گرتۆتەوە.

تا ئەو جێگایە، بەبێ دەست نوێژە دەستی بۆ نابەن. دەنگ و نەوای لەهەر کۆڕو شوێنێکدا بژنەون، شوێنەکە بە پیرۆز دەزانن.

سەید خەلیل لەلای سەید نادر تاهری، سەید ئەمروڵڵا شاە ئیبراهیمی، خادەمی، دڵ دەسپێرێ بە فێربوونی تەنبوور. هەروەها لەلای دەروێش ئەمیر حەیاتی فێری سازلێدان بووە. ئەو لەساڵی ١٣٥٤-ی هەتاوی چووە نێو کۆڕی سەید ئەمروڵڵا لە سەحنە.


ئەو هاوکارییە تا ساڵی ٥٦ درێژەی هەبوو. لە دوای ئەو گرووپە «تەنبوور شمس» بەسەر پەرشتی کەیخەسرو پورنازری خۆی گرت. عالی نەژاد بەعینوانی «تەک نەواز» بوو بە هاوڕێی گرووپەکە. تا لە دەیەی ٦٠دا گروپی «بابا تاهر»ی سازدا، هاوڕێ لەگەڵ هاوکاران و شاگردەکانی، ساڵیانێک بەرنامەیان بەڕێوەبرد، بێجگە لەبەرهەمێک بەناوی «شوکرانە» کە تەنیا تاک ژەنی سازبوو لەگەڵ کتێبێک «تەنبوور لە کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ»، هیچ کام لەبەرهەمەکانی دەرەتانی بڵاوبوونەوەی پێنەدرا، لەمەڕ ئیجازەی بڵاوبوونەوەوە «مجوز انتشار» لەو ژوور بۆ ئەو ژوور، دەستی دەستی پێکرا!

حاڵ خوێنین دڵان، سماع سەرمەستان، سەنای عەلی و ئایین مەستان، بە کۆمەڵ ئامادەی بڵاو کرانەوە بوون.

سەید خەلیل لە ٣٦ ساڵیدا تەک ژەنی هەمیشەیی مۆسیقای تەنبوور «صدای سخن عشق» دەنگی قسەی مەشق بوو. دەنگی قسەی عەشق بە دەنگە بەسۆزەکەی شەهرام نازری لەو ساڵانەدا ڕۆحێکی نەمری بۆ خۆی هێشتەوە. ڕەنگبێ ئەوەی بۆ جارێک بیستبێتی قەت لەبیری نەچێتەوە.

درەوشانەوەی بەشکۆی سازەکەی سەید خەلیل هەر ئەوەندە بەس بوو تەنیا جارێک بەڕێوەچوو. ئەو لەشێوەی بەڕێوەبردنی کارەکەیدا بەساز، تەکنیکی وەدەست هێنابوو، لەپاڵ هەست و هەوای مەعنەویی سازەکەیدا تایبەت بەخۆ بوو. بەم چەشنەی زۆربەی زۆری هاوتەمەنان و داهاتوانیش لە دوای ئەو کەڵکیان لەوجۆرە شێوازەی سازی سەید وەرگرت و دەستیان کرد بە لاسایی کردنەوە.

سەید خەلیل ساڵانێک هەوڵی کۆکردنەوەو زیندوو کردنەوەی «ڕپرتوار»ی لەبیرکراوو قوتابخانەکانی تەنبوورڤانیی و مەقامە مۆسیقییەکانی کرماشان و کوردستانی بەگشتی داوە. کاتێک ئەویندارانی «بابا



سەید خەلیل عالی نەژاد

یادگار» ساز بە دەستەوە دەگرن. هەتا دەگا بە مۆسیقا ژەنە پیرەکان، سەید خەلیلی لاویان دێتەوە یاد، کە بەچ شۆق و عەلاقەیەک بەچاوو دڵ گوێ ڕادێرەو خەریکی فێربوون.

هەر بۆ ئەوەی هەنگ ئاسا هەڵاڵەی ئەو گوڵانە باوەکو هەنگوێن بداتەوە بەتامەزرۆیانی...

فرەی لە نووسراوەی کۆن (کلاسیک) دەزانی؛ کەمتر کەسێک هەبوو وەک سەید خەلیل سەرەندەری ڕەسالە کوردییەکان بکات، لەمەڕ نووسراوە کۆنەکانی پارسی زانیارییەکی تەواوی هەبوو. ئاشنا بوونی لەگەڵ نووسراوە کوردییە کۆنەکاندا ئەوی بۆ لای بەرامبەر ڕاگرتن و پێک گرتنی زۆربەک لە کتێبەکاندا دنەدەداو بەرەو پێشەوەی دەبرد.

یەک گرتنەوەی کتێبی «سەر ئەنجام» لە نووسراوەی کۆنی کوردی زۆریش بەکەڵکە، ڕێوشوێنی یارسانە. لە هەوڵی سەید خەلیل بوو زیندوو کردنەوەو «ڕاستەوپاستەکردن، کوردی سوڵتانی» یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکییەکانی بەرەو لای دۆزینەوەی سووڕانی ساڵەکانی کۆنی ئیران بووە. زانایانی ژئوفیزیک ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە.

عالی نەژاد مۆسیقای لە زانستگەی هونەری تاران

تەواوکردبوو. لەسەر ڕەدیفی مۆسیقای ئێرانی شارەزایی تەواوی هەبوو.
تارو سێ تاریشی دەژەنی، پەردەکان، مزرابەکان و ڕێکوپێکی ژەنینی سێ تارەکەی، سازی مامۆستای کۆچ کردوو یووسف فروتەنی وەبیر دەهێنایەوە شێوەی تارەکەشی لەشێوازی مەکتەبی بروومەند نزیک بوو.
لەو ڕۆژەوە لە شاری تاران نیشتەجێ بوو، ماڵەکەی بوو بە مەکۆی ئەو کەسانەی ڕیشەیان لە ڕۆحی پاکی مۆسیقای کۆنی ئێراندا بوو. ئەمڕۆکەش بۆی بە داخەوەن. هەروەکو زۆرجاریش نووسیومە سەید خەلیل ڕێڕەوی دوا هەناسەکانی «فەرهەنگی مەعنەوی مۆسیقای ئێران» و ئەو حاڵ و هەوا قودسییە بوو کە لە دەست دەرچوو.
لە خۆبوردوویی دڵاوایی و بێ غەوری دەمانخاتەوە بیری مامۆستایانی کۆنی هونەر. عالی نەژاد لەسازکردنی ئالەتی سازدا دەستێکی باشی هەبوو! لە ژێر خانی ماڵەکەیدا لە تاران مۆری «قەلەندەری» لەبیرنابەمەوە.
لەسەر ئەوسێ تارە، ژێرعەبایانەدا کە زۆریش خۆش ئاوازبوو.
ئەو تەنبوورانەی لەسەر شێوازی کۆن دایدەڕشتنەوە هەر چەند لەو ساڵانەی دواییدا لە تاران ماڵ بەکۆڵ، دەرەتانی ئەوەی لێ سەندووە دوای حەزو ئاواتەکانی بکەوێ. ئاخریش تووشی غوربەت و دەربەدەری بوو، بەڵام هیچ لەسۆزو ئەوینی کەم نەبۆوە.
ئاوازی بۆ سروودو گۆرانییەکان دادەنا، هەروەکو دەردەکەوێ لە ئاسۆی توورەوە لەشیعری «سەید ساڵح»دا هۆنراوەتەوە.
«هاسران شوورن/ کلم هات نجوش/ هریە چەشوورن/... لە سینای سینەمام تجلی طورن/ باب قلب، مفتوح/ پر لە سرورن.....»
یاران، من شێواوم!/ کەللەم گەرم داهاتووە/ پەرێشانم/ تێناگەم ئەوە چ ئەوین دارییەکە/ سینگم بۆتە چیای تووری سینا/ شوێنی دەرکەوتنی ئاگری توورە/ دڵم کراوەتەوە/ و جێژوانی شادییە..../

**سەرچاوە:**
**ماهنامەی همشهری**
**سال ١٣٨٠ هەتاوی**
**شمارە، ١٠**
**سید محسن شهر نازدار**

# فلتەرەکانی پۆلەرایز

فلتەری پۆلەرایز کاتێک دەیبەستی بە بەردەم هاوێنەی کامێراکەتەوە گۆڕانێکی دراماتێکی بەسەر وێنەکانت دەهێنێ و پێشیان دەخات، یەکەم شت بریقەی سەر شتەکان لادەبات لە هەمان کاتدا ڕەنگەکان بە تێری و بە شەوقی دەردەخات.

فلتەری پۆلەرایز لە شێوەی پارچە شتێکی بچووک دەفرۆشرێ، بەڵام بە زۆری وێنەگران حەز بەوە دەکەن فلتەرەکە خرابێتە نێو رینگێکەوە تا بیبەستن بە بەردەم هاوێنەی کامێراکانیانەوە. فلتەرەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم چەسپاوە و ناسوورێ، بەشی دووەم دەجوولێ و دەسوورێ لەسەر بەشی یەکەم وەک دەستار ئاسایی.

فلتەری پۆلەرایز بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت لەمانە:

**تاریک کردنی ئاسمان**

لەبەر ئەوەی ئەم فلتەرە هیچ ڕەنگی نییە، تەنیا ئاسمانەکەت بۆ تاریک دەکات یان تۆخ دەکات بێ ئەوەی ڕەنگەکانی بگۆڕێ. لە ڕۆژێکی سامالدا، کە خۆربە گۆشەی (٣٠) پلەیەک بدات لە زەمین لە هەردوو لاوە ڕووناکییەکە پۆلەرایز دەکرێ.

تۆ دەتوانی ئەم فلتەرە بەکاربێنی بۆ ئەم ڕووبەرە لە ئاکامدا ئاسمانێکی شینی تۆخت دەداتێ، تۆ دەبێ فلتەرەکە بەبەردەوامی بسووڕێنی تا بەرزترین تۆخی بە ئاسمانەکەوە دیار دەبێت.

کاتێک هاوێنەیەکی گۆشەکراوەی زۆر فراوان، واتە سوپەر واید ئەنگڵ بەکاربێنی لەگەڵ فلتەری پۆلەرایز دەبینی ناوەڕاستی ئاسمانەکە شینەکەی تۆخ دەکات، بۆیە ئەگەر ڕۆژێکی سامال بوو بەڵام هەندێ جار پەڵە هەور بە ئاسمانەوە بوون بە بەکارهێنانی فلتەری پۆلەرایز،

لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی



هەورەکـان لە ئاسـمـانەکـە جـیـا دەکـرێنەوە زۆر سـپـی دەردەکـەون، ئاسـمـانەکـەش تۆخ و شـینێکی تۆخ دەردەچێت، کە دەبێتە باکگراوندی دیمەنەکە.

## چۆن فلتەرەکانی پۆلەرایز کاردەکەن

ڕووناکی بە هێڵی ڕاست دەوروبەر ڕووناک دەکەنەوە، لەشێوەی شەپۆلی ڕووناکی. بە هەموو لایەکدا لەرەلەرە دەکەن لەسەر هێڵی ناوەڕاستی تەوەرەی گورزە ڕووناکییەکە، فلتەری پۆلەرایز شێوازێکی مایکرۆسکۆپی هەیە کە بریتییە لە چەندان هێڵی هاوتەریب بەیەکتری کە زۆر وردن.

ئەو هێڵە تەریبانە تەنیا بواری ئەو شەپۆلانە دەدەن کە تەریبن بە هێڵەکان، ئەوانی تر گل دەدەنەوە، واتە تەنیا ئەو شەپۆلانە ڕەت دەبن لە میانی فلتەرەکە کە تەریبن بە هێڵەکانی. گشت ئەو شەپۆلانەی بە تەریبی لەمیانی فلتەرەکە ڕەت دەبن پلانێک واتە ڕووبەرێک پێک دەهێنن. ئەم ڕووبەرە پێی دەگوترێ ڕووناکی (پلان پۆلەرایز)، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ڕووناکی گل دەداتەوە بۆیە دەبێ ئێکسپۆژەرەکە زیاد بکرێ، واتە، یان کونی هاوێنە زیاتر دەکرێتەوە، یان خێرایی شەتەر کەم دەکرێتەوە.

هەندێ ڕووناکی هەیە لە سروشتدا خۆی پۆلەرایز دەبێ لەکاتی تیشک دانەوەدا، ئەگەر فلتەرەکەمان بۆ بەکارهێنا ئەوا ئەو ڕووناکییە کە گل دەدرێتەوە و تاریک دەردەچێت، یان تیشکدانەوەکە کەم دەکاتەوە.ئەم جۆرە تیشکدانانەوە لە ئاو، بۆیە، شووشەداری بە بریقە ڕوو دەدەن. ڕووی کانزادەکان تیشک دەدەنەوە بێ ئەوە ڕووناکییەکە پۆلەرایز بکرێن.لەبەر ئەوە مەحاڵە تیشکدانەوەکە لابرێت. ڕووناکی لە ئاسمانێکی شیندا لەمیانی گەردیلەکانی نێو ئەتمۆسفێر تیشک دەدەنەوە، هەروەها پۆلەرایز دەبن.

کاتێک تۆ فلتەری پۆلەرایز دەسووڕێنی، تۆ شوێنی گورزە ڕووناکییەکە دەگۆڕی، شەپۆلە ڕووناکییەکان هەندێکیان لەوەیە پۆلەرایز بکرێن، لەوەشە نەکرێن لەگەڵ بەردەوامی لە سووڕاندنی فلتەرەکە.

## کۆنترۆڵ کردنی تیشکدانەوە

فلتەری پۆلەرایز وا دەکات ئەو تیشکدانانەوەی پێویستیت پێی نەبێ کەم کاتەوە لەسەر زۆر ڕووی تیشک دەرەوەدا. ڕادەی پۆلەرایزەکە لەسەر ئەوە دەوەستێ ئاخۆ بە چ گۆشەیەک ڕووناکییەکە بەر ڕووەکە دەکەوێ. تیشکدانەوەی سەر ڕووەکان بە تەواوەتی پۆلەرایزبوونە، کاتێک تیشکدانەوەکە بە گۆشەی (٥٠) پلەیەک لە بابەتەکەت دەدات، تیشکدانەوەکە بە ڕوونی دەبینرێ.

ڕووناکی پۆلەرایز لە میانی ئاودا ڕوو دەدات، تەختەی پۆلیش کراو، بۆیەی ڕۆنی، شووشە، شەقامێکی تەڕ، گەڵای بە بریقە. هەروەها مادەی تر کە میتالێک نەبن.

فلتەری پۆلەرایزەر ناتوانێ تیشکدانەوەی ئاوێنە ئەنجام بدات. هەمان تیشکدانەوەی سەر ڕووی پلیتی کرۆمی ئۆتۆمۆبیل.

هەندێ جار فلتەری پۆلەرایز بەکاردێت بۆ کەم کردنەوەی تیشکدانەوەی جامخانەکان و پەنجەرەکان، بواری ئەوەت دەدەن وێنەی نێو جامخانەکان بگری.

## ڕەنگ و تێکسچەر

تیشکدانەوەی سەر ڕووی بابەتە ڕوو لووسەکان زۆر بە شەوقە، ڕەنگەکانی زۆر تێرن و قووڵن. کاریگەری هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی فلتەری پۆلەرایز بۆ وێنەگرتنی دیمەنێکی ئاسایی سەرت سوور دەمێنێ، چونکە گشت شتەکان بگرە لە قژ، پێست، چیمەن، بەرد، لەگەڵ گەڵاکان، ڕووناکی سەریان بەشێوەیەکی جوان پۆلەرایز دەکرێ، بۆیە ڕەنگەکانیان بەشێوەیەکی جیاواز دەردەچێت.

مەرج نییە تۆ فلتەری پۆلەرایز بۆ گشت بابەتەکانت بەکاربهێنی.

**سەرچاوە:**
- Expanding your SLR system, collins, 1982.

# تارماییەکانی سلووچ

هاشم سەڕاج




(ئەمین گەردیگلانی) وەرگێڕی ڕۆمانی «جێگای بەتاڵی سلووچ» لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا گوفتارێکی (مەحموود دەوڵەت ئابادی) دەخاتە ڕوو کە تیایدا هاتووە: ئێمە چیرۆکنووسانی ئێرانیی بەرەی دووەم «۱۹۲۰- ۱۹۷۰» هەموو لە تاریکخانەی (سادقی هیدایەت)ەوە هاتووینەتە دەرێ، بزوورگی عەلەوی، دەوڵەتئابادی، هووشەنگی گوڵشیری، ئەحمەد مەحموود...» مەحموود دەوڵەت ئابادی لە ڕۆمانی «سلووچ»دا دێی زەمینج بە تێکڕای بوارەکانی زیندەگی و کەرستەو ئامرازو پێداویستییەکانییەوە ڕووەو جوولە و بزاف و جۆرێک لە شیعرییەت ڕادەماڵێ.. بەتایبەتی ئەو ئامرازو کەرستانەی کە ڕۆحی ئولفەتیان تێدا بەرجەستە کراوەو پابەندن بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دێهاتنشین و هاوکات بوونەتە بەشێکی زیندوو، لە دڵ و دەروون و ڕەفتارو کردەوکاری دابینکردنی قووتی ڕۆژانەو ساتەکانی گوزەران، کەرستە بە حەسرەت و شەیداییەوە ئاوێزانی پرۆسەی نووسین دەبن و زۆرجار بەشێک لەو ئامرازو کەرستانە دەبنە پاژێک یا پارچە کریستاڵێکی ئێستەتیکی و گوزارشت لە چرکەساتە غوربەتاوییەکانی یادەوەرییەکانی زەمەن دەکەن، زەمەنێکی دێرین یادەوەرانی هەرە پێشووی خەڵقندەو ئادەمیزاد.. کە پاشان هۆگرو هەڵوەدای شتگەلەکان دەبێ، دەکرێ چەردەیەک لەو کەرستەو شوێن و ئامرازە زیندەگیانەی جیهانی لادێ دەستنیشان بکەین کە لە بنیادو دووتوێی تێکستی سلووچدا لە ڕێگەی کێشەو ململانێ و ئولفەت و هۆگرییەوە ڕووەو جووڵەو بزاڤی نووسین بردراون و بوونەتە بەشێکی زیندووی ژیانی کاراکتەرانی ڕۆمانی سلووچ.... لەوانە تەندوور، کەندوو، هەرزاڵە، پیشکان، وەتاخ، تەویلە، ئاخوڕ، قابلەمە، کورتان، کۆز، ناندێن، کوڵەپووشکە، لاسکە پەمۆ، کوڵەچیلکە، خرکە بەرد، کوانوو، کوتەمس، تێر، ئارەقچین، هەوسار، دەرزیلەی عوورووسی، کوڵوانە، توورەکە، کەژوو، گەوڕ، کاڵە، پووزەوانە، کە پەنک، ئافتاوە، گۆچان، چارۆگە، کۆپان، لەچک، ئەسپەندەر، زەنگوڵە، تۆربێن، تۆنگەڵە، تێڵا، پێمەڕە، شەنە، گوڵمێخ، جگ، دەرخۆنە، کەوڵ و پڵاس، خەرمانکوت، تەراکتۆر، پەمپی ئاو... تاد... وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەدا جەخت لەسەر ئەوەش دەکا کە

[«دەوڵەت ئابادی» لایەنی زمانی چیرۆکی گرتووەو بەتێڕوانین و ئاوڕدانەوە لە زمانی دەقە کۆنینەکانی ئێرانی وەک «مێژووی بەیهەقی» و زمانە شیعرییەکەی «عەتتار» و خوراسانی کۆن، توانی ببێتە خاوەنی زمانی تایبەت و شێوازێکی گێڕانەوەی تایبەت بەخۆی لە چیرۆکنووسی فارسیدا، بە وتەی زۆربەی ڕەخنەگران وتوێژەرانی چیرۆک، دەوڵەت ئابادی باشترین نووسەری ئێرانییە کە توانیویەتی ئەدەبی لادێیی بنووسێ].. ڕۆمانی «جێگای بەتاڵی سلووچ» هەڵگری ئاماژەگەلێکی برووسکەیی و مانا گەلێکی نەگوتراوە، لەوانە سەربهووردی کەربەلایی غولامی وشترەوان و کچە هەشت ساڵانەکە، شاڵاوەکانی لۆکەی مەست و خۆهەڵدانی عەباس بۆ نێو بیرەکە، دنیای پاکیزەیی هاجەر و عەلی گەناو، مەرگەساتەکانی ژیانی مێرگان، تاپۆکانی سلووچ.. و جارجارە دەرکەوتنی، کوڕەکانی سەنەم و قومارخانەکە، کوێخا نەورۆز و تریاکی دەرەجەیەک، ناوچەی «شاهڕوود» و کانەکانی خەڵووز، «هاجەر! چوو لە ئاوی زەمزەم ئاو بێنی؟..» تێکست وەک دەسپێک و دواتر بەش بەش ئەدەبێکی واقیعی و ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕوو، تیایدا گوزارشت لە جیهانی پڕ برسێتی و مەینەتی خانەوادەیەک دەکا، دواتر بارە ناهەموارەکە زۆرینەی خەڵکانی زەمینج دەگرێتەوە و کاراکتەرەکانیش لەگەڵ ڕۆیشتن وتێپەڕینی زەمەنی تێکستەکە دووچاری جۆرێک لە تێکشکان و نشوستی دێن و هێدی هێدی هێزو توانستیان لە دەست دەدەن، یان بەشێوەیەکی گشتی لە دێی زەمینجدا پەراوێز دەکرێن... بەڵام سلووچ مانەندی کاراکتەرێکی شەبەنگی.. لە شکڵ و شێوەی تاپۆو تارماییەکی خێرای لێوانلێو لە بزاف و جووڵە لە سێ دیمەن و حاڵەت و گرتەی سینەمانییدا دەردەکەوێ، وێنەکان.. یان دیمەنە سینەماییەکانی دەرکەوتنی سلووچ ناڕاستەوخۆ گوزارشت لە هزرگەلێکی ئاڵۆزو شاراوە دەکەن،.. بەڵام سلووچ کێیە؟..

«پیاوێک کە شەوانێکی زۆر بە تەنیاو بێ دەنگ لە گوێ تەندوور ڕایبواردووە، بۆ ڕۆیشتن خەبەری بەکەس نەدا!» لەگەڵ ونبوون و دیارنەمانی سلووچ.. خانەوادەکەی زێتر هەست بە برسێتی و مەینەت و حەسرەت دەکەن، بەڵام سلووچ بۆ ڕۆیی و ئەو خاوو خێزانەی بەجێهێشت، ئایا وەک ئافەریدەیەکی بێموبالات سەری خۆی هەڵگرت و ئەو خانەوادەیەی تەسلیمی قەدەرکرد، یان بەڵەدی حاڵەتە شاراوەکانی مێرگان بوو، خۆ «مێرگان» سەلارترین و ئازاترین و کەیبانووترین ژنی دێی «زەمینج»ە. بە سپیکاری و بەفر ماڵین و ڕەنجبەری منداڵەکانی بەخێودەکاو ئافرەتێکی سەربەرزو بە ئابڕوو بەڕەنجی دەست و بازووی خۆی ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە.

سلووچ شەوانی ڕابردوو لەگوێ تەندوورەکە دەخەوت، مێرگان و هاجەر و عەباس و ئەبراو.. هەستیان بە ئارامی و دڵنیایی و خاترجەمی دەکرد، ئەو هەرچۆنێ بێ ڕووگەی ئولفەت و هۆگری و سۆزو میهرەبانی بوو.. ئاخر وەک «برایمی زێندینان» لەم تۆف و بەفرو کڕیوەیە بۆ کوێ چوو؟ بۆ سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی،.. لەنێو دڵ و دەروونی مێرگاندا کێ جێگای بەتاڵی سلووچ پڕ دەکاتەوە، بەڵام سلووچ کەی ڕۆیی و بۆ کوێ چوو، ئەو لە ڕۆژێکدا دیارنەما «خەڵکی زەمینج هەموو لەبن کلیلە بەفرو سەهۆڵدا خۆیان حەشارداوەو تەنیا وشکە سەرماو کزەبای بێ بڕانەوە بوو کۆڵانی تەنگ و پێچەڵاو پووچی زەمینجی پڕ دەکرد.. سلووچ شڕۆڵ و پێخاوس و سەر ڕووت، کۆپانی گوێدرێژەکەی دابوو بە شانیدا و لەو وشکە سەرمایەدا کە تلێ خۆی نەدەگرت ون دەبوو. مێرگانیش نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ»... سلووچ وەک وەرزێرێکی چوست و چالاک و کرێکارێکی زیخ و زرنگ و بیرهەڵکەنێکی چاپووک و لێزان و کارامە لە دێی زەمینجدا ناوی دەرکردبوو، «هەموو کەندووی ئاردو دەغل و دان و تەندووری تازەی زەمینج بە دەستی ڕەقەڵەو قامکی کارێزکەن، جۆماڵ کەر، سلووچی سەپان و دروێنەوان، تاق لێدەر، کۆڵکێش، دارتاش، ناڵبەند، تەنانەت لە دێهاتەکانی دەوروبەریشەوە دەهاتن دەیانبرد تەندووریان بۆ دروست بکات، قوڕ لە دەستی سلووچدا وەک مێو وابوو».. مێرگان کاتی خۆی بە عیشق و خۆشەویستی شووی بە سلووچ کردووە.

«مێرگان لەگەڵ گوڵ چنەوەکان، لە گوێ خەرمانەکە دانیشتبوو و چاوی لەبەرە دروێنەی سلووچ بڕیبوو، سلووچ دروێنەوانێکی بەناوبانگ و ئازابوو، بەقەستی دەستەسواڵەی شل دەگرت و گوڵە گەنمی دەڕشت و بۆ مێرگانی بەجێدەهێشت.. دروێنەوانی لاو ئەگەر دڵی بەکچێکەوە بووایە.. ئەوەی بەهەقی خۆی دەزانی کەلێزانانە گوڵەگەنم بوەرێنێ، بەر کۆشی کچ دەبوو پڕ بێ سلووچ بەو عیشق و دەردەسەرییە مێرگانی خواستبوو، دوای تێپەڕبوونی حەڤدەبەهار لە ژیانی ژن و مێردایەتی.. لەپای چی سلووچ دووچاری بێهوودەیی و سەرگەردانی دەبێ و مێرگان و سەر لەبەری خانەوادەکەی جێدەهێڵێ.. تێکستی سلووچ هەڵگری کۆمەڵێک بنیادی جۆراوجۆرە لەوانە بنیادی میتۆلۆژی، چینایەتی، ئیرۆسی، ئەنتۆلۆژی.. هەروەها لە فەزای دەقدا چەندین دیمەنی کۆمیدی و حاڵەتی نیمچە فەنتازی جارجارە بوونی خۆ دەسەپێنن، کاراکتەرەکان لە ڕووی ئاستی بیرکردنەوەو پێگەی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی گوزەران و تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازن.. بۆ نموونە «مەولا ئەمان»ی برای مێرگان کە سەرتاپای ژیانی بە دێوەرەیی بردۆتە سەر، مەولا ئاشقی «بسک»ەو بەیهێ بۆ دادەنێ و گۆرانی بۆ دەڵێ، لەبەر خۆیەوە وڕێنە دەکاو.. ئەڤینی «بسک» وای لێ کردووە.. ببێتە دێوەرەیەکی شایەر.. چەنێ بەختەوەرە ئەو چرکە ساتانەی لەگەڵ دەرزیلە و قردێلە و مووروو زەنگیانەو کەروبار و وردەواڵەکانی دەژی و لە دێهاتەکانی دەوروبەری زەمینج دا دەخولێتەوەو کچ و کاڵ دەوری دەدەن و بازنگ و بنێشتە تاڵ و ملوانکەی لێ دەکڕن.. مەولا ئەمان خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بە وردەواڵە قەشەنگەکانی دەپێوێ و چەشنی غەجەرو ڕەوتەنییەک هەمیشە گۆرانی بۆ میهرو زیندەگی و ئاگرەکانی دڵ و دەروونی دەچڕێ یان کەربەلایی دووشەممە وەک میوانێکی ناوەخت و بەردەوام هاتووچۆیماڵی مێرگان دەکاو مانەندی گردە نشینێک لەوێ لێی ڕادەکشێ و سەر بهووردو نەزیلەیان بۆ دەگێڕێتەوە، وێڕای کاراکتەرانی تری وەک.. موسلیم، موسلیمە، عەلی گەناو، ڕوقیا، سالار عەبدوڵڵا، پوورەگەناو، کوڕەکانی سەنەم، حەمە کازم، قەنبەر شادیاخ، حەسەن یاوەر، حەمدیللا کەنعان، میرزا حەسەن، سەرداری وشتردار، زەبیحوڵڵا، خودادادی شوان، مێرگان هێند منداڵەکانی خۆشدەویست زۆرجار ئەسپەندەری دەسووتاند تا لە چاوی بەدوپیس بپارێزرێن!، یان لە دێی زەمینجدا سپیکاری و بەفرماڵی و ڕەنجدەری دەکرد.. تا هاجەر و ئەبراو لەسەرماو برسێتی بپارێزی.. یان کەسایەتی عەلی گەناو... وەک بۆرەپیاوێکی چکووس و ڕژدو نینۆخ دوای تێهەڵدان و سەقەتکردنی «ڕوقیا»ی هاوسەری.. چۆن «هاجەر»ی کیژە چکۆڵەی مێرگان دەخوازێ و بە چ نەهامەتییەک پەردەی بوکێنی دەپژێنێ، تێکستی سلووچ وێڕای وروژاندنی کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتی بەڵام هاوکات لەودیو زمانی دەق و لەودیو مەزرای کردەی نووسیندا تۆوگەلێکی «هایدگەر»ی داچاندووە، یان کۆمەڵێک بیروبۆچوونی ئەنتۆلۆژی کە لەگەڵ دیدو گۆشەنیگاکانی «کافکا» و «سادقی هیدایەت» یەکدەگرنەوە.. بەتایبەتی شاڵاو و هوروژمی ناوادەی مەرگ، یان بەشێوەیەکی تر.. ئەودەمەی مەرگ هێرشت بۆ دێنێ پێوستە بە تاقی تەنیا ڕووبەڕووی ببیتەوە، بەڵام کێ دەتوانێ خۆی لە پەلاماری کاریگەرترین ئامرازی زەمەن و کاراترین کەرستەی قەدەر دەربازبکا.. بۆیە کەسایەتی و کاراکتەرەکانی دەقی سلووچ هێدی هێدی لە پەلوپۆ دەکەون و خەونە جوانەکانیان لە دەستدەدەن. عەباسی مێرگان هەرلە سەردەمی منداڵییەوە کەسێکی خۆویست و پووڵەکی بوو، فێڵی لە براودایک و خوشکی دەکرد، دواجار وەک وشتروانێکی سەرداری وشتردا- چۆن «لۆک»ی مەست و بەلەسە- شاڵاوی بۆ دێنێ.. لە ساراو بیابانێک وشتری مەرگ بەمشێوەیە هوروژمت بۆ بێنێ چ دەکەی، عەباس تێکڕای هێزو توانستی دەخاتە گەڕو داکۆکی لە بوونی خۆی دەکا، ئەمەیان جوانترین بەشی ڕۆمانی سلووچە، چونکە کێشەو ململانێ درامییەکان دەگەنە لووتکەی دەربڕین و هەڵدانی بەهێزترین گۆشە نیگا، یان نووسینەوەی ژیان بەتێکڕای ڕەهەندە شاراوەکانییەوە، خۆ هەڵدانی عەباس بۆ نێو بیرەکەو ڕاکردنی مرۆڤ لە دەست مەرگ، چەند ساتێک گوزەران و بەسەربردنی ژیان دەگەڵ مار و مێروو جانەوەران، ئەم

ڕووداوە لەلای «عەبدوڵڵا سەڕاج» و لە ڕۆمانی «ئەو پیاوەی کە زوو سەری سپی بوو» بەرجەستەکراوە.. بابەتێکی دێرینی میتۆلۆژییە، بەڵام عەباسی هەڵەوەڕ و پوولەکی و دەمچەپڵە دوای ئەوەی لەگەڵ مارومێرووان دەژی، زوو پیردەبێ و دەبێتە مرۆڤێکی پەککەوتەی بێ دەم و دوو،... چونکە سەرەتا لۆکی هار بۆنی پێوەکرد، لەتکێکی گۆشتی بەلەکی پچڕاند و لەبەر قرچەی خۆرەتاو و لەو سارای مەرگەدا ڕای دەکردو لەمیان کەڕەماری بیابان و دووپشکی ترسناک و لرفەو بۆڵژنی لۆکە ڕەش، ترس سەراپای داگرتبوو، بەڵام دوای ئەوەی لۆکەڕەشی وەبەر تێلاداو سەرولمبۆزو ملی لۆکی خوری شۆڕکرد، ئەنجا لۆکە ڕەشی مەست وازی لێ نەهێنا، دەقی سلووچ خاوەندی زەینێکی کراوەیە کەمامەڵە لەگەڵ کەرستەو ئامرازە کەلەپوورییەکان و هزرە میتۆلۆژییەکان دەکا وەک پاسەوانێکی فۆلکلۆری لەشتگەڵ و ڕووداوەکان ڕانامێنێ کە نەوێرێ پەی پەنجەیان بۆ درێژ بکا.. بەڵکو پاژ پاژ ئامرازو ڕووداوەکان لە تۆڕی ئاڵۆسکاوی زمانا دەتوێنێتەوەو ژەنگ و ژاری زەمەنیان لێ دادەتەکێنێ و کەرەسەو ئامرازو پێداویستییەکان ڕووەو کەرنەڤاڵ و زەماوەند ڕادەماڵدرێن!.

بەڵام زۆربەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانی سلووچ لە ڕووی سێکسییەوە چەپێنراون و بەدوای هەلێکدا دەگەڕێن ئافرەتێک لە خشتە بەرن.

وەک ئەو دەسدرێژی سێکسییەی سەرداری مەڕدار بۆ سەر مێرگان... [بۆنی خوری و گزروکاو پشکەڵ و پەمۆدانەو بۆنی پۆکانی دیوارەکانی دەهات.. مێرگان نەرم و لەسەرەخۆ قاپە ئاوەکەی بردە پێشی و لەبەر دەمی سەردار ڕاوەستا.....

شتێکی نامۆ لە گلێنەی چاوانی سەردار فڕکەی دەکرد، سامناک بوو دڕو تیژ، پشکۆ.. مێرگان دەلەرزی، لاقی چووبووە بەست و دەلەرزی نەیدەزانی چۆن خۆی دەرباز بکا.... نا! ئەونا.. پیاوی چابە... نەکەی! دەرفەتی هاوارکردنی بەمێرگان نەدا، کورتانی وشترەکەی لە سەروملی پێچاو پشتەو قەفار ڕایکێشا: دەمێکە ئەم زەوییە بەیارە... مێرگان کاتێ کورتانەکەی لەسەری خۆی لابرد، سەردار دیار نەبوو!] دەقی سلووچ بەپێی بنەماکانی گێڕانەوەو دیالۆگ و وەسف ونوستالژیا و ململانێی درامی بنیادنراوە. بۆ نموونە شەڕی نێوان سالار عەبدوڵڵاو مێرگان و کوڕەکانی سلووچ لەسەر «کوتە مس»ێکە و ئەو کێشەو ململانێیە چەندین لاپەڕەی داگیرکردووە.. یان دنیای «موسلیم»ی پەتیارەو کە کوڕی «حاجی سالم»ە هەڵگری دیمەنگەلێکی کۆمیدییە، موسلیم لە مزگەوتەکەدا کایەی بە بەردەمۆرەکان دەکرد، وەسفی سروشت و ئامرازەکانی جیهانی کێڵگەو مەزراکانی زەمینج و کەرستەکانی دروێنە، داس و مەڵەغان و شەنەو درمەغ.. کە چۆن دروێنەوانان بە هەموو توانایانەوە لە سواڵە باقە و لە باقە تایەو لە تایە خەرمان دروست دەکەن، یان.. وەسفی وەتاخ و خەڵوەتییەکەی ماڵی سەنەم، و کوڕانی سەنەم و حەمەغەریبی قومارچی و جەلیلی کوڕی سالار و تون و حەمامی عەلی گەناو.. مەرگی پوورەگەناو و کەچۆن عەلی گەناو لەنێو گۆڕە هەڵکەنراوەکەی دایکیدا خەریکە دەسدرێژی بۆسەر مێرگان دەکا «مێرگان زۆر بە دژواری هەستا پێ، لە لێواری گۆڕەکە ڕاوەستا و پێمەڕەکەی بۆ عەلی گەناو ڕاداشت، عەلی گەناو دەسکی پێمەڕەکەو مەچەکی مێرگانی پێکەوە گرت، بەتەکانێک هەر دووکیانی کێشا نێو گۆڕەکەوە، بەرلەوەی مێرگان بتوانێ دەنگی لە گەروو دەرپەڕێ، ژنەی بە دیواری گۆڕەکەدا داو لەگەڵ هەناسەبڕکێ چاوی لەچاوە دەرپەڕیو و پڕ لە ترسەکانی مێرگان بڕی و بە کوت و پچڕی گوتی: «کچەکەت! کچکەتم بدەیە، بمدەیە! هاجەرم بدەیە» «گەناو زۆر خۆمانە خەسووی لە گۆڕەکە دەرکێشاو خۆڵ و خاکی لە جلەکانی تەکاند، عەباکەی بەشانیدا، پێمەڕەو قولێنگەکەی هەڵگرت و ئامادەی ڕۆیشتن بوو»

لە لایەکی تر کەربەلایی دووشەممە چاوی لە «مێرگان» بڕیوەو دەیەوێ شووی پێبکا... مێرگان نازانێ سلووچ ماوە یان مردووە، هەروەها سالارو ئاغاو میرخانەکانی دێی زەمینج چاویان بڕیوەتە ئەو خوازەوییەی بەشی سلووچ و دەیانەوێ لە دەست مێرگانی دەربێنن، ڕوقیا دوای ئەوەی لەلایەن عەلی گەناوەوە ئازارو ئەشکەنجە دەدرێ، ئەمێستا چوون پەککەوتەیەک.. بە دارشەق

ڕێدەکاو، دەگەڵ عەباسی پەککەوتە بەینی خۆشەو دەیەوێ خۆی لە گەناو بەتەڵاقـدان بداو شـووبە عـەباس بکاو.. قومارخانەو تلیاکخانەیەک دروست بکەن.. بەمـــشـــێـــوەیە کاراکتـەرو کەسایەتیەکـان هێدی هێدی تێکدەشکێن و هێزو شنگ و توانسـتی ڕۆحی و جـەسـتـەیـیـان لەدەست دەدەن، جارێکی تر سلووچ تارمــــایی ئاســـا بە پۆشـــاک و جلوبەرگێکی کۆن و دڕاوی ونجڕونجڕ دەردەکـەوێ و بەبێ دەنگی و کش و مـــاتی خـــێـــرا گـــۆزەیەک ئاو هەڵدەقـــوڕێنێ و تاپۆ ئاســـا لەبەر چاوان ون دەبێ، بەڵام سلووچ وەک کاراکتەرێکی سێبەراوی نەدەدوێ و نەبەشەداری لە کێشەو ململانێیەکان دەکـا، بەڵکو وەک مـوسـافـیـرێکی شـــەکـــەت و مـــاندوو و لەڕێگەی چەندین وێنەو گـرتەی سـینەمـایی بەشـداری لە فـەزای دەقـدا دەکـا، بەکارهێنانی ئەم جـۆرە تەکنیکە لە ڕۆمـانی جـێگای بەتاڵی سلووچدا خـوێنەر بەشـێـوەیەکی بەردەوام لە چاوەڕوانی و دەرکــــــەوتنی ئـەم کــاراکــتــەرە تارمــایی ئامــێــزەدا جێدەهێڵێ بەمجۆرە کەسایەتییەکان هێـدی هێـدی تووشی نوشـوسـتی دێن، [عـەباس] دوای دەربازبوونی لەبیرەکە جارێ لە تافی لاوی دایە و کـەچی لە پڕێکا پیـری هوروژمی بۆ دێنێ و سـەر لەبەری تووکی سـەری سـپی دەبێ، [ئەبراو] ئەو هێـــزو توانایەی جارانی نامێنێ..

تووشی نەخـۆشی دێ و [هاجـەر] دەبێـتـە قـوربانی بەردەسـتی عـەلی گـەناو، مـورادی کـوڕی سـەنەم دەیویست هاجـەر بخـوازێ، ئیـتـر سلووچ لە کـۆتایی ڕۆمـانەکـەدا ئەمـجـارەیان مـانەندی تارمـایەکی ســـوور دەردەکـــەوێ، سلووچ ئەمـجـارەیان وەک بیـرلێـدەرو ڕەنجـدەرێکی ئازاو چاپووک فـریای خەڵکی دێی زەمینج دەکەوێ و لەوێ لەنێو بیرەکە «ئاروانە» کە لەت لەت دەکـەن و تا بیـرەکـە لەلاشـەی ئاروانەکـە پاقـژ بکرێتـەوە، لەوێ سلووچ دەڵێی تارماییەکە وشەڵاڵی خـوێن بووە، بەمـجـۆرە مـەحـموودی دەوڵەت ئابادی لە ڕۆمـانی «جێگای بەتـاڵی سلـووچ»دا بابەتگـەلێـکی جۆراوجۆر و پرسیـارگەلێکی زیندوو دەوروژێنێ و وەڵامی پرسیارەکانیش بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ؟

**٢٠٠٧/٢/١٨**

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: جێگای بەتاڵی سلووچ**
**نووسینی: مەحموود دەوڵەت ئابادی**
**وەرگێڕانی: ئەمین گەردیگلانی**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە**
**دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی**
**موکریانی- هەولێر- ٢٠٠٦**

# شانۆی سوێدی

## هەڵوێستە و تێڕوانین لە ڕەوتی شانۆی سوێدی لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

**مەغدید حاجی**




دیارە شانۆ هونەرێکە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە ژێر سێبەری شارستانییەت و دیموکراسییەتدا گەشەی کردووە. هەر بۆیە لە میانی چاوخشاندنێکی خێرا بە جوگرافیای جیهانی ئەم هونەرە مەزنە بۆمان دەردەکەوێت لە کوێ دەوڵەمەند و ڕەنگینە و لەکوێش داتەپیوە.

بێگومان وڵاتی سوێد یەکێکە لە وڵاتە شارستانی و دیموکراسییەکانی جیهانی ڕۆژئاوا، دیارە ئەم وڵاتە هونەردۆستە و هەر لە سەدەکانی چواردە و پازدەی زاینییەوە تاکو ئێستا زەخیرەیەکی دەوڵەمەندی لە هونەرە جوانەکان و بەتایبەتی لە هونەری شانۆ پێکەوە ناوە کە ڕەنگدانەوە، یان سەرخانی وڵاتێکی زیندوو دەنوێنێت و هونەرمەندانی ئەم وڵاتە توانیویانە سوود لە کەلەپووری شانۆیی جیهانی کۆن و نوێ وەربگرن و لە ئاکامدا هونەرێکی ڕەسەنی سوێدی شانۆیی دروست بکەن و گەشەی پێبدەن.

«سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆی سوێدیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٥٠٠، بەڵام ئەم شانۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی گوستاڤی سێیەمدا، وەک هونەرێکی سەربەخۆ و گرنگ شوێنی شیاوی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کولتووری سوێددا دەدۆزێتەوە. ئەم مێژووەش بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەورووپادا: گریک، ئیتاڵیا، ئینگلستان، فەرەنسا، ئەڵمانیا... تاد زۆر نوێیە، بەڵام ئێستا ئەم شانۆیە زنجیرەیەکی گرنگی ڕەوتی شانۆی جیهانییە، ڕەنگ و پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە و بەهیچ شێوەیەک لە شانۆکانی وڵاتانی تری ئەورووپای ڕۆژئاوا کەمتر نییە».

دیارە کاک دانا ڕەئووفی هونەرمەند لەو ماوەیەی کە لە وڵاتی سوێد ژیانی بەسەر بردووە بە وردی لە مێژوو و واقیعی شانۆی سوێدی کۆڵیوەتەوە و ناوە ناوە باسێکی بەپێزی دەربارەی شانۆی سوێد بڵاوکردۆتەوە و لەم دواییەشدا هەموو باسەکانی لە دوو بەرگی کتێبێکی سەنگینداکە (٣٤٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە لەخۆ دەگرێت، ئامادەکردووە و لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)یش چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە لە حەوت بەش و دەیان بابەتی شانۆیی پێکهاتووە و لەبەشی یەکەمدا ئاوڕی لە مێژووی شانۆ لە وڵاتی سوێد داوەتەوە و دەڵێ «جموجۆڵی هونەری و لە ساڵەکانی سەدەی چواردەدا و بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی لە سەردەمی شا (گۆستاڤ ڤاسا)دا دەردەکەوێت، بۆ نموونە

هونەری مۆسیقا و گۆرانی دەبێتە دیاردەیەکی کات بەسەربردن و چێژوەرگرتن لە کۆشکە شاهانەییەکانی گۆستاڤ ڤاسادا. بەڵام هونەری شانۆ هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆی نابێت تا لەساڵی ١٩٥٢دا بۆ یەکەمجار گروپێکی شانۆیی لە وڵاتی ئینگلیستانەوە سەردانی سوێدیان کردووە و لە کۆشکەکانی پادشادا نەمایشەکانیان پێشکەش کردووە. لە ساڵی ١٩٥٢دا گۆستاڤ ڤاسای پادشا سەردانی ستۆکهۆڵم دەکات، ئەو سەردانە دەبێتە سەرەتای ڕووداوێکی هونەریش. خودی پێشوازییەکە دەبێتە نەمایشێکی مۆسیقی، کۆراڵ لیبۆک ئاسا»..

لە دوای ئەم چەند دێرەی سەرەوە نووسەری ئەم کتێبە بە بەڵگە و ڕووداو پێشکەوتنی مێژووی شانۆی سوێد دەخاتە ڕوو»

دیارە شانۆی سوێد لە ساڵانی (١٨٠٠)ەکاندا لەسەردەستی ستریند بێریدا پێ دەنێتە قۆناغێکی گرنگەوە. سەرەتاکانی بزووتنەوەی شانۆیەکی ڕاستەقینە، هاوچەرخ و هەمەلایەن، دەبێتە سەرەتای چەرخێکی تازە و گرنگی شانۆیی. لەم ڕووەوە بابەتی شانۆنامەکان و چۆنیەتی نووسین و تەکنیکی پیەسی شانۆنامەکانی ستریندبێری دەبێتە سەرەتایەکی پتەوی دامەزراندنی پرۆژەی شانۆی سوێدی...

هەروەها نووسەری کتێبی شانۆی سوێدی ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە هەر لە ساڵانی (١٨٠٠)ەکانەوە بزووتنەوەیەکی گەورەی شانۆیەکی گەرۆک لە وڵاتی سوێدا دروست بووە.

لەو دەمەدا شانۆ دەبێتە کایەکی جەماوەری و پارتە سیاسییەکانیش بایەخێکی زۆر مەزن بەم کایە جەماوەرییە دەدەن.

بۆیە لە کۆتایی ساڵانی ١٨٠٠ و سەرەتای (١٩٠٠)ەکاندا کۆمەڵێ خانووبەرەی ڕازاوە و کۆشکی شانۆیی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سوێدا دروست دەکرێت.

بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاش لەم بوارەدا ڕۆڵی ئاشکرای خۆی بینیوە. بۆ نموونە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەلومەرجەکانی گەشت و ئامرازەکانی گواستنەوەی خەڵکی گۆڕانکاری گەورەیان بە سەردا هاتووە و ئەم گۆڕانکاریانەش کاریگەرییەکی لەبەرچاویان بەسەر شانۆگەڕۆکەکانەوە هەبووە. سوێدیش وەک وڵاتێکی پیشەسازی گەورە و دەوڵەمەند زۆرخێرا پەرەدەسێنێ. ئەم پەرەسەندنەش هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای سوێدی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە لە سەرەتای ساڵانی (١٩٠٠)ەکانەوە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم بەشێوەیەکی ئاسانتر و بەربڵاوتر چالاکی و بزووتنەوە شانۆییەکەیان بەسەر زۆربەی شاروشارۆچکەکانی تری وڵاتدا بڵاوکردۆتەوە»

(شانۆی پادشایەتی) (گرۆ سەربەستەکان) (شانۆی شار) (کاریگەرییەکان و شانۆیەکی ڕامیاری) (قۆناغی هەشتاکان و بەردەوامییەکی کاریگەر) (شانۆی برونسگاتانی چوار) (شانۆی منداڵان) (شانۆی بووکە شووشە) (پیەس و درامای سوێدی) هەموو

ئەمانە چەند ناونیشانێکن دەربارەی ڕەوتی شانۆی سوێدی لەماوەی دووسەدەی ڕابردوودا و نووسەری کتێب دەربارەی هەر بابەتە ناونیشانێک چەند دێرێکی تۆمارکردووە، دیارە لە وڵاتی سوێدیش وەک هەر شوێنێکی تر وەک وڵاتی خۆشمان، چ کوردستان، یان عێراق، هونەری شانۆ لە ئەنجامی قەیرانی باری ئابووریدا ڕوو لە کزی دەکات. بۆیە دەبینین هەروەکو نووسەر دەڵێت، لەسەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی ڕابردووەوە، باری ئابووری وڵاتی سوێدیش وەک زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپای ڕۆژئاوا، تووشی قەیرانێکی گران بووە. بێگومان ئەو قەیرانە ئابوورییەش ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی خراپی بەسەر شانۆی سوێدییەوە دەبێت، زۆر تیپی بچووک و گرووپی سەربەستی شانۆیی دەرگاکانیان دادەخرێن».

لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا نووسەر باس لە شانۆی پادشایەتی دەکات و تێیدا هەڵوەستەی بەلای ژمارەیەک شانۆی کردووە وەک (بەتوورەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە، خەون بە پایزەوە،منداڵە ساردوسڕەکە، بازرگانی ڤینیسیا، پلاتۆنۆڤ، ئۆپێرای لۆهێنگرین، ئۆپێرای یولیوس سیسەر».

لەبارەی نووسەری شانۆنامەی (منداڵە ساردوسڕەکە)وە کە (ماریۆس ڤۆنماینبۆری)یە، نووسەر دەڵێ: «ئەمە یەکەمجارە شانۆی نەتەوایەتی لە ستۆکهۆڵم (شانۆی پادشایەتی) شانۆنامەیەکی ئەم نووسەرە گەنجە پێشکەش بکات. شانۆی پادشایەتی دوای

چاودێرییەکی ورد و ئاگادارییەکی تەواوەتی بزووتنەوەی شانۆ لە ئەورووپا و دەرکەوتنی پەیام و دەنگی ئەم نووسەرە گەنجە، دەرگاکانی شانۆکەی بۆ ئەم ڕەنگە بەهایەی ئەمڕۆی شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی دەکاتەوە».

لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا دانا ڕەئووف باس لە شانۆی شار دەکات، لەبارەی ئەزموونێکی دیکەی شانۆ لە وڵاتی سوێدەوە نموونە بە چەند بەرهەمێکی بەپێز دەهێنێتەوە، دیارە «شانۆی شاریش کە سەرەتای دامەرزاندن و چالاکییەکانی لە ستۆکهۆڵم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی پەنجا و سەرەتای شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو. ئەم شانۆیەش بەلایەنێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی سوێدی دادەنرێت، کە دەزگایەکی هونەری گەورەیە لە زۆربەی شارە گەورەکانی سوێددا هەیە، بەڵام توانا و چالاکییەکانی شانۆی شاری ستۆکهۆڵم زۆر چڕوبەربڵاوە. خودی شانۆکەش وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە، شەش شانۆی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت: شانۆیەکی گەورە، شانۆیەکی بچووک، شانۆی کلارا، شانۆی کلارای نەوجەوانان، شانۆی شۆریا، شانۆی لووتی درێژ (منداڵان) و شانۆی باخچە.

ڕێپێرتواری شانۆی شار، شانۆنامە کلاسیکی و نوێیەکانی شانۆنامە نووسەکان، شانۆی کلاسیکی جیهانی، شانۆی مۆدێرنی ئەورووپی و جیهانی لەخۆ دەگرێت».

لێرەدا هونەرمەندانی بواری شانۆ و دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان دەتوانن سوودی زۆر لەم کتێبە و لە ڕێگای خوێندنەوە و بەدواداچوونی ئەزموونی شانۆی گەلانی پێشکەوتوو، شانۆی کوردیمان ببووژێننەوە و پەرەی پێبدەن.

لەم بەشەدا هەندێ نموونە لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی شانۆی شار و گرۆ میوانەکانی دەرەوەی وڵاتی سوێدیش وەک نموونە خراونەتە ڕوو کە ئەمانەن:

(دایکە ئازاکە و منداڵەکانی، نووسینی برتۆڵدبرێشت)، (باخچەی چێخەف، لە شانۆنامەکانی ئەنتوان چێخەف)، ( شانۆی ئاڵا ڕەشەکان، نووسینی ئاوگست ستریندبێری)، (شانۆی پاسەوان، نووسینی هارۆڵد پینتەر)، (شانۆنامەی ئوبوی پادشا نووسینی ئەلفرێد کاری)، جگە لە چەند شانۆگەرییەکی دەوڵەمەندی تر.

ڕێکس تیاترۆ (شانۆی دەوڵەت) بەشی چوارەمی کتێبی شانۆی سوێدی پێک دەهێنێت. دیارە ئەم شانۆیەش هەروەکو نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە یەکێکە لە ئەزموونە گرنگەکانی شانۆی گەڕۆک. بەڵام وشەی گەڕۆک لەم شانۆیەدا چەمکە دێرینە ڕاگوزارییەکانی خۆی، هەر بۆ نموونە (کۆمیدیای دیلارتی)یان ئەزموونی جیاوازی لەو چەشنە لەخۆ ناگرێت. بەڵکو زیاتر دەزگایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی شانۆیە، ڕۆڵی ئەم شانۆ گرنگەش وەک دەزگایەکی دەوڵەتی ئەوەیە کە هونەری شانۆ دابین بکات بۆ هەموو چین و توێژەکانی گەلی سوێد. ئەم دامەزراوە هونەرییە بارەگاکەیان لە شاری ستۆکهۆڵمە، بەڵام پرۆژەکانیان لە هەموو گوند و شار و شارۆچکەکانی وڵاتی سوێددا پێشکەش دەکەن، بە تایبەتیش ڕوو دەکەنە ئەو ناوچانەی کە شانۆیان تێدا نییە. ئەم شانۆیە لە سییەکانی هەزارەی ڕابردوودا دامەزراوە و تا ئێستاش بەردەوامە لە پڕۆژە و چالاکییەکاندا.

ئەزموونی ئەم شانۆیە زۆر دانسقەیە و وێنەی نییە لە جیهاندا. ئەم دەزگا هونەرییە گەورەیە کۆمەڵێ شانۆ و لقی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە: درامای دەوڵەت، گرۆی سەمای (کولباری بالێتن)، شانۆی بێ دەنگ کە تایبەتە بە کەڕولاڵەکان، شانۆی نەوجەوانان، شانۆی منداڵان و شانۆی میوان».

نووسەر لەم بەشەدا باسی لە شانۆنامەی باڵندەی دەریای ئەنتوان چێخەف کردووە و لەسەر شانۆی ڕێکس تیاتر، واتا شانۆی سەمای هاوچەرخ نمایش کراوە.

دیارە کە «شانۆی ڕووسی لایەنێکی زۆر گرنگ و دەوڵەمەندی ڕەوتی شانۆیە لە جیهاندا. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شانۆنووسانی ڕووس کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر بزووتنەوە و گەشەکردنی ئەم هونەرەوە هەیە. ساڵانەش لە سەرانسەری جیهاندا شانۆی ڕووسی بەشێکی گرنگی ڕێپێرتوارو ڕەوتی شانۆ پێک دەهێنی».

لەم پرۆسە نوێیەی ڕێکس تیاتردا، چێخەف، لاش نۆرێن و ئەکتەرەکان دەبنەبەشێکی گرنگی ئەزموونێکی چڕ. لەو ئەزموونەدا: دوو نووسەر، ڕێژیسۆرێک و کۆمەڵێ ئەکتەری بەهرەدار دەبنە سێ کۆچکەیەکی پێکداچوو. لەم هاوکێشەیەشدا «بینەران» دەبنە بەشێکی گرنگ و

ئامادەبوو»..

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا باس لە گرۆ سەربەستەکان کراوە کە یەکجار زۆرن، هەندێ جار ڕەخنەگرە شانۆییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ستۆکهۆڵم بە چڕترین پایتەختی شانۆیی لە ئەورووپا دادەنرێت. چالاکی شانۆیی ئەم گرۆ سەربەستانەش لە شارێکەوە بۆ شارێک و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگوێزرێت، ساڵانە چەندین گرۆ لە دایک دەبن، هەروەها هێندەی تریش دەرگاکانیان دادەخرێت. مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم چالاکییە سەربەستانەش بۆ شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە هەشتاکانیشدا دەگاتە ئاستی ترۆپک (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی باسی دەکەین)..

لەم بەشەدا لەسەر ئەم شانۆییانە نووسراوە: (شانۆیی شالیر، نووسینی شەکسپیر)، (مردنی دێوەڕێک، نووسینی ئارسەر میللەر) (شانۆنامەی پاریا، نووسینی سترێندبێری)، (شانۆناکمەی ئۆرێستێن، نووسینی ئەسخیلۆس)، (شانۆیی ڕۆژێکی بەختیار، نووسینی سامۆیل بێکێت)...» لە خوێندنەوەی ئەم ناونیشانانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هونەرمەندانی سوێدی چەند سەرکەوتنیان نواندووە لە هەڵبژاردنی دەقی بیانی و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی سوێدی و ئینجا نمایش کردنیان لە شانۆ جۆربەجۆرەکانیاندا. لە چەند لاپەڕەیەکی بەشی پێنجەمدا دانەری کتێب سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئاوڕدانەوەی سوێدییەکان بۆ شانۆی ڕۆژهەڵات ڕادەکێشێت چونکە شانۆی ڕۆژهەڵات یەکێکە لە ڕەچەڵەکە هەرە دێرینەکانی ڕۆشنبیری، فەلسەفە، شارستانیەتی جیهانی کۆن. هێمایەکە لە هێماکانی بەردەوامی و فەلسەفی بوون. جۆرێک لە ڕیتوالێکی پیرۆزی دینی و جیهانێکی نهێنی و قووڵ و شکۆمەندار لەخۆ دەگرێت. جیهانێکی هەستە ئامێزی بەرزە، لەو جیهانەدا: هێما، ئاماژە، سەما، مۆسیقا و زمانێکی جەستەیی دەربڕین ئامێز، ڕیشاڵە نهێنییەکانی ئەو ڕیتواڵە شانۆییانە پێک دەهێنن. هەر لە سەرەتاوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بینەر لەو میحرابەوە ڕووبەڕووی خودی خۆی و نهێنییەکانی سروشت و هێڵەکانی خێروشەڕ بۆتەوە»

بەشی شەشەمی کتێبی باسکراو (سەما لە سوێد) شی دەکاتەوە، مێژووی سەما لەم وڵاتانەشدا بۆ ساڵەکانی بیست و سییەکانی هەزارەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لە شەست و حەفتاکاندا هونەری سەمای سوێدی زیاتر پەرەدەسەنێ. لە شەستەکاندا هونەرمەندی سەمازان خاتوو (بیرگیت کولباری) سەمای سوێدی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و نێونەتەوەیی.

نووسەری کتێب دەڵێ: «ئێستا لە سوێد و بەتایبەتی لە شاری ستۆکهۆڵم دوو لایەنی گرنگی سەما هەیە، یەکەمیان (ماڵی سەما) و دووەمیشیان گرۆی (سەمای شانۆی مۆدێرن). ئەم دوو دامەزراوەش گرنگییەکی گەورە دەبەخشنە هونەری سەما لە هەموو وڵاتی سوێددا و ساڵانە هەزاران بینەریان لە دەور کۆدەبێتەوە»

لە بەشی حەوتەمی کتێبەکەشدا کە دوابەشە باس لە فیستیڤاڵە شانۆییەکانی سوێد کراوە. دیارە ساڵانە لە وڵاتی سوێد و لە شارەکانی ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، ماڵمێ، فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆیی و سەما سازدەکرێت.

فیستیڤاڵەکان جۆراوجۆرن و ئاستی جیاوازیشیان هەیە. هەروەها فیستیڤاڵی شانۆیی سوێدیش ساز دەکرێت. بۆ نموونە فیستیڤاڵی ساڵانەی سترێندبێری لە ستۆکهۆڵم.

لەم بەشەی کتێبەکەشدا دانا ڕەئووف هەوڵی داوە باس لە هەندێ لەو فیستیڤاڵە شانۆییانە بکات و وەکو نموونەش فیستیڤاڵێکی جیهانی شانۆی بووکە شووشە و فیستیڤاڵێکی سوێدی هێناوەتەوە.

لە کاتێکدا دەستخۆشی لە برای نووسەر و هونەرمەند دانا ڕەئووف دەکەین کە بەرهەمێکی بەپێزی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە کە تاکو ئێستا هەژارە لەبەشی کتێبی شانۆییدا، وەکو ئەزموونێکی دەوڵەمەندیش هەموو شانۆکارانی کورد پێویستییان بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە هەیە.

# گۆرانیبێژە نەمرەکان هەڵسەنگاندنێکی خێرا

کەریم شارەزا




لە سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠٠٧دا، بەشی سێیەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) لە نووسینی مامۆستا باکووری بە پێداچوونەوەو پێشەکی کاک ئازاد عەبدولواحید لە بەرگێکی نایاب دەرچوو. ئەم کتێبە حەوتەمین بەرهەمی نووسەرو هونەرمەندمانە لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ڕامان و دەکەوێتە ٢٣٥ لاپەڕەی گەورەوە. ئەم بەشەی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)ی کورد، جگە لە پێشەکی، ژیان و بەرهەمی هونەری گۆرانی لە مەقام و بەستەی ١٦ سترانبێژی لێهاتووی کوردی گرتۆتەخۆ و گەلێک جاریش نووسەر وەک بیرەوەری خۆی لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا بابەتەکانی دادەڕێژێ.

کاک ئازاد عەبدولواحید لە وتەکەی پێشەکی کتێبەکەدا لەبارەی هونەری ئاوازو گۆرانیی کوردییەوە بەم جۆرە دواوە:

«هەر ئەو هونەرە (واتە: هونەری سترانبێژیی کوردی) بووەتە تۆمارێکی گرنگی مێژوویی و ڕەنگدانەوەی باری ژیان و گوزەرانی نەتەوەکەمان، ئینجا هەر لە سیاچەمانەوە بیگرە کە گاتاکانی پێ خوێنراوە تا (هۆرە)کە بەو ڕیتمە گوتراوە و ڕەنگدانەوەی سروشتی وڵاتەکە و نیشانەی ڕەسەنایەتی ئەو میللەتە دەگەیەنێ لەسەر ئەو خاکەدا»

دوای ئەمە نووسەری پێشەکی لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەم گۆرانییانەی ئەمڕۆکە لە مەیدانی هونەری کوردیدا باون دەڕوات و بەم جۆرە نرخ و بەهایان بۆ دادەنێ:

«(لاوک) کە مێژوو و سەربردەی قارەمانییەتی و بوێری کوردی نووسیوەتەوە تا (حەیران) و (قەتار) و (خاوکەر) و (خورشیدی) و (ئای ئای) و (ئەڵڵا وەیسی) کە هەر یەکەیان سووچ و گۆشەیەکیان لەژیانی ئەم میللەتە سەمەندەرو ئازادیخوازە بەسەر کردووەتەوە.»

لەبارەی نرخاندنی کەسایەتی و هونەری مامۆستا باکووری شەوە دەڵێ: «مامۆستا باکووری یەکێکە لەوانەی لە نوێکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەشداربوونی هەیە و جێ پەنجەی دیارە کە شان بەشانی گۆرانیبێژی وەک نەمران (شەماڵ سائیب) و (فوئاد ئەحمەد).... تاد هەوڵیان داوە لە پەنجاکانی (سەدەی ڕابردووەوە) گۆرانی کوردی بەرەو نوێ بوونەوە ببەن.»

باکووری کتێبەکەی لە قاڵبی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شازدە هونەرمەند خستۆتەڕوو لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و نامەی تایبەتییەوە زانیارییەکانی لەبارەی ژیان و هونەری گۆرانییانەوە کۆکردۆتەوە و پشتیشی بە گەلێک سەرچاوە بەستووەو ئاماژەی بۆکردوون. با جارێ زانیارییەکی پوخت لەبارەی ئەو گۆرانیبێژانەی کە لەسەری نووسیون بخەینەڕوو، ئینجا بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکە هەڵسەنگێنین و بەهای شیاوی خۆی پێ بدەین.

* نووسەر لەباسی ژیان و هونەری

مەقامزان (خدر بارامی چاوەش)دا کە لەلاپەڕە (٩) دەست پێدەکات، ئەم زانیارییە پوختەی تۆمارکردووە «خدری بارام چاوەش لەساڵی ١٨٧٥دا لە دایکبووە و مەقامزانێکی مەزنی کورد بووە و ئەمە مامۆستا (عەلی مەردان)ی فێری مەقامی ئەڵڵاوەیسی و قەتار و ئای ئای و خورشیدی... کردووە. ئەم خدر بارامە باپیری (سەلاح داودە)ی گۆرانبێژە و لە بۆنەی خۆشی و شادیدا سەرۆک هۆزەکانی گەرمیان و گەورەپیاوان داوەتیان دەکرد و لەچایخانەکانیش مەقامی دەچڕی و ئەم زاتە لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا لە ١٩٢٩دا کۆچی دوایی کردووە.

* لە لاپەڕە (١٥)وە نووسەر باس لە دەروێش عەبدوڵڵای دەنگخۆش و دەفژەن دەکات و دەڵێ: ئەم دەروێش عەبدوڵڵایە جیایە لەو دەروێش عەبدوڵڵا شمشاڵژەنەی کە (گۆران)ی شاعیر شیعری لەسەرداناوە.

ئەم دەروێش عەبدوڵڵایەی کە نووسەر لەبارەیەوە دەدوێ، دەفژەنێکی بلیمەت بووە، دەف لەسەر پەنجەکانی دەهاتە سەما و لە هەمان کاتیشدا مەقامبێژێکی دەنگخۆشی هونەرمەندیش بوو. ناوی تەواوی دەروێش عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدە و لە دەوروبەری ١٨٩٠دا لە گوندێکی نزیک شاری (مەهاباد) لە کوردستانی ئێران لە دایکبووە و ژیانێکی هەژارانە ژیاوەو بووەتە باشترین دەفژەن لەسەردەمی خۆیدا و لەساڵی ١٩٥٨دا لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

* نووسەر لە لاپەڕە (٢٩)وە لە حاجی عەبدوڵڵای دەفژەنی هەولێری دەدوێ و دەڵێ: زۆر بە داخەوە نووسەرانی مێژووی (هونەر)ی هیچ بایەخێکیان بە مێژووی ژیانی ئەم هونەرمەندە نەداوە، تاکو لەدوا چارەگی سەدەی ڕابردوو کاک (وریا ئەحمەد) لەساڵی ١٩٨٥دا و کاک (جەلال خدر)یش لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەسەر مەقامەکان و بەستە بەسۆزەکانیان نووسی و باسیان لە پێوەندیی نێوان سافی هیرانی شاعیری ناسراوی کوردو حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن کرد و ئەوەیان دەرخست کە ئەم هونەرمەندە لە نێوانی ساڵانی (١٩٠٢-١٩٦٤)دا ژیاوە.

* نووسەر لەلاپەڕە (٤١)ەوە لە ژیان و مەقامەکانی (فەقێ ئەحمەدە کۆرە)وە دەدوێ و دەڵێ: «ناوی تەواوی فەقێ ئەحمەد کوڕی حەسەن کوڕی حەمەدە، لە ساڵی ١٩١٤دا لە گوندی (سماقە)ی سەر بە قەزای کۆیە لە دایکبووە و لەساڵی ١٩٣٢دا هاتۆتە شاری کۆیە و لێی نیشتەجێ بووە و لە منداڵییەوە نابینا بووە. هونەری مەقام لە مەقامبێژی کورد مەلا ئەسعەد فێربووەو لە ئاهەنگی مەولوود و بۆنەی خۆشی و شادی مەقام و بەستەی ڕەسەنی کوردی گوتووە و لە ساڵی ١٩٩٠دا کۆچی دوایی کردووە.

* لە لاپەڕە (٥١)یشەوە لە هونەرمەندی ئەلوەند و خانەقین (خوداداد عەلی) دەدوێ کە لەساڵی ١٩١٢دا وەک لە نامەیەکی حەمیدی کوڕی بۆ نووسەری کتێبەکە هاتووە لەشاری خانەقین لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٨دا چووەتە ئێستگەی کوردی ڕادیۆی بەغدا و گۆرانی تۆمار کردووە و لە ژیاندا گەلێک دەردەسەری لە چنگ ڕژێمی بەعسی فاشی دیوەو لەساڵی ١٩٨٧دا لە تەمەنی ٧٥ساڵیدا کۆچی دوایی کردووەو لە پاش مەرگی، نووسەری وەک (موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی) لە برایەتی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی برایەتی و (وشیار ئەحمەد ئەسوەد)یش لە گۆڤاری گوڵاندا وتاریان لە بارەی هونەری ئەم مەقامبێژە کوردەوە نووسیوە.

* نووسەر لە لاپەڕە (٦١)ەوە لە حەیرانبێژی ناوچەی هەولێر و خۆشناوەتی (حوسێن کێشکەیی) دەدوێ و دەڵێ: ئەم حەیرانبێژە لە ساڵی ١٩١٨دا لە گوندی کێشکەی پشت دەربەندی گۆمەسپان لە دایکبووە و لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە حەیرانی گوتووە تاکو لە ئەنجامدا وەک حەیرانبێژێکی دەنگخۆش ناسراوە و ماوەیەکی زۆری ژیانی لەشاری هەولێر بەسەربردووەو گەلێک حەیرانی لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان تۆمارکردووەو لە ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٧دا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

* لەلاپەڕەکانی (٧٧ تاکو ٩٤) نووسەر لەبارەی گۆرانیبێژی هونەرمەند (محەمەدی ماملێ)وە دەدوێ و دەڵێ: «لە ساڵی ١٩٢٥دا لە شاری مەهاباد لە کوردستانی ئێران لە دایکبووە و بووەتە مەقامزانێکی بلیمەت و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی کورد و بەزۆری شیعرەکانی وەفایی و هێمن و هەژار و فەتاحی سێلوێ و سەید کامیل فەرهەنگێکی مەزن بوون بۆ ئەم گۆرانیبێژە مەزنە تاکو بیان کاتە گۆرانی ڕەسەنی کوردی.

ماملێ پتر لە ٥٥٠ گۆرانی جێهێشتووە و ئاشنایەتییەکی باشی لە گوتنی (قەتاری کوردی)دا هەبوو. هەردەم مەقامی ڕەسەنی هەمەجۆری کوردی دەچڕی و ناوبانگی هونەریی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەوە و هەمیشە هەوڵیدەدا بەرەو لووتکە بچێ، تاکو لە ڕۆژی ١٩٩٩/١/٢٣دا لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

* لە لاپەڕە (٩٥)دا باسی کورتەی ژیان و گۆرانییەکانی خانمی گۆرانیبێژ فەوزیە محەمەد دەکات و دەڵێ لەساڵی ١٩٢٦دا لە گوندی (سەیداڤا) لە دەڤەری دۆسکییان لە پارێزگای دهۆک لە دایکبووە و لە

ساڵی ١٩٤٤دا چووەتە ئێستگەی کوردی ڕادیۆی بەغدا و دەستی کردووە بەپێشکەش کردنی ئاهەنگی گۆرانی لاوک و بەستەی فۆلکلۆری کوردی و بەسەدان گۆرانی گوتووەو تۆمارکردووە. فەوزیە نەک هەر لە گۆرانی گوتن هونەرمەند بووە، بەڵکو لەسەر تەختەی شانۆش ئەکتەرێکی باش بووە. ئەم گۆرانیبێژو ئەکتەرە لەساڵ ١٩٩٢دا کۆچی دوایی کردووە.

* لە لاپەڕە (١١٥ تاکو ١٣٢)دا باسی گۆرانیبێژی کۆیی حەمەدەمین عەباس دەکات و دەڵێ: ئەم مەقامبێژە لەساڵی ١٩٢٦دا لە گەڕەکی قەڵات لەشاری کۆیە لە دایکبووە. بەپیشەی لبادچیەتی ژیاوە و لە دواییشدا ئوتێلی بەڕێوەبردووە. هونەری مەقامی کوردی لە مەلا ئەسعەدی مەقامزان فێربووە و گەلێک شیعری وەفایی و ئەدەب و سافی هیرانی بە مەقام گوتووەو چەند هۆنراویەکی [پیرەمێردو عەونی و دڵدار و دڵزار و جۆبار]یشی بە بەستە گوتووەو لەساڵی ١٩٩٦دا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

* (ئیبراهیم حەسەن)ی لاوکبێژ لەلاپەرەکانی (١٣٣ تاکو ١٤٦)ی کتێبەکەی باسکراوە و نووسەر دەڵێ: لەساڵی ١٩٢٦دا لە بامەڕنی سەر بە قەزای ئامێدی هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە سترانی گوتووە و لەساڵی ١٩٦١دا چووەتە ئیستگەی کوردی لە بەغدا و لە ماوەی کارکردنیدا لەو ئێستگەیە نزیکەی ٧٠ لاوک و بەستەی تۆمارکردووە کە زۆربەی دەقی سترانەکانی لە دانانی خۆی بوون و لە وەستایەتیدا لە ئاستی محەمەد عارفی جزیری و حەسەن جەزراوی بووە و دەنگێکی لەباری بووە بۆ گوتنی لاوک و ئەمانەش بەشێکن لە سترانەکانی:

١- سترانی شەڕێ گەلیێ مێزێ
٢- سترانا رێکا شکێرەی
٣- سترانا شڤانا
٤- سترانا شەڕی گەلییێ عەلی بەگی.

ئەم لاوکبێژە هونەرمەندە لە ساڵی ٢٠٠١دا کۆچی دوایی کردووە.

* لە لاپەڕەکانی [١٤٧ تاکو ١٦٢] لە گۆرانیبێژی گەرمیان (سەید محێدین کەریم غەفوور) ناسراو بە [کوێستانی] دەدوێ و ئەم گۆرانیبێژە لەساڵی ١٩٢٨دا لە ئاوایی حەمک لە ناوچەی گەرمیانی کەرکووک لە دایکبووە و لە هۆزی (جەباری)یە. لەساڵی ١٩٣٢دا بنەماڵەکەیان چووەتە شاری کەرکووک و لێی نیشتەجێ بووە. خوێندنی حوجرەی لەلای مەلا محەمەدی شێخ نەجمەدین سابیری شۆڕیجە بووە. لەساڵی ١٩٤٢دا چۆتە قوتابخانە و تاکو پۆلی شەشەمی خوێندووە.

کوێستانی لە تەمەنی لاویدا ئاوازی خۆش و مەقامی ڕەسەنی کوردی مەقامبێژانی ئەوکاتە کاریان تێکردووە و دەستی بە مەقام گوتن کردووە و لەساڵی ١٩٥٣دا چەند مەقام و بەستەیەکی لە ئێستگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە. ئەم گۆرانیبێژە لە ڕۆژی ٢٩ی مانگی ئابی ١٩٨٨دا کۆچی دوایی کردووە.

* باکووری لاپەڕەکانی [١٦٣ تاکو ١٧٢]ی کتێبەکەی بۆ ژیان و هونەری (ئیبراهیم خەیات) تەرخان کردووە و نووسیویەتی (ئیبراهیم محەمەد مستەفا) لە ساڵی ١٩٣١دا لە شاری سلێمانی چاوی ژیانی هەڵێناوە و لە پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوودا لە تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانی وەک گۆرانیبێژێکی لێهاتوو بەشداریی کردووە و لە دوای شۆڕش ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨یشدا چووەتە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و سروودی [خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم]ی لە شیعری (کاکەی فەللاح) تۆمار کردووە. باکووری دەڵێ: ئەم هونەرمەندە بەدوای زۆری و بۆری لە گۆرانی گوتندا نەکەوتووە، بۆیە تەنیا ٣٠ گۆرانی سەرکەوتووی لە ئێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن تۆمار کردووە و ئەمانەش بەشێکن لە گۆرانییە ناودارەکانی:

١- بۆ رەنجەڕۆت کردم
٢- ست فاتمە
٣- پەشیمانی
٤- لەژێر ئاسمانی شینا
٥- هەر من ناشادم
٦- کزەی جەرگانم
٧- سیا چەمانە.

ئەم هونەرمەندە لێهاتووە لەشەوی ٤/٣ مانگی مایسی ساڵی ٢٠٠٥دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

* عیسا بەرواری: باکووری لاپەڕەکانی (١٧٣ تاکو ١٩٠)ی لە کتێبەکەیدا بۆ ئەم لاوکبێژە هونەرمەندە تەرخان کردووەو دەڵێ: ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە لەساڵی ١٩٣٣دا لە گوندی (گاراڤا) لە دەڤەری بەرواری ژێری لە قەزای ئامێدی هاتۆتە دنیاوە و لە دواییدا ماڵی باوکی چووەتە شاری مووسڵ و لێی نیشتەجێ بوون، خوێندنی سەرەتایی لەو شارەدا تەواوکردووە. هونەری سترانبێژیی لە سەعید ئاغای جزیری فێربووە و سوودیشی لە (مریەم خان) وەرگرتووە. لەساڵی ١٩٥٠دا چووەتە ئیستگەی کوردی ڕادیۆی بەغدا و لاوکی سەرکەوتووی لە ڕۆژی ١٩٥٠/١٢/٢وە تۆمار کردووە و لەساڵی ١٩٧٣دا بەهاوڕێیەتی محەمەد عارفی جزیری و گولبەهار لە گەشتێکی هونەریدا سەردانی کوردەکانی سووریای لە شاری قامیشلو و حەڵەب کردووە و چەند ڕۆژێک ئاهەنگی گۆرانی کوردییان پێشکەش کردووەو لەوێوەش بەرەو بەیرووت چوون. ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٢٠دا کۆچی دوایی

کردووە.

* فوئاد ئەحمەد: نووسەری کتێبەکە لاپەڕەکانی (١٩١ تاکو ٢١٨)ی بۆ ژیان و هونەرەکەی ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە تەرخان کردووەو پتر لە هونەرو چالاکییەکانی دواوە و ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە لەساڵی ١٩٣٢دا لە گوندی (عەوێنە)ی سەر بەناحیەی (گوێر) لە پارێزگای هەولێر لە دایکبووە و لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا بە ماڵەوە هاتوونەتە شاری هەولێر و لێی نیشتەجێ بوون و باوکی ناوی ئەحمەد تەبیب بوو. یەکەمین سروودی فوئاد ئەحمەد لەسەر جەژنی نەورۆز بووە کە لە شیعری (حەبیب عەلی میرانی)یەو سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**جەژنی کوردانە جەژنێکی پیرۆز**
**بەخێر بێت نەورۆز بۆ کوردی دڵسۆز**

یەکەم گۆرانیشی (ئەمیرەکەم) بووە کە لە شیعری (مەجید ئاسنگەر)ە و لە ئاوازی (ئەحمەد ئەلخەلیل)ە و بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم، بەهارت لێ شەرمەزارە،**
**گوڵی گیانە یەخسیرەکەم، تیرت لە دڵ سەد هەزارە**

ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە لەساڵی ١٩٩٣دا لەگەڵ سترانبێژ تەحسین تەها بۆ بەشداریی کردن لە چەند ئاهەنگێک لە دەرەوەی کوردستان، ڕوویان کردە ئەورووپا و لە دوای بەجێهێنانی ئەرکەکەیان لە هوڵەندە نیشتەجێ بوون و لەساڵی ٢٠٠٠دا فوئاد هاتەوە کوردستان و خاکەکەی ماچ کردو گەڕایەوە هوڵەندە و لە شەوی ١٧ لەسەر ١٨ی ئابی ٢٠٠٥دا چووە بەر دلۆڤانی خودا.

* قادر کابان: نووسەر لاپەڕەکانی (٢١٩ تاکو ٢٢٤)ی بۆ ژیان و هونەرەکەی ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە لاوە تەرخان کردووە و دەڵێ: ناوی تەواوی (قادر کوڕی جەلال کوڕی مەحموود کابان)ە و لە ساڵی ١٩٣٧دا لە شاری سلێمانی لە دایکبووە و تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. برا بچووکی کەریم کابانە، یەکەم بەرهەمی گۆرانی، سروودێک بووە لە شیعری (هەژاری موکریانی) کە سەرەتاکەی بەم دێرە شیعرە دەست پێدەکات:

**بە دەربەدەری لە ماڵەکەی خۆم**
**لە خاکی عەرەب، لە ئێران و ڕۆم**

لە گۆرانییە سەرکەوتووەکانیشی [هەی شەمی شەوان]ە.

ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە لە بزووتنەوەی نیشتمانیشدا چالاکییەکی سیاسی دیاری هەبوو. بۆیە کە جاسووسەکانی ڕژێمی بەعس هەستیان پێکرد لەساڵی ١٩٨١دا گرتیان و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا لە ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٨١دا شەهیدیان کرد.

* عەبدوڵڵا دڵسۆز: باکووری ٧ لاپەڕەی لە کتێبەکەیدا بۆ تەرخان کردووەو دەڵێ: ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە (عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی عومەر)ە و لەساڵی ١٩٣٦دا لە شاری هەولێر هاتۆتە دنیاوەو لە تەمەنی ٦ ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی خالیدییەی سەرەتایی لە هەولێرو قۆناغی ناوەندیشی هەر لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە، ئینجا چووەتە بەغدا و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی و دوای سێ ساڵ لە بەشی (مۆسیقا- ئامێری عوود) لە ساڵی ١٩٦٢دا سەرکەوتووانە دەرچووە.

لە سەرەتای ژیانی هونەریدا سوودێکی زۆری لە ئاوازەکانی محەمەد عەبدولوەهاب و فەرید ئەلئەترەش وەرگرتووە و گەلێک گۆرانی سەرکەوتووی گوتووە و تومار کردووە، لەوانە گۆرانی [من دڵشکاو نیم] لە شیعری (مەدهۆش) و گۆرانی [نامە لەیاری نازەنین]ی گوتووەو ئەم هونەرمەندە لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/٧دا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

## هەڵسەنگاندنێکی خێرای کتێبەکە


لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا ئەم ڕاستییانەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ:

شێوەی نووسینی باکووری سووک و ڕەوانە و بە زمانێکی خۆش ڕستەکانی بە دروستی داڕشتووە و چەمکێکی جوانی بە بەرهێناون. بابەتەکانی لە قاڵبی یادەوەری لەگەڵ ئەو گۆرانیبێژە نەمرانەدا داڕشتووە و زۆرجار دیانەی لەگەڵ هەندێ لە گۆرانیبێژەکاندا سازداوە و زانیاری هونەری لێوەرگرتوون.

لە کاتی نووسینی بابەتێکی لەسەر گۆرانیبێژێک لق وپۆپی باسەکەی بەرەو کەسانی تر و گۆرانیبێژی دیکە چووە و لە هەر باسکیشیدا ئاماژەی بۆ سەرچاوەکانی کردووەو تەنانەت لە هەندێ بابەتی وەک محەمەدی ماملێ-دا برووسکەی سەرۆک (مەسعوود بارزانی) و ناوی ئەو کەس و سەرچاوانەی بەبۆنەی کۆچی دوایی تۆماركردووە، کە وتاری ڕێزلێنانیان بۆ خۆی و هونەرەکەی نووسیوە.

بەڕای من گەر ناوی کتێبەکە [لەگەڵ گۆرانیبێژە نەمرەکاندا] یان [بیرەوەرییەکانم لەگەڵ گۆرانیبێژە نەمرەکاندا] بوایە، ئەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکە و بابەتەکانی گەلێک گونجاوتر دەبوو، چونکە بەپێی ناوونیشانی ئێستای دەبوایە بەتێروتەسەلی ژیاننامەو هونەرو بەرهەمەکانی ئەو گۆرانیبێژانەی بنووسیبایە، لە کۆتاییدا دەڵێم بەتێکڕایی کتێبەکەی باکووری نرخ و بەهای شیاوی خۆی لەناو کتێبخانەی کوردیدا هەیە و شایانی خوێندنەوەیە.

# نامەیەک



**برای زۆر بەڕێز و گەورە و خۆشەویستم کاک ئازاد**

بە گەرمی دەستەکانت دەگوشم و هیوای ساغ و سەلامەتیت بۆ دەخوازم، گەلێک پەرۆشی بینینتم و کەم تا زۆر ئاگاداری هەواڵ و چۆنێتی ژیانتم هیاوادارم لە خۆشی و بەختەوەریدا بیت. سڵاو و ڕێزم بۆ ماڵەوە هەیە و چاوی منداڵان ماچ دەکەم.

برای بەڕێزم وا بزانم پێویست بەوە ناکات کە من خۆشحاڵی خۆم بۆ ئەوە دەربیرم کە جەنابتان کاروباری گۆڤارێکی وەکو ڕامان-تان لە ئەستۆیە، چونکە دڵنیام جەنابت هەست و بۆچوونی من چاک دەزانیت دەربارەی خۆت و ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی لە بواری نوێخوازی و برەوپێدانی فیکر و ئەدەبدا داوتن و هیواداریشم هەنگاوی گەورە و لەبەرچاوی ترت لەم نزیکانەدا ببینم، چونکە دڵنیام لە توانا و لێهاتوویی قەڵەمەکەی ئێوە و بەرهەمەکانیشت گەواهی ئەوە دەدەن.

تا حاڵی حازر بە وردی هەر سێ ژمارەکەی ڕامانم شەن و کەو کردووە و ژمارە لە دوای ژمارەش بەهێزتر و بە پێزتر دەبێ و شایانی دەستخۆشی کردنە. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم کە ڕامان ببێتە مینبەرێک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنە و بەرهەمی نوێ، ئەوەشی مایەی خۆشحاڵییە کە زیاتر ناوی نووسەر و ئەدیبی کوردی کۆکردۆتەوە.

من پێشتر مادەیەکم لای کاک حەمید ڕێبوار دانابوو، بەڵام کاتی ڕەوانەکردنەکەی وا بزانم کە بەدەستی خۆیشی نەبوو دواکەوتبوو، بۆیە نەگیشتبووە دەستی جەنابتان ئەگینا من دڵنیام، خۆشحاڵم و شانازیش بەوەوە دەکەم لە هەر جێگایەک جەنابتی لێ بێت بەرهەمم بڵاوبکەمەوە. من گەلێک بەرهەمی ئامادەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەم هەن، هیوادارم شایانی ئەوە بن لە ڕامان-دا جێگای خۆیان بگرن.

لەگەڵ ڕێز و سڵاوی گەرمدا و هیوادارم بەم زووە بە دیدارت شادبم.

**برای دڵسۆزت**
**عەتا قەرەداغی**
**١٩٩٦/٩/١١**

**ئا: ڕامان**




# شیعر و درێژدادڕی

**موحسین ئاواره**



نەک هەر تەنیا شیعر، بگرە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بە پێی پێویستی بەرهەمەکە فۆرمێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ، چیرۆکنووسێک کاتێ بیرۆکەیەک دەکاتە ئامانج، ئەو بیرۆکەیە لە فۆرمی (کورتە چیرۆک) جێگای دەبێتەوە، خۆ ئەگەر بابەتەکە بازنەیەکی فراوانتری هەبێ، ئەوە ناوی دەنێت (نۆڤلێت)، لەوەش فراوانتربێ لە دەربڕیندا ناوی دەنێت (ڕۆمان).

لە شیعریشدا (کورتە شیعر، پۆستەرە شیعر، چامە، گوتارە شیعر، چیرۆکە شیعر، تێکست، دەق و .... تاد) هەیە، بەڵام قسەی من لەسەر (درێژدادڕی)یە لە شیعردا، کاتێ شاعیرێک بە ئامانجی نەفەس درێژی دەکەوێتە نووسینی (دەق)ێکی درێژ، دەبینی دەقێکی سەقەت وپەقەتمان دەداتێ، کەچی فۆرمەکەی کورتە شیعرێک زیاتر هەڵناگرێ.

هەندێ لە شاعیرە نوێخوازەکانمان لەبەر کەم ئەزموونی و کەمی دەسەڵات شکانیان بەسەر داڕشتن و دەربڕیندا، کاتێ دەرەقەتی بابەتەکانیان نایەن، ئیتر دەکەونە وشە و ڕستە ڕیزکردن و دەقی درێژدادڕ بڵاودەکەنەوە، بەم کارەش نەک هەر بەرهەمێکی نوێمان پێشکەش ناکەن، بەڵکو هەموو بنەمایە هونەرییەکان تێکهەڵدەشێلن، ئەویش بە (نەبوونی گشتگیری) و لە دەستدانی لایەنی ئۆرگانی و ناهاوسەنگی ڕایەڵ و پەراگەندەکردنی دێڕ و وشەکان و لینگەوقووچ کردنی شەپۆلی هۆش و ئیقاع و مۆسیقای ناوەوە و شێلووکردنی کانییە ڕوونەکانی شیعر، بەمەش کارەکەیان پڕ لە خۆ جووینەوە دەکەن. واتە هەڵبژاردنی چەندایەتی نەک چۆنایەتی بەمەش چێژوچەشەی خوێنەران دەتەرێنن بەبێ ئەوەی پەیرەوی هەلومەرجەکانی داهێنان بکەن، بەخنکاندنی ئێستێتیکا و زمان و هێز و سیحر و جەوهەری شیعر لەنێو قەپێلکێکی ناشیریندا دەبینین، ئەمەش بەون بوونی کۆدێک بۆ کرانەوەی دەق و بزرکردنی ئیحا و ئاماژە و وێنە وەک لە ستراتیژیەتی دەربڕیندا هەیە.

ئیش کردن لەسەر دەق وەستاکاری و دەستڕۆییوی دەوێ بە هەست و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و دەوڵەمەند بە دید و جیهانبینی و ئەزموونێکی هەمەلایەنە، نەک هەر لاسایی کردنەوە و کۆپی کردن، یان چاولێکەری وەک دیاردە و مۆدەیەک.

(براون جاکسۆن) دەڵێت: (وا مەزانە نرخی گرانی شتێک نیشانەی باشییە). خۆ درێژدادڕیش کە پێویست نەبێ و تەنیا بە مەبەستی قەوارە گەورەکردن بێت، ئەوە نیشانەی باشی دەقەکە نییە. لاسایی کردنەوەی شێوازی سوریالی و دادایی‌ەکان بە مەبەستی ئەوەی مانا لە پشت مانایەکی ترەوە ئامادەیە، یان دەست خستنە نێو فێڵی گەورەوە تا (وەهم) بکرێ بە حەقیقەت و حەقیقەتیش بکرێ بە (وەهم)، چونکە دەبێ بزانرێ کە (مالارمێ، بۆدلێر، ئیلیەت، یەسنین، رامبۆ، سلی پرۆدۆم، ژۆل لافۆرگ، ڤالیری، جان مۆرا، ئەپۆلینیر، تریستان تزارا، ئەندرێ بریتون،....تاد) لە چ ئاستێکی کولتووری قووڵ و ئەزموونێکی دەوڵەمەند و درێژخایەن بوونەتە ئەوەی هەن. جگە لەو پاشخانەی هەیانبووە لە وڵاتانی ئەورووپای شارستانیەت و تەکنۆلۆژیا و زانستی پێشکەوتوو، ئینجا بوێری ئەوەیان هەبووە خۆ لە قەرەی ئەو دەق و تێکستە درێژانە بدەن. وەک دەبینین (ئیلیەت) کە (وێرانە خاک)ی نووسی ئاوڕی لە کولتوور و کەلەپووری یۆنانی و ڕۆمانی و ئەورووپایی دایەوە، بەتایبەتی بەسەرکردنەوەی بەرهەمی شاعیری گەورەی ئیتالی (دانتی)، ئەوسا بە شاکارێکی گەورە خوێندرایەوە.